


## کۆبەرهەمی

# مەجید ئاسنگەر

## بەرگی شەشەم

کۆبەرهەمی

# مەجید ئاسنگەر


بەرگی شەشەم

وەرگێڕان: چیرۆک و شانۆنامە

کۆکردنەوەی:

د.بۆتان مەجید ئاسنگەر | د. جۆشان مەجید ئاسنگەر

کوردستان ٢٠٢٥




**کۆبەرهەمی**

# مەجید ئاسنگەر

بەرگی شەشەم

کۆکردنەوەی: **د.بۆتان مەجید ئاسنگەر | د. جۆشان مەجید ئاسنگەر**

گرافيك و دیزاین: **بەلوگرافیک - ٠٧٥٠٥٧٥٨٤٢٨**

ساڵ و شوێنی چاپ: **٢٠٢٥ - هەولێر**

چاپخانە: **زانکۆی سەلاحەددین**

تیراژ: **١٠٠٠ دانە**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی (٤١٤) ساڵی ٢٠٢٤ی پێدراوە.

# پێڕست

## چیرۆکی وەرگێڕدراو


بەرگە تازەکەی پاشا | هانس کریستین ئەندرسن........................ ٩
کچی ماچە | ئەلیکسەندەر پۆشکین........................................ ١٦
باڵندە و مەیموونەکان | فۆلکلۆری گەلان ................................ ٥٤
ئەستێرەکە | نووسەر: ئێچ جی وێلز ....................................... ٧١
کلکە سەگ | عەزیز نەسین ................................................ ٨١
پاڵەوانێکی نەمر | تۆنگ تسۆن جۆی ...................................... ٩٤
کابرای درۆساز | لە فۆلکلۆری وڵاتی (بەنگال)ەوە.. ..................... ١٥٦
خەندەکە | رای برادبوری.................................................... ١٦١
جوانە و جانەوەر، یان (نازدار و نافرەجا) | جێنی دووڵی.................... ١٧١


## شانۆنامەی وەرگێڕدراو


تێکۆشان بۆ سەرکەوتن یا "چەند هەڵەی شەوێك" | ۆلیڤەر گۆلدیسمس............. ٢٠٧
"گەشتێك بە هەر سێ کاتەکاندا" | گریگۆل ئاباشیدز .......................... ٣٤٢
دوو شانۆگەریی کورت | هاینەر میللەر........................................ ٤٥٤
بەیانیەکی رووناك | برایان سیراڤین و یەواکین کەنتیرۆ........................ ٤٦١
پۆلیس | سلاڤۆ میر مرجیك..................................................... ٤٨٨
(دیمۆن و پیسیەس) یان وەفاداری دوو هاوڕێ | داستانێکی ئەغریقی ............... ٥٦١
گەڕانەوە ناکاوەکە | مارتن ئویوسیو........................................... ٥٧١
رزگار و جیهان | ئۆنوکابا ۆجو............................................... ٦٢٩

# چیرۆکی وەرگێڕدراو

# بەرگە تازەکەی پاشا

**نووسینی: هانس کریستین ئەندرسن**

فێڵبازەکان بە جووتە، بە درێژایی شەوی ئاهەنگەکە، هەر خەریکبوون. شانزدە مۆمیان داگیرساندبوو تاکو بە جەماوەری نومایشەکەی نیشاندەن کە چەنێ بە تەنگ تەواوکردنی بەرگەکەی پادشاوەوەن. دوایی وایان نیشاندا گوایە (قوماشە)کە لە خەڕەکەکەوە دەکەنەوە.. ئەوجا، لەهەوادا، بە مقەستێکی زل قوماشەکەیان هەڵبڕی و هەر لە هەوادا دەستیان بە دروونی کرد، بە دەرزییەك کە هیچ دەزووی پێوە نەبوو! لە ئەنجامدا وتیان "ئەوا ئێستا بەرگی پاشا ئامادە بوو".

لە رۆژگارێکی دێریندا پاشایەك هەبوو ئەوەندە خووی دابووە جلوبەرگی تازەوە هەموو سامانەکەی لە پێناویدا تەرخان کردبوو. هیچ ئاگای

لەکاروبـاری وڵاتەکـەی نەمابـوو، تەنهـا هـەر بـۆ ئـەوە ئامـادەی هۆڵـی شـانۆکان دەبـوو گەشـت و سـەیرانی لـە دارسـتانەکاندا دەکـرد چونکـە بـەوەوە دەرفەتـی بـۆ دەرەخسـا خـۆی بـە جلوبەرگـە تازەکانیـەوە هەڵکێشـێ و شـۆخیان پێـوە بـکات! بـۆ هـەر سـاتێکی رۆژ دەسـتە جلێکـی تایبەتـی هەبـوو، لـە جیاتـی ئـەوەی وەکـو بـاو بـوو بـە پاشـاهان بگوتـرێ بڵێـن "پادشـا لـە ژووری ئەنجومەنـی وەزیرانـە" دەیانگـوت: "پادشـا وا لـە ژووری ئارایشـت دایـە".

ژیـان لـەو شـارە گەورەیـەدا کـە پاشـا تیایـدا دائەنیشـت زۆر خـۆش بـوو، هەمـوو رۆژ زۆرەهـا بێگانـە بەسـەردان بـۆی ئەهاتـن.

لـەو بێگانانـە رۆژێکیـان دوو فێڵبـاز هاتـن و خۆیـان بـە جـۆڵا دانـا، وتیـان توانایـی چنینـی باشـترین (قوماش)یـان هەیـە کـە بـە یـاد دابێـت. قوماشـەکە تەنیـا زۆر بـاش چنـدراو و رەنگارەنـگ نییـە و بـەس، بگـرە ئـەو جلوبەرگـە لـە (قماشـەکەوە) دروسـت بکـرێ، هەرکەسـێ لـەکارو فرمانەکـەی خۆیـا نەوەشـابێتەوە، یـا زۆر گێـژ و بێهـۆش بـێ، هەرگیـز بـە چـاو نایبینـێ!

پاشـا لـە دڵـی خۆیـا وتـی: "بێگومـان ئـەو بەرگانـە زۆر نایابـن. ئەگـەر بیانکەمـە بەرخـۆم ئەتوانـم بزانـم لـە فەرمانبەرانـی وڵاتەکـەم کامیـان شـایەنی شـوێن و فەرمانەکـەی خـۆی نییـە، دانـاو گێلەکانیـان جیـا ئەکەمـەوە.. بەڵـێ، بێگومـان ئەبـێ لـەم (قماشـە) شـتێ بـۆ خـۆم داوا بکـەم "شـا پارەیەکـی زۆری بـە جادووگەرەکانـدا تاکـو دەسـبەجێ بکەونـە کار. ئەمانیـش دوو خەرەکیـان ئامـادە کـرد و بـە چنینـی خۆیـان پێشـانی خەڵکەکـەدا، هەرچەنـد هیـچ شـتێك بـە خەرەکەکانیانـەوە نەبـوو! هـەر لەسـەرەتاوە باشـترین جـۆری ئاوریشـم و پاکتریـن داوی زێڕیـان داوان کـرد و هەموویـان لـە جەنتاکانیـان گل دایـەوە، هەمـوو شـەوێك، تـا درەنـگ، لـە خەرەکـی رووتـا ئیشـیان ئەکـرد.

شـا لـە دڵـی خۆیـا وتـی: "حـەز ئەکـەم بزانـم جـۆڵاکان چییـان کـردووە" لەوکاتـەدا کـە بیـری کەوتـەوە گێـژ و ئەوانـەی بـۆ کاری خۆیـان دەس نـادەن

توانــای بینینــی (قماشــە)کەیان نییــە، هەســتێکی ســەیری بەســەرداهات. لــە دواییــدا تێگەیشــت کــە خــۆی بێگومــان لــەو رووەوە هیــچ مەترســییەکی نییــە، بــەڵام لەگــەڵ ئەمەشــا ئــاوای پەســەند کــرد کەیەکێکــی تــر بــۆ ئــەو مەبەســتە بنێــرێ...

هەواڵــی هێــزە ســەیرەکەی ئــەو (قماشــە) لــە نێــوان خەڵکــی شــارەکەدا دەنگــی دایــەوە.. هــەر کەســە پەرۆشــی بــوو کــە بزانــێ تــا چــی رادەیــەك هاوســێەکەی گێــژ و نەزانــە!

شــا لــە دڵــی خۆیــا وتــی "ســەرۆك وەزیرانــی دڵســۆزم ئەنێــرم بــۆ لای جــۆڵاکان، ئــەو لــە گشــت کەســێ باشــتر (قماشــەکە) ئەبینــێ، چونکــە مرۆڤێکــی ژیــر و هێژایــە و کەســێك وەك ئــەو لــە شــوێن و فەرمانــی خــۆی نەوەشــاوەتەوە". ئــاوا وەزیــری پیــری دڵپــاك بــۆ لای خەڕەکــی رووت رۆیشــت. وەزیــر ســەری ســوڕما، لــە دڵــی خۆیــا وتــی: "ئــەی خــوا هــاوار! چــی؟ هیــچ نابینــم!" بــەڵام لەترســانا هیــچ بەســەرەخۆی نەهێنــا!

جادووگــەرەکان تکایــان لــە وەزیــر کــرد نەختــێ لێیــان نزیــك بێتــەوەو لەبــارەی چنینــی وەســتایانەی (قماشــەکە) و رەنگــە جوانەکەیــا رایــان پرســی! دەســتیان بــۆ خەڕەکــە رووتــەکان درێــژ ئەکــەرد، وەزیــری پیــری بەســتەزەمان بــە هەمــوو هێزێکــەوە روانــی.. بــەڵام هیچــی نەدیــت. شــتێك نەبــو تــا ببینرێــت! لــە دڵیــا وتــی "ئــەی ئاســمانی پــاك! ئەشــێ "مــن" گێــژ و بــێ مێشــك بــم؟ ئەمــەم هەرگیــز نەهاتووەتــە یــاد، نابــێ هیــچ کەســێ بەمــە بزانــێ! گویــا ئەبــێ شــایانی ئــەم شــوێنەی خــۆم نەبــم؟ ناشــێ بڵێــم "ئەمــن" (قماشــەکە) نابینــم!

ئــەو فێڵبــازەی وا نیشــان ئــەدا کــە خەریکــی چنینــە وتــی" زۆر باشــە گــەورەم، بزانــم لەبــارەی (قماشــەکەوە) هیــچ ناڵێیــت؟.

وەزیــر، لــە چاویلکەکانیــەوە ســەیری ئەکــرد وتــی "ئــاە! زۆر دڵڕفێنــە! ئــای لــەم چنینــە نایابــە، ئــای لــەم رەنگانــە! دڵنیــا بــن بــە پاشــا رائەگەیەنــم کــە چەنــد رام

لـە (قماشـەکەیە)!

فێڵبـازەکان وتیـان "بەختیاریـن کـە ئەمـە لـە تـۆوە ئەبیسـین" ئەنجـا نـاوی رەنگەکانیـان هێنـا و باسـی چنینـە تایبەتیەکەیـان کـرد، وەزیـر بـە پەرۆشـەوە گوێـی بـۆ قسـەکانیان شـل کردبـوو.. تـا بتوانـێ بـە چاکـی کـە گەڕایـەوە لای پادشـا، بـۆی دووبـارە بکاتـەوە! هەمدیسـان فێڵبـازەکان داوای پـارەو ئاوریشـم و زێـڕی تریـان کـرد تـا بتوانـن لەسـەر چنینەکـە بـەردەوام بـن. هەمـوو شـتێکیان نایـە گیرفانیانـەوە، تەنیـا داوێـك نەخرایـە سـەر خـەڕەك، کەچـی هـەر وەك پێشـوو لەسـەر رسـتنی خەڕەکـی رووتـا رۆیشـتن.

پاشـا فەرمانبەرێکـی دڵسـۆزی تـری نـارد تـا بزانـێ ئیشـەکە چـۆن ئەچێتـە سـەر و کـەی (قماشـەکە) ئامـادە ئەبێ..ئـەوەی بـۆ وەزیـر روویـدا بـوو لەمیـش قەومـا! سـەیری کـرد و روانـی، بـەڵام جگـە لـە خەڕەکـی رووت چـی تـری نەبینـی. فێڵبـازەکان، کـە بەیەکـەوە (قماشـە)کەیان تاقـی ئەکـردەوە و باسـی چنیـن و رەنگـی نەبوویـان ئەکـرد، پێیـان وت "توخـوا "قماشـێکی" نایـاب نییـە؟

کابـرا لەدڵـی خۆیـا وتـی "ئەزانـم کـە (مـن) بـێ مێشـك نیـم، کەواتـە ئەبـێ شـایانی شـوێنە باشـەکەم نەبـم! هەرچـی چۆنـی بـێ، لـەم کارەدا شـتێکی سـەیر هەیـە! بـەڵام نابـێ مـرۆڤ نهێنـی خـۆی ئاشـکرا بـکات"

بۆیـە ستایشـی ئـەو (قماشـەی) کـرد کـە هەرگیـز نەیبینـی، دڵخۆشـی خـۆی بـە جوانـی رەنگـەکان و بـەرزی چنینەکـە نیشـاندا. بـە پاشـای وت "بەراسـتی (قماشـێکی) دڵگـرە! هەرچـی لـە شـارەکەدابوو باسـی ئـەو (قماشـە) نایابـەی ئەکـرد.

شـا بڕیـاری دا (قماشـەکە) بەسـەر خەڕەکـەوە ببینـێ ئـاوا بـۆ ئـەو شـوێنە رۆیشـت کـە درۆزنـەکان ئیشـیان تیـا ئەکـرد و کۆمەڵێـك لـە دەسـت و پێوەندییەکانیـان لـە تەکیـا چـوون و ئـەو دوو فەرمانبـەرە دڵسـۆزەیان تیـا بـوو کـە پێشـەکی (قماشـە) نەبینراوەکەیـان دی بـووا دوو فێڵبازەکـە لەسـەر رەوشـی

جارانیــان، زۆر بــە چالاکییــەوە خەریکــی خەڕەکــی رووت بــوون.

دوو فەرمانبــەرە دڵســۆزەکان پێکــەوە وتیــان "زۆر بــەرزە، ئــەی خــاوەن شــکۆ، فەرمــوون بڕوانــن، ئــای لــەم چنینــە!" ئــای لــەم رەنگانــە!" دەســتیان بــۆ خەڕەکــی رووتــەوە درێــژ ئەکــرد، هیــچ گومانیــان نەبــوو لــە هەمــوو ئەوانــی تــر "قماشــەکە" ئەبینــن!

شــا لــە دڵــی خۆیــا وتــی "چــی؟ هیــچ نابینــم.. ئــای لــەم ئابــڕوو چوونــە! ئایــا (مــن) بــێ مێشــکم؟ ئایــا مــن شــایەنی ئــەوە نیــم کــە (پادشــا) بــم؟ ئــاخ! هەرگیــز هیچــی لەمــە خراپــترم لــێ نەقەومــاوە و نــاش قەومــێ! شــا بــە جادووگەرەکانــی وت "ئــاە، جوانــە زۆر بەدڵــی منــە!" ئەنجــا چاوەکانــی بڕیبــووە خەڕەکــی رووت و نیشــانەی دڵنیایــی، ســەری بــۆ لەقانــدەوە هیــچ شــتێك نەبــوو هانــی بــدا کــە بڵــێ (هیــچ نابینــێ).

تێکڕایــی دەســت و پێوەندەکانــی پادشــا روانیــان ســەیریان کــرد هیچیــان نەبینــی، بــەڵام هەموویــان لەگــەڵ پاشــادا وتیــان "زۆر جوانــە" تکایــان لــە خــاوەن شــکۆ کــرد بــە بۆنــەی "ئاهەنگــە" گەورەکــەوە کــە نزیــك بــوو بــۆوە دەســتە جلکێــك لــەو (قماشــە) نایابــە بکاتــە بــەر! وشــەی زۆر بــەرزە! زۆر جوانــە! ئێجــگار بــە نرخــە!" ئــەو زار ئــەم زاری کــرد و هەموویــان (قماشــە)کەیان زۆر بــە دڵ بــوون شــا دوو فێڵبازەکــەی خــەڵات کــرد و نیشــانی خســتە ســەر ســنگیانەوە و ســەرناوی جــوڵای پایــە بڵنــد و خانەدانــی پــێ بەخشــین.

دوو فێڵبــازەکان بــە درێژایــی شــەوی ئاهەنگەکــە خەریــك بــوون. شــانزدە مۆمیــان داگیرســاندبوو تــا نیشــانی خەڵکەکــەی بــدەن کــە چەنــد بەتەنــگ تــەواو کردنــی بەرگــی پاشــاوەن! دوایــی ئاوایــان نیشــاندا کــە گوایــا (قماشــەکە) لــە خەڕەکــە کــە ئەکەنــەوە، ئەنجــا لــە هــەوادا بــە پــێ بڕێکــی گــەورە (قماشــەکەیان) هەڵبــڕی و هــەر لەهــەوادا دەســتیان بــە دوورینــی کــرد. بــە دەرزییــەك کــە هیــچ داوی پێــو نەبــوو! لــە ئەنجامــدا وتیــان "وا ئێســتێکە بەرگــی پاشــا ئامــادە بــوو!"

شــا خــۆی بــە دەس و پێوەندییەکــی گرنگــەوە چــوو لای فێڵبــازەکان، جادووگــەرەکان ئــاوا قــوڵ و باســکیان لــە بۆشــاییدا بــەرز کــردەوە، وەك شــتێکیان بەدەســتەوە گرتبــێ، وتیــان "بڕوانــە، ئەمــە پانتۆڵەکەیــە، ئەمــەش چاکەتەکەیــە، ئەمــە ئەمەیە"..هتــد. "ســەیری وەك ریســی جاڵجاڵوکــە ســووك و تەنکــە، مــرۆ هەســت بــەوە نــاکا کــە هیچــی لەبەرابــێ و ئەمــەش خــۆی جوانــی قماشــەکەیە! دەســت و پێوەنــدەکان وتیــان: راســتە، بــەڵام توانــای بینینــی هیچیــان نەبــوو، چونکــە هیــچ شــتێك نەبــوو، تــا ببیــنرێ لــە پاشــان دوو فێڵبازەکــە وتیــان: "تــکا لــە خــاوەن شــکۆتان ئەکەیــن جلەکانتــان دا بکەنــن هەتــا "بەرگــە تازەکەتــان" بکەنــە بــەر، ئــا لێــرەوە نزیــك ئــەم ئاوێنەیــەوە" پادشــا هەمــوو جلەکانــی فڕێــدا، جادووگــەرەکان خۆیــان ئــاوا نیشــاندا کــە یــەك لــە دوای یــەك پارچەکانــی ئــەو بەرگــەی ئەکەنــە بــەر، کــە گوایــا دروســتیان کــردووە. ئەنجــا وایــان نیشــاندا کــە دوگمەکانــی بــۆ دائەخــەن و شــتێك لــە نــاو قەدیــا تونــد ئەپێچــن و پاشــۆڵی پێــوە ئەبەســتن. پاشــا لەبەردەمــی ئاوێنەکــەدا چەنــد جارێــك خوولــی خــوارد.. هەرکــێ لــەوێ بــوو هــاوکاری کــرد: "خــاوەن شــکۆ لەبەرگــە تازەکەیــا چەنــد شــەنگ و شــۆخە! ئــەم بەرگــەی چەنــد لێوەشــاوەتەوە!" ئــای لــەم چنینــە! وای لەبــەر ئــەم رەنگانــە! ئــای لــەم بەرگــە چەنــد نایــاب و دڵگــرە!!

ســەرۆکی یــاوەران وتــی "کــەژاوەی خــاوەن شــکۆتان بــۆ ئاهەنگەکــە لــە دەرەوە ئامادەیــە . "شــا وتــی "باشــە مــن ئامــادەم. توخــوا ئــەم بەرگــە تازەیــەم زۆر لــێ نەهاتــووە؟" ئەنجــا چەنــد جــار لــە بەردەمــی ئاوێنەکــەدا ســووڕایەوە، وای نیشــاندا کــە ســەیری بەرگــە گرنگەکــەی ئــەکات. دوو یاوەرەکــەی هەڵگرتنــی پاشــۆڵەکەیان لــە ئەســتۆ بــوو ئاوایــان پێشــاندا کــە بــە هــەردوو دەســت شــتێکیان بــەرز کردۆتــەوە و بــەم شــێوەیە لــە دوای پاشــاوە رۆیشــتن، بــەڵام زر بەتەنگــەوە بــوون کــەوا کــەس گومانیــان لــێ نــەکا کــە هیــچ نابینــن!

شــا لــە کــەژاوەی دڵڕفێنــا، دەســتوپێوەند بــە دواوەیــە، بەرێکەوتــن. هــەر

کەسـێ لـە شـەقام و نێـو پەنجەرەکانـدا بـوون هاواریـان کـرد "ئـای بەرگـە تازەکـەی پاشـا چەنـد جوانـە! وای لـەم پاشـۆڵە نایابـەی! ئـای کـە پاشـا ئـەم بەرگـەی زۆر لێوەشـاوەتەوە!" هیـچ کـەس حـەزی نەدەکـرد هیچـی لێـوە دیـار بـدات کـە هیچـی نەدەبینـی. ئەگینـا شایسـتەی شـوێن و پلـە و فەرمانەکـەی خـۆی نەدەبـوو، یـا دەبـوو گەلحـۆ و بـێ مێشـك بـێ! جلوبەرگـی پێشـووی پاشـا هیچیـان وەکـو ئەمـەی ئێسـتای سـەرنج راکێـش و دڵگـر نەبـوون!

لەنـاکاوڕا منداڵێـك لـە منـاڵان هـاواری لـێ هەڵسـا: "کوڕە،خـۆ پاشـا رووتـە! باوکـی مناڵەکـە وتـی: "ئـاخ، گـوێ لـەم بەسـەزمانە بگـرن!" ئیـتر هـەر بابـا بـوو قسـەی مناڵەکـەی بـە گوێـی هاوسـێکەیدا دەچرپانـد "پاشـا رووتـە- منداڵەکـە دەڵـێ (پاشـا رووتـە!". سـەرەنجام تێکـڕا هاواریـان کـرد" ئاخـر پاشـا رووتـە!" پاشـا ئێجـگار پەسـتبوو چونکـە دەیزانـی ئـەوە راسـتییەکەی بـوو، بـەڵام لەدڵـی خۆیـدا گوتـی: "هەرچۆنـێ بـووە، هـەر دەبـێ تـا سـەر بڕۆیـن". ئەوجـا لـە رۆشـتنەکەیدا زیاتـر خـۆی قیـت کـردەوە و لەنجـەی بـۆ کـرد. دوو یاوەرەکەیـش لـە دوایـەوە ئـەو پاشـۆڵەیان بـۆی بـەرز کردبـۆوە کـە هیـچ کەسـێك نەیدەبینـی.!!

*لـە ژمـارەی ئەیلـوول و تشرینـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٦٠ ی گۆڤـاری (المثقـف) بەعارەبـی بلاوکراوەتـەوەو هـەر لـە هەمـان سـاڵدا لـە بەندیخانـەی بـەسرادا کردوومـە بـە کـوردی. (م. ئاسـنگەر).*

# کچی ماچە

**ئەلیکسەندەر پۆشکین**

مەجید ئاسنگەر لە ئینگلیزیەوە وەریگێڕاوە

*ناوی (پۆشکین) دەسبەجێ بوێژێکی نیشتمانپەروەری روسی ئەهێنێتەوە یاد. لە راستیدا هیچ یەکێك لە بوێژەکانمان لە پۆشکین بەرزتر نییە و یا لە پۆشکین زیاتر شایەنی ئەوە نییە پێی بوترێ نیشتمانپەروەر. ئەم مافە بە تایبەتی هی خۆیەتی. لە بەرهەم و نووسینەکانیا وەك لە فەرهەنگێکا هەموو سامان و هێز و توانای دەربڕینی زمانەکەمان ئەدۆزێتەوە. ئەم بوو لە گشت کەس زیاتر کە چوارچێوەی زمانەکەمانی لێك کێشایەوە و بە هەموو فراوانییەکەیەوە خستیە بەرچاوان. پۆشکین روویەکی ئاشکرای شایەنی باسە. لادێیی، روسی، گیانی رووسی، زمانی رووسی، دەروونی روسی گشتی بێگەرد و جوان و ئاشکرا لە پۆشکینا ئەبینرێن هەروەك دیمەنی سروشت*

*لەسەر رووی دەرەوەی شووشەیی چاویلکەدا ئەبینرێت.*

*کچی ماچە یەکێکە لەهەرە باشترین ئەو چیرۆکانەی لە جیهانی وێژەدا ناسراون. لەم بەرهەمەدا پۆشکین توانای نووسینی بە سانایی و کورتی و بە روونی ئەوپەڕی "پلەی پێرفیکشن" هەرچەندە بچووکە ئەم داستانە رەزامەندییەکی کۆمەڵایەتی ئێجگار قووڵی سەندووە. پاڵەوانەکەی، ئەفسەرێکی لاوە لە تیپی ئەندازیاریدا، بە روویەکی لە تەنیشتەوە وەك (ناپلیۆن) و بە گیانی (میڤیستۆفیلس)ەوە پیاوێکە پڕ سۆزی زۆر بە تەوژم و خاوەن ئەندێشەیەکی ئاگرین. زۆر تەماحکار و لەدڵدا قومارچییە. وریا و زار تەقەت و قایم و کەم خەرج ئەکا و ئەمەندە لێك ئەداتەوە وەك قرچۆك ئاوایە.*

*ئامانجی هەرە بەرزی لە ژینا پارەیە. لە پێناوی سامانا هیرمان هەموو کارێکی لێ ئەوەشێتەوە بۆی هەیە جوانە کچێکی هەڵبخەڵەتێنێ کە لەراستیدا حەزی لێناکات، پێی ئەکرێ ببێ بە دڵخوازی پیرەژنێکی هەشتا ساڵی و تەنانەت بۆ تاوانیش ئامادەیە!*

## (١)

لە ماڵی (نارۆموف) ئەفسەرێکی پاسەوانی سوارە، یاری ئەکرا. شەوی درێژی زستان لەخۆیەوە بەسەرچوو، کاتژمێر پێنجی بەیانی بوو کە نیشتنە بەرخواردنی ئێوارە. ئەمانەی بردبوویانەوە بە هەوەسێکەوە چەتەڵەکانیان بەکار ئەهێنا، ئەوانی تر بەرامبەر لەگەنە بۆشەکانیانەوە بە حەپەساوییەکییەوە دانیشتبوون. بەڵام بەهۆی شامپانیاکەی سەر مێزەکەوە گفتوگۆیەکی گەرم هاتە کایەوە و گشتیان هاوبەشیان تیا کرد.

"سوورین" چۆن دەرچوویت؟ خاوەن ماڵ پرسی: "دۆڕاو هەروەك جاران، ئەبێ دان بەمەدا بنرێ کە من بێ بەختم هەمیشە لەسەر پارەیەکی کەما یاری ئەکەم، هەرگیز ناشڵەژێم، هەردەم ئاگاداریی خۆم ئەکەم، کەچی

ئەنجـا هــەر ئەدۆڕێنـم. "ئــەی هیــچ نیــازت نییــە جارێکیــان لەســەر کاغەزێــکا زیــادی بکــەی؟ ئــەم نەگۆڕانــەت وڕی کــردووم".

"ســەیری هیرمــان بکــەن!" یەکێــك لــە میوانــەکان پەنجــەی بــۆ ئەفســەرێکی ئەندازیــاری لاوا درێــژ کــرد. "هەرگیــز لــە ژینــا کاغەزێکــی هەڵنەگرتــووە و لەســەر هیــچ کەســێکا دەبڵــی نەکــردووە، هەرچەنــدە تاکــو بەیانــی لامــان دائەنیشــێ و ســەیری یارییــمان ئــەکات!"

"زۆر هەوەســم بــە یارییــەوە دێ" هێرمــان وتــی" بــەڵام ناتوانــم ئەمــەی پێویســتە بیکــەم، بــە قوربانیــی لــە پێنــاوی ئاواتــی بەدەســهێنانی ئــەوەی کــە لــە پێویســت بــەدەرە".

تۆمســکی وتــی" هێرمــان جەرمانییــە، کەواتــە زۆر تێبینــە، ئەمــە گشــتیەتی!" "نەنکــم کۆنتێــس ئانــا فیــدۆ تۆڤنــا خــۆی مەتەڵێکــە، ئەگــەر هەرگیــز یەکێــك هەبــێ" میوانــەکان هاواریــان کــرد "چــی؟ ئەمەچییــە؟"

"مــن تێناگــەم چــۆن دایەگــەورەم هەرگیــز یــاری نــاکات!" تۆمســکی وتــی: نارمــۆڤ پرســی "ئەمــە چــی ســەیری تیایــە کــە پیرەژنێکــی هەشــتا ســاڵی نەیەوێــت یــاری بــکات!"

"مەبەستت ئەمەیە کە بڵێیت هیچی لە بابەتەوە نازانێت؟"

"نە بەشەڕەفم، هەرگیز هیچ شتێك!"

"کەواتە رێگەم بدە، با من پێت بڵێم".

تۆمســکی وتــی "ئــەی بزانــن کــە نەنکــم، پێــش شەســت ســاڵ بــۆ پاریــس چــوو، لــەوێ نموونــەی کۆمــەڵ بــوو، خەڵــك بــە شــوێنیا ئەکەوتــن تــا چاویــان بــە "ڤینۆســی مۆســکۆ" بکەوێــت، ریشــیلیۆ خــۆی بــە شــوێن کامەرانــی وســەرفرازییەوە ئەگــەڕا و نەنکــم ســوێند ئەخــوات کــە بەدڵڕەقیــەوە هــەر ئەمــە تــا دووچــاری خۆکوشــتنی نەکــرد.

"لــەو ســەردەمەدا، ئافرەتــان یــاری (فارو)یــان ئەکــرد، رۆژێکیــان لەکاتــی

یاریکردنـــدا لەکۆشـــکی شـــاهیدا، نەنکـــم بـــە پارەییەکـــی زۆر قـــەرداری دۆڤـــی ئۆرلیانـز، بـوو، کـە گەڕایـەوە ماڵـەوە و رووی واڵا کـرد و کراسـە فراوانەکـەی فڕێـدا، چەنـدی دۆڕاندبـوو بـۆ باپیرەمـی گێـڕاوە و فەرمانـی پێـی کـرد بـۆی بـدات.

"باپیـــرەی خوالێخۆشـــبووم، ئەوەنـــدەی لەیادمایـــە، بـــۆ داپیـــرەم هـــەروەك ســـەرکارێك ئاوابـــوو. بـــە وێنـــەی نەخۆشـــیی رشـــانەوە لێـــی ئەترســـا، بـــەڵام کـــە ئـەو زیانـە ترسـناکانەی بیسـت، خـۆی بـۆ نەگیـرا و هەڵچـوو، پێـی سـەلماند کـە لەمـاوەی شـەش مانـگا نیـو ملیۆنیـان خـەرج کردبـوو، کـە لـە دەروپشـتی پاریسـدا زەوی و زار و دێهاتەکانـی مۆسـکۆ و ساراتۆڤیان لـە ژێـر دەسـت نەبـووە، راسـتە و راسـت نەیویسـت کـە بیـدا. داپیـرەم مشـتێك بەسـەرو گوێلاکیـا هێنـا، نیشـانەی رێـز لـێ نەگرتنیـا لـە ژووری خەوتنیـا بـە دەرەوەی نـا. "رۆژی دوایـی، نـاردی بـە شـوێن مێردەکەیـا، بـەو هیوایـەوە کـە سـزای خۆماڵـی کاری تێکردبـێ، کەچـی بینـی کـە نەگـۆڕاوە و دەس نـادات. بـۆ یەکەمجـار لـە ژیانـی ژن و مێردایەتیانـا داپیـرەم گوێـی بـۆ وتوویـژ و تێگەیانـدن شـل کـرد. هەوڵـی ئـەدا بـەوە شـەرمەزاری بـکات کـە قـەرد هـەر هەبـووە و هـەر هەبـووە، پێـی بسـەلمێنێ کـە جیـاوازی هەبـووە لــە مەیانــی شــاکور و پەیتــوون- وەســتایەکا، بــەڵام بــێ ســوود بــوو، باپیــرەم هەڵگەڕابـۆوە. ئـەو گوتـی "نـا" و "نـا" کـەی کۆتایـی بـوو. داپیـرەم ئومێـد بڕابـوو و فرتوفێـڵ و زیرەکـی دادی نـەدا.

کۆنـت سـان جیرمـان کـە ئـەم هەمـوو چیرۆکـە سـەیرەتان دەربـارەی بیسـتووە، یەکێـك بـوو لـە ناسـیاوە هـەرە نزیکەکانـی. ئێـوە ئەزانـن چـۆن هەوڵـی ئـەدا کـە ببێتــە (جــووی نەمــر)، داهێنــەری ئــاوی ژیــان و بــەردی پیتــۆڵ و..هتــد. خەڵــك گاڵتەیــان پێــی ئەکــرد و بەدرۆزنــە فێڵبازیــان دانــا، (کازانۆفــا) لــە یادداشــتەکانی بـە شـۆڤار نـاوی ئەبـا، بـەڵام لەگـەڵ نـاوو ناتـۆرە سـەیر و ئاڵۆزاویەکەشـیا، سـان جیرمــان دیمەنێکــی هــەرە بــەرزی بۆخــۆی نوانــد و زانــی چــۆن خــۆی بەســەر کۆمەڵـدا بسـەپێنێ. تـا ئەمـڕۆش داپیـرەم بـێ پایـان خۆشـی ئەوێـت و هەرگیـز

ناهێڵــێ بەســووکی باســی بکرێــت. نەنکــم ئەیزانــی ســان جیرمــان پارەیەکــی ئێجــگار زۆری لەژێــر دەســتایە، کــە بڕیــاری دا پەنــا بــۆ ئــەو بــەرێ، نامەیەکــی بــۆ نــارد و داوای لێکــرد دەســبەجێ بێتــە لای.

لــە خەڵــك بــەدەری گــۆری زوو بــە زوو فەرمانەکانــی بەدیهێنــا و بینــی داپیــرەم کوشــتەی دڵتەنگییــە، داپیــرەم بــە رەشــترین، رەنــگ وێنــەی دڵڕەقــی مێردەکــەی بــۆ کێشــا و بــەوە دوایــی هێنــا کــە تەنیــا هیــوای بــە دۆســتایەتی و پیاوەتیــی ســان جیرمانــا مابــوو. "ســان جیرمــان نەختــێ رامــا و دانایانــە وتــی ئەتوانــم ئــەم پارەیــەت پــێ بــدەم. بــەڵام ئەزانــم کــە تــا ئەمدەیتــەوە هەرگیــز ئاســوودە نابیــت، منیــش نامەوێــت تووشــی ئــەم خــەم و خەفەتــە تازەیــەت بکــەم. رێگەیەکــی تــر هەیــە ئەتوانیــت بــە یاریــی مایــەی خــۆت بینێتــەوە! داپیــرەم وتــی "بــەڵام، کۆنتــە ئازیزەکــەم پێــت ئەڵێــم کــە هیــچ پارەمــان نییــە". کۆنــت وتــی: هیــچ پــارەت پــێ ناوێــت، تکایــە بــە تــەواوی گوێــم بــۆ شــل بکــە، نهێنییەکــی بــە گوێیــا چرپانــد کــە هەریــەك لــە ئێمــە ئامادەیــە هــەر نرخێــك بــدا بــۆ زانینــی.

یارییــەکارە هــەرزەکارەکان هەنــدەی تــر گــوێ خوســت بــوون. تۆمســکی پایپەکــی داگیرســاند، دووکەڵەکــەی هەڵمــژی و کەوتــەوە گێڕانــەوەی باســەکە. "لەهەمــان شــەودا، داپیــرەم لــە ڤرســایل پەیدابــوو، دۆڤــی ئۆرلیانــز کاغــەزی دابــەش کــرد. نەنکــم شــەرمەزارییەکی کەمــی نوانــد کــە پــارەی هەنــدە نەهێنابــوو قــەرزە کۆنەکانــی بداتــەوە، کورتــە چیرۆکێکــی دروســت کــرد تاخــۆی تیــا بــێ خەتــا بــکا، دژی دۆڤــی ئۆرلیانــز دەســتی بــە یــاری کــرد. ســێ کاغــەزی هەڵبــژارد و یــەك بــە دوای یــەکا پــارەی پێــدان. ئەنجامــی هــەر سێکیان بردنــەوە بــوو، داپیــرەم هەمــوو قەردەکانــی پێشــووی هێنایــەوە".

یەکێــك لــە میوانــەکان وتــی "تەنیــا شــەنس و بەختــە" هیرمــان وتــی "بگــرە شــتێکی ئەمەنــدە ســەیر کــە هەرگیــز روونــادات". یەکێکــی تــر هەڵــی دایــە وتــی "ئەشــێ کاغــەزەکان نیشــانە کرابــن" تۆمســکی بــە هەوەسێکەوە وتــی "نەخێــر"

چـۆن؟ نارمـۆڤ پرسـی تـۆ داپیرەیەکـت هەیـە کـە لەسـەریەك سـێ کاغـەزی بـرەوە یـاری ئـەکات، تـا ئێسـتە تـۆ نـەت توانیـوە ئـەم نهێنییـە بدۆزیتـەوە؟

"ئەمەنـدە سـانا نییـە، خـوا لەنـاوی بـەرێ! تۆمسـکی وەرامـی دایـەوە "نەنکـم چـوار کـوڕی هەبـوو کـە یەکێکیـان باوکـم بـوو، هـەر چواریـان قومارچـی بـێ مایـە بـوون. ئەنجـا ئـەو نهێنییـەی بـە هیـچ کامێکیـان نـەوت، هەرچەنـدە کـە دەکـرا سـوودی لێوەربگـرێ. هەروەهـا منیـش. ئەمـە مامـم کۆنـت ئیڤـان ئیلیـچ سـوێندی بـۆ خـواردم.

(کاپلیتسـکی) خوالێخۆشـبوو، هەمـان کاپلیتسـکی کـە لـە هەژاریـدا مـرد، دوای ئـەوەی ملیۆنەهـای بەمـلاو بـەولادادا، جارێکیـان لـە گەنجیـا سـێ سـەد هـەزار (رۆبـل)ی دۆڕانـدە (زۆریـچ) کەوتـە نائومێـدی. داپیـرەم کـە هەمیشـە لەگـەڵ خەیـاڵ پـلاوی گەنجانـا زۆر سـەخت بـوو، بـۆ چەنـد هۆیـەك بەزەیـی بـە (کاپلیتسـکی)یا هاتـەوە. دوای ئـەوەی بەڵێنـی لـێ سـەند کـە جارێکـی تـر، بـە هیـچ کلۆجێـك یـاری نـەکات، نـاوی سـێ پـەڕی پـێ وت، کـە یـەك بـە دوای یـەکا یارییـان لەسـەر بـکات، (کاپلیتسـکی) بـۆ یاریخانـەی دوژمنـە پـڕ بەختەکـەی چـوو، دانیشـتنە سـەر مێـزی یارییـەوە، کاپلیتسـکی پەنجـا هـەزاری خستەسـەر پەڕێـکا و بردییـەوە، لـە پاشـانا دوو هەنـد و دوو هەنـدی خسـتە سـەر و هەمـوو ئـەو پارەیـەی هێنایـەوە کەدۆڕاندبـووی، زۆریـش بـە زیـادەوە، بـەڵام ئـەوا کاتـی خەوتنـە چارەگێکـی ئـەوێ بـۆ شـەش، لـە راسـتیدا دونیـا رۆنـاك بووبـوو گەنجـەکان ئـەوەی لـە گلاسـەکانیانا مابـوو تەواویـان کـرد و ون بـوون.

**(٢)**

پیـرە کۆنتـس لـە ژووری حەسـانەوەیا بەرامبـەر ئاوێنەکەیـا دانیشـتبوو، سـێ کارەکـەر لەبەردەسـتیا ئامادەبـوون. یەکێکیـان قوتـووی رووژی بـۆ راگرتبـوو، یەکێکـی تـر قوتیلـەی دەرزی و ئـەوی دیکەیـان شـەبقەیەکی بـەرزی بـۆ راگرتبـوو کـە بەشریتـی رەنـگ ئاگریـن رازابـۆوە. کۆنیسـتە، هەرچەنـدە بـە هیـچ جۆرێـك مافـی بەسـەر جوانیـدا نەمابـوو کـە لەمێـژەوە تیـای کوژابـۆوە، لەگـەڵ ئەمەشـدا وازی لەهیـچ هەڵسـان و دانیشـتنی سـەردەمی تافـی کچێنـی نەهێنابـوو، بـە تونـدی دەسـتی بـە مـۆدەی سـاڵی ١٧٧٠وە گرتبـوو، ئەمەنـدە کات و چالاکـی بـۆ خۆرازاندنەوەیـا تەرخـان ئەکـرد کـە لـە پێـش شەسـت سـاڵا تەرخانـی کردبـوو. ئافرەتێکـی جـەوان، کـە یـاوەری کۆنێسـتە بـوو لـە ژوورەکـەدا نزیـك پەنجـەرە، بەرامبـەر ئامرازێکـی تـەون و چنینیـا دانیشـتبوو.

ئەفسـەرێکی لاو کـە ئێسـتە هاتبـۆوە ژوورەکـە وتـی :بەیانـی بـاش داپیـرە! بـە فەرەنسـەیی وتـی: رۆژبـاش خاتـوون لیـزا" ئەنجـا بـە داپیـرەی وت هاتـووم داوای چاکەیەکـت لێبکـەم، داپیـرە.

داپیرە وتی: چیت ئەوێت پۆل؟

پـۆل وتـی: رێگـەم بـدە برادەرێکـی خۆمـت پـێ بناسـێنم و رۆژی هەینـی بـۆ کـۆڕی دانـس و سـەما لەگـەڵ خۆمیـا بهێنـم.

داپیـرە وتـی: یەکسـەر بـۆ کـۆڕی دانـس و سـەما بیهێنـە. ئەتوانیـت لـەوێ بیناسـێنی. دوێنـێ لـە (...) بوویـت؟

پـۆل وتـی: ئـاە، بەڵـێ! زۆر خـۆش بـوو. تـا کاتژمێـر پێنـج هـەر دانسـمان کـرد. ئیلێتسـکایا زۆر نازداربـوو.

کۆنتیسـە وتـی: چـی ئازیزەکـەم! ئەنجـا ئـەو چییـە! ئـەی ئەگـەر نەنکـت بدیبایـە! شـاکچ پترۆڤنـا، ئەبـێ ئێسـتێکە زۆر پیـر بووبـێ، ئەوشـا کچـە داریـا پیترۆڤنـا"..

تۆمسکی بێ باك وتی: پیر؟ ئەوا حەوت ساڵە مردووە!

ئافرەتــە جەوانەکــەی لای پەنجەرەکــە ســەری هەڵبــڕی و نیشــانەیەکی بــۆ گەنجەکــە کــرد. ئەوجــا هاتــەوە یــادی کــە مردنــی هاوتەمەنەکانــی هەمیشــە لــە کۆنتیســە شــارابۆوە و لێــوی خــۆی گەســت. بــەڵام کۆنتیســە ئــەو هەواڵــە نوێیــەی بەوپــەڕی بــێ باکییــەوە وەرگــرت.

"مــردووە! منیــش نەمزانیــوە! بەیەکــەوە بــۆ خانمــی هەڵبژێرایــن، وەك پێشــکەش کرایــن، شــاژن.. ئەنجــا کۆنتیســە بــۆ جــاری ســەدەمین داســتانی خــۆی بــۆ نــەوەی خــۆی گێڕایــەوە. دوای کڕبوونێــك وتــی "باشــە پــۆل، ئــا وەرە یاریــم بکــە تــا هەڵســم، لیــزا، کــوا قووتیلــەی بەرلووتیــم؟

کۆنتێســە چەنــد کارەکەرێکــی بــەدواوە، چــووە پشــت پەردەیــەکا تــا خــۆ رازاندنــەوەی تــەواو بــکات. تۆمســکی لەگــەڵ ئافرەتــە جەوانەکــە مایــەوە. "لیزاڤێتــا ئیڤــا نۆڤنــا بەدەنگێکــی نزمــەوە لێــی پرســی "کــێ پێشــکەش ئەکەیــت؟ نارمــۆڤ. ئەیناســیت؟"

- نە، سەربازە یا باش بۆزڵییە!

- لە سوپادایە"

- ئەندازیارە؟ لیزا پرسی.

- نە سوارەیە. لەچییەوە ئەڵێیت ئەندازیارە؟

- کچەکە خەندەیەکی کرد و بێدەنگ بوو.

کۆنیســتە لــە پەنــا پەردەکــەوە وتــی "پــۆل، چیرۆکێکــی تــرم بــۆ بنێــرە، بــەڵام وریابــە نــوێ نەبــێ باشــە!"

"مەبەستت چییە داپیرە!

کۆنتیســە وتــی: مەبەســم چیرۆکێکــە پاڵەوانەکــەی نەباوکــی و نــە دایکــی تیــای بکوژێــت، کەســی تیــا نەخنکێــت، زۆر ترســێکی تــەواوم لــە لاشــەی خنــکاوا پەیــدا کــردووە.

"لـەم رۆژانـەدا ئـەم جـۆرە چیرۆکانـە دەس ناکـەون. تەنیـا مەگـەر چیرۆکێکـی رووسـییت بوێـت".

هیـچ چیرۆکێکـی روسـی هەیـە؟ یەکێکـم بـۆ بنێـرە، گـەورەم بەهەرجۆرێـك بـێ یەکێکـم بـۆ بنێـرە. تۆمسـکی وتـی: ئەبـێ دوعـا خوازیـت لـێ بکـەم داپیـرە، درەنگمـە، بـە دوعـا لیزاڤێتـا ئیڤـا نۆڤنـا. چـی ئـاوای لێکردیـت بڵێیـت نارۆمـۆڤ ئەندازیـار بـێ؟

تۆمسکی لە ژووری حەسانەوەدا چووە دەرەوە.

لیزاڤێتـا ئیڤـا نۆڤنـا تەنیـا مـاوە، رووی لـە تەونەکەیـا وەرگێـڕاو لـە پەنجەرەکـەوە روانییـە دەرەوە، هەنـدەی پـێ نەچـوو ئەفسـەرێکی گەنـج لـە سـووچێکا و لـەو سـەرەکەی تـری جادەکـەوە بـەدەر کـەوت. کۆڵمەکانـی لیـزا سـوور هەڵگـەڕان، تەونەکـەی دووبـارە هەڵگرتـەوە و سـەری خـۆی زۆر بـە نزمـی پێداگـرت. ئـا لەوکاتـەدا کۆنتێسـە بەدەرکەوتـەوە و بەتـەواوی خـۆی ئامـادە کردبـوو.

"لیزانکا" با پەیتوونەکە بێت، گەڕانێك ئەکەین.

لیزا هەڵسا و تەونەکەی بەلانا.

کۆنتێسـە قیژانـی بەسـەریا" تـۆ کەڕیـت، منـاڵ؟ ئەڵێـم وا بکـە دەسـبەجێ پەیتوونەکـە بێنـن!

"بەڵـێ داپیـرە" لیـزا بـە دەنگێکـی نـەرم ئەمـەی وت و خێـرا بـۆ هەیوانەکـەی دەرەوە رۆیشـت.

خزمەتکارێـــك هاتـــە ژوورەوە و چەنـــد پەڕاویەکـــی لـــە شـــاکور ڤایـــل ئەلکســـەندەروڤیچ" بـــۆ کۆنتیســـە هێنابـــوو.

کۆنتیسـە وتـی: زۆر باشـە، سوپاسـی منـی پـێ بگەیەنـە" لیـزا، لیـزا! بـۆ کـوێ ئەڕۆیـت؟" لیـزا وتی:"خـۆم لەبـەر ئەکـەم".

"ئێسـتە هـەر زووە، بەرخـم! بوەسـتە! یەکەمیـان بکـەوە، بـۆم بخوێنـەوە... کچەکـە کتێبەکـەی گرتـە دەسـت و چەنـد دێڕێکـی خوێنـدەوە.

کۆنتیسـەا وتـی: نەختـێ دەنگـت بەرزتـر بکـە، چییـە، چیـت لێقەومـاوە ئازیزەکـەم؟ دەنگـت چـی لێهاتـووە؟ راوەسـتە پـاڵ پێیەکـم بـدەرێ، نزیکـتری بکـەوە ناتوانیـت؟ لیزاڤێتـا ئیڤـا نۆڤنـا دوو لاپـەڕەی تـری خوێنـدەوە. کۆنتێسـە باوێشـکی هاتـێ. وتـی کتێبەکـە دانـێ، هەمـوو قسـەی پووچـە! لەگـەڵ سوپاسـی منـا بـۆ شـاکورِ پاڤیلـی بنێـرەوە. باشـە، کـوا پەیتوونەکـە؟"

لیزاڤێتـا ئیڤـا نۆڤنـا لـە پەنجەرەکـەوە سـەیری کـرد و وتـی:" پەیتوونەکـە ئامادەیـە".

کۆنتیسـە پرسـی: ئـەی بۆخـۆت لەبـەر نەکـردووە! تـۆ هەمیشـە لەچاوەڕوانیـما ئەهڵیتـەوە.. ئەمـە دەردێکـی سـەختە ئازیـزەم!" لیـزا بـۆ ژووری خـۆی رایکـرد، هێنـدەی نەخایانـد کـە کۆنتیسـە بـە هەمـوو هێزیکییـەوە کەوتـە زیـڕە لێدانـەوە. هـەر سـێ کارەکـەر بەراکردنـەوە لـە دەرگایـەکا و یاوەرەکـەی لـە دەرگاکـەی تـر، هاتنـە ژوورەوە. کۆنتێسـە بەسـەریانا قیژانـی: "ناتوانـی هەرکـە بانـگ کـران بێنـە ژوورەوە؟ بـە لیزاڤێتـا ئیڤـا نۆڤنـا بڵێـن مـن چاوەڕوانـی ئـەوم" لیزاڤێتـا ئیڤـا نۆڤنـا بـە عەبـا و شـەبقەیەوە هاتـە ژوورەوە، کۆنتیسـە وتـی "ئۆخـەی! چـۆن خـۆت گۆڕیـوە! تێناگـەم، ئەمـە بۆچییـە؟ ئەتەوێـت کـوێ ژێردەسـت بکەیـت؟ هـەوا چۆنـە؟ وا دیـارە بـای دێ".

"نەخێـر، پایـەدار، رۆژێکـی زۆر خۆشـە" یاوەرەکـە وەڵامـی دایـەوە. "تـۆ هەمیشـە یەکـەم شـت ئەڵێیـت کـە بەمێشـکتا دێـت. ئـا ئـەم جامەیـە بکـەرەوە. بزانـە، ئـای مـن ئەمزانـی بـای دێ، بایەکـی زۆریـش سـاردا پەیتوونەکـە بنێـرەوە. لیـزا بـۆ گەشـتەکەمان ناچیـن، نـە ئەبـوو خـۆت بگۆڕیبایـە!"

لیزاڤێتـا ئیڤـا نۆڤنـا لەدڵـی خۆیـا وتـی: ئەمـەش ژینـی منـە! لـە راسـتیدا لیزاڤێتـا ئیڤـا نۆڤنـا گیاندارێکـی هـەرە خەمگیـن بـوو. دانتـی ئەڵـێ "نانـی دەرۆزە تاڵـە و پەیـژەی بـەردەرگای ماڵـی بێگانـە رك و هەڵدێـڕە.. کـۆی ئـەم تاڵییـە ئەزانـێ وەك ئـەو کیـژە هەژارەیـە کەپشـت بـە پیرەژنێکـی ئەرسـتۆکراتەوە

ئەبەستێ؟ کۆنتێسە لە راستیدا دەروونێکی بەدی نەبوو، تەنیا هەردەمە بەجۆرێ ئەگۆڕا وەك هەموو ئەو ئافرەتانەی رۆژێ لە رۆژانا خۆشەویستی لەناوچووی کۆمەڵ بوون، هەروەها قرچۆك بوو، بەتەواوی لە خۆپەرستیتی ساردیا توابۆوە، چەشنی گشت ئەو پیرانەی دوایی ئەوەی هەست و سۆزە ناسکەکانیان بە درێژایی تەمەنی درێژیانا رابواردووە، وا هەست ئەکەن کە پەیوەستییان بە (ئێستەوە) نییە. خۆی لە هەموو رابواردنێکی پڕ فیزی چینە بەرزەکانی کۆمەڵدا بەشداری ئەکرد، خۆی بۆ کۆڕی دانس و سەمادا رائەکێشا کە لە سووچێکا دائەنیشت بە روویەکی سواخ دراوا بە گوێرەی مۆدی رۆژانی دێرینا جل بەرەکراو سەرسپیی پێویست و هەرە ناشیرینی کۆڕەکە بوو. مێوانەکانی تازە گەیشتوو ئەچوونە بەردەمیا و دائەهاتنەوە، وەك فەرمانێکی بەرزیی ئایینی بێ. کە دوا بەدوایا هیچ کەسێك گوێی نە ئەدایە، لەماڵی خۆیا میوانداریی هەموو شارەکەی ئەکرد بە هەموو ئەتەکێتەوە. هەرچەندە خۆی هیچ کامێك لە میوانەکانی لێك جیا نەئەکردەوە. دەس و پێوەندە لە ژمارە نەهاتووەکانی لەهۆڵەکەیدا یا لەبەشی خزمەتکارەکانیا هەر بۆز و ئەستوور ئەبوون و چی ئارەزوویان بکردایە ئەیان کرد و یەك ئەیویست ئەویتر جێبێڵێتەوە لە دزین و تاڵانکردنی پیرەژنە نیوەمردووەکەدا. لیزاڤێتا ئیڤا نۆڤنا قوربانییەکی خۆماڵی بوو، چایی تێ ئەکرد و بەوە گوناهبار ئەکرا کە شەکر زۆر ئەفەوتێنێ. بە دەنگی بەرز چیرۆکی بۆ ئەخوێندەوە و تاوانی کەم و کووڕیی و کەمتەرخەمی نووسەریان لە ئەستۆی ئەوا قایم ئەکرد، لەتەك پیرەژنەکەدا ئەچوو بۆ گەشتەکانی، ئەبوایە ئۆباڵی هەواو چۆنییەتی رێگاکە لە ئەستۆی خۆیا بگرێ. مووچەیەکی بۆ بڕابۆوە کە هەرگیز بەتەواوی وەری نەگرت. ئەبوو وەك هەر یەکێکی تر جل بکاتە بەر، واتا وەك چەند کەسێکی زۆر کەم، لە کۆمەڵدا رۆڵێکی زۆر جەرگ بڕی هەبوو، هەموو ئەیان ناسی و کەس خۆی تێ نەئەگەیاند. لە هۆڵی دانس و هەڵپەڕیندا تەنیا ئەوکاتە

دانسـی ئەکـرد کـە هەمـوو ئافرەتێـك بوێسـترایە. خانمـەکان تەنیـا ئـەو دەمـە دەسـتیان ئەگـرت کـە ئەبوایـە بچنـە ژووری خۆرازاندنـەوە بـۆ رێکخسـتنەوەی سـەرووپۆپەیانا. هەسـت ناسـك و بـەو چارەنووسـەیا زۆر ئـاگادار هەمیشـە بـە ئارامـەوە چاوەڕوانـی رزگارکەرێکـی ئەکـرد. بـەڵام گەنجـە لەخۆباییـەکان هەرگیـز بـە ئـاوڕ لێدانەوەیـەك پایەیـان لـێ نـە ئەنـا هەرچەنـد لیزاڤێتـا ئیڤـا نۆڤنـا بەگەلێـك لـەو ئافرەتـە سـارد و لـووت بەرزانـە جـوان و دڵکێـش تـر بـوو، کـە هـەردەم پێوەیانـا خەریـك ئەبـوون. چەنـدان جـار بەبـێ دەنگـی لـە دیوەخانـە خەمناکـە پەرداخەکـەوە خزیوەتـە ژوورە بچکۆلانەکـەی خـۆی بـە دیـوارە بـە کاغـەز پۆشراوەکانیـا، سـەند و قەدارەکەیـا تەختـە بۆیەکراوەکەیـا ئاوێنـە بچووکەکـە و مۆمـە کزەکـەی لـە مۆمدانـە پاقژەکەیـا تاوەکـو بەگـوڕ فرمێسـکان بڕێژێـت!

جارێکیـان یـەك دوو رۆژ دوایـی ئـەو ئێوارەیـەی لەسـەرەتای ئـەم چیرۆکـەدا بـاس کـراوە، هەفتەیـەك پێـش ئـەم دیمەنـەی ئێسـتە دەسـتی پێکـردووە، لیزاڤێتـا ئیڤـا نۆڤنـا لەبـەردەم تەونەکەیـا لـە پەنجەرەکـەوە دانیشـتبوو، بەرێکـەوت سـەیرێکی جادەکـەی کـرد و چـاوی بـە لاوێـك کـەوت لـە بەرگـی ئەفسـەرێکی ئەندازیـاردا کـە رەق وەسـتابوو و چاوەکانـی بڕیبـووە پەنجەرەکـەی ئـەوا. لیزاڤیتـا سـەری خـۆی نـزم کـردەوە و دەسـتی کـردووە بـە چنیـن، دوای پێنـج دەقـە هەمدیسـان سـەیری دەرەوەی کـرد، ئەفسـەرە گەنجەکـە هـەر لـەوێ بـوو، چونکـە چاوبازیـی لەگـەڵ ئەفسـەری رێبـوارا پیشـەی نەبـوو، چیـتر سـەیری دەرەوەی نەکـرد و بـۆ دوو سـات زیاتـر بـێ ئـەوەی سـەری هەڵبـڕێ خـۆی بەتەونەکەیـەوە خەریـك کـرد. خوانـی نیـوەڕۆ رازێنرایـەوە. لیزاڤێتـا هەڵسـا، تەونەکـەی بەلادانـا و کـە لـە پەنجەرەکـەوە بـە تێچـاوا روانییـە دەرەوە دی ئەفسـەرەکە هـەر لەشـوێنەکەی خۆیـا وەسـتابوو. لەمـەدا واقـی وڕ بـوو. لـە دوایـی نانخواردنـا بـە هەسـتێکی شـێواوا چـووە لای پەنجەرەکـەوە، بـەڵام ئەفسـەرەکە چیـتر لـەوێ نەمابـوو، ئەمیـش لەبیـرە خـۆی بـردەوە. دوای دوو رۆژ کـە لەگـەڵ کۆنتیسـە چوونـە دەرەوە سـواری گالیسـکە

بـــن، هەمدیســـان ئەفســـەرەکەی بینـــی، ئەمجـــارە راســـتەوخۆ لەبـــەر دەرگاکـــە وەســتابوو، رووی لــە باخــە بەرزکراوەکەیــا پۆشــی بــوو. جووتــە چاوێکــی رەش لــە ژێــر شــەبقەکەیا ئەدرەوشــانەوە. لیزاڤێتــا ئیڤــا نۆڤنــا نەیئەزانــی بــۆ هێنــدە ترســاو لەنــاو گالیســکەکەدا بــە مەترســییەکی ســەیرەوە خــۆی پەنهانــدا.

هەرکـــە گەڕانـــەوە ماڵـــەوە دەســـت بەجـــێ بـــۆ لای پەنجەرەکـــە چـــووە، ئەفســـەرەکە لـــە شـــوێنەکەی پێشـــوویا وەســـتابوو، چاوەکانـــی بڕیبـــووە لیزاڤیتـــا، لیزاڤیتــا لــە پەنجەرەکــە دوورکەوتــەوە و هەســتی بــە ئازادیــی ئــارەزووی زانیــن و پەشــۆکاویی کــرد کــە بــە تــەواوی بــۆ ئــەو شــتێکی نــوێ بــوو.

لەوکاتــەوە، هیــچ رۆژێــك نەبــوو کــە ئەفســەرە گەنجەکــە لــە ســاتێکی تایبەتیــا لـــە ژێـــر پەنجـــەرەی خانووەکەیانـــا دەرنەکەوێـــت. پەیوەندییەکـــی زۆر ســـەیر لـــە نێوانیانــا هاتــە روو، لەکاتــی کارکردنیــا بــەلای پەنجەرەکــەوە، لیزاڤیتــا هەرجــارە هەســتی بــە نزیکبوونــەوەی کابــرا ئەکــرد و ســەری هەڵئەبــڕی و رۆژ بــەرۆژ بــۆ ماوەیەکــی درێژتــر چاوەکانــی لەســەر بــەژن و باڵایــا ئەحەســانەوە. گەنجەکــە وا دیاربــوو ئــەم چاکەیــەی زۆر لــە چــاوا بــوو، چونکــە هــەر جــار کــە چاویــان بەچــاوی یەکــتر بکەوتایــە، لیزاڤیتــا بەچــاوی تیــژی لاوێنیــا ئەیــدی روومەتــە زەردەکانــی دەســبەجێ ســوور هەڵئەگــەڕان، دوایــی هەفتەیــەك لیزاڤیتــا بــە خەندەیەکــەوە ســڵاوی لــێ ئەکــرد. کــە تۆمســکی مــاوەی خواســت برادەرەکــەی بــۆ کۆنتیســە پێشــکەش بــکا. دڵــی کیــژە بەســتەزمانەکە خۆرپــەی کــرد و کەوتــە کوتــان، بــەڵام کــە زانــی (نۆرۆمــۆڤ) ئەندازیــار نییــە و پاســەوانی ســوارەیە، پەنجــەی خــۆی شــکاندەوە کــە بــە پرســیارە بێجێکەیــا نهێنــی خــۆی بــۆ تۆمســکی ئاشــکرا کــردووە کــە هەردەمــە لەســەر رەوشــتێکایە.

هیرمــان کــوڕی کابرایەکــی جەرمانــی لــە رووســیا پــەروەردە کــراو بــوو کــە میراتێکــی بچووکــی بــۆ جێهێشــتبوو، لەبــەر ئەمــە کــە بــاوەڕی چەســپاویی بــە پێویســـتی دامەزرانـــدن و چەســـپاندنی ســـەربەخۆیی خۆیەوەهەبـــوو، هیرمـــان

تەنانــەت دەســتی لــەو قازانجــەوەش نــەدا کــە لــە میراتەکــەوە پێــی ئەبــڕا. بەتـەواوی لەسـەردەس و رەنجـی خۆیـا ئەژیـا و لـەم رووەوە ئەمـلاو ئـەولای نەبـوو، لەگـەڵ ئەمەشـدا زۆر وریـا و ئـاوات پەرسـت بـوو، هاوڕێکانـی زۆر کـەم هەلیـان دەسـت ئەکـەوت گاڵتـەی بـە ماڵدارییـە بـێ پایانەکەیـا بکـەن. پیاوێکـی زۆر بـە سـۆز و ئەندێشـە ئاگریـن بـوو، بـەڵام رەوشـتی نەگـۆڕاوی لـە هەڵـە ئاساییەکانی لاوێنــی رزگار کردبــوو، ئــاوا لەکاتێکــدا لــە سروشــتیا جامبــاز بــوو هەرگیــز یــاری کاغـەزی نەکـرد، بـە بیانـووی ئـەوەوە کـە سـامانەکەی ئـی ئەمـە نەبـوو لەسـەر قســەی خــۆی کــە پێویســت بەقوربانــی ئاواتــی بردنــەوەی ئــەوە بــکا کــە لــە پێویســت بــەدەرە، لەگــەڵ ئەمەشــا بــە درێژایــی شــەوگار لــە رۆخ مێــزی یارییــا دائەنیشــت و ئێجــگار بــە پەرۆشــەوە بــە تەنــگ گــۆڕان و ســووڕانەوەی ئەنجامــی یارییەکــە ئەبــوو.. چیرۆکــی ســێ پەردەکــە کارێکــی بەتینــی کــردە ســەر بیــرو هۆشــیاو و بــە درێژایــی شــەو نەیتوانــی لــە مێشــکی خــۆی بێنێتــە دەرەوە.

"باشــە ئەگــەر؟" بەخــۆی وت شــەوەکەی دوایــی کــە بــە جادەکانــی "پیترۆســبۆرگ"دا ئەخولایــەوە" باشــە ئەگــەر پیــرە کۆنتێســە نهێنییەکــەی خــۆی پــێ وتــم؟ ئەگــەر نــاوی ئــەو ســێ پەڕەیــەی پــێ وتــم کــە هەرگیــز نادۆڕێنــن؟ بــۆ بەختــی خــۆم تاقــی نەکەمــەوە! خۆمــی پێشــکەش بکــەم و ببمــە ناســیاوێکی نزیکــی یــا ئەشــێ ببــم بــە یــاری؟ بــەڵام ئەمــە گشــتی ماوەیەکــی پــێ ئەوێــت، ئەویـش تەمەنـی هەشـتا و حـەوت سـاڵە، لەوانەیـە هەفتـەی داهاتـوو یاخـۆ دوو بەیانــی بمرێــت! چیرۆکەکــە خۆیشــی بــێ ئەمەیــە کــە بــڕوا بکرێــت؟ نەخێــر! وریایــی ئارامگرتــن و کۆڵنــەدان ئەمانــە ســێ پــەڕەی دڵســۆزی منــن و هــەر بەهــۆی ئەمانــەوە ســامانی خــۆم ســێ هەنــد ئەکــەم و حــەوت ئەوەنــدەی تــری ئەخەمــە ســەر و لەســەرخۆیی و ســەربەخۆیی پــێ ئەچەســپێنم.

ئـاوا بیـری ئەکـردەوە کـە خـۆی لەیـەك لـە شـەقامە گشـتییەکانی "پیترۆسـبۆرگا" دیــەوە لەبەردەمــی خانوویەکــی شــێوە کۆنــا، شــەقامەکە مۆنجــەی ئەهــات،

لــەو گالیســـکەیانەی هـــەروا یـــەك بـــە دوای یـــەکا رووەو بـــەردەرگا چراخانەکـــە گلـــۆر ئەبوونـــەوە. قاچـــی باریـــك و رێـــك و جوانییەکـــی جـــەوان و پۆتینـــی پشـــت چۆکانـــی بـــە شریقـــەی ئاوزینگـــەوە و گـــۆرەوی داپێچـــڕاو و پێـــڵاوی نـــەرم و ســـووکی باڵیۆزێکـــی زۆر بـــە گورجـــی لـــە دەرگای گالیســـکەکانەوە بـــە دوای یـــەکا خزینـــە دەرەوە جوبـــە و عەبـــای بـــە تـــووك بریقەیـــان هـــات و تێپـــەڕ بـــوون. هێرمـــان لـــە شـــوێنی خۆیـــا چەقـــی.

"ئـــەم خانـــووە ئـــی کێیـــە؟" هێرمـــان لـــە ژاندرمەکـــەی پرســـی کـــە لـــە ســـووچێکا وەســـتابوو.. ئەمیـــش لـــە وەڵامـــدا وتـــی "خانـــووی کۆنتێســـەیە"

موچورکێـــك بەلەشـــی هیرمانـــا هـــات.. هەمیســـان چیرۆکـــە دڵرفێنەکـــە هاتـــەوە بەرچـــاوی. لەبەردەمـــی خانووەکـــەدا کەوتـــە هاتۆچۆکـــردن بیـــری لـــە خـــاوەن و هێـــزی بـــێ پایانـــە ســـەیرەکەی ئەکـــردەوە. کـــە گەڕایـــەوە ماڵـــە ساردەکەی خۆیـــا کات درەنـــگ بـــوو، ماوەیەکـــی درێـــژ خـــەو نەچـــووە چـــاوی و کـــە لـــە پاشـــانا خـــەو دەســـی پێـــدا هـــەر بەیـــاری و مێـــزی پـــۆشراوو و کۆمەڵـــێ پـــارەی کاغـــەز و گومەتـــەی دراوی ئالتوونـــەوە خـــەوی دی. لەخەوەکەیـــا یـــەك بـــە دوای یـــەکا پـــارەی لەســـەر پـــەڕەکان دا ئەنـــا، دوایـــی هەریەکـــەی دەبـــڵ ئەکـــرد، هەمـــوو جـــار هـــەر ئـــەی بـــردەوە. زێڕەکانـــی رائەکێشـــا بەردەمـــی خـــۆی و پـــارە کاغەزەکانـــی ئەخســـتە گیرفانیـــەوە. رۆژەکـــەی درەنـــگ کـــە هەڵســـا ئاخـــی بـــۆ گەنـــج و سامانە دۆڕاوەکـــەی نەبوویـــا هەڵکێشـــا.

دووبـــارە کەوتـــەوە شـــەقامەکانی شـــارەکەوە و هەمدیســـان خـــۆی لەبـــەردەم تـــەلاری کۆنێســـەدا دۆزیـــەوە. هـــەروەك هێزێکـــی ئەفســـوونی نەزانـــراوا بـــۆ ئەوێـــی کێشـــابێ ئاوابـــوو. رەق راوەســـتا و بـــەرز روانییـــە پەنجـــەرەکان. لـــە پشـــت پەنجەرەییەکیانـــەوە تارمایـــی ســـەرێکی دی کـــە یـــا بـــە پەڕاوێـــکا داگیرابـــوو یـــا خەریکـــی کاربـــوو. ســـەرەکە بـــەرز کرایـــەوە. هیرمـــان روویەکـــی جحێـــڵ و دووچـــاوی رەشـــی دی. ئـــەم ســـاتەیە نوخشـــەی چارەنووســـی هیرمانـــی کێشـــا.

**(٣)**

هــەر ئەمەنــا لیزاڤێتــا ئیڤــا نۆڤنــا عەبــا و شــەبقەکەی داکەنــد بــوو کــە کۆنتیســە بەدوایــا هەنــارد و فەرمانیــدا پەیتوونەکــە دووبــارە بهێنرێتــەوە. ئــاوا لــە خانووەکــە چوونــە دەرەوە تــا بچنــە نــاو پەیتوونەکــە. بەتــەواوی لــەو ســاتەدا کــە دوو پیــاوە پیرەژنیــان نیــوە بــەرز کردبــۆوە و نیــوە پاڵیــان پێــوە ئەنــا بۆنــاو دەرگای گالیســکەکە، لیزاڤێتــا ئیڤــا نۆڤنــا ئەندازیــاری خــۆی دی لــە نزیــك پێچکەکانــەوە راوەســتابوو، لەنــاکاو هیرمــان دەســتی راکێشــا، وەختابــوو لــە ترســانا لەخــۆ بچێــت، کابــرای گەنــج ون بــوو. نامەیــەك لەدەســتیا بەجــێ مــا. لیزاڤێتــا نامەکــەی لەنــاو دەســتەوانەکەیا شــاردەوە و بــە درێژایــی گەڕانەکەیانــا نــە هیچــی بینــی و نــە هیچــی بیســی. رەوشــتی کۆنتێســە بــوو کــە ســواری گالیســکەکەیان وەك تیــری تفەنــگ یــەك بــەدوای یــەکا پرســیاری ئەکــرد، ئەمــە کێیــە کــە هــەر ئێســتە بێــرەدا تێپــەڕ بــوو؟ ئەمــە کام پــردە؟ ئــەو تەختەیــە چــی لەســەر نــووسراوە؟ ئــەم جارەیــان لیزاڤێتــا ئیڤــا نۆڤنــا پــلارە کوێرانــە وەرامــی ئەدایــەوە و وەڵامــە بۆشــە بــێ واتاکانــی کۆنێتســەیان پەســت کــرد.

”چیــت بەســەرهاتووە، ئازیزەکــەم؟ خــۆ نەشــێواویت؟ گوێــت لەمــن نییــە، یاخــود لــەم قســەم ناگەیــت؟ لەســایەی پــەروەردەکارەوە فســەزمان نیــم و ئێســتا نەخڵەفــاوم! لیزاڤێتــا ئیڤــا نۆڤنــا لــە راســتیدا گوێــی لــە هیچیــان نەگرتبــوو.. هەرکــە گەیشــتەوە ماڵــەوە بــە راکــردن چــووە ژوورەکــەی و نامەکــەی لــە دەســتەوانەکەدا هێنایــە دەرەوە، نامەکــە دانەخرابــوو. چاوێکــی پیاهێنــا. نامەکــە باســی دڵــداری تیابــوو، زۆر پــڕ ســۆز و بەڕێــز بــوو، وشــە بــە وشــە لــە چیرۆکێکــی جەرمانییــەوە وەرگیرابــوو، تەنیــا لیزاڤێتــا ئیڤــا نۆڤنــا کــە (جەرمانــی)ی نــە ئەزانــی، نامەکــە هۆشــی لــێ ســەند. لەگــەڵ ئەمەشــا ئــەو نامەیــەی وەریگرتبــوو ئێجــگار زۆر وروژانــدی، ئەمــە یەکــەم جــار بــوو تێکــەڵ بــە پەیوەندییەکــی دۆســتایەتی نهێنییــەوە ئەبــوو. بــێ شــەرمی و ئازایەتــی کابــرا دڵــی هەژانــد.. تانــەی رەوشــت

سووکی دایە پاڵ خۆی و نەیتوانی بڕیارێکی بدا کەچی بکات.. ئەبوو چیتر لای پەنجەرەکەوە دانەنیشێ و بەکەمتەرخەمی نیشاندان خواستی ئەفسەرەکە سارد بکاتەوە کەلەوە بەدواوە پێوەیا خەریك نەبێ؟ ئایا پێویستی بوو نامەکەی بۆ بنێرێتەوە، یا بگرە وەڵامێکی سارد و یەك رێی بداتەوە؟ کەسێکی نەبوو پرسی پێ بکات، نە هاوڕێ و نە راوێژکاری هەبوو. لیزاڤێتا ئیڤا نۆڤنا بڕیاریدا وەڵامی بداتەوە. لەسەر مێزە بچکۆلەکەی نووسینیا دانیشت، پێنووس و تیانووسی دەرهێنا و کەوتە بیرکردنەوە. چەندان جار نامەکەی دەس پێکرد و دڕاندی، وشەکانی پێ زۆر نەرم یا ئێجگار رەق بوون. لە ئەنجاما توانی چەند دێڕێکی کەم بنووسن کە پێیا دابین بێ: نووسی" دڵنیام کە نیازت پاك و مەردانەیە کە هەرگیز ناتەوێ بە هۆی کارێکی شێتانەوە حەیام ببەیت: تەنیا ناسیاریمان نابێ بەم رێگایە دەست پێبکات. ئەوا نامەکەت بۆ ئەنێرمەوە.. باوەڕم وایە کە لە لە پاشەرۆژا هیچ هۆیەکم نابێ گلەیی لە قێز و بێڕێزی نارەواوە بکەم".

رۆژکەی تر، هەرکە هیرمانی دی نزیك ئەبۆوە، لیزاڤێتا ئیڤا نۆڤنا لەسەر تەونەکەی هەڵسا، چووە ژوورەکەی تەنیشتیا، لا پەنجەرەیەکی کردەوە و پشت ئەستوور بە زیرەکی و چاپوك لە دەسی هیرمانا نامەکەی فڕێدایە دەرەوە. هیرمان رای کردە شوێنەکەی نامەکەی تیا کەوتە خوارەوە، هەڵی گرتەوە و چووە دوکانێکی پاقلاوە و شیرینی. هەڵیپچڕی نامەکەی خۆی و وەرامی لیزاڤێتا ئیڤا نۆڤنا بینی. چۆنی چاوەڕوان کردبوو نامەکەی ئاوابوو، بەتەواوی کەوتە دەریای پیلانگێران و بەرەو ماڵەوە رۆیشت.

سێ رۆژ دوای ئەمە کیژێکی چاوتیژ لە دوکانێکی سەرکڵاوفرۆشتنا پسوولەیەکی بۆ لیزاڤێتا ئیڤا نۆڤنا هێنا.

لیزاڤێتا ئیڤا نۆڤنا بە پەشۆکاوییەوە لێکی کردەوە، لەوە ئەترسا کە داوای پارەی قەرزەکانی تیابێ، کەچی لە پڕێکا چاوی بە دەستنووسی هیرمانا کەوت.

"بـە هەڵـە چوویـت، منـاڵ ئـەم پسـوولەیە بـۆ مـن نییـە" کچـە بـە جەرگەکـە بــە خەندەیەکــی بەمانــاوە وتــی "بەڵــێ، بەڵــێ بــۆ تۆیــە. ژنــی چــاك بــە بیخوێنــەوە". لیزاڤێتـا ئیڤـا نۆڤنـا بـە گورجـی چاوێکـی بـە پسـوولەکەدا خشـاند، هیرمــان داوای چاوپێکەوتنێکــی کردبــوو.

لیزاڤێتــا ئیڤــا نۆڤنــا بــەو داوا بێجێیــەی هیرمــان و بــەو ڕێگەیــەی بــەکاری هێنابــوو زراوی ڕژا و بەکچەکــەی وت "بێگومــان بەهەڵەچوویــت کیژەکــەم". ئــەم نامەیــە نابــێ بــۆ مــن نووسرابــێ". نامەکــەی ونجڕونجــڕ کــرد. کیژەکــە پرســی:" ئــەی ئەگــەر بــۆ تــۆ نییــە ئەمــە بــۆ پارچــە پارچــەت کــرد؟ ئەبوایــە بــۆ ئــەو کەســەیەم ببردایــە کــە ناردوویەتــی".

لــە قســەی کیژەکــە لیزاڤێتــا ئیڤــا نۆڤنــا ســوور هەڵگــەڕاو وتی:"تــکات لــێ ئەکــەم لەمــەودوا هیــچ پســوولەی تــر بــۆ مــن نەهێنــی. بــەو کەســە بڵــێ کەتــۆی نــاردووە بــا شــەرمی بەخــۆی بــێ.."

بــەڵام هیرمــان وازی لــە هەوڵدانــی خــۆی نەهێنــا، هەمــوو ڕۆژ نامــەی بــۆ لیزاڤێتـا ئیڤـا نۆڤنـا نـارد، هەرجـارە لـە ڕێگایەکـی جیـاوازەوە. چیـتر لـە جەرمانییـەوە نامەکانـی وەرنەئەگێـڕا. هیرمـان لەمـەودا نامەکانـی لـە هەسـتی سـۆزەوە ئەنووسـی و وشــەی ئەوتــۆی بــەکار ئەهێنــا کــە لەخــۆی ئەوەشــایەوە. نامەکانــی ئــارەزووی نەگــۆڕاو و پشــێوی ئەندێشــەی جلــەو بەردراویــان دەربــڕی. چیــتر لیزاڤێتــا ئیڤــا نۆڤنــا هەوڵــی نــەدا نامەکانــی بەســەردابداتەوە، بگــرە هەوەســی پێیانــا ئەهــات، دەســتی کــرد بــە وەڵامدانەوەیــان، ڕۆژ بــە ڕۆژ پســوولەکانی درێژتــر و ناســکتر ئەبــوون. لــە ئەجامــا ئــەم نامەیــەی لەپەنجــەرەوە بــۆ فڕێدایــە خــوارەوە.

"ئەمشــەو لەباڵیۆزخانــەی... بالــۆ هەیــە، کۆنتێســە ئەچێــت و تــا کاتژمێــر دوو لــەوێ ئەبیــن، ئەمــە بۆتــۆ هــەل ئەبــێ کــە مــن بەتەنیــا ببینــی.. هەرکــە کۆنتێســە ئــەڕوات بێگومــان خزمەتکارەکانــی ئــەڕۆن، تەنیــا دەرگاوان لەبــەردەرگا ئەمێنێتــەوە، ئەمیــش بــە زۆری ئەچێتــە ژووره بچکۆلانەکــەی خۆیــەوە. لــە یانــزه و نیــودا وەره.

یەکسـەر سـەرکەوە، ئەگـەر کەسـێکت لـە هۆڵەکـە تـووش هـات ئـەوا پرسـیاری کۆنتێسـە بکـە. بێگومـان پێـت ئەڵێـن کۆنتێسـە لەماڵـەوە نییـە وئـەوکات هیـچ مەکـە بگەڕێـوە، بـەڵام ئەشـێ کـەس نەبینـی، کارەکـەرەکان گشـتیان پێکـەوە لـە ژووری خۆیانـا ئەمێننـەوە. لـە هۆڵەکـەوە دەسـتە چـەپ بگـرە و راسـت بـڕۆ تـا ئەگەیتـە ژووری خەوتنـی کۆنتیسـە. لەوێـوە لەبەردەمـی دوو دەرگای بچووکـەوە چـاوت بـە پەردەیـەکا ئەکـەوێ. دەرگاکـەی لای راسـت بـۆ ژووری خوێندنـەوەت ئەبـا کـە هەرگیـز کۆنتێسـە پێـی تیانـاکا. ئـەوی دەسـتە چـەپ بەسـەر هیوانێکـی تەسـکا ئەکرێتـەوە، لەوێـوە پـێ پلیکانەیەکـی تەنگـی پێـچ پێـچ هەیـە بـۆ ژوورەکـەی مـن."

هیرمـان وەك پڵنگێکـی ئامـادە چاوەڕوانـی کاتـی ژووانـی کـرد. لەبەردەمـی تـەلاری کۆنتیسـەوە. خـۆی قایـم کردبـوو، شـەوێکی زۆر تـووش بـوو. رەشـەبا تێـی هەڵکردبـوو، بەفریـش وەك جلۆکـە ئەهاتـە خـوارەوە. چـراکان بـە کزییەکـەوە ئەسـووتان و شـەقامەکان چـۆل بـوون، هـەر تـاوە نـا تاوێـك کابرایـەك شـڕە بارگیرێکـی ئـە ئـاژوا و لـە شـەقامەکەدا تێئەپـەڕی بـەو ئومێـدەوە کـە رێبوارێکـی جێـماو هەڵگبـڕێ. هەرچەنـدە هیرمـان لەسـەر چاکەتەکەیـەوە هیچـی لەبـەر نەبـوو. بـەڵام نەهۆشـی لـە بـا بـوو نـە لـە بەفـر. لـە ئەنجامـا گالیسـکەکەی کۆنتێسـە پەیدابـوو. هیرمـان پیاوەکانـی هاتنـە دەرەوە. لـە هـەردوو لاوە شـانیان دابـووە بـەر پیرەژنـی چەمـاوە لـە عەبـای رەشـدا و هـاوڕێ گەنجەکـەی. کـە جلـی تەنکـی لەبـەردا گوڵـی لەسـەر قژیـا بـوو. بەدوایـدا تێکشـی. دەرگای گالیسـکەکەی بـە تونـدی داخرایـەوە و گالیسـکەکە بەسـەر بەفـرە لووسـەکەدا خـزی. دەرگاوانەکـە دەرگای پێشـەوەی داخسـت. پەنجـەرەکان تاریـك بـوون، هیرمـان لەبـەردەرگای کۆشـکە چـۆل کراوەکـە هاتووچـۆی کـرد. کـە چـووە بەردەمـی چرایەکـی شـەقامەکە و سـەیری کاتژمێرەکـەی خـۆی کـرد، یانـزە و بیسـت بـوو. لـە رووناکـی چراکـە وەسـتا و چاوەکانـی بڕییـە کاتژمێرەکـەی لـە چاوەڕوانـی

ئـەو چەنـد سـاتەیە تـا بەسـەر بچـێ. لـە یانـزە و نیـوی تـەواودا رووی کـردە بـەر دەرگای تـەلاری کۆنتیسـە و چـووە نـاو دەرگا زۆر رووناکەکـە. دەرگاوانەکـە لـەوێ نەبـوو. هێرمـان بـە راکردنـی لـە پێپلیکانەکانـەوە سـەرکەوت و لـە دەرگاوە چـووە هۆڵەکـە. خزمەتکارێکـی دی لـە ژێـر لامپایـەکا لـە کورسـییەکی نەرمـی زۆر کۆنـا خەوتبـوو. هیرمـان بـە هەنـگاوی سـووك و نەشـێواو لێـی تێپـەڕی.. ژووری سـەما و دیوەخانەکـە تاریـك بـوون. چـرای هۆڵەکـە هـەر ئەمەتـا رووناکـی کردبـوون. هیرمـان چـووە ژووری خەوتنـا. چرایەکـی ئاوزێـڕ لەبەردەمـی چەنـد وێنەیەکـی ئایینـی کۆنـا هەڵواسرابـوو.. بەدرێژایـی دیـوارەکان کورسـیی پاڵپشـتی بـە قوماشـی نەخشـێنراوی رەنـگ و چـووە قەنەفـەی کۆشـن داهاتـووی بـەرگ ئاوێـڕی پینـاوی بەشـێوەیەکی خەمنـاکا ریزکرابـوون. دیـوارەکان کـە بـە کاغـەزی چینـی پۆشرابـوون دوو وێنەیـان لێدرابـوو. کـە لـە پاریـس (مـادام لیـبرون) رەسـمی کردبـوون. یەکێکیـان شـێوەی پیاوێکـی چـل سـاڵەی بەهێـز و کوڵمـە گوڵـی بـوو، لـە بەرگێکـی سـەوزی بریقـەدار و ئەسـتێرەیەکی لەسـەر سـینگدا بـوو. ئـەوی تریـان جەوانێکـی جوانـی لـووت فندەقـی نیشـان ئـەدا کـە گوڵەباخێکـی نابـووە قـژی بۆیـە کـراوی لـە هـەردووولاوە بـۆ سـەرەوە هەڵدراوەیـا، هەمـوو سـووچ و قوژبنێـك پڕبـوو لـە پەیکـەری بچووکـی ژنـە شـوانان و سـەعاتی چارمـەی بـە نـرخ و سـەندووقی رازاندنـەوە و باوەشـێن و گەلـێ جـۆرە بووکەشووشـەی کـە لـە دوایـی سـەدەی هەژدەمینـا بـۆ رابواردنـی ئافرەتانـا داهێنرابـوون، لەگـەڵ (باڵۆنـی مۆنتگۆلفێـر) و مەگناتیسـی (مێزمـەرا) هیرمـان چـووە پشـت پەردەکـە، چـوار پاییەکـی ئاسـن لـەوێ بـوو، لەدەسـتە راسـت دەرگای ژووری خوێندنـەوە، لـەلای چەپـا دەرگای هەیوانەکـە بـوو. هیرمـان ئەمەیانـی کـردەوە و پێپلیکانـە تەنگـە پێـچ پێچەکـەی دی کـە بـۆ ژووری کچـە گەنجـە هەژارەکـە ئەچـوو، بـەڵام هیرمـان گەڕایـەوە دواوە و خـۆی کۆتایـە ژوورە تاریکەکـەی خوێندنـەوە.

کات زۆر بـە هێواشـی بەسـەر ئەچـوو، هەمـوو شـتێ مـات و بێدەنـگ بـوو..

سـەعاتە چارمەکـەی دیوەخـان نیوەشـەوی لێـدا و لـە هەمـوو هۆدەکانـی ئەوانـی تـر یـەك بـە دوای یـەکا زرنگەیـان هـات. ئەوسـا دووبـارە هەمـوو شـتێ کـش ومـات بـووەوە. هێرمـان پاڵـی دایـە سـۆپا سـاردەکەوە و زۆر بەهێمنییـەوە وەسـتابوو. دڵـی زۆر بەرێکـی لێـی ئـەدا وەك دڵـی کەسـێك بڕیـاری کارێکـی ترسـناکی دابـێ کـە هیـچ چـارەی تـری بـۆ نەبـێ. سـەعاتەکان یـەك و لـە پاشـانا دوویـان لێـدا.. هیرمـان لـە دەنگـی دووری چەرخـی گالیسـکەی هاتـە گـوێ. پەشـۆکا و شـێوا. گالیسـکە نزیـك بـۆوە و راوەسـتا. گوێـی لـە خشـپەی هەنـگاوان ئەبـوو. گارەگار لەخانووەکـەدا پەیدابـوو. چەنـد کەسـانێك بـە راکـردن هاتـن، بـووە دەنگـە دەنـگ و خانووەکـە روونـاك بـوو. سـێ کارەکـەری بەتـاو خۆیـان کـردە ژووری خەوتنـا و کۆنتێسـە کـە زیاتـر لـە مـردوو ئەچـوو هاتـە ژوورەوەو لـە کورسـییە پاڵپشـت بەرزەکـەدا نقـوم بـوو.. هیرمـان لـە دەرزێکـی دەرگاکـەوە سـەیری کـرد. لیزاڤێتـا ئیڤـا نۆڤنـا لـە نزیکیـەوە تێپـەڕی. گوێـی لـە شـەقاوە بەتاوەکانـی ئەبـوو لـە پێپلیکانەکەیـا سـەر ئەکـەوت. هێرمـان هەسـتی بـە شـتێکی وەك ئـازاری تانـەی ویـژدان کـرد، بـەڵام دەسـتبەجێ دامرکایـەوە. وەك بووبێتـە بـەرد ئـاوا رەق وەسـتا.

کۆنتێسـە لەبـەردەم ئاوێنەکەیـا دەسـتی کـردە جـل داکەنـدن.. کارکەرەکانـی دەرزی و تۆقـەی شـەبقە بـە گـوڵ چنراوەکەیـان ترازانـد و پرچـە دەسـتکردە بۆدرەکراوەکەیـان لەسـەرە بـۆزە کـورت تاشراوەکەیـا هەڵگـرت. دەرزی وەك گەوالـە بـاران لـە هەمـوو لایـەکا هاتـە خـوار. کراسـە زەردە بـە زیـو چنراوەکـەی کەوتـە ژێـر پێیـە ئاوسـاوەکەی. هێرمـان هەمـوو شـتێکی بـە چـاوی خـۆی بینـی. لـە ئەنجامـا تەنیـا شـەو کراسـێك و سـەر کڵاوێکـی شـەوی لەبـەر کـرد و لـەم بەرگەیـا کـە زیاتـر لـە تەمەنـی ئەوەشـایەوە هێنـدە رەزا گـران نەبـوو.

وەك هەمـوو پیرێـك، کۆنتیسـە لـە دەس بێخەویـا ئەیناڵانـد، کـە چەتیوەکانـی جلیـان گـۆڕی، نزیـك پەنجەرەکـە لـە کورسـییە پاڵپشـت بەرزەکـە دانیشـت و بـە دەرەوەی نـان. مۆمـەکان لابـردرا بـوون و دیسـانەوە تەنیـا رووناکیـی ژوورەکـە لـە

چـرای (ئەیقونە)کـەوە ئەهـات. کۆنتیسـە بـە رووی زەرد و لێـوی سـیس و لەرزۆکیـا لـە کورسـیەکەیا لـە چەپـەوە بـۆ راسـت خـۆی ئەهەژانـد. لەچـاوە کزەکانیـا بـێ هۆشـییەکی تـەواو ئەبیـنرا. ئەگـەر یەکێـك سـەیری بکردایـە ئـەی وت پیرەژنـە تۆقێنەرەکـە نـەك بـە ئـارەزووی خۆیـەوە بەڵکـە لـە ژێـر کاری هێزیکـی نهێنـی کارەبـاوە ئەمـلاو ئـەولای ئەکـرد.

لـە پڕێـکا گۆڕانێکـی لـە باسـکردن نەهاتـوو بەسـەر شـێوەی مردوویـا هـات. رووناکییـەك هاتـە چاوەکانییـەوە لێوەکانـی لەرزەیـان لـێ بـڕا. پیاوێکـی بێگانـە لەبـەردەم کۆنتێسـەدا وەسـتا.

"مەترسـە بـۆ خاتـری خـودا مەترسـە!" کابـرا بـە دەنگێکـی نـزم و لەسـەرەخۆوە ئەیـووت" هیـچ نیازێکـم نییـە بـۆ ئازاردانـت، هاتـووم داوای تەنیـا چاکەیەکـت لێبکـەم". پیرەژنەکـە بەبێدەنگـی تێـی رامـا، بـەڵام وەك گوێـی لـە قسـەکانیا نەبووبـێ ئـاوا بـوو. هێرمـان وایزانـی کـەڕە سـەری نایـە بـن گوێـی و وشـەکانی دووپـات کـردەوە. پیـرەژن هەرگیـز چپـەی نەکـرد.

هێرمـان پێیداچـوو "ئەتوانێـت هەتـا هەتایـە بەختیـارم بکەیـت بـێ ئـەوەی بەمـە هیچـت لـەدەس بچێـت. مـن ئەزانـم کـە تـۆ ئەتوانـی سـێ پـەڕ هەڵبژێـری یـەك بـەدوای یـەکا یـاری بکرێـن.."

هێرمـان لـە پڕێـکا بێدەنـگ بـوو، وا دیاربـوو کۆنتێسـە تێگەیشـت چـی لـێ داوا ئەکـرا و بـۆ وشـە ئەگـەرا وەڵامـی پـێ بداتـەوە. لـە ئەنجامـا وتـی: تەنیـا گاڵتـە بـوو! سـوێندت بـۆ ئەخـۆم تەنیـا گاڵتـە بـوو و بـەس!".

هێرمـان بـە گرژییەکـەوە گوتـی: ئەمـە هـی گاڵتـە نییـە. کاپلیتسـکیت لەبیـر بـێ کـە یاریـدەت دا چەنـدی دۆڕانـد بـوو هەمـووی هێنایـەوە."

کۆنتێسـە شـێواویی پێـوە دیاربـوو. هەسـتێکی بەهێـز لـە روویـا دەرکـەوت، بـەڵام هەنـدەی نەخایانـد کـە دووبـارە نوقمـی ناخـی بـێ هۆشـییەکەی پێشـووی بـووەوە.

هێرمـــان وتـــی "ئەتوانـــی نـــاوی ئـــەو ســـێ پەڕەیـــەم بدەیتـــێ کـــە هەرگیـــز نادۆڕێینـــی؟" کۆنتێســـە نوقـــەی نەکـــرد. هێرمـــان لەســـەر باســـەکەی ڕۆیشـــت. نهێنییەکـــەت بـــۆ کـــێ هەڵگرتـــووە؟ بـــۆ نەوەکانـــت؟ ئـــەوان دەوڵەمەنـــدن، ئیـــتر نرخـــی پـــارە تێناگـــەن.. ســـێ پەڕەکـــەت کەلکـــی دەس بـــڵاوی ناگـــرن. ئـــەو کەســـەی میراتـــی باوکـــی بـــە فیـــڕۆ لـــەدەس ئـــەدا هەرچەنـــد هـــەوڵ و پیـــلان بگێڕێـــت، هەمیشـــە هـــەر بـــە هـــەژاری ئەمرێـــت. مـــن نرخـــی پـــارە ئەزانـــم. ســـێ پەڕەکـــەت بـــۆ مـــن بـــە خۆڕایـــی نـــاڕوات. فەرمـــوو، ئێســـتا!"

چیـــتر قســـەی نەکـــرد و بـــە پەرۆشـــەوە چاوەڕوانـــی وەرامـــی کۆنتیســـەی کـــرد. کۆنتیســـە هـــەر نوقـــەی نەکـــرد. هێرمـــان کەوتـــە ســـەرچۆکان وتـــی: "ئەگـــەر جارێـــك دڵـــت هەســـتی بـــە دڵـــداری کردبـــێ، ئەگـــەر بەختیـــاری خۆشەویســـتیت لەیـــادا مابـــێ، ئەگـــەر تەنیـــا جارێـــك بـــە بیســـتنی زیـــڕەی منداڵێکـــی تـــازە لەدایـــك بـــوو پێکەنـــی بیـــت، ئەگـــەر هیـــچ هەســـتێکی ئادەمیـــزاد لـــە دڵتـــا جووڵـــەی کردبـــێ، ئـــەوا وەك خێزانێـــك، ئافرەتێـــك، دایکێـــك هانـــات ئەهێنمـــە بـــەر و بـــە هەمـــوو شـــتێك کـــە پیـــرۆزە لـــە ژیانـــا ســـوێندت ئـــەدەم کـــە ئـــەم داوایـــەم بەنـــد بـــێ بێنێتـــە جـــێ! نهێنـــی خـــۆت بـــە مـــن بڵـــێ. ئەشـــێ ئـــەم نهێنییـــەت بەنـــد بـــێ بـــە خەتایەکـــی زۆر ترســـناکا، یـــا ببێتـــە هـــۆی لەناوچوونـــی هەتـــا هەتایـــەی کامەرانـــی. یـــا پەیمانێـــك بـــێ لەگـــەڵ شـــەیتانا. ئەمـــەت لەیـــاد بـــێ کـــە تـــۆ پیـــری، هەنـــدەت لـــە ژیانـــا نەمـــاوە، مـــن ئامـــادەم هەمـــوو خەتـــاو گوناهەکانـــت بگرمـــە ئەســـتۆی خۆمـــەوە. تەنیـــا نهێنیـــی خۆتـــم پـــێ بڵـــێ. بیـــر لەمـــە بکـــەوە کـــە بەختیاریـــی ئادەمیزادێـــك وا لەدەســـتی تۆدایـــە.. کـــە نـــەك تەنیـــا خـــۆم بگـــرە مناڵەکانـــم و نەوەکانـــم و نـــەوەی مناڵەکانیشـــم هـــەر ستایشـــی یـــادی تـــۆ ئەکەینـــەوە و لامـــان زۆر پیـــرۆز ئەبـــێ...

پیـــرەژن یـــەك وشـــەی لـــە دەم دەرنەهـــات، هێرمـــان راســـتبۆوە دانەکانـــی لـــە چیـــڕەوە بـــرد و وتـــی:" پیـــرە مەکـــرۆی ســـێحرباز! کەواتـــە مـــن بـــەزۆر ناچـــارت ئەکـــەم وەڵامـــم بدەیتـــەوە!" لەگـــەڵ ئـــەو قســـانەوە دەمانچەیەکـــی لـــە گیرفانیـــا دەرهێنـــا.

کـە چـاوی بـە دەمانچەکـە کـەوت، کۆنتێســە هەمدیســان نیشـانەی ســۆزێکی بەهێــزی هاتــەڕوو، خێــرا ســەری کشــاندەوە و دەســتی هەڵبــڕی، وەك خــۆی لــە گوللەیـەکا بپارێزێـت. لـە پاشـانا بـە پاڵپشـتی کورسـییەکەیا کـەوت.. جوڵـەی نەمـا.. هێرمــان دەســتی گــرت و وتــی ”دەی تــۆ مناڵێــك نیــت! بــۆ دواجــار داوات لــێ ئەکـەم، نیـازت هەیـە پێـم بڵێیـت ئـەو سـێ پـەڕە چیـن؟ ئـا، یـا نـە؟ کۆنتێســە هیــچ وەڵامێکــی نەدایــەوە. هێرمــان دیتــی کۆنتێســە مــردووە.

**(٤)**

لیزاڤێتـا ئیڤـا نۆڤنـا هـەر لەبەرگـی بالۆیـا لـە ژوورەکـەی خـۆی دانیشـتبوو، کەوتبـووە دەریـای بیرکردنـەوە. هەرکـە گەیشـتەوە ماڵـەوە دەسـبەجێ کارەکـەرە خەواڵووەکـەی بەرێکـرد کـە بـە دوو دڵییەکـەوە یارمەتـی ئـەدا و گوتـی ئەڕۆیـت خـۆی بگـۆڕێ. لەپاشـانا بەدڵـە کوتەیەکـەوە بـۆ ژوورەکـەی خـۆی سـەرکەوت، بـەو ئاواتـەوە کـە هێرمـان لەوێـدا ئەبینـی و ئـارەزووی ئەکـرد کـە نەیبینـێ. کـە خێـرا چاوێکـی بـە هۆدەکەیـا گێـڕا و دی هێرمـان لـەوێ نەبـوو، سوپاسـی بەختـی خـۆی کـرد بـۆ ئـەو کۆسـپەیەی لـە رێـی چاوپێکەوتنەکەیـا بـوو. بـێ ئـەوەی جلەکانـی دابکەنـێ دانیشـت و هەمـوو رووداو و هۆیەکانـی هێنایـەوە بـەر چـاوی خـۆی کـە لـەو مـاوە کورتەیـەدا ئەمەنـدە پێیـان پـێ راکێشـابوو. ئێسـتا سـێ هەفتـە بەسـەرچووبوو لـەو رۆژەوە کـە بـۆ یەکەمجـار لـە ژێـر پەنجـەرەی ژوورەکەیـدا چـاوی بـە گەنجەکـە کەوتبـوو کەچـی لەگەڵیـا کەوتبـووە نامـە بـۆ یـەك نووسـین و لـە هەمانکاتـدا کابـرا بەڵێنـی شـەو ژوانێکـی لـێ سـەندبوو. ئـەم کـە نـاوی ئەزانـی تەنیـا لەبـەر ئەمـە بـوو کـە هەنـدێ لەنامەکانـی ئیمـزا کرابـوون. لیـزا ڤیتـا هەرگیـز قسـەی لەگـەڵ نەکردبـوو، هەرگیـز گوێـی لـە دەنگیـا نەبووبـوو، هەرگیـز هیـچ شـتێکی لەبابـەت ئـەوەوە نەبیسـتبوو، هەتاکـو ئـەم ئێوارەیـە تایبەتییـە، سـەیرە لـە باللۆکـەدا تۆمسـکی لەگـەڵ "شـاکچ پۆلیـن" جەوانـا تێکچـوو. لەبـەر بـۆ گۆرانێـك چـاو بـازی کـردن لەگـەڵ پیاوێکـی تـردا ویسـتی تۆڵـەی خـۆی لـێ بکاتـەوە و نیشـانی بـدا کـە زۆر بـە تەنگییـەوە نییـە، داوای لـە لیزاڤێتـا ئیڤـا نۆڤنـا کـرد دانسـی لەگەڵـدا بـکات و کەوتـە گێـژاوی دانـس و دواندنیـا. بەدرێژایـی ئەوکاتـە هـەر گاڵتـەی لەگـەڵ لیزاڤێتـا ئیڤـا نۆڤنـا کردبـوو بـە دوای خۆشەویسـتی و لایەنگیـری لیزاڤێتـا بـۆ ئەندازیارانـەوە. دڵنیـای ئەکـرد کـە ئـەم دەربارەیـان زۆر لـەوە زیاتـری ئەزانـی کـە بـە بیـری ئـەوا هاتبـێ.. هەنـدێ لـە گاڵتەکانـی ئـاوا کاریگـەر بـوون کـە لیزاڤێتـا ئیڤـا نۆڤنـا زۆرجـار وا تێگەیشـت "تۆمسـکی" بـە

نهێنــی ئــەوی ئەزانــی.

بــە پێكەنینــەوە لــە تۆمســكی پرســی "كــێ هەمــوو ئەمانــەی پــێ وتــی" تۆمســكی وەرامــی دایــەوە: "هاوڕێــی كەســێك كــە تــۆ ئەیناســیت، پیاوێكــی زۆر نــاسراو". جــا ئــەی ئــەم پیــاوە نــاسراوە كێیــە؟

"نــاوی (هێرمــان)ە لیزاڤێتــا ئیڤــا نۆڤنــا نوقــەی نەكــرد، بــەڵام دەس و پێیەكانــی وەك ســەهۆڵ ســارد هەڵگــەڕان.

"ئـــەم هێرمانـــە" تۆمســـكی پێداچـــوو كابرایەكـــی ئێجـــگار زۆر ســـەیرە. لەتەنیشـتەوە رووی لـە "ناپلیـۆن" ئەچـێ و گیانـی "میڤیسـتۆفلیس mephstophelos هەیە.مــن رای ئەگەیەنــم كــە بــەلای كەمــی ســێ تاوانــی لــە ئەســتۆدایە.. ئــاه، چەنــد رەنگــت زەردە!

"ســەرم ئەیەشــێ.. ئــەو نــاوی چییــە ئــەو هێرمانــە چــی پــێ وتیــت؟" هێرمــان زۆر لــە برادەرەكــەی پەســتە ئەڵێــت ئــەو خــۆی بــا بەتــەواوی بەرێگایەكــی تــر ئەجووڵایــەوە.. مــن وا ئەزانــم هێرمــان خــۆی چاوێكــی بــە تۆوەیــە، چونكــە زۆر بــە هەوســەوە گــوێ بــۆ پیاهەڵگووتــن و ستایشــی برادەرەكــەی شــل ئــەكات. "بــەڵام لــە كــوێ ئەبــێ منــی دیبــێ؟"

"لەوانەیــە لــە كلیســە یــا لەكاتــی گەشــت كردنــا، خــوا ئەزانــێ، ئەشــێ لــە ژووری خۆتــا لەكاتێكــدا تــۆ خەوتوویــت، ئــەو هەمــوو شــتێكی لــێ چــاوەڕوان ئەكرێــت، ســێ ئافــرەت هاتــن بــۆ لایانــەوە وتووێژەكەیــان پــێ بڕایــەوە كــە ئــاوا بــۆ لیزاڤێتــا ئیڤــا نۆڤنــا پــڕ ئــازاری دڵگــر بــوو. ئــەو خانمــەی تۆمســكی هەڵبیــژارد "شــاكچ" خــۆی بــوو. لــە خولێــكا بــە ژووری باللۆكــەوە و ئاوڕدانەوەیــەك لەبــەردەم كورســیەكەیا هەردووكیــان تێــك گەیشــتنێكیان بــوو بــوو، كــە تۆمســكی گەیشــتەوە شــوێنەكەی خــۆی ئیــتر ئــاگای نــە لــە هێرمــان و نــە لــە لیزاڤێتــا ئیڤــا نۆڤنــا نەمــا. لیزاڤێتــا ئیڤــا نۆڤنــا زۆر ئــارەزووی ژیانــەوەی وتووێــژە پچڕاوەكــەی ئەكــرد، بــەڵام (مــازوركا) دانســەكە دوایــی هــات و پیــرە كۆنتێســە زوو بــە زوو شــوێنەكەی

جێهێشــت. وشــەکانی تۆمســکی لــە کورتــە گفتوگۆکانــی دانســا بــەولاوە چیــتر نەبــوون، کەچــی زۆر بەناخــی دەروونــی کێــژە دڵدارەکەرەکــەدا چــوو بــوون. ئــەو نوخشــەیەی تۆمســکی کێشــای لەگــەڵ ئــەو نێگایــەدا یەکیــان گرتــەوە کــە لیزاڤێتــا ئیڤــا نۆڤنــا خــۆی لەهۆشــیا داڕشــتبوو. ئــەم شــێوەیە کــە تازەتریــن چیرۆکەکانــی لەتامیــان بردبــوو. دەس بەجــێ دڵــی تەزانــد و هۆشــی لــێ ســەند. لیزاڤێتــا ئیڤــا نۆڤنــا دانیشــتبوو، باســکە رووتەکانــی تێــك پەڕاندبــوون، ســەری کــە ئێســتا گوڵەکانــی پێــوە مابــوون بەســەر ســنگیی نیــوە رووتیــا داهێنابــوو.. لــە پڕێــکا دەرگاکــە کرایــەوە و هێرمــان هاتــە ژوورەوە. موچــرك و ترســێکی ئێجــگار قووڵــی پیــا هاتــەوە. بــە فســکەیەکی تۆقیــوا بیســتی...“ ئــەوە لەکــوێ بوویــت؟ هێرمــان وەرامــی دایــەوە ”لــە ژووری خەوتنــی پیــرە کۆنتێســە بــووم، ئــا ئــەوا ئێســتا لــەلای ئــەوەوە دێــم، پیــرە کۆنتێســە مــردووە“.

”خوانەکا! ئەوا ئەڵێیت چی؟“

هێرمــان وتــی: وا دیــارە کــە مــن بوومــە هــۆی مردنــی“. لیزاڤێتــا ئیڤــا نۆڤنــا ســەیرێکی هێرمانــی کــرد و وشــەکانی تۆمســکی لــە گوێیــدا زرینگانــەوە: ئــەو پیــاوە بــەلای کەمیــەوە ســێ تاوانــی لــە ئەســتۆدایە“. هێرمــان لەســەر رۆخــی پەنجەرەکــە لــە تەنیشــت لیزاڤێتــا ئیڤــا نۆڤنــا دانیشــت و هەمــوو شــتێکی پــێ وت.

لیزاڤێتــا ئیڤــا نۆڤنــا بــە دڵێکــی گەشــکەداری تۆقیــوا گوێــی لێراگــرت، ئــەوە کەواتــە خۆشەویســتی نەبــوو ســەرچاوە و هــۆی ئــەو هەمــوو نامــە پڕســۆزانەو ئــەو داخوازییــە گەرمانــە و ئــەو شــوێنکەوتنە ئازایانــە و بــێ شــەرمەیەی!

پــارە - گیانــی تینــووی پــارە بــوو. کەواتــە ئــەم نەبــوو ئــەوەی بتوانــێ ئــارەزووی ئــەو بشــکێنێ و بەختیــاری بــکات. کەواتــە هاوڕێــی کەســاس لەهاوبەشــی تاوانێــکا، لــە کوشــندەی ئــەو کەســە کــە لەســەرەتاوە خــاوەن چاکــەی بــووە بــەولاوە چیــتر نەبــووە، لــە پەشــیمانی پــڕ ئــازار و دواکەوتوویــا زۆر بەگەرمــی گریــا. هێرمــان بەبــێ دەنگــی ســەیری کــرد، ئەمیــش هەســتی بــە دڵتەنگییــەك کــرد، بــەڵام نــە جوانــی و

نـە فرمێسـك و خەمبـاری کچـە هەژارەکـە بـوو دڵـە رەقەکـەی جووڵانـد. هەسـتی بـە هیـچ پەشـیمانییەك نەکـرد لـە یـادی پیرەژنەکـەدا کـە مردبـووو. تەنیـا یـەك شـت پەسـتی کردبـوو لـە دەسـت چوونـی ئـەو نهێنییـە کـە دایناـبـوو زەنگینـی بـکات، ئـەو لەدەسـت چوونـەی کـە هەرگیـز گەڕانـەوەی بـۆ نەبـوو. لـە دواییـدا، لیزاڤێتـا ئیڤـا نۆڤنـا پێـی وت" تـۆ دڕندەیـت" هێرمـان وتـی "مـن مردنـی ئـەوم نـە ئەویسـت، دەمانچەکـەم گوللـەی تیـا نەبـوو.. هەردووکیـان بـێ دەنـگ بـوون.

تاریـك و روونـی بەیانـی بـوو. لیزاڤێتـا ئیڤـا نۆڤنـا مۆمـە کزەکـەی کوژانـدەوە رووناکییەکـی لێـڵ هاتـە ژوورەکـەوە، چاوەکانـی سـڕیەوە کـە لـە گریانـا سـوور هەڵگەڕابـوون و سـەیری رووی هێرمانـی کـرد. هێرمـان هـەر لەنـاو پەنجەرەکـەوە دانیشـتبوو، باسـکەکانی تێـك پەڕاندبـوون و ئـاوا گـرژ بـوو نەگبەتـی لەناوچەوانیـا ئەبـاری. لـەم هەڵوێسـتەیا ئەمەنـدە زۆر لـە وێنەیەکـی ناپۆلیـۆن ئەچـوو کـە تەنانـەت کاری لـە لیزاڤێتـا ئیڤـا نۆڤنـاش کـرد.

لـەدوای بێدەنـگ بوونێـکا لیزاڤێتـا ئیڤـا نۆڤنـا پرسـی: چـۆن لـەم خانـووەدا ئەچیتـە دەرەوە؟ دام نابـوو بـە پەیژەیەکـی شـاراوەتدا ببـەم، بـەڵام ئەبـێ بـە ژووری خەوتنـی کۆنتێسـەدا تێپـەڕ بیـن.. مـن زۆر ئەترسـم".

"پێـم بڵـێ چـۆن ئەتوانـم ئـەم پەیـژە شـاراوەیە بدۆزمـەوە تـا بـڕۆم". لیزاڤێتـا ئیڤـا نۆڤنـا هەڵسـا، چـوو بـۆ لای چەکمەجـەکان و کلیلێکـی دەرهێنـا و دایـە دەسـت هێرمانـەوە و هەمـوو شـتێکی فێرکـرد. هێرمـان دەسـتە سـاردەکانی گوشـی، تەوقـی سـەرە داهێزاوەکـەی مـاچ کـرد و چـووە دەرەوە.

لـە پەیـژە پێـچ پێچەکـەدا چـووە خـوارەوە و دووبـارە چـووە ژووری خەوتنـی پیـرە کۆنتێسـە.. پیرەژنـە مردووەکـە وەك بووبێتـە بـەرد لـە کۆرسـییەکەیدا دانیشـتبوو.. ماتییەکـی زۆر قـووڵ لـە ئەندامیـا دیـار بـوو. هێرمـان لەبەردەمیـا راوەسـتا، زۆر سـەیری کـرد وەك بیەوێـت خـۆی لەراسـتییە خەمناکەکـە دڵنیـا بـکات. لـە ئەنجامـا چـوو بـۆ ژووری خوێندنـەوە، دەسـتی گیـرا بـۆ دەرگا بـە کاغـەز

پۆشراوەکەی ناو دیواردا، کوشتەی سەیرترین هەست لە پەیژەیەکی تاریکا چووە خوارەوە، لەدڵی خۆیا ئەیووت کە لەپێش شەستساڵا، لەهەمان ساتا بە هەمان پەیژەدا بەختەوەرییەکی لاو لەچاکەتێکی نەخشێنراوی درێژا و بە قژێکی شانەکراوی بریقەدارا و شەبقەیەکی سێ سووچ و بە سینگ گێڕاوەدا کە ئێستا زۆر لەمێژە لەگۆڕا رزیوە، بەدزی هاتووەتە هەمان ژووری خەوتنا، لەکاتێکدا دڵی خانمە بەتەمەنەکەی ئەمرۆکە لە لێدان وەستاوە.. هێرمان لە دامێنی پەیژەکە دەرگایەکی دۆزیەوە کە بە هەمان کلیل ترازاندی خۆی کردە هەیوانێکا کە راستەوخۆ لە خانووەکە بۆ جادەکە ئەچوو.

(٥)

سێ رۆژ لە دوای شەوە نەگبەتییەکەی هێرمان بۆ دێڕی ا... چوو کە نوێژ لەسەر پاشماوەی کۆنتیسەی کۆچکردووە ئەکرا. لە کاتێکدا کە هیچ هەستی بە پەشیمانی نەئەکرد لەگەڵ ئەمەشا نەیتوانی بەجارێك دەنگی ویژدان کپ بکات کە پێی وت: تۆ بوویت کە پیرەژنەکەت کوشت. باوەڕی راستی بە ئایین زۆر کەم بوو، بەڵام زۆر بڕوای بە (خرافیات) هەبوو. لەم باوەڕەدا بوو کە کۆنتیسەی مردوو ئەشیا کارێکی زیانبەخش بکاتە سەر ژیانی، ئەوسا بڕیاریدا لە پرسەیا ئامادە بێ تاکو تکای لێبوردنی لێ بکات. کلێسەکە مۆنجەی ئەهات هێرمان هەر ئەمەتا کە توانی بە پاڵەپەستۆ رێگای خۆی لە ناو کۆمەڵی شینگێڕانا بکاتەوە. تەرمەکە لە ژێر پارچە مەخمەلێکا نرابۆوە دارەمەیتێکی نرخدارەوە، پیرەژنی مردوو درێژ کرابوو، دەسەکانی نووشتێندرابوونەوە سەر سینگی، سەرکڵاوێکی دانتیل و بەرگێکی ساتانی سپی تێپێچرابوو.. هەموو خێزانەکەی نۆکەر و کارەکەرەکان بە بەرگی رەشی تایبەتی سەرشان نەخشێنراوا مۆمیان هەڵگرتبوو، خزمەکان، مناڵەکانی و مناڵی مناڵەکان و مناڵی مناڵی مناڵەکانی، زۆر بەخەمباریی لە دەوری تەرمەکەیەوە وەستابوون. کەس نە ئەگریا. فرمێسك شتێکی دەستکرد ئەبوو. کۆنتێسە ئەمەندە پیر بوو کە مەرگی بەلای هیچ کەسێکەوە سەیر نەبوو، خزمەکانی لەمێژ بوو وەك یەکێك سەیریان ئەکرد کە لە تەمەنی خۆی زیاتر ژیابێ. قەشەیەکی گەنج تەلقینی دا و بە وشەی سارد و کاریگەرا باسی کۆتایی پڕ ئاسایشی کۆنتێسەی خواناسی کرد، کە ئەو هەموو ساڵە درێژانە بۆخۆی ئامادەکردنێکی پڕ سوود بووە بۆ مردنێکی بەرەحمەت.. "فریشتەی مەرگ دیتی کۆنتێسە نەخەوتووە، لە دەریای بیرکردنەوەی پیرۆزدا چاوەڕوانی زاوای نیوەشەوی ئەکرد". نوێژ و بەرێکردنەکە بە شێوەیەك رێزدار و خەمناکا دوایی پێهێنرا. لە پێشا خزمەکانی چوون داواخوازی لە تەرمەکە بکەن. دوای ئەوان میوانە بێ ئەژمارەکان کە هاتبوون کڕنووشی بۆ ئەو خانمە بەرن کە

ئەمەنـدە لەمێـژ بـوو هاوبەشـی جـەژن و گوشـادییە بـێ مایەکانیانـی ئەکـرد، بـەرەو تەرمەکـە خزیـن. ئەنجـا ئەندامانـی دەس و پێـوەن و خزمەتـکاران هاتـن.

لـە دوای هەمووایانـا کارەکەرێکـی زۆر پیـر کـە هـەر لـە تەمەنـی کۆنتێسـەی خانمیـا بـوو، نزیـك بـووەوە. دوو کارەکـەری جحێـڵ بـن پیلیـان گرتبـوو، هێـزی ئـەوەی نەبـوو دابێتـەوە، جگـە لـە هەمـوو ئەوانـی تـر، (چەنـد فرمێسـکێکی بەردایـەوە) کـە دەسـتە ساردەکەی ئاغاژنـە کۆچکردووەکـەی مـاچ کـرد، دوای ئـەو هێرمـان تانووتـی لەخۆیـدا کـە لـە تەرمەکـە بچێتـە پێـش. بـۆ خـاك داهاتـەوە و بـۆ چەنـد سـاتێك لەسـەر بەردەرێـژە سـاردەکەدا راکشـا. ئەنجـا راسـت بـووەوە، رەنگـی وەك رەنگـی تەرمەکـە سـپی هەڵگەڕابـوو، لـە پێچـەکان پـێ هەڵگـەڕاو داهاتـەوە. وای هاتـە پێـش چـاو کـە پیرەژنـە مردووەکـە بەتەوسـەوە سـەیری کـرد، چـاوی خـۆی نوقانـد. هەنـدە بەپەلـە گەڕایـە دواوە کـە پێچەکانـی لێگـۆڕا و دەمـاو دەم کەوتـە خـوارەوە. راسـتیان کـردەوە. ئـا لـەم سـاتەدا لیزاڤێتـا ئیڤـا نۆڤنـا بەلەخۆچوونـی بـۆ دەرگای کلێسـە ئەبڕدرایـەوە دەرەوە. ئـەم رووداوە بـۆ ماوەیەکـی کـەم بـێ دەنگییـە خەمناکەکـەی شـکاند. چرپـە و فسـکەییەکی قەبـە لـە خەڵکەکـە هەڵسـا و یەکـێ لـە خزمـە نزیکەکانـی مردووەکـە بـە گوێـی کابرایەکـی ئینگلیـزا چرپانـدی کـە لـە تەنیشـتیەوە راوەسـتابوو کـە ئەفسـەرە گەنجەکـە کـوڕی راسـتەقینەی کۆنتێسـە بـوو کـە کابـرای ئینگلیـزی واق وڕمـا و لـە وەرامـا بـە وشـکی پرسـی" ئـۆه؟" بـە درێژایـی ئـەو رۆژە هێرمـان لـە پـەژارەو دژوارییەکـی سـتەما ژیـا، نیورانـی لـە ئوتێلێکـی تەنیـا و لاچەپـا خـوارد و و بـە پێچەوانـەی رەوشـتی، ئێجـگار زۆری خـواردووە و بـەو ئاواتـەوە کـە بـە مـەی شـێواویەکەی بخنکێنـێ. بـەڵام شـەرابەکە تەنیـا زیاتـر گـڕی ئەندێشـەی خـۆش کـرد. هەرکـە گەڕایـەوەماڵـەوە دەسـبەجێ بەجـل و بەرگـەوە خـۆی هاویشـتە نـاو پێخەفەکەیـا و خەوێکـی گرانـی لێکـەوت.

کـە بـە ئاگاهـات شـەو بـوو، مانـگ ژوورەکـەی رووناك کردبـوو، چاوێکـی بەکاتژمێرەکەیـا خشـاند، چارەگێکـی ئەویسـت بـۆ سـێ. چیـتر نەیویسـت بخـەوێ،

لەنـاو نوێنەکەیـا دانیشـت و بیـری لـە ئاهەنگـی بەڕێکردنـی تەرمـی پیـرە کۆنتێسـە کـردەوە. ئـا لـەو کاتـەدا، لـە شـەقامەکەوە لـە پەنجـەرەوە سـەیری هێرمانـی کـرد و دەسـبەجێ کشـایەوە دواوە. هێرمـان هیـچ گوێـی بەمـە نـەدا، لەپـاش دەقەیـەك گوێی لـە دەرگای دەرەوە بـوو ئەکرایـەوە. وایزانـی سـەربازە خزمەتکارەکەیەتـی وەك هـەر جارێـك بەسەرخۆشـی لەیـەك لـە شـەو رابواردنەکانیـا ئەگەڕێتـەوە، بـەڵام خشـپەی پێـی نەنـاسراوی بیسـت: یەکێـك بـە سـۆڵەوە لەسـەرخۆ نزیـك ئەبـۆوە، دەرگای ژوورەکـەی خـۆی کرایـەوە و ئافرەتێـك لـە بەرگـی سـپیدا هاتـە ژوورەوە. هێرمـان بـە ماسـێرەکەی خـۆی تـێ ئەگەیـی و نەیزانـی بـۆ ئەبـێ لـەم کاتـە درەنگـەدا هاتبـێ؟ بـەڵام ئافرەتـە سـپی پۆشـەکە بـۆ پێشـەوە خـزی و لـە پڕێـکا بەتـەواوی لێـی نزیـك بـووەوە و هێرمـان کۆنتێسـەی ناسـییەوە.

بـە وشـەی چەسـپاوا کۆنتێسـە وتـی" بـە پێچەوانـەی ئـارەزووی خۆمـەوە هاتـووم. فەرمانـم پێکـراوە کـە داخوازیەکـەت بەجـێ بهێنـم. سـێ لۆیـەك و هەفـت لۆیـەك و ئاسـێك یـەك بـە دوای یـەکا پـەڕی بردنەوەتـن، بـەڵام تەنیـا بـە مەرجێـك رۆژێ لـە سـەر پەڕێـك زیاتـر پـارە دانەنێیـت و لـە پاشـانا بـە درێژایـی ژیانتـا هەرگیـزا و هەرگیـز یـاری نەکەیتـەوە.. لەمردنـی خۆمـا لێـت خـۆش ئەبـم بەمەرجـێ کـە لیزاڤێتـا ئیڤـا نۆڤنـا مـارە بکەیـت.."

بـەم وشـانەوە ئافرەتەکـە بـە هێواشـی گەڕایـەوە لای دەرگاکـە و خزیـە دەرەوە. هێرمـان گوێـی لـە دەرگای دەرەوە بـوو داخرایـەوە و دیتـی یەکێـك هەمیسـان لـە پەنجەرەکـەوە ئەڕوانێتـە ژوورەکـەی.

زۆری پێچـوو هەتـا توانـی بێتـەوە سـەرەخۆ. هێرمـان چـووە ژوورەکـەی و دیتـی سـەربازەکە لـە سـەر عـەردا نووسـتبوو، زۆری لەگـەڵ کـرد تـا بە ئـاگای هێنـا، هەروەك جـاران مەسـت بـوو، هێرمـان نەیتوانـی هیچـی لـێ وەربگـرێ. دەرگای دەرەوە کلیـل کرابـوو. هێرمـان گەڕایـەوە ژوورەکـەی خـۆی، مۆمێکـی داگیرسـاند و راپۆڕێکـی لـە بـارەی ئـەو زینـدە خـەوە نووسـی کـە دیبـووی.

**(٦)**

لــە جیهانــی فیزیــکا (دوو جســم)؟! چەنــد ئەتوانــن لەیــەك کاتــدا هەمــان شــوێن بگــرن (سروشــتی هۆشــیاریی و فــام کردنیشــمانا هــەر هەنــدە دوو بیــری چەســپاو ئەتوانــن لــە یــەك کاتــدا پێکــەوە بژیــن. زۆر زوو (ســێ لــۆ و هەفــت لــۆ و ئاســەکە) وێنــەی پیرەژنــە مردووەکەیــان لــە هۆشــی هێرمــان ســڕیەوە. ســێ لــۆ و حــەوت لــۆ و ئاســەکە، هــەردەم لــە مێکشــیا و هەمیشــە وێــردی ســەر زوبانــی بــوون. ئەگــەر جوانــە کچێکــی ئــەدی ئــەی وت "چەنــد بــەژن و بــاڵای ڕێکــە ئەڵێــی ســێ لــۆی کووبەیــە!" ئەگــەر لــە بابــەت کاتــەوە پرســیاری لــێ بکرایــە خێــرا ئەیــووت "پێنــج دەقــەی ئەوێــت بــۆ حەوتەکــە!" هــەر پیاوێکــی ورگنــی تــووش ئەبــوو، ئاســەکەی بەیــاد ئەهێنایــەوە. (ســێ لــۆ، حــەوت لــۆ و ئاســەکە) لــە هەمــوو شــێوەییەکا هــەردەم خەونــی پێــوە ئەبینــی. چــاوی بــە هەرشــتێ بکەوتایــە ســێ لــۆ، یــا حــەوت لــۆ، یــا ئاســەکەی تیایــا ئــەدی. هەمــوو هــۆش و بیــری لەیــەك مەراقــا توابــووەوە ســوود لــەو نهێنییــە وەربگــرێ کــە ئــاوا بــە گرانــی چنگــی کەوتبــوو. دەســتی کــردە بیرکردنــەوە لــەواز لــە فرمانهێنــان و گەشــت کردنــا. زۆر ئــارەزووی ئەکــرد گەنجینەکانــی بەختــی تەلیســماو لــە هۆڵــە گشــتییەکانی یــاری کردنــا لــە پاریــس بۆخــۆی بپچڕێنــێ. ڕێکــەوت لــەو هەمــوو ماخولیایــەی ڕزگار کــرد. لــەو کاتــەدا لــە مۆســکۆ یاریــکارە زەنگینــەکان کۆمەڵێکیــان هەبــوو لــە ژێــر چاودێــری (چیکالینســکی) بەناوبانــگ کــە هەمــوو مــاوەی ژیانــی بــە یاریکردنــا بەســەربردبوو کــە بــە ملیۆنەهــای کۆکردبــۆوە لــە بردنــەوەی پــارە بەقــەرد و دۆڕانــی پــارەی نەختــا. بەهــۆی تاقیکردنــەوەو زیرەکــی متمانــەی هەڤاڵەکانــی بەخــۆی پچڕاندبــوو. لەبــەر میواندارییەتــی و چێشــتکەرە بــە ناوبانگەکانــی و چاکــە و ڕووخۆشــییەوە لەنــاو خەڵــکا ڕێــزی زۆری ئەگیــرا. چیکالینســکی هاتــە شــاری "پیتســبۆرگ" پیــاوە گەنجــەکان لێــی کۆبوونــەوە، بــۆ یاریکــردن وازیــان لــە دانــس هێنــا و خۆشــی کاغەزیــان بەســەر چاوبــازی و دڵداریــدا پەســەند کــرد. تارومــۆڤ

هێرمانی بۆ ماڵی چیکالینسکی هێنا.

لەناو چەند ژووری رووناکا تێپەڕبوون کە نۆکەری پاك و بەڕێز ریزیان تیا بەستبوون، چەند ژەنەراڵ و راوێژکەرانی تایبەتی میری ویست (whist)یان یاری ئەکرد. گەنجان لەسەر قەنەفەی نەرما پاڵیان دابۆوە و ساردەمەنیان ئەخوارد و خەریکی پایپ (قەننە) کێشان بوون.

نزیکەی بیست یاریکار بە دەوری مێزێکی درێژا لە ژووری میوانانا دانیشتبوون و خاوەن ماڵ خۆی (بانقەکەی) راگرتبوو، پیاوێ بوو لەتەمەنی شەست ساڵیدا، پۆشتە و زۆر بە دەورە بوو، پرچی لە زیو ئەچوو، لە رووی گۆشت و بە رەنگییا قسە خۆش و دڵفراوانی ئەبینرا، چاوە گەشەکانی هەمیشە بە خەندەییەکەوە ئەدرەوشانەوە. کە نارۆومۆڤ هێرمانی پێشکەش کرد چیکالینسکی بەدڵ دەسی گوشی و داوای لێکرد هەست بەیەك ماڵی بکا و گەڕایەوە سەر یارییەکەی.

تایمی یارییەکە زۆر درێژ بوو، لە سێ پەڕ زیاتر لەسەر مێزەکە بوو، لە دوای هەر دابەشکردنێکا چیکالینسکی پشوویەکی ئەدا تاکو ماوە بە یاریکارەکان بدا سەیری دەستی خۆیان بکەن، خێرا دۆڕانەکانی لێك ئەدایەوە، بە خەندەیەکەوە گوێ بۆ هەر داخوازیەیکا شل ئەکرد و بە روویەکی خۆشترەوە سووچی هەر کاغەزێکی راست ئەکردەوە کە بە دەسێکی بێ باك ئەنووشتێنرایەوە. لە ئەنجاما یارییەکە دوایی هات. چیکالینسکی کاغەزەکەی تێکەڵ کردەوە، تەراخێکی لێدا و ئامادەبوو تایمێکی تر دەست پێبکات.

هێرمان لە پشت کابرایەکی قەڵەوا کەلەسەر مێزی یارییەکە دانیشتبوو دەستی درێژ کرد و گوتی: منیش حەز ئەکەم لەسەر کاغەزێکا یاری بکەم ئەگەر پێتان خۆش بێ". چیکالینسکی خەندەیەکی کرد و بە بێدەنگی سەری دانەواند بە مانای وەرگرتنێکی تەواو. نارومۆڤ بە پێکەنینەوە پیرۆزبایی لە هێرمان کرد بۆ شکاندنی رۆژووە درێژەکەی و بەختێکی باش بۆ خواست.

"مـن ئامـادەم!" هێرمـان وتـی پـاش ئەمـەی بـە تەپەشـیر پارەکـەی لەسـەر پشـتی کاغەزەکەیـا نووسـی.

"خـاوەن بانـق! بەسـەر سـوڕمانێکەوە چاوەکانـی قیـچ کـردەوە و پرسـی "ئـەوە چییـە؟" مـن دڵنیـا نیـم لەمـەدا کـە پارەکـەت بەراسـتی ئەخوێنمـەوە". "چـل و حـەوت هـەزار!" هێرمـان وەڵامـی دایـەوە.

لـە دەنگـی ئـەم وشـانەوە هەموویـان ئاوڕیـان دایـەوە و زەق چاویـان بڕیـە هێرمانـەوە. نارومـۆڤ لـە دڵـی خۆیـا وتـی: "شـێت بـووە".

چیکالینسـکی بەخەنـدە هەمیشـەییەکەوە وتـی: ڕێگـەم بـدە بڵێـم کـە ئەمـە یەکجـار زۆرە. کـەس لێـرە هەرگیـز لـە دووسـەد و حەفتـا و پێنـج زیاتـری دانەنـاوە.

هێرمان وتی "باشە؟ یاری ئەکەیت؟"

هـەروەك جـاران چیکالینسـکی داهاتـەوە و گوتـی "تەنیـا ویسـتم ئـاگادارت بکـەم چونکـە کـە هاوڕێکانـم بـە متمانـەی خۆیانـەوە گەورەیـان کـردووم ناچـارم کـە تەنیـا لەسـەر نەختینـەوە یـاری بکـەم. لەبابـەت خۆمـەوە بێگومـان ئەمـەوێ بـڕوا بـە قسـە و بەڵێنتـا بکـەم، بـەڵام بـۆ ڕێکـی یارییەکـە و تاکـو هیـچ تێنەگەیشـتنێك روو نـەدات لەسـەرمە داوات لـێ بکـەم کـە پارەکـەت لەسـەر مێزەکـە دابنێیـت".

هێرمـان (بانکـە نۆتێکـی) لەگیرفانیـا دەرهێنـاو دایـە دەسـت چیکالینسـکی، ئەویـش دوای ئـەوەی چاوێکـی بـە گورجـی پیاخشـاند لەسـەر کاغەزەکـەی هێرمانـی دانـا. چیکالینسـکی دەسـتی بـە دابەشـکردنی کاغەزەکـە کـرد، لـەلای ڕاسـتییەوە (فۆلۆ)یـەك و لـەلای چەپیـا (سـێ لۆ)یـەك کرایـەوە.

"ئی منە!" هێرمان کاغەزەکەی خۆی کردەوە.

فسـکە فسـکێك لـە یـاری کارەکانـەوە هـات. چیکالینسـکی گـرژ بـوو، بـەڵام دەسبەجێ خەندەکـەی هاتـەوە روو لەهێرمانـی پرسـی: ئەتەوێـت ئێسـتا پارەکـەت پـێ بـدەم؟"

هێرمان گوتی "ئەگەر زەحمەت نییە".

چیکالینسکی سەفتەیەکی بانکەنۆت لە گیرفانیا دەرهێنا و پارەکەی بۆ ژمارد. هێرمان چی بردبووەوە وەریگرت و لە مێزەکە کشایەوە.

نارومۆڤ ئاوا حەپەسا هەر ئەمەتا نەشێوا. هێرمان گڵاسێکی لیمۆنادی خواردەوە و چووە ماڵەوە.

ئێوارەی رۆژەکەی تر هەمیسان هاتەوە ماڵی چیکالینسکی. خانەخوێ کە کاغەزی ئەدا، هێرمان چوو بۆ لای مێزەکە، یاریکارەکانی تر دەسبەجێ جێگایان کردەوە. چیکالینسکی بە روویەکی خۆش و بەڕێزەوە داهاتەوە. هێرمان چاوەڕوانی کاغەزدانێکی تازەی کرد، کاغەزێکی لەبەردەمی خۆیا دانا و چل و حەوت هەزارەکەی خۆی و هەموو براوەکەی شەوەکەی پێشووی لەسەردانا. چیکالینسکی کاغەزیدا، اوغلانێك (جاك – ولد) لە دەستە راست و (حەوت لۆ)یەك لە دەستە چەپیا بوو.

هێرمان (حەوت لۆیەکەی) کردەوە. هەموو هەناسەبڕکەیان گرت. چیکالینسکی بە ئاشکرا شێوا بوو. نەوەت و چوار هەزاری بە (نۆت) بۆ ژمارد و دایە دەست هێرمان. هێرمان زۆر بە گەرمی وەریگرت و بۆی دەرچوو.

ئێوارەکەی تر هێرمان دووبارە لەسەر مێزەکە بوو. هەموو کەسێك چاوەڕوانی ئەکرد. ژەنەراڵ و راوێژکارە تایبەتییەکان وازیان لە (وێست)ەکەی خۆیان هێنا و هاتن سەیری یارییە سەیرەکە بکەن و ئەفسەرە گەنجەکان لەسەر قەنەفەکانەوە بازیاندا و هەموو نۆکەرەکان لە دیوەخانەکەدا کۆبوونەوە. هەریەکە بۆ لای هێرمان خۆی تێ هەرئەکوتا.. یاریکارەکانی تر پارەی خۆیانیان دائەنا و بە پەرۆشەوە چاوەڕوانیان کرد بزانن یارییەکە چی بەسەر دێتەوە. هێرمان لەسەر مێزەکەدا بە پێوە راوەستابوو. ئامادەی یاری بوو لە دژی چیکالینسکی رەنگ بزرکاوی بەڵام هەمیشە لێو بەخەندەوە.

هەریەکـە دەسـتە کاغەزێکـی نوێـی شـکاند. چیکالینسـکی تەراخـی لێـدا. هێرمـان شـکاندی و پەڕێکـی بۆخـۆی دانـا و بـە گۆمەتێـك بانکـە نـۆت دای پۆشـی. وەك (مبارەزەیـەك) ئاوابـوو، بێدەنگییەکـی سـامناك ژوورەکـەی داگرتبـوو. چیکالینسـکی بـە ترسـێکەوە دەسـتی کـردە کاغـەزدان، لـەلای راسـتا (کچێکـی) کـردەوە لـەلای چەپیـا ئەیسـێك..

هێرمـان پـەڕی خـۆی کـردەوە و گوتـی "ئـی ئەیسـەکەیە". چیکالینسـکی زۆر لەسـەرخۆ و بـە ئەدەبـەوە گوتـی "کچەکـەت داپـۆشراوە".

هێرمـان راچلەکـی: راسـت بـوو لـە جیاتـی ئەیسـێك (کچێکـی ماچـە)ی راکێشـابوو، وەختابـوو بـە چاوەکانـی خـۆی بـڕوا نـەکات و سـەری سـوڕما نەیزانـی چـۆن هەڵەیەکـی ئـاوا زلـی کـردووە و لێـی گـۆڕاوە. لـە پڕێـکا هێرمـان وای هاتـە بەرچـاو کـە (کچـە ماچەکـە) چاوەکانـی خـۆی تەنـگ ئەکاتـەوە و پێـی پـێ ئەکەنـێ. پێکچوونێکـی زۆر سـەیری دی و دڵـی تەزانـد.

بـە زراو رژاوییـەکا هـاواری کـرد "پیرەژنەکـە!" چیکالینسـکی ئـەوەی بردبوویـەوە بـۆ بەردەمـی خـۆی راکێشـا. هێرمـان بـێ جووڵـە و رەق راوەسـتا. کـە لـە مێزەکـەوە دوور کەوتـەوە بـە دەنگێکـی بـەرز کەوتنـەوە ئاخافـتن. قورماچییـەکان بـە واق وڕمانێـکا وتیانـن "ئـای چـۆن یارییـەك بـوو!" چیکالیسـنکی هەمیسـان کاغـەزی (بـۆز) کـرد و وەك جـاران لەسـەر یـاری خۆیـان رۆیشـتن.

**(کۆتایی)**

هێرمـان شـێت بـووە. لـە نەخۆشـخانەی "ئۆبوکۆڤـا (obukhov) لـە قاوشـی ژمـارە (١٧) دایـە، وەك قسـەی لەگـەڵ بکـرێ هەرگیـز وەرام ناداتـەوە، تەنیـا لەبەرخۆیـەوە زۆر بـە سـەیری خێـرا خێـرا هـەر ئەڵـێ و ئەیڵێتـەوە.. "سـێ حـەوت، ئەیـس.. سـێ حـەوت، کـچ..

لیزاڤێتـا ئیڤـا نۆڤنـا شـووی بـە گەنجێکـی زۆر خانـەدان کـرد، کابـرا فەرمانبەرێکـی میرییـەو خاوەنـی سـامانێکی ئێجـگار زۆرە، خـۆی کـوڕی سـەرکارەکەی پێشـووی کۆنتێسـەیە. لیزاڤێتـا ئیڤـا نۆڤنـاش خزمایەتییەکـی مێینـەی بـێ هێـزی پێکهێنـاوە. تۆمسـکی کـراوە بـە کابـتن؟ شـاکچ پۆلیـن ئەهێنـێ.

شاری صویرە ١٩٦٢/٥/٢٥

# باڵندە و مەیموونەکان

**فۆلکلۆری گەلان**

داستانێکی خەڵکی "تیبەت" لەسەر باڵندە و مەیموونانەوە

*چیرۆکی "باڵندە و مەیموونەکان" کارێکی ئەفسووناوییە لە فۆلکلۆری خەڵکی "تیبەت" چەند بنەڕەتێکی پەند و بەرز و دڵگرمان پێڕا دەگەیەنێ لە شێوەی داستانێکەوە لەسەر کێشەیەك دەربارەی ناخۆشیی هەرێمایەتی کە لە دێر زەمانێکدا لە نێوان باڵندە و مەیموونانـدا قەوماوە. مەیموونان لە ژێر زەبری کەم خۆراکیدا لە بەشی دیاریکراوی خۆیانەوە لە شاخی کۆنسانگ دا بە زۆرە ملێ خۆیان گەیاندووەتە ئەو بەشەی بۆ باڵندە تەرخانکراوە و تیایدا لەوەڕاون. باڵندە بەسەزمان و کەم دەسەتەکانیش بەو بەڵگەیەوە پارێزگاریی خۆیانیان کردووە کە لە دۆڵێ (چارەنووس رووبەرێکی جوداوازی بۆ هەر کۆمەڵە گیانلەبەرێك دیاری کردووە کە موڵکی تایبەتی خۆیان بێ و ئەوانی*

دی مافی ئەوەیان نەبێ پێی تێ بهاوێژن). مەیموونەکانیش کەبەهێزتر بوون، بەپێچەوانەوە، دەیانگوت (لە هەرە قوڵایی ژێر دونیای شاخەکەوە تاکو لوتکە هەرە بەرزەکانی، بەبێ جیاوازی، موڵکی تێکڕای هەمووانە و هەچ لایەنێك هەرگیز مافی ئەوەی نییە هیچ بەشێکی بۆخۆی لێ جودا بکاتەوە).

سەرلەبەری چیرۆکەکە بە دەوری ئەم دژ بەیەکبوونەی بیروڕادا دەسووڕێتەوە کە تیایدا گۆشە نیگای باڵندەکان وەك بەرەوانی کردن لە مافێکی پیرۆزی لە گۆڕان نەهاتوودا بۆ مولکیەتی تایبەتی نیشاندراوە و هەر مەیموونەکان وەکو داواکارییەك بۆ ژینگەیەکی فراوانتر کە بە هۆی داگیرکردنی هەرێمێکەوە مسۆگەر بکرێت کە بە ناو موڵکی گشتییەوە لە راستیشدا موڵکی کەسانێکی ترە، هەر دوو لا ناکۆکەکان لەسەرەتادا وتووێژی درێژخایەن و سەخت دەکەن، لە پاشانا هەڕەشە و گوڕەشەی هێز دێتە گۆڕێ و مەترسیی داسەپاندنی جەنگ لەلایەن هێزدارەکانەوە بەسەر بێ هێزەکاندا دێتە کایەوە، تا لە کۆتادا سوپاس بۆ راوێژی زۆر پەسند هاندان و ناوبژی ژیرانەی چەند دەستەیەکی بێ لایەن لە کێشەکەدا، چارەسەرێك دەدۆزرێتەوە بە دڵی هەر دوولایان دەبێ، باڵندەکان واز لە سێیەکی هەرێمی خۆیان دێنن بۆ مەیموونەکان تیایدا بلەوەڕێن، مەیموونەکانیش بەرامبەر بەوەوە رێگەی باڵندەکان بدەن لە خاکی ئەوانا هێلانە بکەن. نووسەری نەناسراو (کە دەشێ لە سەدەی شانزدە یا حەڤدەوە بووبێ) لەم شێوازی خوازەیە گۆشەنیگای خۆیمان بۆ ئاشکرا دەکات دەربارەی کێشەهای زۆر گرنگ کەلە کۆمەڵگای ئادەمیزاددا باون.. وەکو بەگژداچوونی کاری ناڕەواو دژ با یاسا، لێبوردنی دراوسێی، چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەکان لەباتی هەڕەشەی جەنگەوە، بە کورتی هەموو ئەو شتانەی پەیوەستییە هاوبەشەکانی کۆمەڵگای مرۆڤ دەگرنەوە. ئەوەی لێرەدا بۆمان هەڵبژاردوون بەشی دووەم و نەختێکیش لە بەشەکانی سێیەم و چوارەم و شەشەمی داستانەکەن:

***

هەمـان ڕۆژ مەیموونـەکان لەگـەڵ سـەرۆکەکانیاندا کۆبوونـەوە، بـۆ لێکۆڵینـەوە و لێـدوان لەبـارەی کێشـەکەیانەوە لەگـەڵ باڵندەکانـا، بـە هەمـوو بارێکـدا هەڵیانسـەنگاند و لـە هۆکانـی بـە وردی کۆڵییانـەوە. لەکۆبوونەوەکـەدا ئـەم پرسـیارە قـوت بـۆوە: "چـی بکەیـن باشـە؟" لەنـاو کۆبوونەوەکانـدا مەیموونێکـی هـەرزەکاری ئێجـگار بەهێـز ئامـادە بـوو (ئەلیما)یـان پێدەگـوت. لەسەروفەسـاڵیدا لەخۆبایـی بـوون دەتـکا و لەچاوەکانیـا هێـز و بوێریـی دەدرەوشـانەوە، ئـەم ئێسـتێ هەڵسـایە سـەر پـێ، قـۆڵ و بـازووی لـێ هەڵکـرد و بـە تووڕەیـی کلکـی خـۆی ڕاوەشـاند و گوتـی:

"مەیموونـەکان! شـتهای نەبیسراومـان لـەم کۆبوونەوەیـەدا بـەر گـوێ کەوتـن، ئـەو بەڵگەیـەی باڵنـدە پێشکەشـیان کـردووە کـەم و زۆر لـەوە تێپـەڕ نـاکات کـە بانگـەوازێ بـێ بـۆ (کێڵانـی زەوییەکـی گشـتی بـە گاسـنێکی تایبەتێـوە، خـوێ کردنـی چێشـتێکی هاوبـەش بـە خۆییەکـی تایبەتییـەوە، بـە کورتـی: یەکێـك بێـت و بـۆ خـودی خـۆی دەس بەسـەر شـتێکەوە دابگرێـت کـە ئـی هەمووانـە" ئەمانـە قسـەی بـێ مانـا و قەڵـبن.. بـەڵام تەنانـەت ئەگـەر ڕاسـتیش بـن، مـن خـۆم بـۆ ناگیـرێ. دەپرسـن بـۆ؟ ئـەوا چەنـد نموونەیەکتـان بـۆ دێنمـەوە تاکـو تێـم بگـەن. "لـە نێـو ئـاوە زۆر و فراوانەکـەی ئۆقیانووسـدا، بـە وێنـە، ژمارەیەکـی ئێجـگار زۆر گیانلەبـەران دەژیـن، هـەر لـە نەهەنگـی زەبەلاحـەوە تـا دەگاتـە وردیلـە ماسـی و بـۆق و قوڕاویلکانـەوە. جـا هـەر کاتـێ یەکێکیـان ئـارەزووی ئـاوی کـرد ئـەوە دەتوانـێ بەدڵـی خـۆی لێـی بخواتـەوە و هەرگیـز کێشـەی "ئـەوە هـی منـە و ئەمـە قەدەغەیـە" لـە ئـارادا نییـە. یانەخـۆ ئـەم ڕێبازگـە خۆڵاوییـە بڵێیـن، چەندەهـا حاجـی ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ پێیـدا گـوزەر دەکـەن! هەریەکیـش بـە ئـارەزووی خـۆی دەتوانـێ هاتووچـۆی تیـادا بـکات و ڕێبازگەکەیـش هیـچ کۆسـپێکی ناخاتـە بـەردەم. هەروەهـا سـەیری ئاسـمان بکـەن! بـە ڕۆژ و بەشـەو، خـۆر و مانـگ، هـەر یـەك

لەکاتــی ئاســایی خۆیــدا تیشــکی خــۆی بەســەر ئــەم زەوییــەدا پەخــش دەکات.. ئایـا تاقـە جارێـك رۆژهـەڵات شـەڕی لەگـەڵ رۆژاوادا کـرد، یاخـود باکـوور هەرگیـز چــووە بەگــژ باشــووردا لەســەر ئــەوەدا ئاخــۆ ئــەو تیشــکانە هــی کامیانــن؟" "جـا، شـاخی کۆنسـانگی ئێمەیـش ئـە ئاوایـە، کەوابـوو ئێمـە دەبـێ یەکسـان لـە هەمــوو ئــەو گیاوگۆڵــەوە بخۆیــن کــە بــە لاپــاڵ و هەڵدێرەکانییــەوە دەڕوێــن و بەیەکســانی لــە هەمــوو ئــەو ئاوانــەی بخۆینــەوە کــە لــە بەرزاییەکانــەوە دێنــە خــوارێ. باڵندەکانیــش، ئــەو پەلــەوەر مەکرۆیانــە، تەنیــا بچووکتریــن هۆیــان بــە دەســتەوە نییــە کــە رێگەمــان لــێ بگــرن، ئەگــەر هــات و بــە زۆری زۆرداران پێیــان خســتە ئــەو شــوێنەوە کــە هیــچ مافێکیــان بەســەریەوە نییــە ئــەوا کارێکــی خراپیــان بەســەردێت".

"هــەر مەیموونێــك لەشــێکی بەهێــز و ئازایەتییەکــی زۆری هەیــە، باڵنــدەکان لــە پــۆلا نیــن و ئێمــەش لــە رۆنــە کــەرە! هــەر یەکێکمان ئەوەنــدە بەهێــز و نەترسـین بــە ســانایی بەســەد باڵنــدە بوێریــن. بــەڵام ئەمەتــان لەبیــر نەچــێ پێویســتە بەیــەك مێشــك کار بکەیــن چونکــە بێــت و ناکــۆك بیــن هیچــمان پــێ ئەنجــام نادرێــت. قســەیەکی نەســتەق هەیــە دەڵــێ: "دەرزییەکــی دووســەر بــەکاری دوورمــان ناشــێ! تــا هێزەکانمــان بــێ دوو بەرەکیــی و یەکیــن پێویســت نــاکات تەنانــەت لــە ســوپاکانی قەیســەریش بترســین."

وتارەکــەی ئەلیــما بــە قووڵــی ناخــی مەیموونەکانــی هەژانــد کــە ئامــادەی کۆبوونەوەکــە بــوون و تێکــڕا پەســەندیان کــرد، بەتایبەتــی چەنــد هــەرزەکارێ ئەوەنــدە وروژا بــوون چاوەکانیــان لــە کەللەیانــدا زەق دەچوونــەوە و وا حەپەســا بــون قســەیان بــۆ نەدەکــرا. کەچــی ئەوانــی تــر پەســەند کردنــی خۆیانیــان بــەم وشــانەی خــوارەوە نیشــاندا:

"ئەگــەر هاتــو هێزەکانــی باڵنــدە ســووك و چرووکــەکان پەلاماریــان دایــن، ئــەوە هەندێکــمان خۆمــان بــە قاچەکانیانــەوە شــۆڕ دەکەینــەوە، هەندێکــی ترمــان لــە

کلکیانـڕا دەیانگریـن و ئەوانـی دیـمان ددانیـان تێـدا دەچەقێنیـن".

بـوو بـە هـەراو زەنـا، هـاوار هـاوار و فسـکە فسـك ئـەو نـاوەی پڕکـرد. ئەوجـا مەیموونـە پیـرە- لۆسـانگ- کـە لای هەمـووان بەڕێـزی نـاسرا بـوو، هەڵسـایە سـەرپێ بـۆ ئـەوەی هـەرزەکارەکان هێـور کاتـەوە، کـە هێمنـی باڵـی بەسـەر هەمـوو شـتێکا کێشـا، لۆسـانگ رووی کـردە کۆبوونـەوەکان و سـێ جـاران دەسـتی بـە مووەکانـی ردێنـی دا هێنـا و دەسـتی راسـتی خسـتە بـەر کەمەریـەوە و هـی چەپیشـی نایـە سـەر ئەژنـۆ و بـە دەنگـی بـەرز هاتـە گـۆ: "گـوێ بـۆ قسـەکانم رادێـرن! ئەلیـما، تۆیـش گوێـم بـۆ هەڵخـە! بـە ئێـوەی دەڵێـم ئێـوەی هـەرزەکاران، بـۆ ئێـوە نەهاتـووە ئـە ئاواهـی بدوێـن. هەروەکـو چـۆن نابـێ گیلێـك بچێتـە کێبڕکێـوە ئاوەهـاش نابـێ هەرزەکارێـك بەخۆیـەوە بنازێـت. ئێمـە تەنهـا ئەوکاتـە دەزانیـن شـتێك چاکـە یـا خـراپ کـە بـە تـەرازووی هـۆش و بیـر هەڵیدەسـەنگێنین.. خۆراکێـك بـۆ خـواردن بشـێت لـە بۆنیـوە تێـی دەگەیـن، کـە پۆشـاك بـۆ لەبەرکـردن دەس بـدات ئـەوا بـە چـاو فێـری دەبیـن. جـا ئەگـەر ئێـوە نەتوانـن راسـتی و چەوتیـی لەیـەك جـودا بکەنـەوە ئـەوا وەکـو ئـەو گەماڵـە زل و دڕەتـان بەسـەر دێ کـە داروگاشـەبەردی پیـادا دەدرێـت".

"ئـەو هـەرزەکارەی بـێ ئـەوەی تەماشـای پـاش و پێشـی خـۆی بـکا عەمبـازان بهاوێژێـت وەکـو ئـەوە وایـە کـە خـۆی هەڵدەدێرێتـە کەندڕێکـی قووڵـەوە، ئەوەیـش مسـۆگەرترین رێگایـە بـۆ شـەقکردنی کەللـە سـەر و شـکانی باسـك و قاچەکانێـوە. هەرزەکارێـك کـە بەرلـەوەی بـە قەڵەمبـاز لـە ئـاوان بپەڕێتـەوە پانتاییەکـەی پێشـتر نەپێوابـێ وەکـو شـێتێ وایـە کـە بـۆ مەرگـی خـۆی رابـکات. باشـتر وایـە گـوێ بـۆ وتـەی پیـرە مەیموونـێ هەڵخـەن و بـە دانایـی و لەسـەرەخۆ رەفتـار بکـەن.. خۆپەرسـتیی، تەماحکاریـی و خەڵەتـان لەوانەیـە لەسـەرەتادا شـتێك وەدەسـت بێنـن، بـەڵام سـەرەنجام هیـچ خێرێکیتـان لـێ ناکەوێتـەوە. ئـەوەی بـەم رێگەیـەدا بـڕوات بـە دەگمـەن لـەم ژینـەدا هاوڕێـی پەیـدا دەکا و لـە

دوای مردنیشـدا سـزا و ئـازاری دۆزەخ چاوەڕوانـی دەکـەن". "ئـەز کـە لـە رەگ و ریشـەی کێشـەکەی خۆمـان و باڵندەکانـا ورد دەبمـەوە هۆیـە سـەرەکییەکەی لـەلای خۆمانـەوە بـەدی دەکـەم. هیـچ نەبـێ مەیموونـەکان بـوون یەکەمجـار پەلامـاری هەرێمـی باڵندەکانیـان دابـوو، ئێـوە وەکـو ئـەو شـەیتانانە رەفتارتـان کـرد کـە جارێکیـان چڕنۆکیـان گەیانـدە خاکـی خوداکانـەوە. بێگومـان ئێـوە خۆتـان بـە تەواویـی لـەو راسـتییە دڵنیـان کـە باڵنـدەکان لەسـەر هەقـن، کەچـی دەتانـەوێ بـە بـارە پێچەوانەکەیـەوە خۆتـان تەفـرە بـدەن". "هەرکاتـێ بەبـێ هـۆی رەوا کێشـەیەك سـەر هەڵـدەدات بـۆی هەیـە سـەرەنجامی ئەوتـۆی لـێ بکەوێتـەوە بەبیـری کەسـدا نەهاتبێـت. تەنیـا گڕێـك بـۆی هەیـە بـە ئاسـانی سـەرتاپای کێوێـك داگیرسـێنێ. تەنیـا جۆگەلەیـێ دەشـێ شـێوە دۆڵێـك سـەر ئـاو بخـات!"

"ئەگـەر هـات و باڵنـدەکان چاویـان بڕییـە خاکـی بـە پێیتـی ئێمـەوە ئـەوە بەگیانمانـەوە پاسـی دەکەیـن و دەیپارێزیـن. خـۆ ئەوانیـش هـەر هەمـان شـت دەکـەن ئەگـەر دەروازەی خاکیـان لەلایـەن ئێمـەی تیـرەی مەیموونانـەوە، بـە نیـازی داگیرکـردن و تـاڵان و بـڕۆی بەردەوامـەوە بخرێتـە سـەر گازارەی پشـت. گاشـە بـەردێ لـە بەردەخانێکـەوە بهاوێـژرێ کـە لـە مـووی بزنـەوە رێسرابـێ زۆربـەی کات بەسـەر ملـی بزنـەوە دەنیشـێتەوە. کەواتـە ئامۆژگاریتـان دەکـەم، تەنهـا بەکاروبـاری خۆتانـەوە خەریـك بـن. هەمـوو ئارەزوویەکـی چاوچنۆکانـە و تەماکاریـی بـەلاوە نێـن. چونکـە بێگومـان گەلـێ چاکـترە کـە هیـچ کێشـە و ململانـێ و شـەڕ و شـۆرێك لـە ئـارادا نەبـن!"

کـە لۆسـانگ پیـرە مەیمـوون لـە وتارەکـەی بـۆوە، چەنـد مەیموونـێ رەزامەندیـی خۆیـان دەربڕیـو گوتیـان "بێگومـان ئـەوەی لۆسـانگ دەیڵـێ راسـتە" تەنیـا ئەلیـمای هـەرزەکار و ژمارەیەکـی کـەم نەبـێ کـە قایـل نەبـوون، ئەلیـما بـە تووڕەیـی قیژانـدی:

"مێشـکی پیـرە مەیموونـان توانـای پێشکەشـکردنی هیچیـان نییـە ئەفسـانە

نەبێ و لە قسەی پڕوپووچ بەولاوە چیتریان لە دەم دەرنایە. مەترسییەکی گەورەیش لەوەدایە کە لەوانەیە مەتەڵۆکەی پیرەژنان بە قسەی نەستەق بزانین و ترسنۆکیش بە دانا و ژیر تێبگەین. بۆ ئێمە ئێستێ هەمووی یەك شتە کێ پەلامار دراوە، خەڵکی تر یاخود ئێمە خۆمان! گرنگ ئەوەیە ئێمە کێشەیەکمان هەیە و هەموو قسەیەك کە بە مەبەستێکی پاکەوە دەکرێت دەبێ لەم گۆشە نیگایەوە سەر هەڵبدات، ئەگەر هەنووکە قسە نەکەین ئەوا هەرکاتێ شەڕێك بەرپا بوو، لەبەرچاوی باڵندە نەفرەت لێکراوەکاندا سووك و ریسوا دەبین و دەبێ لە ئاست هەموو هاوڕێ گیانلەبەرەکانی تردا رووڕەش و شەرمەزار بین. مەیموون دەسەڵاتیان لەبەین دەچێ و ئیتر توانامان نامێنێ لەنێو گیاندارانـدا چاو هەڵێنین. مەسەلە چیتر ئەوە نییە ئێمە راستین یان هەڵەیەن. وتەی پێشنانتان لەبیر بێ کە دەڵێ: (ئەگەر درۆیەکی رووت بۆ شاخێك بگێڕیتەوە بێگومان راستییەکی بەقەد گامێشێکی تیادا دەدۆزیتەوە). جا شوورەییە ئەگەر ملمان بۆ باڵندەکان کەچ کەین و نەتوانین وەڵامێکی شایستەیان بدەینەوە!" لێرەدا مەیموونەکان بوونە دەستە دەستە و کەوتنە راوێژکردن کە دەبێ لەو هەڵوێستەدا چی بکەین باش بێ؟ لە ئەنجامدا چەند مەیموونێکی زانا و تێگەیشتوو هاتنە گۆ:

"گرنگترین شت بەڕای ئێمە ئەوەیە خۆ لە شەڕ و شۆڕ و دوژمنایەتی بپارێزین. ئاشکرایە لەم کێشەیەماندا لەگەڵ باڵندەکان هەق بەلای ئێمەدا نییە، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ کە هەرچییەکی پیرە لۆسانگ فەرمووی راستە. ئێمەیش وای پەسەند دەکەین سەرلەبەری تەگەرەکە پێویستە بە رێگەیەکی ئاشتییانە و دوور لە هەستی کینایەتییەوە چارسەرە بکرێت. لەتەك ئەمەشدا لەلایەکی ترەوە راستە، نەنگییەکی زۆر بەسەر خۆمانا دێنین ئەگەر هەروا بە سووکی دان بەوەدا بنێین کە باڵندەکان لەسەر هەقن و هیچ گفتوگۆیەکی دیکەیان لەگەڵدا نەکەین. بۆیەکا ئێمە وا پێشنیاز دەکەین پێویستە لەسەرەتاوە

بـەو شـێوەیە رەفتـار بکەیـن کـە هـەر ئێسـتێ ئەلیـما بۆمانـی دەستنیشـان کـرد. لـە بەراییـدا ئـەو مەیموونانـە دەنێرینـە لای باڵنـدەکان کـە پێشـتر لـەوێ بوونـە. بـام ئـەوان بـە نەرمیـش و بـە رەقیـش قسـەیان لەگەڵـدا بکـەن تاکـو بزانیـن ئـەوان نیازیـان چییـە و چـۆن وەرامـی پێشـنیازەکانی ئێمـە دەدەنـەوە. هەروەهـا بەمـەدا بۆمـان روون دەبێتـەوە ئەگـەر باڵنـدەکان ئـارەزووی شـەڕکردنیان هەبـێ و دەرفەتمـان دەبـێ بزانیـن هێزیـان چەنـدە و ئایـا خۆشـیان ئامـادە کـردووە یانـە!" کـە گەیشـتنە ئـەم بڕیـارەوە، مەیموونـەکان بـەرەو لانەکانیـان بڵاوەیـان لێکـرد. رۆژی دوایـی وەفـدی مەیموونـان کـە بـە زۆری لەوانـەوە پێکهاتبـوو کـە پێشـتر چووبوونـە نـاو هەرێمـی باڵندەکانـەوە کەوتنـە رێ بـۆ سـەردانی (گـراوس)ی گـەورەی باڵنـدان، بـۆ ئـەوەی ئەنجامـی راوێژەکـەی رۆژی پێشـوویانی پێڕاگەیەنـن. وتاربێژەکەیـان گوتـی:

"هـاوڕێ گـراوس، گوێـمان بدەیـێ! دوێنـێ لـە کۆبوونەوەکەمانـدا کـە هەمـوو مەیموونـان گـەورە و بچـووك تیایـدا بەشـداربوون، باسـی هەمـوو شـتێکمان کـرد کـە لەتـەك ئێـوەدا گفتوگۆمـان لەسـەر کردبـوون. لەگـەڵ یەکتریـدا دواییـن: نـەك جـارێ زۆران جـار هـەر جارەیـش لەسـەرتاپای کارەکەمـان کۆڵییـەوە. لـە وتووێژەکـەدا مەیموونـە بـە سـاڵداچووەکان بـاری سـەرنجی خۆیانیـان لەبـارەی مەبدەئـەوە خسـتەڕوو، هەروەهـا مەیموونەکانـی تریـش گۆشـە نیـگای خۆیـان روونکـردەوە. ئێمـە ناتوانیـن هەمـوو ئـەو قسـانەتان بـۆ بگێڕینـەوە کـە لەنـاو خۆمـان وتـران. بـەڵام ئەگـەر لـە کورتـی بیانبڕینـەوە ئـەوا ئـەوەی خـوارەوە گوتـرا:

"کۆنسـانگ، وەکـو بەگشـتی زانـراوە، تەنیـا چەنـد رۆژێ لەمەوبـەر قـوت نەبۆتـەوە، بەڵکـو لـەو رۆژەوە کـە دنیـا دروسـتکراوە ئـەم لێـرەدا قیـت وێسـتاوە. شـێرو جانـەوەری تـر، هەروەهـا باڵندەیـش، بـە خواسـتی چارەنـووس، لـە رۆژگاری باپیرەگەورانـی بـاوك و دایکمانـەوە، تیایـدا هاتوونەتـە دنیـاوە. لەوەتـەی دنیادنیایـە و هەتـا ئێمڕۆکـە ئێمـە بـە دۆسـتیی و ئاشـتییانە لەگـەڵ ئێـوەدا ژیاویـن بەیەکـەوە

گژوگیاکەمـــان خـــواردووە و پێکـــەوە ئاوەکەیـــمان خواردۆتـــەوە و هەرگیـــز هیـــچ کێشـــەیەکمان لەنێوانـــدا نەبـــووە. مەیموونـــەکان لەکۆبوونەوەکـــەدا ئاوەهـــا دوان و زیاتریـــش ئـــەم داوایەیـــان لێکردیـــن:" ئەمـــە لـــە باڵندەکانیـــش بپرســـن بزانـــن ئـــە ئاوەهـــا بـــووە یـــان نـــە؟" زیاتـــر لەســـەری رۆیشـــتن "لەگـــەڵ ئەمەشـــدا ئێـــوە لـــەم دواییـــەدا شـــکایەتی ئەوەتـــان کـــردووە گوایـــا چـــەن کەســـانێکمان پەڕیونەتـــەوە بـــەری ئێـــوەوە، کەچـــی ئێوەیـــش لـــەلای خۆتانـــەوە فڕیـــون و بەردەوامیشـــن لـــە فڕینـــدان. بەنێـــو ئـــەو جەنگەڵانـــەدا کـــە مەیموونیـــان تیـــدا دەژیـــن! ئێـــوە پێشـــتریش و ئێســـتەیش هەمیشـــە بـــەری درەختەکانـــی ئێمەتـــان خـــواردووە. ئێـــوە لـــە عـــەردی ئێمـــەدا خـــۆراك دەخـــۆن و ئێمەیـــش لـــە خاکـــی ئێـــوەدا دەلەوەڕێیـــن. چـــی تیـــا بەســـتەیە؟ نەخێـــر لەراســـتیدا هیـــچ هۆیەکـــمان بـــە دەســـتەوە نییـــە شـــکایەت لەیەکـــتری بکەیـــن. باشـــتر وایـــە لـــە بنەڕەتـــەوە دەرنەچیـــن کـــە دەڵـــێ "بـــا هەروەکـــو تـــا ئێســـتا ژیاویـــن ئاوەهـــا بژیـــن. ئەوســـا نـــە شـــەڕ و شـــۆڕ لـــە نێوانمانـــدا دەبـــێ و نـــە هیـــچ کێشـــەیەکیش! ئـــا ئەمـــە سروشـــتی راســـتەقینە و بڕیـــاری ئێمەیـــە" "جـــا ئەگـــەر باڵنـــدەکان بیانـــەوێ رێوشـــوێنی نـــوێ دابنێـــن مەیموونـــەکان ئامـــادەن یاریدەیـــان بـــدەن، لەســـەر بناخـــەی ئـــەوەوە، ئەگـــەر ئێـــوە بـــە گـــرێ بپێـــون ئێمەیـــش بـــە گـــرێ دەپیوینـــەوە، ئەگـــەر بـــە گەزیشـــتان پێـــوا ئـــەوا ئێمەیـــش بەگـــەز دەپیوینـــەوە! ئەمـــە ســـەرجەمی ئـــەو راســـپاردەیە بـــوو کـــە دەبـــوو بـــە ئێـــوەی رابگەیەنیـــن. ئەگـــەر ببیســـین ئـــەو وەکـــو هەنگوێـــن دەبـــێ لـــە گوێچکەتانـــا، خـــۆ هاتـــو رەفزیشـــتان کـــرد ئـــەوا مانـــای بانگەوازێکـــە بـــۆ کێشـــە و هەرایەکـــی زۆر درێژخایـــەن!" کـــە مەیموونـــەکان لـــە قســـان بوونـــەوە، گراوســـی ســـەرکردەی باڵنـــدەکان رووی قســـانی تێکـــردن. "ئەوپـــەڕی گرنگیـــی دەدەمـــە ســـەرتاپای وتارەکەتـــان. دەمتوانـــی بێگومـــان دەســـتبەجێ وەرامتـــان بدەمـــەوە. بـــەڵام چونکـــە ئێمـــەی باڵنـــدە هـــەزاران بگـــرە دەیەهـــا هـــەزاران دەبیـــن بـــۆ مـــن جـــوان نییـــە بەتەنـــێ جوابتـــان بدەمـــەوە. ئێـــوە بێگومـــان ئـــەو پەنـــدەی پێشـــینیان دەزانـــن کـــە دەڵـــێ "راوێـــژی ســـێ کەســـی رەمەکـــی لـــە هەمـــوو دانایـــی

تاکە پسپۆڕێك بە نرخ و بەهادارترە. بەڵام ناتوانین بۆ ئامۆژگاریی بچینە لای شای هەموو باڵندان، گاڕودا چونکە ئەو ئێستاکێ لە لوتکەی هەرە بەرزی شاخی هیمالایادا دەژیت. بەڵام پێویستە گشت باڵندان پێکەوە کۆبکەینەوە، گەورە و بچووکیان هەر لەبازی باڵ سپی تا دەگاتە خەرتەل و هەڵۆ و هەتا وردە باڵندەی کە دوێنێ سەریان لە هێلکە دەرێناوە، گفتوگۆکانمان ئەوانە دەیکەنەوە و سەرپەرشتی دەکەن کە بە زانا ناسراون و بڕیارەکانمان ئەوانە ئەنجامی دەدەن کە بە هێز و ئازایەتییانەوە ناویان دەرکردووە".

"ئێوەی مەیموون زۆرن، لەگەڵ ئەمەشەوە لەچاو ئێمەدا هەر چنگێکن". وڵاتی باڵندان ئەوەندە فراوانە هەڵۆی تیژڕەو هەژدە رۆژی تەواوی گەرەکە بێت و لەمسەری ئیمپراتۆریەتەکەمانەوە بفڕێ بۆ ئەو سەرەکەی دیکەیەوە. ئەگەر هەموو باڵندان بێنە کۆبوونەوەکەمانەوە ئەوا رۆژێك و دوان بەش ناکەن، بۆیە دەبێ مانگێ، دوان چاوەڕوان بن تاکو ئێمەیش راوێژی خۆمان دەکەین و بڕیارێ دەدەین. ئەوسا بە (تووتی)دا وەڵامی خۆمانتان بۆ دەنێرینەوە. جا هەنووکە بگەڕێنەوە ماڵی خۆتان و باش ئاگاداری شەش شتان بکەن: مەیموونە پیرەکان لەسەر پۆپەی درەختانەوە بەرنەبنەوە. مەیموونە ساواکان هەڵنەدێڕنە کەندڕانەوە. (با) سەرتان نەپەڕێنێ. کلکەکانتان بەسەر چڵانەوە نەشکێنەوە. خۆراکتان لە دەم بەرنەبێتەوە و گەنجەکانتان ئاو نەڕژێننە دەمی پیرەکانتانەوە!".

مەیموونەکان دایانە قاقای پێکەنین و دوای ئەوەی سوپاسی گراوسیان کرد بەرەو ماڵ کەوتنەوە ڕێ.

***

وەختێ گراوس و تووتی گەیشتنە خاکی مەیموونان داوایان کرد مەیموون هەمووی کۆبکرێنەوە. لۆسانگ، پیرە مەیموون، پەیامی بە هەموو لایەکدا پەخش کرد و بە دووی گشت مەیموونەکانیدا نارد کە بەسەر تەپۆڵکانەوە،

یـا لـە نێـو دارسـتانە چڕەکانـدا یاخـۆ لـە کەنـاری رووبارەکانـدا دەژیـان. وەختـێ هەموویـان کۆکرانـەوە، گـراوس لەناوەندیانـدا وێسـتا، باڵەکانـی سـێ جـاران لێکـدان و بـەم جـۆرە هاتەگـۆ:

"ئـەی مەیموونـەکان، گـوێ لـەوە بگـرن کـە پێتانـی دەڵێـم: لەمێـژ بـوو دەمویسـت وەرامـی ئـەو پرسـیارانەتان بدەمـەوە کـە لـەم دواییـەدا لێتـان کردبوویـن. بـەڵام وڵاتـی ئێمـە لـە راسـتیدا زۆر فراوانـە بۆیـە نەمانتوانـی زوو هەمـوو باڵنـدەکان پێکـەوە گردبکەینـەوە، جـا هـەر ئەوەندەمـان پێکـرا بـە مانگونیوێـك تەنهـا نیوەکیـان کۆبکەینـەوە. لـەو پێکگەیشـتنە گشـتییەدا بیروڕاکانـی ئێوەمـان بەراسـتگۆیی خسـتە بەرچـاوی باڵندەکانـەوە بـێ ئـەوەی تاکـە وشـەیەکی لـێ زیـاد و کـەم بکەینـەوە. دەتوانـم بڵێـم هەموویـان بـە گـەورە و بچووکیانـەوە، رای خۆیانیـان دەربـڕی. بـەڵام لەبـەر ئـەوەی زۆربـەی کات رێـك نەدەکەوتـن وشـە وەك گـەڵای دار هەڵدەوەریـن، کرۆکـی سـەرجەمی کێشـەکە دەشـێ بـە باشـترین شـێوە لەلایـەن چەنـد باڵندەیەکـی شـارەزا و لێهاتـووەوە دەربڕابـێ کـە گوتیـان: "مەیموونـەکان هەمیشـە لەسـەر ئـەو دروشـمە سـوورن کـە دەڵـێ (چـۆن ژیاویـن بـام هـەر ئاوەهـا بژیـن). دەبـێ لەمـەدا مەبەسـتیان چـی بـێ؟ ئەگـەر مەبەسـتیان ئەوەیـە لەسـەر هەمـان رێوشـوێن بـەردەوام بیـن کـە تاکـو پـار پەیـڕەوان لێکـردن ئـەوا ئەمـە ویسـتی ئێمەیشـە، چونکـە بـە وتەیەکـی تـر ئەمـە واتـای ئەوەیـە هەرکـەس لەسـەر خاکـی خۆیـدا بمێنێتـەوە. وێـڕای ئەمەیـش چاوبڕینـە شـتی خەڵکـی دیکـە و گـەڕان بـە دوای بەرژەوەنـدی تایبەتـدا لەسـەر حیسـابی بەرژەوەنـدی خەڵکـی تـرەوە کارێکـی ناڕەوایـە و هەرگیـز ناشـبێ. "دەربەندێکـی نێوچیـا بـە بەفـر هیچـی لێنایـەت، رووبارێـك لـە رێژگـەی خۆیـدا شـەختە ئـازاری پێناگەیەنێـت! بەتەبایـی پێکـەوە ژیـان وەك رۆژێکـی هەتـاوی بـێ هـەور وایـە کـە نـە شـەڕ و شـۆڕی تێدایـە و نـە دوژمنـکاری، بەڵکـو ئاسـایش بـەردەوام باڵـی بەسـەر هەمـوو شـتێکا دەکێشـێ. جـا لـە نێـوان ئێمەیشـدا هـەر ئاوەهـا دەبـێ

بێتـو ئـەو دەسـتووره پەیـڕەو بکەیـن کـە زەمانـە بۆمانـی پەسـەند کـردووه".

"هـەر چۆنـێ بـێ، ئێـوه بەشـێوەیەکی تـر دروشـمی خۆتانتـان دەربڕیـوه، ئیمسـاڵ بـە ڕێگایەکـی نـاڕەوا و نەگونجـاو پەلتـان بـۆ هەرێمـێ درێـژ کـردووه کـە هـی باڵندەکانـە. بەنێـو دەربەندێکـی چیاییـدا کـە هیـچ ڕێگەیەکـی بەسـەرەوه نەبـووه، ڕێگایەکـی تازەتـان کردۆتـەوه. بەسـەر رووبارێکـدا کـە هیـچ پـردی بەسـەرەوه نەبـووه، ئێـوه پردێکـی تازەتـان دروسـتکردووه. ئینجـا تەنیـا بەمەیشـەوه وازتـان نەهێنـاوه کـە ئێمەتـان رووبـەڕووی تاوانـی تـازه بابـەت کردۆتـەوه، بگـرە تەنانـەت سووریشـن لەسـەر ئـەوەدا کـە دەبـێ ئێمەیـش دانیـان پێـدا بێنینـن و پەیڕەویشـیان لـێ بکەیـن!

"ئێسـتێ، گـوێ لەمـە بگـرن، باڵنـدەکان هەرگیزاوهەرگیـز بـەو شـتانه رازی نابـن کـە ئێـوه داتانهێنـاون. لـە هـەر کوێـدا کـە یەکـێ ویسـت و ئـارەزووی خـۆی بـە زۆره ملـێ بەسـەر یەکێکـی تـردا دەسـەپێنێ، ئـا لەوێـدا رەگ و ریشـە ژەهراوییەکانـی هەمـوو ناخۆشـی و بەدکارییـەك لـە دنیـادا خۆیـان ماتـداوه. گـوێ بگـرن، هەرگیـز هیـچ ئەنجامێکـی چـاك لـە زۆره ملێـدا وەگیـر نەهاتـووه".

***

کەروێشـکی کێـوی، لـۆدان، وتـی:" ئـەی باڵنـدەکان، کێشـەی ئێـوه و مەیموونـان زۆری خایانـدووه تـا ئێسـتەیش ڕێکەوتنتـان نەبـووه. ئـەم هەڵوێسـتەیش مـن و مـام کەڵەشـێر زۆر نارەحـەت دەکا. ئەگـەر ئـەم ناتەباییـە لەنێوانتانـا هـەر بـەردەوام بـێ ئـەوا دەبێتـە هـۆی شـەڕێکی درێژخایەنـی ئەوتـۆ کـە تیایـدا هەمـوو چـوار پێکانـی دی لای مەیموونـان دەگـرن، ئەمەیـش بـۆ ئێجـگاری جیهـان وێـران دەکا. بـەڵام ئەگـەر ئێـوه لەگـەڵ مەیموونـەکان رێـك بکەونـەوه و ئاشـت ببنـەوه ئـەوا سـوود بـە هەمـوان دەگات. جـا وا ئێمـە هاتوویـن بزانیـن ئێـوه بـە چ مەرجێـك ئامـادەن لەگـەڵ مەیموونـەکان ئاشـت ببنـەوه" باڵنـدەکان، دوای راوێژکردنێکـی کـورت داوایـان لـە گـراوس کـرد لـە جیاتـی ئەوانـا وەرام بداتـەوه. گـراوس گوتـی:

”کەروێشـکە کێـوی و کەڵەشـێر، ئەمەیـە وەرامـی ئێمـە: لـە کێشـەی نێـوان ئێمـە و مەیموونـەکان دا دەبـێ تەنیـا ئـەوە روون بکرێتـەوە کـە کـێ لەسـەرەتادا بەرپرسـیار بـووە؟ چاکیــش بزانــن ئــەم بەیــەکا چوونــە خەتــای باڵنــدەکان نەبــووە، بەڵکــو ســووچی مەیموونــەکان بــووە بەهــۆی رەفتــارە دوور لەبەرپرســیارییەکەیانەوە، جــا دەبــێ لــەوان بپرســن ئاخــۆ لــە توانادایــە ئاســایش هەبــێ یــا نــە؟ ئەگــەر ئــەوان بڵێــن چارەســەرییەك مومکینــە ئەوســا بێگومــان هیــچ کامێــك لــە ئێمــە دژی ئــەوە نابیــن ئــەو چارەســەرییە دەســتبەجێ ئەنجــام بــدرێ. لەبــەر ئــەوەش نــا کــە ئێمــە لــەم مەیموونــە بەســەزمانە بچکۆلانــە بترســین، بەڵکــو لەبــەر ئــەم چــوار خاڵانەیــە کــە لــە مێشــکماندان: خەڵــك پێویســتیان بــە جەنــگ نییــە، درەختــان پێویســتیان بــە مۆرانــە نییــە، لــەش پێویســتی بــە نەخۆشــیی نییــە و گیانیــش پێویســتی بــە ئازارچێژتــن نییــە“.

وەختــێ گــراوس لــێ بــۆوە، کەروێشــك و کەڵەشــێر چوونــەوە لای مەیموونــەکان و تــکای ئەوەیــان لێکــردن بڕیــاری خۆیــان بــۆ بڕاندنــەوەی کێشــە لــە مێژینەکەیــان لەگــەڵ باڵنــدەکان بــدەن، هەمدیــس لــۆدان هاتــەوە گــۆ:

”مەیموونــان، گەنــج و پیــر و ناونجێــکان، ئــەم قســانەمان لــە گــوێ بگــرن! گەلــی باڵنــدە کــە بەســەر ســەری ئێمــەی جانــەوەر و دڕنــدەو هەروەهــا ئــەو گیانلەبــەرە نێچیرانــەی لــە دارســتاندا دەخولێنــەوە، هەڵدەفــڕن، بــە بڕیــاری چارەنــووس لێــرەدا ژیــاون، لــەو رۆژەوەی کــە تێیــدا هاتوونەتــە دونیــاوە ئێــوە برادەرانــە و بــە ئاشــتیی پێکــەوە ژیــاون. ناخۆشــیی و شەڕوشــوڕتان نەزانیــوە. تەنیــا لــەم دواییــەدا دۆســتاتی و تەباییتــان نەختێــك پچــڕاوە، ئەمیــش بەهــۆی ئــەم کێشــەیەوە لەگــەڵ باڵندەکانــدا کــە هیــچ پێویســتی نەدەکــرد، جــا کەڵەشــێر و بەنــدە، لــەو بڕوایــە دابــن کــە کاتــی ئــەوە هاتــووە کۆتایــی پــێ بێنــن و باخۆریــش دووبــارە بەگەشــیی لــە ئاســمانێکی ســاماڵ و بێگــەرددا بدرەوشــێتەوە. کەمــێ پێــش ئێســتا لەگــەڵ باڵندەکانــدا لەســەر ئــەم باســانە دەدوایــن. تاکــە یەکێکیــان لەنــاودا نەبــوو بــڕوای وابــێ ئاشــت بوونــەوە

لەگــەڵ ئێــوەدا کارێکــی نەشــیاو بێــت، هەنووکەیــش، بــە هەمــان راســپاردەوە وا بــۆ لای ئێــوە هاتوویــن. هیوداریــن کــە ئێوەیــش بــە هەمــان شــێوە لەگەڵمانــدا دەســازێن".

مەیموونــەکان دەمــێ بــوو دەیانویســت هاوڕێتــی و ئاسایش لەگــەڵ باڵندەکانــدا نــوێ بکەنــەوە، بۆیــەکا وشــەکانی کەروێشــك لــە ناخــەوە شــادمانی کــردن. لــە خۆشــییانا زەردەخەنــەی ئەوەنــدە دڵگــر روویانــی داپۆشــی چــاوە چووکەکانیــان وەختابــوو بــە تــەواوی بــزر بــن! بەختیــار و بــە رەزامەندییــەوە کلکەکانیــان بــادەدان و هەڵدەســوڕاندن و گوتیــان:

"کەڵەشــێر و لۆدانــی خۆشەویســت مێشــکی ئێــوە لــە هــەرە زێــڕی بــێ خڵــت دروســترە! جــا ئێــوە بێگومــان لــە کارەکەتانــا ســەردەکەون. داری قەڵشــاو بــە کەتیــرە و ئــاردەدار خــۆی دەگرێتــەوە و کورتەکــی دڕاو بــە دەزوو دەدورێتــەوە. بــڕۆن لــەو فەرمانــی خێــرەی ناوبژیکردنتانــا وەکــو ئامۆژگارییەکانــی (براهــما) شــایانی پایــە و رێزلێنــان بــن. دەبــا بەرەکەتــی بڕیارەکانتــان وەك یــەك بەســەر هەمووانــدا ببارێــت".

بــەدوای ئــەم وشــانەوە کەڵەشــێر و کەروێشــك گەڕانــەوە بــۆ لانەکانیــان تــا بــە هێمنــی نەخشــە بــۆ قەراردادێکــی ئاشــتیانە دانێــن بەدڵــی هــەردوولا بێــت. کەروێشــك بــاوەڕی وابــوو لــەو کێشــەیەدا (هــەق) بــەلای باڵندەکانــدا بــوو، بــەڵام بێــت و رێــگا بــە مەیموونــان نــەدەن بەلانــی کەمــەوە لەســەر بەشــێکی خاکــی ئەوانــدا بلەوەڕێــن ئــەوا ئەمــان لــە راســتیدا هیچیــان نابــێ لەســەری بژیــن. ئەگــەر بێتــو مەیموونــەکان تەنهــا ســێیەکەکەی هەرێمــی باڵندەکانیــان پــێ بدرێــت ئەوکاتــە هــەچ مەترســییەکی رێگریــی و دەســتدرێژیی لــە نێــوان نامێنێــت، کەڵەشــێر وەڵامــی ئەمــەی دایــەوە: "دەترســم پێشــنیازەکەت بــە دڵــی زۆرانیــان نەبــێ، ئەگــەر نەیانســەلماند ئــەوە پێشــنازەکەی منیــان دەخەینــە پێــش و دەڵێیــن، دەبــێ باڵنــدەکان بەســەر خاکــی مەیموونانــدا بفڕنــەوە و مەیموونیــش بەڵێنیانــداوە

ڕێگەیـان لێنەگـرن و لەوێـدا دانەوێڵـە کۆبکەنـەوە. مـن لـەم بڕوایـەدام بەمـە قایـل دەبـن. لەگـەڵ ئەمەشـەوە لـە پێشـدا تـۆ بـدوێ و پێشـنیازەکەی خۆتیـان پێشـکەش بکـە و منیـش چـاوەڕوان دەبـم بزانـم باڵنـدەکان چۆنـی وەردەگـرن. کەروێشـك ئـەم ڕێبـازەی پەسـەند کـرد و پێکـەوە چوونـەوە نـاو کۆمەڵـی باڵندانـەوە. شـوێنی خۆیـان لـە ریزەکانـی پێشـەوەدا گرتـوو یەکەمجـار کەروێشـك دوا، "ئـەی هەڵـۆ، هەڵـۆی سـمێڵدار، بـازی کلـك سـپی، ئـەی هەمـوو باڵنـدە مەزنەکانـی تـر، وەرن لـە ریزەکانـی پێشـەوەدا دانیشـن! باڵنـدە چووکـترەکان، جێـگای خۆتـان لەناوەڕاسـتدا بگـرن، ئێوەیـش پەلـەوەرە وردیلـەکان لـەولاو لەمـلادا هەڵنیشـن. ئـەم قسـانەی ئێسـتێ لەگـەڵ ئێـوەدا دەیانکـەم، وەك گازانـدەی یەکێکـی نـزم و بـێ دەسـەڵاتە لـە بابایەکـی باڵاتـر و زۆردەسـتتر. ئێمـە دەزانیـن ڕەفتارێکـی ئاواهـی ئەوەنـدە بەڕێـز نییـە، بـەڵام بیـروڕاکان کـە وەك بەفـری ترۆپکـی شـاخە بـەرزەکان پـاك و بێگـەردن، لەشـەکانمان کـە وەك ئارەمووشـی سـپی کـە لـە شـیردا شـۆردرابێ بێخەوشـن، وشـەکانمان کەلـە هەوێنـی ماسـت پاکـترن پاکانەمـان بـۆ دەکـەن و دڵـمان دەدەنـەوە. خۆزگـە گوێچکەتـان ئـەم وشـانەیان دەبیسـی، کـە وەکـو ئـاوازی عـود و تـار شـیرینن و کاشـکێ لـە مێشـکی خۆتانـدا بڕیارتـان لەسـەر دەدان! مەیموونـەکان لانەکانیـان لـەو لێرەوارانـە دان کـە سروشـت ئـەم شـاخەی پێداپۆشـیون، بـەڵام ناچـارن بـۆ خـۆراك بـەم باسـکانەدا بگەڕێـن، جـا ئەگـەر ئێـوە ڕێگایـان پێنـەدەن لێـرەدا بلەوەڕێـن ئـەوە هیـچ هۆیەکـی زیندەگانییـان بەدەسـتەوە نامێنـێ. ئەڵبەتـە داوای ئـەوە ناکەیـن مەیموونـەکان هەمـوو بەربوومـی باسـکەکانی چیاکـە بۆخۆیـان بـەرن، نەخێـر، تەنیـا بـە تـەوازووەوە تکاتـان لێدەکەیـن سـێیەکەکەی پاوانەکانـی خۆتانیـان بدەنـێ. ئەوسـا ئـەوان هەرگیـز پـێ ناهاوێنـە ئـەو دیـو ئـەو سـنوورانەتانەوە کـە خۆتـان دەستنیشـانیان دەکـەن. ئێمـە لـەوەدا دڵنیاتـان دەکەینـەوە". وەختـێ کەروێشـك لێبـووەوە، باڵنـدەکان هەمدیـس بـۆ ڕاوێـژ گردبوونـەوە و بـە هەمـوو بارێکیـدا بیروڕایـان ئاڵوگـۆڕ کـرد.

لـە ئەنجامـدا بانگـی قەڵـەڕەش کـرا قسـە بـکات "گـوێ بگـرن، گەمژەینـە، بزانـن چیتـان پێدەڵێـم! راسـتە راکانتـان بـێ خەوشـن، بـەڵام قسـەکانتان دەتانـەوێ رای ئێمـە بزانـن؟ هـەر تەیرێکـی لێـرەدا کۆبوونەتـەوە و هـەر بوونەوەرێکـی سـەر لەشـت دەربـکا، بـاش دەزانـێ ئێـوە پێشـنیاز دەکـەن ئێمـە سـێیەکەکی عـەردی خۆمـان بدەینـە مەیموونـەکان. باشـە ئەمـە چیـترە ئـەوە نەبـێ خاکـی باڵنـدان بدزیـت کـە لەسـەر هەقـن و بیدەیتـە مەیموونـان کـە ناهەقـن!؟

"ئەمـە مانـای ئەوەیـە دەسـت لـە پشـتی رێگـران بدەیـت بـۆ رێگرتـن کـردن، یاخـۆ گورگـی دەسـتگیرکراو بەڕەڵلاکـەی بـڕوات، هـا؟ بێگومـان بیرتـان لـە ئاشـتبوونەوەیەکی زۆر نایـاب کردۆتـەوە! بـەڵام نەکـەن ئـەم جـۆرە مەرجانـە بەسـەر ئێمـەدا بسـەپێنن! گومانـی تێـدا نییـە، کار بارێکـی جـودای دەبـوو ئەگـەر ئێمـە ناچـار بوایـن، بیـر لـە فرۆشـتنی بەشـێکی وڵاتـی خۆمـان بکەینـەوە. ئەوسـا پێویسـتمان تەنهـا بـەوە دەبـوو بزانیـن مەیموونـەکان ئامـادەی چ نرخێـك بـوون بیـدەن!

لـەم خاڵـەدا، کەڵەشـێر پێشـنیازەکەی خـۆی خسـتەڕوو: "باڵنـدەکان، هـاوڕێ تووکنـەکان! ئەگـەر رووبـەڕووی کاروبـاری مـەزن بینـەوە، یـا هـی بچـووك هەمیشـە پێویسـتە گـوێ لـە بیـروڕای گشـت قسـەکەرێك بگریـن، چونکـە زۆر زەحمەتـە بتوانیـن لـە تەنیـا کەسـێکەوە مەبەسـتی هەمـووان تێبگەیـن. جـا دەبـێ قسـە لەسـەرەتاوە تـا کۆتایـی ببیسرێـن و بایەخـی زۆر و تایبەتیـان پـێ بدرێـت. چونکـە زۆر دووره لـە تەنیـا تیلمـە و پارچۆکانـەوە شـتێکی دروسـت و تـەواو بێتـە کایـەوە! ئێـوە ئەگـەر بـە کـردەوە بـە دۆڵێکـی ناوشـاخاندا گـوزەر نەکـەن ناتوانـن بەراسـتیی درێژییەکـەی دیـاری کـەن و تاکـو بەنـاو رووبارێکـدا نەکـەون قوڵاییەکەیتـان بـۆ ئاشـکرا ناکرێـت. جـا ئێمـە تەنهـا ئـەو کاتـە تێدەگەیـن مەسـەلەیەك راسـتە یـا نـە، کـە دەگەینـە کۆتاییەکەیـەوە ئێمـەش وەختـێ داوامـان لێتانکـرد بەشـێك لـە خاکـی خۆتـان بـدەن بـە مەیموونەکانـا هەرگیـز هیـچ نیازێکـمان نەبـوو زیانتـان

پـێ بگەیەنیـن، بەڵکـو ئـەوە تەنیـا نیـوەی یەکەمـی پێشـنیازەکەمان بـوو. ئێسـتێ گـوێ بـۆ نیوەکـەی تریـش هەڵخـەن:

"ئێـوە خۆتـان دەڵێـن دەبـێ مەیموونـەکان نرخێکـی بـاش بـۆ خاکەکەتانـا بـدەن، بەڵـێ پێویسـتە ئێـوە کرێیەکـی زۆر چـاك وەربگـرن، دەشـێ بپرسـن "چەنـد؟" باشـە لەنێـو جەنگەڵستانی مەیموونەکانیشـدا بـێ ئەژمـار لانـەی باڵنـدان هـەن، ئـەو لانانـە لەمـەو بـەر و ئێسـتایش هـەر لەوێـدان. ئێمـە لێتـان دەپرسـین "ئایـا جەنگەڵسـتان لـە راسـتیدا ئـی مەیموونـەکان نییـە؟" خـۆ ئەگـەر هـی ئـەوان بێـت ئـەوە لێتـان دەپرسـین "ئاخـۆ ئێـوە چیتـان بـەوان داوە لـە جیاتـی ئـەوەوە تـا ئێسـتێ تەحەمولـی هێلانەکانـی ئێوەیـان لـە خاکـی خۆیانـدا کـردووە؟ ئایـا ئێـوە ئامـادەن لەمەوپـاش شـتێکیان بدەنـێ؟ جـا ئەگـەر نیـازی هیچتـان نییـە بیاندەنـێ کەواتـە بۆچـی بیـر لـەوە ناکەنـەوە هێلانەکانتـان لـەوێ بگوێزنـەوە! شـتێکی ئاشـکرایە چونکـە هیـچ کوێیەکـی ترتـان نییـە بـۆی بـڕۆن. بۆیـەکا دەبـێ هەروەکـو جـاران لەوێـدا بژیـن.

"ئێسـتا مەیموونـەکان لـە شـوێنی خۆتـان دانێـن و خۆیشـتان لـە شـوێنی ئەوانـا. ئـەو حەلـە ئەگـەر بەمشـێوەیە سـەیری مەسـەلەکە بکـەن، بـە ئاسـانی تێدەگـەن چـی راسـتە و چ چەوتـە. بـەڵام ئەگـەر تەنهـا لەیـەك روویـەوە سـەیری مەسـەلەیەك بکرێـت ئـەوا ئەوەنـدە گەمژەییـە هەروەکـو گامێشـێکی کوێـر بـەرەو پاوانـان لێخوڕیـت ئاوایـە!".

***

*تێبینـی: هەرچەنـدە لـە دەقـە بڵاوکراوەکەیـدا بـە ئینگلیـزی، تـا ئێـرە نـووسراوە و باسـی ئەنجامەکـەی نەکـردووە، بـەڵام هەروەکـو لـە پێشـەکییەکەیدا دەردەکەوێـت، دیـارە باڵنـدەکان بـەو پێشـنیازە قایـل بـوون و کێشـەکە بەمشـێوەیە لـە نێوانیانـدا چارەسـەر کـراوە (وەرگێـڕ).*

*لـە گۆڤـاری (New orient)ی چیکۆسـلۆفاکی بـە زمانـی ئینگلیـزی ژمـارە "٦" سـاڵی ١٩٦٢ (١٩٦٢/٦) وەرگیـڕدراوە و ئامـادە کـراوە.*

# ئەستێرەکە

**نووسەر: ئێچ جی وێلز**

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مەجید ئاسنگەر

(یەکێـك لـە خەیاڵـە زانسـتییە هەمیشـە زیندووەکانـی (ئێـچ- جـی. وێڵـز) ئاخـۆ چـی روودەدات ئەگـەر ئەسـتێرەیەکی بەڕەڵابـوو بێتـە نێـو کۆمەڵـەی خـۆری ئێمـەوە.)

کـەم کـەس، لەوانـەی راهێنانێکـی ئەوتۆیـان لـە زانسـتدا نییـە. دەتوانـن دەرك بـە گۆشـەگێرییە بـێ ئەندازەکـەی (کۆمەڵـەی خـۆر) بکـەن. رۆژ بـە ئەسـتێرە گەڕۆکـە بچووکەکانیـەوە، بـەو گەردیلانـەوە کـە بـە دەوریـدا دەسـووڕێنەوە. بـەو نەیـزەك و شـەهابە هێجـگار وردیلانەیـەوە: لـە بۆشـاییەکی ئەمەنـدە فراوانـی بـێ ئەنـدازەدا مەلـە دەکات کـە خەیـاڵ هەرگیـز پـەی پـێ نابـات. لـە پشـت مـەداری (نیتپـۆن)دا بۆشـاییە. نـە گەرمـی و رووناکـی تێدایـە و نـە دەنگیـش. بـۆ مـاوەی

بیسـت ملیـۆن جـار ملیـۆن میـل بۆشـاییەکی بەتاڵـە ئەوەیـش کەمتریـن ماوەیـە کـە دابنرێـت بـەر لەگەیشـتن بـە هـەرە نزیکتریـن ئەسـتێرەیەك و سـا بێجگـە لەژمارەیەکـی کـەم لـە نەیـزەك و شـەهاب کـە قەوارەیـان نەختـێ لـە باریکتریـن گـڕەوە ئەسـتوورترە هیـچ ماددەیـەك هەرگیـز بـەم کەنـداوی بۆشـاییەوەدا تێنەپەڕیـوە. هەتاکـو لـە سـەدەی بیسـتەمدا گەرۆکێکـی نەنـاسراوی عەنتیکـە بەدەرکـەوت کـە بریتـی بـوو لـە تەنێکـی هێجـگار زەبەلـلاح و بـێ خەبـەردان زۆر بەتیـژی لـە نهێنـی رەشـایی ئاسـمانەوە بـەرەو رووناکـی خـۆر تەکانـی دەدا. رۆژی دووەم بەهـەر ئامێرێکـی چـاك بـە روونـی دەبیـنراو لـە ماوەیەکـی کەمـدا وای لێهـات بـە دووربینێکـی ئاسـاییەوە ببینرێـت. لـەرۆژی سـێهەمدا خوێنەرانـی رۆژنامـە بـۆ یەکەمجـار لـە گرنگـی ئـەم دیاردەیـەوە ئـاگادار کرانـەوە.

رۆژنامەیەکـی لەندەنـی بیـروڕای دۆچیـن (Duchaine) ی زانـای بڵاوکـردەوە کـە ئـەم ئەسـتێرە بیانییـە نوێیـە دەشـێ لەگـەڵ (نیپتـۆن)دا خۆیـان لەیـەك بـدەن. بـەم چەشـنە لـە زۆربـەی پێتەختەکانـی دونیـادا خەڵـك چاوەڕوانـی روودانـی دیاردەیـەك بـوون لـە ئاسـماندا.

ئـەو شـەوە هـەزاران کـەس چاویـان بـە ئاسـمانەوە رووابـوو، بـەڵام ئەسـتێرە ئاشـناو گۆڕینەکانیـان ببینـن: وەك هەمیشـە و بـێ هیـچ گۆڕانێـك.. بـەڵام لەبەرەبەیانـدا ئـەو تاقمانـەی زوو چوبوونـە بازاڕەکانـەوە (شـتە)کەیان بینـی. ئەسـتێرەیەکی گـەورەی سـپی بـاو لەنـاکاودا بـە ئاسـمانی خـۆردا پەیدابـوو، سـەعاتێکیش بـوو رۆژبـوو بـۆوە ئـەم هێشـتا هـەر دەدەرەوشـایەوە. سـپی و گـەورە، وەك خەپلەیەکـی چووکەڵـەی بازنەیـی دیـار و بریسـقەدار. لـە سـەدان روانگـەی ئەستێرەشوناسـییەوە پەشـێوی و واق وڕمـان پەنگیـان خواردبـۆوە. لـە کاتێکـدا تەنـە دوورە دەسـتەکە بـە هەڵـەداوان رووەو (نیپتـۆن) هەڵمەتـی دەبـرد پەلەپـەل بـوو بـۆ کۆکردنـەوەی ئامـرازی فۆتۆگرافـی و سپێکترۆسـکۆبەکان بـۆ تۆمارکردنـی ئـەم دیمەنـە سەرسـوڕهێنەرەوە. وێرانبوونـی جیهانێـك! چونکـە

بەراستی جیهانێك بوو، خوشك ئەستێرەیەكی خۆمان بێگومان كە ئە ئاوا لەناكاودا رووبەڕووی مەرگەساتێكی گڕاوی بووبووەوە.

(نیپتۆن) راستەوخۆ پانەوپان لەلایەن ئەستێرە نەناسراوەكەی ئەودیو بۆشاییەوە لێدراو گەرمی لێكدانەكە دوو ئەستێرە رەقەكانی گۆڕین بۆ گڵپەیەكی گەرمی هێجگار ناقۆڵاوە. ئەو رۆژە دوو كاتژمێر پێش بەیان ئەستێرە زلە سپی باوەكە بە دەوری جیهاندا رۆیشت و تەنیا ئەو كاتە ونبوو كە لە رۆاوادا نقومبوو بوو خۆر لە ئاسماندا بەرز بۆوە. دووەمجار كە هاتەوە سەر ئەوروپاوە، لەگشت شوێنێكیدا كۆمەڵانی تەماشاكەران بەسەر هەڵدێری گرد و تەپۆلكانەوە، بەسەربانانەوە، لەدەشت و دەوراندا، بێداربوون: چاویان بڕیبووە خۆرهەڵات و چاوەڕوانی هەڵهاتنی ئەستێرە زلە تازەكە بوون كە هەڵهات شەوقێكی سپی لە پێشەوەیە هەروەك گڕێكی ئاگری سپی. سەرتاپای دونیای رۆشن كردەوە. ئەوانەی شەوی پێش نزیكبوونەوەكەیان دی بوو كە چاویان پێكەوتەوە هاواریان لێهەڵسا و قیژاندیان: "ئێستێ گەورەترە و بە شەوق تریشە! كەچی لە نۆرینگە تاریكەكاندا زانا ئێشك چییەكان هەناسەیان لەخۆبڕیبوو بەحەپەساوییەوە خێسەیان لێك دەكرد و دەیانگوت: "نزیكتر بۆتەوە و نزیكترا!" چركە چركی تەلگراف ئەم وشەیەی قۆستەوە و بە نێو تەلەكانی تەلەفۆندا لەرزییەوە و لە هەزار شاردا نووسەران پەنجەیان گەیاندە چاپەوە. "نزیكترە". پیاوان كە لە هەزاران شوێندا گفتوگۆیان دەكرد لەناكاو بڕیارێكی ئەندێشەییاندا بەسەر وشكانەوە، ئەو رۆژەیش وەك براكەی بەرایی چووە سەر و لەگەڵ دوا پاسەوانانی تاریكایی تەماویدا ئەستێرە بیانییەكە هەمدیسان بەرز بۆوە. ئەمجارەیان هێندە گەش بوو كە مانگی چوارده لە ئاستیدا دەتگوت تەنیا شەبەحێكی كاڵی خۆیەتی و هیچی تر.

هەموو سووچێكی جیهان ئەو شەوگارە بێداربوو زەنگ لە ملیۆنەها قوللەی كلیساكاندا بە گوێی خەڵكیاندا دەدا كە چیتر تاوان نەكەن بەڵكو

لـە کلێسـاکانا بـۆ نوێژکۆببنــەوە و بپاڕێنــەوە. شـەقام و خانــوو هەمــووی روونــاك بــوون ئاوکۆکانــی کەشــتییەکان دەدرەوشــانەوە، هــەر چ رێگاوبانــێ کــە بــەرەو بەرزاییــەکان هەڵکشـابوون بـە درێژایـی شـەوگارە مۆنجەیـان دەهـات لـە خەڵکـدا. لەسـەرجەمی دەریاکانیشـدا پاپـۆڕە پڕاوپـڕ لــە خەڵکــەکان رووە و ئۆقیانــووس و بـەرەو باکـوور ئامـادەی هەڵاتـن بـوون. ئەمەیـش چونکـە پێشـەکی ئاگادارییەکـی پسـپۆرێکی ماتماتیکـزان لەسـەرتاپای جیهانـدا بەبرووسـکە راگەیاندرابـوو، ئەسـتێرە تازەکـە و (نیپتـۆن) بەدەسـت لەملانێیەکـی ئاگرینـەوە زۆر بـە تـەوژم و راسـتەوخۆ رووە و خـۆر تەکانیـان دەدا.

لەهــەر چرکەیەکـدا ئــەم تۆپەڵــە گڵپــە دارە ســەد میلــی دەبــڕی و لەهــەر چرکەیەکیشــدا تەوژمــە تۆقێنەرەکــەی زیاتــر دەبــوو. ئێســتێ کــەوا بەئاســمانەوە دەفـڕی دەبــوو ســەد ملیــۆن میــل لــە زەمیــن دوور بکەوتایەتــەوە. بــەڵام لــە نزیـك رێـڕەوە دیاریکراوەکەیـەوە ئەسـتێرە بـە هێزەکـەی (جووپیتـەر) موشـتەری و مانگەکانــی زۆر خێــرا دەســووڕانەوە ســەربەرزانە و لەســەرەخۆ بــەدەوری رۆژدا دەخولانــەوە.

هــەر چاوتروکانێـك هێنـدێ راکێشـانی نێـوان ئەسـتێرە ئاگراوییەکـە و هێـزە هــەرە مەزنەکــەی ئەســتێرەکانی تــر زیاتــر پــەرەی دەســەند. باشــە ئــەدی ئەنجامــی ئــەو راکێــش راکێشــە؟ چارنییــە (جووپیتــەر) لــە خولگــەی خۆیــدا دەترازێنرێــت و دەخرێتـە سـەر رێڕەوێکـی هێلکەییـەوە، ئەسـتێرە ئاگراوییەکـەش کـە لـە ئەنجامـی ئــەو راکێشــانە رێــرەوی تەکانــە بــەرەو خۆرەکــەی لــێ دەگۆڕدرێــت، رێڕەوێکــی لار بۆخــۆی دەگرێتــە بــەر و لەوانەیشــە لەگــەڵ زەمینــی ئێمــەدا خۆیــان لەیــەك بــدەن و بێگومــان زۆر لــە نزیکیــەوە تێپەڕێــت.

"بوومەلــەرزە ســەرهەڵدان و تەقینــەوەی بۆرکانــەکان، گێژەلووکــە و گــەرداو، لافـاو تۆفـان، بەرزبوونەوەیەکـی بەردەوامـی پلـەی گەرمیـی بـۆ نازانـم چ سـنوورێك ئــە ئــاوا پرۆفیســۆرە ماتماتیــك زانەکــە پێشــبینی کردبــوو.

بـەڵام ناشـێ تـۆ وای دابنێیـت کـە سـەراپای دونیـا بـە هـۆی ئەسـتێرەکەوە ترسـە تۆقێنەرەکەیـان لێنیشـتبوو. نەخێـر لـە دە بەشـان نـۆ بەشـیان هـەر بـەکار و فەرمانـی ئاسـایی خۆیانـەوە خەریـك بـوون. ڕۆژنامـەکان سـووربوون لەسـەر دەرزیەکـەی سـاڵی یـەك هـەزار چونکـە ئەوسـایش خەڵکەکـە پێشـبینی کۆتاییەکەیـان کردبـوو. ئەسـتێرەکە تەنیـا غـاز بـوو، ئەسـتێرەیەکی کلکـدار لەوانەیـش بـوو نەتوانـێ خـۆی لـە زەوی بـدات، لەوەوپێـش هەرگیـز شـتێکی ئـە ئـاوا رووی نەدابـوو، هەسـتی دروسـت لـە هەمـوو شـوێنێکدا پتـەو و چەسـپاو و گاڵتـەی بەوانەیشـەوە دەهـات کـە تۆقـی بـوون و بگـرە نەختێکیـش حـەزی دەکـرد ئازاریـان بـدات.

ئـەو شـەوە لـە حـەوت و چارەکێکـدا بەکاتـی (گرنیـچ) ئەسـتێرەکە دەگاتـە نزیکتریـن شـوێن لـە ”جووپتـەر“وە ئەوسـا جیهـان چـاوی بـە چارەنووسـی شـتەکان دەکـەوێ و دەبینـێ چ شـێوەیەك وەردەگـرن، بـەڵام لێـرە بـەدواوە قاقـای پێکەنیـن و ئێسـتا ئەسـتێرەکە گـەورە بـوو، سـەعات بـە سـەعات و بـە بەردەوامییەکـی ترسـناکەوە تـا دەهـات زلـتر و گەشـتر دەبـوو تـا وای لێهـات شـەوەکەی گـۆڕی بـە ڕۆژی ڕوونـاك. شـەوی پاشـتر بەسـەر (ئەمەریـکا)دا هـەڵات بـە قەبارەیەکـی نزیـك لەهـی مانگـەوە، بـەڵام هیجـگار گـەرم، بەجـۆرێ هەرچـی سـەیری بکردایـە ڕەشـایی لـە چاویـدا نەدەهێشـت. هەناسـەبایەکی زۆر گـەرم هەڵیکـرد و تـا دەهـات تەوژمـی دەسـەند. بەسـەر (ڤەرجینیـا) و (بەرازیـل لـە خـوارووی دۆڵـی (سـانت لۆرانـس)دا ئەسـتێرەکە بەنێـو ڕەوە هـەوری دووکـەڵاوی و بـە گرمەگرمـی هـەورە تریشـقە و برووسـکەداری تیـژ ڕەودا سـەرەتاتکێی دەکـرد و برووسـکەی ڕەنـگ بنەوشـەیی نـاوە نـاوە دونیـای دادەگیرسـاند و دەکوژایـەوە و ئینجـا دایکـردە تەرزیەکـەوە هەرگیزاوهەرگیـز وێنـەی نەبینرابـوو (لـە مانیتوبـا) دا بەفـر توایـەوە و لافـاوی وێرانـکار گشـت لایەکـی گرتـەوە. لەسـەر هەمـوو شـاخەکانی بـان زەویـدا بەفـر و سـەهۆڵبەندان کەوتنـە توانـەوە. سـەرجەم

رووبارەکانــی شــوێنە بــەرزەکان کــۆلاو کــۆڵ پــڕ و بــە لرفــە لــرف هەڵســابوون و درەخــت و لاشــەهای گیانلەبــەر و ئادەمیزادیــان لــوول و راپێچــەك دەدا، زێیــەکان تــا دەهــات لەنێــو پرشــنگە ترســناکەکەوە زیاتــر هەڵدەســتان و بــە نەرمــی بەســەر لێوارەکانیانـــدا دەپـــڕژان بـــە شـــوێن دانیشـــتووانی دۆڵەکانیانـــەوە کـــە ئێســـتێ هەڵدەهاتــن، بــە درێــژی کەنــاری (ئەرجەنتیــن) و ســەرووی (ئەتلەنتیکــی باشــورو) یشــەوە خێــراوەکان هێنــدە بەرزبووبوونــەوە کــە ئەوەنــدەی بەبیــری ئادەمیــزاد بێــت شــتی ئــە ئــاوا هەرگیــز رووی نــەداوە، گەرداوەکانیشــی دەیــان میــل ئاوەکانیــان بــۆ ســەر ویشــکانی رادەپێچیــن و چەنــدان شــاریان بــە تــەواوی لەئــاو نقــووم دەکــرد. ئەوەنــدە گەرمایــی شــەوەکە تینــی ســەندبوو هەڵهاتنــی خــۆر لــە ئاســتیدا وەکــو هاتنــی ســێبەرێ وابــوو بوومەلــەرزە دەســتی پێکــرد.

لەخــواررووی (ئەمەریــکا)دا لــە بازنــەی تــەوەری باشــوورەوە تــا دەگاتــە (کیــپ هــۆرن) گــرد و تەپۆلکــە هەرەســیان دەهێنــا، زەوی دەقڵەشــییەوە، خانووبــەرە و دار و دیــوار ســەراپا رۆدەهاتــن و کاول دەبــوون.

بەمشــێوەیە ئەســتێرەکە، بەخــۆ و بــە مانگــی رەنــگ کاڵــی نێــو پێخەفــی بیــماردا، بەســەر (پاســیفیك) گــوزەری کــرد و گــەرداوی بروســکاوی بــەدوای خۆیــدا هەڵدەکــرد و شــەپۆلە هەمیشــە پەرەســەندووەکان خێــراوەکان کــە بــە شــوێنیدا لووشەلووشــیان بــوو کەفوکۆڵیــان دەکــرد و دوورگــە بــە دوای دوورگەیــان دەکــرد بــە ژێــرەوە و لــە مــەردوم پاکیــان دەکردنــەوە لــە ئەنجامــدا بــە شــەوقێکی چــاو کوێرکەرانــەوە بــە هەناســەیەکی تەنوورییــەوە دیوارێــك ئــاوی پەنجــا پــێ بــەرز وەك برســی و هەڵپەهەڵــپ بەســەر دەشــتاییەکانی (چیــن)دا بــەرەو نــاوەوە هەڵمەتــی بــرد.

بــۆ ماوەیــەك ئەســتێرەکە ئێســتێ گەرمــتر و زلــتر و روناکــتر لەخــۆر لەســاتی هــەرە بەهێزیــدا، بەشــەوقێکی بــێ بەزەییانــەوە وڵاتــە پــان و بەرینــە پــڕ لــە خەڵکەکــەی رۆشــن کــردەوە، شــاروگوندەکان بــە پەرەســتگاو دارودەرختەکانیانــەوە،

بــە ڕێگەوبانــەکان و کێڵگــە فــراوان داچێــنراوەکان و هەروەهــا ملیۆنەهــا خەڵکــی بێخــەو کــە لــە ترســێکی ئومێدبــڕدا چاویــان بــە ئاســمانە هێجــگار بەشــەوقەکەوە رووابــوو، ئەوســایش نــزم و لــە زیادبوونــدا. هــاژەی ســێڵاوان دەهــات. بــاری ملیۆنەهــا پیــاو ئــەوێ شــەوێ بــەم جــۆرە بــوو، هەڵاتێنــك بــوو دەســت و قاچــەکان لــە گەرمانــا قــورس و ســســت، هەناســە ســواروو تەنگــە لافاویــش وەك دیــواری خێــراو ســپی بــە دوویانــەوە، لەپاشانیشــدا مــەرگ. وڵاتــی (چیــن) بــە مەشــخەڵێکی ســپی و گڵپــەدار داگیرســابوو، کەچــی بەســەر (ژاپــۆن) و (جــاوە) و ســەرجەمی دوورگەکانــی ڕۆژهەڵاتــی (ئەفەریقــا)وە ئەســتێرە مەزنەکــە تۆپەڵــە ئاگرێکــی ســووروکاڵ بــوو لەبــەر ئــەو هەڵــم و دووکــەڵ و مشــکییەوە کــە بۆرکانــەکان هەڵیــان دەدانــە دەرەوە بــۆ پێشــوازی کردنــی هاتنەکەیــەوە ســەراپای زەمیــن کەوتــە هەژانــەوە و شریــق و هــۆڕەوە هــەر زوو بەفــرە دێرینەکــەی (تیبیــت و هیمالیــا) کەوتــە توانــەوە و بــە لێشــاو بەنێــو ملیۆنەهــا کەنــداوان دا کــە تــا دەهــات قووڵــتر دەبوونــەوە، بەســەر دەشــتاییەکانی (بۆرمــا) و (هیندوســتان)دا دەڕژانــە خــوارەوە ســەرە تێــك قژاوەکانــی جەنگــەڵ و دارســتانە چڕەکانــی (هینــد) لــە هــەزار شــوێندا گڕیــان گرتبــوو. لــە ژێــر ئــاوە تێژڕەوەکانــدا بــە دەوری قــەدی درەختەکانــەوە زۆرەهــا شــتی ڕەش هەبــوون کــە تــا ئێســتا بــە ســستی کۆششــیان دەکــرد و گــڕ وەك خوێــن ســوور هەڵگەڕاوەکانــی ئاگریــان دەبریســکاندەوە، کۆمەڵانــی ئافــرەت و پیــاوی شــپرزە بــە ڕێچکــەی رووبارەکانــدا ســەرەوخوار هەڵدەهاتــن، بــۆ تەنیــا دوا هیواکــەی ئادەمیــزاد دەریــای پــان و بەریــن!

ئەســتێرەکە تــا دەهــات زلــتر دەبــوو، گەرمــتر و بڵێســتەدارتر، خێراییەکەشــی ئێســتێ تۆقێنــەر بــوو.

گەردەلوولــی هەڵــم لــەو شــەپۆلە ڕەشــانەوە هەڵدەســتا کــە بــێ پســانەوە و زۆر بــە گــوڕ شــاڵاویان دەهێنــا و لەگــەڵ ئــەو پاپۆرانــەدا کــە گــەرداو یــاری پێدەکــردن دەبــوون بــە خــاڵ بەســەر رووی دەریــاوە. تێکــڕای دەشــتاییەکانی

(هینـد) ئـەو شـەوە بوونـە بیابانێکـی تەنـکاوی بریسـقەدار. پەرسـتگا و کۆشـك و تـەلارەکان و گـرد و تەپۆلکـەکان کـە لـە خەڵکـدا رەش داگەڕابـوون تیایـدا بـەرز دەچوونـەوە. هەمـوو منارەیـەك، وەکـو هێشـوو، تۆپـەڵ خەڵکیـان تێـوە ئاڵابـوون، ئـەو خەڵکـەی چونکـە گەرمـا و تـرس چۆکیـان پێدادابـوون یـەك بـەدوای یەکـدا بـۆ نـاو ئـاوە لێڵەکـە خلـۆر دەبوونـەوە.

لەوکاتـەدا (موعجیزەیـەك) روویـدا، لەنـاکاو، کاتـێ ئەسـتێرەکە بەسـەر (هینـد) ەوە هەڵواسرابـوو، سـێبەری باڵـی بەسـەر ئـەو کـوورەی بـێ ئومێدییـەدا هەڵکێشـا. ئینجـا هەناسـەی کزەبایەکـی فێنـك هاتـوو ئەوجـا لـە هـەوا ساردەوەبووەکەوە رەوە هـــەور گردبوونـــەوە و پیـــاوان بـــە نیمچـــە کوێرییەکـــەوە چاویـــان بڕیبـــووە ئەســـتێرەکە و روانیـــان وا پەیکەرێکـــی رەش بەســـەر رووناکییەکـــەدا دەکشـــا، کۆمەڵـێ ئـەوە مانـگ بـوو هاتبـووە ناوەنـد ئەسـتێرەکە و زەمینـەوە. تەنانـەت کـە پیـاوان لـەم سـاتەی حەسـانەوەدا لەبـەر خـوادا دەپاڕانـەوە، لەخۆرهەڵاتـدا، بـە تەوژمێکـی سـەمەرە و هـۆ نەزانـراوەوە رۆژ دەرپـەڕی. ئینجـا ئەسـتێرەکە و رۆژ و مانـگ سـێ قۆڵـی بەیەکـەوە بـە ئاسـماندا تیـژ تێپەڕیـن. جـا ئێسـتێ بـۆ چاودێـرە ئەوروپییـەکان ئاوابـوو، ئەسـتێرە و خـۆر لەیـەك نزیـك و بەسـەریەکەوە هەڵهاتـن و سـەرەورۆیانە بـەرەو بۆشـاییەك تێیـان تەقانـد.

ئینجـا نەختـێ هێواشـتر و لـە دواییـدا پشـوویەکیان دا ئەسـتێرە و خـۆر یەکیـان گرتـوو بـوون بەیـەك مەشـخەڵی گـڕ لـە چەقـی ئاسـماندا. چیـتر مانـگ بـەری ئەســتێرەکەی نەگــرت و بگــرە خۆشــی لەنێــو رووناکییــەوە بــە شــەوقەکەی ئاسـماندا هـەر لـە چاویشـا ونبـوو، جـا هەرچەنـد ئەوانـەی تـا ئەوکاتـە لـە ژیانـدا مابـوون زۆربـەی کات خۆیانیـان لـێ گێـل کردبـوو گەوجانـە و بـێ بـاك تێوەیـان دەڕوانـی.. بـەڵام هێشـتاش پیـاوی وا هەبـوون لـە مانـای ئـەم نیشـانانەوە تێبگـەن، ئەسـتێرەکە و زەمیـن گەیشـتبوونە ئەوپـەڕی نزیکیانـەوە، یـەك بـە دەوری یەکـدا سـووڕابوونەوە و ئەسـتێرەکە رەت بوبـوو، ئێسـتاکێ لـەدوا قۆناخـی گەشـتە

بێ جڵەوەکەیدا خێراتر و بەگوڕتر، کەوتبووە پاشەکشە.. سەرەوخوار بۆ نێو ڕۆژەوە!

لەپاش ئەوەدا هەوران گردبوونەوە، هەورە تریشقە و برووسکە چارشێوێکیان بە دەوری گێتیدا تەنی، لەسەرتاپای زەویدا ڕەهێڵەو شەستە بارانێکی ئەوتۆ دایکرد مرۆڤ لەوە پێش هەرگیز نەدیبوو. لەو شوێنانەدا کە بوڕکانەکان روو بەڕووی خێوەتی هەورەوە لە پڕ سوور هەڵدەگیرسان لێشاوی قوڕ و لیتە چۆراوگەیان تیادا دەبەست. لەگشت لایەکەوە ئاوەکان هەڵسابوون و خۆر بەسەر وشکانییەکاندا رادەبوردن و شوێنەواری وێرانەی لیتە و قوڕاوییان جێدەهێلا. زەویش وەکو لێوارێکی نوقمی گەرداو پڕی بوبوو لەو هەموو شتانەوە کە سەر ئاوکەوتبوون لەتەك لاشەی بێ گیانی ئادەمیزاد و جانەوەرانەوە ئەو رۆژانەیش کە بە دوای ئەستێرەکە و گەرماییەکەدا هاتن رۆژگاری تاریکی بوون بۆ ماوەی چەندان حەفتە و هەیڤەوە بوولەرزە هەر بەردەوام بوون.

بەڵام ئەستێرەکە گوزەری کردبوو، مرۆڤیش کە برسیەتی وزەی لەبەردا بڕیبوو زۆر لەسەرخۆ زاتی وەبەر دەهاتەوە، وردە وردە خشینەوە، بەرەو شارە کاول بووەکانیان و ئامباری دانەوێڵەی بن قوڕ و لیتە کەوتووەکان و باخ و کێڵگە لەئاودا خنکاوەکانیانەوە ئەو ژمارە کەشتییانەش کە لە چنگ گەرداوەکان دا رزگاریان بووبوو. بە تێکشکاوی وەك گێژ زۆر گران و بە ترسەوە بەتاقی کردنەوە و پێوانی قووڵی لە دەریاوە. بەنێو تەنکاوە تازەکاندا هاتنەوە، کە سەردەمێك بەندەری ئاشنا و ناسراوبوون ئەوجا کە گەرداوەکان رەوینەوە و مرۆڤ بۆی دەرکەوت کە لە هەموو شوێنێکدا رۆژگار درێژتر بوون لەجاران و خۆر زلتر و مانگ کە تەنیا بەقەد سێیەکی قەوارەی پێشووی لێهاتبۆوە، ئێستێ لە نێوان نوێبونەوەیەك و نوێبوونەوەیەکی تریدا هەشتا رۆژی رەبەقی دەخایاند. ئەستێرەناسانی تایبەت لە (مەریخەوە) ئەم رووداوانە بە

قووڵـی و لـە ناخـڕا سـەرنجیانی راکێشـابوون. ”ئەگـەر سـەرنج بدەینـە بارسـتایی و پلـەی گەرمـی ئـەو مووشـەکەوە کـە بەنێـو (کۆمەڵـەی خـۆری)ی ئێمـەدا بۆنـاو رۆژ تەقێنرابـوو، یەکێکیـان نووسـی: ”شـتێکی سەرسـوڕهێنەرە زەوی کـە زۆر بـە زەحمـەت لـە پێکانـی مووشـەکەوە رزگاری بووبـوو، ئـەم زیانـە کەمـەی لێکەوتـەوە؟

گشـت نیشـانە جیاکـەرەوە ناسراوەکانـی کێشـوەرەکان و بارسـتایی دەریـاکان وەکـو خۆیـان ماونەتـەوە.

لـە راسـتیدا تەنیـا جیاوازییـەك وا پێدەچـێ کـەم بـوون و پووکانـەوەی رەنـگ سـپی هەڵگـەڕان بێـت (کـەوا دانـراوە ئـاوی بەسـتەڵەك بـێ) لـە دەوری هـەر دوو تەوەرەکانـدا، ”ئەمەیـش تەنیـا ئـەوە دەگەیەنـێ کـە گەورەتریـن کارەسـاتێکی ئادەمیـزاد بـۆی هەیـە چەنـد چووکەڵـە بێتـە بەرچـاو لـەدەوری چەنـد ملیـۆن میلێکـەوە).

سەرچاوە:

the readers digest volume 37 October 1958 P.P 173- 180

گۆڤاری (کاروان) ژمارە ١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٣

# کلکە سەگ

**عەزیز نەسین**

مەجید ئاسنگەر: لە ئینگلیزیەوە وەریگێڕاوە

*(بەزمەسات) رەگ و ریشەیەکی دوورودرێژی لە وێژە و هونەری میللی تورکیدا هەیە. کلاسیکییە کۆنەکان و تەنانەت شاعیر و نووسەرە نوێخوازەکانی ئەم دواییەش هەوەسیان بە گەشە و برەوپێدانیدا هاتووە. ئەدەبی بەزمەسات (نەك هەر لە لایەن (seyhi) یەوە کەلە ساڵی ١٤٢٠ هاتۆتە دونیاوە، و زۆران کلاسیکی تریشەوە بەکار هێنراوە، بگرە لەلایەن (عمر سیف الدین)یشەوە (١٨٨٤-١٩٢٠) کە یەکێکە لە رۆمان نووسە هەرە ناسراوەکان بەکارهاتووە. عەزیز نەسین تەواوکەری رێبازی بەزمەساتە لە وێژەو هونەری میللی تورکیدا. ئەم لە ئەستەمبووڵ لەدایك بووە. ساڵی ١٩٣٥ قوتابخانەی سوپایی و ساڵی ١٩٣٧ ئەکادیمیەی سەربازی تەواو کردووە و قوتابخانەی سەربازیی*

تەکنیکیشـی لـە ١٩٣٩دا لـە سـاڵی ١٩٤٤ دەسـتی بـە بڵاوکردنـەوەی یەکەمیـن وتارەکانـی کـرد لـە گۆڤـاری (بـەدی گـون)دا لـە ١٩٤٥ دا گوێزایـەوە رۆژنامـەی تـان (tan) و چەندەهـا سـکێش و راپۆرتـی بـۆ دەنـارد. لـە ١٩٤٦دا گۆڤارێکـی گاڵتەجاڕیـی بەنـاوی (مارکۆپاشـا)ەوە دەرکـرد و لـە ١٩٥١دا بـووە خاوەنـی نامەخانەیەکـی تایبەتـی خۆیـەوە. لـە ١٩٥٢وەك وێنەگـر بـۆ (بـای ئۆگلـو) beyoglu ئیشـی کـرد و لـە ١٩٥٣ بۆتـە پەیامنێرێکـی بەردەوامـی گۆڤـارە گاڵتەجاڕییەکانـی akbada و dolmus. ئێسـتاش ئەندامێکـە لـە دەسـتەی نووسـەرانی رۆژنامـەی Aksam دا.

لـە مـاوە کورتەکـەی کاری ئەفراندن (داهێنان)یـدا ٣٤ کتێبـی نووسـی: زۆربەیـان چیرۆکـی گاڵتەجاڕیـی و سـەتیرن. لەمانـەدا چواریـان رۆمـان و دوو کۆمیدیـان. عەزیـز نەسـین شۆڕەسـوارێکی بـێ هاوتـای ئەدەبـی گاڵتەوگەپـی تورکییـە بەهەمـوو سـیفەتە تایبەتییەکانـەوە. هەربەمەشـەوە دابیـن نابـێ کـە هەسـتی بـەزم و پێکەنینـی خوێنەرانـی بوروژێنـێ و بـەس، بەڵکـو هانیـان دەدات بیربکەنـەوە. هەروەهـا بـە چاوێکـی زۆر تیـژ و وردبینـەوە هەمـوو شـتێ لـە ژیانـی میللەتەکەیـدا دەبینـێ و ئازایانـە و بـێ تـرس لەبارەیانـەوە دەنووسـێ، بـۆ ئەمەیـش چەنـدان جـار زیندانـی کـراوە. عەزیـز نەسـین ئاوێنەیەکـی لار د ەخاتـە بـەردەم شـتەکانەوە تاکـو هەڵـە و چەوتییـەکان ئاشـکراتر بێنـە بەرچـاوەوە. لـە هەمـوو شـتێ زیاتـر حـەز بـەوە دەکات رەخنەکانـی ئاراسـتەی هەمـوو ئەوانـەوە بـکات کـە بـەدن، سـاختەن، ناڕاسـتن، کـەم و بێمێشـکن، لـە نووسـیندا شـێوازێکی تایبەتـی بـۆ هاوتـای هەیـە، لەکاتێکـدا بەتـەواوی دەمانخاتـە قاقـای پێکەنینـەوە، هەمـان کات لـە شـێوەی (سـەتێرێکەوە) لـە ژیانـی راسـتەقینەی تورکیامـان بیـدار دەکاتـەوە، تابلۆیەکـی (واقیعـی) بـۆ ژینـی خەڵکـە رەمەکییەکـە دەکێشـێ کـە ئێمـە هێندەیـان دەربـارەوە نازانیـن.

***

کاتێـك بەنێـو گوندەکانـدا ڕەت دەبوویـن یـەك شـت زۆر سـەرنجمی ڕاکێشـا، سـەگەلێکی زۆرمـان بینـی بـەڵام هیـچ کامێکیـان کلکیـان پێـوە نەبـوو، بـە ڕابەرەکەمـم وت کـە مامۆسـتایێ بـوو "هەمومـان دەیزانیـن و لامـان ئاشـکرایە دێنشـینەکان گوێچکـەی سـەگەکان لێدەکەنـەوە، خـوێ و بیبەریـان لێـدەدەن و دەیدەنـەوە بـە سـەگەکان بیخـۆن هەتاکـو (دڕتـر) یـان بکـەن، بـەڵام هەرگیـز مـن گـوێ بیسـت نەبوومـە کلکـی سـەگەکانیان ببـڕن."

"دەشـێ ئەمەیـان جـۆرە پەروەردەیەکـی تایبەتـی سـەگان بێـت" مامۆسـتاکە وەڵامـی دامـە. هـەر لەیەکەمیـن گونـددا لـەو پیرەمێـردەم پرسـی کـە ئێمـەی بـردەوە ماڵـی خۆیـان "بـۆ سـەگی ئێـرە کلکیـان نییـە، ئایـا ئەمـە جـۆرە پەروەردەیەکـی تایبەتـی سـەگانە؟" پیرەمێـردە بەگرژییـەوە، "ئـەم باسـە حەکایەتێکـی لەسـەرە، ئەگـەر قەڵسـت نـاکات دەتوانـم بۆتـی بگێڕمـەوە" ئەمـەی گـوت و دەسـتی پێکـرد.

"جارێکیـان مودیـری ناحیـە ئـەم فەرمانـەی لای خـوارەوەی بـۆ ناردیـن، (لەسـەر گوندەکەتـان بڕاوەتـەوە کـە پێویسـتە هـەر سـاڵێ سـی سـەر (یەکانـە) بـەراز بکـوژن) بـە بیسـتنی ئـەو فەرمانـەوە هەمـوو شـڵەژاین، دەسـتێکمان کەوتـە پـاش و دەسـتێکمان کەوتـە پێـش. گوندییـەکان بەمنیـان گـوت: "تـۆ زۆر زیرەکیـت و هـەر خـۆت سـەرت لـەم جـۆرە کارانـەدا دەردەچـێ، بچـۆرە لای مودیـری ناحیـە و بـۆی روون بکـەرەوە..." جـا منیـش چـووم.

"بەگـم" پێـم گـوت، "بەنـدە چواردەسـاڵم لـە سـوپادا بـەڕێ کـردووە، لـە یەمـەن و چەنـە قـەڵا و تەنانـەت لـە قەوقاسـیاش بووم.."سـەرم مەیەشـێنە" مودیـری ناحیەکـە لـە دەمـی دامـەوە "تـۆ تەنهـا واجبـی نیشـتمانپەوەریی خۆتـت بەجـێ گەیانـدووە، خـوا بزانـێ چاوەڕوانـی پاداشـت ناکەیـت، هـاە؟"

"ببـورە بەگـەم، ئیمڕۆکـە بـۆ کارێکـی جیـاواز هاتـووم.. ئینجـا شـەڕ لـە پێنـاوی

سـەربەخۆییدا دەسـتی پێکـرد و منیـش بـە پێشـمەرگە خـۆم ناونـووس کـرد. چەنـد هاوڕێیەکـی لاوم کۆکردنـەوە و ملـی چیاکانمـان گـرت.. کـە ئـەوە هەمـووی بەسـەرچوو، پـەڕە کاغەزێکـی بەقـەد پارچـە قوماشـێکیان نایـە دەستمەوە، تیایـدا نووسرابـوو کـە بەنـدە کرابـووم بـە فەرمانـدەی یەکەیەکـی بـەرەی پێشـەوەی جەنگـەوە...‟

”ئەوجـا سـودی ئـەم قسـە قـۆڕ و بێمانایانـە چییـە؟ لـە سـای جەنابتـەوە وا کار و بـاری گرنگـی دەوڵـەت ماتـەڵ بـوون.. زووکـە پێـم بڵـێ چیـت گەرەکـە؟‟

بە هێمنی لەسەری ڕۆیشتم، گوتم:

سوپاسـی خـوا بکـە کـە سـەری خسـتین، سـەرکەوتین. منیـش کـە گەڕامـەوە گوندەکەمـان سـەرتاپای لەشـم بـە گوللـە کـون کـون و بـە برینـی دەمەشـیر نەخشـێنرابوو‟. مودیـری ناحیـە بەبـێ ئارامییـەوە قسـەی پـێ بڕیـم، ”ئەمـە ئـەوە دەگەیەنـێ تـۆ هەوڵـی ئەوەتـە دەسـکەوتێکی ئابـووری بۆخـۆت بپچڕیـت بەرامبـەر بـە کارێـك کـە ئەرکێکـی نیشـتمانپەروەریت بـووە. کابـرا تـۆ شـەرمت بەخـۆت نییـە و تەریـق نابیتـەوە، وەختێـك دەبینیـت نەتـەوە هەژارەکەمـان چەنـێ دواکەوتـووە!‟

گوتـم ”چـۆن ئەمـە نابینـم، گـەورەم، بـەڵام مـن دەتوانـم هەروەهـا زۆران شـتی تریـش ببینـم، بـۆ نموونـە هەفتـەی رابـردوو نوێنـەری جەنابـت (فەرمانـی سـووری سـوڵتانیی) لـێ سـەندمەوە.. بـەڵام حیکایەتەکـەت بـۆ تـەواو کـەم، سـوپاس بـۆ خـودا، هەمـوو مافێکـی رەوای خۆمـم لـە دەوڵـەت وەرگرتـەوە، تەنانـەت مەدالیایەکـی سـەر شـەریتەکی سووریشـم وەرگـرت. هەروەهـا چەنـد بەڵگەیەکـی سوپاسـنامەی بـە پیتـی زێڕیـن نـووسراو و مۆرێکیـش، بـەڵام ڕۆژێکیـان مامۆسـتاکە هاتـە گوندەکەمانـەوە و منیـش بەپێـی عـادەت باسـی قارەمانێتـی خۆمـم بـۆ گێڕایـەوە.

”مامۆسـتاکە زۆر بـە پەرۆشـەوە بەدرێژایـی شـەوەکانی ئـەو زسـتانە گوێـی

بـۆم شـل کـرد و بـە دوورودرێـژی گشـتیانی نووسـیوە.. لـە دواییـدا بـۆ شـوێنێکی تـر گوێزرایـەوە، خـوا رەحمـی پـێ بـکات. رۆژگار سـووڕایەوە و کات رابـورد، تـا رۆژێکیـان منداڵێـك کـە لـە شـاردا لـە قوتابخانـە دەیخوێنـد هاتـەوە بـۆ دێکەمـان و گوتـی "سـەیری خاڵـۆ چـاووش، لـە رۆژنامانـدا لەسـەرتۆیان نووسـیوە". ئـەوە ئیشـی مامۆسـتا قنجەکـە بـووە ژیانـی منـی بـە قەزەتەنـا فرۆشـتبوو. ئـەوە یەکەمجـار بـوو شـتێکیان بـە ژیانـی مـن دابـوو، ئەوەیـش دەبـێ بڵێـم کـە یەکێکـی تـر لەجیاتـی مـن پارەکـەی خسـتبووە گیرفانـی خۆیـەوە. بـەڵام مـن هیـچ شـتێکم لـە هیـچ کەسـێکەوە نـاوێ. دەوڵـەت پاداشـتی منـی بـەوە دایـەوە کـە پایـەی مولازمـی یەکەمـی پێبەخشـیم. جارێکیـان بـۆ شـار بانگیـان کـردم بـۆ بەشـداریکردن لـە مەشـقێکی گشـتی بـە بۆنـەی جەژنێکـی مەزنـەوە، باشـە، ئێسـتاکێ پیـر بـووم و توانـای رۆیشـتن و مەشـقی سـوپاییم نەمـاوە، ناشـتوانم سـەرتاپا بەرگـی ئەفسـەریی بپۆشـم و شمشـێرەکەم لەخـۆم ببەسـتم.. بـە هەرحـاڵ تەنانـەت نایشـتوانم شـیرێکی (هاکەزایـی) بکـڕم بـۆ کاروبـاری ئاسـایی رۆژانەمـەوە. جـا ئـەو پوولـە لـە کوێـوە بێنـم، دەسـتەجلێکی ئەفسـەریی پـێ بکـڕم؟ بـەڵام خـۆت دەیزانیـت مـن بـەوەوە سـەخڵەت نابـم.. مـن لـە حاڵـی خۆمـەوە رازیـم..."

"ئەمەیـان زۆر جوانـە، بـەڵام تـۆ چیـت دەوێ؟ خـۆ ناتـەوێ بتکـەم بـە "پاشـا"؟ تەماشـای مـن کـە.. مـن ئـەو هەمـوو سـاڵانە خوێندوومـە ئەنجایـش ئێسـتا تەنیـا مولازمێکـی ئیحتیاتـم!" گوتـم "بەگـم، مەڕوانـە ئێسـتاکەم کەچیـم...، وەختـێ بـووە بەنـدە پێنـج سـەد ئەسـپ سـوار و هـەزار پیـادەم لـە ژێـر فەرمانـدا بـوون. زۆرەهـا جـار دوژمنـم بەزانـدوون و چەنـدان ژەنەراڵـی گاورم رەوانـەی لای شـەیتان کـردوون. تەمەنـی مـن هێنـدەی بەبـەرەوە نەمـاوە، بـەڵام ئەگـەر شـایەد ویسـتیان بـە مووچـەی خانەنشـینی و ناوونیشـانی (ژەنەراڵێکـەوە) رێـزم لـێ بگـرن ئـەوا رەتـی ناکەمـەوە."

"باشە ئێستا تۆ چیت دەوێ؟"

"ئەمجارەیـان گوندییـەکان ناردوویانـم، تـۆ فەرمانـت دەرکـردووە گوندەکەمـان دەبـێ ئیمسـاڵ سـێ (یەکانـە) بـەرازی کێـوی بکوژیـن، ئەمەیـە هۆکەیـە مـن ئێسـتا هاتـووم جەنابتـان هەراسـان بکـەم، چونکـە لەخـۆم بـترازێ کەسـی تـر لـە گوندەکەمانـدا هەرگیـز چـاوی بـە یەکانـە کێـوی نەکەوتـووە. منیـش لەبـەرەی جەنگـدا لـە گالیسـیا چـاوم پێـی کەوتـووە. لەوێـدا مولازمێکـمان هەبـوو نـاوی (ئەتـەم بـەگ) بـوو، ئەگـەر مـردووە خـودا هێمنـی و ئاسـوودەگی هەمیشـەیی پـێ ببەخشـێت، ئەگـەر زیندوویشـە خـوا بـکا یـادگاری خـۆش و دڵگـری ئێمـەی لەلابێـت، بەراسـتی نموونـەی لاوێکـی دروسـت بـوو، هێنـدە بەهێـز و توانـا بـوو دەیتوانــی کاری دوو ســەرۆك ناوچــەی وەك ئێــوە بــکات. بــۆ وێنــە جارێکیــان بەیەکـەوە واجیبـی دەورییەمـان بـوو بـە شـەو، کاتـێ بـۆ شـوێنی دیاریکـراودا دەچوویـن گوللەیەکـی وێـڵ لاڕامـی سـمی.. وەك یەکانـە بـە زەویـدا کەوتـم".

"ئەمە چییە، باش چاوەش، بریندار کرایت؟ لێمی پرسی" هیچ نییە".

وەرامم دایەوە.

"بەڵـێ، بەڵـێ، لـەو زەمانیـدا خەلـك لـە تەختـەی قایمـترەوە دروسـتکرابوون "ئەتـەم بـەگ" دیتـی مـن لـە دواوە بـە شـەلە شـەل جێـما بـووم، هەڵـی گرتمـەوە، لــە پشــتی خــۆی هاویشــتم و بردمیــە نێــو خێوەتــی نەخۆشــخانەی مەیدانــی ئەڵمانەکانــەوە، جــا لەوێــدا لــە نەخۆشــخانەی ئەڵمانەکانــدا، بــۆ یەکەمینجــار لەژیانـم مـن چـاوم بـە بـەرازێ کـەوت. ئەڵمانـەکان زۆر حـەز بـە گۆشـتی بـەراز دەکـەن، منیـش ئەوەنـدە لـەوە دەترسـام ئـەو گۆشـتە دەرخـواردی منیـش بـدەن کـە لـەو ماوەیـەی لەوێـدا مامـەوە هەرگیـز دەوم لـە هیـچ گۆشـتێك نـەدا.. بـەڵام مـن زۆرم گـوت و تـۆم ماتـەڵ کـردووە، بـەڵام خـۆت دەزانیـت پیـران زۆر بڵێـن، بەکورتــی لــە دێکەمانــدا لەخــۆم زیاتــر هیــچ کەســێ هەرگیــز یەکانــە بــەرازی نەدیـوە" مودیـری ناحیەکـە زۆر پەسـت و بێـزار بووبـوو، نەڕانـدی: "تـۆ دیوتـە،

یـا نەتدیـوە، هیـچ وشـەیەکی تـرت لـە دەم دەرنەچێـت، لەگـەڵ کۆتایـی سـاڵدا دێکەتـان پێویسـتە سـی دانـە یەکانـە کێویـان کوشـتبێ و هەرئەمەیـە. جـا هیـچ نەبـێ ئەوسـا یەکانـە بـەراز دەبینـن چۆنـە..“ ”گوتـم: بەگـم دەردەکـە لەوەدایـە کـە هیـچ بـەراز نـە لـە گوندەکەمانـا و نـە لـەو دەوروبەرەیشـدا نییـە، ئێمـە تەنهـا وشـە نەحلەتییەکـەی ”بەراز“مـان لا هەیـە و هـەر کاتـێ یەکێـك بەراسـتی مێشـکمان لـە کەللـەدا نەهێڵـێ ئـەوا پێـی دەڵێیـن ”بـەراز بـاب“ کەچـی ئێمـە هیـچ بـەرازی راسـتەقینە ناناسـین.“ سـەرۆکی ناوچەکـە گوژمەیـەك پـەڕە کاغـەزی دا بـە دەموچاومـدا و هـاواری کـرد ”بـێ مێشـکینە، ئێـوە تێناگـەن دەوڵـەت چەنـد بـە تەنـگ ئێوەوەیـە؟ تەنیـا چاوێـك بەمانـەدا بخشـێنە کـە ئـەوان وا بۆتانـی ئامـادە دەکـەن.. گشـتی لێـرەدا نـووسراوە، دەزانـی بخوێنیتـەوە؟

”گوایە ئەفسەریش بوویت؟“

”ئاخر گەورەم، ئەوە زیانی بۆ کەس نەبوو.“

کابـرا لەسـەری رۆیشـت.. ”سـەرنج بـدە، لـەم کاغەزانـەدا وا نـووسراوە گەورەتریـن دوژمنـی کێڵگـە و بەرهەمـی دانەوێڵـە جانـەوەرە رەشـەکەیە. دانەوێڵەیـەش گرنگتریـن سـەرچاوەی سـامانەکانی دەوڵەتـە و.. بـۆ زۆرکردنـی بەرهەمـی دانەوێڵـە لـە دێهاتەکانـدا.. تـۆ تورکـی تێدەگەیـت؟ زۆر پێویسـتە یەکانـە کێوییـەکان بکـوژن.. تێدەگەیـت؟ وتـم (بێگومـان ئەمـە روونـە، بێگومـان پێویسـتە جانـەوەرە رەشـەکە بکوژرێـت، تەنیـا تـۆ نیشـانمانی بـدە و ئێمەیـش دەیکوژیـن.. بـەڵام هەرچـی ئێمەیـن دانەوێڵـە داناچێنیـن.. بـاب و باپیرانیشـمان هەرگیـز دانەوێڵەیـان دانەچانـدووە.

هـەر لەبـەر ئەمەیشـە کـە پێویسـتە دایچێنـن.. لـە جیاتـی بـە تەمەڵـی کات بـە فیـڕۆدان دانەوێڵـە دابچێنـن ئەوسـا یەکانـە کێـوی بـۆ دانەوێڵەکانتـان دێـن و ئێـوەش دەتوانـن بیانکـوژن و دەوڵەتیـش دابیـن بکـەن.. وتـم بـە شـادمانییەوە بەگـم، بەشـادمانییەوە دانەوێڵـە دەچینیـن، بـەڵام دانەوێڵـە لێـرە شـین نابێـت.

کێڵگەکانمـان دانەوێڵـە ناهێنـن. خۆتـان ئـاگادارن زسـتانی ئێرەکانـە شـەش مانگـە و هەنـدێ جاریـش هەشـت مانـگان دەخایەنێـت و زەویـوزار بـە ژێـر بەفـرەوە دەبـن (ئێـوە هـەر بڕوبیانـوو دەدۆزنـەوە رێگـە لـە هەمـوو شـتێ دەبەسـتنەوە) ئەمـەی گوتـو قیژانـدی بەسـەرمدا! ئـەی جووتیارانـی ئەمەریـکا چـی بڵێـن؟ ئـەوان گوڵـە مێخـەك لەسـەر شـەختە و بەسـتەڵەکی تـەوەری باکـووردا دەڕوێنـن..

دە ئێوەیـش چـاو لـەوان بکـەن و لێیانـەوە فێـر بـن، خەریـك بـوو شـێت دەبـووم بۆیـە گوتـم! بەوانـە بڵـێ کـە فەرمانەکەیـان دەرکـردووە شـتێکی ئـە ئـاوا بکـەن بەفـر ئەمسـاڵ نەبارێـت. ئەوسـا ئێمـەش زەوی تـۆو دەکەیـن، یەکانـە کێوییەکانیـش دێـن و ئێمـەش دەیانکوژیـن.. زۆر بـە تووڕەییـەوە شـیڕاندی (چـاك ئەمـە بزانـە، تـۆ بـەدەم فەرمانبەرێکـدا دەچیتـەوە و گاڵتـەی پێدەکەیـت لەکاتـی هەڵسـانیەوە بـە (واجبـی رەسـمی)یەوە ئەمەیـش بەلانـی کەمـەوە دوو سـاڵ زیندانـی بەچاوەوەیـە..) وتـم (تـووڕە مەبـە، بەگـم کابرایەکـی بوودڵـەی وەك مـن چ حەددێکـی دەکـەوێ بەدەمـی بەڕێزێکـی وەکـو جەنابتانـەوە بچێتـەوە و گاڵتـەی پێبـکات؟ بـەڵام لـە چارەڕەشـی و بەدبەختـی خۆمانـەوە هیـچ یەکانەیـەك لـە گوندەکەمانـدا نییـە.

وا دیـارە لەکەڵـی شـەیتان نایەیتـە خـوارەوە؟ کـێ باشـتر دەزانـێ ئەگـەر لـە دێیەکەتانـدا یەکانـە کێـوی هەبێـت یـا نەبێـت، تـۆ یـا خـود ئەوانـەی فەرمانەکەیـان نووسـیوە؟ دە فەرمـوو دەی، یەکسـەر وەڵامـم بـدەرەوە؟.

(بەگـم، ئێمـە و مانـان خەڵکێکـی نـەزان و سـاویلکەین. جـا مـن چیـت وەرام بدەمـەوە. وەك مـن دەڵێـم لـە ئاواییەکەمانـدا هیـچ یەکانەیـێ نییـە. قیژانـدی بەسـەرمدا و گوتـی (ئـەو زاتانـەی فەرمانەکەیـان دەرکـردووە، تەماشـای زۆر نەخشـانیان کـردووە. بەنێـو گێشـە کتێبێکـدا چوونەتـەوە ئەنجـا لەسـەر بناخـەی چەندەهـا زانسـت و راسـتییەوە زانیویانـە جانـەوەرە رەشـەکە لـە دێکـەی ئێـوەدا هەیـە. منیـش لـەوەدا گومانـم نییـە یەکانـە رەشـە لـە گوندەکەتانـا هەیـە تەنانـەت

ئەگـەر ئێـوەش نەتاندیبـێ یـا خـود هیچیـان لەبـارەوە نەزانیبـێ. مادامەکـی ئـەوان ئـە ئـاوا دەڵێـن ئـەوە جەهەنـدەم، دەبـێ یەکانـە کێویـی لەوێـدا هەبـن.. جـا چاوتـان بکەنـەوە.

(دەیانکەینـەوە بەگـم، بـەڵام سـوێند دەخـۆم بـە یـەزدان هیـچ یەکانەیـێ لـە گوندەکەمانـدا نییـە) (تـۆ بەراسـتی کەللەیەکـی زۆر رەقـت هەیـە هـەی کـەڕو لاڵ.. ئێمەیـش بـۆ بەرژەوەنـدی ئێـوە ئـە ئاواهـی خۆمـان هیـلاك دەکەیـن و هـەوڵ دەدەیـن وەك خەڵکـی ئاسـایی بەبـێ کەموکـوڕی پێتـان بگەیەنیـن کەچـی ئێـوەش هـەر هیـچ تێناگـەن.. ئـەم فەرمانـە وەزیـری کشـتوکاڵ خـۆی دەریچوانـدووە تێگەیشـتیت؟ هـەر خۆیشـی بـۆ هەمـوو ویلایەتەکانـی نـاردووە و داوای لـە پارێـزگارەکان کـردووە لـە هـەر هەرێمێکـدا ژمارەیەکـی دیاریکـراو لـە یەکانـان بکـوژن. ئایـا بـە فیکـری تـۆ پارێـزگارەکان خۆیـان یەکانـەکان دەکـوژن؟ نەخێـر ئـەوان ئەمـە ناکـەن ئەوانیـش فەرمانەکەیـان بـۆ قەزاکانـا نـاردووە و پێیانیـان راگەیانـدوون هـەر قەزایـە دەبـێ چەنـد یەکانـە بکـوژن. ئەمانیـش بـە دەوری خۆیـان بـە مودیـری ناحیەکانیـان راگەیانـدووە، ئەمەتـا ئێمەیـش بـە ئێـوەی رادەگەینیـن ئێـوەی گەمـژە و کەللـە رەق. منیـش بەشـی خۆمـم بەیەکسـانی بەسـەر گوندەکانـەوە دابـەش کـردووە و دێکـەی ئێـوە پێویسـتە سـی یەکانـە تەسـلیم بـکات..

مودیـری ناحیـە ئەوەنـدەی پەیوەندیـی بـە کەللەرەقییـەوە هەیـە، راسـتە ئێمـە کەللەرەقیـن، چەندیـش پەیوەنـدی بـە گەمژەییـەوە هەبێـت، راسـتە ئێمـە گەمژەیـن، بـەڵام داوای لێبوردنـت لێدەکـەم، هیـچ یەکانـە کێوییـەك لـە دەوروبـەری گونـدی ئێمـەدا نییـە.

جەهەنـدەم کەوابـێ بـە قسـەی جەنابـت تەنانـەت وەزیـری کشـتوکاڵیش نازانـێ ئەگـەر جانـەوەری رەش لـە گوندەکاتانـا هەبـێ یـا نەبێـت. قیژانـدی بەروومـدا، نـە باشـترین پسـپۆڕەکان و نـە راوێژکارانیـش کـە لـە کۆلیـژی کشـتوکاڵی

ئەوروپــادا خوێندوویانــە پارێزگاریــش نایزانــێ و هەروەهــا قایمقامەکانیــش.. نــە کارگەرانــی دایــەرەی کشــتوکاڵی و نــە تەنانــەت منیــش دەیزانــم، کەواتــە، جەنابــت دەفەرموویــت ئێمــە گشــتمان گێــل و هیــچ نەزانیــن.. وانییــە؟ بــە تەنیــا تــۆ شــتێك دەزانیــت.. هــەر تۆیــت تاکــە خوێنــدەوار و لێــزان!

چاکــە، ئەنجــا دەزانیــت ئــەم بــە ســووك زانیــن و گاڵتــە پێکردنــە مانــای چییــە؟ یەکــەم: تــۆ خــودی خۆمــت بەگێــل زانیــوە و بــە دەممــدا چوویتــەوە، ئەمەیــان ئــاوا، بــەڵام وا ئێســتێ قایمقــام و پارێزگاریــش بــە نەفــام دەدەیتــە قەڵــەم و گاڵتەیــان پێدەکەیــت. ئاخــۆ ئــاگات لێیــە کــێ بەســووك دەزانیــت و قەشــمەری پێدەکەیــت؟!

وەرامــم دایــەوە، مــن مەبەســتم ئەمــە نەبــوو، بەگــم مودیــری ناحیــە شــیرِاندی (مەبەســتت ئــەوە بووبــێ یــا نــە، هیــچ پــارە نــاکات) لــە پرِێــکا بــەرزە پــێ بــوو دانیشــتەوە و گوتــی (جگــە لەمــەش دەوڵــەت ئــەو یەکانانــەی بــە خۆڕایــی ناوێــت. هــەر ئەوەنــدە بەســە ئەگــەر کلکــی ســی یەکانــان بێنــن، مــن بڕوانامەیەکتــان دەدەمــێ. بڕوانامەکــە دەبەنــە دایــەرەی زەوی و زارەوە و لــەوێ پوولتــان پێــدەدەن، ئەوســا دەتوانــن پوولــەکان ببــەن بــۆ بانــك و دوازدە (کــروش)ی پــێ وەرگــرن.

لەمــە زیاتــر چیتــان دەوێ؟ تێدەگــەی ئەمــە چــی ســوودێکتان پێدەگەیەنــێ؟ ئەمــە جەنگێکــی ئێجگارەکییــە دژی یەکانــە کێویــی بەرپاکــراوە.. پێــم بڵــێ. یــەك کیلــۆ گەنــم بەچەنــدە؟ وتــم (بانــك هەشــت کرۆشــی پێــدەدات، وتــی (دەبینیــن، کلکەیەکانەیــەك نرخــی کیلــۆ و نیوێــك گەنــم دەکات، مــن لــە جێــی ئێــوە بوومایــە، نەدەچــووم بەخاوخێزانــەوە لــە کێلگــەدا رەنــج بکێشــم، بەڵکــو هــەر کلکــە یەکانــە کێویــم بەدەوڵــەت دەفرۆشــت. جــا ئێســتا بچــۆرەوە ماڵــەوە، ئــەم قســە پرِوپووچانــە ببڕێتــەوە. فەرمــان هــەر فەرمانــە. ئەگــەر زوو دەســت بــە کوشــتنی ئــەو مشــەخۆرانە نەکــەن ئــەوا جەندرمەتــان دەنێرمــە ســەر و ئــەوان فێرتــان دەکــەن چــی بکــەن.

خــوا دەســت بــە باڵتــەوە بگرێــت؟ ئەمــەم گــوت و راســت بــۆی دەرچــووم.

گەڕامـەوە گوندەکەمـان و ئـەوەی مودیـری ناحیەکـە پێمـی گوتبـوو بـۆ خەڵکەکـەم گێڕایـەوە.

(دەزانــن چــی؟ بــا ئــەم یەکانــە کێویانــە بەخێــو بکەیــن، یەکــێ هەڵیدایــێ، (تێــر ئالیکیــان دەکەیــن و لــە دوایيــدا کلکەکانیــان بــە میریــی دەفرۆشــین! بــەڵام گوندییــەکان ناڕەزاییــان دەربــڕی و گوتیــان بــەوە گیانلەبــەری گڵاو دێنینــە نێــو دیکەمــان.. لــە پاشــان پیاوەکــی دونیــا دیتــە داوای قســەی کــرد و گوتــی: یەکانەیەکــی زۆر لــەو شــوێنەدا هەیــە کــە کاتــی خــۆی ســەربازیی لێــوە کردبــوو، دێ نشـینەکان ماوەیـێ بیریـان کـردەوە، لـە دواییـدا وتیـان: چـاووش ئاغـا دەزانـی چــی؟ ئەگــەر تــۆ بچیــت و ســی کلکــە بەرازمــان بــۆ بکڕیــت ئــەوا چاکەیەکــی زۆرمــان لەگەڵــدا دەکەیــت، بــەڵام ئــەوە بــە شــەمەندەفەر دوو ڕۆژی دەبــرد. منیـش لـە وتووێژەکـەدا بەشـداریم کـرد و گوتـم ئەگـەر ئارەزوومانـە کارەکـە بـەم شـێوەیە ئەنجـام بدرێـت، ئەگـەر ئەوانیـش ئامـادەن بـۆ هـەر تاقـە کلکێـك دوازدە کرۆشــمان بدەنــێ، دەبــا چەنــد کلکێکــی زیــادەش بکڕیــن و بیانفرۆشــین تاکــو خەرجــی هاتووچۆکــەی لــێ دەربێنیــن.

پێشـنیازەکەمان پەسـەند کـرد، پـارەی سـەفەرەکەمان لـە بانکـەوە قـەرز کـرد، بەندەیـش دوو هەگبـەم کـردە شـانمەوە و ملـی ڕێـگام گـرت.. لەوەختێکـی باشـدا گەیشــتمە قۆنــاخ، ژمارەیەکــی زۆر بــەرازە کێــوی لەوێــدا هەبــوون. بــەڵام زوو بــۆم دەرکــەوت کــە هــەر مــن بــە تەنهــا تاقــە بلیمەتــێ نەبــووم ئــەو ڕێگایــەم دۆزیبێتــەوە خەڵکــی دیــش بــۆ کلــك کڕیــن هاتبــوون و تەنانــەت کڕیــاری لێهاتــوو بـە گیشـە کلکـی نایابیـان وەدەس هێنابـوو کارەکـە لـە برەودابـوو، داوا لـە هەڕمێـن بــوو بۆیــەکا نرخــی هــەر کلکــێ بیســت کــرۆش بــوو. منیــش لــە دڵــی خۆمــدا لێکمدایــەوە!؟ جــا چــی بکــەم باشــە؟ ئەگــەر وا بــڕوات مایــە پــووچ دەردەچیــن و ماڵوێــران دەبیــن. ئەگــەر ئــەو کلکــە نەگریســانە بــە دوازدە کــرۆش بدەینــەوە دەوڵـەت ئـەی چـۆن پـارەی سـەفەرەکەمان بـۆ دەردەچێـت؟ کەوتمـە سـەودا کـردن

لەگەڵیانـدا، سـەرەنجام دوای بێنەوبەرەیەکـی دوورودرێـژ دوو سـەد پارچـەم کـڕی، یەکـی بەپـازدە کـروش و لـە حەوشـەی خانەکـەدا بـە خەڵکەکـەم نیشـاندان. (هـەی گەمـژە، ئـەوە تـۆ لـەم تەمەنەتـدا شـێت بوویـت؟ بەگاڵتـەوە پێـم پێکەنیـن، ئـەوە تـۆ قەتـت کلکـە بـەراز نەدیتـوون؟ منیـش بەسەرسـوڕمانێکەوە پرسـیم: بـۆچ؟ وتیـان چونکـە ئەمانـە کلکـی بـەراز نیـن، کلکـی سـەگن.. تۆمـەز لاوێکـی پێکـراو و زیـرەك کلکـی چەنـد سـەگەکی بڕیبـوون، لـە نێـو رۆنـی زەیتوونـی هەڵێنابـوون و منـی بەکـەر زانیبـوو، بـڕوای پێهێنـام کـە کلکـی یەکانانـن. بـەم جـۆرە تەفرەدرابـووم و قۆڵیـان بڕیبـووم. جـا ئـەی چ بکـەم باشـە؟ بـە نائومێـدی پرسـیارم کـرد گوتیـان: هیـچ بیانبـە و هەریەکـەی نەختێکـی تریـان لـێ ببـڕەوە، هەندێکـی دیکەیـان چەورکـەرەوە و بیانـدەرە مودیـری ناحیەکەتانـەوە هـەروەك هیـچ شـتێ روویـنەدابـێ. خـۆ ئـەو نایزانێـت.

دونیـا گـەرم بـوو، سـەفەرەکەش درێـژ، لـە رێـگادا کلکـەکان بۆگەنیـان کـرد و کرمـێ بـوون.. خەڵکەکـەی نێـو شـەمەندەفەرەکە بەسـەریاندا قیژانـدم.. (ئـەرێ ئـەم بۆگەنـە پیـس و ناخۆشـە لـە کێـوە دێـت؟) خۆمـم لـە کـەڕ کـردن و ورتـەم لێـوە نەهـات.

سـەرەنجام گەیشـتمەوە دێکەمـان و لەوێـدا بـەم مـژدە سەرسـوڕهێنەرەوە پێشـوازیان لێکـردم: (چـاوش ئاغـە، وا دژی قەڵەرەشـەکانیش هێرشـێکیان دەسـت پێکـردووە. مودیـری ناحیـە سـەری دوو سـەد قەلەڕەشـەکانی ویسـتوە!) وتـم (قەلەڕەشـکە؟ ئەوەیـان خراپتریـن شـت نییـە.

بیانکـوژن و ئێمـەش سـەلکەکانیان تەسـلیم دەکەیـن.. بـەڵام وا دیـارە لـە مـاوەی پانـزە رۆژدا هێرشـی کوللـە کوشـتنیش دەس پێـدەکات و لـە خـودا بپاڕێنـەوە مودیـری ناحیـە داوای سـەلکە کلۆییشـمان لێنـەکات!

دانیشـتوانی دێهاتەکانـی دەوروپشـتمان بیسـتیانەوە لـە گوندەکەمانـدا کلـك وەچنـگ دەکـەوێ و یەکسـەر کۆمـەڵ بـە کۆمـەڵ هاتـن، ئێمـەش بـۆ هـەر کلکـێ

٥٠ کرۆشـمان لـێ سـەندن، دوایـی سـی کلکـمان بـرد بـۆ مودیـری ناحیـە.. کابـرا بـە قاقـاوە گوتـی (دەبینـی؟ دەشـتانگوت هیـچ یەکانـە لـە گوندەکەتانـدا نییـە. تـۆ تەنیـا سـەیرێکی ئـەو کلکانـە بکـە، بزانـە چەنـد جوانـن.. ئەمانیـش رۆژێ لـە رۆژانـا گیانلەبـەری درنـدە بـوون!

لــەو رۆژە بــە دواوە هیــچ کەســێ نەیویســت پــێ بنێتــە ماڵــی منــەوە. دەیانـووت ماڵەکەمـم گڵاوکـردووە، هیـچ کـەس نەیدەویسـت دەسـەکانم بگوشـێت، دەیانـووت دەسـتم داوەتـە کلکـە گڵاوەکانـەوە. بەندەیـش ئـەم وشـانەی خـوارەوەم دەچرپانـدە هەنـدێ لـە گوندییـە هـەرە زیرەکەکانـەوە (نهێنییەکتـان لا دەدرکێنـم.. مـن هیـچ گوناهێکـم نەکـردووە تەفـرەم خواردبـوو.. لـە خشـتە برابـووم.. ئـەی باشـە چیـترم بکردایـە؟ منیـش بـە هەمـان دەسـتوور فێڵـم لـە مودیـری ناحیەکـە کـرد و تەفرەیمـدا، کلکـە سـەگم بـۆی هێنـا لـە جیاتـی کلکـە بـەرازان!

هەروەهـا ئـەو رازەیشـم بۆیـان ئاشـکرا کـرد کـە ئـەو کلکانـە چـۆن چۆنـی بەرهــەم هێنرابــوون. گومانیــش لــەوەدا نییــە کــە بەڵێندەرێکــی بلیمــەت و چاوەقایـم لـە گوندەکـەی ئێمەیشـدا هەڵکـەوت و ئەویـش چالاکانـە دەسـتی دایـە (بەرهـەم هێنـان) و ئیـتر، لەوسـاکەوە سـەگەلی گوندەکەمـان قوتـە و بـێ کلکـن! کابـرا هەروەهـا لـە شاریشـدا ئیـش دەکات. جارێکیـان لەشـاردا تووشـی هاتـم، لێـم پرسـی: (هـا ئەحواڵـت چۆنـە؟) لـە وەرامـدا گوتـی (سـوپاس بـۆ یـەزدان، لەسـای کلکـە سـەگانەوە بەختـم هەڵسـاوە!)

ئەم وتارە لە ١٩٦٢ بڵاوکراوەتەوە (وەرگێڕ)
لە گۆڤاری orient چیکۆسلۆڤاکی (بە زمانی ئینگلیزی) وەرگێڕدراوە.

گۆڤاری (بەیان) ژمارە ١١٧ی ئاداری ١٩٨٦

# پاڵەوانێکی نەمر

**تۆنگ تسۆن جۆی Tung Tsun Jui**

نووسینی بە زمانی چینی: تسولین Tso Lin

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مەجید ئاسنگەر

(١)

**"پڵنگێکی بچووك"**

تۆنگ تسۆن جوی لە دێی (نانشانپاو)دا ئەژیا کە ئەکەوێتە ناوچەی (هوایلای) لە هەرێمی (هۆپێی)دا. ئەم هێشتا هەر مناڵ بوو کە ژاپۆنییەکان شاری (شاچینگ)یان داگیرکردبوو کە زۆر لە گوندەکەیان دوور نەبوو. هەواڵی گرتنی (شاچینگ) دانیشتوانی نانشانپاوی تۆقاندبوو، مامی تۆنگ تسۆن جوی ئێجگار شڵەژابوو. بێ هودە ئەهاتوئەچوو، بە بێزارییەکەوە ئەیووت، کەواتە ژاپۆنییەکان دێن.. جا چۆن ئەتوانین لە ژێر دەستی ژاپۆنییەکانا بژین؟ لەکاتێکدا باوکی تونگ لەبەرخۆیەوە ئەیگووت: چیمان پێ ئەکرێ.. چیمان

پـێ ئەکـرێ؟

کـەس نەیئەزانـی چـی بـکات! فەرمانـڕەوا کـە لەلایـەن کۆمنتانگـەوە دانرابـوو، دەمێــك بــوو لەگــەڵ ســەرۆکی ناوچەکــەدا رایــان کردبــوو. خەڵکەکەیــان بــۆ چارەنــووس جێهێشــتبوو. رۆژێکیــان لەبــەردەم دێکــە وەســتاو هــاواری کــرد.

ژاپۆنییـەکان هاتـن.. ژاپۆنییـەکان هاتـن! خەڵکەکـە دەسـبەجێ بـەرەو گـردەکان رایـان کـرد.. تۆنـگ تسـۆن جـوی بەراسـتی ویسـتی چـاوی بـە ژاپۆنییەکانـا بکەوێـت. بـەڵام باوکـی پیلـی راکێشـا و دوورکەوتنـەوە. کـە شـەو داهـات خەڵکەکـە گەڕانـەوە بـۆ خانووەکانیـان و دیتیـان ژاپۆنییـەکان هەمـوو ئاژەڵەکانیـان، ئـەوەی بـۆ بـار هەڵگرتـن ئەشـیان لەگـەڵ باڵنـدە و خواردەمەنییـەکان هەموویـان بـردوون.. هێبـار و مەنجەڵەکانیـان ورد و خـاش کـردوون. هەنـدێ لـە گوندییـەکان دانەوێڵەیـان لـە ئامبارەکانـا جێهشـتبوو، بـەڵام لەبـەر ئـەوە ژاپۆنییـەکان ئـەو شـتانەیان هەمـوو پێهەڵنەگیرابـوو گشـتیان لەناوبردبـوون.

لاوەکان بـە رق و کینـەوە مشـتیان ئـەدا لـە مێزەکانـا. کەچـی ئافرەتـەکان بـە کـول دەسـتیان کـردە گریـان.

پاشــماوەیەکی کــورت زەویــدارەکان دەزگایەکیــان دامەزرانــد بــۆ ناردنــی شـتوومەك بـۆ ژاپۆنییـەکان. دەسـتەی جـەردە و ناپاکـە ژاپۆنییـەکان هەمـوو رۆژێ ئەهاتــن بــۆ گوندەکــە و داوای دانەوێڵــە و پارەیــان ئەکــرد. خــاوەن زەوییــەکان تێکــڕای ئــەو بــارە گرانەیــان لــە ئەســتۆی جووتیارەکانــا هاویشــتبوو، هەمــوو رێگایەکـی بەرهەڵسـتی کردنیـان لێگرتبـوون. دز و سـەربازە ژاپۆنییـەکان دوو دوو و سـێ سـێ لەشـاری شـاچینگەوە ئەهاتنـە دێکـەوە و زۆر بـە فیـزو نـازەوە بەسـەر شــەقامەکانیا ئەڕۆیشــتن.

هــەرزەکاران کــە لووتیــان ئەبــوو بــە لووتــی ئــەو داگیرکەرانــەوە هەســتیان ئەکـرد بـەرق و کینەیـەك بـە سـانایی بۆیـان نـە ئەشـاردرایەوە، زۆریـان ئـارەزوو ئەکــرد ئــەو جەردانــە پارچــە پارچــە بکــەن، بــەڵام کــە بیریــان ئەکەوتــەوە

ژمارەیەکـی ئێجـگار زۆر لـە سـوپای دوژمـن لەشـاچینگ دابـوون کـە تەنیـا چەنـد میلـێ دوور بـوو، ئەیانزانـی هـەر توندوتیژییـەك دژی جـەردەکان ئەبـووە هـۆی تۆڵەسـەندنەوەیەکی زۆر زل بەسـەر هەمـوو گوندەکـەدا.

شـۆربا و پەتاتـە لـە خێزانـی تۆنـگ تسـۆن جـوی دا تاکـە خـۆراك بـوو. باوکـی بـەوەوە راهاتبـوو بـە درێژایـی رۆژگار بـێ دەنـگ دانیشـێ و بیربکاتـەوە. کەچـی دایکـی هـەر سـاتێ کەسـی لێـوە دیـار نەبوایـە لەسـەرخۆ ئەگریـا.

خێزانەکـە جوانەگایەکـی زەردیـان هەبـوو، تۆنـگ تسـۆن جـوی زۆری خـۆش ئەویسـت و نـاوی نابـوو (زەردە چووکەڵـە). تۆنـگ هەمـوو رۆژێ بـۆ لـەوەڕ گاکـەی بـۆ گردەکـە ئەبـرد، ئەمەیـش باشـترین کارێـك بـوو کـە پێـی ئەکـرا چونکـە ئالیکـی نەبـوو بیداتـێ. دڵـی کوڕەکـە زۆر تەنـگ بـوو کـە ئەیـدی زەردە چووکەڵـە تـا ئەهـات لـەڕ و لاواز ئەبـوو.

رۆژێکیان باوکی وتی:

ئەمەوێ گاکە بفرۆشم، تۆنگ تسۆن جوی بە بێزارییەکەوە وتی:

تـکات لێئەکـەم زەردە بچکۆلـە مەفرۆشـە، باوەگیـان. مـن حـەز ئەکـەم خـۆم برسـی بـم نـەك ئـەو بفرۆشـیت". بەراسـتی وەك دڵـی پارچەپارچـە کرابـێ باوکـی ئـاوای هەسـت کـرد. لـەدەس دانـی ئاژەڵێکـی باربـەر بـۆ جووتیـارێ لـەدەس چوونـی نیـوەی سـامانیەتی. بـەڵام چـۆن بتوانـێ لـە سـێبەری داگیرکردنـی چەتـە ژاپۆنییەکانیـا گاکـە تێـر بـکات. ئـەو هـەر ئـەوە بـوو ئەوەنـدەی پەیـدا ئەکـرد بیـدا بـە خێزانەکـەی و بـەس! لـە سـاتی بردنـی گاکـەدا، تۆنـگ تسـۆن جـوی خـۆی پێـوە هەڵواسـی و ئـاوی دا بـە زەردە بچکۆلـە بیخواتـەوە و دوا مشـتی لـەو ئالیکـە پێـدا کـە لـە ماڵـەوە گڵیـان دابـۆوە. هـەردوو چاوەکانـی لەگریانـا سـوور هەڵگەڕابـوون. دیمەنێکـی جەرگبـڕ بـوو بـاوك و دایکـی بینییـان. لـە نرخـی گاکـە باوکـی تۆنـگ هەنـدێ قـەرد و قوولـەی دایـەوە و بـەو چەنـد پوولەیـش کـە بـۆی مایـەوە چەنـد سـەر مەڕێکـی بـۆ تۆنـگ تسـون جـۆی پـێ کـڕی کـە وردە وردە

هۆگریـان بـوو، بـەڵام کـوڕە هەرگیـز ئـەو ڕۆژەی لەیـاد نـە ئەکـرد کـە گاکـەی تیـا فرۆشرابـوو ئـەو ڕۆژە سـەرەتای شـتێکی تـازەی لەبیـری ئەمـدا تۆمـار کردبـوو. داخـی لـە چەتـە ژاپۆنییەکانـا دەسـتی کـردە گەشـەکردن تـا وای لێهـات نـاوی نـان "گورگـە گـەورە پیسـەکان" و بـە هاوڕێکانـی ئـەوت پێویسـتە لەسـەرمان ئـەم گورگـە پیسـانە وەدەر نێیـن. ئەگـەر بوونـی ئەمـان نەبوایـە لێـرەدا مـن گاگەکـەی خۆمـم لەدەسـت نـە ئەچـوو!"

تۆنـگ تسـۆن جـوی مەڕەکانـی لـە گردەکانـا ئەڵەوەڕانـد، زۆر لای خـۆش بـوو بـە لوتکـە هـەرە بەرزەکانـا هەڵبگەڕێـت. خەڵکەکەیـش خێـرا ناویـان نـا "پڵینگـە چووکـە".

هەڤاڵەکانی جارێکیان بەم وتەیە پەستیان کرد.

ئـەی پڵینگـە چووکەلـە، ئێمـە گـرەوت لەگەڵـدا ئەکەیـن کـە تـۆ ناتوانیـت بگەیتـە سـەر لوتکـەی ئـەو گـردەوە. هەرکـە ئەمـەی بیسـت ڕووی تـا بنـا گوێـی سـوور هەڵگـەڕاو بـێ سـێ و دوو بـۆ لوتکـەی گردەکـە هەڵمەتـی بـرد. تیکـە شـاخە وردەکانـی گردەکـە زۆر تیـژ بـوون، سـەرکەوتینان ئـاوا سـانا نەبـوو، پێـش ئـەوەی بگاتـە تروپکـی تەلانەکـەوە، ورتکـە بـەرد خزیـن و گلـۆر بوونـەوە، ئەمیـش قاچـی خلیسـکا و وەك تۆپـی لاسـتیك هەڵدرایـە خـوارەوە. منداڵـەکان سـەیرێکی دەسـتە داڕوشـاوەکانیان کـرد و گوتیـان:

باشـتر وایـە وازت لـێ بێنیـن ئـەی پڵینگـە چووکەلـە.." بـەڵام بەرلـەوەی وشـەکانیان تـەواو بکـەن تۆنـگ تسـۆن جـوی بـە ڕاکردنـەوە جارێکـی تـر بـەرەو لوتکـەی گردەکـەوە تەکانـی دایـەوە. ئەمجارەیـان گەیشـتە سـەر لوتکـە هـەرە بەرزەکـەوە. ئەنجـا هاوەڵەکانـی لـەوەوە دڵنیابـوون کـە بەراسـتی هاوڕێیەکـی نەبـەز بـوو. تۆنـگ تسـۆن جـوی پێـی وتـن ئێسـتا کـە شـتێکتان دی، ئەوجـا پێـم بـڕوا ئەکـەن کـە ئەڵێـم مـن ئەتوانـم گورکـە پیسـەکان بـۆ دەرەوە ڕامالـم؟"

**(٢)**

**هەڤاڵ وانگ comrade wang**

هێنــدەی پێنەچــوو هێزەکانــی بەربەرەکانــی دژ بــە ژاپۆنییەکانــی ئــەم ناوچەیــە چەنــد بەیەکدادانێکــی ســەرکەوتووانەیان لەگــەڵ ژاپۆنییەکانــا بــوو. ئــەم ســەرکەوتنانە تــا رادەیەکــی بــاش بوونــە هــۆی پشــت ئەســتووری خەڵکەکــە و هاندانیــان. چەنــد دەزگایەکــی تایبەتــی خۆیــان دامەزرانــد و هێــزی پێشــمەرگەیان رێکخســت و لــەم کاتــەوە چیــتر باجیــان نــەدا بــە ژاپۆنییــەکان. ئیــتر دوژمــن زاتــی نەکــرد لــە دە کــەس کەمــتر بێــن بــۆ گوندەکــەوە یــا لــە ئۆردوگاکانیانــا بەتەنیــا بێنــە دەرەوە.

مامــی تۆنــگ تســۆن جــوی ســەرکردەی رێکخــراوێ بــوو بەنــاوی (رزگاری چیــن لەدەســت درێژیــی ژاپۆنییــەکان)دا و بەرابــەری پارتــی کۆمۆنیســتەوە ئەیزانــی چــۆن فەرمانــی خــۆی بەجێبێنــێ. هەرچەنــد لــە پەنجــا تێپــەڕی کردبــوو لــە چوســت و چالاکیــەدا وەك لاوەکان وابــوو. تۆنــگ زۆری را لەمامــی بــوو، بۆیــەکا هــەر دەرفەتێکــی چنــگ کەوتایــە رای ئەکــردە ماڵەوەیــان تاکــو چــاوی بــە کادیرەکانــی ســوپای رێــگای هەشــتەم بکەوتایــە کــە پارتــی کۆمۆنیســت ســەرکردایەتی ئەکــرد. ئەیزانــی ئەمــان لەلایــەن پارتییــەوە بارهێنرابــوون و هەمیشــە چیرۆکــی خۆشــیان لابــوو دەیانگێڕایــەوە. لــەم دەمــەدا ســکرتێری ناوچــەی پارتــی کــە لاوێکــی بیســت ســاڵە بــوو زۆرجــار ئەهاتــە دێکــەوە، نــاوی "وانــگ پنــگ" لــەو ســاتەوە کــە جەنــگ دژی ژاپۆنییــەکان بەرپــا بووبــوو قوتابخانــەی جــێ هێشــتبوو، چــوو بــووە ریــزی ســوپای رێــگای هەشــتەمەوە. زۆر لەمێــژ نەبــوو داوای کردبــوو بــۆ ئــەم ناوچەیــە بگوێزرێتــەوە چونکــە دەیزانــی خەبــات لــە کــۆڕە تازەکانــا ســەخت و دژوارتــر بــوو، ئەرکــی سەرشــانی بــوو وەك ئەندامێکــی پارتــی کــە لــە ریــزی هــەرە پێشــەوەی خەباتــدا بجەنگــێ. دەســتە جلێکــی ســەوز بــاوی لەبەردابــوو دەمانچەیەکــی بــە کەمەریــەوە شــۆڕکردبۆوە، هەرکاتــێ

خەڵکــی ئەدوانــد خەندەیــەك لێوەکانــی دەپۆشــی. تۆنــگ تســۆن جــوی ئێجــگار زۆر خۆشــی ئەویســت. وانــگ پنــگ بەرێکــی ئەهاتــە گوندەکــە بــێ ئــەوەی گــوێ بداتــە بەفروبارانــە زۆرەکــەوە. هەمیشــە لــە ســاتی تەنگانــەدا لەکاتــی پەلامــاردان و راماڵینــی دوژمــن لەناوچەکــەدا، لــەوێ ئامــادە ئەبــوو. رۆژێکیــان لــە گەرمــەی بــاران بارینــا، لەنــاکاو بــوو بەئاگــر باریــن و خەڵکەکــە ئێجــگار ترســان. لــەو کاتــەدا وانــگ پنــگ بەهەناســە بڕکێیــەوە گەیشــتە جــێ. ئــاو بەهەمــوو گیانیــدا ئەهاتــە خــوارێ. دەســبەجێ ئەرکــی کاروبــاری ســەربازیی دژ بــە دوژمنــی گرتــە دەســت و داوای لــە خەڵکەکــە کــرد پەنــا بــۆ گردەکانــی لای رۆژهەڵاتــی گوندەکــە ببــەن. بەمــە پلانــی ژاپۆنییەکانیــان ریســواکراو ئێجــگار نائومێــد بــوون کــە لــە دێکــەدا هیــچ کەســێکیان بــەردەس نەکــەوت. تۆنــگ تســۆن جــوی لــە دڵــی خۆیــدا وتــی: "ئەمەیــە ئــەوەێ کــە گــەورە بــووم ببــم بــە پیاوێکــی وەك ئــەم". وانــگ پنــگ پەلێکــی لــە منالانــی دێکــە رێکخســت و تۆنــگ تســۆن جــوی بــووە ســەرکردەیان. جارێکیــان وانــگ پنــگ چیرۆکــی پێنــج پاڵەوانەکــەی شــاخی "لانگیاشــان"ی بــۆ پەلــی مناڵــەکان ئەگێڕایــەوە گوتــی: رۆژێکیــان ســێ هــەزار جــەردەی ژاپۆنــی لــە نــۆ ســتووندا هاتــن بــۆ پەلاماردانــی چیاکــە. ئەنجــا بــۆ شــاردنەوەی گواســتنەوەی هێــزەکان بــە ئامانجــی پەلاماردانــی دوژمــن لــە شــوێنێکی تــرەوە، ســەرکردەکانی ســوپای رێــگای هەشــتەم بڕیارانــدا دوو لــق لــە دواوە بەجــێ بهێڵــن. بەهــۆی تاکتیکــی زۆر زیرەکانــەوە توانیــان ســەربازە ژاپۆنییــەکان بــۆ ناوەڕاســتی چیاکــەوە کێــش بکــەن و بــەم شــێوەیە رێــگا لەبــەردەم هێزەکانــی خۆیانــدا بکەنــەوە تــا بەهێمنــی بــۆی دەرچــن. کارەکــە ســازدراو پیاوەکانــی هێــزی شــاردنەوە ئامــادە بــوون بــۆ پاشەکشــە، پێویســت بــوو چەنــد کەســێکیش جــێ بێڵــن بــۆ داپۆشــینی کشــانەوەکەی خۆیشــیانەوە. پێنــج پیــاو بــە ئاواتــی هەڵبژاردنیانــەوە هاتنــە پێشــەوە و هەرکامیــان ئەیــووت، تکایــە مــاوەی مــن بــدەن بــەم کارە هەڵســم بــۆ ئــەم فەرمانــە مــن خــۆم بەخــت ئەکــەم! ئــەم پێنــج پیــاوە پاڵەوانانــە لەســەر شــاخەکەدا

خۆیان گرت، هەرچەند پێنج سەد سەربازی دوژمن چەندان جار هێرشی درندانەیان بۆ هێنان و هەر جارە دوژمن لێیانەوە نزیك ئەبوونەوە مەردانە ئەیان رەتاندن. منالەکان بە هەموو هەستیانەوە لەگەڵ چیرۆکەکە ئەژیان و گشتیان چاویان بڕیبوە وانگ پنگەوە. لەگەرمەی شەڕەکەدا پێنج سەربازە ئازاکان هەستیان بەوە کرد کە فیشەکیان لە بڕاندایە، بۆیەکا بڕیاریاندا بۆ هەڵدێرێك بکشێنەوە کە بەرزاییەکەی دووسەد پێ ئەبوو. دوژمن دیسانەوە هێرشیان بردنەوە سەر و ئەمان فیداکارانە بە نارنجۆك وەلامیان دانەوە و چل دانەیان لێ کوشتن. تا لە کۆتاییدا لەیەك نارنجۆك زیاتر هیچیان پێ نەما. "ئاخ" تۆنگ تسۆن جوی هاواری کرد، چونکە چیتر خۆی بۆ رانەگیرا "ئەنجا چی روویدا؟" وانگ پۆنگ گوتی "ئەو دوا نارنجۆکەشیان هاویشت. (ماپاو لنگ) سەرکردەی دەستەکە بە چوار هاوڕێکەی وت (بام تفەنگەکانمان پارچە پارچە بکەین" دەسبەجێ وەلامیان دایەوە (راستە) ئەنجا هەر پێنج تفەنگیان ورد و خاش کرد. تۆنگ تسۆن جوی بەئافەرینەوە گوتی "بێگومان ئەوە تاکە ئیشە کە پێویستە بکردرێت" نابێ هەرگیز ماوەی سەربازە چەتەکان نەدەیت تفەنگی تۆیان چنگ کەوێت، وانگ وتی "سەرکردەکەیان ئەنجا دەستی نایە سەر رانی و بێ سێ و دوو گوتی "هاوڕێکانم تەنیا یەك رێگا هەیە بۆ رزگاربوونمان. بام خۆمان فڕێ بدەینە خوارەوە". تێکڕا بە یەك دەنگ وتیان "بەڵێ.. بەڵێ. چونکە تەنانەت ئێمە لە کۆتایشدا خۆ بەدەستەوە نادەین". هەر پێنج مێر پێکەوە بازیان دا. دوانیان نەکەوتنە خوارەوە. چونکە لە لقی درختە بچووکەکانی دامێنی چیاکە گیرسابوونەوە و لە مردن رزگاریان بوو بوو، لە نیوەشەدا جووتە پاڵەوانەکە خۆیان دەربازکرد و چوونەوە ناو هێزە گەورەکەی سوپاکەیانەوە و ئەڵێن بەناوی خەلاتەوە لە پاشانا رێگەیان پێدرا بچنەدیدەنی کردنی سەرۆك ماوتسی تۆنگ لەناوچەی (یەنان)دا. منالەکان وتیان "ئای لەو کارە پڕ پاڵەوانبازییە!".

چیرۆکەکـە ئێجـگار کاری کردبـووە تۆنـگ تسـۆن جـوی و تونـد لەمێشـکیدا چەسـپابوو. لـەو رۆژەوە چالاکـی تۆنـگ تسـۆن جـوی لـە پەلـی منالّەکانـەوە روو لـە زیـادی بـوو. هەمیشـە شمشـیرێکی داری هەڵئەگـرت و بـە رۆژانـە چەنـد منداڵێکـی بـۆ دەرەوە ئەبـرد و لاسـایی پاسـەوانیان ئەکـردەوە. کـە پۆسـتەیش ئەهـات هەنـدی قاچەکانـی رێیـان بکردایـە بـە زوویـی دابەشـی ئەکـرد. شـەوانە کـە پێشـمەرگەکانی ناوچـە لـەدۆڵ و گەڵـی نـاو شـاخەکانا خەریکـی مەشـق و راهێنـان ئەبـوون ئـەم پەلـی منالّەکانـی ئەبـرد بەشـداری مەشـقەکەیان ئەکـرد.

"خەڵکێکی بەختیار"

بەرەبەیانـی رۆژێکـی زسـتان بـوو. مامـی تۆنـگ تسـۆن جـوی بەهەڵـەداوان خـۆی کـرد بەماڵەکەیانـا، دڵۆپـێ ئارەقـە ناوچەوانـی داگرتبـوو. بەپەلـە گوتـی: "هیـچ پەتاتـەی کوڵاوتـان لەبەردەسـتایە! زووکـەن بـۆ نانشـانی بنێـرن". ئەمـەی وتـوو بـۆی دەرچـوو. باوکـی تۆنـگ تسـۆن جـوی دەسـتبەجێ مەنجەڵێـك پەتاتـەی کـوڵاوی هەڵگـرت و بەدوایـدا چـوو. ئەمـە زۆر هانـی منداڵەکـەی دا شـوێنیان کـەوێ و بزانـی چـی بـووە. لـە دەرەوە بەکۆمـەڵ خەڵکـی دی زەنبیـل و مەنجەڵیـان هەڵگرتبـوو، بـەرەو نانشـان ئەچـوون. باوکـی گەیشـتەوە مامـی و لێـی پرسـی بـۆ وا بەپەلەیـە و چـی روویـداوە! لەوەرامـا پێـی گـوت "باشـە تـۆ نازانیـت! کـەس نازانـێ سـوپای رێـگای هەشـتەم خـۆی لەکـوێ ئەبینێتـەوە. هـەر فەرمانـی جووڵانەوەیـان پـێ ئـەگات و دەسـتبەجێ ئەجووڵێـن. سـا ئەگـەر خێرانەکەیـن پێیـان راناگەیـن".

- ئەڵێـم سـوپای رێـگای هەشـتەم بـۆ بـەم رۆژگارەوە ئـاوا لەنـاکاوا هاتۆتـە ئێـرەوە؟ هیـچ شـتێك روویـداوە؟

- لە پاشدان ئەزانیت. پیرەمام وەڵامی دایەوە و بەرەو نانشان ملی نا.

سـەربازەکان بـە بەرگـی خاکییـەوە لەسـەر هەڵدێـرە بەفراوییەکـەوە دانیشـتبوون جلەکانیـان کـە بـە پەمـۆ ئاخنرابـوون شـڕ و وڕ بـوون و لـە پینەکانیانـا

لۆکـە و خـوری تێکـەڵاو دیـار بـوون. هەندێکیـان تفەنگەکانیـان پـاك ئەکـردەوە و ئەوانـی تـر قاچەکانیـان خسـتبووە ژێـر خۆیانـەوە و خـەوە کوتکـە ئەیبردنـەوە. پیاوێکـی سـمێڵ درێـژ بـە وردی سـەرنجی نەخشـەیەکی ئـەدا و بـە فـوو دەسـتە سـووربووەکانی گـەرم دەکـردەوە و دەسـبەجێ هەناسـەکەی دەبـوو بـە تەمێکـی سپی و سـمێڵەکەی دائەپۆشـی. زۆربـەی سـەربازەکان لاواز بـوون و لـە ماندوویێتیـدا چاوەکانیـان وەك خوێـن سـوور هەڵگەڕابـوون.

شـەکەتی و شـەونخوونی بـە ئاشـکرا لـە روویانـا ئەبیـنران. خەڵکەکـە گەیشـتن هەرچـی پەتاتـەی کوڵاویـان هێنابـوو پێیـان دان. بـە جـۆرێ ئەیـان دوانـدن و پرسـیاریان لـێ ئەکـردن وەك دۆسـتی لەمێژینـە و دێرینیـان بـوو بـن. ئـای لـەم سـاتە خۆشـە! پێکەنیـن و جەفەنـگ و گاڵتەوگـەپ لەهەمـوو لایەکـی هەڵدێڕەکـە ئەبیـسران ئەتـووت پێشـانگایە لـە پەرسـتگەیەکدا!

تۆنـگ تسـۆن جویـش لـەوێ بـوو. لەنـاو جەماوەرەکـەدا خـۆی ئەکوتـا. زۆری حـەز بـە بیسـتنی هـەواڵ و چیرۆکـی شـەڕ و شـوڕ ئەکـرد. چـاوی بـە مامـی کـەوت کابـرای سـێمڵ درێـژی ئەدوانـد. خـۆی تێکـرد هەتـا گەیشـتە لای مامـی. مامـی پەلێکـی گـرت و پێـی وت" پڵینگـە چووکەلـە، ئـەوە ئێـوە پەلـی منـاڵان هیـچ رێ و شـوێنتان نییـە؟ ئێـوە تەنانـەت سـڵاو لـە فەرمانڕەوایـش ناکـەن کـە دەیبینـن؟" دەسـبەجێ تۆنـگ تسـۆن جـوی وریـا وێسـتا. دەسـتی بەرزکـردەوە و سـڵاوی وەرگـرت.

سـەرەك "تسـای" بەخەندەییەکـەوە مناڵەکـەی راکێشـایە تەنیشـت خۆیـەوە و دەسـتێکی بەسـەریدا هێنـا و گوتـی "ئـەم بەراسـتی وەك یەکـێ لـە (شـەیتانە بچووکە)کانـی سـوپای رێـگای هەشـتەمەوە. تۆنـگ هەسـتی بـە هاوڕێیەتیەکـی گـەرم کـرد و پێـی بڵـێ، پێـش سـاتێك زۆرت لـێ ئەترسـام بەهـۆی سـمێڵە درێژەکەتـەوە، بـەڵام لەجێـی ئەمـە وتـی "ئـەی سـەرەك تسـای شـتێکمان لەبـارەی جەنگـەوە پـێ بڵـێ:" گوتـی "زۆر باشـە، لەپاشـان سـەرەك "تسـای"

لەسەر تاشەبەردێکی گەورەوە راوەستاو بە دەنگێکی بڵند گوتی "هەڤاڵان پێویستە سوپاسی ئەم خەڵکە بکەین بۆ ئەو شتانەی بۆیان هێناوین. ئەبینین بەپشتگیری ئەم خەڵکە باشەوە ناشێ هیچ گومانمان بێ لە راماڵینی دوژمندا. هەر لە پێناوی ئەمە خەڵکەدا هاوڕێیان پێویستە دوژمن لەناوبەرین". ئەنجا بە سۆزێکی دۆستانەوە گوتی: ماوەیەکی درێژە لە برسانا سك ئەگوشین، بەڵام هەرگیز نابێ رێگە بدەین بەسکی برسی مێشکمان لێ بخلەتێنن. هەر سەر ئەبێ رابەر بێت بە وتەیەکی تر هەڤاڵان زیاد لە پێویست مەخۆن. بۆ ئێستێ سەرو دوودانە پەتاتەی بەسە و ئەوی تر گل بدەنەوە بۆ کاتی تەنگانە. خواردنی لە پێویست بەدەر ئەتانکوژێت!".

تۆنگ تسۆن جوی حەپەسابوو. سەربازێك لە نزیکیەوە وێستابوو لێی پرسی "ئەشێ بە زێدە خواردنەوە بمریت؟" سەربازەکە لە وەراما وتی "بەڵێ، بەڵێ ئەگەر یەکێ ماوەیەکی درێژ بە برسیتی ماوە، ئەوا جاری یەکەم نابێ لەخۆی زیاتر بخوات. زۆر خواردن لەم بارەدا پیاو تووشی نارەحەتی ئەکات و لەوانەیشە بیکوژێت."

تۆنگ گوتی: تێگەیشتم. ئەی چەند رۆژتان بێ خواردن رابواردووە؟ کابرا وتی : سێ رۆژ و هەندێك. سێ رۆژ لەمەوبەر بوو دوژمنمان لە سەنگەرێکی سەختا دەرپەڕاند. لەگەڕانەوەمانا لەناکاو خۆمان دی بە ئابلۆقە دراوین و هێزەکانی دوژمن پەیتا پەیتا ئەگەیشتن. ئێمەیش ژمارەمان تەنیا سێ سەد کەس بوو. دایان نابوو بە سانایی لەناومان ئەبەن. "ئەنجا ئێوە چیتان کرد؟" تۆنگ تسۆن جوی هەناسەی لەخۆی بڕی و گوێ رایەڵ بوو "بەتەواوی رامان ماڵین، پاش ئەوەی دەستێکی باشمان لێ وەشاندن. ئەو چەتانە وەك گورگی برسی وابوون. هەر وەك شەپۆل دەستە بە دەستە شاڵاویان بۆ ئەهێنایەن. ئێمەیش هەموویانمان بەرەو دوا کردنەوە. لە کۆتاییدا بەڕاستی برسی بووین و هیچ نەبوو بیخۆین. من تۆپەڵە بەفرێکم کرد و

خستمە دەممەوە" ئەنجا سەربازەکە لەسەر گێڕانەوەی باسەکەیدا ڕۆیشت و گوتی "لەپاشان سەرەك تسای پلانی بۆ داناین بەمەبەستی کەل کردنی بازنەی ئابلۆقەکە، بەڵام دوژمن پێشەکی چاوەڕانی ئەمەی لێ ئەکردین بۆیە هەموو بستێکی بەسەرباز لێ تەنیبووین. جا چۆن لەناویانا دەرباز بین؟ دوێنێ شەو سەرەك تسای بیری لە فێڵێك کردەوە چەند سەربازێکی بردە شوێنێك و هێزەکانی دوژمنیان دایە بەر دەسرێژ. دوژمن وا تێگەیشت لەوێوە هەوڵی دەرچوون ئەدەین و بۆیە سەربازەکانی بۆ ئەوێ نارد. تا ڕێمان لێبگرن. هەر لەم ساتەشدا ئێمە ڕوومان کردە نوختەیەکی نەپارێزراو. بەناو هێڵی دوژمندا هەڵمەتمان برد و گورج لە هەڵدێرەکەدا شۆڕبووینەوە. لە ڕێگاماندا دەستێکی باشمان لێوەشاندن و ژمارەیەکی زۆرمان لە سەربازە چەتەکانا کوشت. ئێمەیش چەند پێکراوێکمان بوو. فەرموو ئەمانەش سەربازە بریندارەکانمانن.

تۆنگ تسۆن جوی هەردوو لەپی سەربازەکەی خستە ناو لەپی خۆیەوە و گوتی: "ئێوە هاوڕێی نایابن" و بۆ لای یەکێ لە سەربازە بریندارەکان خۆی ڕافراند. زامەکەی سووك بوو، دەستی چەپی بە پێچڕاوی بە ملیەوە هەڵواسرابوو. نانی ئەخوارد لەگەڵ هەر قەپاڵە پەتاتەیەکدا گۆلمێ بەفری دەئاخنیەوە دەمیەوە. هەرتاوە نا تاوێکیش ناوچەوانی وێك ئەهێنایەوە، ئەمەیش نیشانی ئەدا کە زامەکەی هێشتا هەر بە ئازار بوو. تۆنگ تسۆن جوی دانیشت و پڕ بە دووچاوی گەورەوە تێی ڕاما.

"مامە گیان زامەکە ئازارت ئەدات!"

"ئەگەر نەختێ گۆشت بە چەقۆ لە لەشی خۆت بکەیتەوە ئەیەشێت!"

"بێگومان هەندێ جار تەنانەت داڕووشانی پێستیش لەوانەیە زۆر ژان بکات" "کەوابوو ئەزانیت هەست بە چی ئەکەم. لەمە ئەچێت وەك شتێك قۆڵم بگەزێت و بی قرتێنێ". تۆنگ تسۆن جوی لە پڕێکا بازیدا، وەك شتێك

بە باسکییەوە دابێت ئاوای هەست کرد. سەری لەوە سوڕما بوو چۆن ئەم سەربازە هاواری نە ئەکرد.

"مامە تۆ زۆر لە ئازاردایت، چۆنە کە ناگریەیت!"

"ئەتوانم بەرگەی بگرم، هەوڵ ئەدەم دان بەخۆما بگرم، کە من کەمێك ئازار بچێژم ئازاری ئێوەی گەل نەختێك کەمتر ئەبێتەوە. ئەو دڵۆپە خوێنەی من کە دەیڕێژم شۆڕش لە سەرکەوتن نزیکتر دەکاتەوە. هەرکاتێك بیر لەمەیش ئەکەمەوە باکم بە ئازاری خۆم هیچ نامێنێت".

ویستی ئەم سەربازە ئازایە کارێکی ئاشکرای کردبووە سەر تۆنگ تسۆن جوی ئەم تێگەیشت مرۆڤ ئەبێ بە هەستێکی پڕ بڕواوە بەرەنگاری تەنگ و چەڵەمە ببێت. بۆ ئەم سەربازانە هیچ سەختییەك هەرگیز نابێتە کۆسپ. ئەمان بەسەر هەموو تەگەرەیەکدا زاڵ ئەبن. تۆنگ تسۆن جوی بەخۆی وت: "ئای لەم پیاوە نەبەزە! خۆزیا وەك ئەم بوومایە!"

وشەکان وەختابوو لەسەر زمانیەوە دەپەڕنەدەرێ، بەڵام زۆر رەوگیری کردن. دوایی چیتر خۆی پێنەگیرا، هەڵسایە سەرپێ و گوتی: "ئەمەوێ بێمە ناو لەشکری رێگای هەشتەمەوە و ببم بە یەکێ لە "شەیتانە بچووکەکان". سەربازەکە زامەکانی خۆی لەبیرچووەوە و دایە قاقای پێکەنین. سەری لەقاند و گوتی: "زۆر ساوایت. تۆ هێشتا زۆر ساوایت. بەڵام ئەشێ لە دوای چەند ساڵێکی تردا، وەرامەکە منداڵەکە فرە دڵتەنگ کرد. هەڵسا چەند خولێك بە دەوری خۆیدا سووڕایەوە تا نیشانی سەربازەکەی بدات چەند گەورەیە و بە پرۆتیستۆیەکەوە گوتی "فەرموو سەیرم بکە. تۆ وا ئەزانیت من هێشتا هەر زۆر منداڵ و فرە بچووکم.. بڕوانە چ کوڕێکی گەورەم من!" بەڵام هەموو ئەو سەربازانەی لەنزیکیانەوە وێستابوون دایانە قاقای پێکەنین.

## (گەورە بوون)

چەتــە ژاپۆنییــەکان لــە شــاری شــاچینگ دا تــا ئەهــات زیاتــر هەســتیان بــە نارەحەتــی دەکــرد و بــاری ناوچەکــە ناچــاری کــردن چەنــد بنکەیەکــی ســەربازی لــە نانشــانیاو دا بکەنــەوە و ژمارەیــەك لــە هێزەکانیانــی لــێ بهێڵنــەوە. چەنــدان جــار ســووپای رێــگای هەشــتەم ئــەو بنکەیانــەی لــە دوژمــن پــاك ئەکردنــەوە. بــەڵام ژاپۆنییــەکان خێــرا چەتــەی تریــان ئەنــاردە شــوێنەکانیانەوە. بــۆ داگیرکردنــی ئــەو بنکەیانــە هێزەکانــی هــەردوولا زۆر جــار بــە تونــدی بەرەنــگاری یەکــتر ئەبوونــەوە. هــەر جارێــك شــەڕ رووی بدایــە تۆنــگ تســۆن جــوی لەبــەر دەرگاکەیانــا را ئەوەســتا و بــە ئافەرینــەوە دەیڕوانییــە پێشــمەرگەکان. لەوێــوە خەڵکــی گوندەکــەی ئــەدی لــە پێشــی ماڵەکەیانــا تێپــەڕ ئەبــوون و داربەســتیان ئەگوێزایــەوە.

لــە نیوەشــەوێکی تۆفــدا مامــی هــات بــە شــوێن باوکیــا. دەســبەجێ باوکــی لەنــاو جێــگادا هاتــە دەرەوە. هەگبەیەکــی هەڵگرتــوو بــۆی دەرچــوون. تۆنــگ تســۆن جــوی کــەدی هەردووکیــان رۆیشــتن تێگەیشــت شــەڕێك خەریکــە روو ئــەدات و ئــەم زۆر نارەحــەت بــوو. هــەر لەگــەڵ تاریــك و روونــی بەیانیــدا، بــە هەڵــەداوان رووی کــردە ماڵــی مامییــەوە و لــەوێ چــاوی بــە ئامــۆزا و هاوڕێــی دڵســۆزی تۆنــگ- وان-نیــان کــەوت کــە چەنــد ســاڵێك لــە خــۆی گەورەتــر بــوو. چەنــد فســکەیەکیان کــرد و لــە پاشــانا ئامۆزاکــەی بــردی بــۆ ســووچێك و چرپاندنــی بــە گوێیــدا ئەڵێــن پەلێــك لەســەربازەکانی خۆمــان لــە بنکــەی هەرێمەکــەوە بــۆ ئێــرە هاتــوون و دوێنــێ شــەو خەڵکەکــە چــوون دانەوێڵەیــان بــۆ بێنــن. ئەمــان لەمــاوەی رۆژێــك یــا دووانــدا هێڵەکانــی پەیوەنــدی دوژمــن تێکدەشــکێنن. ئەمــە ئەوپــەڕی نهێنییــە و نەکــەی بــۆ کــەس بیدرکێنــێ! تۆنــگ تســۆن جــوی بــەوە دڵتەنــگ بــوو کــە ئامــۆزای ئــاوای بدوێنــێ. بۆیــە وتــی "جــا مــن هیــچ نهێنییەکــی تــرم درکانــدووە".

ئــەو رۆژە لــە پێــش گزنگــی هەتــاودا دەســتەیەك پێشــمەرگە مینیــان ئەنایــەوە.

تۆنــگ تســۆن جــوی بــۆ یارمەتییــان چــوو، بــەڵام پێشــمەرگەیەك هــاواری لێكــرد "پڵینگــە چووكەلــە لێیانــەوە نزیــك مەبــەرەوە بــام پارچــە پارچــەت نەكــەن.

"مـەم ترسـێنە ئەگـەر تـۆ خـۆت لێیـان ناترسیت، منیـش لێیـان ناترسـم". تۆنـگ دوور نەكەوتـەوە، بەڵكـو بـە دەوریانـا ئەخولایـەوە و سـەیری ئەكـردن. لـەو سـاتەدا بینــی زۆران لــە خەڵكــی دێكــە رایــان ئەكــرد. ئارامــی لــێ هەڵگیــرا. بەغــاردان گەڕایــەوە ماڵــەوە و داوای لــە دایكــی كــرد رێگــەی بــدات لــە تــەك پێشــمەرگەكانا بچێــت، بــەڵام دایكــی نەیهێشــت بــڕوات. كــە دونیــا تاریــك بــوو، جەنــگاوەرەكان دێكەیــان جێهێشــت و بــاوك و مامــی تۆنــگ تســۆن جــوی بــە دەســكە پووشــەوە لەگەڵیانــا رۆیشــتن. تۆنــگ تســۆن جویــش خــۆی دزیــەوە و بــە هێمنــی شــوێنیان كــەوت.

كـە گەیشـتنە نوختەیـەك لەسـەر رێـگا گشـتییەكەی نزیـك بەشـاری شـاچینگەوە دەسـتیان بـە میـن ناشـتن كـرد و تەڵەكانیـان هەڵبـڕی و پردەكەیـان پـووش پـۆش كـرد. یەكـێ لـە پێشـمەرگەكان خەریـك بـوو ئاگـر لـە پووشـەكە بەربـدات كـە چـاوی كـەوت بەئادەمیزادێكـی نەنـاسراوا پەلـەی خۆشـكردنی گـڕی ئاگرەكـە بـوو، ئەوەیـش لـە (پڵینگـە چووكەلـە) بـەولاوە كەسـێكی تـر نەبـوو.

مامــی بەغــاردان چــوو دەســتی راكێشــا و هێنایــەوە. باوكــی دایــە قاقــای پێكەنیــن. لەگەڕانەوەیانــا بەرەومــاڵ تۆنــگ تســۆن جــوی لەبــەردەم پیــاوە چەكدارەكانــەوە بــە راكــردن هەڵئەقۆزییــەوە و بــە لافــی زەلامێكــی گــەورە و بــوو ئەیــووت: بەراســتی زۆر خۆشــە ژاپۆنییــەكان هــەر بەهــەوادا گوللەیــان ئەتەقانــد و زاتیــان نەكــرد لەســەربازگەكانیانەوە بێنــە دەرەوە و چاوێــك بــە دەوری خۆیانــا بگێــڕن".

هەمــوو رۆژ تۆنــگ تســۆن جــوی چاوەڕوانــی هاتنــی وانــگ پنــگ بــوو. بــۆ دێكــە تــا پێــی بڵێــت چــۆن ئاگــری بەردایــە پووشــەكەوە، بــەڵام وانــگ پنــگ هەتــا ماوەیەكــی زۆر بەدیــار نەكەوت.تــا رۆژێكیــان دەنگەدەنــگ و قەڵەباڵغییــەك

لــە دێکــەدا پەیــدا بــوو لەپاشــانا بــوو بەهاتوهــاوار و گریــان. هــەواڵ هاتبووکــەوا وانــگ پنــگ مــردووە. تۆنــگ تســۆن جــوی زۆر بــە کــوڵ گریــا. ئەمەیــش چیرۆکــی مردنـــی وانـــگ پنـــگ بـــوو. لـــە (شانگیشاشـــای) دا لەنـــاکاو دوژمـــن ئابلۆقـــەی کۆمەڵێکـــی بچـــووك لـــە هێزەکانـــی ســـوپای رێـــگای هەشـــتەم ئـــەدات. وانـــگ پنــگ و هەڤــاڵ کــۆ لــەم کۆمەڵــەدا ئەبــن. هەرچەنــد ژمــارەی دوژمــن ئێجــگار لەهــی ئەمــان پــتر ئەبــێ، هەردووکیــان مەردانــە بەرگرییــان کردبــوو. دەســتەیەك لەســـەربازە ژاپۆنییـــەکان ســـەر ئەکەونـــە بانـــی خانوویەکـــی نزیکـــەوە و تێیـــان رائەخــوڕن“ ”چەکەکانتــان فــڕێ بــدەن“. وانــگ پنــگ وەرامیــان ئەداتــەوە ”هیــچ کــەس لــە ســوپای رێــگای هەشــتەم چــەك دانانێــت“. گورجــێ دەس ئــەکات بــە ســووتاندنی بەڵگــە و کاغەزەکانــی تــر کــە پێیــان بــوون و بــۆ تەنیــا ســاتێکیش لــە تەقەکردنــا ناوەســتێت. لەکاتــی شــەڕەکەدا رووی کردبــووە هەڤــاڵ کــۆ و پێــی گوتبــوو ”تەنانــەت ئەگــەر ئێمــە ژیانــی خۆیشــمان بکەینــە قوربانــی، هەزارانــی تــر ئەمێنــن کــە راســتەوە بنــەوە و بەرهەڵســتی ئــەم داگیرکەرانــە بکــەن هەتــا پیــرۆزی تــەواو بــەدەس دێنیــن“. لــە کۆتاییــدا وانــگ پنــگ فیشــەکی پــێ نامێنــێ. ئەنجــا چەتــە داگیرکــەرەکان شــاڵاوی بــۆ دێنــن و بــە جــارێ گەمــارۆی ئــەدەن. ئەمیــش تەلــی دوا نارنجۆکەکــە رائەکێشــێ و چەتــە ژاپۆنییــەکان لەگــەڵ خۆیــا ئەکوژێــت.

تۆنــگ تســۆن جــوی هەمــوو ئەندامێکــی کردبــوو بــە گــوێ و زۆر بەپەرۆشــەوە چیرۆکەکــەی ئەبیســی. وانــگ پنــگ و هــاوڕێ کــۆی قیــت هاتنــە بەرچــاو کــە دوژمنیــان لــە نێــو ئەبــرد و بــە چــاوی خەیــاڵ وانــگ پنگــی دی داوا نارنجۆکەکــەی هەڵاویشــت. هــەردووك دەســتە بچووکەکانــی لێکــدان و بەهاوارێکــەوە قیژانــدی. ئەمــە قارەمانــی ئێمەیــە- قارەمانــی ئێمــە!“

بــۆ چەنــدان رۆژیــش لــەدوای ئــەوەدا تۆنــگ تســۆن جــوی هــەر لەبەرخۆیــەوە ئەیــووت ”ئەمــەوێ زوو گــەورە بــم. ئەمــەوێ ببــم بــە پیاوێکــی وەك وانــگ پنــگ. مــن ئەمەوێــت دوژمــن تێــك بشــکێنم!“

**(ئازا بوون)**

ڕۆژێکیان تۆنگ تسۆن جوی لەبەر دەرگای پەرستگەیەکی کۆندا دانیشتبوو سەیری منالانی ئەکرد بە داروچکە گەمەیان ئەکرد. ئەم خۆی چیتر حەزی بەم جۆرە شتانەی ساوایانەوە نەدەکرد. شیروتفەنگی پەلەکانی منالان لە تەختەدارا دروستکرابوون. چۆن بتوانن بەم چەکانەوە لەگەڵ دوژمندا شەڕ بکەن؟ بەڵام پێشمەرگەکان مین و تفەنگی راستەقینەیان هەبوو. بۆیە بڕیاریدا بچێتەریزی پێشمەرگەوە. بەڵام هێشتا لە جێهێشتنی برادەرانی یاریدا هەر دوو دڵ بوو. تۆنگ تسۆن جوی ئەم پرسیارەی بەرەو رووی برادەرەکانی کردەوە. "ئێوە ئەڵێن چی ئەگەر چوومە ریزی پێشمەرگەوە؟"

بیرێکی زۆر باش، ئەوسا فێری بەکارهێنانی تفەنگی راستەقینەمان ئەکەیت. بەڵام ئەوساکە چیتر هەموو رۆژ یاریمان لەگەڵدا ناکەیت!" تۆنگ تسۆن جوی بەخەندەییەکەوە دەستی لە پشتی هاوەڵەکانی دا و گوتی:" من هەرگیز لەبیرتان ناکەم و هەر وەك ئێستێ هەمیشە هەر لەم ناوەدا ئەبم."

بڕیاری خۆیدابوو بەپەلە رای کردە ماڵەوە تا چاوی بە دایکیا بکەوێ. هەرکە پێی نایە حەوشەکەوە هاواری کرد "دایە، دایە" دایکی هاتە دەرەوە و بەخەندەییەکەوە پرسی: "ئەمە چییە کوڕەکەم؟ بەچی وا دڵخۆشبوویت؟"

- ئەمەوێ بچمە ریزی پێشمەرگەوە، دایە گیان، هەموویان رایان لەسەرە. تۆیش رات لێیە، دایە وا نییە!"

- "هەموویان؟ هەموویان کێن؟"

- منالەکان لە پەلەکەدا."

- ئاە! پەلی منالەکان، ئەی نازانیت بۆ ئەمە تۆ هێشتا زۆر ساوایت؟"

- ساوا! وا تەمەنم بوو بە شانزە. ئەوان هەڤاڵی شانزە و حەڤدە ساڵەیان لەناو سوپاشدا هەیە.

دایکی لە رێگەدان بە کوڕەکەیا دوو دڵ بوو، چاوەکانی پڕ بوون لە

فرمێسـك، بـەڵام بیانوویەکـی باشـی بـۆ نەدۆزرایـەوە و رێـگای رۆیشـتنی کوڕەکـەی پـێ بگرێـت. تۆنـگ تسـۆن جـوی سـەری لـێ شـێوابوو، نەیدەزانـی چـی بـکات. ئەبـوو ئەشـکی دایکـی رەوگیـری بـکات؟ خـۆ (وان نیـان)ی چاکتریـن هاوڕێـی وەختـێ کـە چـوو بـووە ریـزی سـوپاوە دایکـی زۆری بـۆ گریابـو. بـەڵام بـە هانـدان و پشـتگیریی باوکیـەوە لـە ئەنجامـدا پێیـان سـەلماندبو بـە خەندەییەکـەوە کوڕەکـەی بـەڕێ کردبـوو. کەچـی دایکـی تۆنـگ تسـۆن جـوی تـا ئێسـتا هـەر نەیدەسـەلماند و ئەمیـش نەیئەزانـی چۆنـی پـێ بسـەلمێنێ. لەداخانـا لێوەکانـی خـۆی کرۆشـت و لـە دواییـدا وەك بۆمبایـەك تەقییـەوە و گوتـی "دایـە هەرچۆنـێ بێـت، پێـت خـۆش بـێ یانـە، مـن هـەر ئـەڕۆم". دایکـی کـە نەیتوانـی بـە هیـچ جۆرێـك پەشـیمانی بکاتـەوە. ناچـار بـوو فرمێسـکەکانی بشـارێتەوە و رێگـە بـە رۆیشـتنی کوڕەکـەی بـدات. تۆنـگ تسـۆن جـوی پێشـمەرگەیەکی زۆر چالاکـی لێهاتـەوە و لـە هەمـوو کارێکـدا بەشـداریی ئەکـرد وەك میـن دانانـەوە، تـەل قرتانـدن و دەسـتگیرکردنی ناپاکانـدا.

نیوەشـەوێکی زۆر تاریـك و ئەنگوسـتە چـاو پێشـمەرگەکان ئێجـگار بـە وریایـی و بـێ دەنگیەیـوە لەسـەر خەتـی ئاسـنی شـەمەندەفەردا ئەخشـین. تۆنـگ تسـۆن جـوی لـە کەنداوێـکا بازیـدا و نزیـك بەهێڵەکـە بـووە و دەسـتی بـە ئاسـنەکاندا هێنـا و گوتـی "وا دیسـانەوە تـۆ لێرەیـت. هـەر یەکـدو رۆژێکـە هەڵتدەکێنیـن؟

پێشـمەرگە دەسـتیان بـە کارکـرد، فەرمانـی ئەمجارەیـان بریتـی بـوو لـە پەڕینـەوەی دارتەلـەکان، دوو پیـاو بـە مشـارێکەوە خەریکـی بڕینـەوەی دارتەلێـك بـوون. لـە ماوەیەکـی کورتـدا هەمـوو دارتەلـەکان بـە درێژایـی دوو میـل بـە زەویـدا دران. تۆنـگ تسـۆن جـوی ئـەوەی پـێ سـپێردرابوو کـە تەلـەکان بـە بـەرد بپسـێنێ و بیـان هێنێتـەوە. کاتـێ کـە خەریکـی کارەکـەی بـوو سـەیری کـرد دارتەلـە بڕاوەیـەکان هێشـتا هـەر درێـژن لەمـە ترسـا دوژمـن هەمدیسـان بتوانـێ قیتـان بکاتـەوە. بۆیـە دەسـتی دایـە مشـارێك و دارتەلێکـی دوو لـەت کـرد.

دەسـبەجێ هەمـوو پێشـمەرگەکان چاویـان لـەم کـرد و ئـاوا گشـت دارتەلـەکان بـۆ دوژمـن لـە کەلـك خسـتێنران.

کاتـێ کـە ئیشیان ئەکرد گوێیـان لـە زرمەیەکـی دوور بـوو، بەدوایـەوە شـەوقێکی تیـژ ئاسـمانی روونـاك کـرد. پێشـمەرگەکان بـە شـەمەندەفەرێکی تێگەیشـتن و زۆر بایەخیـان پـێ نـەدا، بـەڵام لـە پڕێـکا دەنگـی تۆپێـك لـە گرمژنیـدا و ئاگـر لـە کێڵگەکانـا بەربـوو. پێشـمەرگەکان راچڵەکیـن لەبـەر ئـەوەی ژمارەیەکـی زۆریـان لــە پێشــتر دەنگــی گوللەتۆپیــان نەبیســت بــوو، دەســتیان کــرد بــە راکــردن. فەرمانـدەی ناوچەکـە خێـرا خـۆی گەیانـدە شـوێنەکەوە و هـاواری کـرد "بوەسـتن، غـار مـەدەن. هیـچ نییـە، ماشـنێکی زرێپۆشـەو بـێ مەترسییە". ئەنجـا فەرمانـی دا هەرکـەس خـۆی بشـارێتەوە لـە شـوێن خۆیانـا نەبـزوون. هەموویـان بازیـان دایـە نـاو کەندەکـە و تۆنـگ تسـۆن جـوی خێسـکەیەکی کـرد و دیتـی شـتێکی رەش بـە ناقـۆڵا و گراتـرۆ نزیـك ئەبێتـەوە و چەنـدی کـردی نەیزانـی چیبـوو. سـووکە ترسـێکیش دایگـرت نەبـادا ئـەو جانـەوەرە راسـتەوخۆ بێتـە سـۆپەرەکەی ئەمـەوە. زرێپۆشـەکە بـە هێواشـی راوەسـتاو تیشـکەتیژەکانی بـە هەمولایەکـدا گێـڕا. بـوو بـە قرمـە قرمـی مەترەلـۆز و گرمـەی تۆپـان لـە هەمـوو دۆڵەکـەدا دەنگـی دایـەوە و تەنانـەت زەوی لەگرمـەی دەنگەکـەدا لەرزییـەوە. تۆنـگ تسـۆن جـوی ئـارەزووی ئەکـرد بەخاکـدا بچێتـە خـوارەوە. تـا لەگرمـە گرمـە نەپسـاوەیەکدا دوورکەوێتـەوە. وا تێدەگەیشـت گوللـە تۆپـەکان لـە بـان سـەری ئەمـدا ئەتەقینـەوە. دوا بـە دوای تەقــە و تــۆپ بارینــە درێژخانەکــەدا چەتــە ژاپۆنییــەکان ماشــێنە زرێدارەکەیــان کێشـایەوە. فەرماندەرەکـە یەکـەم کـەس بـوو لـە سـوپەرەکەیدا هاتـە دەرەوە و بـە گاڵتەییەکـە گوتـی هەڤـاڵان پێـم وتـن هیـچ نییـە، ئێسـتا دیتتـان ماشـێنێکی زرێ پـۆش چـی پێدەکرێـت؟ تۆنـگ تسـۆن جـوی زۆر بەختیـار بـوو، ترسـی لـە ماشـێنە زرێ پۆشــەکە رەوییــەوە. بەشــادییەوە دای بــە رانــی خۆیــا و گوتــی: "بەراســتی فەرماندەمـان چـاك ئەزانێـت چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ چەتەکانـا ئـەکات. ئێمـە هـەر

ئەوەتـا لـە ژێـر لووتـی دوژمنـدا بوویـن کەچـی ئـەوان تەنانـەت بەمەیشـیان نەزانـی.

چەنـد مانگێـك رابـورد. رۆژێکیـان هـەواڵ هـات کـە یەکێتـی سـۆڤیەت هێـزی ئەنـاردە بـۆ رۆژهەڵاتـی باکـوور بـۆ یارمەتیدانـی چیـن. لـە هەمـوو شـوێنێکا هـەر باسـی هێرشـێکی بـەرەواژ بـوو، لـە هەمـوو گوندێکـدا پیـاو بـە کۆمـەڵ ئەچوونـە ریـزی سـوپاوە. پێنـج لاوی نانشـانپاو ئیمزایـان کـرد کەچـی تۆنـگ تسـۆن جـوی جووڵـەی نەکـرد. یەکێـك پێـی پێکەنـی و گوتـی ئـەی تـۆ، پڵینگـە چووکەلـە دیـارە ناتەوێـت دایکـت جـێ بێهڵیت؟لـە وەرامـا وتـی "ئەیبینیـت." لەراسـتیدا ئـەم پێشـەکی بڕیـاری خـۆی دابـوو.

ئـەو شـەوە لەنـاو پێخەفەکەیـدا تلایـەوە و سـاتێ خـەو نەیـبردەوە. جۆرەهـا شـت لـە مێشـکیا تێکقرژابـوون. لـە راسـتیدا ئـەم حـەزی نەدەکـرد دایکـی بەجـێ بێڵێـت، بـەڵام رامالینـی دوژمـن گەلـێ لـەوە گرنگـتر بـوو، ئەمەیـش پاڵـی پێـوە نابـوو بڕیـاری خـۆی بـدات کـە مـاڵ و خێـزان جێبهێڵێـت و بچێتـە ریـزی سـوپاوە. ئەشـی زانـی ناتوانێـت لەبـەردەم خـەم و پـەژارەی دایکیـا خـۆی رابگرێـت بۆیـە بڕیاریـدا کـە باشـتر وایـە بـێ ئـەوەی دایکـی ئـاگادار بـکات بـڕوات. هـەر ئەمشـەوە، پێـش تاریکبوونـی بەیـان تۆنـگ تسـۆن جـوی هەگبەیـەك بەسەرشـانیەوە شـەتەکدار و بـە دزییـەوە لـە گوندەکـەوە دوورکەوتـەوە.

## (باوەڕی مەردانە)

تۆنـگ تسـۆن جـوی سـەربازێك بـوو لـە رێکخـراوە سـەرەکییەکەی پێشـمەرگەی هەرێمەکـــەدا، بـــەڵام نـــە جلـــی ســـەربازیی لەبـــەرا کردبـــوو نـــە تفەنگیشـــی هەڵگرتبـــوو. تەنیـــا چەکـــی بێڵـــێ بـــوو کـــە بـــۆ تێکدانـــی رێگاوبانـــی دوژمـــن و رووخانـــدن و تەختکردنـــی ئامارەکانیانـــدا بـــەکاری دەهێنـــا. بێڵەکـــەی هەمیشـــە ئەبریقایـــەوە. هـــەر جارێـــك لـــە رووخاندنـــی ئامارەکانـــی دوژمنـــدا ســـەربکەوتنایە ئـەم لـە خۆشـیانا رای دەکـرد هەڵدەپەڕیـی ئەگـەر پرسـیارت لـێ بکرایـە لەبـارەی ئـەو هەسـتە پـڕ لەشـادیی و ئـەو کـردەوە منداڵکارییـەوە لـە وەرامـا دەیـووت "جـا بـۆ نـە؟ ئـەی کـە شـتێکی ئـاوا دەڕوخێنێـت هەسـت بـە خۆیشـی ناکەیـت؟"

رۆژێکیـان لـەوە ئـەدوان کـە کـێ ئەیویسـت بچێـت بـۆ هێـزە چەکدارەکانـی ناوچەکـەوە هـەر لەگـەڵ بیسـتنی پرسـیارەکەدا تۆنـگ تسـۆن جـوی بـۆی راسـتەوە بـۆوە. پێشـوازی و بەخێرهاتنـی گەرمـی لـە فەرمانگـەی هەرێمەکـە لێیـەوە کـرا، هەســتێکی هاوڕێیانــەی پــێ بەخشــی و دەســبەجێ هەمــوو شــتێکی ئەوێــی خۆشویسـت لـە رۆژی دواییـدا دەسـتەجلێکی سـەربازیی تازەیـی پێـدرا، هەرچەنـد جلـەکان بـۆی گـەورە بـوون بـەڵام ئـەم هیـچ گوێـی بـەوە نـەدا، لـەو بڕوایـەوە کـە خـۆی زۆر گـەورە دەبێـت و بۆیـان دەس ئـەدات. ئیـتر بـە شـانازییەوە خـۆی پێـوە بـادەدا و لـە دڵـی خۆیـدا دەیگـوت هـەر سـاتێ تفەنگێکـی ژاپۆنـی بێنێتـە دەسـتیەوە ئـەوا دەبێتـە پیاوێکـی راسـتەقینەی سـوپای رێـگای هەشـتەم. (هێـزە چەکدارەکانـی ناوچـە رزگارکراوەکانـی لـەوەو پێـش زۆربـەی چەکەکانیـان لـە دوژمنـەوە بـە چنـگ هێنابـوو) بـەڵام ئاواتـی ئـەم رمـا کاتێـك فەرمانـدەی لقەکـە نارنجۆکەکـی دایـە. پرسـیاری لەسـەر لقەکـە کـرد "ئـەی بـۆ تفەنگێکـم نادەنـێ! ئەوانـی تـر تفەنگیـان هەیـە بـۆچ منیـش نەمبـێ؟" فەرماندەرەکـە لـە وەرامـدا گوتـی تفەنـگ بـۆ ئـەم قورسـە و مەترسـی نیشـاندا کـە ئەشـیا ئـەم بەرگـەی رۆیشـتنە درێژەکـە لـە تـەك سـوپادا نەگرێـت چونکـە هێشـتا هـەر مێردمنـاڵ

بــووا! چــی "چــی پاڵــی پێــوه نایــت وا تێبگــەی مــن تفەنگــم پــێ هەڵنەگیرێــت؟ ئەمــەت لــە ڕێ ڕۆیشــتنەکەمانا بــۆ دەردەکــەوێ" ســەر لــق وەرامــی دایــەوە" باشــە باشــە تــۆ تفەنگــت پــێ هەڵدەگیرێــت. بــەڵام ئــا ئێســتا هیــچ شــك نابەیــن. فەرمانــدەر لیــو Liu وتوویــە ئەگــەر هاتــوو پێویســتیمان بــە تفەنگــی تــر بــوو ئــەوا دەبــێ لــە دوژمنیــان بســێنین". ئەمــە تۆنــگ تســۆن جــوی هێنایــە پێکەنیــن و بــەو جــۆرە گفتوگۆکەیــان دوایــی هــات.

تۆنــگ تســۆن جــوی زۆر ئاواتــە خــواز بــوو شــەڕ زوو دەس پێبــکات هەتــا هەلــی بــۆ بســازێ تفەنگێــك بۆخــۆی وەدەســت بێنــێ.

لەکاتــی مەشــقکردندا تونــگ بایەخێکــی تایبەتــی بــە جوولانەوەکانــی دەدا. لای روون بــوو ســەربازێکی قــاڵ بــووی مەشــق جەنگاوەرێکــی زۆر باشــی لێدێتــەوە.

جارێکیــان چوونــە دەرەوە بــۆ مەشــق کــردن لەســەر نارنجــۆك هاویشــتن، بــەڵام رێگــە بــەم نــەدرا یەکێــك هەڵاوێــژێ بۆیــە بــە راکــردن چــوو بــۆ لای ســەرکردەکە و داوای لێکــرد مــاوەی بــدات نارنجۆکێــك بهاوێــت. ســەرکردەکە ماوەیــەك بــە وردی تێــی رامــا ئەنجــا پێــی وت کــە هێشــتا مێردمناڵــە و ئەگونجــێ هەڵەیــەك بــکات و ئــازاری خــۆی بــدات. زۆری رق لــە وشــەی (نــە) بــۆوە، لەگــەڵ ئەوەشــدا ئەگــەر لەکاتــی مەشــقکردنا رێگایــان پــێ نەدابــا، دەس لــە چــەکان بــدات ئــەوا بێگومــان لەکاتــی شــەڕی راستەقینەشــدا بــۆ یارمەتیدانــی چێشــتکەرەکانی ئەنێــرن و ئەمەیــش کارێکــی ئێجــگار دژوار ئەبــێ. جــا بــۆ پێــش دەســتی بەرلــەوەی ســەرلق ئومێــد بــڕی بــکات، دیســانەوە گووتــی "ئەگــەر ســەربازێك توانــای هەڵاوێشــتنی نارنجۆکێکــی نەبێــت، ئــەوا چــۆن پێــی دەوترێــت ســەرباز؟" کــە ئەمــەی بیســت ســەرلقەکە خەندەیەکــی کــرد و دڵــی نــەرم بــوو. تۆنــگ تســون جــۆی نــاردە لای ســەربازێکی شــارەزا تاکــو مەشــق لەســەر هەڵاوێشــتنی نارنجۆکــدا بــکات.

ماوەیەکـــی زۆر بەســـەر ئەمـــەدا رانەبـــورد کـــە ژمارەیەکـــی زۆریـــان لـــە چەکــی دوژمــن دەســکەوت و تفەنگێکیــان لــێ دایــە تۆنــگ تســون جــۆی کــە

دەسـبەجێ خـۆی پێـوە خەریـك كـردوە لـە سـەربازە شـارەزاكانی داوا دەكـرد فێـری بكـەن چـۆن پارچەكانـی لێكجیـا بكاتـەوە و دووبـارە تێكیـان هەڵكێشـێتەوە. هەرچەنـدە كەمـێ شـارەزاییەكی لـە مینـا پەیـدا كردبـوو ئەمـە یەكەمیـن جـار بـوو كـە هەرگیـز تفەنگێكـی بەخۆیـەوە دیبـێ. ئـەم بـە زگـماك چەپەوانـە بـوو، هاوڕێكانـی زۆری پـێ پێكەنیـن كـە بەدەسـتی چەپـە مەقەنەزمـەی تفەنگەكـەی راكێشـا و گوتیـان "تـا تـۆ بەدەسـتی چەپـە فیشـەك دەبەیتـە بـەر تفەنـگ و ئینجـا دەیدەیتـە دەسـتی راسـتەت بـۆ تەقاندنـی دوژمـن بـۆی دەردەچـێ" بۆیـە دەسـتی كـرد بـە راهاتـن لەسـەر بەكارهێنانـی دەسـتی راسـتییەوە و لـە ئەنجامـدا بەتـەواوی فێـری بـوو.

ئـەو گۆڕانانـەی بەسـەر چۆنییەتـی شـەڕدا هاتبـوون پێویسـتی كردبـوو هێـزە چەكدارەكانـی هەرێمەكـە تێكـەڵ بەلەشـكری مەیـدان بكرێـت و بخرێتـە ژێـر فەرمانـدەی ئـەوەوە، تۆنـگ تسـون جـۆی بچووكتریـن ئەندامـی هێزەكـە بـوو، هەمـوو وەك برایەكـی بچـووك سـەیریان دەكـرد و یەكەمیـن جـار رێگـە بـەم ئـەدرا سەرپشـك بێـت لـە هەڵبژاردنـی شـتا، هەركاتـێ ئەمـە لـە توانـا دابایـە. تـا وای لێهـات هەسـتی دەكـرد كـە دەتوانـێ هـەر شـتێكی بویسـتایە بیـكات، هـەروەك ئێسـتاش هـەر لەماڵـی خۆیـان بووبـێ.

رۆژێـك لەگـەڵ هەڤاڵەكانـی بـە دەوری مێزێكـەوە دانیشـتبوونە سـەر خـواردن. لەگەنـە زلەكـە گۆشـت و فاسـۆلیای تیـا بـوو كـە خۆشـترین خواردنـی تۆنـگ تسـون جـۆی بـوو. هەنـدەی حەزێـی دەكـرد لەگەنەكـەی راكێشـایە نزیـك قاپەكـەی خۆیـەوە. یەكـێ لـە سـەربازە تـازەكان چـاوی بەمـە ڕانەهاتبـوو. بـۆ پێشـادانی ناڕەزایـی لەگەنەكـەی هێنـدەی تـر بـۆ لای تۆنـگ پـاڵ پێوەنـا و گوتـی" باشـتر وایـە هەمـووی بۆخـۆت بخۆیـت". تۆنـگ تسـون جـۆی ئەمـەی بـۆ قـووت نەچـوو. هـەر بیـری لـەوە دەكـردەوە ئایـا كردەوەكـەی راسـت بـوو یـا نـە، بـەڵام كردەوەكـەی كابرایـش بـەوە دایـە قەڵـەم كـە سـووكایەتی بـێ

بــۆ ئــەم دەســتبەجێ داروچکەکانــی خواردنــی فڕێــدا و دەســتی کــردە گریــان. ســەرپەل "کوویــوان- فانــگ" ویســتی ئــەم هەلــە لــە دەس نــەدات و لەگــەڵ جەوانەکــەدا وتوێژێکــی دڵســۆزانە بــکات و فێــری بــکات چــۆن لەگــەڵ ئەوانــی تــردا بگونجێــت. ســەرپەلەکە بــە خەندەیەکــەوە لێــی نزیــك بــۆوە و پێــی گــوت "وەرە، ئەمــە لەبیــر خــۆت بــەرەوە بــا دوو قســان بکەیــن" تۆنــگ تســون جــۆی بــە روویەکــی گــرژەوە دانیشــتبوو. ســەرپەلەکە چیرۆکێکــی بــۆ گێڕایــەوە کــە وردە وردە چــووە دڵــی تۆنگــەوە ســەرنجی راکێشــا، رقەکــەی وەك بایــەك رابــورد. ســەرپەلەکە پێــی وت لەمەیدانــی شــەڕدا زۆر جــار دەبینــی جەنگاوەرێــك ژیانــی خــۆی دەخاتــە مەترســییەوە تــا هاوڕێکانــی رزگار بــکات و بەمــە کۆتایــی هێنــا "هــەر کاتــێ مــەردوم بەرژەوەندییەکانــی گەلــی خســتە ســەرووی بەرژەوەندیــی تایبەتــی خۆیــەوە، رۆژێــك ئەبێتــە مرۆڤێکــی خــاوەن بیــروڕای مەردانــە، بــەڵام ئەگــەر تەنیــا هــەر بەتەنــگ بەرژەوەندیــی خۆیــەوە بێــت ئــەوا ئەوپیــاوە دەبێتــە کەســێکی بــێ بایــەخ لــە پاشــەرۆژدا" وشــەکانی ســەرپەلەکە لەناخــی دڵــی تۆنــگ تســون جــۆی پێــکا. دەســبەجێ رووی ســوور هەڵگــەڕا و جۆشــی ســەند. بڕیاریــدا کــە ببێتــە پیاوێکــی خــاوەن بــاوەڕی مەردانــە. زۆر پەشــۆکابوو دایــە قاقــای پێکەنیــن و سەرپەلەکەشــی پێــی پێکەنــی.

لــەم ســاتەوە هەســتێك لەناخیــەوە ســەری هەڵــدا کــە چــۆن بچێــت بــە تەنــگ پێداویســتییەکانی هەڤاڵەکانییــەوە لــە پەلەکــەدا. هەمیشــە پەلــەی دەکــرد هەرچــی زۆرتــر پــووش کۆبکاتــەوە بــۆ ئــاو گــەرم کــردن بــۆ شــتن "بــۆ هاوچەکانــی خۆمــە. چــی ئەبــێ ئەگــەر کەمــێ لــە پێویســتی خۆمــان بــەرم، هەڵــە نییــە. هەمیشــە لەدڵــی خۆیــدا ئەمــەی دووپــات دەکــردەوە. بــەڵام لێرەشــدا هــەر بەهەڵــە چووبــوو. رۆژێکیــان لەگــەڵ چێشــتکەرەکانا لەســەر خــواردن دەمەقاڵیــی بــوو لــە ئەنجامــا توانــی نەختێــك زیاتــر بــۆ ســەربازەکانی لقەکــەی خــۆی بســێنێت. بەمــە وردە وردە لەگــەڵ چێشــت لێنەرەکانــا تێکچــوون و ئــەوان هــەر کاتــێ چاویــان

پێـی بکەوتایـە روویـان گـرژ ئەبـوو، یەکێکیـان جارێـك پێـی وت "ئـەی تۆنـگ"ی بچـووك تـۆ هەمیشـە لـە دابەشـکردنی ئێمـەدا ناڕازیـت. کەواتـە فەرمووخـۆت لـە جیاتـی ئێمـە خواردنەکـە دابـەش بکـە! تۆنـگ لەوەڵامـدا گوتـی" وا تێدەگەیـت ئـەوەم بـۆ ناکرێـت، بـەڵام ئەمـە زۆر سـانایە، دەسـتی دایـە کەوچـك و چەنـگال و خواردنەکـەی دابـەش کـرد. کـە مەنجەڵەکـە بەتـاڵ بـوو دیتـی هێشـتا سـێ گـەل مابـوو پـڕ بکرێـن سـەرلەنوێ خواردنەکـەی دابەشـکردەوە بـەڵام سـەیری کـرد خواردنەکـە لـە هەمـوو لەگەنەکانـدا یەکسـان نەبـوو، جارێکـی کـە هەوڵـی دا بـەڵام نەیتوانـی هەنـدی یەکیـان لێبـکات. ناچـار ئـەوەی لـە هەمووانـی کەمـتر تیـا بـوو هەڵیگـرت و دوورکەوتـەوە. چێشـت لێنەرەکـە درێژەکـە دایـە قاقـای پێکەنیـن و گوتـی "بۆچـی کەمترینانـت بـرد؟ وەرە بـا یارمەتیـت بـدەم" لەگەنەکـەی لـێ وەرگـرت و بـە چەنـد چرکەیـەك هەمـووی بەیەکسـانی دابـەش کـرد و گوتـی "تـۆ هـەر بەتەنـگ لقەکـەی خۆتـەوە بوویـت و بـەس" کەچـی ئەبـێ ئەمـە بزانیـت کـە پێویسـتە چاومـان بـە هەمـوو لقەکانـەوە بێـت لـە هێزەکەمانـدا. ئێمـە بـۆ ئـەوە لێرەدایـن کـە خزمەتـی هەمـووان بکەیـن. تۆنـگ تسـون جـۆی لـەم تاقیکردنەوەیـەدا فێـر بـوو کـە خۆشـترین سـات لـە ژیانـی ئادەمیـزاددا ئەوەیـە کـە لـە توانـای دا دەبـێ لـە پێنـاوی کۆمەڵـدا کار بـکات.

## (لە کۆڕەودا)

شـەوانی پاییـز لـە سـەرووی شـووره مەزنەکـەدا بـە کورتـتر دەهاتـە بەرچـاو تـا لـە شـوێنەکانی تـر. بەداهاتنـی زسـتان بـای باکـووری رۆژئـاوا هەڵیکـرد گـەڵای بـە درەختەکانــەوە نەهێـڵا. لــەو وەرزە ســاردەدا هێزەکانــی بــەرەو (جیهــۆل) رۆیشـتن تـا لـە تـەك هێزەکانـی تـردا بەشـداری کاری سـەربازیی هاوبـەش بکـەن. ئـەو پەلـەی تۆنـگ تسـون جـۆی تیادابـوو هەمیشـە لەپێشـەوە دەڕۆیشـتن چونکـە سـەرکردەکەیان (وانــگ وان-فــا) هانــی ســەربازەکانی دەدا کــە خێــرا بــڕۆن و دەیگـووت "خێراکـەن هەڤـاڵان، خـۆ ئێمـە کۆمەڵـێ ئافرەتـی قـاچ بەسـتراونین بـۆ سـەردانی کەسـوکار بەڕێـوە بیـن، بەڵکـو پێویسـتە لەسـەرمان بگەینـە مەیدانـی شــەڕ تــا بجەنگیــن". ســەربازەکانیش بەدڵێکــی شــادەوە خێراتــر هەنگاویــان هەڵدێنایـەوە و فەرماندەکەیـان تەنانـەت لەوانیـش خێراتـر هەنـگاوی دەنـا. بـەم شـێوەیە پەلەکـەی ئەمـان بەچەسـپاویی بـۆ پێشـەوە ئەچـوو. لەنـاکاو پەیامبەرێـك لــە پشــتیانەوە پەیدابــوو، بــە هەناســە بڕکێــوە لەبــەردەم فەرماندەکــە وێســتا ســڵاوی لێکــرد راپۆرتێکــی دایەدەســت و چاوەڕوانــی وەڵامــی کــرد. فەرمانــدە پرسـیاری کـرد "هیـچ فەرمانێـك هەیـە؟" کابـرای پەیامبـەر وەرامـی دایـەوە "هیـچ فەرمانێـك نییـە، بـەڵام فەرمانـدەی ئێمـە دەڵێـت ئێـوە زۆر خێـرا دەڕۆن و ئـە ئـاوا بـە هیـچ جۆرێـك ئێمـە ناتانگەینـەوە، مەگـەر نەختـێ چاوەڕوانیـمان بکـەن".

فەرماندەکـە بـە پێکەنینـەوە پێـی گـوت "بـە فەرماندەکەتـان بڵـێ ئێمەیـش پیادەیـن. باشـە نابـێ نەختـێ باشـتر قاچەکانتـان بـەکار بێنـن تـا لەمـە خێراترتـان هەڵگـرن تاکـو پێـش ئێمـە بکەونـەوە. هەروەهـا پێـی رابگەیەنـە کـە ئێمـە دەمانـەوێ لەگـەڵ ئێـوەدا کێبڕکێیـەك بکەیـن تـا بزانیـن کـێ خێراتـر ئـەڕوا بەڕێـوە". ئەمـەی وت و بــە هەنــگاوی درشــتر چــووە پێشــەوە. تۆنــگ تســون جــۆی کــە بەچــاوی رێــزەوە تێــی رامابــوو، وەك ئــەم هەنگاوەکانــی فــراوان کــرد و دەیویســت چــاو لــەم بــکات و ببێتــە پیاوێکــی ئــازا و نەتــرس و بەهێــز. دوای کەمێــك فەرمانــدەی

لقەکـە دیتـی تۆنـگ تسـون جـۆی بـە کـوورە کـوور دەڕوا چـووە لایـەوە ویسـتی بارەکـەی بـۆ سـووك کات، کەچـی مێردمناڵەکـە نەیویسـت واز لـە کۆڵەکـەی بێنـێ "بـۆ خـۆ نەخـۆش نیـم". فەرماندەکـە وەڵامـی دایـەوە "بـە نەخۆشـت نازانـم بـەڵام تـۆ هێشـتا مناڵیـت.." "منـاڵ؟ گـرەوت لەگەڵـدا دەکـەم مـن دەتوانـم باوەشـێکی تریـش هەڵگـرم". "ئافەریـن بۆخـۆت و پیاوەتیـت!" فەرماندەکـە بـەدەم ڕۆیشـتنەوە دەسـتی لـە پشـتی تۆنـگ تسـون جـۆی دەدا و پێـی وت کـە نازنـاوی (کۆمەڵـەی تیر)یـان بـە کۆمەڵەکـە ئەوانـا دابـوو چونکـە هەمیشـە هـەر لـە پێشـەوەدابوون هەمیشـە یەکەمیـن بـوون لـە چوونـە نـاو هێڵەکانـی دوژمنـدا. تۆنـگ تسـون جـۆی زۆر دڵشـاد بـوو کـە ئەندامێکـی (کۆمەڵـەی تیـر) بـوو بڕیایـدا هەرگیـز کارێکـی وا نـەکات ئـەو شـەرەفەی کۆمەڵەکـە لەکـەدار بـکات.

لەنـاکاو هەموویـان لەبـەردەم ڕووبارێکـدا وێسـتان کـە ڕێـگای لێگرتبـوون. سـەرکردەی کۆمەڵەکـە وتـی "هاوڕێیـان ئایـا ئەشـێ ڕووبارێکـی بچکۆلـە ڕێگـەی بـەرەو پێشـچوونمان بگرێـت! بـەدەم دواندنیانـەوە شـەرواڵ و پێڵاوەکانـی داکەنـد و قەلەمبـازی ئاوەکـە بـوو بـە داردەسـتێکەوە پارچـە سـەهۆڵەکانی سـەر ئاوەکـەی ڕادەماڵـی. دەسـبەجێ سـەربازەکانی چاویـان لـەم کـرد.

تۆنـگ تسـون جـۆی لـەوە پێـش ئەچـوو بـووە نـاو ئـاوی سـەهۆڵاوییەوە، بۆیـە هەسـتی بـە ژانێکـی سـەخت کـرد لـە قاچەکانیـدا هـەروەك شـکابن، هێنـدە سـڕ بـوو بـوو ئیـتر نەیدەزانـی ئاوەکەسـارد بـوو یـا گـەرم. سـاردی کاری کـردە گیانـی و وەك هـەزاران دەرزی بەلەشـیا کرابـێ ئـاوای هەسـت دەکـرد. وای بـە بیرداهـات کـە قیژەیەکـی بـەرز ئازارەکـەی کـەم دەکاتـەوە، بـەڵام کـە سـەیری دەوروبـەری خـۆی کـرد دیتـی هیـچ سـەربازێك کەمتریـن نیشـانەی ژان و نارەحەتـی دەرنەبڕیـوە، بەڵکـو بـە پێچەوانـەوە هەندێکیـان پێدەکەنیـن و فشـەیان دەکـرد. ئەویـش ددانـی بەخۆیـدا گـرت و بـەرەو پێـش چـوو بـێ ئـەوەی ڕێگـە بـدا بـە ورە بـەردان و بـێ دەسـەڵاتی بـەرەو پێـش تەکانـی دا. کـە گەیشـتە ئەوبـەری

رووبارەکـــەوە قاچەکانــی هێشــتا هــەر ئازاریــان دەدا، بــەڵام زۆر بەختیــار بــوو چونکــە لــە تاقیکردنەوەکــەدا ســەرکەوتبوو. تەنیــا لــە توانایــا نەبــوو لــە ڕۆژێــکا ســی میــل بــڕوات، بگــرە دەشــیتوانی لــە ئــاوی شەختاوییشــا بــدات، فەرمانــدەی لقەکــە زۆر شــانازیی بــە تۆنــگ تســون جۆیــەوە دەکــرد و بــە یەکــێ لــە ســەربازە قاڵبووەکانــی دادەنــا.

ســەربازەکان کــە چوونــە نــاو (جیهــۆل)ەوە هەژاریــی و هەلومەرجــی زۆر نالەبــار ئێجــگار دڵەنگــی کــردن بــە جۆرێــك نەیانتوانــی ڕق و کینــە و ناڕەزایــی خۆیــان قــووت بدەنــەوە.

دڵتەزێنتریــن کارێ کــە دوژمــن کردبــووی وێرانکــردن و ســووتاندنی هەمــوو دێهاتەکانــی بــە پانایــی چەنــدان میــل بــوون لــە دەرەوەی شــووره مەزنەکــەدا. ئــەوان تەنیــا چەنــد دێیەکــی گەورەیــان هێشــتبۆوە کــە پێیــان ئەوتــرا "بازنــە" و هەمــوو دێهاتەکانیــان تیایــا گڵ دابــۆوە. هەرکەســێ جارێــك بخرابایــە (بازنەیــەك) ئیــتر دەرچوونــی هەرگیــز بــۆ نەبــوو. ژیــان لەنێــو بازنــەدا جەهەننەمــێ بــوو لەســەر زەوی. خانووەکانــی رووخــاو بــوون، بانەکانیــان کەلەبــەری زلیــان تیادابــوو، پەنجــەرەکان هەمــووی دەرهێنرابــوون. لــە ژوورەکانــا بــای بەهێــز گڤەگڤــی دەهــات و لەکاتــی بەفربارینــا زەمینــەی خانووەکانــی وا دادەپۆشــی دەتــوت ئاردیــان بەســەردا پژانــدوون. شــەوانەیش چەندەهــا ئەندامــی خێزانێــك تێــك دەقژانــە ســەر (کانــگ) ێکــی بچکۆلــەی گــەرم نەکــراودا، لەوێــدا بــێ پێخــەف دەنوســتن ئەگــەر پارچــە جلۆکەیەکیــان بەســەرخۆیاندا دابایــە، هەندێکیــان مەرکانــەی شــکاویان بــوو کــە نەختــێ خەڵوزیــان تێدەهاویشــت ئــەو ئاگــرە کــزە تاکــە گەرماییــان بــوو، بەهــۆی بــای زۆر ســاردی باکــووری ڕۆژئــاواوە کــە لــە دەرەوە و ئەیلوورانــد و لــە ئێســقانیا دەچــووە ژوورێ هەمیشــە هــەر ســەرمایان بــوو. لێوەکانــی هەمــوو کەســێك مــۆر بــوون. لــە هەمــوو خێزانێــکا بــە هەموویــان تاکــە پانتۆڵەکیــان هەبــوو هــەر یەکــێ بچووبایــە دەرەوە لــە پێــی دەکــرد و هــەر کاتــێ دەگەڕایــەوە

دایدەكەنـد و هەڵیدەواسـی تاكـو وا زوو نەدرێـت و لەكەلـك نەكەوێـت. تەنیـا خۆراكیشـیان شـۆربای... كێویلـە بـوو كـە بـڕێ ئـاردی تێكـەڵ ئەكـرا. خەڵكەكـەی ئـەوێ هەموویـان بـە جۆرێكـی ترسـناك لـەڕولاواز بـوون لـە راسـتیدا دیمەنێـك بـوو كـەس بەرگـەی بینینـی نەدەگـرت! فرمێسـك زایـە ناوچـاوی سـەربازەكانەوە و رابـەری رامیـاری داوای لەپیاوەكانـی كـرد هـەر شـتێ بكـەن لـە پێنـاوی ئـەو چارەرەشـانەدا و گوتـی: "گرنـگ نییـە دڵـی مـرۆ چەنـدە رەق بێـت، كاتـێ ئەمانـە دەبینێـت ناتوانـێ بۆیـان نەگریـت. هەڤـاڵان گریـان هیـچ سـوودێك نابەخشـێت. هیــچ كاتمــان بەدەســتەوە نییــە بــۆ ئــەم جــۆرە شــتانە. گرنگتریــن كارێ كــە پێویسـتە ئەنجامـی بدەیـن ئەوەیـە كـە رق و كینەمـان بكەیـن بەهێزێـك و دەرزێ بــۆ دوژمــن دادەیــن هەرگیــز لەبیــری نەچێتــەوە. هەڤــاڵان رژیمێكــی گەلــێ بنیـات نـراوە بـەڵام هەمـوو شـتێ دەسـتبەجێ و پێكـەوە ئەنجـام نادرێـت. ئەمـە پێویسـتی بـەكات هەیـە. جـا پێویسـتە بڕیـار بدەیـن كام شـت لـە پێشـەوە دەبـێ ئەنجـام بدرێـت؟"

زۆربــەی ســەربازەكان جلــە زیادەكانیــان بەخشــی و تۆنــگ تســون جــۆی هەرچییەكــی لــە كیســەكەدا بــوو دای و ســەربازەكان نیــوەی ئــەو ئاردەیــان پێشـكەش كـرد كـە سـەدان میـل هەڵیانگرتبـوو. ئینجـا بـۆ چەنـد تیپـێ دابـەش بــوون و هــەر خێزانــەی شــتێكیان لــەو پیتاكــەوە پێــدا لــەو شــەوەدا هەمــوو دانیشــتوان ســەربازەكانیان بردنــە ماڵــەوە و شــوێنی نووســتنی خۆیانیــان پــێ بەخشـین، بـەڵام كـەس لـە سـەربازەكان ئـەو خەڵاتەیـان قەبـوول نەكـرد و خـەوی بەســەرماو ســایەقیان پەســند كــرد نەبــادا ببنــە بارگرانــی بەســەر خەڵكەكــەدا. ســەربازەكان پووشــیان لانەبــوو تــا رایخــەن و كاتــی لەســەر عــەرددا راكشــان بــۆ نووسـتن سـەرما هێنـدە بـە تیـن بـوو هەریـەك هەسـتی دەكـرد وەك جەسـتەی بەســتبێتی و رەق هەڵگەڕابــێ. بــەڵام هەمــوو بــە ورەیەكــی بــەرزەوە بەرگەیــان گــرت

هەرکاتــی یەکێیــکان هەســتی بــە نارەحەتــی دەکــرد هەڵدەســتا و دەســتی دەکـرد بـە هەڵپەڕیـن، تاوەکـو خـۆی گـەرم کاتـەوە، هیـچ کامێکیـان نارەزاییەکـی دەرنەبــڕی و ورتــەی لێــوە نەهــات. هەریــەك لــەوان ئاگرێکــی رق و تۆڵــەی وا لــە دەروونیــا کلپــەی ســەند بــوو هەمــوو دوو دڵــی و سســتی و ورەبەردانێکــی هەڵدەپڕوکانــد.

**(بەشەڕهاتنێك)**

هێــزەکان لە(جیهــۆل)ەوە گەڕانــەوە بــۆ هەرێمــی (هۆپــی) تۆنــگ تســون جــۆی لــە خۆشــیانا هەڵدەپــەڕی، تۆنــگ یوشــین کــە لاوێــك بــوو خەڵکــی شــارەکەی خۆیــان بــە گاڵتــە پێکردنــەوە پێــی پکەنــی و گوتــی: تــۆ باڵندەیەکــی تووشــی دەردی هەســت بــە غەریبــی کــردن هاتوویــت "تۆنــگ تســون جــۆی بــە خەندەیەکــەوە وەرامــی دایــەوە: جــا بــۆچ نــا؟ مــن شــارەکەی خۆمــم ئێجــگار زۆر خۆشــدەوێت کــێ هەیــە ئــەوەی شــوێنێکی ئــاوا جوانــی خــۆش نەوێــت! بــەڵام ئەمــە تەنیــا نیــوەی هۆیەکەیــە. "ئــەی کەواتــە نیوەکــەی تــر چییــە؟!"

"مــن نیشــتمانی خۆمــم لــە شــارەکەم خۆشــتر گەرەکــە. مــن ئامــادەم بۆهــەر لایــەکا بچــم لــە هەمــوو چینــدا بــە پانــی و بــە درێژیــی، هەرکاتــێ کاری شۆڕشــگێڕی بــۆ ئەمــە پێویســتی بــە مــن بێــت.

"تــۆ بــە درێژایــی مانــەوەت لــە جیهۆلــدا تاکــە گۆرانییەکــەت نەچــڕی، ئــەوە چــۆن لێکدەدەیتــەوە؟

جــا توانــای گۆرانــی وتــن لــەو شــوێنەدا هەبــوو؟ تۆنــگ تســون جــۆی بەگــرژی پرســی و کارەســاتە دڵبڕەکانــی بیردەکەوتــەوە کــە لەوێــدا دیبوونــی. ئــەوە راســتەقینەبوو چونکــە تۆنــگ تســون جــۆی لــە جیهۆلــدا هیــچ گۆرانییەکــی نەچــڕی بــوو و ورتــەی لێــوە نەهاتبــوو. هەســتی بەزەیــی هاتنــەوە بــە خەڵکەکــە و ژانەکانیانــەوە هەمــوو شــتێکی لەبیــر بردبــۆوە. جــا دەبــێ هیــچ شۆڕشــگێڕێك لــەوە زیاتــر توانــای هیچــی تــری هەبــێ؟ هەرچەنــد بەتــەواوی لــەوە دڵنیابــووو کــە ئــەو ناوچەیــە تــازە رزگارکراوەیــش وەك شــارەکەی خــۆی دەبووژێتــەوە و گــەش دەبێتــەوە، بــەڵام دڵــی هــەر لــە ژێــر بــاری خەمــوو ژانــا لێیــدەدا.

تۆنــگ تســون جــۆی لەگــەڵ هەرزەکارەکــەی خەڵکــی شــارەکەی خۆیانــا زۆر رێــك نەبــوون، زۆرجــار بەشــەڕ دەهاتــن. ئێســتا پێــی وت: تــۆ وەك باڵنــدە دەخوێنــی کەچــی کردارێکــی بەکەڵکــت نییــە؟ رووی تۆنــگ یوشــین لــە شــەرمانا ســوور

هەڵگەڕا. دوور دەکەونەوە و گوتی: بام واز لەم جۆرە قسانە بێنن". تۆنگ تسون جۆی لە وەراما پێی وت" باشە چاوەڕوان دەبم بزانم کاری باشتر لە وتەکانت دەکەیت". تۆنگ تسون جۆی کۆمەڵێ هۆی بەدەستەوە بوو کە لە گەنجەکە رازی نەبێت. بۆ وێنە هەر شتێك تۆنگ یوشین ویستبای بیکردایە بۆ ماوەیەکی درێژ لە پێش دەس پێکردنیا باسی لێوە دەکرد و خۆی پێوە هەڵدەکێشا. کەچی کەی دەستی پێبکردایە دەیسەلماند کە بۆ ئەو کارانە دەست نادات. هەردەم هەوڵی ئەوەی دەدا کام فەرمان سانایە بۆخۆی دادەنا و باری کارە گرانەکانی بۆ ئەوانی تر دەهێشتەوە. هەندێ جاریش لە هەندێ ئیشوکارا بەشداریی دەکرد تەنیا بەمەبەستی زمان درێژی و بەتەمای مەدحو پیاهەڵدانەوە. تۆنگ تسون جۆی وەك ئەم نەبوو هەرچەند ئەویش هەندێ بە قسان دەکرد، بەڵام هەرگیز خۆی بە کردارەکانیەوە هەڵنەدەکێشا. زۆرجار هەندێ ئیشی دەکرد دەبوایە ئەوانی تر بیانکردایە، بێ ئەوەی باسیشی لێوە بکات، لەمەش ئێجگار گرنگتر ئەوەبوو کە ئەو زۆرتر کاری خۆی لەکارکردنا دەبردە سەر تا لە قسە و گوتارا. لە دڵی خۆیدا دەیگووت "لە کردەوەی شۆڕشیدایە نابێ بۆ پڕوپاگەندە کار بکات یا بۆ مەدح و پیاهەڵدانی ئەوانی تردا، بەڵکو دەبێ لە پێناوی بەرژەوەندی و کامەرانی کۆمەڵدا ئیش بکات". لەبەر ئەوە قینی لە خۆهەڵکێشان دەبۆوە و خەڵکی سادەی خۆش دەویست ئەوانەی خۆپەرستی دەستی بەسەریانا نەدەڕۆیشت. تۆنگ تسون جۆی زۆر فەرماندەی گرووپەکەی چوو بوو بەدڵدا، چونکە بەڵێنی هەرکارێکی بدایە زوو رای دەپەڕاند بێ ئەوەی باسیشی لێوە بکات تەنانەت ئەگەر ئەوە بۆ سوودی هەموو یەکێکیش بوایە. بەڵکو هەمیشە هەر بە پارتی و بەگەلی هەڵدەگوت.

جارێکیان لە کۆڕەوەکەدا لاوێ ناکاو لەخۆی چوو، تونگ یوشین تا هێزی تیا بوو هاواری کرد بەڵام هیچ کارێکی نەکرد. خۆی وا نیشان دەدا

وەك بەتەنـگ کامەرانـی خەڵکـەوە بێـت، بـەڵام لـە راسـتیدا وانەبـوو. هـەر لـەو کاتـەدا تۆنـگ تسـون جـۆی لەگـەڵ چەنـد کەسـێکی تـردا دوو داریـان پەیـدا کـرد و کابـرای نەخۆشـیان پـێ هەڵگـرت. ئەنجـا سـەربازێ رووی لـە تونـگ یوشـین کـرد و گوتـی "چـی ئەبـێ ئەگـەر دەسـتی یارمەتیـمان بـۆ درێـژ بکەیـت؟ تۆنـگ یوشـین وەڵامـی دایـەوە "سـەیرکە، خـۆم قاچەکانـم ئاوسـاون و ناتوانـم بەباشـی بـڕۆم بەڕێـدا، جـا چـۆن دەتوانـم نەخۆشـێك هەڵبگـرم؟ ئەمـەی وت و وەك ئیفلیجێـك دەسـتی کـردە شـەلە شـەل. تۆنـگ تسـون جـۆی بـە تورەییـەوە گوتـی "تـۆ هـەر وەك بازرگانێکـی خوێنـاوی وایـت، ئێمـە دەتوانیـن خۆمـان هەڵیگریـن". بـێ یارمەتـی جەنابتـەوە". ئـەو خۆیشـی قاچەکانـی ئاوسـا بـوون و لـە هـەر هەنگاوێـکا وەك خـۆی دووپشـك ئازاریـان دەدا، بـەڵام دانـی بەخۆیـدا گـرت و نەیدەویسـت ئەوانـی تـر بـەوە بزانـن.

چیـت گـوت؟ پێـم دەڵێیـت بازرگانـی خوێنـاوی؟ باشـە تـۆ جوێـن بـە هەڤاڵێـك دەدەیـت و رووی تۆنـگ تسـون جـۆی هەڵگـەڕاو داوای لێبوردنـی کـرد کـە بـە سـووکی هەڤاڵێکـی شۆڕشـگێڕی ناوبـردووە و گوتـی "مـن هەڵـە بـووم بـەڵام ئێسـتەیش هـەر پێـت دەڵێـم کـە تـۆ کابرایەکـی خۆپەرسـتیت". ئـەوە کۆتایـی بـە شـەڕەکەیان هێنـا، بـەڵام جارێکـی تـر قسـەیان لەگـەڵ یەکـتردا نەکـردەوە.

**(لە مەیدانی جەنگدا)**

لــە ســاڵی ١٩٤٦ داو دوا بــە دوای وتووێژەکانــی ئاشــتی لــە نێــوان پارتــی کۆمۆنیســـت و کۆمنتانگــەوە، فەرمانــی وێســتانی شــەڕ لەلایــەن هــەردوولاوە دەرکـرا. بـەڵام لـە نیوەشـەوێکدا بەرلـەوەی سـێ مانـگ بەسـەر رێککەوتننامەکـەدا رابڕێـت، هێزەکانـی تشـیان کای شـیك لەپڕێـکا ئابلۆقـەی یەکـێ لـە بەتالیۆنەکانـی سـوپای رزگاری گەلیانـدا و داوایـان لێکـردن چـەك فـڕێ بـدەن و خـۆ بەدەسـتەوە بــدەن.

ســەربازەکان شــەوێکی تــەواو بەرهەڵســتی هێزەکانــی کۆمنتانگیــان کــرد، بــەڵام بــە هیــوای پاراســتنی ئاسایشــەوە لــە کۆتاییــدا لــە دێکــەدا کشــانە دواوە. دوژمــن بــەم ســەرکەوتنەوە وازی نەهێنــا، بەڵکوهێزەکانــی خــۆی نــاردە ســەر چەنـد بەتالیۆنێکـی تـری سـوپای رزگاری گـەل. ئینجـا سـەرکردایەتی تیپەکـە بـۆ خۆپاراسـتن ناچـار بـوو بڕیـاری هێرشـێکی بـەرەواژ بـدات و بەتالیۆنـی دووەمـی نــارد بــۆ داگیرکردنــەوەی گونــدی (سیاوســنچوانگ) کارەکەیــان بەســەرکەوتوویی ئەنجامــدا، بــەڵام لــە دواییــدا شــەڕێکی ســەخت لــە دەوروبــەری گوندەکــەدا لەگــەڵ دوژمــن روویــدا کــە چەکــی ئەمەریکــی تیایــدا بەکارهێنــا. ئەمــە جــاری یەکـــەم بـــوو کـــە ســـەربازەکانی ســـوپای رزگاری گـــەل رووبـــەڕووی چەکـــی ئەمەریکــی بوونــەوە و زۆر لــە (ســاروخ) و (الســتارلدخانی) پەرێشــان بــوون. چەنـد سـەربازێك بـە تۆنـگ تسـون جۆیـەوە تـرس باڵـی بەسـەردا کێشـابوون، دڵــی تونــگ لەکاتــی یەکــەم پێکهاتنــدا کەوتــە فڕکــە فــڕك و وایدەزانــی لەچــار نییـە لـە دەمیـدا دەردەپەڕێتـەوە دەرەوە. بـەڵام کـە تەماشـای دەوروپشـتی خـۆی کـرد بینـی سـەرکردەی بـە تالیۆنەکـە و چەنـد هەڤاڵێکـی تـر بـە قینـەوە هێزەکانـی دوژمنیــان داوەتــە بــەر نارنجــۆك و تۆنــگ یوشــینی دی خــۆی داوە بــە زەویــدا و گوللــە بەهــەوادا دەتەقێنــێ. هەســتێکی شــەرمەزاری دایگــرت و بەخــۆی وت "نابێــت وەك ئــەم بکــەم". پێویســتە ئــازا بــم و لەگــەڵ دوژمنــدا بجەنگــم".

دوژمــن بــە ژمارەیەکــی زۆرەوە هێرشــی بۆهێنــان، تۆنــگ تســون جــۆی بــە زەویـدا داو بـۆ لایـان گلـۆر بـوووە و چەنـد نارنجۆکێکـی پایـدا کێشـان، ئازایەتییەکـی سـەربازەکانی کۆمنتانگـی ترسـاند و پـڕ سـامی کـرد. هەروەکـو بـوو بـە نموونەیـێ بـۆ هاوڕێکانـی خۆیشـی و هاندەرێـك، ئەوانیـش چاویـان لـەم کـرد و هەموویـان هەڵمەتیـان بـردە سـەر دوژمـن و ناچاریـان کـردن بـە شـپرزەیی بکشـێنە دواوە. لەپـاش شـەڕەکە گوندییـەکان بـە پاککردنـەوەی مەیدانـی جەنگەکـەوە یارمەتیـی دانیـان، مناڵێکیـان نارنجۆکێکـی نەتەقیـوی دۆزییـەوە، وەك سـوڕایەوە تـا بیداتـە تۆنـگ تسـون جـۆی قاچـی خلیسـکاو و نارنجۆکەکـەی لەدەسـت بەربـۆوە، بـەڵام تۆنــگ تســون جــۆی بــە شــەقێك دووری خســتەوە، پێــش ئــەوەی بتەقێتــەوە، پــڕی دایــە مناڵەکــەوە کــردی بــە زەویــدا و خــۆی بەســەردا کێشــا، نارنجۆکەکــە لــە نزیکیانــەوە تەقیــەوە، بــەڵام هیــچ کامێکیــان برینــدار نەکــرد. تۆنــگ تســون جـۆی مناڵەکـەی گرتـە بـاوەش، مناڵەکـە سوپاسـی کـرد و هەردووکیـان بـە بۆنـەی رزگاربوونیانــەوە پێکەنیــن. تۆنــگ یوشــین ئــاگای لــە رووداوەکــە بــوو بــوو، زۆر تێکچــوو بــە شــەرمەوە رووی لێوەرچەرخانــدن. تۆنــگ تســون جــۆی هەســتی بـەوە کـرد لـە دڵـی خۆیـدا وتـی ”کارێکـی راسـت نییـە قسـەمان نیـە“. ئـەوەی هاتــەوە بیــر کــە رابــەری سیاســی جارێکیــان گوتبــووی کــەوا شمشــێرێکی ئاســن بـۆی هەیـە بهاڕدرێـت و بکرێتـەوە دەرزییـەك بەسەرسـامییەوە گوتـی: ”کەواتـە بۆچـی مـن ناتوانـم ئەوەنـدە دان بەخۆمـا بگـرم و یارمەتیـی هەڤاڵـێ بـدەم تـا لـە کەموکوڕییەکانـی رزگاری بێـت؟“ یەکسـەر بـۆ لای تۆنـگ یوشـین چـوو، دەسـتی بـۆی درێـژ کـرد و گوتـی: بـا رابـردوو لەبیـر بەرینـەوە، تـۆ دەزانیـت خەڵـك دەڵێـن پـۆڵا دروسـتکردن پشـووی درێـژو کاری نەپسـاوەی گەرەکـە، ئێمـەش ئەگـەر هەرچـی لـە توانامانایـە بیکـەن ئـەوا لەوانەیـە وەك پـۆڵا قایـم بیـن، تۆنـگ یوشـین گوتـی: ئایـا رات وایـە کـە مـن ئاسـوودەم کـە هەمـوو کـەس گاڵتـەم پێەکـەن؟ یـا بـڕوا دەکەیـت مـن پەرێشـان نیـم کـە هەمـوو برادەرەکانـم دۆڕانـدوون؟ مـن بڕیـارم

داوە خـۆم بـاش بکـەم.

"مـن دەزانـم تـۆ ئەمـە دەکەیـت، بـەڵام ئەگـەر بتەوێـت خەڵـك ڕێـزت بگـرن دەبێـت لــە پێشــەوە خــۆت ڕێــزی خــۆت بگریــت، دە فەرمــوو ئــەی نەتــوت نازانیـت تفەنـگ بـاش بتەقێنیـت؟ مـن فێـرت دەکـەم؟

بـەدەم گفتوگـۆوە بـە جووتـە دوور کەوتنـەوە. لـە مـاوەی خوێنـدن و ڕاهێنانـی یەکســاڵدا تۆنــگ تســون جــۆی توانــی زیاتــر لەبــارەی کۆمۆنیســتەوە تێبــگات، هیــوای زۆر بــوو ببێتــە ئەنــدام لــە پارتــی کۆمۆنیســتدا تاوەکــو بتوانێــت خــۆی تەرخــان بــکات بــۆ مەســەلەی کۆمۆنیســتی و پارتــی کار بــکات.

لــە هاوینــی ١٩٤٦دا داواکارییەکــەی بــۆ ئەندامێتــی پێشــکەش بــە ڕێکخــراوی پارتــی کــرد لــە هێزەکــەی خۆیــدا، ئەوانیــش داواکارییەکەیــان پەســەند کــرد و هەموویــان بڕوایــان وابــوو کــە تۆنــگ تســۆن جــوی دڵســۆز و جێــی بــڕوا بــوو، ئــازا نەبــەز لــە مەیدانــی جەنگــدا و لەکاروبــاردا چــالاك بــوو، دانیــان بەوەدانــا کــە ئــەو هەمــوو هەلومەرجێکــی تــەواوی لــێ هاتبــووە دی کــە دەبــوو ئەندامێکــی پارتــی لێــی بێتــە دی. ئیــتر ئــەو هیوایــەی ســاڵەهای ســاڵ بــوو لەدڵــی تۆنــگ تســون جــۆی دا دەژیــا وا هاتــە دی، بڕیــاردرا وەك ئەندامێکــی پاڵێــوراو لــە پارتــی کۆمۆنیســتی چینیــدا وەریگرێــت و کــە تەمەنــی گەیشــتە هــەژدە ســاڵ ببێتــە ئەندامێکــی تــەواو.

**(هێرشێ بە چەکی سپییەوە)**

لە رۆخی دیواری شارەکەی ناوچەی یانچینگدا خەندەقێ هەبوو، رووەو گوندێ پێچی دەکردەوە بەلای رۆژهەڵاتەوە. سەربازەکانی سوپای رزگاری گەل خەریکی سەنگەر لێدان بوون لەبەردەم هێڵەکانی پێشەوەی بەرەی جەنگەوە. کاتێ تۆنگ تسون جۆی لە هەڵکەندن بۆوە، پیرەمێردێك و کچێکی جحێڵ بە سینی چاوە لێوەی نزیك بوونەوە، "هەڤاڵ، بێگومان زۆر ماندوویت، فەرموو نەختێ چای بخۆرەوە". تۆنگ چاکەی وەرگرت، بە خەندەییەکەوە گوتی "ماندوو! من هەرگیز لە بەگژاچوونی هێزە کۆنەپەرستەکاندا ماندوو نابم. هەر کاتێ گوێمان لێدەبێت کە هەلمان بۆ دەرەخسێت لەگەڵ کۆنەپەرستەکاندا بجەنگین شاگەشکە دەبین."دووی چایی ترش خواردەوە. لە پڕێکا سەری هەڵبڕی و سەرنجی قۆڕی چایەکەی دا و گوتی "سەیرکە قۆرییەکەم بە نیوەکردووە" بەڵام پیرەمێردەکە زیاتر هانیدا و داوای لێکرد هەندێکی تریش بخواتەوەو گوتی: "زۆر دڵشاد دەبم ئەگەر هەموو قۆرییەکە تەواو بکەیت، دەتوانم یەك بەرمیل چاییت بدەمێ". پێرەمێرد چایەکی تریشی بۆ تێکرد و تۆنگ تسون جۆی بەیەك بێن ئاواى کرد و زۆر سوپاسی کرد بۆ پیاوەتییەکەی.

هاڕژنی تفەنگان لە باشورەوە دەهاتە گوێ. هێزە کۆنەپەرستەکان بەسەرکردایەتی "شیاتلکای شیك"ەوە، رێککەوتننامەکەی ئاگروەستانیان شکاندبوو، بەوەوە نەك تەنیا باری ناوەڕاستی چینیان شلەژاندبوو، بگرە شەڕی ناوخۆییان خستبووە ناو شارەکانی باکووری چینەشەوە. ئێستێ یەك لەهێزەکانی سوپای شیانگ لە رۆیشتنا بۆ شانگیشیاکو (کالگانا) دا بەرەو ئەم دێیە دەهات. هاڕژنی تفەنگ، رووی پیرەمێردەکەی شێواند، بەڵێ کابرا نارەحەت بوو، لە کاتێ هێزەکانی کومۆنیست هەرێمەکەیان رزگار کردبوو، سەرکردایەتی خەباتی جوتیارەکانیان کردبوو لە دژی دەربەگەکاندا، زەوی دابەش

کرابـــوو و پیرەمێردیـــش بەشـــی خـــۆی وەرگرتبـــوو، ژیـــان و گوزەرانـــی وردە وردە بـــەرەو باشـــی رۆیشـــتبوو، کابـــراش بەختیـــار بـــوو کـــە لەســـەر پارچـــە زەوییەکـــەی خۆیـــدا رەنجـــی دەکێشـــا، بـــەڵام ئێســـتێ وا کۆمنتانـــگ شـــەڕێکی بەرپـــا دەکـــرد.

پیرەمێـــرد وتـــی: (ئـــەو ســـەگانە بـــەم زووانـــە دەگەنـــە ئێـــرە. دەبـــێ ئـــەی لاوەکان، کارێکیـــان پـــێ بکـــەن بـــا بـــەدەواری شـــڕی نەکردبـــێ.“ کێـــژە جحێڵەکەیـــش وتـــی ”هاوڕێیـــان لەوکاتـــەی ئێـــوە لـــە پێشـــەوە، جەنگەکـــە دەکـــەن ئێمەیـــش کارەکـــە لـــەدواوە تـــەواو دەکەیـــن، ئێمـــە چاییتـــان بـــۆ دەکەیـــن و (نەقاڵـــەکان دەگوێزینـــەوە). تـــۆ بـــەس فەرمـــان بـــدە و ئێمـــە دەســـت بەجـــێ هەمـــوو شـــتێکت بـــۆ ئامـــادە دەکەیـــن“.

بێگومـــان کارێکـــی باشـــیان پێدەکەیـــن، ئێمـــە دەمێکـــە خۆمانیـــان بـــۆ ئامـــادە دەکەیـــن، ئـــەم ســـوپێرانەیش هـــەر بـــۆ ئەمـــەن ”تۆنـــگ تســـون جـــۆی بـــە پەنجـــەی بـــۆ ســـەنگەرێ درێـــژ کـــرد. ”ســـەیری ئـــەو پلیکانانـــە بکـــە لـــە خەندەقەکـــەدا. ئێمـــە دەتوانیـــن بـــە ئـــارەزووی خۆمـــان بڵنـــد یـــا نـــزم بوەســـتین. لـــە تەنیشـــتەوە دوو ســـەنگەری ناڕێـــك هـــەن، یـــەك بۆخـــۆم و ئـــەوی تریـــان بـــۆ دوژمنـــە“.

پیرەمێردەکـــە داهاتـــەوە تەماشـــای نـــاو خەندەقەکـــە بـــکات و بەگاڵتـــەوە گوتـــی ”ئەمـــە بـــۆ تـــۆ یەکێکـــی بچووکـــترت بۆخـــۆت ئامـــادە کـــردووە و یەکێکـــی گـــەورەت بـــۆ دوژمـــن ”تۆنـــگ تســـون جـــۆی بـــە هەوەسێکەوە هاتـــە وەڵام ”زۆر گەورەیـــە بـــۆ دوژمـــن؟ مـــن وا دەزانـــم ئێســـتەیش زۆر بچووکـــە. لـــە راســـتیدا ویســـتم (هێلکـــەی ئاســـنی)ی زۆرتـــری تێـــدا دابنێمـــەوە، بزانـــە کـــە دوژمـــن لـــە رێگایەکـــی ئـــاوا دوورەوە دێـــت، پێویســـتە پێشـــوازییەکی باشـــی لـــێ بکەیـــن. کچـــە جحێڵەکەیـــش کـــە چـــاوی بـــە گوللـــەکان کـــەوت چەپڵەیەکـــی لێـــدا و گوتـــی ”ئـــەوە راســـتە، ئەوســـا هەرگیـــز جارێکـــی تـــر پێویســـی بـــە خـــواردن نامێنـــێ“.

تۆنـــگ تســـون جـــۆی کارەکـــەی خـــۆی ئەنجامدابـــوو، بۆیـــە چـــوو بزانـــێ هەڤاڵـــەکان خەریکـــی چـــی بـــوون. ســـەیری کـــرد تۆنـــگ پوشـــین بەســـەر تاشـــە

بەردێکــی زلــدا چەماوەتــەوە و خەریکــە دەری بهێنــێ. گاڵتــەی لەگەڵــدا کــرد و گوتــی "ئــای چــی پیاوێکــە!" بــەڵام تۆنــگ پوشــین وەڵامــی دایــەوە" هــە! بــۆ ناچــی خەریکــی کاری خــۆت بیــت، چــی دەکەیــت لێــرەدا؟ تۆنــگ تســون جــۆی وەڵامــی دایــەوە، "تــۆ هەرزەکارانــی پەلــی ئێمــە بــاش ناناسیت، ئێمــە هــەر کارێــك بەخۆمــان وەربگریــن دەسبەجێ ئەنجامــی دەدەیــن و بەچاکترین شــێوەش" ئەنجــا لەســەری ڕۆیشــت و گوتــی: "وەرە لێــم گــەڕێ بــا یارمەتیــت بــدەم. زەوی ئێــرە زۆر بەردەلانــە، کارەکــە ئەنجامــدراو تۆنــگ تســون جــۆی ئامادەبــوو بگەڕێتــەوە. ئەنجــا بــە گیانێکــی بــەرزەوە گوتــی: خــۆت بــۆ ئــەو ئەرکــە گرنگــە ئامــادە بکــە کــەوا لــە پێشــمانە. "لــە وەرامــا تۆنــگ یوشــین وتــی "خەمــت نەبــێ. راســتە ئــەوان دەتوانــن بێنــە ئێــرەوە، بــەڵام دڵنیابــە هەرگیــز توانــای گەڕانەوەیــان نابێــت. تۆنــگ تســون جــۆی تێگەیشــت کــەوا ئــەو هــەرزەکارەی خەڵکــی شــارەکەی خۆیــان فــرە گــۆڕاوە، جــا هەســتی کــرد کــە هەنــدێ لــەو شــتانەی لــە رابــردوودا دەربــارەی ئــەو گوتبوونــی ڕەوا نەبــوون و لەبــەر ئەمــە کەمــێ نارەحــەت بــوو.

بــۆ ڕۆژی دوایــی هێزەکانــی "شــیانغ کای شــیك" کەوتنــە دەســتدرێژی کــردن، یەکــەم فڕۆکەکانیــان هاتــن و بۆمبایــان هاویشــت. بــە دوایانــا تــۆپ بــاران دەســتی پێکــرد. ئینجــا ڕیزێــك لــە پیــادەڕۆ وەك بــە زۆر ڕەوانــە کرابــن هاتنــە پێــش. ئەوانــە هەمــوو ســوونگیان بــە پشــتێوە قایــم کرابــوون. بــەڵام ئــەوە گشــتی ســوودێکی زۆری نەبــوو، چونکــە ئــەوەی چارەنــووس شــەڕێك دیــاری دەکات مرۆڤــە نــەك چــەك و پیاوەکانــی ئــەوان ســەربازی بــێ بــاوەڕ بــوون.

دەســتدرێژییەکە مــاوە دە ڕۆژانــی زیاتــر خایانــد. لەگــەڵ ئەوەشــدا کــە چەکــو تفاقیــان زۆر لەهــی ئەمــان باشــتر و زیاتــر بــوو بــەڵام ســوپای ڕزگاری گــەل هەمــوو هێرشــەکانیان پووچــەڵ کردنــەوە و زیانێکــی قورسیشــیان لێــدان. دوژمــن بــە هێــزی تــر شــوێنی لەناچوونەکانــی خــۆی پڕکــردەوە و تیپێکــی تــری خســتە پاڵیانــەوە. هێزەکانــی ســوپای ڕزگاری گــەل لەبــەرەی یانشــینگدا لــەم کاتــەدا لــە تەنیــا

دوو بەتالیـۆن پێکهاتبـوو کەچـی دوژمـن وا ئێسـتا دوو تیپـی لێـرەدا هەبـوو، وا پێدەچـوو وەك شـەڕێکی سـەختی دڕندانـەی ئەوتـۆ لێـرەدا بقەومـێ کـە هەرگیـز لـە رابـردوودا وێنـەی نەبووبـێ.

ڕۆژێکیـان لای نیـوەڕۆ دەنگێکـی گـڕ لـە دوورەوە بیـسرا. ئـەوە هێزەکانـی تانکـی دوژمـن بـوو ئـەوەی بەرەنـگاری هێرشـەکەی دەکـرد بەتالیۆنـێ بـوو لـە پیاوانـی خەڵکـی ناوچەکـەدا پێکهاتبـوو کـە تـازە چەکـدار کرابـوون و کرابونـە هێـزی سـەرەکی ئـەم کەرتـەی شـەڕەکەوە. ئـەم سـەربازانە لەمەوپێـش هەرگیـز شـارەزاییان لەگـەڵ تانکـدا نەبـوو هەندێکیـان نارنجۆکیـان دا بـە تانکەکانـەوە، بـەڵام زۆر مەترسـیان لێنیشـت کـە دیـان تانکـەکان وا پێنەدەچـوون هیـچ گـوێ بـەوە بـدەن. بەڵکـو بـەردەوام بـەرەو خەندەقەکـە رۆیشـتن. لـەو کاتـەی کـە تانکـەکان لـەو زەوییـەدا رەتبـوون کـە هـی کـەس نییـە، پیادەڕۆیەکانیـان دوایـان کەوتـن. سـەربازەکانی سـوپای رێـگای هەشـتەمین بەنارنجـۆك بـەرەو دواوەیـان رەتاندنـەوە. دەسـتەکانی سـەر تانکـەکان کـە هێـزە پیادەکانـی خۆیانیـان بینـی لەبەرەکـە دەکشـێنەوە، ئەوانیـش دەسـتیان بـە کشـانەوە کـرد. ئـا لـەم سـاتەدا تەقینەوەیەکـی زۆر زل روویـدا، وا پێدەچـوو کـە تانکێـك راسـتەوخۆ پێکرابێـت و زیانێکـی قورسـی لێدرابێـت. "کارێکـی مـەزن!" یـەك لـە سـەربازەکان هـاواری کـرد "ئەوەیـان هەرگیـز نابـێ رێـگای هەڵاتـن بدۆزێتـەوە".

هەواڵـی ئـەم رووداوە وەك ئاگـری ناوپـووش بڵاوبـووەوە. پیـاوکان ئەمەیـان دەگـوت: لـەو کاتـەدا کـە تانکـەکان دەسـتیان بـە پاشەکشـە کـرد، یەکـێ لـە سـەربازەکان شـەش نارنجۆکـی بەیەکـەوە لـە پشـتێنەیەکەی بەسـتنەوە و ئەنجـا لەسـەر زگ بـەرەو تانکـەکان خشـی. هەرکـە نزیـك بـووەوە هـەر شـەش نارنجۆکەکـەی خسـتە نـاو زنجیـری تانکێکـەوە. تەقینەوەکـە تانکەکـەی تێکشـکاند. لـە رۆژەکـەی دوایـی بەتالیۆنەکـە دوو تانکـی تریشـیان لەناوبـردن و ئیـتر هەرگیـز جارێکـی دیکـە لـەو کەرتـەدا بـەدەر نەکەوتنـەوە. تۆنـگ تسـون جـۆی هەسـتی بـە

بـە ناخۆشـی کـرد، چونکـە زۆر بەئومێـد بـوو کـە ئەمیـش دەرفەتـی تەقاندنـەوەی تانکێکـی بـۆ بڕەخسـایە.

شـەوێکیان سـەرپەلەکە پیاوەکانـی خـۆی کۆکردنـەوە و فەرمانەکانـی خۆیانـی پێراگەیانـدن. لەپاشـانا بـە رابـەری سـەرپەل و سەردەسـتەکەدا بـۆی دەرچـوون. تۆنـگ تسـون جـۆی لـە نێـوان ئـەو دوانەیانـدا دەڕۆیشـت. تفەنگەکانیـان ئامـادە و سـوونگییەکانیان قایـم کرابـوون. تۆنـگ تسـون جـۆی ئەمەنـدە سـوونگییەکەی خـۆی بەپاکـی راگرتبـوو کـە لـە تاریکیـدا دەبریسـکایەوە. لەنـاکاو چەنـد سـێبەرێ لەبەردەمیانـا بەدەرکەوتـن. بـە ئیشـارەتێ سـەرپەلەکە پیاوەکانـی بـە شـوێن دوژمنەکانـدا بـڵاوە پێکـرد کـە وەك هەمیشـە ژمارەیـان ئێجـگار لـەوان زیاتربـوو.

"لێـدەن!" سـەرپەلەکە نەڕانـدی و پیاوەکانـی پەلامـاری دوژمنیانـدا. تۆنـگ تسـون جـۆی کەوتبـووە شـەڕە سـوونگی لەگـەڵ سـەربازێکدا کـە بسـتێ زیاتـر لەخـۆی درێژتـر بـوو. لـە سـەرەتادا دوژمنەکـە چەنـد هەڵمەتێکـی بـۆ هێنـا، بـەڵام کاتـێ نەیتوانـی تۆنـگ تسـون جـۆی بپێکـێ، کەوتـە تەکتیکـی خـۆ پاراسـتن بـە مەرایـی ئـەوەوە کـە خـۆی لـە زامـدار بـوون بپارێزێـت. تۆنـگ تسـون جـۆی زانـی کـە دوژمنەکـەی روو لـە بەزیـن بـوو. لەنـاکاو دوژمنەکـەی سـووڕایەوە و دەیهـای لـە قاچانـی کـرد. تۆنـگ تسـون جـۆی ئەمەنـدە قینـی لـێ هەڵگرتبـوو، وازی لێنەهێنـا و کەوتـە شـوێنی. هەرکـە لێـوەی نزیـك بـۆوە، تۆنـگ تسـون جـۆی بـە هەمـوو هێزێکـەوە سـوونگییەکەی ئاژوایـە سـمتی کابـراوە. سـەربازە دوژمنەکـە هەوڵێکـی نائومێدانـەی هەڵاتنـی دا بـەڵام تۆنـگ تسـون جـۆی تونـد خـۆی بـە تفەنگەکەیـەوە قایـم کـرد. ئیـتر لـەو راکێـش راکێشـەی سـوونگیەکەی هێنـا لـە تفەنگەکـەوە تـرازاوە بەدوایـا داهـات سـوونگییەکە هێنـدە لەنـاکاو لـە تفەنگەکـەوە تـرازا کـە تۆنـگ تسـون جـۆی بـە زەویـدا کەوتـە خـوار. سـەربازە دوژمنەکەیـش بەخـۆ و بـە سـوونگی چەقیـو لـە سـمتیا، بـۆی دەرچـوو. سـەرپەلەکە وایزانـی تۆنـگ تسـون جـۆی برینـدار کـراوە و بەراکـردن چـوو بەلایـا. کـە تۆنـگ تسـون

جـۆی باسـەکەی بـۆ گێڕایـەوە پێکەنـی و گوتـی "ئـێ خـراپ نییـە، چوارمـان کوشـتن و سـیانمان بـە زینـدوو گرتـن، بەبـێ هیـچ قوربانـی دانێکیـش!" لـە دوای چەنـد ڕۆژێـك فەرمانەکـە بەجـێ گەیانـدرا. ژمارەیەکـی زۆر لـە هێزەکانـی دوژمـن تێـك شـکێنران. هێزەکانـی سـوپای رزگاری گـەل بـە تەواوەتـی لـەو کەرتـەدا کێشرانـەوە، بـەڵام هێزەکانـی کۆمنتانـگ نەیاندەزانـی لـە پشـت هێڵەکانـی پاراسـتنی خۆیانـەوە چـی روو دەدا. تۆنـگ تسـون جـۆی بـۆ دواجـار سـەیرێکی ئـەو خەندەقانـەی کـرد کـە لـە هەڵکەندنیانـدا بەشـداری کردبـوو، بـە دەنگێکـی نزمـەوە گوتـی "بەدوعـا، بـرادەرە ئازیزەکـەم. وا جـارێ ئێمـە جێـت دەهێڵیـن چونکـە دەمانـەوێ تەنانـەت سـەرکەوتنی مەزنتریـش و دەسـت بهێنیـن. پـاش ئـەوەی ئامانجـی خۆمـان بەجـێ دەگەیەنیـن، دووبـارە چاومـان پێـت دەکەوێتـەوە.

## (پێڵاوی دڕاو)

لەزستانی ئـەو سـاڵەدا هێزەکانـی شـیناگ کای شـیك سـەرکەوتنیان لـە چـەك و تەقەمەنییـەوە بەدەسـت هێنـا و پاکسـازییەکی بەرفرەوانیـان دەسـت پێکـرد و زۆربـەی هــەرە زۆری دێیەکانــی هەرێمەکەیــان گرتــەوە. (کۆمەڵــی تیر)یــش لەهەمـان هەرێمـدا کاری دەکـرد، لـە پشـت هێڵەکانـی دوژمنـەوە.

ڕۆژێکیـان لـە دوای نیـوەڕۆدا تۆنـگ تسـون جـۆی بـۆرژا بـوو کـە سـەرکردەی کۆمەڵەکـە بەسـەر نووکـی پەنجـەوە هاتـەژوورێ. کردنـەوەی دەرگاکـە سـیرەیەکی کورتـی لێوەهاتـو تۆنـگ تسـون جـۆی بـە ئاگاهێنـا، چونکـە مەشـقی بـەردەوام لــە جەنگــدا فێــری ئــەوەی کردبــوو تەنانــەت بــە دەنگێکــی دووریــی بەخەبــەر بێتــەوە. خەریــك بــوو هەڵسـێت کــە ســەرکردەکە داوای لێکــرد بنوێتــەوە لــەو ســاتەدا هەمــوو ئەندامانــی کۆمەڵەکــە بــە ئــاگا بــوون و گشــتیان بــەرزە پــێ بــوون "وا چاکــترە ئێســتا هەمووتــان بخــەون، کارێکــی زۆر گرنــگ ئــەم ئێوارەیــە چاوەڕوانتانــە، پیاوینــە".

"ئـەی سـەرکردە، تـۆ هەمیشـە ئامۆژگاریـی خەوتـن و حەسانەوەمان دەکەیـت بــەڵام ئــەی خــۆت بــۆچ ناحەسـێیتەوە؟ تۆنــگ تســون جــۆی هەســتی کــرد چاوەکانــی ســەرکردەکە ســوور هەڵگەڕابــوون، دۆســتایەتییەکی تــەواو لــە نێــوان ســەرکردە و هەڤاڵەکانیــدا هەبــوو. لەبــەر ئــەوە هەســتیان بــە هیــچ نارەحەتییــەك نەکــرد لــە هاتنەکەیــدا. بەڵکــو بــە پێچەوانــەوە هەســتیان بــە دۆســتایەتیی و گەرمییــەك دەکــرد. ســەرکردە و رابــەری رامیاریــش هــەر جارێــك بگەیشــتانەتە شــوێنێکی تــازەوە، خولێکیــان بــەو نــاوەوە دەدا تاکــو لــە هەڵوێســت ئــاگادار ببنــەوە و نەخشــە وپیلانــی پێویســت دابنێــن.

ســەرکردەکە لــە پیاوەکانــی پرســی ئاخــۆ نارەحــەت نەبــوون. یەکێــك لــە گەنجــەکان لەباتــی کۆمەڵەکــەی وتــی "گوندییــەکان تــا ئێســتا بەوپــەڕی پیاوچاکییــەوە پێشــوازیان لێکردوویــن، ئــەی ســەرۆك. ئــەوان لــەوەوە دەترســان

کـە ئەگـەر لەسـەر خاکـدا بنوویـن لەسـەرمانا رەق هەڵگەڕێیـن بۆیـە پووشـیان بـۆ هاوردیـن تـا لەسـەریا بخەویـن. جـا هەمـوو ئارەقەمـان کـرد چونکـە لەسـەر رایەخـی پـووش ئـاوا گـەرم و نەرمۆڵـەدا نووسـتین". هەمـوو پیـاوەکان و سـەرکردەکەیش بـەدڵ بـەو قسـەیە پێکەنیـن. بـەڵام دەنگـی کەڕەنـا قسـەکانیانی پـێ بڕیـن. پیاوێکـی بـە سـاڵاچوو هاتـە ژوورەوەو پرسـی: "ئایـا تێـر خـەو بـوون؟ چونکـە دەنگـی کەڕەنـای دوژمـن واتـای کاتـی نانـی شـێوانە. ئێوەیـش هـەرزەکاران، باشـتر وایـە شـتێك بخـۆن. "لـە پاشـان کابـرای پیـرە گوتـی: "دوژمـن دوێنـێ پروپاگەندەیەکـی درۆی بڵاکـردەوە. بـە درۆ گوتیـان کـەوا لـە هەمـووی سـەیرتر ئەوەیـە کەواسـوپای رزگاری گـەل وا ئێتسـێ لـە دێکـەی نزیـك ئەوانـەوە هەڵیـداوە و پیاوەکانـی ئـەم سـوپایە وا نانـی شـێوان دەخـۆن". تۆنـگ تسـون جـۆی لێـی پرسـی "ئـەی تـۆ کـە ئەمـەت بیسـت رات چـی بـوو، مامـە؟ پیرەمێردەکـە لەسـەرخۆ وەڵامـی دایـەوە" "تەنیـا ترسـەنۆکەکان پروپاگەنـدەی درۆ بڵاودەکەنـەوە تـا خەڵکـی خۆیـان بخڵەتێنـن. راسـتە سـەربازەکانی دوژمـن زۆر دڕنـدە و دیـارن بـەڵام ئەوانـەی دەبەزێندرێـن و گەسـك دەدرێـن هـەر ئەوانـە خۆیانـن." تۆنـگ تسـون جـۆی بەشـداری قسـەکەی کـرد و گوتـی:" ئێسـتا دوژمـن چەنـد شـوێنێکی زۆر کەمـی بەدەسـتەوەیە. بـەڵام یـەك شـت هەیـە کـە لـە راسـتیدا زۆر گرنگـە، ئەگـەر ئـەوان نەیانتوانـی ئـەو شـتەیە بگـرن ئـەوا لـە ئەنجامـدا دەشـکێنرێن." هەموویـان تێکـڕا هاواریـان کـرد شـتەکە چییـە؟

"دڵـی خەڵکەکـە. دڵـی ئێـوە و دڵـی هاونیشـتمانیانی بـێ ئەژمـار، چونکـە ئەنجامـی هیـچ جەنگێـك بـە دۆڕاندنـی شـارێ یـا گوندێکـەوە بەنـد نییـە. بەڵکـو بەسـتراوە بـە پشـتگیری گەلـەوە و پڕکردنـە بەردەوامـی کەلێنـی ئـەو جەنگاوەرانـەی لـە ناودەچـن لێـرەدا تۆنـگ تسـون جـۆی هەسـتی کـرد کـە ئـەوەی دووپـات دەکـردەوە کـە رابـەری رامیـاری چەنـدان جـار لەوەوبـەر پێیانـی گوتبـوو. جـا لـەوە ترسـا کـە پیرەمێردەکـە لـە قسـەکانی تێنەگەیشـتبێ، بۆیـە زمانێکـی سـاکاری

بەکارهێنـا و نەختێـك سـتراتیژ و تاکتیکـی سـوپای رزگاری گەلـی بـۆ روون کـردەوە. تۆنـگ تسـون جـۆی لـە وتارەکەیـدا بـەردەوام بـوو، سـەرکردەکەیش سـەری ئافەرینـی بـۆ دەلەقانـد و بـە زمانـی حـاڵ دەیگـوت ئـەم لاوە نـەك تەنهـا جەنگاوەرێکـە و بـەس بگـرە پسـپۆرێکی لێهاتـووی کاری پڕوپاگەندەیشـە و توانـای هەیـە بچێتـە ناخـی جەمـاوەرەوە و وتارێکـی کاریگەریـان بـۆ بـدات. کـە لـە قسـەکانی بـووەوە کابـرای پیـرە گوتـی: "تـۆ راسـت دەکەیـت ئـەی لاو، ئەمـەی تـۆ وتـت دوێنـێ لـە نووسـینگەی هەرێمـدا هەمـان شـتم گـوێ لێبـوو، بـەڵام تـۆ باشـترت روونکـردەوە و چاکـترت تێگەیانـدم." لـە پاشـانا وتـی "جەمـاوەر وەك دەریاییەکـە و سـوپای رزگاری گەلیـش ماسـی. ماسـی دەتوانێـت بـە ئـازادی لـە دەریـادا مەلـە بـکات، بـەڵام ئـەی دوژمـن؟ دوژمنیـش وەك مریشـکێکە هـەر سـاتێ بکەوێتـە ئـاوەوە و پەڕوباڵـی پێکـەوە دەنووسـێت و هەرگیـز توانـای جووڵـەی نامێنـێ. هەموویـان بـەدڵ پێکەنیـن و پیرەمێـردە لەسـەر رۆیشـت. لـە ئاوەکـەدا دەخنکێـت. دەبینیـن ئێـوە دەتوانـن لێـرەدا بـە هەمـوو سەربەسـتییەکەوە بجووڵێنـەوە و بـێ ئـەوەی دوژمـن پێتانـی بزانێـت. کەچـی هـەر سـاتێك دوژمـن جووڵەیـێ بـکات خەڵـك لـە دووری چەنـدان میلـەوە دەسـتبەجێ پێـی دەزانـن.

کابانــەکان وتوێژەکانیــان پــێ بڕیــن و چەنــد ســینی گــەورە کێکــی ســوورەکراویان بـۆ هێنـان، فەرمانـی ئـەو شـەوەیان بریتـی بـوو لـە گوێزانـەوەی چـەك و جبەخانەیەکـی زۆر کـە لـە ئامـارە سـەربازییەکانەوە وەریاندەگرتـن لـە لای رۆژهەڵاتـەوە بـۆ هەنـدێ لـە کەرتەکانـی سـوپا کـە لـە رۆژئـاوا سـەنگەرگیر بـوون. بـۆ پاشـەکەوتی لـە هیـزی مرۆڤـدا دەبـوو هـەر خۆیـان چـەك و تفاقیـش بگوێزنــەوە و شــەڕیش بکــەن.

وەك هەمیشـە تۆنـگ تسـون جـۆی هەگبەیەکـی چووکەلـە و سـووکی بۆخـۆی هەڵبژاردبـوو، تـا وەکـو بتوانێـت تـا بـۆی بکرێـت تەقەمەنیـی زیاتـر بگوێزێتـەوە. جـا دوو ئەوەنـدەی ئەوانـی تـری هەڵگـرت. ئـەو تەنیـا دڵـی بـە چـەك دەکرایـەوە

چونکـە دەیزانـی کـە بەهـۆی ئـەوەوە دەیتوانـی دوژمـن لەناوبەرێـت.

بـەر لـە رۆیشـتنیانا چاوێکـی بـە دەوروبـەردا گێـڕا، نەبـادا کەسـێ پێویسـتی بـە یارمەتییـەك هەبـێ. دەی یەکـێ لـە سـەربازە نوێیـەکان جووتـە پێڵاوێکـی کۆنـی بـێ کەڵکـی لـە پێدایـە پەمۆچنـی کـردووە و پەنجەکانـی تێـدا هاتۆتـە دەرەوە بـە راکـردن چـوو بـۆ لای و کەوشـەکانی خـۆی دایـێ و خـۆی جووتـە کۆنەکـەی لەپـێ کـرد. بـە دڵخۆشـییێکەوە پێـی گـوت، دەبینـی ئـەم کەوشـانە زۆر بـۆ پێـی مـن باشـن. چونکـە پێیەکانـم لەکاتـی غاردانـدا زۆر ئـارەق دەکـەن.“ لەراسـتیدا پێیەکانـی سـەرمایان بـوو، بـەڵام دەیزانـی لـە پێکردنـی پێـڵاوە شـڕەکانی بـۆ ئـەم سـاناتر بـوو تـا بـۆ ئـەو سـەربازە تـازە هاتـووە و کـە هێشـنا دژواری ئـەرك و کاری شۆڕشـگێڕیدا قـاڵ نەبووبـووە، ئـەم بـڕوای بـەوە بـوو یارمەتـی هەڤاڵەکانـی بـدات پێـش ئـەوەی ئـەوان داوای یارمەتیـی لێوەبکـەن.

جارێکـی تریـش کـە هێزەکانیـان بەنـاو چیاکانـدا دەڕۆیشـتن، ئازووخـە و ئـاوی خواردنەوەیـان لێبـڕا. ناچاربـوون پارچـە شـەختەی سـەر جۆگـەکان بـەکار بێنـن. بـەڵام ئەویـش زۆری نەخایانـد. پیـاوەکان هێنـدە تینـوو بـوون لێوەکانیـان شـەقار شـەقار بـوون و زمانیـان لـە دەمیانـدا وشـك بـوون. خەویـان بـە پارچـە پـەڕۆی تـەڕەوە دەبینـی لێـوی خۆیانـی پـێ تـەڕ بکەنـەوە. لەنـاکاو یەکێکیـان دەولکـە ئاوێکـی لـە خانـووی جووتیارێکـدا دۆزییـەوە بـەڵام لەبـەر ئـەوەی ئـاو لـە ناوچەکـەدا ئەوەنـدە کـەم و ئازیـز بـوو، کەسـیان نەیویسـت دەسـتی بـۆ بەرێـت. ئەمـە کارێکـی زۆری کردەسـەر دانیشـتوانی گوندەکـەوە. پیرەژنێـك دەولکـە ئاوەکـەی بـۆ سـەربازەکان هێنـا بـەڵام هەمدیسـان وەریـان نەگـرت. ئەمجارەیـان کیـژە جووتیارێـك دەولکـە ئاوەکـەی هێنایـەوە و کەچـی دووبـارە رەتیـان کـردەوە و لـە دواجـار پیرەژنەکـە هاتـەوە و جەرکەیـێ ئـاوی سـوێری هێنـا کـە سـەوزەی تیـادا شـۆڕ کردبـوو. لـە تاوانیانـا بـە چـاوی فرمێسـك تێـزاوا لێیـان پاڕایـەوە و گوتـی ”هەڤاڵینـە، ئێـوە هێنـدە تینـوون ئیـتر توانـام نییـە چیـتر ئـە ئاواتـان

ببینـم. جـا بێتـۆ تەنانـەت خوێواوکیـش وەرنەگـرن، بەراسـتی لێتـان تـووڕە دەبـم“. ئاوەکـە هەرچەنـد سـوێر و تاڵیـش بـوو، بـەلای ئەمانـەوە لـە خۆشـترین شـەربەت بـە تامـتر بـوو.

لــەدوای ئــەوەی هەریەکەیــان قومێکــی خــواردەوە، تۆنــگ تســون جــۆی ئاهەنگێکـی گۆرانـی پێـی سـازدان. دەنگـی خـۆی ئەوەنـدە بـەرز بـوو دەنگـی کەسـی تـر نەدەبیسـترا. تۆنـگ تسـون جـۆی هەمیشـە وا راهاتبـوو بـە گیانێکـی بـەرزەوە رووبـەڕووی گیروگرفـت و چەڵەمـە دەبـۆوە. ئەوەیـش وا دیاربـوو ئەوانـی تریشـی گرتبـۆوە چونکـە هـەر ئەوەتـا ئـەم دڵـی کرایـەوە ئەوانـی تریـش روویـان زیاتـر گەشـایەوە. گۆرانییەکەیـش ئەوەنـدە لـە تەلـی دڵـی رابـەرە رامیارییەکەیـدا کـە لـە دەموچـاوی پیاوەکانـا رامـا و گوتـی:

”باشــە، هەڤــاڵان ئەمــە زۆر جوانــە!“ تۆنــگ تســون جــۆی بــە ســوحبەتەوە پێـی گـوت: تەنهـا ترسـەنۆکەکان لەکاتـی تەنگانـەدا دڵتەنگیـی دەنوێنـن، ئایـا وا تێدەگەیـت ئێمـە لـەم جـۆرە کەسـانەین؟“

چاوەکانـی تۆنـگ تسـون جـۆی لەگـەڵ هـی رابـەرە رامیارییەکـەوە یەکانگیـر بـوون و هێـز و ئیلهامـی لـێ وەرگرتـن. تۆنـگ تسـون جـۆی بەتایبەتـی چـوو بـووە دڵـی کابـرای رابـەرەوە. کـە لـە ئاسـتی بچووکتریـن هەڵەیـدا چـاوی نەدەپۆشـی. کەچـی لەلایەکـی تـرەوە لــە سـتایش و پیاهەڵدانیـدا دوانەدەکـەوت هەرکاتـێ کارێکـی باشـی ئەنجـام بدابایـە، بـاش دەیزانـی ئاسـن زۆری پێـدەوێ تـا دەبـێ بـە پـۆڵا. لەبـەر ئـەوەی تۆنـگ تسـون جـۆی مامۆسـتاکەی زۆر خۆشدەویسـت زۆر بایەخـی بـە رەخنـە و سـەرنجەکانی دەدا. جارێکیـان هێنـدە ناخـی وروژابـوو چاوەکانـی پـڕ بـوون لـە ئەشـك و وەك کۆرپـە خـۆی نوساند بـە لەشـی رابەرەکـەوە. هەرچەنـدە جیـاوازی تەمەنیـان تەنیـا دە سـاڵ بـوو، بـەڵام تۆنـگ تسـون جـۆی دەیزانـی مامۆسـتاکەی وەك نوێنەرێکـی پارتـی ئامـۆژگاری دەکـرد و پارتیـش بـەلای ئەمـەوە دایکـی خۆشەویسـت بـوو.

## (دڵێکی پۆڵایین)

نیـوەڕۆی رۆژێکـی زسـتانی سـاڵی ١٩٤٧ گەرداوێکـی سـەختی بەفـر و بایەکـی بـە تـەوژم هەڵیکـرد. هەمـوو شـتێ لـە ژێـر پـەردەی بەفـردا ون بـوو، زەوی و ئاسـمان دەتـووت پێکـەوە نووسـاون. تۆنـگ تسـون جـۆی لـە کۆرێتیکـی بچووکـدا لەسـەر زەوی دانیشـتبوو. فیشـەکەکانی لـە پشـتێندی دەرهێنـاو یـەك یـەك بـە بنـی پێـڵاوە قوماشـەکەیەوە پاکـی کردنـەوە. ئەنجـا کـە وەك ئاوێنـە بریسـکانەوە خسـتینەوە شـوێنی خۆیانـەوە. لـە پاشـان دەسـتی دا پارچەیـێ تەباشـیر وێنەیەکـی کاریکاتـۆری لەسـەر دیوارەکـە نەخشـاند. وێنـەی سـەربازێکی کۆمنتانـگ بـوو کـە سـەری خـۆی لەنـاو گیشـە پووشـێکدا حەشـاردابوو کەچـی سـەرتاپای لەشـی بـەدەرەوە بـوو. هاوەڵەکانـی کـە زۆر بـاش دەیانزانـی هێزەکانـی کۆمنتانـگ چەنـد ترسـەنۆك و زراو رژابـوون، دایانـە قاقـای پێکەنیـن. تۆنـگ تسـون جـۆی بـە چوسـتیی و دڵخۆشـییەوە هەسـتایە سـەرپێ و گوتـی:" وا سـاڵی تـازە دادێـت، جـا پێویسـتە هەنـدێ دیـاری بـۆ سـاڵی تـازە ئامـادە بکەیـن". سـەیرکەن مـن چیـم ئامـادە کـردووە، چەنـد زۆریشـە و چـۆن دەبریسـکێنەوە. سـەرپەلەکە وەرامـی دایـەوە و گوتـی" بەڵـێ پێویسـتە دیاریـمان زۆر پـێ بێـت دەنـا دوژمنـمان پـێ دابیـن ناکرێـت." لـەو سـاتەیدا پەیامبەرێـك هاتـە ژوورەوە، فەرمانێکـی بەپەلـەی پـێ بـوو کـەوا دوژمـن لەشـوێنێکدا هەڵـی دابـوو زۆر لەوانـەوە دوور نەبـوو، پێویسـتبوو مەفرەزەیـەك بنێـرن نەهێڵێـت بێتـە پێشـەوە.

هەرکـە سـەربازەکان لـە کۆریتەکـە هاتنـە دەرەوە ریزێکـی درێژیـان دی لـە لـۆری کۆمنتانگـەکان لەسـەر شـارێگەکەدا بـەرەو چیایـەکان دەڕۆیشـتن، سـەرپەلەکە بـە دەسـت ئیشـارەتێکی کـرد و پیاوەکانـی بـە پەلـە بڵاوبوونـەوە. هەموویـان روویانکـردە شـوێنێکی سـتراتیژی گرنـگ لەسـەر شـارێگاکەوە پێیـان دەگـوت تسـۆکنانینگ Tsaoknanying و لـەوێ تۆپـە شەسـتیرەکانیان لێدامەزرانـد. کـە دوژمـن دیتـی بەشـی دواوەی لێـی دابـڕاوە و هێزەکانـی بـۆ سـەر سـەربازەکانی

سوپای رزگاری میللی بایاندایەوە و شەڕێکی قورس لە نێوان هەردوولادا قەوما. یەکێ لەسەربازە لاوەکانی سوپای رزگاری میللی نارنجۆکێکی هەڵگرتەوە و خەریك بوو پەلاماری مەڵبەندی دوژمنەکانی پێبدات، بەڵام سەرپەلەکە رایگرت و پێی گوت "ئەی وانگ تی شان" بگەرێرەوە. وا تۆ بەبێ فەرمان دەجوڵێیتەوە".

"بەڵام ئەی تۆ نەتگوت هەر سەرکەوتنێکمان وەدەست هێنا تفەنگێکم دەدەیتێ؟ وا ئێستایش دەرفەتێکی باشم بۆ رەخساوە خۆم یەکێك بەدەس بهێنم. تی شان هەمووی چەند رۆژێ بوو هاتبووە ناو سوپاوە زۆر بە پەلە بوو تفەنگێکی چنگ کەوێت، بەڵام لەپاشماوەیەکی زۆر کورتدا، لەکاتێکدا ئاگرباران لەوپەڕیدابوو، سەرپەلەکەی دیتی یەك لە پیاوەکانی بەرەو هێڵەکانی دوژمن تەکانی دەدا. ناسییەوە "تیشان" بوو، دەستبەجێ ئەمیش بۆی دەرچوو. چۆن دەبێ سەربازێکی ناشی تەنیا بە نارنجۆك هێرش بەرێتە سەر دوژمنانەوە؟ تیشان بەرەو پێشەوە تەکانی دا و هاواری دەکرد: "نەجووڵێنەوە ئەگینا هەمووتان پارچەپارچە دەکەم! سەربازەکانی کۆمنتانگ دەستیان بە راکردن کرد. ئەوەیش هەموو لەشکرەکەی شلەژاند. تی شان بەمە هەندەی تر ورەی بەرز بووەوە و لەگەڵ ئامبازێکدا بە توندی دەستی لە سووگی سەربازێکدا گیرکرد. کە سەربازەکە سوونگیەکەی کێشایەوە برینێکی قووی لە دەستی تیش شاندا جێێشت. بەڵام تی شان لەگەڵ ژان و خوێنی زامەکەیدا ئامبازی سەربازەکە بوو، ئەویش ناچار تفەنگەکەی فڕێدایە سەر زەوی و لە قاچانی کردە دەنگ. تی شان تفەنگەکەی هەڵگرتەوە و گەڕایەوە هێڵەکانی خۆیان و وردە خەندەیەك رووی داگرتبوو، ئەم کردارەی هەموو بەتالیۆنەکەی حەپەساند. تۆنگ تسون جۆی چوو چاوێکی بە تی شان بکەوێت دیتی لەسەر زەویدا دانیشتووە و دەستی بەستراوەتەوە. تفەنگە یابانییەکەی لەدەستی چەپدا گرتبوو. لەم هەموو گرنگی پێدانەیدا

نەختێ پەشۆکابوو. سەرپەلەکە دەستێکی لە پشتیدا و گوتی: "ئای کە لاوێکی بەجەرگیت! من دەزانم تۆ زۆرت رق لێیانە، بەڵام پێویستە لەمەودوا لەگەڵ هاوڕێکانتانا کاربکەیت." ئەوە زۆر کاری لە تۆنگ تسون جۆیدا کرد چونکە هەرگیز لەسەربازێکی باشی چاوەڕوان نەدەکرد کارێکی ئەوا ئازایانە و ترسناك ئەنجام بدات. ئەوەیش قسەیەکی نەستەقی هێنایەوە یاد لە کاتی خۆیدا مامۆستای خوێندنەوە و نووسینی لە سوپادا فێری کردبوون کە دەڵێت "هەر مرۆڤێ ئەگەر دڵێکی پۆڵایینی هەبێ هەرگیز لە دوژمن ناترسێت، تەنانەت ئەگەر هیچ چەکێکیشی نەبێت." جا چووە لای تی شا و پیرۆزبایی لێکرد و وتی "ئافەرین.. تۆ پێشەکی دڵێکی پۆڵایینت هەیە. بەم زووانە ئێمەیش هەموومان دەبینە خاوەندی دڵی پۆڵایین.

دوژمن هێزەکانی خۆی رێکخستەوە و دووبارە دەستی کردەوە بە هێرشی توونددی لەناکاوا. بەڵام سەربازانی سوپای رزگاری گەلی ئەمجارەیان تەنیا ئەو کاتە ئاگربارانیان کردن کە زۆر لێیان نزیك بوونەوە. ئەنجا هێزەکانی دوژمن کشانەوە، بەڵام سەربازانی سوپای رزگاری گەل لە دەنگی کەڕەناوە لە سوپەرەکانیان دەرپەڕین و راویان نان. کاتێك سەربازانی سوپای رزگاری گەل لەناوچە قایمکراوەکەی دوژمن نزیك بوونەوە کە بریتی بوو لە گوندێك داگیریان کردبوو، لە سەربانەکانەوە ژمارەیەکی زۆر شەستیر کەوتە ئاگربارانیان. سەربازانی سوپای رزگاری گەل ناچار بوون بکشێنە دواوە و دوژمن بە دوایان کەوتن. Kho (کو)ی سەرپەل هاواری لێکردن بەپەلە بگەڕێنەوە ناو سوپەرەکانتانەوە خۆیشی بە زەوی دادا و بە غەدارەکەی کشانەوەی پیاوەکانی دەپۆشی. "کە دڵنیا بوو لە سەلامەتییان دەستی کردە شەڕکردن بۆ دابین کردنی کشانەوەی خۆیشی. لەناکاو غەددارەکەی بێدەنگ بوو. گوێی لێبوو سەربازانی کۆمنتانگ هاواریان دەکرد (بە زیندوویی بیگرن! بە زیندوویی بیگرن! دەستیان کرد بە راونانی سەرپەلەکە. سەربازەکانی

سـوپای رزگاری گـەل لەنـاو خەندەکانیانـەوە هیچیـان لـە توانـادا نەبـوو بیکـەن. چونکـە نەیاندەوێـرا تەققـە بکـەن نەبـادا سـەرکردەکەی خۆیـان بپێکێـن. کـە سـەرپەلەکە و ئەوانـەی بەدوایـەوە بـوون لـە سـەربازەکان نزیـك بوونـەوە، سـەرپەلەکە هـاواری لێکـردن "هەڤـاڵان گـوێ بەمـن مـەدەن" تەققەیـان لێبکـەن! لەوەزیاتـر ئارامیـان نەمـا هەڤاڵێکیـان لـە مەترسـیدا ببینـن و هیـچ نەکـەن بـۆ رزگارکردنـی. چونکـە لـە خەباتـی شۆڕشـگێیدا کاتـێ هاوڕێیـەك دەکەوێتـە مەترسـییەوە، هەمیشـە هاوڕێیانـی زیاتـر ئارەزوویـان دەبـێ خۆیـان بخەنـە هـەر جـۆرە تەنگانەیەکـەوە بـۆ یارمەتیـدان. تۆنـگ تسـۆن جـوی هەڤاڵێـك بـوو لـەم جۆرەیانـا. هـەر دەسـتبەجێ لەگـەڵ چـەن هاوڕێیەکـی تـر بازیـان دایـە دەرەوەی خەندەکەکانیانـەوە و تاکـو سـەرپەلەکەیان (kho)ی رزگار بکـەن. سـەربازەکانی کۆمنتانـگ چـواردەوری khoیـان گرتبـوو یەکێکیـان خەریـك بـوو بیگرێـت. بـەڵام لـەو کاتـەی سـەربازەکە سـووچێکی چاکەتەکـەی کەوتـە دەسـت سـەرپەلەکە بـە خێرایـی خـۆی راپسـکاند و بەمـەش سـەربازەکە خلیسـکا. کـۆو سـووڕایەوە و بـە قۆناغـە تفەنگەکـەی لێیـدا، ئـا لـەم سـاتەدا تۆنـگ تسـۆن جـوی و ئەوانـی تـر پێیڕاگەیشـتن هـەر سـوونگییەکانیان دەرکێشـا دوژمنـەکان پاشـەوپاش کشـانەوە و هەڵاتـن.

وەك هەوڵدانێـك بـۆ تێخسـتنی کەلەبـەرێ هێزەکانـی کۆمنتانـگ بەهەمـوو توانـای خـۆی لـە دژی سـوپای رزگاری گـەل خسـتە کار و توانیـان بـە باشـی بچنـە نـاو هێڵەکانیانـەوە لـە گونـدی تسـۆکنانینگ tsaokuanying دا و ئەنجـا بەشەسـتیر ئاگربارانێکـی سـەختییان کـردن و جەنگاوەرەکانـی سـوپای رزگاری گەلیـان لـە سـووچێك گەمـارۆدا لـە عەردێکـی پـڕ لـە گردۆچکـەدا. لەپاشـان هێزێـك لـە سـەربازانی کۆمنتانـگ یەکسـەر رووبانکـردە مەڵبەنـدی بەتالیۆنەکـەوە و ویسـتیان بنکەکـەی سـوپای رزگاری گـەل داگیـر بکـەن. سـەرکردەکە داوای لـە تۆنـگ تسـۆن جـوی کـرد لەگـەڵ مەفرەزەیەکـدا بچـن بـۆ هاریـکاری. تۆنـگ تسـۆن

جـوی ماوەیەکـی کـورت بیـری کـردەوە و گەیشـتە ئـەو ئەنجامـە کـەوا ئەگـەر بیەوێـت بـە ژمارەیەکـی کـەم لـە پیاوانـەوە دوژمـن بشـکێنێ ئـەوا باشـتر وایـە بـە هێرشـێکی نـاکاو دوژمـن بحەپەسـێنێ. جـا پیاوەکانـی سـێ سـێ دابـەش کـرد و تێکـڕا بـە کەنـاری جۆگەیەکـدا رووە و هێڵەکانـی دوژمـن خزیـن. کـە گەیشـتنە ئامانجەکانیـان خۆیـان لـە شـوێنێکی زۆرباشـدا قایـم کـرد کـە بەسـەر دوژمنـدا دەیڕوانـی. دەسـتیان کـردە نارنجـۆك فڕێـدان بەسـەر سـەربازەکانی کۆمنتانگـەوە. دوژمنەکانـی بـە نائومێـدی هەوڵـی خۆپاراسـتنیان دا و زۆریـان خۆیـان فڕێدایـە نـاو خەندەکانـەوە. بـەڵام تۆنـگ تسـۆن جـوی هیـچ بوارێکـی نـەدان. کـە نارنجۆکێیـان لێبـڕا کەوتنـە بەکارهێنانـی ئەوانـەی لـە سـەربازە کوژراوەکانـی کۆمنتانگیـان دۆزینـەوە کـە لاشـەکانیان لـەو گـۆڕەدا بڵاوبوبوونـەوە.

دوژمـن دیتـی بـەردەوام بـوون لەسـەر بەرەنگاربـوون کارێکـی دژواربـوو لەبـەر ئـەوە هێـز لـە دوای هێـز کشـایەوە. ئەمەیـش هەندەیـتر ورەی بـە هێـزە پەلامارەدەرەکـەدا و هانـی سـەربازانی سـوپای رزگاری گەلـی زیاتـردا هەمـوو ئەوانـەی بـەم جـۆرە توانـای خۆیـان رێکخسـتبوو تاکـو هێزەکانـی دوژمـن بەتـەواوی تێـك بشـکێنن.

هێـزە تێکشـکاوەکە زیاتـر لەسـەد کـوژراوی لـە دوای خۆیـدا جێهێشـت کـە لەناویانـا ژەنەراڵێـك و کەپتانـێ هەبـوون. لـەدوای شـەڕەکەدا جەنگاوەرەکانـی بەتالیۆنەکـە کۆبوونـەوە بـۆ نرخاندنـی سـەرکەوتنەکەیان. هەڤاڵەکانـی تۆنـگ تسـۆن جـوی دەسـتیان بەرزکـردەوە و وەك نیشـانەیەك بـۆ پیاهەڵدانـی ئیشـە بـە جەرگەکەیـەوە. تۆنـگ تسـۆن جـوی بـە خەندەیەکـەوە وتـی:" ئـەوە کاری هەمـوو مەفرەزەیکـە بـوو. ئـەوان نەبوونایـە مـن هەرگیـز بـە تەنهـا ئەمـەم بـۆ نەدەکـرا" ئـەو دەیزانـی کاری تێکڕاییەکـە گرنگـە. چونکـە بەبـێ ئـەو هیـچ شـتێك ئەنجـام نـەدەدرا. ئـەم هەمیشـە لەسـەر ئـەوەوە رژد بـوو کـە هەوڵـی هاوبەشـی کۆمـەڵ، سـەرکەوتن بەدەسـت دەهێنێـت.

## (کارێکی زۆر پەسند)

دوژمـــن نەیدەویســـت دان بـــە تێکشـــکاندندا بهێنـــێ. بۆیـــە پـــاش چەنـــد رۆژێـــك تیپێكیـــان نـــارد بـــۆ ئـــەوەی لەنـــاكاو هێـــرش بەرێتـــە ســـەر زیهـــای (szehai) ســـوپای رزگاری گەلیـــش هێزێكـــی باشـــی تەرخانكردبـــوو بـــۆ پاراســـتنی دەروازەی زیهـای.. مەفرەزەكـەی تۆنـگ تسـۆن جـوی فەرمانـی پارێـزگاری كردنـی نوختەیەكـی سـتراتیژی پـێ سـپێرا لەسـەر بەرزاییەكـەوە كـە لـە دەروازەی یەكـێ لـە تەنگەبـەرەكان بـوو، كـە هیوادارپـوون دوژمنـی لێـوە راو بكـەن. هێزەكانـی كۆمنتانـگ سـەرتاپای بـە چەكـی ئەمەریكییـەوە تەیـار بـوو، لەوانەیـش تەقەمەنـی و سـەركلاوی پـۆڵادی و تەنانـەت گۆرەویـش.

مەفرەزەیەكـــی راهاتـــوو لـــە هێـــزی دوژمـــن بـــە شـــێوە دۆڵـــە قووڵەكـــەی نێوچیاكانـا هێرشـیان هێنـا، كـە گەیشـتنە گوندێكـەوە لـە هەمـوو لایەكـەوە لـە چیاكانـدا درانـە بـەر ئاگـری گوللـەوە. ئەوانیـش تەقەیـان كـردەوە. بـەم شـێوەیە تێكـڕای چیـاكان بـوون بـە دەریایەكـی ئاگرییـن. بـە مـرازی دەستبەسـەراگرتنی چەنـد نوختەیەكـی سـتراتیژییەوە بـۆ ئـەوەی بتوانـن پاشەكشـەكەیان بپارێـزن هێزەكانـی دوژمـن هەوڵێكـی نائومێدانەیـان دا بـۆ گرتنـی گردەكـەوە. دەوروبـەری ئـەم چونـە بـوو بەمەیدانـی شـەڕێكی دڕندانـەوە. چەندیـن شـەپۆلی هێرشـی دوژمـن سـەركەوتووانە بەرگرییـان لێكـراو تێـك شـكێنران.

نارنجـۆك خەریـك بـوو دەبـڕا. مەفرزەكـەی تۆنـگ تسـۆن جویـش ئومێدیـان نەبـوو چیتریـان بـۆ بێـت. هسـیاولی رووی كـردە تۆنـگ تسـۆن جـوی و گوتـی "دەڵێـی چـی چەنـد كەسـانێ بنێرینـە ناوچەكانـی خۆمانـەوە تـا نەختـێ نارنجۆكـمان بـۆ بهێنـن. ئـەی جێگـری سـەرپەل؟" تونـگ لـە وەڵامـدا وتـی "نازانـم ئـەوان هیـچ تەقەمەنیـان بـۆ نانێـرن. بێگومـان دەبـێ تووشـی گرفتێـك بووبـن". بەدەسـت ئیشـارەتی بـۆ گردەگـەی لای باكـوور كـرد كـە شـەڕێكی گەرمـی تیـادا دەكـرا. "ئـەوە ئـەو شـوێنەیە كـە هەمـوو هێرشـەكانی ئاراسـتە دەكـەن. ئاشـكرایە

هەرچییەکـی لـە دەسـتیان دێـت بـۆ ئەوێـی دەنێـرن. ئایـا دروسـتە بۆمـان بچینـە مەڵبەنـدەکان و داوای تەقەمەنـی بکەیـن لەکاتێکـدا ئـەوان لەئێمـە زیاتـر پێویسـتیان پێـی هەیـە. تـۆ دەڵێیـت چـی؟ سـەرپەلەکە گوێـی لـە مشـتومڕەکە بـوو، لای تۆنـگ تسـۆن جـوی گـرت و گوتـی: بـا بیرکەینـەوە بزانیـن چـۆن خۆمـان چارەیـەك بـۆ ئـەم تەگەرەیـە دەدۆزینـەوە". سـەرتیپەکان کۆبوونـەوە و تۆنـگ تسـۆن جـوی یەکـەم کـەس بـوو هاتـە گفـت" دوو تەگەرەمـان لـە پێشـە. یەکەمیـان ئێمـە تەقەمەنیـی تەواومـان نییـە. دووەم ئایـا بڕیارمـان داوە بەسـەر هەمـوو کۆسـپێکا زاڵ بیـن؟ پێویسـتە ئـەو بیـرە لـە مێشـکی خۆمـان دەرکەیـن کـە بـە هیـچ کەسـێ هەیـە پشـتی پێـوە ببەسـتین. پێویسـتە یـەك دڵ و یـەك بـڕوا سـوور بیـن لەسـەر ئـەوە کـە لـەو شـوێنەی خۆمانـدا بمێنینـەوەو بپارێزیـن. پێویسـتە هەمـوو ئامـادە بـن بـۆ شـەڕکردن هەتـا دوایـن نەفـەر و لەسـەر ئـەو دوایـن کەسـەوە پێویسـتە ئـەم شـوێنە لـەدەس نـەدات تەنانـەت.. پیـاوەکان بەیـەك دەنـگ هاواریـان کـرد پاراسـتنی شـوێنەکە. پاراسـتنی ئـەم شـوێنە تاوەکـو رەگـی دوژمـن لەبنـڕا دەردەهێنیـن. تاوەکـو سـەرکەوتن".

شـەپۆلێکی تـر لـە هەڵمەتـە لەناکاوەکانـی دوژمـن بەئومێـدی داگیرکردنـی مەڵبەنـدی سـوپای رزگاری گـەل لەسـەر گردەکـەدا دەسـتی پێکـرد. هێزەکانـی دوژمـن گەیشـتنە نوختەیەکـەوە ئەوەنـدە نزیـك بـوو دەیانتوانـی تەنانـەت گوێیـان لـە هەناسەشـیان بێـت، تۆنـگ تسـۆن جـوی و هەڤاڵەکانـی پێشـوازی دوژمنیـان بـە گوژمـە نارنجۆکێکـەوە کـرد زۆر لـە دوژمنـەکان بـەرەو دۆڵەکـە هەڵدێـران و سـەربازانی سـوپای رزگاری گـەل بەردبارانیـان کـردن. کـە دوژمـن لـە داگیرکردنـی ئـەم گـردەدا سـەرنەکەوتن، تۆپێکـی زلیـان هـاورد و ئاگرێکـی سـەختی بەردەوامیـان ئاراسـتەی مەڵبەنـدی سـوپای رزگاری گـەل کـرد کـە مەترسـییەکی زۆری بـۆ پێکهێنـان. تۆنـگ تسـۆن جـوی هەسـتی کـرد دوژمـن هێزێکـی تایبەتـی رێکدەخسـت بـۆ پەلامـاردان. بۆیـە چەنـد نارنجۆکێکـی هەڵگـرت و بـە

جەنگاوەرەکانــی وت "هەڵمەتەکــەم بــە ئاگــر بپۆشــن."

لــە ســاتێکدا کــە ئاگــری شــەڕ کەمــێ کــز بــوو تۆنــگ تســۆن جــوی بــۆ دامێنــی گردەکــە خشــی. هێنــدە بــە خێرایــی دەبزووتــەوە دوژمــن نەیتوانــی بزانــێ چ روودەدا. پێــش ئــەوەی کاتــی ئەوەیــان ببێــت دەرکــی پێبکــەن نارنجــۆك بەســەریاندا بــاری و تۆپــە زلەکەیــان بێدەنــگ کــرا.

جــا کــە دوژمــن نەیتوانــی لــەم نوختەیــەوە بپەڕێتــەوە هێزەکانــی کۆمنتانــگ هێرشــی خۆیــان ئاراســتەی ئــەو مەڵبەنــدە کــرد کــە مەفــرەزەی چــوارەم تیایــدا دامەزرابــوو. شــەڕێکی زۆر توونــد روویــدا بــەڵام تەنیــا ژمارەیەکــی زۆر کــەم لــە جەنگاوەرانــی مەفرەزەکــە کــوژران. بــەڵام هەرچەنــد بــێ بەزیــن بــە رەنــگاری دوژمــن دەبوونــەوە، وا پێدەچــوو وەك ئــەم پیاوانــە بۆیــان نەکرێــت تــا ســەر بەرامبــەر ئــەو دوژمنــە دڕندەیــە بوەســتن کــە بــە ژمارەیــش و بــە تفاقیــش ئێجــگار لەمــان زیاتــر بــوون. لــە هەمانکاتیشــدا هەمــوو پەلەکانــی تــر لــە شــەڕدا ئــاڵا بــوون و توانــای ناردنــی یارمەتییــان نەبــوو، بــەڵام مەفرزەکــەی تۆنــگ تســۆن جــوی لــەو ســاتەدا لــە شــەڕێکی راســتەقینەدا نەبــوون بۆیــە تۆنــگ تســۆن جــوی ئاواتــی بــەوەوە دەخواســت ئەگــەر بیتوانیبایــە بگاتــە لایــان و دەســتی یارمەتــی بــۆ درێــژ بکردانایــە.

هەڵوێســت هــەر ســاتێ بــەرەو خراپــتر دەڕۆیشــت. ئەگــەر دەســتبەجێ شــتێکی وا نەکردایــە جەنگاوەرانــی پەلــی چــوارەم توانــای خۆراگرتنیــان چیــتر نەدەمــا. تۆنــگ تســۆن جــوی ویســتی ســێ جەنــگاوەران لوگــەڵ خۆیــدا بەرێــت و بچــن بەهاواریانــەوە. بــەڵام ســەرپەلکە رازی نەبــوو چونکــە گوتــی ئەگــەر هاتــو دوژمــن هێرشــی بــۆ ئــەم شــوێنە تــازە کــردەوە ئــەوا خۆیــان پێویســتیان بــە هەمــوو هێزەکەیانــەوە دەبێــت. دووپاتــی کــردەوە کــەوا فەرمانــی ئەمــان ئــەوە بــوو ئــەم گــردە لــە دەســت نــەدەن. تۆنــگ تســۆن جــوی وتــی "گومانــی تێــدا نییــە کــە ئەرکــی ســەرەکیمان بەرنەدانــی ئــەم نوختەیەیــە، بــەڵام ســوودی بەرنەدانــی ئــەم

نوختەیە دەبێ چیبێت ئەگەر دوژمن ئەو گردەی گرت؟" کە قسەی لەگەڵ سەرپەلەکەدا دەەکرد هێندە نارەحەت بوو هەناسەبڕکێی پێکەوتبوو، لە دوای ساتێکی بێدەنگییدا هاتەوە سەر قسەکەی". پێویستە لەسەرمان یارمەتی مەفرەزەی چوارەم بدەین. ئەوجا با بابڕۆین. هەر کاتێ دوژمنمان رەتاند دەستبەجێ دەگەڕێینەوە. تۆنگ تسۆن جوی دەیزانی لە بارودۆخی ئاساییدا دەبوو بەر لە گواستنەوەی هەر جەنگاوەرێکدا مەڵبەندەکانی هێزەکان ئاگادار بکرێنەوە. بەڵام ئێستا کات ماوەی ئەوەی تیادا نەمابوو، جا بڕیاری دا کەوا لەم هەڵوێستە تەلەزگەیەدا بۆی هەبوو بلیمەتیی خۆی بخاتە کار، چونکە تەنانەت چەند خولکەیەکیش لەوانەبوو سەرئەنجامی شەڕێکی مان و نەمان دیاری بکات.

جارێکی تر هێزەکانی کۆمنتانگ هێرشیان برد و ئەو گردەی پەلی چوارەم پارێزگاری لێوە دەکرد. ئەمجارەیان ئەوەندە نزیك بوونەوە، توانیان جەنگاوەرانی پەلی چوارەم دووچاری شەڕە سوونگی بکەن. بەرگریکارەکان بە سوونگی چەسپێنراوەوە ئامادەی شەڕی دوژمن بوون و هەموویان بڕیاری خۆڕاگرتنیان دابوو هەتا دوایی. لەم ساتە ناسکەدا تۆنگ تسۆن جوی پیاوەکانی بۆ یارمەتیدانیان هەڵمەتیان برد و لەناکاودا هێزە هێرشبەرەکەیان دایە بەر نارنجۆکەکان. سەربازەکانی دوژمن واقیان وڕما و بە پەشۆکاویی بەرەو دامێنی گردەکە هەڵاتن. یەکێ لە جەنگاوەرانی پەلی چوارەمەوە غاریدا لای تۆنگ تسۆن جوی و دەستی خستە ملییەوە و ماچی کرد. کە تۆنگ تسۆن جوی چاوی بەرز کردەوە بەسەرسوڕمانێکەوە هاواری کرد:" ئاە تونگ یوشین، چ پاڵەوانێکت لێهاتۆتەوە؟ هەروەها ئەوانی تریش!" ئەویان وەڵامی دایەوە. "ئێوە پاڵەوانن ئەی لاوەکان. ئێمە تەنیا بەرگرییمان دەکرد" تۆنگ تسۆن جوی پێکەنی زۆر دڵشاد بوو بەو گۆڕانکارییە گەورەیەی بەسەر ئەم هەرزەکارەدا هاتبوو. بەهاندانێکەوە پێی وت" ئەگەر بتوانن بەردەوام بن و

بەرگـری بکـەن ئـەوا بەسـەر هەمـوو کۆسـپێکا زاڵ دەبـن". تاریکـی خەریـك بـوو باڵـی بەسـەر ئـەو نـاوەدا دەکێشـا. هـەر تـاوە نـا تاوێکیـش چەنـد تەققەیەکـی پچـڕ پچـڕ لێـرەو لەوێـدا دەکـرا. لـە هەمـوو بەرەکانـی تـردا یەکەکانـی سـوپای رزگاری گـەل ژمارەیەکـی زۆریـان لەسـەربازانی دوژمنـدا راماڵـی بـوون. بـەڵام لـەم شـوێنەدا دەسـتەیەکی هەشـت نۆکـەس لـە سـەربازانی کۆمنتانـگ بـەرەو لوتکـەی گردەکـە دەخشـین. "بێگومـان دیارییەکـی نایابیـان بـۆ هەناردوویـن. بـام بـە زیندوویـی بیانگریـن!" تۆنـگ تسـۆن جـوی و ژمارەیـەك لـە پیاوەکانـی بـە دزییـەوە بـە شـوێنیاندا چـوون. لەوکاتـەی کـەوا سـەربازە دوژمنـەکان دەهـات بگەنـە ترۆپکـی گردەکـەوە تۆنـگ تسـۆن جـوی و هەڤاڵەکانـی تێیـان راخوڕیـن. دەسـتتان بڵنـد کـەن یـان هەمووتـان دەڕشـێنین!" پیـاوەکان بـە ترسـێکی زۆرەوە سـەیری دەوروبـەری خۆیانیـان کـرد کـە دیتیـان لـە هەمـوو لایەکـدا دەوریـان گیـراوە، دەسـتیان بڵنـد کـرد و خۆیانـدا بـە دەسـتەوە.

**(سێ سەربازی بلیمەت قەڵاییەکی سەخت دەگرن)**

شـەو درەنـگ وەختـێ بـوو، مانـگ بەسـەر چیـاو دارسـتانەکاندا دەدرەوشـایەوە و رووبارەکەیــش لــە شــەربەتێکی زیویــن دەچــوو کپــی و بێدەنگییەکــی تــەواو خۆیــان لــە شــەوەکەدا ســەپاند بــوو. تەنانــەت باڵندەکانیــش لەخەودابــوون. تەنیـا حەپـەی سـەگێك دوور دەم نادەمێـك ئـەو بێدنگییـەی دەزرینگانـدەوە. لـە شارەکەیشـدا بەسـەر کێوەکـەوە لێواییـەك و دوو هێـزی پیـادەی سـوپای کۆمنتانـگ هەڵیاندابــوو، لــە کاتێکــدا نزیکــەی هــەزار ســەرباز لــە ســوپای رزگاری گــەل لــە کێڵگەکانــی دامێنــی چیاکــە لــە ســەرزەویدا راکشــابوون. وەك کێڵگەیەکــی گەنــم بێدنــگ بــوون و تەنانــەت تاکــە یــەك دەنگیــان لێــوە نەبیــسرا.

تۆنـگ تسـۆن جـوی رووی کـردە باشـور، بـۆ لای شـاخەکەوە کـە تـا رۆژهـەڵات و رۆژئــاوای گرتبــۆوە و بازنەیەکــی لــە دەوری شــارەکەدا پێــك هێنابــوو. شــارەکە کەوتبــووە ســەر هەڵدێڕەکــەی لای باشــووری شــاخەکەوە و شــاخەکەیش بــە وێنــەی شــوورەیەك بــوو بــۆی. زنجیرەیــەك قــەڵای ســەخت لەلایــەن کۆمنتانگــەوە بەســەر لووتکــە بەرزەکانــی شــاخەکەوە دروســتکرابوون، تۆنــگ تســۆن جــوی بــڕوای وابــوو کــە تێکەڵگیرســان لەگــەڵ دوژمــن لێــرەدا بەراســتیی گێرمەیەکــی دژوار بــوو. ســەرپەلەکە هاتــە لای تۆنــگ تســۆن جــوی و بــە گوێیــدا چرپانــدی: "ئــەی هەڤــاڵ تۆنــگ، ســەرکردەی هێــزەکان داوات دەکات" کــە گەیشــتە حەشــارگەیەکی شــاراوە، تۆنــگ تســۆن جــوی بینــی ســەرکردەکە و ســەرۆکی ئــەرکان لەســەر زەویــدا دانیشــتوون و هســیاو وانــگ بەلایانــەوە وێســتاوە. ســەرکردەکە دەیڕوانییــە نەخشــەیەکەوە کــە لەســەر عــەردا بڵاوکرابــۆوە، بــە یارمەتــی رووناکییــە کزەکــەی چراکــەی دەســتی کــە بــە پارچــە قوماشــێکەوە داپۆشرابــوو ئامــاژەی بــە نەخشــەکەوە کــرد و گوتــی "بەســەر ئــەم گــردەی بەردەممانــەوە قەڵاییەکــی دوژمــن هەیــە، پەلــێ ســەرباز و دوو تۆپــی شەســتیر دەیپارێــزن. پێویســتە ئــەم گــردە بگریــن. ئەوســاکە دەتوانیــن بــە هــۆی ئاگــری قەڵاکــەوە شــارەکە بخەینــە ژێــر دەســەڵاتی خۆمانــەوە.

هەروەهــا توانــای ئەوەمــان دەبــێ لەپێــش ســپێدەی بەیانــی ســێ هــەزار دیــل بگریــن، ســەرپەلەکە وەڵامــی دایــەوە "بەڵــێ ئــەی فەرمانــدە تێدەگــەم، تــۆ بــەس فەرمــان دەرکــە". ســەرکردەکە بــە درێژایــی راگەیاندنەکانــی خــۆی دووپاتکردنــەوەو گوتــی: ئەمــە کارێکــی ئێجــگار ســەختە. ســەختییەکەیش لــەو راســتییەدایە کــە ئێمــە پێویســتە زۆر بــە هێمنییــەوە بیگریــن. تەنیــا ســێیان لــە ئێــوە، لــە کاتێکــدا دوژمنــی ســی ســەربازی لەوێــدان. نابــێ وا تێبگــەن ئەمــە کارێکــی ســانایە. دەبــێ بــە بێدەنگیــی بیگریــن و بەبــێ ئــەوەی تاکــە گوللەیەکیــش بتەقێنیــن. تۆیــش ئــەی تۆنــگ تســۆن جــوی لاوێکــی ئێجــگار لێهاتــووی تــۆ دەڵێــی چــی؟ ئایــا ئەوەمــان بــۆ دەکرێــت؟ تۆنــگ تســۆن جــوی بــە خوێنگەرمیــەوە وەرامــی دایــەوە: دەتوانیــن بیکەیــن دەزانــم تاکەگوللەیــەك لــە تفەنگێکــەوە ســەرتاپای شــارەکە لــە خــەو هەڵدەســتێنێ. ئەوســایش کارەکــە زۆر ئاســان نابێــت ســێ هــەزار ســەرباز بەبــێ شــەڕێکی خوێنــاوی بەدیــل بگریــن.

"زۆر باشــە پــاش ئــەوەی ئــەو قەڵایــە داگیــر دەکــەن بۆتــان هەیــە وەك پشــیلە چەنــد جارێــك بمیاوێنــن. فەرمــوون ئێســتا دەتوانــن دەســت پێبکــەن ســەرکردەکە فەرمانیــدا.

ســێ قۆڵییەکــە بــە خزیــن کەوتنــە ســەرکەوتنی چیاکــە. تۆنــگ تســۆن جــوی هەســتی کــرد بەرپرســیارییەکی زۆر مەزنــی بــە ئەســتۆ بــوو. جــا بیتوانیبایــە یــا نەیتوانیایــە قەڵاکــە بگــرن. کاریگەرییــەك بــوو ســەرەنجامی ســەرکەوتن یاخــود تێشــکانی لــەم شــەڕەدا بڕیــار دەدا. هەروەهــا دەشــیزانی کــەوا دوژمــن ســێ هــەزار چەکــداری هەبــوو کەچــی ئەمــان تەنیــا هــەزار کــەس بــوون. جــا ئەگــەر بــە دەستوەشــانێك دوژمــن نەشــکێنن ئــەوا هــەر دەنگــە دەنگێکــی پەیــدای بکــەن هەمــوو هێــزە دە هــەزار ســەربازییەکەی دوژمــن کــە لــە دووری تەنیــا دە میلــەوە هەڵیانــداوە بەســەر خۆیانــا وەردەکــەن. ئەمەیــش گەڕانــە بــە شــوێن سەریەشــەدا. خزیــن بــەرەو پارچــە زەوییەکــی بــە درەخــت پــۆشراودا، لەوێــوە

تۆنــگ تســۆن جــوی و دوو هاوەڵەکانــی بــە چاکــی قەڵایەکەیــان لــێ دیاربــوو. هەڵوێســتەکەیان هەڵســەنگاند و دیتیــان دوژمــن زۆر فێڵبــاز بــوو، دوو ئێشــکچییان دانابــوون هەریەکەیــان رووی لەلایەکــی پێچەوانــە. یەکێکیــان تەنیــا دە هەنــگاو دوور دەکەوتــەوە ئەنجــا دەســوورِایەوە و دەگەڕایــەوە لەکاتێکــدا ئــەوەی تریــان لــە شــوێنی خۆیــدا دەوێســتا و ســەیری هەمــوو لایەکــی دەکــرد. تۆنــگ تســۆن جــوی و دوو هاوڕێکانــی لەســەر ســکدا گــرێ بــە گــرێ بــە هەڵدێرەکــەدا هەڵگــەڕان تــا گەیشــتنە نوختەیــەك تەنیــا دە شــەقاو لەوانــەوە دوور، ئیــتر نەیانتوانــی چیــتر بخشــین. ویســتیان دەســبەجێ پەلاماریــان بــدەن، بــەڵام ئەگــەر ئەوەیــان بکردایــە لەوانەبــوو دوژمــن بیــان دیبــان کــە بەبــێ ســێ و دوو تەققەیــان لێیــان دەکــرد. کات رابــورد. کاتژمێــر لــە چــواری بەیانــی نزیــك دەبــۆوە. ســێ ســەربازەکانی ســوپای رزگاری گــەل تێمابــوون. نەیاندەتوانــی چــی بکــەن. هەرچەنــدە زۆر پەلەیــان بــوو، کەچــی زاتیــان نەدەکــرد تەنانــەت بــە توونــدی هەناســەش بدەنــەوە. ئێشــکچییەکانی کۆمنتانــگ پشــت لــە پشــت تفەنــگ لــە گۆلمــدا لەســەر تاتەبەردێکــدا دانیشــتن. لەنــاکاو دەنگــی لەنێــو دەوەنەکــەوە بیســترا، ئێشــکچییەکان بــەرزە پــێ بوونــەوە، تفەنــگ بەدەســتەوە و ئامــادە بــۆ تەققــە کــردن. "ئــەوە کێیــە؟ وشــەی نهێنــی؟" "دەریــا" یەکێــك وەرامــی دایــەوە، لــە پاشــانا پرســی "ئــەی ئێــوە؟" "ئۆقیانــووس" پاســەوانەکان وەڵامیــان دایــەوە. ئەنجــا ســەرپەلەکە بەدەرکــەوت. هاتبــوو دوو ئێشــکچییەکە بەســەر بکاتــەوە.

**(لەدوای ڕۆیشتنا بێدەنگی داهاتەوە)**

جا، ئێستێ کە وشەی نهێنی زانی تۆنگ تسۆن جوی هەڵسا لقە دارەکانی جوڵاندنەوە و دەنگێکی لێوە هات لە دەنگی کابرای سەرپەلەکەی کۆمنتانگەکان دەچوو کە پێشماوەیەکی کورت لێوەی هاتبوو. یاساولەکان هاواریان کرد "ئەوە کێیە؟ وشەی نهێنی؟" تۆنگ تسۆن جوی وەرامی دانەوە "دەریا" و دوو سێ هەنگاو چووە پێشەوە. تاکە لە پڕێکا لووتی بوو بە لووتیانەوە و بەپەلە گوتی "فەرمانی بەپەلەم هێناوە لە مەڵبەندی هێزەکانەوە" یاساولەکان پرسیان "چ فەرمانێ؟" تۆنگ تسۆن جوی دەستی راستی بەسەرسەرییەو بڵند کردبوو کە نارنجۆکێکی تیادا بوو ئامادەبوو بۆ هاویشتن، تێی سرەواندن" نەجووڵێن ئەگینا لەناوتان دەبەم!: لەم ساتەیشدا دوو هەواڵەکەی سەرپلەکە و هسیاو وانگ شالاویان بۆ یاساولەکان هێنا و چەکیان کردن. ئەنجا بەستنیانەوە و بە دەستەسڕ دەمیان بەستن. تۆنگ تسۆن جوی بە دەنگێکی نزم پێی گوتن" برادەرینە بەداخەوە ناچارین جارێ نەختێك نارەحەتتان بکەین". ئەنجا سەربازەکانی سوپای رزگاری گەل خۆیان کوتایە قەلایەکەوە. پێش ئەوەی سەربازە خەوتووەکانی کۆمنتانگ چاویان بکەنەوە. ئەمان هەموو چەکەکانی سەر مەشجەبەکەیان کۆکردەوە. هسیاو وانگ کە تفەنگە موسەلسەلەکەی لەگۆلمدا بوو تێی راخوڕین. کەس لە جێی خۆیدا نەبزویت" لەم ساتەشدا تۆنگ تسۆن جوی و سەرپەلەکە چوونە قاتی سەرەوە. سەرپەلی کۆمنتانگەکان لەو کاتەدا چرای پێکردبوو خەریك بوو هەڵسێتە سەرپێ. جەنگاوەرانی سوپای رزگاری گەل تێیان راخوڕی: نەجووڵێیت. چەکەکانت فڕێدە! دەستبەجێ دەمانچەکەی پێدان بەڵام خێرا دەمانچەیەکی تری لەسەر سەرینەکەوە دەرکێشا و لوولەی کردە سەرپەلەکەوە. تۆنگ تسۆن جوی دیتی. ماوەی دوو دڵی و بیرکردنەوەی نەمابوو، لەناکاو هاواری کرد "ئەی سەرپەل، ئاوڕ بدەرەوە!" سەرپەلی دوژمنەکان سەری وەرچەرخاند. تۆنگ تسۆن جوی بەیەك ئامباز خۆی پیاداکرد و دەمانچەکەی لە دەستیدا پەڕاند. پاش ئەوەی

بەسـەلامەتی هەمـوو سـەربازەکانی کۆمنتانگیـان شـەتەك دان و دەمیـان بەسـتنەوە. کەوتنـە لاسـایی کردنـەوەی میـاوە میـاوی پشـیلانەوە و دەسـتبەجێ هـەر سێسـەد سـەربازی سـوپای رزگاری گـەل دەسـتیان کـرد بـە هەڵگـەڕان بـە چیاکـەدا. شەسـتیر و تفەنگەکانیـان رووەو شـارەکە کـردەوە. سـێ نیشـانەی سـەوز بـە هـەوادا تەقێـنران. کـە جـاڕی هێرشـێکی تێکڕاییانـدا و ئاگربارانێکـی خەسـت لـە چەنـدان شەسـتیرەوە و ئاراسـتەی دوژمـن کـرا. گرمـەی چەنـدان تەقینـەوەی یـەك بـە دوای یەکـدا بیسـترا. تۆنـگ تسـۆن جـوی دەیزانـی کـە لەگـەڵ هـەر تەقینەوەیەکـدا سـەنگەرێکی دوژمـن یـا ئامبارێکـی تەقەمەنییـان لەنـاو دووکەڵـدا بـەرەو ئاسـمان بـەرز دەبـۆوە. ئاسـمان بـە گـڕ رووناك بـوو بـوو، هێزەکانـی کۆمنتانـگ کـە بـە تۆقیویـی لەخـەو راچەنیبوون، خەریـك بـوون بەپەلـە سـەنگەری سـەرپێیی بـۆ دەسـتەوکەری کـردن سـاز بـدەن، ژمارەیەکـی زۆریـان بەبـێ بەرگـی سـەربازییەوە بـە شـەقامەکاندا وەربـوون و بەبـێ ئامانـج تەققەیـان بەهـەوادا دەکـرد. هەندێکـی تریـان بـە سـەرگەرمییەوە دەجەنـگان. فەرمانـدەی هێزەکانـی سـوپای رزگاری گـەل هەمـوو دەرفەتێکـی بـە چاکـی بـەکار هێنـا بـۆ رێکخسـتنی هێزێکـی بـە زەبروزەنـگ بـۆ پەلاماردانـی دوژمنەکانـەوە. چەنـد دەسـتەیەك لـە هێزەکانـی سـوپای رزگاری گـەل لـە پـاش ئـەوەی بـە شـەپوور ئـاگادار کرانـەوە لـەو کەلەبەرانـەوە خۆیـان کوتایـە نـاو شـارەکەوە کـە تەقینەوەکانـی لـەم شـوورەی شـارەکەیان خسـتبوون و تـرس و لەرزێکـی زۆریـان خسـتە نێـو هێزەکانـی دوژمنـەوە. لـەو ساتەیشـدا فەرمانـدەی بەتالیۆنـی دوژمنـەکان فەوجێکـی لەهێزەکانی بـرد و لـە دەرگاکـەی باشـوورەوە هەڵاتـن بـەو ئومێـدەوە کـە بتوانـن ئابلۆقـەی شـارەکە بپچڕێنـن و لـە دەرەوەی دەرگاکـەی باشـوورەوە گەلییەکـی چیایـی هەبـوو کـە کشـوماتی داپۆشـیبوو. دەسـتبەجێ چەنـد هێزێکـی تـری دوژمـن چاویـان لـە هەوڵەکـەی فەرمانـدەی لێواکـە کـرد و ئەوانیـش ویسـتیان لـە دەرگاکـەی باشـوورەوە خۆیـان دەربـاز بکـەن، ئەمەیـش گەلییەکـی ئێجـگار (قەلەباڵـغ) کـرد.

هەرکـە هێزەکانـی دوژمـن لەنـاو گەلییەکـەدا بـە جوولـە هاتـن، ئـەو دەسـتانەی

سوپای رزگاری گەل کە لە هەردوو لای گەلییەوە بۆیان دامەزرابوون، کەوتنە ئاگربارانکردنی زارکی گەلییەکەوە بەوە گەلییەکەیان لێکردن بە تەڵەیەکەوە.

لە گۆنگەری شەڕەکەدا هەندێ لە سەربازەکانی دوژمن ویستیان بەرەو لوتکەی چیاکە سەرکەون، بەڵام هێزەکانی لەشکری رزگاری گەل کە لە بەرزاییەکانەوە خۆیان قایم کردبوو ئاگربارانیان کردن و لێکیان دابڕاندن. تۆنگ تسۆن جوی بەهەموو هێزییەوە هاواری لێکردن "چەکەکانتان بدەن بەدەستەوە. ئەوانەی خۆیان بەدەستەوە دەدەن بە نەرمی رەفتاریان لەگەڵدا دەکرێت". یەك لە سەربازانی دوژمن دەمانچەکەی دەرهێنا و بەرەو تۆنگ تسۆن جوی کردەوە، بەڵام دەرفەتی بۆ هەڵنەکەوت چونکە تۆنگ تسۆن جوی زوو هەستی پێکرد بە قۆنداخەی تفەنگەکەی هێند بە زەبر کێشای بەسەریدا دەمی کابرای لەعەردا چەقاند. کەسێ خۆی تێنەگەیاند. سەربازەکانی بەسەریدا رۆیشتن، بە قوونەشەڕەوە بۆ دەربازبوون، بەڵام نەیاندەزانی بۆ کوێ. سەربازێکی دوژمن تفەنگە رەشاشەکەی بەسەرشانیەوە بە تەنیشت تۆنگ تسۆن جویدا رای کرد، ئەم رایگرت و تێیراخوڕی. "فڕێیدە دەنا دەتکوژم!" لەم ساتەدا پتر لە دوازدە سەربازی کۆمنتانگ بەچۆکا هاتن و چەکەکانیان بەسەرسەریاندا بەرزکردەوە و سپێدەی بەربەیان ئەنجامی شەڕەکەی دیاری کرد. رێزێکی درێژ لە بەدیل گیراوەکان لە ژێر چاودێری چەکدارانەی سەربازانی سوپای رزگاری گەلدا بەرەو رۆژهەڵات دەڕۆیشتن. لێبڕان و لێهاتوویی تۆنگ تسۆن جوی و ئازاتییەکەی لە هەموو هێزەکەدا دەنگی دایەوە. لەکاتی کۆبوونەوەی نرخاندندا ویسامێکی گەورە و دووی بچووکی بە خەڵات پێدرا و بەوەوە کۆی ئەو وێسامانەی لە ماوەی تەنیا ساڵێکدا وەریگرتن گەیشتە چواری گەورە و دووی بچووکەوە. (راهێنان تەواوەتی (الکمال) دروست دەکات).

# کابرای درۆساز

**لە فۆلکلۆری وڵاتی (بەنگال)ەوە.. (جاسیموددین" دەیگێڕێتەوە)**

وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە: مەجید ئاسنگەر

لـە دێکەمانـدا کابرایەکـی شـیرفرۆش، فیشـاڵکەر و خۆهەڵکێشـێکی چاکبـوو، دانیشـتوانەکانی گونـد حەزیـان دەکـرد گاڵتـەی لەگەڵـدا بکـەن و پێـی رابوێـرن.. هەندێکیـان نەوتیـان بەسـەروپرچیدا دەپڕژانـد، ئەوانیـتر خۆڵیـان پێیـدا دەکـرد یاخـود (مانگـۆ)ی رزیویـان دەرخـوارد دەدا. لەگـەڵ ئەمەشـەوە کابـرا هـەر وازی لـە فشـەفش و درۆسـازی خـۆی نەهێنـا... چیرۆکەکانـی بەچەشـنی سـێڵاوی وەرزی بارانـە لـە دەمیـەوە فیچقەیـان دەکـرد. جارێکیـان ئـەم درۆیـەی سـازدا: "ئیمـڕۆ لـە ڕێگەمـدا بـۆ نێـو گوڵـە بنرجەکانـەوە عەزیایەکـی ئێجـگار ناقـوڵام تووشـهات. مارەکـە بـەدوام کـەوت و منیـش تێمتەقانـد و هەڵاتـم. لەکاتـی راکردنـدا ساتمەیەکم کـرد و کەوتـم بـە زەویـدا. مارەکـە سـەری بەرزکـرد و خەریکبـوو پێمـوە بـدات.

جـا باشـە، چیـم بکردایـە؟ دەسـتبەجێ قەڵەمبازێکـم لێـدا و خۆمـم هەڵدایـە سـەر پشتەسـەری عەزیاکـەوە. بـەو حاڵەیشـەوە ئەژدەهاکـە بـۆی دەرپـەڕی و بەنێـو گۆماوێکـی گوڵـە نەیلوفـەردا تیـژ خشـکەی کـرد و گینگڵـی دا. بەندەیـش کـە بەسـەر تەپڵەسـەری عەزیاکـەوە هەڵنیشـتبووم چـوار دانـە نەیلوفـەرم چنیـن. پاشـان مـارەم بـەرەو ماڵەکـەی خۆمانـەوە ئـاژوا. جـا وەختـێ گەیشـتینە هـۆو باخـەی مانگـۆی ئەوبـەرەوە، مـارە خۆیـی کوتایـە کونێکـەوە. ئەگـەر بڕوایـش ناکـەن. فەرمـوون خۆتـان بـڕۆن سـەیری کونەکـە بکـەن و بزانـن شـتەکە راسـتە یـان نـا! خـۆ چـوار نیلۆفەرەکـەش دەبینیـن ئەوەتـان هـەروا لەنێـو دەسـتمدان!" ئێمـەش بێگومـان ناچاربوویـن دەبـوو پێشـی بـڕوا بکەیـن.

درۆکانـی کۆتایـی و بڕانەوەیـان بـۆ نەبـوو، رۆژێکیـان گوتـی: "شـانە هەنگێکـم بینـی بەسـەر تۆقەڵـەی گوڵـە بەرۆژەیەکـەوە بـوو. ئەزیـش بەسـەر گوڵەبەرۆژەکـەدا هەڵگـەڕام و لەسـەر شـانەکەوە هەڵتووتـرکام. لـە پڕێـکا شـەڵغەیەك مێشـهەنگ لـە شـانەکەوە رۆهاتـن و هەڵیانگـرت و بـۆ دوور رفاندیـان. هـەر فڕیـن و هـەر فڕیـن.. دوایـی بـۆ وڵاتـی هـەوری رەش و هـەوری سـپی رێگەیـان گرتەبـەر. لەسـەرێوە کۆشـك و باڵەخانـەی خواوەنـدی سـپیدەی بەیـان لـەو بەرزاییـە داو، لـە هەمـوو لایەکیشـەوە شـاخی باروتـی سـوور بـە ئاسـماندا هەڵکشـابوون. لەوێـڕا بەنـدە چـووم بـۆ کەنـاری حـەوت زێیەکانـەوە. دیـم خانمـە شـازادەیەك لەوێـدا دانیشـتبوو، بـە هۆنینـەوەی ئیکلیلێکـی (گوڵـە ئەسـتێران)ەوە خەریـك بـوو.

منیـش نەمکـردە نامەردیـی، گوڵـە ئەسـتێرەیەکم لـە کچـە شـازادەکە رفانـد و گورجـێ هاتمـەوە بـۆ ماڵـەوە، ئەوەتـا ئەمەیـش گوڵەسـتێرەکەیە هـەروا لەنێودەسـتمدایە! ئێمەیـش لێـمان پرسـی، ئـەی باشـە چـۆن چۆنـی گەڕایتـەوە بـۆ ماڵـەوە؟ خـۆ وابزانـم لـە ئاسـمانێڕا خۆتـت فڕێنەداوەتـە خـوارەوە؟ بـەڵام هەرگیـز وەرامـی نەدایـەوە.

ژنـی شیرفرۆشـەکە ئافرەتێکـی بـاش و بێـوەی بـوو، هەمـووان خۆشـیان

دەویســت. هــەر کاتــێ گوندییــەکان چاویــان پــێ بکەوتایــە بــە دەنگــی بــەرز دەیانگــوت "ئەهــا، خێزانــی چیرۆکبێــژە درۆزنەکــە وا هــات! ئــەوان چێژیــان زۆر لــەوە وەردەگــرت کــە گشــت ئــەو چیرۆکانــەی بدەنــەوە بــە روویــدا کــە مێردەکــەی بــۆ ئەوانــی رێکخســتبوون. لەبــەردەم ژنەکەیــدا دەکەوتنــە قاقــای پێکەنینــەوە وگاڵتەیــان بــە کابــرای شــیرفرۆش دەکــرد. دەی باشــە، ئافرەتــەی کڵــۆڵ و بەســتەزمان تــا چەنــدی ددانــی بەخۆیــدا بهێنایــە و بەرگــەی ئــەو ریســواییەی بگرتایــە!

هەتــا رۆژێکیــان کابــرای شــیرفرۆش لەبیــری ئەوەدابــوو چیرۆکێکــی بــاش بــۆ هاوســەری خــۆی بگێڕێتــەوە. کاتێــك دەســتی بــە گێڕانــەوەی چیرۆکەکــەی کــرد، ژنەکــەی تــوڕە دیاربــوو. ئەمیــش لێــی پرســی: "ئــەوە چییــە؟" خێزانەکــەی بەگرژییــەوە وەرامــی دایەوە:"جــا پێویســت دەکات پێــت بڵێــم چــی بــووە! بــۆ بــە درێژایــی رۆژگار بــە خــۆت و بــە تــوورەگــەی چیرۆکانتــەوە بەنێــو ئاواییــدا دەخولێیتــەوە. دانیشــتوانی گونــدی تێکــڕا ترۆتیــزم پێدەکــەن و بەنازنــاوی (ژنــی چیرۆکبێــژە درۆســازەکە)وە ناوزەدیــان کــردووم. کابــرای شــیرفرۆش بــەوە زۆر خەمبــار بــوو، کــە زانــی هاوســەرەکەی دڵتەنــگ و نارەحەتــە.

دوایــە لێــی پرســی:" دە باشــە پێــم بڵــێ چ بکــەم باشــە؟" لــە وەرامــدا ژنەکــەی گوتــی: "ئەوجــا چیــتر هەبــێ بیکەیــت! بــڕۆ ئــەم تۆربــەی فیشــالانەت تــووڕ تێهەڵــدە، پیاوەکــە". کابــرای شــیرفرۆش بــۆ ماوەیــەك لــە فکــران راچــوو، پاشــان وتــی: "ســبەینێ بەیانــی دەچمــە دارســتانەکەی ئەوبــەری گوندییــەوە و لەوێــدا جەواڵــی چیرۆکەکانــم هەڵدەتەکێنــم و بــۆ دەرمانیــش قلێکــی تێــدا ناهێڵــم. بیســتوومە دەڵێــن ئــەوێ ماروپڵنگــی زۆرن. دۆڵەکەیــش ئێجــگار پــڕ لــە مەترســییە. جــا کــێ دەزانــێ داخــۆ بەســەلامەتی دەگەڕێمــەوە یــان نــا! ژنەکــەی بــۆی ســەندەوە و گوتــی: ئەگــەر بگەڕێیتــەوە یــان نەگەڕێیتــەوە، گرنــگ بچــوو ئــەو چیرۆکانــە دوور دوور فڕێــدە" بێگومــان ژنــی شیرفرۆشــەکە بۆیــە ئەمــەی وت

چونکـە ئێجـگار پەسـت و تـووڕە ببـوو، دەنـا زۆر چـاك دەیزانـی و لـەوە دڵنیابـوو کـە هەرگیـز پڵنـگ لـەو جەنگەڵـەدا وجـودی نەبـووە، بـەڵام لەوانەبـوو چەنـد مارێکـی ژەهـرداری تیـادا هەبـوون.

بـۆ بەیانـی رۆژەکـەی دواتـر، ژنەکـە زۆر زوو لەخـەو رابـوو، قاوەڵتییەکـی خۆشـی شـیروبرنجی بـۆ پیاوەکـەی ئامـادە کـرد. دوای ئـەوە لـە نانخـواردن بـووەوە کابـرا رووە و لێڕەکـە ملـی رێگـەی گـرت تاوەکـو بچـێ هەگبـەی چیرۆکەکانـی فـڕێ بـدات. ئـەو ئێوارەیـە درەنگانـێ کابـرای شـیرفرۆش گەڕایـەوە بـۆ ماڵـەوە. ژنەکـەی پرسـیاری لێکـرد:" پیاوەکـە، داخـۆ سـەرجەمی چیرۆکەکانـی نێـو خورجەکـەت تـوورِ تێهەڵـداوە؟" سـەرداره‌کەی هاتـە گـۆ و فەرمـووی "نـە بەخـوا، هیـچ دەرفەتـم نەبـوو، بـەوە رانەگەیشـتم فڕێیانـدەم. چونکـە هـەر گەیشـتم و نەگەیشـتمە نێودارسـتانەکەوە لـە پڕێکـەوە پڵنگێـك بـە ئامبـازدان کەوتـە دوامـەوە. مـن رامکـرد و پڵینگـە بـۆر بـە بازدێـك بەسـەرما راگەیشـت. هەرچۆنـێ بـوو توانیـم خـۆم بگەیەنمـە دارمۆزێکـەوە بـە پەلەپـروزێ کەتمـە پێـدا هەڵگەڕانیـەوە. پڵینگەیـش هـەر یەکڕاسـت لـە دوای منـەوە پـێ هەڵگـەڕا. هەردووکـمان بـەردەوام تـا دەهـات زیاتـر سـەر دەکەوتیـن. تـا سـەرەنجام کێـش و قورسـایی هەردووکـمان بـۆ درەختەکـە لەبـاردا نەمـاو چیـتر بەرگـەی ئـەو بـارە سـەنگینەی نەگـرت و شـکایەوە. ئێمەیـش بـە جووتـە هەردووکـمان کەوتینـە خـوارەوە. مـام پڵینـگ پەڕییـە نێـو دارسـتانەکەوە، بەندەیـش بەختـم لەبـار بـوو، یەکڕاسـت لەبەردەمـی ماڵـی براکـەی تـۆوە خۆمـم دییـەوە. براژنەکـەت خەریـك بـوو کێکـی برنجـی دەبرژانـد، لەتێکیشـی دامـێ خـواردم و دوایـی وا هاتمـەوە ماڵـەوە".

هەرکـە گوێـی لـەم چیرۆکـە بـوو ژنـی شیرفرۆشـەکە بەهیـچ بارێـك خـۆی بـۆ نەگیـراو دایـە قاقـای پێکەنیـن. دەسـتەکانی رووەو ئاسـمان هەڵبڕیـن و بـە دەنگـی بـەرز کەوتـە سـکاڵا و پاڕانـەوە: ئـەی خـوا هـاوار! بەخـوا جوانـە، وەی

قوڕبەسەر خۆم! منی بەدبەخت جەنابتم ناردبوو تاکو هەمبانەی چیرۆکە کۆنەکانت فڕێدەیت، کەچی دەبینم وا بەخۆت و هەگبەی چیرۆکی نوێترەوە بۆمان هاتیتەوە ماڵەوە!!

*تێبینی:*

*١- لە گۆڤاری **new orient** ی چیکۆسۆفاکی (بە ئینگلیزی) ژمارە (١) ی مانگی شوباتی ١٩٦١ وەرگێڕدراوە.*

*٢- وشەی (درۆساز)م بۆ ئەو کەسە بەکارهێناوە کە هەر لە خۆیەوە شت هەڵدەبەستێ و (درۆ)یان ساز دەدات و پێم وایە ئەو جۆرە کەسە جیاوازیی هەیە لەگەڵ (درۆزن)دا. هیوادارم وشەیەکی دروست و بەجێ بێ و شوێنی خۆی بگرێت. (وەرگێڕ).*

*هەولێر ١٩٩٠/١٢/٩*

# خەندەکە

**رای برادبوری**

کاتژمێـر پێنجـی ئـەو بەیانییـە زووە، تابـوورە خەڵکێـك لەگۆڕەپانـی شـارەکەدا کۆببوونـەوە لەکاتێکـدا قووقـەی کەڵەشـێر لـە گونـدە تەڵبەندکـراوە دوورەکـەوە دەبیسـترا، ئاگرەکەیـش لـە گڵپـە کەوتبـوو، ئـەو خەڵکـە لەنێـو کـەلاوەی خانووبـەرە رووخـاو و کاولکراوەکانـدا کـە پەردەیەکـی تەمومـژ دایپۆشـیبوون، وێسـتابوون. ئێسـتێ تەمەکـە خەریکبـوو دەڕەوییـەوە.

هـەر کاتژمێـر بـوو بـە حەفـت و یەکەمیـن تیشـکی بەیانـی پرشـنگی دا کۆمەڵـە خەڵکێـك رژانـە سـەر رێگاکـەوە. ئیمڕۆکـە بـازاڕە رۆژە.. رۆژی ئاهەنـگ گێڕانـە! منداڵـە چکۆلەکەیـش خـۆی خزانـدە نێـو تابوورەکـەوە و لـە پشـت ئـەو دوو پیاوانـەوە راوەسـتا کـە لـە هـەوای پاکـی ئـەو دەشـتەدا بـە دەنگـی

بــەرز یەکترییــان دەدوانــد. دنیاکــەش ســاردبوو، بۆیــەکا منداڵەکــە لــە شــوێن خۆیــەوە دەســتی بــە هەڵپەڕیــن کــرد و دەیویســت بــە فــوو هــەردوو دەســتە ســوور هەڵگەڕاوەکانــی نەختــێ گــەرم کاتــەوە. دوایــی، تەماشــایەکی جلوبەرگــی خۆڵاویــی ژن و پیاوەکانــی نــاو تابــووورە درێژەکــەی کــرد و ئــەو پیــاوەی لــە پشــتییەوە وێســتابوو پێــی گــوت: چــی بــەم بەیانییــە زووە تــۆی لــە خــەو کــردووە هێناویەتییــە ئــەم شــەقامەوە؟ منداڵەکــە وەرامــی دایــەوە: "تــا جێــی خــۆم لەنێــو تابوورەکــەدا بگرمــەوە".

- جــا بــۆ ئێــرە جێناهێڵیــت و شــوێنەکەت بەکەســێ نادەیــت کــە دەتوانــن هــەر شــتە و نرخــی خــۆی بداتــێ؟"

لەنــاکاو پیــاوێ کــە لەبــەردەم مناڵەکــەوە چەقیبــوو خــۆی وەرســوڕاند و گوتــی: "واز لــە منداڵەکــە بێنــە". ئەوجــا کابــرای یەکــەم ناوپەلــی دەســتی خســتە سەرســەری منداڵەکــە و گوتــی: "گاڵتــەم لەگەڵــدا دەکــرد، لــە راستیشــدا بەلامــەوە ســەیر بــوو منداڵێکــی ئــە ئاوەهــا ســاوا لەخــەو رابێــت و لــە ســاتەوەختێکی ئەوەهــا زوودا بێتــە دەرەوە!" ئــەو پیــاوەی لەســەر منداڵەکــەی دەکــردەوە و نــاوی جریجســی بــوو گوتــی: ئــەم منداڵــە وا پێدەچــێ شــەیدای چێــژی هونــەر بێــت. رێگــەم دەدەیــت، کــوڕە چووکەڵــە، ناوەکــەت بزانــم؟ "نــاوم (تــۆم)ە.." "کەوابــوو ئــەی تــۆم، دەبــێ بــاش تــف بکەیــت. ئێمــە بــۆ ئــەوە هاتووینەتــە ئێــرەوە تاکــو بەباشــی تفەکانمــان بهاوێژیــن.. تێگەیشــتیت؟

"مــن دڵنیــام ئەمــە دەکــەم". خەڵکانــی نێــو تابوورەکــە دایانــە قاقــای پێکەنیــن. لــەو ســاتەدا زەلامێکیــان لــێ راســت هــات، قــاوەی گەرمــی دەفرۆشــت، تــۆم نیگاکانــی لێوەگیرکــردن. دووکەڵێکــی گــەرم و ســەرکەفێکی هەڵچــووی هاتنــە بەرچــاو کــە لــە ئامانێکــی ژەنگاوییــەوە هەڵدەســتان. لــە راســتیدا پیاڵــە قــاوە نەبــوون، بەڵکــو خواردنەوەیــەك بــوو لــە بەربووبومــی ئــەو دارتووانــەوە گیرابــۆوە، کــە لــە مێرگەکانــی ئەوبــەر شــارەکەوە رووا بــوون و پیاڵــەی بەیــەك

قـروش دەفـرۆشراو گـەدەی پـێ گـەرم دەکرایـەوە. کڕیاریـش زۆر نەبـوون، چونکـە زۆربەیـان ئەوەنـدە قروشـەیان نەبـوو بیکـڕن! تـۆم نیگاکانـی ئاراسـتەی پێشـەخۆی کردنـەوە بـۆ ئـەو شـوێنەی کۆتایـی تابوورەکـەی رادەگەیانـد، لـە پشـتەوەی ئـەو دیـوارەی بۆمبـا تەپاندبوویـان، دواجـار منداڵەکـە وتـی: "دەڵێـن دەشـخنێتەوە!" جرجیسـی وتـی: بەڵـێ وایـە، بەراسـتیی دەخنێتـەوە!".

- هەروەهـا دەشـڵێن بـە زەیـت لەسـەر قوماشـێکی خیـش رەسـم کـراوە؟"

"ئەمـە راسـتییەکەیەتی، وەك بشـزانم (دانـە راسـتەقینەکەش) نییـە! بیسـتوومە کـە (دانـە راسـتەقینەکەی) بەسـەر تەختـەوە رەسـم کـراوە و زۆر کۆنیشـە! دەڵێـن دیرۆکـی بـۆ چـوار سـەدەی بـەر لـە ئێسـتاوە دەگەڕێتـەوە"

رەنگـە زیاتریـش بێـت. کـەس راسـتییەکەی نازانێـت. "سـاڵی ٢٠٦١ی زایینـی رەسـم کـراوە".

وا دەڵێـن، بـەڵام بێگومـان درۆ دەکـەن. دەشـێ مێـژووی رەسـمکردنەکەی بـۆ سـاڵەکانی سـێ هـەزار، یـان پێنـج هـەزار بگەڕێتـەوە، ئەمەیـش هـەر مەزندەیـە. ئەوسـا دنیـا کارەسـاتێکی سـامناکی بەخـۆوە دیـوە کـە ماوەیەکـی زۆری خایانـدووە. ئێمـەش وا لـەم سـەردەمەماندا هـەر ئەوەتـە شـتێکی زۆر کـەم و راسـتییەکی تەماویـمان لێـوەی چنـگ دەکەوێـت".

خەڵکانـی نێـو تابوورەکـە لەنێـو بـەردە ساردوسـڕە کەڵەکەبـووی شـەقامەکەدا زۆر گـران دەبـزوان. (تـۆم)ی منداڵـکار بـە بێزارییـەوە پرسـی: "ئاخـۆ تـا دەبینیـن دەبـێ چـەن لەنێـو ئـەم تابـوورەدا بمێنینـەوە؟"

"پـاش چـەن دەقیقەیـەك، تابلۆکەیـان بەسـەر چـوار پایـەی مسـینەوە هەڵواسـیوە و بـە شریتێکـی قەدیفـە بەسـتوویانەتەوە ناهێڵـن هیـچ کەسـێ بەردبارانـی بـکات".

خـۆر لـە ئاسـماندا هەڵکشـاو تیشـکە گەرمەکانـی پەخـش کـردن. پیـاوەکان شـڕە پاڵتـۆ و شـەپقە چڵنەکەکانیـان داکەنانـدن. دوایـی تـۆم کەوتـەوە پرسـیار:

”بووغمان ئا لێرە لەم تابوورەدا لەپای چییە؟ بۆ بۆ تف کردن هاتووینەتە ئێرەوە؟ جریجسبی لای لێ نەکردەوە، نیگاکانی لەو کاتەدا خۆرەکەیان دەپشکنی. بەڵام زۆری نەبرد بە داڵغەیەکەوە رووی بۆ وەرچەرخاند. ئەوجا دەستی بۆ باخەڵە دڕاوەکەی برد، بە دوای جگەرەیەکدا کە تیایدا نەبوو!

بەڵێ، بەڵێ تۆم. کۆمەڵێ هۆ هەن، بەڵام دەبێ بە هەموو نەفرەتێکەوە تف کەیت. ”نەفرەت لە هەرچی پەیوەندی بەرابردووەوە هەبێ و منیش لە تۆ دەپرسم، تۆم، ئاخۆ چۆن حاڵمان بەمە گەیشتووە! وا تێکڕای شارەکان وێرانەو کاولبوون، بۆمبا سەرجەمی رێگاوبانەکانی هاڕییوون، بەدوای ئامێری رادیۆمی تیشکدەرەوە بە درێژایی شەوگار و بەردەوام ئاگر لە کێڵگەکانی گەنم بەربووە، جا هەموو ئەمانە چۆن و چۆنی روویانداوە، ها تۆم؟ من لە تۆ دەپرسم، مەگەر ئەمە کردارێکی زۆر نزم و سووکانە نییە؟ بەڵێ گەورەم، راست دەفەرموویت“. کەوابێ پێویستە نەفرەت بکەین، تۆم لە هەر شتێکی بەم رابردووەوە پەیوەست بێت، کە لە وێرانکاری و کەلاوە بەولاوە چیتری جێ نەهێڵاوە. ئەمەیشە سروشتی ئادەمیزاد، سروشتێکی لاسار و سەرەڕۆ و ناپەسەند!“ تۆم وتی: بەڵێ راستە. دەبێ رقم لە هەموو شتێ بێتەوە و لە هەموو کەسێکیش“. ئا ئەمەیە، ئەرکی سەرشان. هەربۆ ئەمەیشە ئیمڕۆ ئێمە هاتین بۆ ئێرە، ئێمە ئەوانەی برسێتی دەچێژین، ئێمەی ناچار کردووە لەو دەشتە ساردەوە لەنێو ئەشکەوتی تۆقێنەردا ژیان بەرینە سەر و لەهەموو شتێکیش بێبەش کراوین، تەنیا لەم ئاهەنگەمان نەبێ، کە ئیمڕۆمان بۆی داناوە، ئەی تۆم!“ تۆم کەوتە بیرکردنەوە لەو ئاهەنگانە. زەماوەندەکانی سالآنی رابردوو کە هەموو کتێبەکانیان لە گۆڕەپانەکەدا کەڵەکە کرد و ئاوریان تێبەردان، ئەوجا بە بۆنەی ئەوکارە رووخێنەر و تێکدەرەوە مەیان خواردەوە. هێندەیان نۆشی هەتا مەست و سەرخۆش بوون. دوایی دەستیان کرد بە پێکەنین. هەروەها لە زماوەندی (جەژنی زانست)دا کە مانگێك

لەوەوەبــەر هــەر لێــرە گیرابوویــان، ئــەو هەمــوو هەرچــی و پەرچییانــە خۆییــان لەنــاو ئــەو تاکــە ســەیارەییەدا تێکخزاندبــوو کــە  بــە ســاخی لــە شــاردا مابــۆوە، هەریــەك لــەوان باوەشــێ کتێبــی هەڵگرتبــۆوە و دەســتیانکردبوو بــە ونجڕونجــڕ کردنیــان و ســووتاندبوویانن. ئــەوە خــۆی زۆر بــە بەختــەوەر زانیبــوو ئەگــەر بەپێــی توانــا چەکوشــێکی دەســت کەوتبوایــە بــۆ شــکاندن و تێکــدان! تــۆم وڕێنــەی دەکــرد "ئــەوەی روویــدا هەموویــم لەیــادە، تــۆ بڵێیــت لەیادمــا بێــت! کەواتــە منیــش بــۆ، هــەر ئێســتێ ئــەم پەنجەرەیــەی بەرامبــەر نەشــکێنم؟ ئــا، بەڵــێ ئــەم پەنجەرەیــە! ئــەی خــودا بێگومــان شــکانی شووشــەکانی دەنگێکــی خۆشــی دەبێــت! بەڵــێ، بەڵــێ پێویســتە منیــش بەشــداری تێکــدان و رووخانــدن بکــەم! گوێــت لێیــە ئێســتا چــی بەخــۆت دەڵێیــت هــاە، تــۆم؟ بشــکێنە!" لێــرەدا گوێــی لێبــوو جریجســبی لــە تەنیشــتیوە دەیگــوت: "زەلامــێ بەنێــوی (بیــل هاندرســن) بەتاقــی تەنیــا شــەمەندەفەرێکی بــە تــەواوی شــکاند. ئــۆهـ، بێگومــان ئەمــە کارێکــی نایابــی ئەنجامــداوە و ئەوەیــش بەوپــەڕی لێهاتووییــەوە کــردووە. ها..هــا.. بــەڵام، لــەوە هەمــووی چاکــتر ئــەوە بــوو کــە کارگەیەکیــان وێرانکــرد تــا ئــەو ســاتەیش ســەرگەرمی دروســتکردنی فڕۆکــە بــوو. خــۆ هەســتمان بــەوە کردبــوو کــە باشــتر وابــوو کارگەکــە لەنێــو بەریــن؟ ئەتــو تێمدەگەیــت، تــۆم؟" تــۆم بەسەرســامییەوە گوتــی: "وابزانــم".

نیــوەڕۆ داهــات، بۆســۆ و بۆنــی تێکدانــی هــەوا گەرمەکــەی پڕکردبــوو، خەڵکێکــی مشــەش بەدەرکەوتــن. بەســەر کــەلاوە رووخاوەکــەدا گورگــە لۆقەیــان دەکــرد. لێــرەدا منداڵەکــە پرســیاری کــرد "گــەورەم، ئاخــۆ ناکــرێ کار بگەڕێتــەوە دۆخــی جارانییــەوە؟"

لــەوەدا مەبەســتت گەڕانــەوەی شارســتانییەتە؟ نەخێــر، هیــچ کــەس ئــەو جــۆرە شارســتانییەتەی گــەرەك نییــە و نــە بەندەیــش دەمەوێــت".

ئەوجــا ئــەو پیــاوەی لــە ریزەکــەدا لــە دوایانــەوە وێســتابوو گوتــی: بــەڵام

بەنـده دەتوانـم بەرگـەی لایەنێکـی ئـەم شارسـتانییەتە بگـرم.. ئـەو لایەنـەی برِێـك پەڵـەی جوانیـی تیادایـە!" جریجسـبی قیژانـدی: "گوێـی مـەدەرێ! مێشـکی خۆشـت مەیەشـێنە، چونکـە تەنانـەت ئـەم جوانییـەش شـوێنەوارێکی نەمـاوە". پیاوێکـی تـر لـە پشـتیانەوە بـوو گوتـی: "ڕۆژێـك دادێ پیاوێکـی خاوەنـد ئەندێشـە پەیـدا دەبێـت و وێرانکارییەکـە چـاك کاتـەوە و، هەرچییەکـی رووخێـنراوە بنیـادی بنێتـەوە. تێدەگـەی دەڵێـم چـی... پیاوێـك پەیـدا دەبـێ دڵـی دەبێـت دڵ.. "جریجسـبی وتـی "نـە" منیـش دەڵێـم: بەڵـێ! پیاوێـك هەڵدەکەوێـت رەوانـی بەخۆشەویسـتی شـتە جوانەکانـەوە گـۆش دراوەو چەشـنە شارسـتانییەتێکی دیاریکراومـان بـۆ دێنـێ.. جـۆرە زیندەگییەکـی شـەڕەفمەندانەمان لەسـایەی ئاشـتی و ئاسایشـدا بـۆ دابیـن دەکا" ئـەوەی پێویسـت بـە سـەلماندن نـاکات و نابـێ لەبیـرت بچێتـەوە ئەمەیـە کـە شـەڕ هەمیشـە هـەر هەبـووەو هـەر دەبـێ".

"بەڵکو ئەمجارە بێتەوە وا نەبێت".

سـەرەنجام هەموویـان لـە گۆڕەپانەکـەدا یەکیـان گرتـەوە. لـە دوورەوەڕا کابرایـەك بەدەرکـەوت، بەسـواری ئەسـپ دەهاتـە نێـو شـاراو چنگێـك کاغەزیشـی بەدەسـتەوە بـوو، لـە چەقـی مەیدانەکەشـدا ناوچەیەکـی سـەربازیی قەدەغەکـراو هەبـوو، "تـۆم" و جریجسـبی و ئەوانـی دیکـەش لەناخیانـەوە تفیـان کۆدەکـردەوەو لەسـەرەخۆ بـەرەو پێـش دەچـوون و بەچـاوی زەوقـی دەرپۆتۆقیـوە و خۆیانیـان سـاز دەکـرد و کەرەسـەیان ئامـادە دەکـرد. لـەو سـاتانەدا تـۆم وای هەسـت دەکـرد دڵـی زۆر خێـراو تونـد لێـی دەدا.. ئەوەیـش بەهـۆی زێـدە هەڵچـوون و هانـدان و بیانـوو پێگرتنـەوە.. هەروەهـا هەسیشـی دەکـرد عاردەکـە لـە بـن پێیـە رووتەکانیـەوە داغ ببـوو. گوێـی لـە جریجسـبی بـوو پێیگـوت: تـۆم، بـام ئێسـتێ دەسـت پێبکەیـن، بـا غاردەیـن!" لـە گۆشـەکانی مەیدانـە سـووپاییەکەدا چـوار پۆلیـس وێسـتابوون.. تۆبزەکانـی دەسـتیان بـە پەتکـی زەرد بـاو و مەچەکەکانیانـەوە شـەتەك درابـوون تاکـو دەسـەڵات و توانسـتی خۆیانـی پێـوە بنوێنـن، بـۆ ئـەوەی خەڵکەکـە

بتۆقێنـــن، ڕێگــەی بەردبارانەکەیـــان لێبگــرن. لــە چرکــەی کۆتاییــدا جریجســـبی وتــی" ئـا لێـرەوە، پێویسـتە هیـچ کـەس (ئـەم هەلـە) ئێسـتا لـە دەسـت خـۆی نـەدات بـۆ تـف پیاداکـردن. تـۆم، تێمدەگەیـت؟ دەی بـام هـەر ئێسـتاکێ دەسـت بـەکار بیـن!! تـۆم لەبـەردەم تابلـۆ هونەرییـەوە ڕەسـمکراوەکەوە وێسـتاو، سـەیری کـرد و ماوەیـەك درێژخایـەن تێـوەی ڕامـا. "تـف کـە تـۆم، دەی تـف کـە !" بـەڵام قۆڕگـی تـۆم تەڕایـی لەبـەرا بڕابـوو. "خێراکـە تـف کـە، دەی ببـزوە، تـۆم!" بـەڵام تـۆم بـە چرپـەوە وتـی: "بـەڵام – بـەڵام بەراسـتیی جووانـە!" جریجسـبی وتـی" مـن لـە جیاتـی تـۆوە تـف دەکـەم" ئەمـەی گـوت و تفـی کـرد. تۆپەڵـە تفەکـەی وەك گوللـە تـۆپ لـە تیشـکی خۆرەکـەدا پـەرش بـوو، ئافرەتەکـەی نیـگاری لـە تابلۆکـە کێشرابـوو خەندەیەکـی کـرد و زۆر ...پاکـی بـۆ تـۆم گرژییـەوە و بزەیەکـی ناسـکی بـۆی کـرد. تۆمیـش بەبەردەوامـی چـاوی ئەبلـەق بـوو بـوو، دڵیشـی تـەپ تـەپ لێـی دەدا و گوێچکەکانـی بـە ئـاوازەی مۆزیقـای ناسـك ئاخنرابـوون. هـەر دەیگـوت و دووپاتـی دەکـردەوە : بەراسـتی زۆر قەشـەنگە!" خامۆشـییەك بەسـەر حەشـاماتەکەوە دابـاری. ئەوجـا زەلامـەکان بـە گازەنـدەوە سەرزەنشـتی "تۆم"یـان کـرد چونکـە تفـی نەکردبـوو. دواجـار ڕوویـان بـۆ لای ئـەو پیـاوە وەرچەرخانـدەوە کـە بەسـەر پشـتی ئەسـپەکەوە بـوو. لێـرەدا تـۆم پرسـی "گـەورەم نـاوی ئـەم تابلۆیـە چییـە؟ پیاوەکـە لـە وەرامـدا گوتـی: "تابلۆکـە؟" ئەمـە تابلـۆی (جۆکەنـدا) یـە، مۆنالیـزا، بەڵـێ خۆیەتـی، تابلـۆی "مۆنالیزایـە" دوایـی کابـرا وتـی "ئیمـڕۆ هەواڵێکـم بـۆ هێنـاون، کاربەدەسـتان فەرمانیـان دەرکـردووە کـە (دەبـێ ئـەم تابلۆیـەی وا لـە نێوەڕاسـتی گۆڕەپانەکـەدا هەڵـواسراوە ئیمـڕۆ نیوەڕانـێ بدرێتـە دەسـتی خەڵکـە ڕەشـووڕووتەکەی ئێـرەوە تاکـو بـە تێکـدان و لەنێـو بردنییـەوە نرخـی ڕاسـتەقینەی شـیاوی خۆیـی بدەنـێ!" هیـچ دەرفەتێـك لەبـەردەم تۆمـدا نەمـا تـا هـاوار بـکات. جەمـاوەری نێـو تابوورەکـە پڕیـان کـرد بـە کابراکـەدا و بەرزیـان کـردەوە. هـەر هـات و هـاوار و ژاوەژاویـان بـوو. لـە نزیکـی تابلۆکـەوە

بەپێـی زەوییـان دەشـێلا. گرمەیەکـی سـامناکی وەکـو هـەورە تریشـقە ئـەو نێـوەی هەژانـدەوە. پۆلیسـەکان بـۆی دەرچـوون و خۆیانیـان دەربـاز کـرد. قیـن لـە دڵـەکان بـە جـارێ شـێتگیر بـوون. دەسـەڵاتەکانیان کـە بـۆ تابلۆکـە درێـژ ببوونـەوە، هـەر لــە رەوە باڵندەیەکــی گۆشــتخۆری برســی دەچــوون. کاتــێ تــۆم تابلۆکــەی بینــی دەشـێکنرا، وەکـو خەنجەرێکیـان لـە دڵیـدا داکوتابـێ ئاوەهـای هەسـت دەکـرد. ئەمیــش لاســایی ئەوانــی تــری کــردەوەو دەســتی درێــژ کــرد پارچەیەکــی لــە قوماشـە ئەسـتوورەکەی تابلۆکـەوە بۆخـۆی رفانـد کـە بۆیـەی زەیتـی بەرکەوتبـوو، بــەڵام بــە شــەق و پاڵەپەســتۆ تیروپڕیــان کــرد. بەزەویــدا کــەوت و خلــۆر بــۆوە، هەتـا کاتـێ لـە ژێـر دەسـتوپێی حەشـاماتە نـەزان و سەرلێشـێواوەکە رزگاری بـوو هەمـوو جەسـتەی شـەڵاڵی خوێـن و جلوبەرگیشـی شـیتاڵ بـوو بـوو. ژنانـی دیـت پارچــەی کاڵاکەیــان هەڵدەگرتــەوە. مێرەکانیشــی بینــی چوارچێــوەی تابلۆکەیــان پارچــە پارچــە دەکــرد و تابلــۆ ونجــڕ ونجــڕ کراوەکەشـیان دابــووە بــەر پێلەقــە و شـاپ و دایاندەزڕانـد و بـە ونجڕکـراوی لـەو نێـوەدا پـەرش و بڵاویـان دەکـردەوە. بەتەنیـا "تـۆم" لەناوەڕاسـتی گۆڕەپانـە سەرشـێت و هەڵچووەکـەدا کـپ و بێدەنـگ وێسـتا بـوو. خیسـەیەکی دەسـتی خـۆی کـرد و ئەوجـا تیلمـە قوماشـەکەی خسـتە سـەر دڵییـەوە. لێـرەدا جریجسـبی هـاواری کـرد "ئەهـا، ئەهـا! ئـەوە تـۆ لێرەیـت؟ تـۆم! تـۆم پێـی پێوەنـا و بـە گریـان بـۆی دەرچـوو، بـێ ئـەوەی ورتـەی لـە دەم بێتــە دەرەوە. هــەر بــە راکردنــەوە رێــگا ســەختە کوێرەوەبووەکــەی بــڕی و بــە نێـو کێڵگەکانـدا و لـە رووبـارە کەمئاوەکـەوە پەڕیـەوە. بـێ ئـەوەی تەنهـا یـەك ئاوڕیـش بـۆ دواوە بداتـەوە، بەدەسیشـی تونـد تونـد پارچـە قوماشـەکەی لـە ژێـر قاپووتەکەیـدا گرتبـوو. وەختـی زەردەپـەڕ گەیشـتەوە دێیـە چۆکەڵانەکـەی خۆیانـەوەو کاتژمێـر نـۆی شـەو بـوو کـە خـۆی کـرد بـە خانـووە گوندییـە رووخاوەکەیانـدا بـە دەوری ئەمبـاری دانەوێڵەکـەوە خولێکـی داو لـە دیـوی پشـتەوەیڕا، لـەو لایـەی کـە لـە سـووتان و تێکـدان رزگاری ببـوو و تاوڵێکـی لێـوە هەڵدرابـوو چـووە ژوورەوە.

لەوێـدا گوێـی لـە پـڕخ و هـۆڕی خەوتـووەكان بـوو، خانەوادەكـەی پڕخەپڕخـی دایـك و بـاوك و براكـەی ببیسـی. زۆر بەبێدەنگـی و بـە دزییـەوە خـۆی لـە دەرگا چووكەڵەكـەوە كوتایـە نـاوەوە، دایكـی لـە تاریكاییـدا بانگـی لێـوە كـرد "تـۆم!" "بەڵـێ!" ئەوسـا گوێـی لـە هەڕەشـەی باوكـی بـوو بەسـەریدا نەڕانـدی. "ئـەوە لـە كـوێ بوویـت؟ بەیانـی داركاریـت دەكـەم". هەسـتی كـرد یەكـێ شـاپی لێـدەدات. زوو زانـی براكەیەتـی كـە لـە پشـتەوەیە راوەسـتابوو، خەریكـی پاككردنـەوەی عـەردی كێڵگەكـە بـوو. دایكـی بـە چرپـە پێـی وت: "بچـۆ بنـووە" شـەقێكی تریشـی خـوارد. ئەوسـا لێـی راكشـاو دەیویسـت هەناسـەی بێتـەوە بـەر. ئێسـتێ هەمـوو شـتێك ئـارام بـووەوە، تـۆم زۆر تونـد دەسـتی بەسـەر سـنگییەوە نووسـاندبوو.

بـەم شـێوەیە مـاوەی نیـو كاتژمێرێـك بـە چـاوی نووقـاوەوە لـە جێـگادا راكشـا، دوایـی هەسـتی بـە هیـچ نەكـرد. لەولایشـەوە تroووسـكە رووناكییەكـی سـپی و فێنـك وەدەركـەوت، تریفـەی مانگەشـەو، كـە بـە ئاسـمانەوە ئەدرەوشـایەوە. گورزەیـەك لـەو تیشـكە بەسـەر عەمبـاری دانەوێڵەكـەوە پەخشـان بـوو، ئەوجـا هـوردە هـوردە و بـە ماتـە مـات بەسـەر جەسـتەی تۆمـدا خزیـی. جـا ئـەو سـاتە و تەنیـا ئـەو سـاتە لەسـەرەخۆ بـە وریاییـەوە نـاو پەلـی خـۆی شـل كـرد، گوێشـی بـۆ پرخـەی نووسـتووەكانی دەوروپشـتییەوە هەڵخسـتبوو. لـە پاشـانا دەسـتی هێنایـە دەرەوە. سـاتەوەختێ دوو دڵ بـوو. خیـزی قوتدایـەوە و بـۆ چركەیـەك چاوەڕوانیكـرد. ئینجـا ناوپەلـی كـردەوە و تیلمـە بچكۆلـە قوماشـە رەنگاورەنگەكـەی لەنێـو دەسـتی دا هەڵخسـت. جیهـان سـەراپای لـەو سـاتەوەختەدا لـە ژێـر مانگەشـەودا خەوتبـوو. كەچـی بەسـەر ناوپەلـی ئەمـەوە "خەندەكـە" بـووا لـە بـن رۆشـناییە سـپی باوەكـەوە كەلـەو نیـوە شـەوەدا لـە ئاسـمانەوە بـۆی هاتبـووە ژوورەوە سـەیری "خەندەكـە"ی كـرد و لـە ناخـەوە تیـوەی رامـا و هێمنانـە سـەرنجی لێوەگیركـرد و دیتـی كـە بەراسـتیی "خەندەیەكـی نـازدار" بـوو.

وای كـە چـۆن "خەندەیـەك" بـوو! ئـە ئاوەهـا، یـەك سـەعاتی رەبـەق، تێـوەی

رامـا.. ئەوجـا بـە ئەسـپایی پێچایـەوە و لەنێـو کۆشـیدا شـاردیەوە دوایـی پێلـووی چاوەکانــی بەســەریەکدا نووقانــدن و لەگــەڵ ئەوەیشــەوە هێشــتا "خەندەکــە" ســەرتاپای تاریکســتانەکەی رۆشــن دەکــردەوە! لەگــەڵ ئەوەیشــدا "خەندەکـە" لـە ئەندێشــەی "تــۆم"دا هــەر زینــدوو، ناســك و پــڕ ســۆز بــوو! ئــەو کاتەیــش کــە ئــەم "خــەو" بردییــەوە هــەر هەمــوو جیهــان کشــومات بــوو. مانگەکەیــش بەنێــو ئاســمانە کــپ و ســاردەکەدا کــە چــاوە چــاوی داهاتنــی گزنگــی بەیانــی بــوو، مەلەوانــی دەکــرد!

گۆڤاری کاروان ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٩٤

# جوانە و جانەوەر، یان (نازدار و نافرِەجا)
# Beauty and the Beast

**جێنی دووڵی Jenny Dooley**

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مەجید ئاسنگەر

## چاپتەر ١
## (قەڵا)

لـە زەمانێکـی زووی پێـش ئێسـتادا، کشـتیارێکی هـەژار و کەسـاس لەگـەڵ سـێ کچەکانـی لەسـەر کێڵگەیەکـی بچووکـدا دەژیـان. ئـەو پیـاوە هەمیشـە دەسـتکورت و نـەدار بـوو چونکـە کێلگەکـەی ئێجـگار بچـووك و کـەم بەرهـەم بـوو. هـەر لـە سـەردەمی گەنجییەتیشـیدا بەنرختریـن شـتی لـە ژیانیـدا لەدەسـتدابوو، کـە هاوسـەرە جـوان و دڵسـۆزەکەی بەسـەر دواییـن کچەکەیانـەوە گیانـی سـپاردبوو. ئێسـتێ، هەرچەنـدە کچەکانـی عـازەب بـوون وەلـێ، جووتیارەکـە هـەر بەخەمـی ژنـە کۆچکردووەکەیـەوە دەتلایـەوە!

رۆژێکیان کچەکانی بانکردنە لای خۆیەوە و پێیگوتن: (کچینە، گوێم لێبگرن! ئێمە ئێستاکێ میوە و بەری دارەکان و گەنمی کێڵگەکەمان لەهەموو کاتێ زۆرترە. جا، دەتوانم ئەم ساڵە بەرهەمێکی زۆر بفرۆشم و عارەبانەیەکی تازەش بکرم. (گێرتروودی) کچە گەورەی بەوە زۆر دڵخۆش بوو، گوتی: زۆر چاکە باوکە چونکە من چیتر ناتوانم بەپێ بچم بۆ ئاوایی، یان دار بۆ سووتاندن بێنم. لەبەر ئەوە پێویستیم بە عارەبانەیەك هەیە.

ئورسولای کچی دووەمیشی بەو بیرۆکەیە فرە دڵشادبوو، گوتی (باوکە، دەتوانم بێم لەگەڵتا؟ زۆر حەزدەکەم جارێك شار ببینم!)

(نەخێر، ناتوانم لەگەڵ خۆمتدا ببەم. تۆ پێویستە لە کێڵگەدا بمێنیتەوە و هاوکاریی خوشکەکانت بکەیت. بەڵام، بۆ هەر یەکێکتان دیارییەك دەهێنم).

(من کراسێکی ساتانم دەوێت، یەکێکی زۆر گرانبەها!).

(منیش هەندێ جلوبەرگی نوێم دەوێ و، هەروەها هەندێ خشلیشم گەرەکە، ملوانکەیەك و ئەنگوستیلەیەك!).

(زۆر باشە، کیژەکانم، هەرچیم پێ بکرێت بۆتانی دەکرم!) ئەوجا سەیرێکی کچە هەرە گچکەکەی کرد و لێی پرسی: (ئەی تۆ چیت دەوێ لە شارەوە بۆت بێنم؟) ئەمیش ووتی: (باوکە گیان، من تەنیا دەمەوێ خۆت بە سەلامەتی لەشار بێیتەوە).

باوکە لەچاوەکانی کچە دڵسۆزەکەیدا رووی هاوسەرە ئازیز و نازدارەکەی خۆی دییەوە. بەڵام کچەکانی دیکەی هاواریانکرد: (تۆ تەنیا بۆیە ئەمە دەڵێیت هەتا ئێمە بە خۆپەرست پیشاندەیت). باوکە، گوێی لێمەگرە! ئەوە راست نەبوو، ئەم زۆر زیرەك و زۆریش جوان بوو، هەر بۆیەش ناونرابوو نازدار (بیووتی). وەرزێرەکە سەیرێکی کچە گەورەکانی کرد، ئەوان بۆ ئەوەندە بێرەحم بوون!

نیگایەکی ئاراستەی (بیووتی) کرد و بەروویدا خەنییەوە و گوتی: (بلێ،

ئازیزەکـەم، چیـت بـۆ بێنـم بەدیاریـی؟ پێـم بڵـێ چیـت گەرەکـە؟ لەوەڵامـدا نـازدار گووتـی، (زۆر باشـە، باوکـە، دەکرێـت گوڵێکـم بـۆ بێنـی؟ باوکـە پرسـیاریکرد (گوڵێـك؟)، بۆهـەر گوڵێـك ئازیزەکـەم، لەوەختێکـدا کـە بـۆت هەیـە داوای هـەر دیارییـەك بکەیـت؟ کچـە ووتـی (گـوڵ ئەوەنـدە ناسـکو دڵگیـرە، باوکـە، کـە دەستیشـی لێبدەیـت وەکـو ئاوریشـم وایـە، هێنـدە نەرمونیانـە. ئـەدی بۆنەکـەی! لەدنیـادا هیـچ عەتـرێ نییـە وەکـو گوڵێـك بۆنخـۆش و دڵگیـر بێـت. (بەڵـێ، ئازیزەکـەم، تـۆ راسـتدەکەیت. بۆیـە دەبـێ یەکێکـت هـەر بـۆ بهێنـم).

رۆژی دواتـر، جووتیارەکـە بەیانـی زوو کەوتـەڕێ. گەشـتێکی دوورو درێـژ بـوو بەنێـو جەنگەڵسـتانەکەدا. بـۆ شـەوەکەی لـە خانێکـی بچکۆڵانـەدا بـاری یەخسـت و رۆژەکـەی پاشـتر گەیشـتە بازارەکـەوە. وەی خودایـە، عارەبانـە زۆر گرانـن. مـن تەنیـا دەتوانـم یەکێکـی زۆر بچـووك بکـڕم، دوای ئـەوە، سـەیری جلوبەرگـی دەکـرد بـۆ کیژەکانـی، بـەڵام ئەوانیـش ئێجـگار گرانبەهـا بـوون.

لەدڵـی خۆیـدا دەیگـوت (بەنـدە تەنیـا پـارەی یـەك کـراس و جووتـێ پێـڵاوم پێیـە. بـەڵام بەهەرحـاڵ، ئەمـە لـە هیچـە باشـترە. وەختێـك رۆژەکـەی دواتـر شـارۆژکەکەی جێهێـڵا، بـاری کەشـوهەوا زۆر ترسـناك بـوو. رۆژێکـی هـەرە ساردی مانگـی تەشرینـی دووەم بـوو، ئاسـمان گـرژ و ئـاوس و بایەکەیشـی ئێجـگار توونـد و بەهێـز بـوو. ئیـتر، هـەر کشـتیارەکە شـارۆچکەکەی بەجێهێشـت بەفـر دەسـتی پێکـرد. سـەرەتا خـۆش و دڵگربـوو، لـێ سـەعاتێ دواتـر هەسـتی بـە بێزایـی و نیگەرانـی کـرد. سـەری ئەسـپەکەی بـۆ نێـو دارسـتانەکەوە راکێشـا بـەڵام هیـچ بوارێکـی نەدۆزییـەوە، تەنهـا بەفرێکـی ئەسـتوور.

(ئەمـە چـۆن ئەبـێ! مـن بەدرێژایـی تەمەنـم لێـرەدا ژیـاوم، کەچـی وا ئێسـتێ گومـڕاو سـەرگەردانم!) کەشـەکە هەتـا دەهـات تونـد و ئاڵۆزتـر دەبـوو، خەریکبـوو دنیـا تاریـك دادەهـات و، جووتیارەکـە تۆقـی بـوو کـە ئالـەم دەمەیـدا بـە تەواویـی ونبووبـوو. هـەر لـەو ساتەیشـدا ئەسـپەکەی خێراتـر رێیدەکـرد،

چونکـە توولـە ڕێیەکـی دۆزیبـۆوە و پێیـدا ڕۆیشـت.

ئەسـپەکە بەنێـو بەفـرە ئەسـتوورەکەدا خێراتـر ڕێیدەکـرد و، دوواتـر لەنـاکاوڕا هیـچ درەختێـك لـەو نـاوەدا نەمـا- تەنیـا بۆشـاییەکی فرەوانیـی کـراوە نەبێـت!

(ئــەوە دەبــێ مــن خەوببینــم. بــۆ چرکــە ســاتێ وامدەزانــی قەڵایــەك دەبینــم). لــێ، ئــەم خەونــی نــەدەدی. ئێســتێ لەوێــدا، لەبەردەمــی ئەمــدا، تــەلار و باڵەخانەیەکـی قەشـەنگی گـەورە قیـت وێسـتا بـوو. ئـەم ووتـی (دەبـێ داوای خـواردن و نووسـتن بـۆ ئەمشـەو بکـەم، هێنـدە شـەکەت و برسـیمە! بـۆ بەیانییەکەیـش یەکـێ هـەر پەیـدا دەبـێ ڕێگـەی ماڵـەوەم پـێ پیشـانبدات.

جـا، بەنـاو دەروازە زەبەلاحەکانـەوە ڕەتبـوو بۆنێـو باخەکـەوە، ئەسپەکەشـی لـە تەوێلەکـەدا بەسـتایەوە. لەوێـدا هیـچ ئەسـپێکی دیکـەی لێنەبـوو، بـەڵام هەنـدێ خواردەمەنــی لێبــوو. لەدواییــدا رووە و دەرگــەی کۆشــکەکەوە بــۆی هەڵکشــا دەرگاکـە کراوەبـوو. لەبەرخۆیـەوە دەیگـوت: (ئەمـەزۆر سـەیرە! ئاخـۆ دەبـێ کـێ لێـرەدا بژیـت؟

## چاپتەری (٢)
## (گوڵەکە)

(هەلۆو، کێ لێرەیە!) هیچ وەرامێ نەبوو.

بەڕاستی سەیرە! کۆشکو باڵەخانەیکی عەنتیکەی ئاوەها هیچ کەسی تیادا نەبێت.

ڕەنگە یەکێ لەنهۆمی سەرەوەدا هەبێت. جووتیارەکە بەپلیکانە نایابەکاندا سەرکەوت بۆ ژوورەکانی سەرەوە. دەرگەیەکی بچووکی کردەوە و چووە نێو ژوورێکی بچووکەوە، ژوورەکە گەرم بوو. ئاگرێکی گەورە نێڵەنێڵ دەسووتا و کورسییەکی نەرموخۆش لەبەردەم ئاگرەکەدا هەبوو.

مێزو سفرەیەکی بەدیکرد کە ژەمە خواردنێکی بەسەرەوە بوو، لەگەڵ قەرەوێڵەیەك، ئامادەکراو بۆ تیادا نووستن. مامەی کشتیار بۆی دانیشت و تێرتێر خواردنەکەی خوارد، ئەوجا بەرە و لای چارپاکە رۆیشت. لەبەر ئەوەی کە زۆر شەکەتو ماندوو بوو هەر زوو بەزوو خەوێکی قوولی لێکەوت.

سەر لەبەیانیی رۆژەکەی دواتر کە ئاگای بۆوە تیشکی خۆر لەدەموچاوی دەدا. سەرەتا نەیزانی لە کوێیە، بەڵام، زوو چاوی بە مێزەکە کەوتەوە کە نانی بەیانیی لەسەر دانرابوو. قاوەی گەرمو تازە، بالۆرەنانی شیرین، مرەبا، میوە و کرێمی نوێ. فراڤینی کرد و لەپاشان چاوێکی بە ژوورەکەدا گێڕا. لەسوچێکی ژوورەکەدا دۆڵکەیە ئاوی گەرم و سابوون و خاولییەك دانرابوون (زۆر باشە، راستە پێویستیم بە خۆشتنە، وەلێ، کێ بێ ئەم هەموو شتانەی ئامادەکردبێت!) خۆی شت و دوایی ژوورەکەی بەجێهێشت. بە کۆڕیدۆڕ و هەیوانە درێژەکاندا رۆشت و بە قادرمەکاندا چووە خوارەوە. هەمدیسان بانگی کردەوە، (هەلۆ، ئەرێ کەس لێرەیە؟) بەڵام، دیسانەوە هەچ وەرامێ نەبوو.

(باشە، خۆ یەکێك هەر لێرەیە و دەزانێ کەمن لێرەم، بەڵام، کێ؟ ئەدی چۆن چۆنی بتوانم سوپاسی بکەم بۆ ئەو هەموو چاکەیەی، خواردنەکە و

قەرەوێڵەکەیــش! دە باشــە قەینــاکا، دەشــێت ڕۆژێکیــان ڕێبوارێکــی لێقەومــاوی هەژاریــش ڕێگــەی بکەوێتــە دەرگــەی ماڵــی منــەوە، منیــش بێگومــان دەبــێ هەمــان خزمەتــی پێشــکەش بکەمــەوە. ئێســتێکە دەبــێ مــن بــڕۆم، کچەکانــم وا چاوەڕوانمــن). ئەمــەی وت و، چــوو لــە تەوێلەکــەوە کــە لەوبــەری باخەکــەوە بــوو ئەســپەکەی بێنێتــە دەرەوە. باخەکــە ئێجــگار قەشــەنگ بــوو، بەگیــا وگۆڵــی ســەوز و دڵگیــر و جۆرەهــا گوڵــی رەنــگا و رەنــگ رازابــۆوە! لەنــاکاوڕا بیریکەوتــەوە کــە بەڵێنــی بــە (نــازدار)ی کچــی دابــوو گوڵێکــی بەدیاریــی بــۆ بەرێــت و، هــەر لــەو ســاتەوەختەدا چــاوی بەشــتێ کــەوت لەناوەنــدی ئینجانەیەکــدا رووا بــوو. (تــۆ بــەس ســەیرێکی ئــەم گوڵــە بکــە! مــن بەدرێژایــی ئــەم تەمەنــەم هەرگیــز شــتێکی ئاوەهــا جوانــم نەدیــوە!). گوڵــە مێخەکێکــی پەمەیــی بــوو، لــێ، لەناویــدا تیشــکێکی زێڕیــن دەبریســکایەوە. ئەوەنــدە گــەش و بەشــەوق بــوو، وای بیرکــردەوە کــە، (ئەمــە نابــێ راســتەقینە بێــت، دەبــێ ئەمــە ســیحر و جــادوو بێــت! ئەمــە بەهادارتیــن دیارییــە بــۆ (جوانــە)ی کچــم). ئەوجــا دەســتی بــۆ گوڵەکــە بــرد بیــکات.

(وازی لێ بێنە!) دەنگێکی ترسناك قیژاندی بەسەریدا!

(ئەتــۆ خــۆت بەکــێ تێدەگەیــت! مــن هەمــوو شــتێکم پێتــداوە کــە ڕێبوارێکــی کڵــۆڵ پێویســتییەتی و، جەنابیشــت (گوڵەکــەم) دەدزیــت!) چ نەڕڕەیــەك! زەوی لەژێرپێــی کشــتیارەکەدا لەرزییــەوە. ئاوڕێکــی دایــەوە و.. بینــی! شــتەکە بەســەر دوو قاچــەوە بــوو، وەکــو مــرۆڤ، لــێ لــە گشــت مرۆڤێــك بــاڵا بەرزتــر.. بــە تووکــی درێــژ و مەیلــە و ڕەش پۆشرابــوو. نینۆکــی ئێجــگار ناقــۆڵاو، گوێــی زۆر درێــژ و ســامداری هەبــوون. بــەڵام بێزەوەرتریــن شــت دەموچاوەکــەی بــوو. دەموچــاوە بەدفەســاڵە ترســناکەکە و چــاوە زەقەکانــی زۆر لەچــاوی گــورگ دەچــوون. دوو شــاخی زلــی بەســەرییەوە رســکابوون. دەموچــاوە ناشرینەکــە زۆر گــرژ و تــووڕە و دڕندانەیــی بــوو، ئــەدی دەنگەکــە- ئــۆف لەبــەر دەنگەکــەی! ووشــەکانی هــی

ئادەمیــزاد. بــەڵام نەڕڕەکــەی هــی شــێرێکی دڕەنــدە بــووا جووتیارەکــە بەجــارێ تۆقیــو بــوو. بــە شــپرزەییەکەوە گوتــی (زۆر بەداخــەوە، مــن مەبەســتم نەبــوو نارەحەتــت بکــەم. راســت دەکەیــت و مافــی تۆیــە. جەنابــت هەمــوو شــتێکت بــۆ میوانداریکردنــم لەماڵــی خۆتــدا کــردووە). (ئەوجــا، لەپاداشــتی ئــەوەدا دزیــم لێدەکەیــت!)

(من..مــن. شــەرمەزارم! وەلــێ، گوڵەکــە بــۆ خــۆم نەبــوو. مــن ئەمــەم بــۆ کەســێکی هــەرە تایبــەت کــرد. بــۆ یەکێــك کــە دڵێکــی زێڕێنــی هەیــە).

(ئەوجا ئەو کەسە کێیە؟) (ئەوە کچە هەرە بچووکەکەمە، نازدار).

ئێســتێ جانەوەرەکــە هێمنــتر و لەســەرەخۆتر بــوو، بــەڵام هــەر کــە قســەیدەکرد کشــتیارەکە هێشــتا هــەر دەترســا.

(بۆچی پێیدەڵێت (نازدار)؟).

(چونکــە نازدارتریــنی کچــی ســەر هەمــوو دنیایەیــە و، دڵیشــی هەروەکــو دەموچــاوی جوانــو خۆشەویســتە: تکایــە، داوای لێبــوردن دەخــوازم. تــکا دەکــەم ببەخشــیت و رێگــەم بدەیــت بچمــەوە بــۆلای).

(مــن ڕێگــەت پێــدەدەم بچیتــەوە بــۆ لای، بــەڵام بەمەرجێــك بیهێنیتــە لام. مــن چاوەڕوانــی یەکێــك دەکــەم کــە دڵێکــی ئێجــگار باشــی هەبێــت. دەوجــا ئــەو کیژەتــم بــۆ بێنــە و منیــش ژیانــت پێدەبەخشــمەوە).

(ئــاخ، نــا، نــا.. نــا، هەرگیــز ناتوانــم داوای ئــەوە لــە نازدارەکــەم بکــەم گیانــی خــۆی بکاتــە قوربانیــی لەپێنــاوی ژیانــی منــدا! تکایــە، ئــەم داوایــەم لــێ مەکــە، نەخێــر! بەنــدە ئەوەنــدە نیگــەران و شەرمەزاریشــم لەبــارەی گوڵەکــەوە...).

(چاکت گوێ لێمبوو؟ بڕۆ! نازدارم بۆ بێنە!)

لەم ساتەدا جوتیارەکە ئێجگار تۆقیوبوو، گوتی (بەڵی بەندە..)

(بێدەنــگ! تەنیــا یــەك هەفتــەت لەپێشــە! دەبــێ لەمــاوەی یــەك هەفتــەدا لەگــەڵ (نــازدار)ی کچتــدا لێــرە ئامادەبــن. پێویســتە بــە رەزا و ئــارەزووی خۆیشــی

بێتــە ئێــرەوە و، هۆشــیار بــە هیــچ کچێکــی تــرت نەهێنیــت. مــن تەنهــا هــەر (نــازدار)م گەرەکــە. بێتــو بــە نــازدارەوە نەگەڕێیتــەوە بــۆ ئێــرە، دڵنیابــە هــەر دەتدۆزمــەوە و دەشــتکوژم، گوێــت لێمــە؟)

(بەڵێ، بەڵێ. زۆر چاکم گوێ لێتە).

(دەی هەر ئێستا گوڵەکە بۆ (نازدار) بەرە و، بڕۆ).

## چاپتەری (٣)
## (نازدار دەچێتەلای جانەوەر)

جووتیارەکـە بـۆ لای ئینجانـەی گوڵەکـە گەڕایـەوە و گوڵەکـەی لێکـردەوە. پاشـان ئەسـپ و عارەبانەکـەی هێنایـە دەرەوە و کۆشـکەکەی جێهێـڵا. بـە دڵێکـی پـڕ لەخەمـو پـەژارەوە بەنێـو دارسـتانەکەدا کەوتـەڕێ. (ئێسـتێ واخەریکـە نازدارەکـەم لەدەسـتدەدەم، نـازدارە خۆشەویسـتەکەم! چـۆن چۆنـی بتوانـم ئـەم هەواڵـە بـە کچەکانـم راگەیەنـم! دیـارە مـن باوکێکـی بـاش و شـیا و نیـم). بـەم شـێوەیە، هەتـا گەیشـتەوە ماڵـەوە بەدرێژایـی ڕێگاکـە هـەر لەبیـری ئەوانـەدا راچووبـوو.

دوو کچـە گەورەکانـی لەنێـو دارسـتانەکەدا ئەمیـان بینـی و بەڕاکـردن بـەرە و پیرییـەوە چـوون. (باوکـە، ئەمـە عارەبانـە تازەکەیـە، ئـەوە زۆر گـەورە نییـە. باوکـە ئـەدی کـوا دیارییەکانمـان؟ وەرە بێنـە، بزانیـن! مـن گەرەکمـە خشـڵەکانم ببینـم. (وەرە ژوورەوە).

(جوانـە) لـە چێشـتخانەکەوە چـاوی بـە باوکـی کـەوت و هـەر بەڕاکـردن چـوو بەلایـەوە و ماچیکـرد. (باوکەگیـان، خـۆ شـوکر سـەلامەتیت! ئـەی بـۆ هێنـدەت پێچـوو؟ زۆر نارەحـەت بـووم. دەفەرمـوو نەختـێ شـۆربای گـەرم بخـۆ، زۆر مانـدوو دیاریـت) (ئـۆوە، نـازدار، دە ڕێگەمـان بـەردە. ئێمـە جـارێ دەمانـەوێ دیارییەکانمـان ببینیـن، ئـەی دیارییەکانمـان کـوان، باوکـە؟ تەنیـا هـەر دوو سـاك دەبینـم). (وەرن، هەرسـێکتان دانیشـن و گوێـم لێبگـرن).

هەمـوو شـتێکی بـۆ گێڕانـەوە لەبـارەی عارەبانەکـە و نرخـو بەهـا گرانەکەیـەوە و چـۆن پـارەی تـەواوی نەبـووە بـۆ گشـت دیارییەکانیـش. ئەوجـا هاتـە سـەر گێڕانـەوەی باسوخواسـی گەشـتەکەی بەنێـو بەفـر و سـەهۆڵبەنددا و، هەروەهـا باسـیی قـەڵا و کۆشـکە ئەفسـوونییەکەی نێوەڕاسـتی جەنگەڵسـتانەکەی خشـت بـۆ گێڕانـەوە.

(کۆشـك و قـەڵا، باوکـە؟ ئـای کـە چـەن خۆشـە! باشـە، رەفتاریـان لەگـەڵ تـۆوە

دۆستانە بوو؟ دەی بزانین خواردنی باشت خواردووە!) ئەوجا باوکیان چووە لای چاکێتەکەیەوە و گوڵەکەی لە گیرفانیی دەرهێناو گووتی (فەرموو، نازداری ئازیزەکەم. ئەمەیان هەر لە گشت دیارییەکان گرانبەهاتر بوو. ئەوەی راستیی بێ نازانم چۆن چۆنی نرخەکەی بژمێرم!)

(جوانە) گوڵەکەی وەرگرت و گوتی (ئای باوکە، کە گوڵێکی ئێجگار نایابە! چۆن چۆنی گوڵێکی وەها جوان و دڵگرت دەستکەوتووە؟ ئەی باشە بۆ ئەوەندە گرانبەهابوو؟ مەبەستت چییە؟ جووتیارەکە هەموو شتێکی لەمەڕ گوڵەکەوە و جانەوەرەکەی نێو باخەکەوە بەکچەکانی گوت. (باوکە، دەعباکە زۆر تووڕە بوو؟ ئازاری تۆی نەدا؟) باوکە ووتی، (ئۆف، کیژەکانم! نازانم چۆن بۆتانی بگێڕمەوە! بەڵێ جانەوەرەکە ئێجگار تووڕە و تەنگا و بوو.

من تەنیا بەو هۆیەوە ئێستێ لێرەدام کە بەڵێنێکم پییداوە).

(بەڵین، و بەجانەوەرێك!) باشە بەڵێنەکە چی بوو؟ پێمان بڵێ، بابەگیان!).

بەخەمبارییەوە گوتی، (عاجباتییەکە ووتی دەبێ من لەماوەی یەك هەفتەدا یەکێك لە کیژەکانمی پێشکەش بکەم و، ئەگەر نا، ئەوا خۆی دێتە ئێرە و دەمکوژێت. نازدار دەبێ بڕوات!) ئۆرسولا تووڕە بوو، گوتی (ئەمە هەمووی هەڵەی تۆیە، نازدار. تۆ داوای گوڵەکەت کرد. باشە، بۆ داوای دیارییەکی ئاسایی و ماقوولت نەکرد، هاه!).

بەڵام نازدار هێمن و بێدەنگ مایەوە. دوایی گوتی (بابەگیان، هەرگیز ناهێڵم جانەوەرەکە ئازاری تۆ بدات. من خۆم دەچم، باوکە!).

(نەخێر، نەخێر، من هەگیز رێگە نادەم تۆ بڕۆیت).

(باوکە، تۆ لە مەترسیدایت. من تۆم لەهەر شتێك و هەر کەسێکی دیکەی هەموو دنیادا خۆشتر دەوێت. جەنابت ئەوەندە باشیت بۆ من! ئیتر، ئێستێ نۆرەی منە لەگەڵ تۆدا باشبم. من دەمەوێ بچم) باوکە ووتی (نازدارگیان، تۆ نازانی چیدەڵێیت. جانەوەرەکە ئێجگار نافڕەجایە و زۆریش

بەسـام و تۆقێنـەرە!).

(هیـچ گرنـگ نییـە. مـن دەمـەوێ ئەمـە بۆتـۆ بكـەم. تـۆ فەرمـوو شـۆرباكەت فڕكـە و بچـۆرە نێـو جێگاكەتـەوە. شـەوت بـاش، بابەگیـان).

جوانـە باوكـی ماچكـرد و چـووە سـەر جێگـەی خەوتنـی خۆیـەوە. پێنـج ڕۆژ دواتـر، جوانـە و باوكـی بەرێكەوتـن كـە گەیشـتنە نزیـك قەڵاكـەوە، جوانـە دیتـی چەنـد باڵەخانەیەكـی سەرسـوڕهێنەر بـوو! گوتـی، (باوكـە، بەراسـتیی زۆر دڵگـر و ئەفسـوناوییە!) جوانـە ئێجـگار نیگـەران و ناڕەحـەت بـوو، بـەڵام نەیهێشـت باوكـی هەسـتی پێبـكات، چونكـە بـاش دەیزانـی باوكـی چەنـدە خەمگیـن و ناشـاد بـوو.

(هەللۆ! كەس لەماڵەوەیە؟)

جانەوەرەكە لە سەرەوەی پلیكانەكانەوە ڕاوەستابوو.

(هەللـۆ، نـازدار!) ئـای لـەو دەنگـە، چ بەتـرس و سـامناك بـوو! نـازدار هـەر ئەوەبـوو دڵـی ڕانەوەسـتێت! ئـەو تەنهـا توانـی سـێبەرەكەی ببینێـت، بـەڵام وەرامیدایـەوە (هەللـۆ، بیسـت) نـازدار ئـەوەی ووت و سـەیرێكی باوكـی كـرد. چاوەكانـی پڕبـوون لـە فرمێسـك و ڕوومەتەكانـی تەڕكردبـوون. باوكـی بـە دەسـتەكانی ڕووی خـۆی داپۆشـیی.

(باوكـە، بـڕۆ بـۆ ژوورەكـەی ئـەو دیـوەوە، هـەردوك خورجەكانـت پڕكـە لـە خشـڵ و پۆشـاك و هـەر شـتێكی دیكـەی دەتەوێـت لـە ژوورەكـەدا. هەڵیانگـرە و، بـڕۆ). وەختـێ جانـەوەر ژوورەكـەی جێهێـڵا، نـازدار ووتـی، (ئـۆف، باوكـە، تكایـە مەگریـی!) ئەوجـا دەسـتی باوكـی گـرت بـەرە و ژوورەكـەی تەنیشـتیانەوە و، دوو سـندووقی پڕكـردن لەخشـڵ و جلوبـەرگ و باوكیشـی زۆر بەنائومێدیـی چاودێـری دەكـرد. باوكـە هـەر ئـەو شـەوە بەڕێكـەوت، بێئـەوەی بتوانـێ لەخـۆی ببورێـت. ترسـێكی زۆری جانەوەرەكەیشـی لـێ نیشـتبوو.

## چاپتەری (٤)
## (خەون)

نـازدار لەبەردەمـی پەنجەرەکـەوە وێسـتاو هـەر تەماشـای باوکـی دەکـرد تـا لـە کۆشـکو باڵەخانەکـەوە چـووە دەرەوە. کـە باوکـی بەسـواریی لـە باخەکـەوە بـۆ نێـو دارسـتانەکە دەرچـوو، ئـەم بەدەسـت خواحافیزیـی لێکـرد و تـا باوکـی دوورتـر دەکەوتـەوە هـەر چاودێریـی دەکـرد. کاتـێ باوکـە وەکـو خاڵێکـی بچووکـی لێهاتـەوە لەنێـو درختەکانـدا، جوانـە لـە پەنجەرەکـەوە دوورکەوتـەوە و چاوێکـی بـە ژوورەکـەدا گێـڕا. ئێسـتێ هەسـتی بـە تەنیاییەکـی کوشـندەکرد و زۆریـش دەترسـا. بەلـەز خـۆی هاوێشـتە سـەر جێگاکەیـەوە و سـەری خـۆی لەنێـو سـەرینەکەدا شـاردەوە و بەگریانێکـەوە هەوڵیـدا بخەوێـت. لەخـەودا نـازدار خەونێکـی دی. لـە خەونەکـەدا وایهاتـە بەرچـاو کـە لەنێـو هۆڵـی قەڵاکەدایـە و لاوێکـی هـەرە قـۆز و جوانیشـیی بینـی. نـازدار بەرەوپیلـی گەنجەکـەوە چـوو. سـەیریکرد چاوەکانـی شـینباوێکی تـۆخ بـوون و جوانییەکیـان تیادابـوو کـە هـی ئـەم دنیایـە نەبـوو. پیاوەکـە لـە مرۆڤێکـی ئاسـایی نەدەچـوو، بەڵکـو شـازادەیەك بـوو بۆخـۆی. سـیحر و ئەفسـوونێك لـە ئارادابـوو، وەختـێ قسـەیکرد، دەنگەکـەی یەکسـەر دڵـی پێـکا. نیگایەکـی تێگـرت و دڵـی بـۆی پڕبـوو لـە خۆشەویسـتیی. جانەوەرەکـە هاتـە گـۆو، پێـی گـوت (بیووتـی، خەمبـار و نیگـەران مەبـە. شـتەکان وەك ئـەوە نییـە کـە دێنـە بەرچـاوەوە. تـکا دەکـەم، بمـدۆزەرەوە و لەهـەر بەدبەختیـی و ناخۆشـییەك رزگارمکـە. مـن ئێجـگار خەمگینـم) جوانـە گوتـی (ئاخـر شـازادە، مـن چـۆن دەتوانـم یارمەتیـت بـدەم؟).

(بە چاوەکانت باوەڕ مەکە، تەنیا گوێ لە دڵی خۆت ڕابگرە!).

لـەو سـاتەدا کاتژمێرێـك لەسـەرخۆ دوانـزە جـاران لێیـدا و جوانـەی بەئـاگا هێنـا. دەسـتبەجێ بیریکەوتـەوە کـە لـە کوێیـە. هەروەکـو شـازادە هـەرە شـۆخەکەی نێـو خەونەکـەی وەبیرهاتـەوە و زۆر ئـارام و دڵشـاد بـوو. ئەوەشـی هاتـەوە یـاد

کـە لـە خەونەکـەدا شـازادە لـە هۆڵەکـەدا بـوو، بۆیـە بڕیاریـدا بچێتـە ئەوێـوە.

کـە بـەرە و هۆڵەکـە ڕۆیشـت بینـی هەمـووی وەك لەخەوەکەیـدا بـوو ئاوەهـا بـوو، وەڵـێ، بێگومـان هــەچ شـازادەیەك لـەوێ نەبـوو. نـازدار وەختێکـی گونجـا وی هەبـوو باڵەخانەکـە بپشـکنێ، بـەڵام هەرگیـز نەیدەتوانـی بییـر لـە شـازادەکە نەکاتــەوە.

(باشـە، ئەمـە هەمـووی مانـای چییـە؟ بەهەرحـاڵ، ئـەوە گشـتی تەنیـا خـەون بـوو، ئەگەرچـی زۆر لـە واقیعـی دەکـرد. تـۆ بڵییـت جانەوەرەکـە هێنـدە دڵـڕەق بێـت کـە بتوانـێ شـازادەکە بخاتـە زیندانــەوە؟ خـۆ گـەر وابێـت ئـەوە دیـارە ئێجـگار بـەدکار و نافڕەجـا و شـەرانگێزە!)

ئەوکاتـەی بـۆ دۆزینـەوەی شـازادە دەگـەڕا هۆدەیەکـی دۆزییـەوە پڕاوپـڕ لـە بووکۆکـە و ئاژەلگەلـی مۆمیاکـراو کـە دەیاندوانـد و سـەمایان لەگەڵـدا دەکـرد. لـە ژوورێکـی تەنیشـتییەوەش ئامرازگەلـی مۆزیـك هــەر لەخۆیانــەوە مۆزیکیـان لێـدەدا. ژووری سـێهەم کـە چـووە ناویـەوە چراخـان و زۆر روونـاك بـوو، پڕاوپـڕی لـە مـۆم و مۆمـدان و چرابـوو. سـەرجلێکی قۆڵکورتـی فـەرووی ئێجـگار نایـاب بـەرە و رووی هـات، ئەمیـش پـڕی پێداکـرد و خسـتیە سـەر شـانەکانییەوە، هەرکـە دواجـار بـۆ ژوورەکـەی خۆیـەوە گەڕایـەوە، تێبینـی کـرد هەمـوو جـۆرە کتێبێـك لەوێـدا بـۆی دانرابـوون تـا بیانخوێنێتـەوە. لەگـەڵ ژەمـە خواردنێکـی زۆر خـۆش و بەتـام بەسـەر مێزەکـەوە..

(نـازدار) خواردنەکـەی خـوارد و کەوتـە خوێندنـەوەی کتێبێکیـان و، ئەوەنـدە چیـڕۆك و ناوەڕۆکەکـەی بەدڵبـوو، هەسـتی بـەوە نەکـرد یەکێـك لەبـەر دەرگاکـەوە بـوو. کاتـێ سـەری هەڵبـڕی دی ئـەوا (جانەوەرەکـە) لەبەردەمیـدا وەسـتابوو.

نـازدار زۆر ترسـا بـوو، هەرچەنـدە (جانەوەرەکـە) بـە نەرمیـی قسـەی لەگەڵـدا دەکـرد.

(هەللۆ، بیووتی! ئەمڕۆ هیچ شتێکت دۆزیتەوە دڵتیان خۆشکردبێت؟).

(بەڵێ، بەڵێ، سوپاس بۆتۆ، بیست).

(باشە، من ئاواتمە تۆ لێرە دڵشاد و بەختیار بیت. دەبڵێ بزانم ئێستێ دڵشادیت؟) (ئۆە، بیست، بەڵێ هەموو شتێکی ئێرە جوانو دڵگرن!) (بیووتی، دەمەوێ پرسیارێکت لێبکەم. بەڵام پێویستە و مەرجە وەرامێکی راست و دروستم بدەیتەوە، وەرامێك کە لەناخی دڵتەوە هەڵقوڵاوبێت.) (بەڵێ بیست، بزانم ئەو شتە چییە؟).

(بیووتی، من تۆم خۆشدەوێت، ئایا تۆش منت خۆشدەوێت؟ شووم پێدەکەیت؟) ئەوجا، دەبووا چی بووتایە! ئەم زۆری لێدەترسا و نەیدەزانی چۆن چۆنی بڵێ (نە و)! بۆیەکا ووتی (نەخێر، بیست. تۆ دڵنەرم و باشیت، بەڵام من تۆم خۆشناوێت و، ناشمەوێ شووت پێ بکەم). بەم وەڵامە بیست زۆر هەڵچوو، یەك نەعرەتەی سامناکی تووڕەیی و ئازاری لێهەڵسا گوێی کەڕدەکرد.

(بۆچی خۆشت ناوێم؟ ئاخۆ من هێندە ناشرین و بەدفەساڵ و نافرەجام؟)

بەم شێوە تۆقێنەرە بەسەر نازداری زرا و رژاودا قیژاندی و یەکڕاست ژوورەکەی جێهێڵا و لە بەرچاوان وونبوو.

## چاپتەری (٥)
## (ژووره سەیر و عەنتیکەکە)

جانەوەرەکــە نــازداری زۆر ترســاند و زۆریشــی عــادز و خەفەتبــار کــرد. خۆشـیی لەرادەبــەدەر ناشـاد و دڵشـکا و دیاربــوو. نـازدار گەڕایــەوە لای کتێبـی چیرۆکەکـەوە و زۆر هەوڵیـدا جانەوەرەکـە لەبیرخـۆی بباتـەوە، نەیدەزانـی لـەوە زیاتـر چیـتر بـکات! ئـەو شـەوە جوانـە خەونێکـی دیکـەی بـە جانەوەرەکـەوە دی. ئەمجارەیـان لـە خەوەکـەدا بیسـت زۆر ناشـاد و نیگـەران بـوو. (بیووتـی، بیووتییـە نازدارەکـەم. تـۆ بـۆ ئەوەنـدە بێرەحمیـت لەگـەڵ منـدا؟ مـن ئەوەنـدە تـۆم خۆشـدەوێ.. تـۆ بـۆچ ئـازارم دەدەیـت؟) چاوەکانـی پڕبـوون لـە ئەشـك و بیووتیـش لەتاوانیـا دڵـی پـڕژان و کەسـەر بـوو. خەونەکـەی ئەوەنـدە ناخـۆش بـوو جوانـەی بەئاگاهێنایـەوە. بیووتـی لەنێـو پێخەفەکەیـەوە هەسـتایەوە. (مـن چیـم بـە شـازادە کـردووە؟ لەبەرچـی هێنـدە ناشـادە؟ مـن هەرگیـز نامـەوێ بـەم شـێوەیە ببینـم. دەباشـە، چیـم بـۆ دەکرێـت و، چـی بکـەم باشـە؟) نـازدار خەونەکانـی دیکەشـی وەبیرهاتنـەوە، وەلـێ هێشـتاش هـەر تێنەگەیشـت.

(بەهەرحـاڵ، ئەمـە هەمـووی هـەر خەونـن. ئـەوەی راسـتییە تەنیـا ئـەم کۆشـك و باڵەخانـە و (بیسـت)ەکەیە). بیووتـی هەڵسـا و ڕۆیشـت تـا دووبـارە سـەیری دەوروبـەری قەڵاکـە بکاتـەوە. (تێناگـەم، ئاخـۆ ئیمـڕۆ چیدەدۆزمـەوە؟) (پلیکانەیەکـی بەدیکـرد و، پێیـدا سـەرکەوتە سـەرەوە. لەپایـەی سـەرەوەیەوە چـاوی کـەوت بـە دەرگایەکـەوە. جوانـە دەرگاکـەی ترازانـدو پێیـدا چـووە ژوورەوە. (ئـای، کـە ژوورێکـی عەنتیکـەو سـەیرە! هەمـوو شـتەکانی ئێـرە کۆنینـەن. لـە یسـتووکی (بووکۆکـە)ی کـۆن، تەختـە و مێـز و کورسـیی کـۆن، وێنـە و تابلـۆی دێریـن، تێناگـەم لـە کوێـوە هاتـوون؟) (بیووتـی وێنەیەکـی هەڵگرتـەوە..

(ناتوانـم بـڕوا بکـەم! ئەمـە شـازادەکەیە، وێنـەی خۆیەتـی. کەوابـوو ئـەو بەڕاسـتیی هەیـە.

بەدڵنیاییـەوە وێنەکـە وێنـەی شـازادەکەبوو. ئـەم بەبـێ کەموزیـاد کتومـت وەك ئـەو کەسـەی نـاو خەونەکـەی وابـوو- تەنانـەت جلوبەرگیشـی هـەر هەمـان شـت بـوو. دەباشـە، ئـەو لەکوێبـوو، یـان بـۆ دەهاتـە نێـو خەونەکانـی ئەمـەوە؟ بیـری هاتـەوە کـە چەنـد شۆخوشـەنگ بـوو. ئاواتەخوازبـوو جارێکـی تـر چـاوی پێـی بکەوێتـەوە. هەروەهـا پەیامەکەیشـی لـە خەونەکەیـدا بیرکەوتـەوە کـە وتبـووی (شـتەکان ئەوەنیـن کـە دێنـە بەرچاوانـەوە!) نـازدار هەروەهـا بەشـەکەی دیکـەی پەیامەکەیشـی هاتەوەیـاد، (تکایـە جێـم مەهێڵـەو، رزگارمکـە!)

ئەوجـا چـووە چەندیـن ژووری دیکـەوە، بـەڵام هیـچ کامێکیـان دڵگـر نەبـوون. ئـەم مەبەسـتی ئەوەبـوو بەشـوێن شـازادەکەدا بگەڕێـت. لـەو سـاتەدا دنیـا تاریـك داهـات و (جوانە)یـش بـۆ ژوورەکـەی خـۆی گەڕایـەوە.

ئاگرەکـە گـەش و داگیرسـا و بـوو، هەروەهـا خواردنەکـە وەك جـاران بـۆی لەسـەر مێزەکـەوە دانرابـوو. لـەم سـاتەوەختەدا دەرگاکـە لێکـترازا و جارێکـی کـە (جانـەوەر) بەژوورکەوتـەوە. (هەللـۆ بیووتـی) (هەلـۆ بیسـت) (بڵـێ، بزانـم ئەمـرۆت بەخۆشـیی رابـوارد؟).

(بەڵـێ، بەڵـێ، قەڵاکـە پڕیەتـی لـە شـتگەلی دڵگـر و جـوان. منیـش زۆر کامـەران بـووم) بڕیاریشـی دابـوو کـە هیـچ شـتێکی لەبـارەی شـازادەکەوە بـۆ نەگێڕێتـەوە. (پێـم بڵـێ، بیووتـی، بەڕاسـتیی پێتخۆشـە کـە لێرەیـت؟) (ئـۆە، بەڵـێ، بەڵـێ، بیسـت) (ئـەدی منیشـت خۆشـدەوێ؟) (ئـۆە، بەڵـێ، ئەتـۆ زۆر بـاش و میهرەبانیـت لەگەڵمـدا. ئـەم بڕیاریدابـوو لەگـەڵ بیسـتدا دۆسـتانەتر بێـت. بۆیـەکا پرسـیارێکی لێکـرد (پێـم بڵـێ بیسـت، بەدرێژایـی رۆژ خـۆت بەچییـەوە خەریـك دەکەیـت؟ مـن هەرگیـز لەنێـو قەڵاکـەدا ناتبینـم. باشـە، هیـچ هاوڕێـت هەنـە؟).

جانەوەرکـە چـوو بـۆلای پەنجەرەکـەوە و لێیدانیشـت. ئەوجـا وەرسـووڕایەوە و بەخەمگینـی گوتـی (بیووتـی، تـۆ منـت خۆشـدەوێ؟ باشـە، شـووم پیدەکەیـت؟) نـازدار دڵنیابـوو کـە خۆشـی نەدەویسـت.

(بیووتـی، پێـم بڵـێ هەسـت بەچیدەکەیـت؟ مـن بەتەنها هەسـتە راسـتەقینەکانتم گەڕەکە).

(ئەمـن. ئەمـن. تـۆم خۆشـناوێت. ئەتـۆ زۆر میهرەبانیـت، مـن خاتـری تـۆم زۆر دەوێـت. بەنـدە هەرگیـز حەزناکـەم تـۆ عـادز و دڵبەخـەم بیـت، یـان هەسـت بـە تەنیایـی بکەیـت، بـەڵام، راسـتییەکەی ئەوەیـە کـە . من..مـن. پێویسـتە ئـەو کەسـەم خـۆش بوێـت کـە شـووی پێدەکـەم. جـا، بـەم شـێوەیە.. مـن نامەوێـت مێـرد بەتـۆ بکـەم).

جانەوەرەکـە زۆر بەلـەز هەڵسـایە سـەرپێ، رووی خـۆی لـە نـازدار وەرگێـڕا. دوایـی یەکڕاسـت لەژوورەکـە چـووە دەرەوە.

## چاپتەری (٦)
## (ئاوێنە)

نـازدار چاودێریـی جانەوەرەکـەی کـرد کـە لەژوورەکـە دەچـووە دەرەوە، ئـەم، گەرچـی بـۆی خەمبـار بـوو، وەڵـێ، خۆشیشـی نەدەویسـت. دیسـانەکە هەوڵیـدا کتێبەکـەی بخوێنێتـەوە، بـەڵام هەسـتی هـەر لای جانەوەرەکـە بـوو، زۆریـش بـۆی پەرێشـان و نیگـەران بـوو. (لەوانەیـە لەسـەرم پێویسـت بـێ شـووی پێبکـەم هەتـا دڵشـادی بکـەم، بـەڵام، چیبکـەم، ناتوانـم- جانەوەرەکـە داوای ئەوەیکـرد هەسـتی راسـتەقینەی خۆمـی پـێ بڵێـم. لەبـەر ئەمـە پێویسـتە راسـتییەکەی پێڕاگەیەنـم. باوکـم ئـاوای فێرکـردووم هەمیشـە خاوەنـی بەڵێـن و قسـەی خـۆم بـم و، هەروەهـا هەمـوو دەم هــەر راســتگۆبم و راســتیی ببێــژم. هەرکــە باوکیشــی بیرکەوتــەوە دڵــی زۆر گــوشرا، هەمدیســان خــەم و پــەژارە دایگرتــەوە، چونکــە ئێجــگار زۆر غەریبـی باوکـی دەکـرد!

وای لـە (جوانـەی)ی بەسـتەزمان! تـا دەهـات هـەر ناڕەحەتـو ناڕەحەتـر دەبـوو! باوکــی گوشــاد نەبــوو، جانەوەرەکــە گوشــاد نەبــوو، هەروەکــو ئــەم خۆیشــی گوشـاد نەبـوو. ئێسـتێ لەهەوڵـی ئەوەدابـوو هەمـوو ئـەو خەموناخۆشـیانە لەیـاد بـکات، بۆیـەکا، سـەری کـردەوە سـەر کتێبەکـەدا. دڵۆپـە ئەسرینێـك رژایـە سـەر لاپەڕەکـەوە، یەکێکـی تـر و دوایـی یەکێکـی دیکـەش.

نـازدار خـۆی خزانـدە نێـو پێخەفەکەیـەوە و، بـە هەنسـکی گریانـەوە ویسـتی بخەوێــتەوە. لەخەویـدا هەمدیـس شـازادەکە هاتـەوە بـۆلای.

(بیووتـی، بەهەمـوو شـتێ کـە لێـرەدا دەیبینیـت بـڕوا مەکـە. وەرە ئازیزەکـەم، مـن بـدۆزەرەوە و رزگارمکـە). خەونەکـە کۆتایـی هـات و، یەکـەم شـتێ گوێێلێبـوو زەنگــی کاتژمێرەکــە بــوو بەئــاگای دەهێنایــەوە. نــازدار بیــری لــە پەیامەکــەی شـازادە کـردەوە. ئێباشـە، ئەمـە مانـای چیبـوو؟ ئـەی شـازادەکە خـۆی لەکوێبـوو؟

چەندیــن مانــگ رابــوردن. نــازدار هــەر رۆژەی ژوورێکــی تــازە و شــتهای

تـازەی دەدۆزینـەوە کـە دڵیـان زۆر خۆشـدەکرد. خـۆی، بەدرێژایـی ڕۆژەکان هـەر یارییدەکـرد. هەمـوو ئێوارەیـەك جانـەوەر سـەردانی دەکـرد، هەمـان پرسـیاری گۆرینـی لێدەکـرد و ئەمیـش هـەر هەمـان وەرامـی دەدایـەوە. هەروەکـو هەمـوو شـەوێکیش هـەر خـەوی بـە شـازادەوە دەبینـی. پەیامەکەیـش هەمیشـە هـەر یـەك شـت بـوو، کەچـی نـازدار ئێسـتەیش هـەر لێـی تێنەگەیشـت.

بەتێپەڕبوونـی کات و ڕۆژگار نـازدار سـەرنجێکی سـەیری لـەلادا گەڵاڵـە بـوو، نـازدار هەسـتیکرد چیـتر لـە جانەوەرەکـە نەدەترسـا. راسـتە دەنگەکـەی سـەیر و نامـۆ بـوو، وەڵـێ، ئیـدی چیـتر تۆقێنـەر نەبـوو. هەروەهـا، گەرچـی روخسـار و دەموچـاوی بێگومـان زۆر ناشریـن و بێـزەوەر بـوون، بـەڵام، کـە سـەیری چاوەکانـی دەکـردن هەسـتێکی راسـتەقینەی لەناخـی دڵییـدا بـەدی دەکـرد. زۆر جـاران جانەوەرەکـە دەهاتـە سـەردانیی و لەبـارەی بەڕێکردنـی ڕۆژەکانییـەوە لەنێـو قەڵاکـەدا پرسـیاری لێدەکـرد.

ڕۆژێکیـان شـتێکی سـەیر روویـدا. نـازدار دەرگایەکـی لـە داڵانـە درێژەکـەدا کـردەوە و چـووە نێـو هۆدەیەکـی زێڕینـەوە. هۆدەکـە مێزێکـی زێڕیـن، کەنتۆرێکـی زێڕیـن و چارپایەیەکـی گـەورەی زێڕینـی تێدابـوو.

(تێناگـەم، دەبـێ کـێ لێـرە بخەوێـت؟ تـۆ بڵێـی ئەمـە ژووری نووسـتنی جانـەوەر نەبێـت؟) دەرگاکانـی کەنتۆرەکـەی ترازانـدن. بەدڵنیاییـەوە ئەمانـە جلوبەرگـی جانەوەرەکـە نەبـوون. لەنێـو کەنتۆرەکـەدا نایابتریـن پۆشـاك، زۆرەهـا کـراس، رۆب، سـەرکراس، سـەرکڵاوە و تـاج هەبـوو. جوانـە کراسـێکی هەڵگـرت لەزێـڕ دروسـتکرابوو، بـە دوڕ و یاقووتـی گـەورە و زۆر جـوان. کراسـەکەی کـردە بـەری و چـووە بـەردەم ئاوێنەکـەوە و، سـەیرێکی خۆیـی و کراسـەکەی کـرد. زۆر جـوان و قەشـەنگ بـوو. خـۆی هەروەکـو شـاژنیك هاتـە بەرچـاو.

(گـەر تەنهـا باوکـم و خوشـکەکانم ئەمەیـان بدیایـە! ئـای کـە بیـری باوکـم دەکـەم! زۆر حـەز دەکـەم بمدیبایـا!) لەنـاکاوڕا هەورێـك لەنێـو ئاوێنەکـەدا

بەدیارکەوت (ئەمەچی روودەدات!) نازدار زێتر رووی خۆی لە ئاوێنەکەوە بردەپێشەوە. هەورەکە رەوییەوە. بەڵام چارپایەکە وەکو خۆی نەمایەوە. ئێستێ چارپایەیەکی ساکاری لە تەختەدار دروستکراو بوو. چارپایەیەك بوو هی ناو کۆڵیتێك، نەك هی ناو قەڵا و باڵەخانەیەك! ئەمە کتومت خودی چارپایە شڕەکەی باوکی بوو، باوکیشی بەسەریەوە راکشابوو. روخسار و رەنگورووی زەرد هەڵگەرابوو، زۆریش نەخۆش دیاربوو. نازدار قیژاندی و بەدەنگێکی بەرز هاواریکرد (باوکەگیان، توخوا مەمرە! چاوەڕێی من بە، من وادێم تا ئاگام لێت بێ و بەدڵ و بەگیان خزمەتت بکەم!)

## چاپتەری (٧)

## (نازدار سەردانی باوکی دەکات)

نـازدار بەراکـردن ژووری زێڕینـی جێهێـڵا و چـووە ژوورەکـەی خۆیـەوە، خـۆی هاوێشـتە سـەر چارپاکەیـەوە و دەسـتیکرد بـە گریـان. کـە جانەوەرەکـە وەکـو هەمیشـە بـۆ سـەردانی هـات، دیتـی جوانـە دەگریـا (ئـەوە چییـەوە و چـی بـووە، بیووتـی؟) (ئـۆف، بیسـت! باوکـم زۆر نەسـاخە. ڕێـم بـدە بـا بـڕۆم ببینـم!) (بیووتـی، نارەحـەت مەبـە و خـەم مەخـۆ. باوکـت نەخۆشـە بـەڵام، مەترسـە، نامرێـت. بەهەرحـاڵ، راسـتە تـۆ دەبـێ سـەردانی بکەیـت) (ئـۆف، بیسـت، باوکـم ئێسـتێ پێویسـتی بەمـن هەیـە. بڵـێ، کـەی دەتوانـم بـڕۆم؟). (بیووتـی گـوێ بگـرە، دەتوانـی هـەر بـەم زووانـە بچیـت. دەشـێ سـبەی بـێ، بـەڵام، مـن حـەز دەکـەم تـۆ شـتێکت لەبیـر بێـت کـە زۆر گرنگـە).

(بزانم ئەو شتە چییە؟)

(جێـی تـۆ ئێرەیـە، ئـەم قەڵایـە و، ئەتـۆ هـەر دەبـێ بگەڕێیتـەوە. دەکـرێ بـۆ یـەك مانـگ لای باوکـت بمێنیتـەوە. ئەمیـش چـاك دەبێتـەوە، مانگێکیـش کـەم نییـە).

چەپۆکـە زل و توکاوییەکـەی خسـتە سـەر شـانی نـازدار و گوتـی (ئەتـۆ بـۆت نییـە لـەوە زیاتـرت پـێ بچێـت! تێدەگەیـت؟)

(بەڵـێ، تێگەیشـتم و، دڵیشـت هیـچ نـەکات. بەڵیـن بـێ لـەو مانگـەدا بگەڕێمـەوە) (بیووتـی، پێویسـتە تـۆ ئـەم بەڵێنـەم پـێ بدەیـت). (بەڵیـن دەدەم) (چاکـە، دەهـا ئەمـە بگـرە) جانەوەرەکـە ئەلقەیەکـی زێڕینـی پێـدا) جوانـە ووتـی (ئـۆە، کـە ئێجـگار نایابـە!)

(ئـا، بەڵـێ هەروەکـو تایبەتییشـە. بیخـەرە ئەنگوسـتی خۆتـەوە، ئـەو ڕۆژەیـش کـە دەتـەوێ بگەڕێیتـەوە بـۆ قـەلا، سـێ جـاران ئەڵقەکـە لـە پەنجەتـدا بسـوورێنە. ئەوسـا هیـچ پێویسـتت بـە وڵاخ نابێـت بـۆ گەڕانـەوەت. هـەر ئەوەنـدە ماڵئاوایـی

لــە باوکــت بکــە و، بچــۆرە ســەر جێگەکەتــەوە و ئەنگوســتیلەکە ســێ جــاران بســووڕێنە. تێگەیشــتیت؟)

(بەڵــێ. بەڵــێ، هەروەهــا بەڵێنەکەشــم بەجێدەگەیەنــم، هەروەهــا بیســت...)

(بەڵــێ؟ سوپاســت دەکــەم)

نــازدار دەســتی لەنێوقــەدی جانەوەرەکــە وەرێنــا و، ماچیشــی کــرد. (ئــەم زۆر میهربانــە. گیانێکــی نیــان و مەردانــەی هەیــە. هەنــدێ جــار کــە دەیبینــم ئــارەزووی گریــان دەکــەم) ئەئــاوا لەگــەڵ خــۆی دەدوا.

جانــەوەر ژوورەکــەی جێهێشــت و، نازداریــش چــووە نێــو پێخەفەکەیــەوە. بــەڵام نەیتوانــی دەســتبەجێ بخەوێــت، چونکــە دڵــی هەڵچــوو بــوو، زۆریــش پەرێشــان و شــڵەژا بــوو.

(بابــە کــە چــاوی پێــم دەکەوێــت دەبــێ چــی بڵێــت؟ زۆر بــۆ دیداریــی بــە پەرۆشــم. بــەڵام، ئــەوەی کــە زۆر ســەیرە و تێیناگــەم ئەمەیــە کــە بــە بەجێهێشــتنی جانەوەرەکــە هەســت بــە خەمناکــی دەکــەم).

بــەم حاڵــەوە، ماوەیــەك لێیڕاکشــا و چــاوی بڕییــە ئاگرەکــەوە. ژوورەکــە ئێجــگار دڵگــر بــوو، هەروەهــا قەڵاکەیــش. ئیــتر، بەهەســتکردن بــە گوشــادیی و بەختەوەریــی خــەوی لێکــەوت و چــووە دنیــای خامۆشــییەوە.

ئــەو شــەوە نــازدار خەونێکــی دی. خەونــی بــە شــازادەوە بینــی، وەلــێ ئەمجارەیــان خەونەکــە زۆر خەمنــاك بــوو. شــازادە قســەی لەگەڵــدا کــرد، (ئــۆە، بیووتــی! لەبەرچــی جێمدەهێڵیــت؟). (مــن تەنهــا هــەر بــۆ ئــەوە دەچــم تــا باوکــم ببینــم کــە ئێجــگار ناســاخە).

(ئەز دەمرم ئەگەر تۆ بڕۆیت. تکایە رزگارمکە).

(ئەتــۆ نامریــت، مــن هــەر دەگەڕێمــەوە) (ئاخــر بۆچــی رزگارمناکەیــت، بیووتــی؟ خێراکــە بمــدۆزەرەوە و رزگارمکــە) (مــن بــەدوای تــۆدا دەگەڕێــم، ئــەی شــازادە، بــەڵام ناتوانــم بتدۆزمــەوە) (بیووتــی، شــتەکان وەك ئــەوە نیــن کــە خۆیــان

دەنوێنــن)

(مــن هــەر دەبــێ بچــم بــۆلای باوکــە کڵۆکەکەمــەوە. وەلــێ، پەیمانــم بــە بیســت داوە کەهــەر دەگەڕێمــەوە) (باشــە، تــۆ بەراســتیی بەڵێــن دەدەیــت بیووتــی؟) (بەڵــێ، بەڵــێ، بیســت! ئەوەنــدە میهرەبانیــت هەرگیــز نابــێ ئــازارت بــدەم. بەڵێــن بەڵێنــە!) (جــا، تۆیــش پابەنــدی بەڵێنەکــەت دەبیت؟)(بێگومــان، پابەنــدی دەبــم).

ئەوجــا دەنگــی شــازادە ئێجــگار کزبــوو، خەونەکەیــش کۆتایــی هــات. جوانــە خــەوی لێکــەوت.

وەختێــك بەئاگاهاتــەوە گوێبیســتی دەنگێکــی زۆر جیــاواز بــوو. بــەڵام دەنگــێ بــوو کــە بــاش دەیناســیەوە. چاوەکانــی کردنــەوە و پەنجەرەیەکــی بەدیکــرد. جوانــە هەروەهــا پەنجەرەکەیشــی بیرهاتــەوە، ئەوســا تێگەیشــت کــە ئــەم لەماڵەوەیــە، بۆیــە بێســێ ودوو بەڕاکــردن چــووە ژوورەکــەی باوکییــەوە.

(نــازدار، ئــەوا لــە کوێــوە هاتوویــت؟) (ئــۆف باوکــە! خۆشــم نازانــم چــۆن گەیشــتوومەتە ئێــرەوە! واز لەمــن بێنــە، پێــم بڵــێ بزانــم ئەتــۆ چۆنیــت؟)

روخســاری باوکــی رەنگــی تێــدا نەمابــوو، ســپی هەڵگەڕایــوو، زۆریــش سســتو بێهێــز دیاربــوو. (ئازیزەکــەم، مــن زۆر ناســاغ بــووم، بــەڵام وا خەریکــە چاکدەبمــەوە)

(دڵنیابە زۆر چاکتریش دەبیتەوە کەمن هاتوومەتەوە خزمەتت بکەم)

نــازدار هەمــوو شــتێکی لەمــەڕ ژیانــی خۆیــەوە لەقەڵاکــەدا و گشــت ژوورە ســەیر و عەنتیکەکانــی بــۆ باوکــی گێڕایــەوە.

(ئای کە خۆشە! بەڵام، نازدار، ئەدی جانەوەرەکە؟)

(بابــە، جانەوەرەکــە زۆر بــاش و بێوەیــە. هەمــوو ئێوارەیــەك دێتــە ســەردانم و هەوڵــدەدات دڵشــادم بــکات. ئــەو بەڕاســتیی زۆر میهرەبانــە، باوکەگیــان) جوانــە گوێــی لــە دەنگــی خوشــکەکانی بــوو لەژوورەکــەی تەنیشــتیانەوە دەهــات. (گێرتــروود، ئۆرســولا! ئــەوا گەڕاومەتــەوە ماڵەوە!(کچــەکان هاتنــە ژوورەکــەی

باوکیانــەوە (چاکە،چاکــە، چاکــە! ئایــا قەڵاکــەت پێبــاش نییــە؟)

دوایــی ئۆڕسـولا چـاوی بـە ئەموسـتیلەکە کـەوت لـە پەنجـەی نـازداردا. (ئـۆی، چ ئەموسـتیلەیەکی سـەیر و نایابـە! دەتوانـم بیخەمـە یەنجەمـەوە، جوانـە؟) (ئـۆە، نــە و، نــە و. مــن خوشــکی گەورەتانــم و دەبــێ ئەمــن ئەنگوســتیلەکە لەپەنجــەی خــۆم بکــەم) (ئێســتا، کچینــە، ئێســتا هەنــدێ کارمــان هەیــە دەبــێ ئەنجامــی بدەیــن).

هیــچ شــتێك نەگۆڕابــوو، بــەڵام نــازدار گەلــەك کامــەران بــوو بــە گەڕانــەوەی بــۆ ماڵــەوە.

## چاپتەری (٨)

## (جانەوەرەکە داوای یارمەتیی دەکا)

بەهۆی خزمەت و چاودێریکردنی نازدارەوە باوکی زوو چاکبۆوە.

(نازدار، پێم بڵێ بزانم دەگەڕێیتەوە بۆ قەڵاکەوە؟)

(بەڵــێ، باوکەگیــان، هــەر دەبــێ بگەڕێمــەوە، بــەڵام جــارێ نــا. بیــر لەمــە مەکــەرەوە، بــام جــارێ بــەس بەخۆشــیی و ئاســوودەیی پێکمانــەوە رایبوێریــن). ئــەم نەیدەویســت باوکــی جێبهێڵێــت بــەڵام، هیــچ چارەیەکــی نەبــوو. ئــەوەی هاتــەوە یــاد کــە جانەوەرەکــە بــەر لەهاتنەکەیــەوە پێیڕاگەیاندبــوو. (ناتوانــم جێیبێڵــم، مــن پەیمانــم پێــداوە، هەروەهــا بــۆم نییــە لێبگەڕێــم جانــەوەر بمــرێ- وەلــێ بۆیشــم نییــە ئــازاری باوکیشــم بــدەم. ئــەی باشــە، مــن چیبکــەم؟)

پـتر لەمانگێـك رابـورد، کەچـی نـازدار هـەر نەیدەویسـت لای باوکـی و ماڵەوەیـان جــێ بهێڵێــت. شــەوێکیان چــووە نــاو جێگاکەیــەوە بیــری لــە جانەوەرەکــە کــردەوە. ئــەو شــەوە جوانــە لەخــەودا بینــی کــە دەچــووە ســەردانی قەڵاکــەوە. رۆژەکــەی خۆرەتــا و بــوو. جوانــە چــووە نێــو باخەکــەوە کــە بەزۆریــی لەوێــدا یاریــی کردبــوو. شــوێنەکە پڕیبــوو لــە درەخــت و کانیــاوی ســازگار و پەپوولــەی رەنگاورەنگــی هەمەجــۆر. شــوێنەکە دەقــاودەق لــە باخێکــی راســتەقینە دەچــوو، وەلــێ، لــەم ســاتەدا کانیــاوەکان ئاویــان تێــدا نەبــوو. هەموویــان وشــکیان کردبــوو. گــەڵای درەختەکانیــش هەمــوو ســیس و زەرد هەڵگەڕابــوون. گەڵایەکــی زۆریــان وەریبوونــە ســەر زەوی. جوانــە لــە دڵــی خۆیــدا ووتــی (دەڵێــی خەزانــە!) دوایــی ســەرنجیدا پەپوولــەکان گشــتیان دەمــرن و بەردەبوونــەوە ســەر زەوییەکــەوە، هــەر بەچەشــنی گەڵاڕێزانەکــە!

نــازدار بــە ژوورەکــەدا ســوڕایەوە. لــە ســوچێکەوە شــتێکی لەژێــر درەختێکــدا بەدیکــرد. جانەوەرەکــە بــوو، زۆر نەخــۆش دیاربــوو. جوانــە بەڕاکــردن چــووە لایــەوە. (بیســت، بیســت! ئــەوە منــم، مــن، بیووتیــم. ئــەوە بــۆ وات لێهاتــووە؟)

جانــەوەر بەدەنگێکــی ئێجــگار ســست و لەســەرخۆ وەرامیدایــەوە.

(من.. ئەوا خەریکە.. دەمرم، بیووتی) (ئاخر بۆ، لەبەرچی؟)

(چونکــە. تــۆ. بەڵێــن و پەیمانەکەتــت.. شــکاندووە. خێراکــە بگەڕێــوە، مــن وا دەمــرم). هــەر لــەم ســاتەوەختەدا خەونەکــەی رەوییــەوە. بــۆ بەیانییەکــەی جوانــە خەونەکــەی بیرهاتــەوە (ئــۆخ، چیــم کــردووە؟ مــن بەڵێــم داوە و جانەوەریــش بــڕوای پێکــردووم. لەوانەیــە ئــەو ئێســتێ لەمەترســییدابێت). جوانــە پێــی خــۆش نەبــوو بڕواتــەوە، بــەڵام دەیزانــی کــە هــەر دەبــوا بڕواتــەوە. ئیــتر، بەدرێژایــی ئــەو ڕۆژە، جوانــە نارەحەتــی ئەوەبــوو کــە چــۆن ماڵئاوایــی بــکات! خواردنێکــی بەتامــی تایبەتــی بــۆ ژەمــی نیــوەڕۆ ئامادەکــرد و کێکێکیشــی دروســتکرد، ئەوجــا لەگــەڵ بــاوك و خوشــکەکانی لــە مەتبەخــە گەرمــو گوڕەکــەدا دانیشــتن.

(نــازدار، بەراســتیی خواردنێکــی خــۆش و بەتــام بــوو، بــەس بــۆ هێنــدە خەمباریــت؟) (پێویســتە مــن بــڕۆم، باوکــە گیــان. بەنــدە دەبــێ بگەڕێمــەوە بــۆ قەڵاکــەوە.) (لەبەرچــی، جوانــە؟) (ئاخــر مــن بەڵێنــم داوە. بەجانەوەرەکــەم گووتــوە کــە مــن دەگەڕێمــەوە)

نــازدار ئێجــگار عــادز و خەمبــار بــوو. باوکــی نیگایەکــی تێگــرت و دەســتی خســتە ســەر دەســتەکانی کچەکەیــەوە و گوتــی (ئەتــۆ راســتدەکەیت و هەقــی خۆتــە، ئازیزەکــەم. بەڵێــن هــەر بەڵێنــە!) جوانــە بۆچەنــد خولەکێــك بەتەنیــا لەبــەر ئاگرەکــەوە دانیشــت. (منیــش دەمەوێــت بــەم شــێوەیە بەبیرەخۆمــی بێنمــەوە. جــارێ خواحافیــز، باوکــە گیــان. زۆرت ئــاگا لەخۆبێــت و خــۆت بــاش بپارێــزە. پێمخۆشــە کــە ئەمجارەیــان هاتمــەوە بتبینــم تەندروســت و بەهێزبیــت).

باوکــە نــازداری لەئامێــز گــرت (نــازدار، کچــە خۆشەویســتەکەم، تــۆ ئەوەنــدە تایبەتمەندیــت!) نــازدار هەســتی بــە فرمێســکەکانی نێوچاوەکانــی کــرد، بــەڵام نەیدەویســت لەبەردەمــی باوکیــدا بگــری، بۆیــەکا زۆر بەپەلــە باوکــی ماچکــرد و بێراوەســتان لەژوورەکــە چــووە دەرەوە.

جوانــە چــووە ژوورەکــەی خۆیــەوە و دەســتی لــە ئەموســتیلەکەی پەنجەیــدا. (ئــۆە، زۆر باشــە، ئەمــە خۆیەتــی!) ئەوجــا چاوەکانــی لێکنــان و ســێجاران ئەموســتیلەکەی لەپەنجــەی بــادا. بــۆ بەیانییەکــەی پاشــتر کــە لەخــەو رابــوو، خــۆی لــە قەڵاکــەدا دییــەوە.

## چاپتەری (٩)
## (گەڕانەوە بۆ قەڵا)

سەرەتا نازدار دڵنیانەبوو، نەیدەزانی لەکوێیە، بەڵام دوایی چاوی بەکاتژمێرەکە کەوت. (بەڕاستی زۆر سەیرە، ئەوا بۆچی دوانزە جاری لێنەدا؟ ئۆە، دەشێت من گوێم لێنەبووبێ. باشە، من هەندێ دواکەوتووم. بەڵام، ئەوەتام هاتوومەتەوە بۆ قەڵاکەوە، بۆیە هەمووشتێ دروستە).

نازدار لەجێگاکەی چووە دەرەوە، بەڵام هەموو شتێ هەڵە و ناتەواو بوو.

لەپێش هەموو شتێکدا، ژوورەکە ئێجگار سارد بوو. (ئەمە سەیرە! هیچ ئاگری لێنییە!) نازدار بەلەز جلەکانی کردە بەرییەوە چونکە زۆری سەرمابوو. ئەوجا هەستی بە برسییەتی کرد و، وەکو هەمیشە بۆلای مێزەکەوە چوو، بەنیازی بەرچایی کردن، وەلێ، مێزەکەش هیچ خواردنێکی بەسەرەوە نەبوو.

(ئۆە، نا! بیست! دیارە من زۆر دواکەوتووم!) جوانە بەڕاکردن لەژوورەکە چووە دەرەوە و، بەپەلەپەل بە پەیژەکەدا چووە خوارەوە و بە داڵانەکەدا غاریدا. (کوانێ بیست لە کوێیە؟ پێویستە هەر بیدۆزمەوە، بەر لەوەی گیان لەدەست بدات. ئۆە، بیست، ئەوە من چیم کردووە؟) نازدار بەڕاکردن سەرتاپای قەڵاتەکەی پشکنی، وەلێ هەموو شتەکان گۆڕابوون.

(کامەتا ڕێگاکە، بۆم نادۆزرێتەوە؟ ئەدی بۆ ئەوەندە تاریکە؟ خۆ قەڵاکە هەمیشە پڕیەتی لەمۆم).

نازدار رایدەکرد بەڵام، هەموو جارێکیان هەر دەهاتەوە بۆ هەمان شوێن، بۆ دەرگەی ژووره تایبەتیەکەی خۆی، نەك تەنها یەکجار، بگرە دووبارە و سێبارە و بەردەوام. (قەڵاکە خەریکە تاریکتر دەبێتەوە. شتێکی تۆقێنەر وا بەڕێوەیە روو بدات. ئەوجا رۆیشت بۆ سەرەوەی قادرمەکەوە، نزیك دەرگایەك، بەڵام ئێستێ شوێنەکە ئێجگار تاریک بوو. دەرگاکە بە ئاستەم ترازابوو، رووناکییەك لە پشتی دەرگاکەوە دەبینرا. نازدار پێدا چووە

ژوورەوە و لەوێدا زانی و بۆی بەدیارکەوت کە لەوێبوو. ئەوێ ژوورە باخچەکە بوو، وەلێ، وەك ئەو ژوورە نەدەچوو کە ئەم پێشتر یاریی تێدا کردبوو.

(هەیرۆ، درختەکان وا دەمرن، هیشك دەبن! بیست! بیست! ئایا تۆ لێرەیت؟) هیچ وەرامێ نەبوو. ئەوجا رایکردە لای سووچەکەوە، راست وەکو لە خەوەکەیدا وایکردبوو. (ئۆف، نا، نا، بیست! تۆ گوێت لەمنە؟) جانەوەرەکە بەسەر زەوییەکەدا کەوتبوو، دروست وەك لە خەونەکەیدا دەیبووی. (ئایا هەناسە دەدات؟ من نایبینم!)

چاوەکانی جانەوەرکە بەتەواوەتی داخرابوون، هیچ هێمایەکی ژیانیان تیادا نەمابوو. بەبێ جووڵە راکشابوو. (ئەم گیانی سپاردووە! من کوشتوومە! من بەڵێنەکەی خۆمم شکاند و ئێستا ئەم مردووە. هەمووشی سووچ و خەتای منە)

نازدار بەچۆکدا هات و رووومەتی خۆی خستە سەر رووومەتەکانی جانەوەرەکەوە و، هەر گریا هەتا فرمێسکەکانی بەخوڕ رژانە سەر دەموچاوی جانەوەرەوە. (تۆ ئەوەندە مهرەبان بوویت- راستە خاوەنی ئەم کەلەش و روخسارە تۆقێنەرە بوویت، کەچی لە ناختەوە هێندە باش و سۆزدار بوویت، هەروەها منیشت خۆشوییستووە و متمانەت پێمکردووە!)

ئەوجا هەردوو دەستەکانی لەنێو قەدی وەرێنا و لەخۆیەوەی نزیك کردەوە. جەستەی سارد و سڕ و گران بوو. (بەدرێژایی کاتیش نەمدەویست دەستت بدەمێ چونکە لە رواڵەتدا هێندە رەزاقورس و نافرەجا بوویت، کەچی دڵەکەت جوان بوو. ئۆف بیست، خۆشەویستەکەم، توخودا مەمرە!).

ئەسرینی جوانە کەوتنە نێو چاوەکانی جانەوەرکەوە. تووکی سەر دەموچاوی بە فرمێسکی نازدار تەڕ ببوون. نازدار هەر تێوەیرامابوو، سەیری چاوەکانی دەکردن، ئەوان تەنیا کەمێك کرابوونەوە. دروست وەك ئەوەی لە خەونەکەیدا دیبوونی.

(ئـۆف، بیسـت! تـۆ گوێـت لێمـە؟ دەتوانیـت قسـە بکەیـت؟) جانەوەرەکـە زۆر لەسـەرخۆ قسـەیکرد، (ئـۆە بیووتـی- ئـەوا گەڕایتـەوە!) (بەڵـێ، بەڵـێ، بیسـت. مــن ئەوەنــدە بەداخــەوەم کــە هێنــدەم پێچووبــوو) (بیووتــی- بڵــێ، منــت خۆشـدەوێت؟ ئایـا لەگەڵمـدا دەمێنیتـەوە و، جارێکـی تـر هەرگیـز جێمناهێڵیـت؟)

(بەڵێ..بەڵــێ. بیســت، ئەمــن هەتــا هەتایــێ هــەر لەگــەڵ تــۆدا دەبــم) (کەوابــوو. مــن دەژیــم. بیووتــی، ئەمــن دەژیــم!).

نـازدار لـە دەموچـاوی جانەوەرەکـەوە ڕامـا- هەمدیـس سـەیریکردەوە. (چـی، چـی!) جوانـە بینـی تووکـە درێـژە ڕەشـەکەی سـەر دەموچـاوی ووردە ووردە بـزر دەبـوو، لەژێرەوەیـدا تیشـکێکی زێڕینـی وەك چـرای روونـاك دەدرەوشـایەوە..

(ئـۆە، بیسـت، دەموچـاوت وا دەبریسـکێتەوە- تووکەکەیشـت، ئـەی تووکەکـەت چـی لێهـات؟ ئـەوا چیـت بەسـەردادێت؟).

ئیـتر، نـە تـووك و، نـە شـاخەکانی و، نـە هیـچ روخسـارێکی ئاژەڵئاسـای هیچیـان نەمـان. نـازدار سـەرنجی لەشـوبەدەنی جانەوەرەکەیـدا: چڕنووکـە درێـژ و تیژەکانـی، کلکەکـەی، تووکەکـەی- هــەر هەموویــان دیــار نەمابــوون. دووبــارە ســەیرێکی دەموچــاوی کــردەوە، ئەوجــا بــە حەپەســاوییەوە لێیپرســی: (بــەڵام، بــەڵام، ئاخــۆ تــۆ، بەڵــێ، تــۆ، خــۆت شــازادەکەیت!؟).

لــە ئێســتادا هیــچ نیشــانەیەکی (جانەوەرەکــە) چیــتر لەئــارادا نەمابــوون. شـازادەکە لـە زەوییەکـەوە هەڵسـایەوە و خـۆی خسـتە سـەر یـەك چـۆك و گووتـی (ئـۆە، بیووتییـە نازدارەکـەم! ئاخـری هـەر بەجێتگەیانـد! تـۆ منـت رزگارکـرد! هـەر خـۆت منـت دۆزییـەوە و رزگارت کـردم! بیووتـی، دە بڵـێ، ئێسـتاکێ شـوو بەمـن دەکەیـت؟)

جوانە گووتی (ئاە، بەڵێ! بەڵێ، خۆشەویستەکەم!)

## چاپتەری (١٠)
## (نازدار و شازادە)

لەپڕێكدا ژوورەكە بە تیشكی خۆر رووناك بووەوە. درەختەكان گەڵایان دەركردەوە و كانیاوەكان ژیانەوە. پەپوولەكان زیندوو بوونەوە و، دوایی، لەناكاوڕا هەموویان وێستان. ئەوانە چیتر وەك پەپوولە نەمان، بەڵكو خەڵكانێكی قەشەنگ و رێكپۆش بوون.

(ئەمن لەهیچ تێناگەم. ئەوا چی روودەدات؟ ئەی ئەمانە كێن؟)

(رێم پێبدە بۆتی روونكەمەوە. ماوەیەكی زۆر بەر لەئێستا بەندە شازادەیەك بووم ئا لەم قەڵا و باڵەخانەیەدا. وەلێ، دەترسم بڵێم شازادەیەكی باش نەبووبم. رۆژێكیان پیرەژنێك هاتە نێو قەڵاكەمەوە. دنیا زۆر سارد و تەزێن بوو، ئەویش لەنێو بەفر و سەهۆڵبەنداندا رێگای بزركردبوو. (هەروەكو باوكم!) بە تەواویی هەر وەكو ئەم! خاتوونە بەساڵاچووەكە قسەی لەگەڵ خزمەتكارێكدا كرد، منیش خۆیشم لای دەرگاكەوە بووم. پیرەژنەكە ئێجگار رەزاگران و نافرەجا بوو، منیش بە دەرەوەمنا و دەرگەكەم لێنەكردەوە (ئاە، بڕواناكەم ئەوەت كردبێت، تۆیەكی هێندە دڵنەرم و میهرەبان!) (ئاخر، من ئێستێ ئەئاوامە، بەڵام، ئەوێ رۆژێ وانەبووم. هەروەها، ئەویش هەر تەنها پیرەژنێكی عاجباتی و بێزەوەر نەبوو، بەڵكو سیحرباز و جادوگەریش بوو. ئەوجا منی كرد بەم جانەوەرە و، لەو دەمێوە كە بوومەتە (جانەوەر) فێری ئەوە بووم دڵنەرم و میهربان بم!).

(دەی باشە، ئەدی من لە كوێوە هاتوومەتە نێو چیرۆكەكەتەوە؟)

(یان، باشە رۆڵی من لە داستانەكەی تۆدا چییە؟)

(پیرەژنەكە ئەمەیشی پێڕاگەیاندم و گوتی (تۆ هەر ئاوەها، بەمشێوەیە دەمێنیتەوە هەتا دڵت نەرم و پڕ بەزەیی دەبێت. بەتەنها خۆشەویستیی ئافرەتێك دەتوانێ وەكو خۆتت لێ بكاتەوە!)

(ئەوجـا، تـۆ، بیووتـی، ئافرەتـە خۆشەویسـتە دڵپاکـو راسـتەقینەکە بوویـت، گیانەکـەم!).

شـازادە دەسـتی نـازداری گرتـو بـۆلای دەرگەکەیـەوەی بـرد و، دەرگاکـەی بەسـەر هۆڵێکـی درێـژدا کـردەوە.

هۆڵەکـە پڕاوپـڕ لەخەڵـك بـوو. دوو ریـزی درێـژ پیـاوان بـە زوڕنـاوە لەهـەر لایەکـی هۆڵەکـەدا وێستابوون. هـەر لەگـەڵ هاتنـە ژوورەوەی (نـازدار و شـازادە)دا ترومپیتـەکان فوویـان پێداکـرد. دەسـتەیەکیش لـە کیژۆڵـەی تـازە پێگەیشـتوو بـە ڕاکـردن چوونـە تەنیشـت نـازدارەوە.

(بیووتی، ئێمە بۆ ئەوە لێرەداین تا خزمەتی تۆ بکەین)

(ئەمانەیـش لەیسـتۆکەکانن (بووکۆکـەکان) بیووتـی. خۆشەویسـتی تـۆ گشـتیانی رزگارکـردوون) ئێسـتێ کۆشـکو باڵاخانەکـە بـەو هەمـوو خەڵکانـەوە ئێجـگار جـوداواز بـوو. ئـەو هـەردەم قەڵایەکـی جـوان و قەشـەنگ بـووە. وەڵـێ لـە ئێسـتادا پڕاوپـڕ بـوو لـە زیندەگییـش. شـازادە پەیامبەرێکـی بانگکـرد و فەرمانیـی پێـدا (ئـەی لاو، هـەر ئێسـتێ رەوانـتر و بەهێزتریـن ئەسـپی تەوێڵەکـە و عەرەبانەیەکـی (پەیتـوون) گـەورە ئامـادە بکـە. بـە پەلـە و بەبـێ دوواکەوتـن بـرۆ و باوکـی (بیووتـی) و خوشـکەکانیی لـە کۆڵیتەکـەی نێـو جەنگەڵسـتانەکەوە بێنـە بـۆ ئێـرە. ماڵـی خانـەوادەی نوێـی بیووتـی، لـە ئێسـتاوەڕا لێـرە لەگـەڵ ئێمـەدا دەبێـت).

رۆژی دوایـی خەڵکەکـە بەهـەژار و دەوڵەمەنـدەوە، بەپیـر و لاوەوە، هاتنـە سـەر شـایی و ئاهەنـگ و زەماوەنـدی شـاهانەوە. کلیسـای قەلاکـە پڕبـوو لەگـوڵ. دەسـتەیەکی سەدکەسـیش لـە گۆرانیبێـژان ئامادەبـوون و، رەنگینتریـن پەنجـەی مۆزیکژەنـان کەوتنـە ژەنینـی ئۆرگەنەکـەوە.

نـازدار لەنێـو کراسـە سـپیە زێڕینـە ئاودامەنەکـەی بووکێنیـدا هـەر دەتگـوت فریشـتەیەکی ئاسـمانییە. (نـازدار) بەتەنیشـت (شـازادەوە) راوەسـتا و، قەشـەکەیش

لێکــی مارەکــردن. شــازادە ئەلقــەی هاوســەرگیریی خســتە پەنجــەی بیووتــی (نــازدار)ەوە و بــە گەرمــی بووکیــی خــۆی ماچکــرد.

باوکــی نــازدار کــە گەیشــتبووە لایانــەوە لەکچــە نەشــمیلانەکەی خۆیــەوە ڕامــا کــە لەتــەك هاوســەرەکەی خۆیــدا وێســتابوو، دڵۆپــە ئەشــکێکی گەرمــی لــە چاوەکانــی خــۆی ســڕییەوە.

جووتــەی بــووك و زاوایــان لەســەرەخۆ و بــە ئارامیــی لــە کلێســا چوونــە دەرەوە بــەرە و حەوشــەکەوە کــە ئاهەنگــی فەرمیــی نانخواردنــی زەماوەندەکــەی تێــدا بەڕێــوە دەچــوو. هــەر لــەو ساتەوەختەشــدا کــە موزیــك دەســتی پێکــرد، تێکــڕای میــوان و ئامادەبــووان بەشــایی و خۆشــحاڵییەوە، بەهــاواری خۆشەویســتی و بــە چەپڵەرێــزان پێشــوازییان لێکــردن.

**(کۆتایی)**

# شانۆنامەی
# وەرگێڕدراو

# تێکۆشان بۆ سەرکەوتن
# یا "چەند هەڵەی شەوێك"

**نووسینی نووسەری ئینگلیز: ۆلیڤەر گۆلدیسمس Oliver Goldsmith**

بەشدارانی ئەم چیرۆکە

**نێر:**

سیر چارلس مارلۆ

مارلۆ- کوڕی سیر چارلس مارلۆ

مستر هارد کاسل

هەستنگس

تۆنی لامپکین

دیگۆری

**مێ:**

مسز هاردکاسل- ژنی مستر هاردکاسل

**مس هارد کاسل:** کچی مستر هاردکاسل

مس نیڤل

کارەکەر، مەیخانەچی، نۆکەر و...هتد

**(بەشی یەکەم)**

پەردەی یەکەم

"ژوورێك لە خانوویەکی کۆنا"

(مسز هاردکاسل و مێردەکەی دێنە ژوورەوە).

**مسز هارد کاسل:**

ئەتوانم سوێند بخۆم، مستر هاردکاسل، کە تۆ لە عالەم بەدەری. ئاخۆ لە هەموو وڵات، لە ئێمە زیاتر کەسێك هەیە هەردەمە نا دەمێك ئەچێ بۆ شار بۆ خۆسووینەوە؟ هەردوو (مس هگز) هەروەها دراوسێکەمان (مسز گریگزی) هەموو زستانێك بۆ مانگێك خۆتازە کردنەوە ئەڕۆن!

**مستر هارد کاسل:**

ئای، راستە لە گەڕانەوەشا ئەمەندە لە خۆبەگەورەزانین ئەهێننەوە بەشی درێژاییساڵیان بکات! تێناگەم بۆ "لەندەن" ناتوانێ گێژوویژانی خۆی بەخۆیەوە بگرێ؟ لە زەمانی مندا وێڵی و بێ مێکشی "شار" زۆر بە هێواشی لەناومانا پەرت ئەبوو، کەچی ئەمڕۆ ئێجگار خێرانە و گشت لایەکمان لێ ئەگرن!

**مسز هـ:**

ئـای، بەراسـتی زەمانـی ئێـوە زۆر خـۆش بـوو، ! تـۆ بـە درێژایـی چەنـدان سـاڵ ئـەوەت بـۆ باسـکردووین، ئێمـە لێـرەدا ئەژیـن، لـە خانوویەکـی زۆر کـۆن کـە هـەر لـە "خـان" ئەچـێ، تەنیـا ئەمـە نەبـێ کـە خانەخوێـی کـەس ناکەیـن، باشـترین میوانمـان پیـرە "مسـز ادونیـش" و (خێزانـی قەشـە) و مامۆسـتا شـەلەی سـەماو هەڵپەڕینـە. هەمـوو رابواردنێکـمان لەگـەڵ چیرۆکـە کۆنەکانتایـە لەبابـەت (میرئوگینـس و دۆقـی مالبـۆرۆ) بزانـە مـن هیـچ ئـەم کۆنـە تۆوڕەهاتانـەم پـێ خـۆش نییـە!

**مستر هـ:**

با بزانم.. بیست و بیست.. ئەکا پەنجا و حەوتی تەواو..

**مسز هـ:**

درۆیـە، مسـتر هاردوکاسـل، مـن لـە تەمەنـی بیسـت سـاڵیدا بـووم کـە (تۆنـی) کـوڕی مسـترلامپکین مێـردی پێشـووم بـوو، ئەویـش تـا ئێسـتێکە بالـغ نەبـووە.

**مستر هـ:**

مـن لـە جیاتـی ئـەودا پێـت دەڵێـم کـە هەتـا هەتایـە هـەر باڵـغ نابـێ. تـۆ وات فێـر نەکـردووە خـۆش بێتـەوە!

**مسز هـ:**

گرنـگ نییـە، (تۆنـی لامپکیـن) میراتێکـی باشـی هەیـە، کـوڕی مـن هـی ئـەوە نییـە بـە خوێنـدن و فێربـوون بژیـت، بڕواناکـەم چ هەرزەکارێـك پێویسـتی بـە فێربوونێکـی زۆر هەبـێ تـا بتوانـێ سـاڵی هـەزار و پێنـج سـەد دینـار بخـوا.

**مستر هـ:**

فێربوون! پەها! تەنیا فرتوفێڵ و زیان و ناپەسندیی!

**مسز هـ:**

گاڵتەیــە، خۆشەویســتەکەم، بەخــوا لەســەیران و گاڵتەبــەولاوە چــی تــر نییــە، مســتر هاردکاســل، ئەبــێ نەختــێ مافــی گاڵتــە و ســەیران بــەم کــوڕە بدەیــت.

**مستر هـ:**

بەڵــێ، بەڵــێ راســت ئەکەیــت ئەگــەر پێــڵاوی خەڵکــی ســووتاندن، کارەکــەر ترســاندن و رەتاندنــی بێچــوە پشــیلە گاڵتــە و یــاری بــێ، ئــەوا ئــەم مافــەی هەیــە! ئەهــا هــەر دوێنــێ بــوو پرچــە دەســتکردەکەمی لــە پشــتی کورســییەکەم بەســتبووە، کاتــێ کــە داهاتمــەوە بــۆ رێزگرتــن (مســز فریــزل) کەڵلــەی رووتــی بــێ تووکــم زرمــەی لــە دەم و چاویــەوە هێنــا!

**مسز هـ:**

ئەنجا سووچی منــە؟ ئــەو بەســەزمانە هەمیشــە لەبــەر نەخۆشــیی هیچــی باشــی نەکــردووە. خــۆ قوتابخانــە ئەبێتــە هــۆی مەرگــی. بــا نەختــێ بەهێزتــر بــێ ئەوســا، کــێ ئەزانــێ خوێندنــی ســاڵێك یــا دوانــەی (لاتینــی) چــی بــۆ ئــەکا؟

**مستر هـ:**

لاتینــی و (ئــەو) واتــا پشــیلە و کەمانچــە! نــە. نــە. مەیخانــە و تەویلــە تەنیــا قوتابخانەیــە کــە هیــچ تیــای بخوێنــێ!

**مسز هـ:**

باشــە، نابــێ ئێســتە ئێمــە ئــەو بەســەزمانە بشــکێنینەوە، چونکــە وا بزانــم هەنــدەی لەناومانــا نەمــاوە هەرچــی ســەیری رووی بــکا

ئەزانــی کــە تووشــی (وەرەم) بــووە.

**مستر هـ:**

ئای، ئەدی ئەگەر ئێجگار قەڵەوی زلبوون نیشانەی بن!

**مسز هـ:**

هەندێ جار ئەکۆکێ.

**مستر هـ:**

بەڵێ، ئەوکاتە کە (مەی) کاری لێ ئەکا.

**مسز هـ:**

من بەراستی زۆر مەترسی لە سییەکانی ئەکەم.

**مستر هـ:**

بەراسـتی منیـش! چونکـە هەنـدێ جـار چەشـنی شـێپوور لیرخـەی هەناسـەی دێ (لەوکاتـەدا مینگـە مینگـی (تۆنـی) یـەت ئـاە، ئەهـا، ئەمەتـا، وا لەوێـوە ئـەڕوا، بەراسـتی مناڵێکـی ئێسـتقادارە!

(تۆنی یەتە ژوورەوە، شانۆ ئەبڕێ).

**مسز هـ:**

تۆنـی، کـوڕی خۆشەویسـتم بـۆ کـوێ ئەچـی؟ نایەیـت هەندێـك لای دایـە و بابەتـی خـۆت رابوێریـت؟

**تۆنی:**

دایە ناتوانم زۆر بەپەلەم.

**مسز هـ:**

ئازیزەکـەم چـۆن ئەوێریـت بـەم ئێوارەیـە سـارد ناخۆشـە بچیتـە دەرەوە؟ ئەبینـم زۆر سـاخ نیـت؟

**تۆنی:**

پێت ئەڵێم ناتوانم گیر بم لە مەیخانەی (سێ کۆترا) چاوەڕوانیم ئەکەن. هەندێك بەزم و یاری لێ ئەکرێت.

**مستر هـ:**

ئەدی.. مەیخانە جێگەی گۆڕین، خۆم ئەمزانی..

**مسز هـ:**

هەتیو تالی بێ نرخ و سووك.

**تۆنی:**

نەخێر. (دك ماگنیز- باجەستین (جاك سلانگ) بەیتار، (لیتل ئەمینا داب) موزیق لێدەر و (تۆم تویست) هەموو لەوێنە.

**مستر هـ:**

تکایە رۆڵەم، هیچ نەبێ بۆ یەك شەو نائومێدیان بکە..

**تۆنی:**

کە نائومێدیان بکەم گوێم لێ نییە، تەنیا ناتوانم دڵی خۆم بشکێنم!

**مسز هـ:** (راگیری ئەکات)

نابێ بڕۆیت.

**تۆنی:**

پێت ئەڵێم هەر ئەڕۆم.

**مسز هـ:**

من ئەڵێم نابی بڕۆیت.

**تۆنی:**

ئێستە ئەزانم کێ بەهێزترە، تۆ یا من

(ئەچێتە دەرەوە و دایکی لەگەڵ خۆیا رائەکێشێ) (مستر هاردکاسل بە

تەنیــا ئەمێنێتــەوە).

**مستر هارد کاسل:**

ئـای ئـەم جووتـە کـە یـەك یەکـێ ئەفەوتێنـێ. ئـەی گوایـە هەمـوو شــتێك لــەم چەرخــەدا یــەك نەبوونــە تــا "عەقــڵ و تێگەیشــتن لــە دەرگا دەرکەنــە دەرەوە؟ هــە، ئەمەتــا کچــی جوانکیلــەی خۆشەویســتم (کیــت) هــات. مــۆدەی ئــەم زەمانــە چنگــی لــە ئەویشــا گیــر کــردووە. بەهــۆی یەکــدوو ســاڵ ژیانــی لــە شــارا، ئەمیــش لــە هەمــووان زیاتــر حــەز بــە ئاوریشــم و بەرگــی شــاران ئــەکا!

(مس هارکاسل یەتە ژوورەوە)

**مستر هارد کاسل:**

یەزدانــی لــە ژووری ســەری ئــەم ناســکە بــێ تاوانەیــەم بــۆ بپارێــزی. کیــژم کێــتن وەکــو جــاران رازایــەوە. ئــەی بــێ چاوینــی بــێ! ئــەم هەمــوو ئاوریشــمە زیــادە چییــە کچــم لەخــۆت پێچــاوە؟ ئــاخ! هەرگیــز ناتوانــم ئــەو شــێتۆکانە لــەم زەمانــەدا تێبگەیەنــم کــە لەبەرکردنــی جلکــی هــەرزان و بــێ مایــە بەســە بــۆ ئــەم گەردوونــە هــەژارە!

**مس هـ:**

گــەورەم خــۆت ئەزانــی لەســەر چ رێ کەوتوویــن! بەیانیــان رێگــەت داوم کــە مێوانــی و میوانــداری بکــەم، بــە ئــارەزوی خــۆم بــەرگ بکەمــە بــەر، ئێــواران بەخواســتی تــۆ بەرگــی ماڵــەوە لەبــەر ئەکــەم.

**مستر هارد:**

زۆر باشــە، لــە یــادت نەچــێ، مــن لەســەر رێککەتنەکەمانــا ســوورم، ئــاه، قســە قســەی لەدوایــە، وا بزانــم ئــەم ئێوارەیــە هــەڵم بــۆ

هەڵئەکـەوێ تـا گوێدێریـت تاقـی بکەمـەوە.

**مس هـ:**

باوکە، تێناگەم مەبەستت چییە؟

**مستر هارد:**

کەوابـوو، بـۆ ئەمـەی لەگەڵتـا راسـت بـم کێـت، ئەڵێـم ئـەو جەنتلمەنـە لاوەی لـە شـارا بـۆم هەڵبژاردوویـت چاوەڕوانـم ئـەم ئێوارەیـە بێـت. نامـەی باوکـم وەرگرتـووە ئەڵـێ کوڕەکـەی کەوتوونەتـەرێ‌وخۆیشـی‌پاشـماوەیەکی‌زۆرکـەم‌بـەدوایـادێـت.

**مس هـ:**

بەراسـتی! کاشـکی زووتـر نەختیکـم لەمـە ئەزانـی! تۆخـوا، چـۆن بجووڵێمـەوە؟ لەوانەیـە خۆشـم نـەوێ، ئـەو بینینەمـان ئەمەنـدە گـران و روالـەت ئەبـێ شـوینی دۆسـتایەتی و ڕێزگرتنـی تیـا نامێنـێ.

**مستر هارد:**

پشـت بەمـە بەسـتە بەرخـم، مـن هیـچ زۆری لەتـۆ ناکـەم بـۆ هەڵبژاردنـی هـەر کەسـێ، تەنیـا مسـتر مارلـۆ، ئـەوەی مـن دۆزیومەتـەوە کـوڕی هاوڕێـی کۆنـی خۆمـە، سـیر چارلـس مارلـۆ، ئـەوەی کـە هەمیشـە باسـیم بـۆ کـردوون. ئـەو لاوە خوێنـدەوارە و بـە ئومێـدی دامەزراندنـە لـە سـەر ئیشـێك بـۆ خزمەتکردنـی وڵاتەکـەی. بیسـتوومە کـە تێگەیشـتنێکی زۆر بـەرزی هەیـە.

**مس هـ:**

تۆ خوا!؟

**مستر هارد:**

زۆر چاوتێرە.

**مس هـ:**

وابزانم لەوانەیە خۆشم بوێت.

**مستر هارد:**

گەنج و ئازایە.

**مس هـ:**

بێ گومان ئەبێ خۆشم بوێت.

**مستر هارد:**

وە زۆر جەوان و لاو چاکە.

**مس هـ:**

باوکــی خۆشەویســتم، بەســە چیــتر باســی مەکــە (دەســتی مــاچ ئــەکا). ئــەو بــۆ منــە، ئەبــێ بــۆ مــن بــێ.

**مستر هارد:**

لــە هەمــووی چاکــتر ئەمەیــە، کێــت، لەســەر گــۆی زەوی یەکێکــی وەك خــۆی شــەرمن و خۆپەرســت دەســت ناکــەوێ.

**مس هـ:**

چــی! چــی؟ دووبــارە دڵــت ســارد کــردم، ئــەم وشــانە "خۆپەرســتی و شــەرمنی" گشــت چاکییەکانــی تــری هەڵوەشــاندەوە. هــەر جــارە ئەڵێــن: دەســتگیرانێکی خۆپەرســت هــەردەم مێردێکــی دڵ پیــس ئەبــێ!

**مستر هارد:**

بــە پێچەوانــە، بــێ دەعیەیــی بایــی نەبــوون هەمیشــە لــە دەروونێکــی وا ئــەڕۆێ کــە چاکــی و پاکــی بەرزتــری تیــا بــێ، ئەمــە یەکەمیــن خــوو بــووە، لــە رەوشــتیا دڵــی گرتــم.

**مس هـ:**

ئەشـێی خـووی تـری زۆر کـە دلـی منیـش بگریـن، بەڵێنـت ئەدەمـی لەسـەر ئەمەشـەوە، ئەگـەر هەنـدە گەنـج بـێ، ئەمەنـدە جـەوان و لاوچـاك بـێ، ئـەو هەمـوو شـتانە بـێ کـە باسـت کـردن، وا تێدەگـەم ئێسـتاش بەسـە، وا ئەزانـم کـە هـەر ئەبـێ بـۆ مـن بـێ.

**مستر هارد:**

ئـای، کێـت، بـەڵام دیسـانەوە کۆسـپەیەك لـە پێشـە، لەوانەیـە ئـەو تـۆی نەوێـت.

**مس هارد:**

باوکـی خۆشەویسـت، بـۆ هێنـدە ئـازارم ئـەدەی؟ باشـە ئەگـەر ئـەو نەیویسـتم، لـە جیاتـی لەداخانـا دڵـی خـۆم بشـکێنم بـە تەنیـا ئاوێنەکـەم ئەشـکێنم کـە بـە درۆ بـە جوانـم پێشـان ئـەدا، شـەبقەیەکی تازەتـر ئەکمـە سـەر بەشـوێن دۆسـتێکی تـرا، ئەگەڕێـم کـە هەنـدە خۆگـران فـرۆش نەبـێ.

**مستر هارد:**

بڕیارێکـی ئازایانەیـە! منیـش ئەچـم نۆکـەران ئامـادە ئەکـەم بـۆ پێشـوازی و بەخێرهاتنـی، چونکـە زۆر کـەم هاتووچۆمـان هەیـە پێویسـتیان بـە فێربـوون و مەشـق کردنـا هەیـە! (ئەچێتـە دەرەوە).

**مس هـ:** (بە تەنیا)

ئـۆف خوایـە! ئـەم پەیامـەی باوکـم چـۆن باڵـە فڕکـەم تـێ ئەخـا! گەنـج، لاوچـاك، باوکـم ئەمانـە ئەخاتـە دوایـی، بـەڵام (مـن) لەسـەرووی لیسـتەکەیان دائەنێـم. دڵپـاك، دانـا، گشـتی خاسـن. تەنیـا خۆپەرسـت، ترسـنۆك و شـەرمن، ئەوانـە پێچەوانـەن، لەگـەڵ ئەمەشـدا ئایـا ناشـێ لـەم نەخۆشـییە تیـمار بکـرێ! بـەوە کـە فێـر

بکرێ سەربەرز بێ و لەمەدا بە خێزانی بخوڕی؟ بەڵێ، ئایا (من) ناتوانم- بەڵام بۆچی (من) وا باسی مێرد ئەکەم پێش ئەوەی کە دەسگیرانم مسۆگەر کردبێ؟!

(مس نیڤیل یەتەژوورەوە).

**مس هارد کاسل:**

زۆر بەختیارم کە هاتیت، نیڤیل، خۆشەویستەکەم، پێم بڵێ، پوورزا، ئەمڕۆ ئێواری چۆنم ئەبینێ؟ چ نارێکیم هەیە، ئایا ئەمڕۆ یەك لە رۆژانی جوانیمە؟ تۆ بڵێی ئیمڕۆ بەرچاو بم؟

**مس نیڤیل:**

بە تەواوی گیانە شیرینەکەم. ئاوا دووبارە سەیر ئەکەم، ئەی بێ چاوێنێ بێ، بێگومان چ نەقەوماوە لەناو باڵندە (کەناری) یەکانت یا ماسییە زیڕەکانت؟ برات، یا پشیلەکەت خۆ دەستیان لە هیچیان نەداوە؟ یا چیرۆکەکەی بەم دواییە ئەیخوێنێتەوە زۆر کاری تێکردووی؟

**مس هـ:**

نە، هیچ لەوانە رووی نەداوە، بەڵام هەڕەشەم لێکراوە، نازانم چۆن دەربڕم، بە دەستگیرانێکی هەڕەشەم لێکراوە!

**مس نیڤیل:**

وەی ناوی.

**مس هـ:**

مارلۆیە.

**مس نیڤیل:**

ئێ راستیتە!

**مس هـ:**

کوڕی (سیرچارلس مارلۆیە).

**مس ن:**

بـە بەختـم یەکەمیـن هاوڕێـی مسـتر هەسـتنگە، دۆسـتەکەی مـن، هەمیشـە بەیەکـەوەن، وا بزانـم ئـەو کاتـەی لـە شـارا ئەژیایـن ئەبـێ تـۆ ئـەوت بینـی بـێ.

**مس هـ:**

نەخێر هەرگیزاو هەرگیز.

**مس ن:**

دڵنیابـە، ئێجـگار لـە خەڵکـی بـەدەرە، لـە نێـو ئافرەتـی نـاودارا بـێ فێزتریـن مێـردی گیانـدارە، تەنیـا لەگـەڵ جـۆرە ژنێکـی تـرا، ئـەوا بەتـەواوی یەکێکـی تـرە. ئەزانـی ئەڵێـم چـی؟

**مس هـ:**

بەراسـتی رەوشـتێکی سـەیرە. هیـچ لەخۆمـا رانابینـم، لەگەڵیـا بحەوێمـەوە. چ بکـەم باشـە؟ پـەف، چیـتر بیـری لێنەکەمـەوە و لێیـان بگەڕێـم چـی ئەبـێ ببـێ، گیانەکـەم، ئـەی کاری تـۆ چـۆن ئـەڕوا؟ دایکـم هـەر وەك جـاران لـە بەریـی خوێندیـت تاکـو حـەز لـە (تۆنـی) بـرام بکەیـت؟

**مس ن:**

ئەهـا، ئەمەتـا ئێسـتە وا لەیـەك لـە خوازبێنـی و حەزلێکردنـە گەرمەکەمانـا ئەگەڕێمـەوە، دایکـت ئەمجـارە هـەزاران شـتی خـۆش و دڵرفێنـی وت، کـوڕە (چوارپێیەکـەی) بـە پەڕفێکـت دانـا.

**مس هـ:**

دایـك ئەمەنـدە لایەنگیـری کوڕەکەیەتـی کـە بەراسـتی چۆنـی بـاس ئـەکا ئاواشــی تــێ ئــەگا. لــە ســەرێکی تــرەوە. میراتێکــی وەك ئــی تــۆ شــتێکی کــەم نییــە. لەگــەڵ ئەمەشــا کــە هەمــووی ئەمڕۆکــە لــە ژێــر چنــگ و چاوەدێریــی خۆیەتــی، هیــچ لام ســەیر نییــە ئەگــەر دڵــی بــڕوای نــەدات لــە خێزانــی خۆمانــا دەرچێــت.

**مس ن:**

میراتێکــی وەك هــی مــن کــە بــە زۆری لــە خشــڵ و گەوهــەر پێکهاتبــێ پاروویەکــی هەنــدە چــەور نییــە! بــەڵام هەرچۆنــێ بــێ ئەگــەر هەســتنگس خۆشەویســتم هــەر وەفــادار بــێ، بێگومــان لــە کۆتاییــدا لەگــەڵ دایکتــا زۆر تونــدڕەو ئەبــم. لەگــەڵ ئەمەشــدا لێــی ئەگەڕێــم وا تێبــگات کــە حــەز لــە کوڕەکــەی ئەکــەم. ئــەو هەرگیــز لــە خەویشــا بــە بیریــا نایــەت کــە مــن دڵــم لای یەکێکــی تــر بــێ.

**مس هـ:**

بــرای باشــم زۆر چــاك هاتوومەتــە پێــش. وەختــا مــن هــەر لەبــەر ئــەوەوە خۆشــم بوێــت کــە ئەمەنــدە ناحــەزی تۆیــە.

**مس ن:**

لەنــاوەوە بەســتەزمانێکی دڵ و دەروون پاکــە. گومانــم نییــە کــە حــەز ئــەکا بــۆ هــەر کــەس بــە مێــردی بچــم (شــووبکەم) بــەس بۆخــۆی نەبــێ، ئــاە! ئــەوا دەنگــی زەنگــی پــوورم یــەت بــۆ پیاســەی پــاش نوێژمــان هەڵســە بــا بڕۆیــن، ئازایــی زۆر پێویســتە چونکــە مارمــان لــە تەلەزگــە دایــە (ئەچنــە دەرەوە). پــەردە.

**(بەشی یەکەم)**

**پەردەی دووەم**

"ژووری مەیخانەیەك"

(چەنــد کەســێکی نابووتــی بــەرگ دڕاو، مــەی و تووتنیــان لــە پێشــایە، تونــی لەســەر مێزەکــەوە، نەختــێ لــە ئەوانــی تــر بەرزتــرە، کوتەکەکــی بەدەســتەوەیە).

**هەموویان پێکەوە:**

هۆیها! هۆیها! وەی وای! براڤۆ!"

**یەکەم:**

ئینجـا کـوڕی بـاش- بـێ دەنـگ بـن بـۆ گۆرانـی. ئێسـتە ئـەم کاکـە گۆرانییەکـمان بـۆ ئەبێـژێ.

هەموو تێکڕا: ئای گۆرانییەك گۆرانی.

**تۆنی:**

کەواتـە – جەنتلمێـن- گۆرانییەکتـان بـۆ ئەڵێـم کـە بـەم مەیخانەیـەم هەڵبەسـتووە. (سـێ کۆتـر).

(تۆنــی گۆرانییــەك پێشــکەش ئــەکا.. لــەم گۆرانییــەدا باســی قوتابخانــە و خوێنــدن ئــەکا. ستایشــی مــەی و خواردنــەوە ئــەکا و ئەڵــێ (مــەی کارێکــی زۆر چــاك ئەکاتــە ســەر مێشــك! مـرۆڤ ژیـر ئـەکا و مـەی هـۆی خۆشـی و کامەرانییـە. هتــد!. کــە تــەواو ئەبــێ هەمــو تێکــڕا دەڵێــن – براڤــۆ- زۆر باشــە!

**یەکەم:**

پایەدار خوا هەر بۆ گۆرانی داناوە.

**دووەم:**

کــە گۆرانــی ئەبێــژێ، زۆر حــەز ئەکــەم گوێــی لــێ رابگــرم. چونکــە هەرگیــز شــتی نــزم و ســووکمان پــێ نــادا!

**سێیەم:**

لەعنەت لە هەر شتێ کە نزم و سووکە.

**چوارەم:**

شتی چاك هەموو کاتێك هەر شتی چاکە.

**سێیەم:**

مـن حـەز لـەم چاکەیـە ئەکـەم. مسـتر موگینـز چییـە؟ هەرچەنـدە ناچـار بـم کـە لەگـەڵ ورچێـکا هەڵپـەڕم، پیـاو ئەشـێ لەسـەر ئەمەشـەوە هـەر جەنتلـمان بێـت!

**دووەم:**

وای لـەم دەردە! کاکـی پایەدارمـان جێـی خـۆی نەگرتـووە. ئەگـەر وا بـا، بـۆ هەمـوو خەڵکـی دەمیـل لـە دەور و پشـتی خۆیـەوە بـاش ئەبـوو.

**تۆنی:**

خوایـە! ئەوهـا ئەبـێ (مسـتر سـلانگ، ئینجـا پێشـان ئـەدەم کـە هەڵبژاردنـی هـاوڕێ چـۆن ئەبێـت.

**دووەم:**

هـۆ و، لـەم رووەوە، ئـەو چووەتـەوە سـەر باوکـی خـۆی، بێگومـان پیـرە (مسـتر لامپکیـن) لێوەشـاوەتری جەنلتـمان بـوو، کـە چـاوم پێـی کەوتبـێ، لـە هیـچ بابەتێکـەوە هاوتـای نەبـوو، هەرجـارە ئەیـان وت کـە چاکتریـن (ئەسـپ و سـەگ و کیـژ) لەلادێـی ئـەو هەیبـوو.

**تۆنی:**

خوایـە! بەڵێنـت ئەدەمـێ کـە منیـش پـاش بالـق بوونـم بیـژوو (زۆڵ) دەرنەچـم. تـا ئێسـتە هـەر یـادم لـە (بێـت بۆنسـەر) و

کەروێشــکە بــۆرەی ئاشــەوان کــردووە کــە لــە ئەوانــەوە پێدابێــم، بــەڵام وەرن رۆڵەکانــم بخۆنــەوە و دڵخــۆش بــن، خــۆ ئێــوە هیــچ نــادەن. هــا شــتینگۆ، چیــە ئەمــە؟ (مەیخانەچــی یەتــە ژوورەوە).

**مەیخانەچی:**

دوو جەنتلــمان لەبــەردەرگان، رێگایــان ون کــردووە و باســی مســتر هاردکاســلێك ئەکــەن.

**تۆنی:**

بێگومــان یەکێکیــان ئــەو جەنلتمانەیــە کــە بــۆ خوازبێنــی خوشــکم هاتــووە. ئایــا بەخەڵکــی (لەنــدەن) ئەچــێ؟

**مەیخانەچی:**

وابزانم پێ ئەچێ، بەڵام زۆر لە فەرەنسەییان ئەکەن.

**تۆنی:**

کەواتــە بــۆ منیــان بێنــە، تــا بەچاونوقانێــك بەرێیــان بکــەم. (مەیخانەچــی ئەچێتــە دەرەوە). کــوڕی بــاش، کــە ئەشــێ ئەوانــە بەدڵتــان نەبــێ، تکایــە ئێــوە بچنــە خــوارەوە، منیــش هەنــدێ لیمۆیــەك ئەگووشــن ئەگەمــە لاتــان. (هەمــوو ئەچنــە دەرەوە).

**تۆنی:** (بەتەنیا)

زڕباوکــم لەپــاش نیــوەی ئــەم ســاڵەوە هــەر بــە تــاژی و توڵــەی بانــگ کــردووم، ئێســتە ئەگــەر بمەوێــت زۆر چــاك توڵــەی خۆمــی لێئەکەمــەوە. بــەڵام ئەترســم – لەچــی ئەترســم؟ بــەم زووانــە ســاڵێ ئەبمــە خاوەنــی هــەزار و پێنــج ســەد، لێــی گــەڕێ، بــا بەمــە بــم ترســێنن، ئەگــەر ئەتوانــی؟

(مەیخانەچی یەتە ژوورەوە، هەستنگس و مارلۆ بەدوایا ئەڕۆن).

**مارلۆ:**

چـۆن رۆژێکـی سـەخت و ماندووکەرمـان رابـوارد. وتیـان هـەر چـل میـل دوورە، کەچـی ئێمـە شەسـت میـل زیاتـر هاتوویـن!

**هەستنگس:**

ئەمــەش هەمــوو، مارلــۆ، بەهــۆی ئــەم شــەرمەی تــۆوە بــوو کــە نەیهێشــت لــە رێــگا باشــتر پرســیار بکەیــن.

**مارلۆ:**

لـە راسـتیدا ناتوانـم خـۆم ملکەچـی هەرکەسـێ بکـەم کـە تووشـی ئەبیـن، بـۆم ناکـرێ لـە وەڵامێکـی ناپیاوانـەدا بـێ دەنـگ بـم.

**هەستنگس:**

هەرچۆنێــك بــێ، ئێســتە ئومێــدم نییــە کــە هیــچ وەڵامێــك وەربگریــن.

**تۆنی:**

لێتـان زەحمـەت نەیـە جەنتلمـن، بیسـتوومە ئێـوە لـەم ناوچەیـەدا بـە شـوێن (مسـتر هاردکاسـل)ناوێکا ئەگەڕێـن ئێسـتە ئەزانـن لـەم وڵاتـەدا لـە کوێینـە؟

**هەستنگس:**

قـەت هیچـی لـێ نازانیـن، گـەورەم، بـەڵام زۆر سوپاسـت ئەگەیـن ئەگـەر چ یارمەتییەکـمان بدەیـت.

**تۆنی:**

ئەو رێگەیەش نازانن کە پیایا هاتوون؟

**هەستنگس:**

نەخێر، گەورەم تەنیا ئەگەر پێمان بڵێیت.

**تۆنی:**

چـۆن کـوڕی بـاش، ئەگـەر نـە ئـەم ڕێگەیـە بزانـن کـە پیایـا هاتـوون، نـە بزانـن ئێسـتە لەکوێـن، نـە ئـەو ڕێگەیـە بناسـن کـە پیایـا ئەچـن، کەواتـە ئەمـەی لـە پێـش هەمـوو شـتێکا بتوانـم پێتـان بڵێـم ئەمەیـە کـە ئێـوە ڕێگاتـان ون کـردووە.

**مارلۆ:**

پێویستیمان بەکەس نەبوو کە ئەمەمان پێ بڵێ.

**تۆنی:**

تکایـە، جەنتلمێـن، ئایـا ئەتوانـم ئەمەنـدە ئـازا بـم کـە پرسـیارتان لێبکـەم ئێـوە لـە چ شـوێنێکەوە هاتـوون؟

**مارلۆ:**

ئەمـە پێویسـت نیـە تـا ڕێگەمـان نیشـان بـدەن بـۆ ئـەو جێگایـەی کـە بـۆی ئەچیـن.

**تۆنی:**

لـە دڵتـان گـران نەبێـت، تەینـا پرسـیار بـۆ پرسـیار چـی تیـا بەسـتە نیيـە، ئێـوە ئەزانـن، تکایـە، جەنتلمێـن، ئـەم (مسترهاردکاسـل) ە پیاوێکـی ناشـیرینی، ڕەزاگرانـی، کۆنەپەرسـتی، ڕوو بەلـۆچ نیيـە، کچێـك و کوڕێکـی جوانـی هەیـە؟

**هەستنگس:**

ئێمـە ئـەو جەنتلمانەمـان نەدیتـووە، بـەڵام ئـەو خێزانـەی هەیـە کـە باسـت کـردن.

**تۆنی:**

کێژەکـە درێـژ و ناشـیرین و زۆر بڵـێ، کوڕەکـەی لاوکچـاك، ڕەوشـت بـاش و گەنجێکـی بەڕێـزە کـە هەمـوو کـەس خۆشـی ئـەوێ؟

**مارلۆ:**

ئەمـــەی ئێمـــە ئەیزانیـــن لەمـــە جیایـــە، ئەڵێـــن کێژەکـــە جـــوان و ڕەوشـــت باشـــە، کوڕەکـــە توولەیەکـــی ناپەســـەندە کـــە هـــەر لـــە کۆشـــی دایکیـــدا گـــەورە بـــووە.

**تۆنی:**

هی..هـی.. هیـم! کەواتـە جەنتلمـن، هـەر ئەمەنـدەم لـە دەسـیەت کـە پێتـان بڵێـم، مـن وا تێئەگـەم ئیمشـەو بـە هیـچ کلۆجێـك ناگەنـە ماڵـی (مسـتر هاردکاسـل).

**هەستنگس:**

ئای بەدبەختی! ئەمە بەدبەختیی خۆمانە!

**تۆنی:**

ڕێـگای زۆر پڕمەترسـی و پیـس و تاریـك و دوورودرێـژە. سـتنگۆ، وەرە ڕێـگای ماڵـی (مسـتر هاردکاسـل) نیشـانی ئـەم دوو کـوڕە باشـە بـدە. (چـاو لـە مەیخانەچـی ئەنوقێنـێ) مسـتر هـارد کاسـلی (گۆڵـی کـواگ مایـەر) تـێ ئەگەیـت؟

**مەیخانەچی:**

مسـتر هاردکاسـل! ئەهـا! گەورەکانـم ئێوەماوەیەکـی ئێجـگار زۆر بەهەڵـە هاتـوون! کـە گەیشـتنەوە قـەراخ گردەکـەوە ئەبوایـە لـە (سـکواش لیـن) پەڕیبانـەوە!

**مارلۆ:**

لە سکواش لین پەڕیباینەوە!؟

**مەیخانەچی:**

ئەنجـا ئەبـوو راسـت بـۆ پێشـەوە ڕۆیشـتبان تـا ئەگەینـە چـوار ڕێگایـەك.

**مارلۆ:**

ئەگەیشتینە شوێنێك چوار ڕێگا لێك ئەدەنەوە!

**تۆنی:**

ئەی، بەڵام ئەبێ دڵنیابی کە هەر بەیەکیکیانا بڕۆن.

**مارلۆ:**

ئاهـ گەورەم تۆ زۆر گاڵتە ئەکەیت!

**تۆنی:**

لــە پــاش ئەمــە، کــە دەستەراســت ئەگــری، ئەبــێ ڕۆخ و ڕۆخ بــڕۆن، تــا ئەگەنــە پاوانــی (کــراك ســکاڵ): لەوێــوە پێویســتە زۆر بــە وردی بــۆ شــوێنی ڕەورەوە بنــوارن و بــۆ پێشــەوە بــڕۆن تــا ئەگەنــە ئەچــاری (مەڕیانــی) جووتیــار. لەوێــوە ئەبــێ بــۆ لای ڕاشــت بسـوڕێنەوە، دوایـی بـۆ لای چـەپ، ئەنجـا دیسـانەوە بـۆ ڕاسـت، تـا کۆنــە ئاشــەکە ئەدۆزنــەوە.

**مارلۆ:**

خوایە! کابرا، ئەمە چۆن ئەبێت؟

**هەستنگس:**

مارلۆ چ بکەین باشە؟

**مارلۆ:**

ئــەم خانــووە لەوانــە نییــە کــە میوانداریێتــی باشــمان بــکا، هــەر چەنــدە خاوەنەکــەی بتوانــێ پێمانــەوە بــێ و بچــێ!

**مەیخانەچی:**

ئــاخ گــەورەم، بەخــوا تاکــە یــەك دەســتە نوێنــمان لــەم خانــووەدا مــاوە کــە نەگیرابــێ.

**تۆنی:**

ئەویــش وەك مــن بزانــم، لەپێــش ئێســتە ســێ کــەس گرتوویانــە. (پــاش ماوەیــەك بێدەنگــی کــە هەموویــان تیــا خەمبــارن) ئاهــا، دۆزیمــەوە! کــوڕە ســتنگۆ ئەبــێ ژنــە باشــە نەتوانــێ لــە رۆخ ئاگــر جێگەیــان بکاتــەوە بــە ســێ کورســی و ســەرینەکەی درێــژ؟

**هەستنگس:**

من حەز بەخەوی رۆخ ئاگرا ناکەم.

**مارلۆ:**

منیش حەز لە سێ کورسی و بالیفە درێژووکەت ناکەم.

**تۆنی:**

حــەزی پێناکــەن وانییــە؟ بــا بزانــم باشــە بــۆ نایــەن یــەك میلــی تــر بــڕۆن بــۆ (بــگ هێــد) لەســەر گردەکــەوە، کــە یەکێکــە لــە چاکتریــن (خانەکانــی) ئــەم ناوچەیــە؟

**هەستنگس:**

ئەهــوو! کەواتــە هیــچ نەبــێ لــە تەنگوچەڵەمەیەکــی تــر ئــەم شــەو رزگار بوویــن.

**مەیخانەچی:** (لەلاوە بۆ تۆنی)

بێگومــان نیــازت نییــە بــۆ ماڵــی زڕ باوکتیــان بنێریــت بەنــاوی (خانــەوە)؟

**تۆنی:**

هــم! شــێتە وازیــان لێبێنــە بــا خۆیــان ئەمــە بدۆزنــەوە. (بــۆ میوانــەکان) تەنیــا ئەمەتــان لەســەرە کــە راســتەو راســت بــڕۆن تــا ئەگەنــە خانوویەکــی کۆنــی گــەورە لــە رۆخ رێــگادا، دوو شــاخی گــەورەی مــەڕ لەســەر دەرگاکــە ئەبینــن، ئەمــە نیشــانەیە لــە

حەوشــەکە بچنــە ژوور، بــە هەمــوو هێزتانــەوە بانــگ بکــەن.

**هەستنگس:**

گــەورەم زۆر زۆر سوپاســت ئەکەیــن، هەرگیــز لــە چاکەتــا ناچینــە دەر. ئەبــێ نۆکــەرەکان ڕێگەکــە ون نەکــەن؟

**تۆنی:**

نەخێـر، نەخێـر بـەڵام پێتـان بڵێـم لەسـەر ئەمەشـەوە خانچییەکـە زۆر زەنگینـە، بـەم زووانـە واز لەخانچیەتـی ئەهێنـێ. بۆیـە ئەیـەوێ کـە لـە ریـزی (جەنتلمانـی) دا بنێـن، هـی! هـی! هـی! هیـچ بەجێتـان ناهێڵـێ، هـەر لەلاتـان ئەبـێ، ئـۆف خوایـە! ئەگـەر گوێـی بـۆ شـل بکـەن، پێتـان ئەسـەلمێنێ کـە دایکـی یـەك لـە ئەندامانـی کۆمیتـەی هەڵسـوڕاندنی کاروبـاری شـار بـووە و پلکـی (پـووری) دادڕەوای ئاشـتی بـووە!

**مەیخانەچی:**

بێگومــان، نەختــێ کابرایەکــی ماندووکــەرە! بــەڵام مــەی و جێــگا و رایەخێکــیئەوتــۆیهەیــەکــەلــەهەمــووجیهانــاهاوتایــیپەیــدانابــێ.

**مارلۆ:**

زۆر باشــە، ئەگــەر ئەوانــەی هەبــێ، ئێمــە چیترمــان لێــی ناوێــت، وتــت ئەبــێ دەستەراســت بگریــن؟

**تۆنی:**

نــە، نــە راســتەوخۆ بــۆ پێشــەوە، وا خــۆم هەندێــك لەگەڵتانــا یــەم وتۆزێــك ڕێگەتــان نیشــان ئــەدەم. (بــۆ مەیخانەچــی) حــەم!

**مەیخانەچی:**

ئـاە خـوا رەحمـی بـە دڵـت بـکا، کەچـی کوڕێکـی خۆشـی، شـیرینی، بـەڵام بـە زیـان و مەلعوونـی، ئـەی کـوڕی دایـك خـراپ!

**(پەردە).**

## (بەشی دووەم)

**(خانوویەکی شێوە کۆن)**

(مستر هاردکاسل، سێ، چوار، نۆکەری شەپرزەیی لە دواوەیە).

**مسترهارد کاسل:**

باشــە، ئومێــدەوارم بەتــەواوی ئــەو پێویســتیانەی ســەر مێــز بزانــن لــەم ســێ رۆژانــەی رابــوردودا فێــرم کــردوون. هەمــوو جێگــەی خۆتــان ئەناســن، ئەزانــن چــی ئەکــەن، ئەتوانــن خۆتــان بــەم شــێوەیە نیشــاندەن کــە هەمیشــە میوانداررییتــان کردبــێ، بــێ ئــەوەی لەماڵــەوە دەرچووبــن.

**هەموو تێکڕا:**

ئای. ئای.

**مسترهارد:**

کــە مێــوان هــات، نابــێ دەرپــەڕن و سەرســوڕ بــن، دوایــی راکەنــەوە ژوورەوە، چەشــنی کەروێشــکی لەلانــەدا تۆقــاو. هەمــوو تێکــڕا، نەخێــر. نەخێــر.

**مستر هارد:**

دیگــۆڕی، تــۆم کــە لــە عەمبــاری گەنــم داهێنــاوە، ئەبــێ لەســەر مێــزی تەنیشــتەوە بــێ، تــۆ رۆجــەر، کــە لــە جووتــم گێڕایــەوە، ئەبــێ لــە پشــت کورســی منــەوە بوەســتێ. بــەڵام نابــێ بــەم جــۆرە رابوەســتی، دەســت لــە گیرفانــەوە، رۆجــەر، دەســتت لــە بەرکــت بێنــە دەرەوە، ئــەم دەستەشــت لەســەرت بێنــە خــوارەوە، گێــژە. بزانــە چــۆن دیگــۆڕی دەســتی خــۆی هەڵئەگــرێ، هەرچەنــد دەســتەکانی ئەویــش نەختــێ رەق وەســتاون، تەنیــا ئەمــە زۆر گرنــگ نییــە.

**دیگۆڕی:**

ئـەدی، بـزان مـن چـۆن هەڵیـان ئەگـرم، مـن لەسـەربازیی فێربـووم بـەم چەشـنە دەسـەکانم راگـرم. ئـاوا کـە لـە..

**مسترهارد:**

دیگـۆڕی، تـۆش نابـێ ئەمەنـدە زۆر وەڕ بیـت، ئەبـێ بـە هەمـوو گیانتـەوە ئـاگاداری مێوانـان بیـت، پێویسـتە گوێـت لێـمان بێـت گفتوگـۆ ئەکەیـن و نابـێ بیـر لـە قسـەکردنا بکەیتـەوە. چـاوت لێـمان بـێ ئەخۆینـەوە بیـر لەخواردنـەوە نەکەیـت، بمانبینـن ئەخۆیـن و یـادی خـواردن نەکەیتـەوە.

**دیگۆری:**

سـوێند ئەخـۆم، گـەورەم، ئەمـە زۆر گرانـە، هەرکاتێـك دیگـۆری چـاوی بـە خـواردن کـەوێ، خوایـە هەمیشـە ئـارەزوو ئـەکا گووپـی خـۆی بئاخنـێ.

**مسترهارد:**

ئـەی مێشـك پـووچ! ئاخـر ورگ پـڕ کردنـت لای کەیبانـوو وەك ئێـرە نییـە؟ بەمـە ورگـت خامـۆش بکـە!

**دیگۆری:**

یـەزدان، سـوپاس بـۆ مەزنیـت، هـەوڵ ئـەدەم ورگـم بەهیـوای پارچەڕانـی سـاردی مـەڕی نـاو ژووری خـواردن بێدەنـگ بکـەم.

**مسترهارد:**

دیگـۆری، تـۆ زۆر هەڵەپاسـی، ئەنجـا ئەگـەر هاتـوو شـتێکی باشـم وت، یـا چیرۆکێکـی خۆشـم گێڕایـەوە لەسـەر مێـزا، ئـەوا نابـێ تـۆش وەك گوللـە تـۆپ لـە قاقـای پێکەنینیـا بتەقیتـەوە خـۆت بـە ئەندامێکـی سـەر مێزەکـە بژمێریـت.

**دیگۆری:**

خوایـە، کەواتـە گـەوەرم، نابـێ چیرۆکـی (گروسـی) کـۆن لـە هـی.. هی..هـی. وەی دایـە، ئـەوا بیسـت سـاڵە ئێمـە بـەو چیرۆکـە پـێ ئەکەنیـن.. هـا. هـا هـا. ها.هاهـا.

**مستر هارد:**

هـا! هـا! هـا! ئـەوە چیرۆکێکـی بەجێیـە. باشـە دیگـۆری مـەرد، بەمـە پێبکەنـە. تەنیـا لەیـادت نەچـێ کـە پێویسـتە زۆر وریـا بیـت. وای دانـێ کـە یەکێـك لـە میوانـەکان داوای (پێکـی مـەی) کـرد، بزانـم چـۆن ئەجووڵێتـەوە؟ (گلاسـێك مـەی، کاکـە ئەگـەر زەحمـەت نەبـێ! (بـۆ دیگـۆری)ی هـەی! بـۆ نابزوویـت؟

**دیگۆری:**

خوایـە، گـەورەم، تـا بـە چـاوی خـۆم نەبینـم کـە دەسـت بـە خـواردن و خواردنـەوە بکـرێ لەسـەر مێـز، زات ناکـەم هیـچ بکـەم، بـەڵام ئەوسـا چەشـنی شـێر ئـازا ئەبـم.

**مستر هارد:**

چی، کەسێك نابزوێت؟

**یەکەم نۆکەر:**

من ناتوانم شوێنی خۆم جێبهێڵم.

**دووەم:**

بێگومان فرمانی من نییە.

**سێیەم:**

دەنا ئی منیش نییە و..

**مستر هارد:**

ئەبـێ گەلـۆری مێشـك پـووچ، ئێـوە ئەنجـا لەوکاتـەدا کـە ئێـوە

ئــاوا لەســەر جێگــە تێــك بەرئەبــن مێوانــەکان لــە برســان و لــە تونیانــا ئەمــرن و ئەخنکێــن، ئــاخ ســەر زلــی شــێتینە، وا دیــارە ئەبــێ لەســەرەتاوە پێــدا بێمــەوە، بــەڵام ئــەی، ئــەوا گوێــم لــە دەنگــی پەیتوونێــك نییــە بــە ژوور حەوشــەکە ئەکەوێــت؟ هەرکــەس بــۆ شــوینی خــۆی، کەرینــە، منیــش ئەچــم لەبــەر دەرگاوە بــە خێرهاتنێکــی گەرمــی کــوڕی هاوڕێکــەم ئەکــەم.

(مستر هاردکاسل ئەچێتە دەرەوە).

**دیگۆری:**

بەسەری هەموو مەردێك، جێگەی خۆم بەتەواوی لەبیرکرد.

**رۆجەر:**

ئەزانم کە جێی من هەموو شوێنێکە.

**یەکەم نۆکەر:**

هەتیو، ئەی جێگەی من کامەتا؟

**دووەم:**

جێگــەی مــن لــە هیــچ لایــەکا نییــە، ئەوســا وا چاکــە بچمــەوە ســەر ئیشــی خــۆم!

(نۆکــەرەکان وەك ترســابن بەهەمــوو لایــەکا رائەکــەن و ئەچنــە درەەوە).

(نۆکەرێــك بــە مۆمێکــی داگیرســاوەوە مارلــۆ و هەســتنگس بــە ژووریَ ئەخــا).

**نۆکەر:**

بەخێربێن جەنتلمێن، زۆر بەخێربێن، فەرموون.

**هەستنگس** (بۆ مارلۆ):

چارلــس، بەخێرهاتــن لەپــاش رۆژێکــی پــڕ مانــدوو بــوون و دەردەســەری بــۆ حەســانەوە لــە هۆدەیەکــی خاوێــن و ئاگرێکــی خــۆش! بەشــەرەفم، خانوویەکــی بەرچــاو، کۆنــە، تەنیــا پــڕ نەرخــە.

**مارلۆ:**

دەردەکەیـە، ئەنجامـی خانـووی وا گـەورە، لـە پێشـان خانووەکـەی فەوتانـدووە بەئاگاداریـی و وریایـی، ئەنجـا ئەیـەوێ بەهـۆی کردنـی (بەخـان) تۆڵـەی بکاتـەوە.

**هەستنگس:**

وەك وتـت، بەنـاوی رێبـوار، ئێمـە ئەبـێ هەقـی گشـت ئـەو خۆشـیانە بدەیـن، وابزانـم پارچـە تەختکێـم لەلایـەکا بینـی، هەرچەنـدە بەتـەواوی نەخراوەتـە لیسـتەوە، تەنیـا وام بـۆ دەرئەکـەوێ کـە زۆرمـان لـێ بەربدەنـەوە.

**مارلۆ:**

جـۆرج، رێبـوار و گەشـتکار ئەبـێ لـە هـەر لایـەکا پـارە بـدات، تاکـە جیـاوازی ئەوەیـە کـە لـە (خانـی) خـۆش زۆر ئەدەیـت و چـۆن تروسـکەیەك لـە دوو چـاوی گـەش پەشـیمانی کردوومەتـەوە! مرۆڤێکـی بـەدوو بـزۆك بـە درۆ خـۆی بـێ دەعیـە و بەسـە زمـان نیشـاندا، بـەڵام بـا ڕمخنکێنـن ئەگـەر هیـچ مرۆڤـێ بـێ هـەواو کـەم دەسـەڵات بتوانـێ بـە درۆ بـەدی و ناپەسـەندی بنوێنـێ!

**هەستنگس:**

ئەگـەر تەنیـا نیـوەی ئـەم وشـە نایابانـەی زۆرجـار لـە گوێـی چەتیـوی خانـەکان یـا کارکـەری قوتابخانەکانـی ئەکـەی، بتوانیـن بـە ئەوانـی بڵێیـت.

**مارلۆ:**

ئـاخ، جـۆرج، دەسـەڵاتم نییـە وشـەی نایـاب بـۆ ئـەوان بێـژم، لەگـەڵ ئـەم چەشـنانە، زوبانـم ئەبەسـترێ، ئەبـم بـە بـەردی کـەڕ، دوور نییـە کـە ئـەوان باسـی سـتارەیەك، یـان کێوێکـی ئاگـردار یـا

ئـەم جـۆرە قسـە قۆڕانـە بکـەن، بـەڵام لای مـن ئافرەتێکـی سـاکار، بـە هەمـوو جـل و بـەرگ و زێـڕ و زیوەیـەوە لەگـەردوون گرنگتریـن شـتە.

**هەستنگس:**

هـا! هـا! هـا! بـەم گوێرەیـە، کابـرا، چـۆن هیـچ نیـازی ژن هێنـان ئەکەیـت؟

**مارلۆ:**

هەرگیـز، تەنیـا مەگـەر وەك لەنـاو کـوڕە پادشـاهان خەڵکـی تـر بووکـم بـۆ بدۆزنـەوە و خوازبێنـی بکـەن. خـۆ ئەگـەر وەك زاوای ڕۆژهـەڵات، مـرۆڤ خێزانێکـی پێشـکەش کـرا کـە لـە پێشـان نەیدیبـێ، ئـەوا ئەلـوێ بـەری ئـەوە بگـرێ، ئەگینـا ئەگـەر پیـاو خـۆی گشـت کاروبارەکـە بگرێتـە ئەستۆی، لەگـەڵ پـوور و نەنـك و ئامۆزایـان بچـێ و چـاو بڕکـێ لەگـەڵ یـار بـکا و لەدواییـن بۆمبـای ئـەو کۆنەپرسـیارانە (خاتـوون، شـووم پـێ ئەکەیـت) بتەقینـی، نەخێـر، نەخێـر، ئـەوا دڵنیابـە لـە وزەمـا نییـە.

**هەستنگس:**

سـکم پێـت ئەسـووتێ، ئـەی چـۆن بەتەمـای لەگـەڵ ئـەو ئافرەتـەدا ڕەفتـار بکەیـت کـە لەسـەر خواسـتی باوکتـەوە بـۆی هاتـووی؟

**مارلۆ:**

وەك لەگـەڵ هەمـوو ئافرەتێکـی تـردا، کڕنۆشـی بـۆ بـەرم، بـۆ هەمـوو خواسـتێکی بڵێـم، بەڵـێ، یـا نـە. بـەس لەمـە زیاتـر دڵنیـام کـە ناوێـرم تەنانـەت بـە ڕوویـا بڕوانـم تـا جارێکـی تـر سـەیری ڕووی باوکـم نەکەمـەوە.

**هەستنگس:**

واقــی وڕم! نازانــم چــۆن هاوڕێیەکــی ئەمەنــدە گــەرم ئەتوانــێ دۆســتێکی هەنــدە ســاردبێ.!

**مارلۆ:**

قســەی راســتت ئــەوێ، هەســتنگس، لــەم هاتنەمــا بــۆ ئێــرە، مەبەســم کاری خــۆم نەبــوو، بگــرە لــە پێــش هەمــوو شــتێکا بــۆ ئەمــە هاتــووم کــە یارمەتیــی بەدیهێنانــی ئیشــی تــۆ بــدەم. (مــس نیڤیــل) حــەز لــە تــۆ ئــەکا، بــەڵام خێزانەکــە ناتناســن، ئێســتەکە ئەزانــن هاوڕێــی منــن، ئــەوا دڵنیابــە لــە پێشــوازییەکی گــەرم و ئــەوی تریــش بخــەرە دەســتی شــەرەفەوە.

**هەستنگس:**

مارلــۆ ئەزیزەکــەم، تەنیــا ئــەم هەســتە بــەلاوە ئەنێــم، چونکــە ئەگــەر ئەمەنــدە زۆڵ بــم کــە بــە دوای میراتــی ئــەو ئافرەتــەدا بگەڕێــم، ئــەو دەمــە تــۆ دوا مــرۆڤ ئەبوویــت لــە رووی زەمینــا داوای یارمەتیــم لــێ ئەکــردی. بــەڵام گیانــی (مــس نیڤیــل) تەنیــا ئاواتمــە کــە هەوڵــی بــۆ ئــەدەم، ئەمیــش ئــی خۆمــە لەســەر پــرس و رای باوکــی خوالێخۆشــبووی و بــە ئــارەزووی خۆیشــی.

**مارلۆ:**

ئــای پیــاوی بەختیــار! تــۆ زیرەکیــت هەیــە بــۆ بەندیــوار کردنــی هــەر ئافرەتێــك. بەنــدە، بــە ئاگــری ژنانــەوە ســووتام لەگــەڵ ئەمەشــدا ناچــارم گفتوگــۆ تەنیــا لەگــەڵ ئــەو بەشــەیان بکــەم کــە زۆر رقــم لێیەتــی، ئــەم ناونیشــانە زراوەم ئــەم رووەوە ناشــیرنەم رێگــەم نــادەن جگــە لــە چەتیــو و وکارەکــەر و تیاتــرۆ لەگــەڵ کەســێکی تــرا بەخۆشــی رابوێــرم. پشــت! وا ئــەو کابرایــە هــات تــا

ئـــەم باســـەمان پـــێ ببڕێتـــەوە.

(مستر هاردکاسل یەتە ژوورەوە).

**مسترهارد کاسل:**

کـــوڕی بـــاش، دووبـــارە بەخێربێـــن، ســـەرچاوان کامەتـــان (مســـتر مارلـــۆن)؟ گـــەورەم بەخێرهاتـــی ســـەرچاو و دڵ، دیتـــان مـــن لەبـــەر ئاگـــرەوە پێشـــوازی میوانـــان ناکـــەم. حـــەز ئەکـــەم لەســـەر رێگـــەی کـــۆن لەبـــەر دەرگاوە بەخێرهاتنـــی گەرمیـــان بکـــەم، ئەمـــەوێ وا بکـــەم کـــە ئـــاگاداری وەڵاخەکانیـــان بکرێـــت.

**مارلۆ:** (لەگەڵ خۆی)

دیـــارە ناومانـــی لـــە نۆکەرانـــەوە زانیـــوە (بـــۆ هاردکاســـل) گـــەورەم، ئـــاگاداری و میواندارێتـــی تۆمـــان زۆر لـــە چاوایـــە (بـــۆ هەســـتنگس) جـــۆرج، بیـــرم لەمـــە ئەکـــرد کـــە بەیانـــی جلـــی رێگامـــان بگۆڕیـــن، بـــەم بەرگـــەم زۆر شـــەرمە.

**مستر هارد:**

تکایـــە مســـتر مارلـــۆ، لـــەم ماڵـــەدا هیـــچ بـــێ دڵـــی خۆتـــان نەکـــەن، (کەســـیان گوێـــی نادەنـــێ).

**هەستنگس:**

تـــۆ راســـتیی، جـــۆرج، هەڕەشـــە نیـــوەی شـــەڕە، ئەمجـــارە ئەمـــەوێ بـــە ســـپی و زەرەر هێـــرش بـــەرم.

**مستر هارد:**

مســـتر مارلـــۆ، مســـتر هەســـتنگس، جەنتلمێـــن، تکایـــە لـــەم خانـــووەدا هیـــچ خۆتـــان ئـــازار مـــەدەن، جەنتلمێـــن، ئەمـــە دیوەخانـــەی سەربەســـتییە! چیتـــان پێخۆشـــە لێـــرە ئـــەوە بکـــەن.

**مارلۆ:**

لەسـەر ئەوەشـەوە جـۆرج ئەگەر هێرشـی یەکـەم زۆر بە تـەوژم بەرین، ئەترسـم زەخیرەمـان زوو ببڕێـت، واباشـە کـە جلـە نەخشـاوەکانم هەڵگریـن بـۆ مسـۆگەرکردنی ڕێـی شـکان و هەڵاتـن.

**مستر هارد:**

باسـکردنی کشـانەوەت، مسـتر مارلـۆ، دۆقـی مالبـۆرۆم ئەهێنێتـەوە یـاد، ئەوکاتـەی کـە چوویـن بـۆ دەورەدانـی "دینـان" لـە پێشـان داوای لەهێزەکـەی ئەوانکـرد.

مارۆلۆ:

ئەبێ چاکەتێك لەگەڵ ڕەنگی خاکیدا بەس نەبێ؟

**مسترهارد:**

لـە پێشـان داوای لەسـوپا ئـەوان کـرد کـە نزیکـەی پێنـج هـەزار کـەس بـوون.

**هەستنگس:**

من وا تێناگەم، زەرد و بۆر ئەمەندە ناهێنێ.

**مستر هارد کاسل:**

ئەڵێـم- جەنتلمێـن- هـەروەك وتـم داوای لـە سـوپاکەیان کـرد کـە لـە پێنـج هـەزار زیاتـر پێـك هاتبـوو.

**مارلۆ:**

کیژ حەز لە خشڵ و خاڵ ئەکەن.

**مسترهارد:**

کـە لـە پێنـج هـەزار کـەس زیاتـر پێکهاتبـوو، چـەك و جبەخانەیەکـی زۆریـان هەبـوو، "ئێسـتە" دۆقـی ماڵبـۆرۆ بـە (جـۆرج بروکـس) ئەڵـێ کـە لـە نزیکـەوە وەسـتابوو، لەوانەیـە ناوبانگـی (جـۆرج

بورکس)تـان بیسـتووبێ، ”لەسـەر وڵاتەکـەم مـەرج ئەکـەم کـە ئـەم وڵاتــە ئەگــرم بــێ ئەمــەی تنوکێــك خوێــن بڕژێــت، ســا“.

**مارلۆ:**

گــەورەم، ئەگــەر لــە جیاتــی ئەمــەدا، گلاســێکت مــەی پێدابایــن باشــتر یارمەتــی ئەدایــن بــۆ ســەرگرتنی هێرشــەکەمانا.

**مسترهارد:**

مـەی گـەورەم، (لەبەرخۆیـەوە) لـە ژینـم بـێ جیـاوازی و سـادەییەکی ئـاوام نەزانیـوە.

**مارلۆ:**

بەڵــێ، گــەورەم مــەی! گلاســیك شــەڕابی گــەرم، لــە دوایــی ماندووبوونــی ئەمڕۆمانــا بــێ ســوود نییــە، خــۆت ئەزانیــن ئەمــە دیوەخانــەی سەربەســتییە!

**مستر هارد:**

فەرموو ئەم پێکە گەورەم.

**مارلۆ:** (بۆخۆی)

کەواتــە ئــەم کابرایــە، لــە دیوەخانــەی سەربەســتیی خۆیــا، خــۆی چــی بوێــت ئەوەمــان ئەداتــێ.

**مسترهارد:** (پیکەکە هەڵئەگرین)

ئومێـد ئەکـەم بەدڵتـا بێـت، گـەورەم. مـن بـەم دەسـتانەی خـۆم ئامـادەم کـردووە. گـەورەم تکایـە هەنـدە بـاش بـە کـە لـە چاومـا بیخویتــەوە. هــا، مســتر، مارلــۆ، چاکتریــن ناســینمان (ئەخواتــەوە).

**مارلۆ** (بۆخۆی):

کابرایەکـی زوباندرێـژ و بـێ حەیایـە، بـەڵام لەگـەڵ ئەمەشـدا نەختـێ سـەیرە، بـا تۆزێـك گاڵتـەی لەگەڵـدا بکـەم، گـەورەم، خزمەتـکارم!

(ئەخواتــەوە).

**هەستنگس:** (بۆخۆی)

ئەبینـم ئـەم کابرایـە ئەیـەوێ لەگـەڵ ئێمەی بەسـەریا لەیـادی چۆتەوە، کـە پێـش ئـەوەی فێربێـت کە بێتـە جەنتلـمان خـۆی خانچییە.

**مارلۆ:**

لەباشـــی پیکەکەتـــا وا دەرئەکـــەوی، هاوڕێـــی پیـــرم، کـــە لـــەم دەوروپشـــتەدا کاروبـــارت چـــاك ئەچێتـــە ســـەر، هەردەمـــە نادەمێـــك لەکاتـــی هەڵبژاردنـــا لـــە ئیـــش کارا گـــەرم ئەبیـــت؟

**مستر هارد:**

نەخێـــر گـــەورەم، لەمێـــژە وازم لـــەو کار هێنـــاوە، لـــەو کاتـــەوە کـــە پیـــاوە ماقـــوولان یەکـــتر هەڵبژاردنیـــان گرتۆتـــە دەســـتەوە، ئێمەمانـــان کـــە مـــەی ئەفرۆشـــین، هیچـــمان بـــۆ نەماوەتـــەوە.

**هەستنگس:**

کەواتە، وام بۆ دەرئەکەوێت کە دەست لە (سیاسەت) نادەیت.

**مستر هارد:**

بەهیـچ کلۆجێـك! کاتێـك هەبـوو، بێگومـان، کـە خـۆم بـە هەڵـەو چەوتـی کارگێڕانـەوە مانـدوو ئەکـرد، وەك خەڵکـی تـر، بـەڵام کـە دیـم ڕۆژ بـە ڕۆژ پەسـت و دەمارگیراوتـر ئەبـووم، فەرمانڕەواکانیـش هیـچ ڕووەو باشـی نـە ئەڕۆیشـتن، دەسـتم لـێ هەڵگـرت تـا لەخۆیـەوە چـاك ئەبـێ. لـەو دەمـەوە سـەری خـۆم بـە (هەیدەرزاڵـی و ئالـی کاونـەوە) نـا یەشـێنم، گـەورەم، لـە خزمەتـا وەسـتاوم.

**هەستنگس:**

بـــەم گوێـــرە بـــێ، بەهـــۆی خـــواردن لەســـەرەوە، خواردنـــەوە لـــە خـــوارەوە، مێواندارێتـــی لـــە ژوورەوە دڵخـــۆش کردنیـــان لەکاتـــی

بەڕێکـــردن، ژیانێکـــی پـــڕ کامەرانـــی و بزێـــو رائەبوێرێـــت!

**مستر هارد:**

زۆر یـەم و ئەچـم، گومانـی نییـە، نیـوەی ناکۆکـی و تێکچـون زویـری لـەم دیوەخانـەدا پێـك دێتـەوە.

**مارلۆ:** (پاش خواردنەوە)

تـۆ پیـرە جەنتلـمان گفتوگۆیەکـت لەنـاو پێـکا هەیـە کـە لـە ئـی (ویســتتمنتر) بەجێــترە.

**مستر هارد کاسل:**

ئای، جەنتلمانی لاو، ئەمانەو نەختێکیش لە پیتۆڵی؟

**مارلۆ:** (بۆخۆی)

وەی وای، ئەمە یەکەمجارە پیتۆڵی خانچییەك ئەبیسم.

**هەستنگس:**

کەوابـــوو هەردەمـــە نادەمێـــك، وەك ژەنەراڵێکـــی زانیـــاری لەهـــەر لایەکـــەوە هێرشـــیان ئەبەیتـــە ســـەر. کـــەی زانیـــت، تۆزێـــك راوێژیـــان بەجێیـــە ئـــەوا پیتۆڵـــی ئەخەیتـــە کار. بـــە پێچەوانـــە، ئەگـــەر بێجـــێ و تووڕەهـــات بـــوو، ئـــەوا بـــە (مەی)بۆڕیـــان ئەدەیـــت. لـــە چـــاوت پســـپۆڕەکەم (ئەخواتـــەوە).

**مسترد هارد:**

باشــە، زۆر باشــە، سوپاســت ئەکــەم، هــا! هــا, هــا! باســی ژەنەراڵیــت (میرئوگینـــس)م ئەخاتـــەوە یـــاد کـــە دژی تورکـــەکان لـــە (بیلگیـــرادا) ئەجەنـــگا، ئەبـــێ گـــوێ راگـــرن.

**مارلۆ:**

لەجیاتـــی جەنگـــی (بیلگـــراد) وابزانـــم بەتـــەواوی کاتـــی باســـکردنی خواردنـــی ئێوارەیـــە. پســـپۆڕیت چـــی بـــۆ چێشـــتی شـــێوان گل

داوەتـــەوە؟

**مستر هارد:**

بـــۆ چێشـــتی شـــێوان، گـــەورەم! (بۆخـــۆی) هیـــچ ئـــەم پرســـیارە لـــە کـــەس لەماڵـــی خۆیـــدا کـــراوە؟

**مارلۆ:**

بەڵـــێ گـــەورەم، چێشـــت گـــەورەم، وا هەســـت بـــە برســـێتی ئەکـــەم. بەڵێنـــت ئەدەمـــێ کـــە ئیمشـــەو کارێکـــی چـــاك بـــە خـــواردن و خواردنـــەوە ئەکـــەم.

**مسترد هارد:** (بۆخۆی)

بێگومـــان هەرگیـــز چـــاوم بـــە ســـەگێکی ئـــاوا بـــێ شـــەرم و بـــێ ئابـــڕوو نەکەوتـــووە. (بـــۆ مالـــۆ) بـــۆچ گـــەورەم، بەراســـتی لەبـــارەی چێشـــتەوە ناتوانـــم هیـــچ بڵێـــم، خێزانـــم لەگـــەڵ چەتیـــوە چێشـــت لێنـــەرەکان ئـــەو شـــتانە ســـاز ئـــەدەن. لـــەم بابەتـــەوە مـــن دەســـت لـــە هیچـــا نـــادەم.

**مارلۆ:**

ئەم شتانەت بۆ ئەوان داناوە، وا نییە؟

**مسترهارد:**

بەتـــەواوی وایـــە، ئـــاە بـــە قســـەی چێشـــت، وا بزانـــم ئێســـتە وا لـــە چێشـــتخانەکەدا لـــە بابـــەت شـــێوی ئێـــوارەوە ئەدوێـــن.

**مارلۆ:**

کەواتـــە، تکایـــان لـــێ ئەکـــەم منیـــش بـــە ئەندامێکـــی بژمێـــرن. ئـــەز وافێـــرم لەکاتـــی ســـەفەردا هەمیشـــە خـــۆم کاروبـــاری چێشـــتی شـــەوم رێـــك خـــەم. ئـــا چێشـــت کەرەکـــەم بـــۆ بانـــگ بکـــە، ئومێـــد ئەکـــەم گـــەورەم، دڵـــت نەڕەنجـــێ.

**مستر هارد کاسل:**

ئـــۆه، نەخێـــر گـــەورەم، هیـــچ دیســـانەوە نازانـــم چـــۆن، چێشـــتکەرەکەمان لـــەم بابەتـــەوە زۆر گوێدێـــر نییـــە، ئەگـــەر بـــە شـــوێنیا بنێریـــن لەوانەیـــە هەمووەمـــان بـــەدەر نێـــت.

**هەستنگس:**

باشە، بەخێری خۆت لیستەکەمان بۆ بێنە.

**مارلۆ:** (بۆ هاردکاسل کە بە واق وڕماویی سەرنجیان ئەدا)

گـــەورەم، راســـت ئـــەکات، منیـــش هـــەر بـــە گوێـــرەی لیســـتەوە خـــواردن هەڵئەبژێـــرم.

**مسترهارد:**

گەورانـم، لێـرە بۆتـان هەیـە کـە هـەر فەرمانێـکت بفەرمـوون، وەرە، رۆجـــەر، لیســـتەی چێشـــتی ئێوارەمـــان بـــۆ بێنـــە، ئـــەم رەوشـــتەت، "مســـتەر هەســـتنگس" یـــادی مامـــم ئەخاتـــەوە بیـــر (کۆلۆنیـــل والـــوپ). هـــەردەم ئەیـــوت "کـــەس لـــە چێشـــتی ئێوارەیـــا دڵنیـــا نابـــێ، تـــا لـــە خواردنـــی نەبێتـــەوە".

**هەستنگس:** (بۆخۆی)

گشـــتیان وا بـــەرزن،! مامـــی، کولونێـــل بـــێ، کەواتـــە ئـــەم زووانـــە پێـــمان ئەڵـــێ کەدایکـــی دادڕەوایـــی ئاشـــتی بـــووە. (هاردکاســـل ئەداتـــە دەســـت مارلـــۆ) بـــەڵام واز بێنـــە بـــا گوێـــمان لـــە لیســـتەکە بێـــت.

**مارلۆ:** (بە وردی ئەخوێنێتەوە)

ئەمـــە چییـــە، بـــۆ یەکـــەم جـــەم، بـــۆ جەمـــی دووەم، بـــۆ شـــەو چەلـــە، خاڵـــۆ، تـــۆ وا ئەزانـــی ئێمـــە دونیامـــان لەگـــەڵ خۆمانـــا هێنـــاوە، تـــا ئەمەنـــدە بخۆیـــن؟ دوو ســـێ شـــتی ســـووك و بچـــووك و پـــاك و خاوێـــن بەســـە.

**هەستنگس:**

دەبا بخوێنرێتەوە.

**مارلۆ:** (ئەخوێنێتەوە)

بۆ یەکەم جەم، لەسەرەوە (گۆشت بەراز وترش).

**هەستنگس:**

لەعنەت لە گۆشت بەرازەکەت بێ.

**مارلۆ:**

بەڵامدا لە ترشەکەشت!

**مستر هارد:**

لەگـەڵ ئەمەشـدا، جەنتلمێــن، گۆشــت بــەراز و ترشــی بــۆ پیــاوی برســی، خواردەمەنییەکــی زۆر چاکــە.

**مارلۆ** (ئەخوێنێتەوە):

لە ژێریا (زوبانی بەرخ و مێشك).

**هەستنگس:**

ئەبێ مێشکت بێتە خوارەوە، گەورەم من حەزیان پێناکەم.

هاردکاسل (بۆخۆی):

بــێ ئابڕوویــان شــێتی کردوومــە. (بــۆ ئــەوان): جەنتلمێــن، ئێــوە میوانــی منــن، ســا هەرچــی ئــارەزوو ئەکــەن بیگــۆڕن، چیــتر ماوەکــە بیگــۆڕن یــا لایبــەرن؟

**هەستنگس:**

خــۆرك لــەم خۆراکانەتــدا، مــن وەختــا لــەم خانــووە ئەمەنــدە ســەرم لــێ بشــێوێت کــە لەســەرخوانی باڵیــۆزی فەڕەنســا لێــم ئەشــێوێت، ئــەز خواردنێکــی ســووك و ســانام گەرەکــە.

**مسترهارد:**

ئێجگار خەمبارم، جەنتلمن، کە هیچی بەدڵی ئێوەم نییە، بەڵام ئەگەر بەتایبەتی هەچ شتێکتان ویست.

**مارلۆ:**

گەورەم، لیستەکەت ئەمەندە پڕە کە هەر پارچەیەکی بەشمان ئەکات، خۆت چیت بە دڵە ئەوەمان بۆ بنێرە. باسی خواردن با بەس بێ. ئینجا بزانین جێگای خەوتنمان ئاگاداری کراوە و نەوینمان بۆ راخراوە؟

**مسترهارد:**

لێتان ئەپاڕێمەوە کە ئەمانە بۆ بەندە جێبێڵن، ئێوە نابێ لە شوێنی خۆتانا ببزون.

**مارلۆ:**

بۆ تۆی لێ بگەڕێین! ببەخشە گەورەم، ئەم جۆرە شتان تەنیا هەر خۆم کردوومە!

**مسترهارد:**

گەورەم، بکوژن هەر ئەبێ واز لەمە بێنن.

**مارلۆ:**

بزانە، من بڕیارم لەسەر ئەمە داوە (بۆخۆی). بەخوا برا، کابرایەکی ئازاردەرە.

**مسترهارد:**

باشە گەورەم، کەوابوو هیچ نەبێ پێویستە خۆم لەگەڵتانا بێم (بۆخۆی) ئەشێ ئەمە (بێ فیزییەکی نوێ) بێت تەنیا من هیچ شتێکی ئەوتۆم نەبینیوە کە ئاوا بەبێ حەیایی زەمانی کۆنا بچێ!

(مارۆلۆ و هاردكاسل ئەچنە دەرەوە).

**هەستنگس:** (بەتەنیا)

ئەبینـم رووخۆشـی و مێواندارێتـی ئـەو كابرایـە خەریكـە بێزارمـان بـكات، بـەڵام ئایـا كـەس هەیـە لـەو خـۆت ماندووكردنـەدا پەسـت بێـت كـە ئـەو دڵـی خـۆی پـێ ئەداتـەوە؟ هەهـە! ئـەوا چـی ئەبینـم؟ مـس نیڤیـل! وای شـادی و كامەرانـی!! (مـس نیڤیـل یەتـە ژوورەوە).

**مس نیڤیل:**

هەسـتنگس، خۆشەویسـتەكەم! ئـەم بـە یـەك گەیشـتنە خۆشـە لەچـی بزانـم! لـە چ بەختێكـی چـاوەڕان نەكـراو، لـە چ هەلێكـی نەزانـراوا؟!

**هەستنگس:**

بگـرە هـەر بۆمـن هاتـووە ئـەم پرسـیارە بكـەم، كـەی مـن بەیادمـا بێـت كـە خۆشەویسـترین دولبـەر لـە (خانیـكا) ببینـم؟

**مس نیڤیل:**

لەخانێـكا؟ بـێ شـك تـۆ بەهەڵـە چوویـت، پـوورم، كارگێـڕم، لێـرەدا ئەژیـت، چـی تـۆی خەڵەتانـدوە كـە ئـەم ماڵـە بـە (خـان) بدەیتـە پێنـووس؟

**هەستنگس:**

مــن و مارلــۆی هاوڕێــم كــە لەگەڵیــا هاتــووم لــە رێــگا بەنــاوی (خـان) بـۆ ئێـرە رەوانـە كرایـن، لـە خانوویـەكا تووشـی هـەرزەكارێ هاتیـن كـە ئێمـەی بـۆ ئـەم لایـە هەنـارد.

**مس ن:**

بێگومــان ئەمــە یــەك لــە فرتوفێڵەكانــی ئامۆزاكەمــە، ئــەوەی زۆر جــار باســیم بــۆ كــردووی، هــا! ها!هــا!

**هەستنگس:**

ئـەوەی پـوورت تـۆی بـۆ دانـاوە؟ ئەمـەی هێنـدە مەترسـی لـێ ئەکـەم؟

**مس ن:**

دڵنیـات ئەکـەم، کەنابـێ هیـچ مەترسـی لـێ بکەیـت. ئەگـەر ئەزانـی چەنـد بـەدڵ لەمـن بێـزارە، هـەر ئەیپەرسـتی، پلکـم ئەمـە ئەزانێـت، بۆیـە بڕیـاری داوە کـە حەزمـان پـێ لێـك بـکات، لەراسـتیدا کەوتووەتـە ئـەم بڕوایـە کـە گوایـا لـە فەرمانەکەیـا نەختـێ سـەرکەوتووە.

**هەستنگس:**

ئـەی خەڵەتێنـەری خۆشەویسـت، ئەبـێ بزانـی دەسـتگیرانەکەم کـە ئـەم هەلـە خۆشـەم لـەدەس خـۆم نـەدا کـە لـە تـەك هاوڕێکەمـدا هاتـم تاکـو خـۆم بـەم خێزانـەوە بناسـێنم. ئەوانـەی ئێمەیـان هێنـاوە لـە ژوورەوەن، ئێسـتکە لەبـەر رێـگای بڕینـی ئەمڕۆکـە ماندووبوونـە، بـەڵام بـەو زوانـە ئەحەسـێنەوە، ئەوسـا ئەگـەر نرخدارتریـن ئافرەتـم بـڕوای بـە هەسـتنگس وەفـاداری خۆیـا هەبـێ، ئـەوا بـەم زوانـە لـە فەرەنسـا دائەبەزیـن، ئـەو شـوێنەی کـە تەنانـەت لـە نێـوان دیـل و کۆیلانیـش رێـزی دڵـداری و ژن هێنـان ئەگیرێـت.

**مس نیڤیل:**

زۆرجـار پێـم وتوویـت: کـە هەرچەنـدە ئامـادەم بـۆ بـە قسـەکردنت، دڵـم هـەر لەمیراتـە بچکۆلانەکـەم بەرنابـێ، بەشـی زۆریـم لـە مامـەوە بـۆ بەجێـماوە، بـڕی هیندوسـتان، ئەمـەش هەمـووی خشـڵ و گەوهـەرە. دەمێکـە لەبـەر پـوورم هـەر ئەخوێنـم بەڵکـو

بمداتــێ بەخۆمیانــەوە بکــەم، وا بزانــم وەختــا لــە ژێــر چەنگیــا دەریــان بێنــم. هــەر کاتێــك کەوتــەوە دەســتم، ئەوســا ئەبینــی کــە ئامــادەم خــۆم و میراتەکــەم بکــەم بــە ئــی تــۆ!

**هەستنگس:**

بەلامــدا لــەو پڕوپووچــە بــێ نەرخانــە! مــن بەتەنیــا تــۆم ئاواتــە. لــەم ماوەیەشــدا نابــێ مارلــۆی هاوڕێــم بەهەڵــەی خۆیــدا بزانێــت، چونکــە هێنــدە شــەرمنە ئەگــەر لەنــاکاوا بــە ئــاگا بێــت ئــەوا دەســت بەجــێ لــەم ماڵــەدا را ئــەکات، پێــش ئــەوەی پیلانەکەمــان بکەوێتەگــەڕ.

**مس نیڤیل:**

ئــەی چــۆن ئەتوانیــن هەتاســەر بــێ خەڵەتێنیــن! مــس هاردکاســل ئێســتە لــە پیاســەکردنا گەڕاوەتــەوە، چــی ئەبــێ ئەگــەر خــۆت لادە، ئــا وەرە ئەمــلاوە.. (تەگبیــر ئەکــەن).

(مارلۆ یەتە ژوورەوە).

**مارلۆ:**

هاتووچــۆی ئــەم خەڵکــە باشــانە لــە توانــای خســتم. خانەخوێیەکــەم بەشــەرم و شــورەیی ئەزانــی بەتەنیــا جــێ بهێڵــێ، جــا بۆیــە نــەك هــەر خــۆی بگــرە پیرەژنەکیشــی هەمیشــە بــە دوامــەوەن، هەروەهــا باســی نــان خــواردن لەگــەڵ ئێمــەدا ئەکــەن. ئەوســا ئەبــێ دەســتی هەمــوو ئەندامەکانــی تــری خێزانەکــە بگوشــین، ســەیری چیمــان لێــرە تــووش هــات؟

**هەستنگس:**

خۆشەویســتم، چارلــس! ڕێگــەم بــدە بــا پیرۆزباییــت بکــەم. نەرخدارتریــن هەڵکــەوت! ئەزانــی کــێ ئێســتێکە دابەزیــوە؟

**مارلۆ:**

بیرم بۆ کەس ناچێت.

**هەستنگس:**

دەستگیرانەکانمان، رۆلەم، مس هاردکاسل و مس نیڤیل، رێگەم بدە تا مس نیڤیل، خۆشەویستەکەمت پێ بناسێنم، لەگەشت و سەیرانا ئەبن، لە گەڕانەوەدا هاتوونەتە ئێرە. تا ئەسپی حەساوە وەربگرن، تا ئێستێکە مس هاردکاسل چووە ئەم ژوورەوە، زوو ئەگەڕێتەوە، ئەمە بەختی خۆمان نەبوو ها ها!

**مارلۆ:** (بۆخۆی)

تازە بەهەموو بارێك لەخەم و ناخۆشیدا تێر بووم، ئەوا شتێکی کە پەیدا ئەبێ تا بە یەکجاری بمشێوێنێ.

**هەستنگس:**

ئەڵێی چی؟ ئەمە چاکترین هەڵکەوت نییە لە گەردوونا؟

**مارلۆ:**

ئۆه، بەڵێ بەختێکی باش کۆبوونەوەیەکی ئێجگار دڵگر، تەنیا جۆرج تۆ ئەزانی جلوبەرگمان رێك نییە چی ئەبێ ئەگەر ئەو شادیەمان بخەینە بەیانی؟ سبەی لەماڵی راستەقینەی خۆیانا- ئاوا باشترە- بگرە بەجێ و بەڕێزتریشە- هەلی بگرە بۆ بەیانی( ئەیەوێ بڕوا).

**مس نیڤیل:**

ئەمە بە هیچ کلۆجێك نابێ، گەورەم ئەم رەسمیاتەی تۆ دڵی یارت ئەڕەنجێنێ، شپرزەیی جلوبەرگت نیشانەی ئەدا کە چەند بۆ ئەو بێ ئارامی، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو ئەزانێ کە تۆ هاتووی بێگومان ئەیەوێت چاوی پێت بکەوێ.

**مارلۆ:**

ئـەی شـەیتان! مـن چـۆن توانـای ئەمـەم هەیـە؟ هیـم! هیـم! هەسـتنگس، تـۆ نابـی بڕۆیـت، خـۆت ئەزانـی ئەبـێ یارمەتیـم بدەیـت. ئاشـکرایە کـە چەنـد سـەبر ئەبـم! تەنیـا ناچـارم پێویسـتە نەختـێ ئازادیـی پەیـدا بکـەم.. هیـم!

**هەستنگس:**

پشـت، هـەی پیـاو! هـەر یەکـەم جـار ترسـت بشـکێ هەمـووی بەسـەر ئەچـێ، خـۆت ئەیزانـی هیـچ نییـە، ئافرەتێـك نەبـێ.

**مارلۆ:**

بەڵـێ ئەمەشـە کـە لەگشـت ئافرەتێـك زیاتـر ئەترسـم بـەرەو رووی بـم!

(مس هاردکامل لەشێوەیە ئەودا کە لە گەڕاندا گەڕابێتەوە، یەتە ژوورەوە).

**هەستنگس:** (پێکتریان ئەناسێنێ):

مـس هارکاسـل، مسـتر مارلـۆ. زۆر بەمـەدا ئەنـازم کـە دوو کەسـی بـەرزی وەك ئێـوە کۆبکەمـەوە کـە هـەر یەکێکتـان ئەیـەوێ ئەویـتر بناسـێ و رێـزی بگرێـت.

**مس هاردکاسل** (بۆخۆی):

ئـەوا بـە جەنتلمانـی بـێ فیـزی شـەرمنی خۆمـا گەیشـتم (پاشـماوەیەك لـە بێدەنگـی کـە مارلـۆ تیایـا شـپرزە و شـێواوە). زۆر گوشـادم گـەورەم کـە بەسـەلامەتی گەیشـتووی، بیسـتوومە لـە رێـگادا تووشـی چەنـد چەلەمەیـەك بـوون. وەك بزانـم لـەم کارەتـا ئـەوەی ناچـار بووبێـت رەخنـەی لێبگرێـت لـەوە زیاتـر بـووە کـە بـە دڵتاچووبـێ.

**مارلۆ:**

بــم بەخشــە، خاتــوون، هەمیشــە مــن بــە شــوێن بــەزم و ڕەزمــا گــەڕاوم، چونکــە شــێتی و بــێ مێشــکی زۆربــەی خەڵــك هــەردەم هــۆی سەیروخۆشــییە.

**هەستنگس** (بۆ مارلۆ):

براڤــۆ.. براڤــۆ، لــە ژینتــا قــەت لەمــە چاکــتر نــەدواوی، باشــە، مــس هاردکاســڵ، ئەبینــم لەگــەڵ مســتر مارلــۆدا زۆر چــاك ڕاهاتــوون، وا ئەزانــم مانــەوەی ئێمــە ئــەم هەڵکەوتەتــان لــێ ئاڵــۆز ئــەکا!

**مارلۆ:**

نەخێــر، نەخێــر مســتر هەســتنگس. مانەوەتــان لای ئێمــە لــە هەمــوو شــتێك دڵگیرتــرە. (بــۆ هەســتنگس) تووبــی خــوا، هەســتنگس! قــەت خوانەخواســتە بەتەنیــا بەجێــم ناهێڵــی؟

**هەستنگس:**

مانەوەمــان گفتوگۆتــان تێــك ئــەدا، بۆیــە وا ئەچینــە ژوورەکــەی تــر. (بــۆ مارلــۆ) کابــرا، ئــەی ناتــەوێ (ئێمــەش) نەختێــك لــە بابــەت دەردی خۆمانــەوە، بدوێیــن؟ (ئەچنــە دەرەوە).

**مس هارد** (پاش بێدەنگبوونێك):

ئومێــد ئەکــەم، گــەورەم هــەر تەنیــا ســەیرکەر نەبوویــت، چونکــە ئەشــێ هەندێــك بــە ئافرەتانــەوە خەریــك بوویــت.

**مارلۆ** (ئەکەوێتە مەترسییەوە):

بــم بەخشــە خاتــوون، مــن... ممــن.. مــن.. تــا ئێســتە هــەر ئەمەنــدەم خوێنــدووە تــا بگەمــە ئــەو پایەیــەی کــە هاوتایــان بکــەم.

**مس هارد:**

ئەمەش هەندێك ئەڵێن خراپترین ڕێگایە بۆ دەسکەوتنیان.

**مارلۆ:**

ئەشــێ وابێــن خاتــوون. تەنیــا مــن حــەز ئەکــەم کــە گفتوگــۆ بــەس لەگــەڵ دانــا و ژیرەکانیانــا بکــەم. بــەڵام ئەترســم، خانــم تــۆم زۆر مانــدوو کردبــێ.

**مس هارد:**

نەخێــر. نەخێــر هەرگیــز گــەورەم، مــن خــۆم لەهەمــوو شــتێك زیاتــر ئــەم چەشــنە گفتوگۆیــەم لاخۆشــە. ئەتوانــم هەتــا هەتایــە گوێــی بــۆ شــل بکــەم. لــە راســتیدا زۆرجــار واقــم وڕ ئەمێنــێ کــە چــۆن ئــەو تــەرزە پیاوانــە هیــچ بــەم چەشــنە خۆشــییە جارەکییانــە شــاد ئەبــن لــە کاتێکــدا هیــچ بــەدڵا ناگــەن.

**مارلۆ:**

ئەمــە نەخۆشــییەکی مێشــکە، خاتــوون. لەبــەر ئەمــە خەڵکــی هەمــوو زەوقیــان جیــاوازە، هەندێــك هــەن کــە ئــم.. ئــا.. ئــم..

**مس هارد:**

باشــت تــێ ئەگــەم، گــەورەم. ئەڵێیــت، ئــەو کەســانەی بــە شــوێن رابواردنــی خۆشــی راســتەقینەدا ئەگەڕێــن، وا دەرئەخــەن کــە بێــز لــەو شــتانە ئەکــەن کــە چنگیــان لێوەگیــر نابــێ.

**مارلۆ:**

بەڵــێ، ئەمــە واتــای منــە، خاتــوون، تەنیــا تــۆ زۆر باشــتر و جوانــتر دەرت بــڕی. مــن ناتوانــم ســەیری.. ئــا..

**مس هارد:** (بۆخۆی)

کــێ ئەتوانــێ بــە مەیلــی (بــێ شــەرم و روو)! (بــۆ مارلــۆ) تــۆ گــەورەم نیــازت وابــوو ســەیری..

**مارلۆ:**

نیــازم وابــوو، خانــم ســەیری، لێــم مەگــرە، خاتــوون، لەبیــرم چــوو نیــازی ســەیرکردنی چیــم ئەکــرد.

**مس هارد:** (بۆخۆی)

ســوێند ئەخــۆم منیــش لەیــادم چــووا (بــۆ مارلــۆ) ئەتــووت، گــەورەم کــە لــە زەمانــی ئــەم دووڕوویــە، شــتێك لەبابــەت دووڕوویــەوە گــەورەم.

**مارلۆ:**

بەڵـێ، خاتــوون لــەم دەورەییــە دووڕوویــەدا، زۆر کــەم کــەس هــەن کــە ئــا- ئــا- ئــا

**مس هارد:**

بە تەواوی ئەزانم چی ئەڵێیت، گەورەم.

**مارلۆ** (بۆخۆی):

ئۆف خوایە! من خۆم ئەمەندە تێناگەم.

**مس هارد:**

گــەورەم ئەتــەوێ بڵێیــت لــەم ســەردەمی دووڕوویــەدا زۆر کــەم هەنــە بــە ئاشــکرا تــف و لەعنــەت لــەو کردارانــە ناکــەن کــە خۆیــان بــە دزیــەوە ئەیکــەن. ئەگــەر ستایشــی داوێــن پاکــی بکــەن وا ئەزانــن هیچیــان لەســەر نەمــاوە!

**مارلۆ:**

راســتە، خاتــوون، ئەوانــەی داوێــن پاکــی پــڕی زاریانــە، خۆیــان تنۆکێکیــان لەدەروونــا نییــە، بــەڵام هیــچ گومانــم نییــە کــە وەرســم کردوویــت خاتــوون.

**مس هارد:**

نەخێــر، نەخێــر، هەرگیــز گــەورەم. شــێوەی گفتۆگــۆت ئەمەنــدە نایــاب و دڵگــرە، ئــەم ژینــە، ئــەم تینــە، ئــا تکایــە گــەرەم، درێــژەی پێبــدە.

**مارلۆ:**

بەڵــێ خانــم ئەمگــووت چەنــد هەلیــك هەیــە، کــە پێویســتی ئازایەتیــن خانــم، گشــتی وێــران ئــەکات و ئێمــەش ئەخاتــە ئــا- ئــا- ئــا-

**مس هارد:**

مــن بەتــەواوی لەگەڵتــام، نەبوونــی ئازایەتــی لــە هەنــدێ هــەل، وا ئــەکا مــرۆڤ خــۆی نــەزان بــکا، لــەو کاتــەدا کــە تــازە گــەرم ئەبیــن نائومێدمــان ئــەکات. تکایــە درێــژەی پێبــدە.

**مارلۆ:**

بەڵــێ، خاتــوون لــەم بابەتــەوە بدوێیــن، تەنیــا وەك بزانــم مــس نیڤیــل لــە ژوورەکــەی تــرا چاوەڕوانیــمان ئــەکات و بــۆ هەمــوو جیهــان چیــتر ئــازارت نــادەم.

**مس هارد کاسل:**

مــن رەخنــەم هەیــە، گــەورەم ســوێندت بــۆ ئەخــۆم بــە درێژایــی تەمەنــم بــەم چەشــنە نەخافــلاوم. تکایــە درێــژەی پــێ بــدە.

**مارلۆ:**

بەڵێ،خاتــوون ئەمویســت، بــەڵام وامــس نیڤیــل ئەیــەوێ بچێــت بــۆ لای، خاتــوون رێگــەم ئەدەیــت لەگەڵتــا بێــم؟

**مس هارد:**

کەواتە وا من بەدواتا یەم.

**مارلۆ** (بۆخۆی):

ئەم گفتوگۆیە رێك و نایابە بۆ من بەس بوو (ئەچێتە دەرەوە).

**مس هارد:** (بەتەنیا)

هـا! هـا! هـا! هیـچ دیتنێکـی لەمـە هەسـتدارتر هەبـووە؟ گومانـم نییـە، لـەو ماوەیـەدا بـە هیـچ کلۆجێـك سـەیری رووی نەکـردم، لەگـەڵ ئەمەشـدا، کابـرا هەرچەنـدە زۆر شـەرمنە، بـەڵام ئەوەنـدە رەزاگـران نییـە. تێگەیشـتنی هەیـە تەنیـا هێنـدە لەنـاو مەترسـییا شـاراوەتەوە کـە لـە نەزانیـن زیاتـر خەڵـك ماندوو ئـەکات. ئەگـەر نەختێـك فێـری بـە خۆبڕوایـی بکـەم، بێگومـان ئەمـە خزمەتێکـە بـۆ کەسـێکی ناسـیار، بـەڵام ئـەو کەسـە کێیـە؟ ئەمـە، بـێ درۆ، پرسـیارێکە خۆیشـم ناتوانـم وەڵامـی بدەمـەوە.. (ئەچێتـە دەرەوە).

(تۆنـی و مـس نیڤیـل یەنـە ژوورەوە، مسـز هاردکاسـل و هەسـتنگس دوایـان کەوتـوون).

**تۆنی:**

بـۆ بـەدوام کەوتوویـت، پـوورزا؟ سـەرم سـوڕماوە چـۆن شـەرمەزار نابیـت هێنـدە خۆتـم بەمـلادا ئەدەیـت؟

**مس نیڤیل:**

ئومێـد ئەکـەم پـوورزا، یەکێـك بتوانـێ خـزم و خۆشـی خـۆی بدوێنـێ بـێ ئەمـەی هەسـت بـە عەیبـە و شـوورەیی بـکات.

**تۆنی:**

وایـە بـەڵام ئەزانـم چ جـۆرە خزمایەتیەکـت لەمـن ئـەوێ، ئەمەشـت دەرئەچـێ (مـس ریکینـس) لـە (کروکدلیـن) بەنامـە بـۆ مـن ئەنێرێـت. تکایـە مـۆدەی سـەرم چـۆن دێتـە بەرچـاوت، مسـتر هەسـتنگس؟

**هەستنگس:**

زۆر جوان و رێکە، خانم وا بزانم ئارایشگەرەکەتان فەرەنسییە؟

**مسز هارد:**

نەخێـــر، قوربـــان، بەدەســـتی خـــۆم کردوومـــە، ئـــەم مۆدەیـــەم لـــە گۆڤـــاری "میمۆراندۆمـــی ئافرەتانـــەوە" لەســـەر وێنەیـــەك هەڵگرتـــووە کـــە ســـاڵی رابـــوردو دەرچـــوو.

**هەستنگس:**

وایـــە! ســـەرێکی ئـــاوا لەلایەکـــی ســـینەما دیاربـــێ، شـــایانی ئەوەیـــە کـــە ئەمەنـــدەی (مایوریـــس خـــان)ی چـــاوی ســـەیرکەرانی بـــەدواوە بێـــت.

**مسز هارد:**

ســـوێند ئەخـــۆم کـــە لـــەو رۆژەوە خـــۆ جوانکردنـــی پەیـــدا بـــووە ئافرەتێـــك نەمـــاوە کـــە نەگۆڕابـــێ، جـــا ئەبـــێ خەڵـــك نەختێـــك لـــە جلوبەرگـــی بخەفتـــێ، ئەگینـــا ئەبـــێ خـــۆی بشـــارێتەوە.

**هەستنگس:**

بـــەڵام لەهـــەر بەرگێـــکا، ئەمـــە هەرگیـــز لەگـــەڵ تـــۆدا روونـــادا، خاتـــوون (کرنۆشـــی بـــۆ ئەبـــا).

**مسز هارد:**

لەگـەڵ ئەمەشـا نازانـم چـۆن خـۆم لەبـەر بکـەم لـە کاتێکـدا پارچـە جێماوێکـی کۆنـی وەك مستەرهاردکاسـل لەلامـا بێـت: تـا ئێـوارە بـۆی بڕێســم گوێــی پــێ نالەقــێ. چەنــدم لەگــەڵ کــردووە کــە تووکــە زەردە ســپاتە خۆکردیەکــەی ســەری فڕێــدا و ســەر رووتەکــەی بــە بــۆدرە وەکــو لۆردپانلــی ســواخدا!

**هەستنگس:**

تـۆ راسـتیی خاتـوون، چونکـە هـەروەك لەنـاو ئافرەتـا ناشـیرینییەك نییـە، بـەم چەشـنە لەنـاو پیاوانـە تاقـە پیرێـك نییـە.

**مسز هارد:**

بـەڵام ئەزانـی وەڵامـی چـی بـوو؟ بـە تەوسـەوە گوتـی: "مـن گوایـە لەمــەدا مەرامــم ئەوەبــووە بەخــۆم قــژە خۆکردییەکــەی بکەمــە ســەرم".

**هەستنگس:**

ئــەوە قســەی کــردن نییــە! لــەم تەمەنــەدا ئەبــێ چیــت ئــارەزووە بــێ ئەمــە بکەیتەبــەر، پێویســتە کــە لێــت بێــت.

**مسز هارد:**

تووبــی خــوا، مســتر هەســتنگس، چ تەمەنێــك ئەمڕۆکــە لەشــارا زۆر لەبــاوە؟

**هەستنگس:**

ماوەیــەك لەمەوبــەر تەمەنــی چــل ســاڵی لــە بــاوا بــوو، بــەڵام بیســتوومە کــە ژنــان بــە ئومێــدن لــە زســتانی داهاتــوودا پەنجــا ســاڵی بکــەن بــە مــۆدە!

**مسز هارد:**

بەراستیتە! کەوا تەمەنی بۆ ئەو مۆدەیە زۆر ساوا ئەبم!

**هەستنگس:**

ئێســتێکە هیــچ ئافرەتێــك لــە چــل ســاڵی رەت نەبووبــێ خشــل بەخۆیــدا نــاکات. بــۆ وێنــە ئــەم ئافرەتــە نــاوی نازانــم لەنــاو کۆمەڵێکــی بەڕێــزا، بــە کۆرپــەی ســاوا ئەژمێردرێــت.

**مسز هارد:**

دەنـا ئـەم خوارزایـەم خـۆی بـە ژنێکـی وەك ئێمەمانـان دائەنـێ و لەپیرەکانمـان پـتر حـەز بـە خشـل و گەوهـەر دەکات.

**هەستنگس:**

ئەمـە خوارزاتـە؟ کەواتـە ئەبـێ، ئەگـەر هیچـی لـێ بزانـم، ئـەم هـەرزەکارەش بـرات بێـت؟

**مسز هارد:**

نەخێـر، ئەمـە کوڕمـە، گـەورەم. هـەردوو بـۆ یەکـتری دانـراون. سـەیری گاڵتـە و یارییـان بکـە، ڕۆژێ دە جـار ئەتۆرێـن و ئاشـت ئەبنـەوە، ئەڵێـی لـە ئێسـتەوە ژن و مێـردی بەراسـتینە. (بـۆ ئـەوان) تۆنـی کـوڕم ئـەوا چ باسـێکی خۆشـە ئەمشـەو بـۆ پـوورزات ئەکەیـت؟

**تۆنی:**

چ باسـێکی خۆشـی بۆناکـەم، تەنیـا ئەڵێـم دەردێکـی زۆر گرانـە کەسـێك بەمجـۆرە وازت لـێ نەهێنـێ، ئـۆف خوایـە! لـەم خانـووەدا جێگەیەکـم بـۆ نەماوەتـەوە کـە تیایـا تەنیـام جـێ بهێڵـن، تەوێلـە نەبـێ.

**مسز هارد:**

گـوێ مـەدەرێ، خـوارزا، ئازیزەکـەم ئـەم لەلایەکیـترا بـە دواتـا ئەگـەڕێ.

**مس نیڤیل:**

پـوورزام خـۆڕا نییـە وا ئـەکا، لـە پێـش چـاوی لەگەڵـما بەشـەڕ دێـت تـا بەتایبەتـی لـە بەینـی خۆمانـا بـی بەخشـم.

**تۆنی:**

نەخێر ئەمەوێت هەتا هەتایە نەمدوێنیت.

**مسز هارد:**

ئـاخ! چەنـد مـۆن و شـەرمنە! تـۆ خـوا مسـتر هەسـتنگس لـە دەم و لووتـا هــەر لەیەکـدی ناکـەن؟ پشـت لـە یەکـتری بکـەن، لاوە چاکەکانـم، بەڵکـو مسـتر هەسـتنگس باشـتان ئەبینـێ، تۆنـی وەرە.

**تۆنی:**

پێـت ئەڵێـم چاکـتر ئەمـە بـوو وازم لێبێنـی (خـۆی بـە نیڤیـل ئەپێـوێ).

**مس نیڤیل:**

ئۆف خوایە! سەری شکاندم.

**مسز هارد:**

ئـەی دڕنـدە! تۆنـی شـوورەییە! شـەرمت بەخـۆ بـێ، تـۆ لای خـۆت پیاویـت! چـۆن ئـاوا ئەکەیـت!

**تۆنی:**

ئەگـەر پیـاوم دە میراتـی خـۆم لەدەسـت نـێ. بـە خـوا ناهێڵـم چیـتر ئەوهـا شـێتم بکـەن!

**مسز هارد:**

بـێ ئەمـەگ، ئـەم چاکەیـەم ئەدەیتـەوە لەپاداشـتی ئـەو هەمـوو ماندووبوونەمـەوە بـە فێرکـردن و پێگەیاندنتـا؟ مـن کـە بێشـکەم ڕاژاندوویـت، ئـەم زارە جوانـەم بـە کەوچـك تێرکـردووە! ئـەم سـوخمەیەم بەدەسـتی خۆمـا بـۆ نەکردویـت تـا (جەنتـل) دەرچیـت! هـەر مـن کاروبـارم هەڵنەسـووڕاندوویت؟ چەنـدت بـۆ گریـاوم!

**تۆنی:**

بـە خـوا بەخۆڕایـی نەگریاویـت، چونکـە ئەوەتـی مـن لەدایـك بـووم هـەر دەرمانـت داومەتـێ.

**مسز هارد:**

گشـتی بـۆ چاکـەی تـۆ نەبـووە، ئەژدەهـا؟ هەمـووی لەبـەر تـۆ نەبـووە؟

**تۆنی:**

کەواتـە ئەمـەوێ خـۆم و چاکـەم بـە تەنیـا جـێ بێڵـی، ئەوکاتـە منەتـم لەسـەر بکـە کـە بێمـەوە سـەرخۆم ئەگـەر هیـچ چاکیـم بێـت بـا بـۆ خـوا بـێ.

**مسز هارد:**

ئەمـە بوختانـە، کـەی کـە لەسـەرخۆت بـی، مـن ئەتبینـم؟ نەخێـر، تۆنـی ئـەو حەلـە بـا ئەچێتـەوە مەیخانـە یـا کۆڕێتـی سـەگان. کـەی مـن خۆشـی لـە وشـە ڕەقەکانـت ئەبینـم؟ وەی جانـەوەری دڵ ڕەق؟

**تۆنی:**

خوا هەڵناگری دایە وشەکانی تۆ لەهەمووی دڕندەتر و ڕەقترن.

**مسز هارد:**

تۆنـی خـوا وێنـەی خـۆی هەیـە؟ ئـاە، ئەزانـم ئەیـەوێ دڵـم ورد بـکا، وا دیـارە ئەمـەی ئەوێـت.

**هەستنگس:**

خاتـوون خـان، ڕێـم بـدە نەختێـك ئامـۆژگاری ئـەم لاوە بکـەم، بێگومـان وای لێئەکـەم فەرمانـی خـۆی بزانێـت.

**مسز هارد:**

زۆر باشـە، مـن ئەچمـە دەرەوە، وەرە خـوارزای خۆشەویسـت. مسـتر هەسـتنگس، ئەبینـی تووشـی چ بەڵایـەك هاتـووم. هیـچ ئافرەتێکـی بەسـەزمان ئـاوا دووچـاری کوڕێکـی بـێ نمەکـی، زیـان بەخشـی جوانـی، خوێـن شـیرینی ئازیـز بـووە؟

(مسز هارد کاسل، مس نیڤیل، هەستنگس، تۆنی ئەچنە دەرەوە).

**تۆنی** (گۆرانی ئەڵێ):

لاوێـك هەبـوو بـە سـواری ئەڕۆیـی، ئارەزوویـی پێـك نەئەهـات. لێـدە- دوو دیلـۆ دی- گـوێ مـەدەرە ئـەو ئافرەتـە. واز بێنـە بابگـری. گریـن دەرمانـی دەردی دڵیەتـی. چەنـد جـارم لەگـەڵ خوشـکما بینیـون پێکـەوە بـۆ سـەعاتێك لەسـەر نووسراوێـکا گریـاون. گوتوویانـە چەنـدی نووسراوەکـە زیاتـری گریانـدوون ئەمەنـدە زیاتـر خۆشـیان ویسـتووە.

**هەستنگس:**

کەواتە ئەبینم تۆ دۆستی ئەم ئافرەتانەیت، لاوی نازدار؟

**تۆنی:**

من وام بۆ دەرئەکەوێت، ئم..

**هەستنگس:**

تەنانـەت ئەتوانـم بڵێـم دۆسـتی ئـەو ئافرەتـەش نیـت کـە دایکـت بۆتـی هەڵبـژاردووە؟ لەگـەڵ ئەمەشـا مـن بـە کیژێکـی نـازداری هێمنـی ئەبینـم.

**تۆنی:**

ئەمـە لەبـەر ئەوەیـە کـە تـۆ وەك بەنـدە نایناسـی، ئـۆف خوایـە! مـن زۆر چـاك ئەیناسـم، لـەرووی زەویـدا یەکێکـی ئـاوا تـووڕە و

تەنــگاو و شــەڕاوی و بەدخــوو نادۆزیتــەوە.

هەستنگس (بۆخۆی):

ئەمە مژدەیەکی هاندەرە بۆ حەزلێکەرێك.

**تۆنی:**

ئـاوای ئەناسـم، بەخـوا ئەمەنـدە فرتوفێڵاوییـە هـەر لـە کەروێشـکی نـاو لانـەو دارو دەوەن و جەوانـە ئەسـپ لەکاتـی شـەبەقی بەیانـا ئـەکات.

**هەستنگس:**

دەنا من بە دانا و همێنی تێ ئەگەم.

**تۆنی:**

ئـای، لەنـاو خەڵـکا، بـەڵام کـە ئەگاتـە دەسـتە خوشـکانی ئەنجـا بزانــە چــۆن هەنــدەی یەکانــە بەرازێکــی خەســیوی نــاو دەرگا بــە بــۆڕە بــۆڕە.

**هەستنگس:**

ئەم بێ فێزی و ساکارییە و لەسەرخۆییە دڵی گرتووە.

**تۆنی:**

راســتە، بــەڵام هــەر نەختــێ جەلــەوی بــۆ شــل کــە، دەس ئــەکا بەپاشەلووشــکە، ئەوســا ئەزانــی چــۆن لەنــاو گۆمــاودا زرمــەت لێوەیــەت.

**هەستنگس:**

بەڵێ، تەنیا ئەبێ دان بە جوانیا بنێیت.

**تۆنی:**

کـوڕە هەمـووی خۆجوانکردنـی سـوور و سـپیاوە. ئـاخ، ئەگـەر (بێـت بۆنســەر)ت ئەبینــی ئەنجــا باســی جوانیــت ئەکــرد. ئــۆف خوایــە،

لەبــەر ئــەو دوو چــاوە گــەش و جــوان و ئــەو کۆڵمــە ســوورگوڵ و خرپنانــە! دووی وەك ئەمــەی تــێ ئەبــێ.

**هەستنگس:**

باشــە، چــی ئەڵێیــت، گــەر هاوڕێیــەك لــەم دەرد و بەڵایــەت رزگار بــکا؟

**تۆنی:**

کوا برادەری ئاوا لە کوێیە؟

**هەستنگس:**

ئەگــەر مــس نیڤیــل بــەرێ و تــۆ بــۆ کامەرانــی و یــارت جــێ بێڵــی، ئــەوا سوپاســی ئەکەیــت؟

**تۆنی:**

ئای، بەڵام کوا ئەم جۆرە دۆستە؟ چونکە کێ نیڤیلی ئەوێت؟

**هەستنگس:**

مــن ئــەو کەســەم، ئەگــەر تــۆ نەختــێ یارمەتیــم بدەیــت. ئــەوا بــۆ فەرەنســایی هەڵئەگــرم و هەتــا هەتایــە گوێــت لەدەنــگ و باســی نامێنــێ.

**تۆنی:**

یارمەتیــت بــدەم! ئــۆف خوایــە! بەخــوا تــا دوا تنۆکــی خوێنــم، جووتــە ئەســپێك ئەبەســتم بــە پەیتوونەکــەوە کــە لەچــاو تروکانێــکا بتــان رفێنــن. ئەشــێ بەشــێکی میراتەکەیشــت بــۆ بپچڕێنــم، لــە خشــڵ و گەوهــەر کــە خەویشــی پێــوە نابینــی.

**هەستنگس:**

خۆشەویســتە بەڕێزەکــەم، ئەمــە لەگەنجێکــی ئــازا و بــە ویــژدان ئەوەشــێتەوە.

**تۆنی:**

کەواتــە وەرە وەپێــش ئەمــەی لێــك بترازێیــن، ئەبــێ زیاتــر ویــژدان و ئازایەتیــم ببینــی (گۆرانــی ئەڵــێ: ئێمــە ئــەو منالایــەن لــە دەنــگ دەنــگ ناترســین. لــەو جێگەیــەدا کــە تــۆپ وەك هــەورە تریشــقە گرمەیــان یــەت). (ئەچنــە دەرەوە).

**(پەردە).**

## (بەشی سێیەم)

(مستر هاردکاسل بەتەنیا یەتە ژوورەوە)

**مستر هارد کاسل:**

ئەبێ هاوڕێی کۆنم، سیر چارلس، نیازی چی بێ کە کوڕەکەی بە ساویلکەترینی گەنجی شارا دائەنێ؟ بەلای منەوە لە هەموو کەسێ ناپەسندترە، هەر لە ئێستەوە کۆرسییەکەمی داگیرکرد کە لە ڕۆخ ئاگردانەکەیەوە پێڵاوەکانی لە هەیوانەکەدا فڕێدا و داوام لێ ئەکا ئاگاداریان بم. زۆر حەز ئەکەم بزانم ناپەسندیەتی کەی تا چ ئەندازەیەك لە کیژەکەما کار ئەکا. بێگومان لە دڵی ئەداتەوە.

(مس هاردکاسل یەتەژوورەوە، جلی سادەی لەبەرایە).

**مستر هارد کاسل:**

باشە، کیژم، ئەبینم وەك پێم وتی بەرگت گۆڕیوە، لەسەر ئەمەشەوە، وا بزانم هیچ لە گۆڕێ نەبوو.

**مس هارد کاسل:**

گەورەم، بەجێبەجێکردنی فەرمانەکانت هێندە دڵخۆش ئەبم بێ ئەوەی گوێ بدەمە چۆنییەتیان، ئەیانگرمە ئەستۆم.

**مستر هارد:**

لەگەڵ ئەمەشا، کیت هەندێ جار چەند هۆیەکت ئەدەمێ، بەتایبەتی کە ئیمڕۆ دەستگیرانە ساویلکە خۆشەویستەکەتم پێشکەش کردی.

**مس هارد:**

ئاوات لێکردم چاوەڕوانی شتی سەیر و لەعالەم بەدەر بم،

کەچــی ئەبینــم خــۆی پێشــی لەقســەکانی تــۆش بڕیوەتــەوە لــە باســی ئــەوا.

**مستر هارد:**

لـــە ژینـــا هەرگیـــز بـــەم چەشـــنە سەرســـام نەبـــووم، هەمـــوو بیروبـــاوەڕی ئاڵـــۆز کـــردم.

**مس هارد:**

من کەسی وەك ئەوەم نەدیوە، بەراستی پیاوی دونیایە.

**مستر هارد:**

ئـای، گشـتی لـە گەڕانـا فێـری بـووە، چـۆن خلـە ناوێـك بـووم کـە باوەڕبکـەم لاوێـك بـە گـەڕان فێـری سـادەیی بێـت.

مس **هارد کاسل:**

ئەمانە بۆ ئەو هەمووی سانایە.

**مستر هارد کاسل:**

دیـــارە زۆر ســـوودی لەهاوڕێـــی بـــەدو وەســـتایەکی فەرنســـاوی هەڵپەڕینـــا وەرگرتـــووە.

**مس هارد:**

بــێ ســوو، بابەگیــان، بــە هەڵەچوویــت، وەســتایەکی فەرەنســاوی هەڵپەڕکـی هەرگیـز ناتوانـێ ئـەو روانینـە پـڕ ترسـە و ئـەو شـێوە شــپرزەییەی فێــر بــکات، ئــەو رەوشــتە شــەرمنییە.

**مستر هارد:**

روانین و رەوشتی کێ، ساوا؟

**مس هارد:**

ئێ مستر مارلۆ، لە یەکەم بینینا بۆم دەرکەوت.

**مستر هـ:**

کەواتــە یەکەمیــن دیدەنیــت لــە خشــتەی بردوویــت، چونکەمــن وا تێئەگــەم بەدتریــن یەکــەم بینیــن کــە واقــی ورد کردبــم هــی ئــەوە بــووە.

**مس هارد:**

بەراســتی، گــەورەم تــۆ گاڵتــە ئەکەیــت. مــن نەمدیتــووە کەســێ هەنــدە ســاویلکە بــێ.

**مستر هارد:**

گوایــە تــۆش گاڵتــە ناکەیــت؟ بەنــدە لــە ژینــا ناپەســەند و ســەگێکی ئەوتــۆم چــاو پێــی نەکەوتــووە.

**مس هارد:**

زۆر ســـەیرە، ئەمەنـــدە ریـــزی گرتوومـــە، بەدیدەنیـــم خۆیـــی چەماندۆتــەوە، زوبانــی بەســتراوە، ســەری لەبەرخــۆی نــاوە و چــاوی بڕیوەتــە خــاك.

**مستر هارد:**

کەچــی لەگــەڵ منــا بەدەنگێکــی بــەرز و شــێوەیەکی خانەدانانــەوە جووڵاوەتـــەوە ئەتـــووت ســـەد ســـاڵە نـــان و پیـــوازی لەگەڵـــدا خواردوومــە. بــە جۆرێــك خوێنــی لەشــی بەســتوومە.

**مس هارد کاسل:**

لەگــەڵ منــا ئێجــگار بەڕێــز جووڵاوەتــەوە، خــوو و ڕەوشــتی ئــەم زەمانــەی هەڵســەنگاند، ژێــری ئــەو کیژانــەی پەســەند کــرد کــە پێناکەنــن، هەمیشــە بــە داوای بەخشــین و لێبوردنــا هەراســانی کــردم کــە گوایــە مانــدووی کردبــم، لــە دواییــدا بــە داهاتنــەوەی ریزگرتــن و "خاتــوون" بــۆ هەمــوو دونیــا مــن دوات ناخــەم" چــووە دەرەوە.

**مستر هارد کاسل:**

بــە جــۆری گفتوگــۆی لەگــەڵ منــا کــرد وەك لــە رۆژی لەدایکبونیــا منــی ناســیبێ. بیســت پرســیاری کــرد بــێ ئــەوەی چاوەڕوانــی وەڵامێــك بێــت. هــەزاران رەخنــەی لەقســەو باســم گــرت، لــەو کاتــەی چاکتریــن چیرۆکــی (دۆقــی مالبــۆرۆ و شــاکوور ئۆگینــس"م بــۆ ئەگێڕایــەوە پرســی ئەگــەر (عارەقێکــی) باشــم هەبــێ؟ ئــاوا کیــت، داوای لــە باوکــت کــرد، گوایــە (عارەق-فرۆشــە).

**مس هارد:**

پێویستە لەمن و تۆ یەکێکمان بەهەڵەچووبین.

**مسز هارد:**

ئەگــەر ئــەو کــوڕە بیــت کــە خــۆی دەرخســت، بڕیــارم داوە هەتــا مــاوە تەمایــی بەتــۆ نەبێــت.

**مس هارد:**

ئەگــەر هەنــدە تــووش و بەدبیــت، ئــەوا منیــش لەســەر ئــەم رایەیــەم.

**مستر هارد:**

کەواتە لەمەدا یەکین کە نەمانەوێت.

**مس هارد:**

بەڵــێ، تەنیــا چەنــد مەرجێــك هەیــە، چونکــە ئەگــەر تــۆ نەختــێ زیاتــر پەســندت کــرد، بەرێزتــرت هاتــە بەرچــاو، مــن ئازاتــر و ســوورترم زانــی، نازانــم خــۆی کابــرا پیاوێکــی تــەواوە، لــە راســتیدا ئێمــە لــە لادێــدا زۆر تووشــی ئــەم جــۆرە کەســانە نابیــن.

**مستر هارد کاسل:**

ئەگــەر بــەم جۆرەمــان دیــت، بــەڵام ئەمــە روو نــادات. یەکەمیــن

بینیــن کاری لەکارترازانــد، مــن لــەم بابەتــەوە هیــچ بەهەڵــە ناچــم.

**مس هارد کاسل:**

لەسەر ئەمەشا، ئەشێ گەلێ شتی باشی لەباڵادابێ.

**مسز هارد:**

ئــای گــەر ئافرەتێــك رای لەبــەژن و بــاڵا و رووی کەســی بــوو، ئەنجــا بــە گوێــرەی دڵــی خــۆی بیــر لــە خــوو رەوشــتی ئەکاتــەوە، لای وایــە دەم و چاوێکــی نــازدار لەجیاتــی هەســت و بیــری بــەرزە و شــۆخێکی لاوچــاك هەمــوو چاکــە و پاکیــە.

**مس هارد:**

ئومێــد ئەکــەم، گــەورەم، لــەم گفتوگۆیەتــا کــە بــە پەســەندکردنی هەســت و بیــری منــا دەســتی پێکــرد، بــە تێــز و فیزکــردن بــە تێگەیشــتنما کۆتایــی نەیــەت.

**مسز هارد:**

بــم بەخشــە کێــت، بــەڵام ئەگــەر ئــەو ناپەســندە بتوانــێ لەگــەڵ گــورگا گۆشــت بخــوا و لــە تــەك مــەڕا شــین بــکا، ئــەوا زۆر نزیکــە هەردوولامــان رازی بــکات.

**مس هارد:**

باشــە کــە بێگومــان یەکێکــمان بــە هەڵــە چوویــن، چــی ئەبــێ ئەگــەر لەمــە زیاتــر تاقیکردنــەوە و لێکۆڵینــەوە بکەیــن؟

**مستر هارد:**

باشە، من ئەیکەم، تەنیا دڵنیابە کە من راستم.

**مس هارد:**

سووت نەبێ کە منیش زۆر بەهەڵە نەچووم.

(ئەچنە دەرەوە.)

(تۆنی یەتە ژوورەوە، سەنووقێکی بچووکی لەدەستایە، را ئەکا.)

**تۆنی:**

خوایـە! دەسـم بەسـەراگرتن، ئـا ئەمەتـان هەمـوو ملوانکـە و خشـڵی پـوورزام، چـۆن ئەبـێ دایکـم ئـەو بەسـەزمانانە لـە میراتـی خۆیانـا بـەش بـڕاو بـکا؟ ئەهـا، مـس هـارد، ئـەوا تـۆی؟

(هەستنگس ئەچێتە ژوورەوە).

**هەستنگس:**

هـاوڕێ خۆشەویسـتەکەم! لەگـەڵ دایکتـا چیـت کـردووە؟ ئومێـد ئەکـەم بـە نیشـاندانی بـەدرۆ حەزلێکردنـی پـوورزات و بەمـەدا کـە ئـارەزووی پێکهاتنـەوە ئەکەیـت دڵیـت دابێتـەوە؟ لـە ماوەیەکـی کەمـا وڵاخەکانمـان ماندوویـان ئەحەسـێتەوە و بـۆ راکـردن ئامـادە ئەبیـن.

**تۆنی:**

ئەمـەش لـە رێـگادا پێویسـتیان ئەبـڕێ (سـەنووقە بچکۆڵەکـەی ئەداتـێ). ئەمـە خشـڵی دولبەرتـە. خـۆت هەڵیبگـرە و هەرکـەس ویسـتی پەلاماریـان بـدا لەسـەری بـدە.

**هەستنگس:**

بەڵام تۆ چۆن لە ژێر چنگی دایکتا پچڕاندنت؟

**تۆنی:**

هیچـم لـێ مەپرسـە، منیـش هیچـت لـەدەس نانێـم، مـن بـە یاسـای پەنجـەم پچڕانـدن. ئەگـەر کلیلـی هەمـوو دەرگا و دایـەرەی دایکـم نەبـێ چـۆن ئەتوانـم ئەمەنـدە هاتووچـۆی مەیخانـە بکـەم وەك ئەیکـەم؟ مرۆڤـی داوێـن پـاك هـەر کاتێـك بـۆی هەیـە دزی لەخـۆی بـکات.

**هەستنگس:**

رۆژێ هــەزاران کــەس ئــەوە ئەکــەن، بــەڵام درۆت لەگەڵــدا نەکــەم، ئێســتێکە ئــەوا مــس نیڤیــل لای پــووری هەوڵــی وەرگرتنەوەیــان ئــەدا. ئەگــەر لەمــەدا ســەرکەوێ، ئــەوا جوانتریــن رێگەیــە هیــچ نەبــێ بــۆ وەدەستخســتنیانەوە.

**تۆنی:**

باشــە، تــۆ لای خــۆت تاقەتیــان بکــە، تــا ئەنجامێــك وەرئەگــری. بــەڵام مــن زۆر بەتــەواوی ئەنجامەکــەی ئەزانــم، دایکــم ئەگــەر واز لەمانــە بێنــێ کەواتــە واز لــەو تاکــە دانەشــییا بهێنــێ کــە لــە زار مــاوە.

**هەستنگس:**

بــەڵام مەترســیم لــە خــەم و خەفــت خواردنیــا هەیــە، کاتێــك کــە بــە نەمانیــا بزانێــت.

**تۆنی:**

هیــچ دڵــی خــۆت بەخەمــی ئــەوا مەشــکێنە و گوێــی خۆتــی مــەدەرێ. ئەمــەی بــۆ کاکــی خــۆت دانــێ. ناڵــە و نــووزەی ئــەو بــەلای منــەوە بــای پوولێــك نینــە. ئــۆف خوایــە! کــوڕە ئــەوا هاتــن دەرپــەڕە!

(تۆنی، مسز هاردکاسل، لەگەڵ مس نیڤیل)

مســز هاردکاســل لــە راســتیا کۆنســتانتس تــۆ منــت شــێت کــردووە، کیژێکــی وەك تــۆ خشــڵی ئــەوێ؟ وەختێکــی زۆر ئەبــێ بــۆ خشــڵ و خــاڵ، ئازیزەکــەم پــاش بیســت ســاڵێك ئــاوا ئــەم کاتــە کەجوانــی و لاوچاکیــت پێویســتی بــە پینــە و چاکردنــەوە ئەبــێ.

**مس نیڤیل:**

بـەڵام خاتـوون، ئـەوەی جوانـی و نـازداری لەتەمەنـی چـل سـاڵیدا ئەگێڕێتـەوە، بێگومـان لـە بیسـت سـاڵیا باشـتریان ئـەکا.

**مسز هارکاسل:**

جەوانـی تـۆ، خۆشەویسـتەکەم، پێویسـتی بـە هیـچ نییـە، ئـەم کوڵمـە لـە خۆرسـك سـوور هەڵگـراوە کاری هـەزار رازاندنـەوە ئـەکات. لەگـەڵ ئەمەشـا بەرخـم، لـەم دەمـەدا خشـڵ لـە گـۆڕێ نییـە و بـێ بـاوە. نابینـی چـۆن زیاتـر لـە نیـوەی ئـەو ئافرەتانـەی ئەیـان ناسـین خشـل و زێڕیـان ئەبەنـە شـار و لـە سـۆرا و سـپیاو بـەولاوە چیـتر ناهێننـەوە؟

**مس نیڤیل:**

کـێ ئەزانـێ، خاتـوون، ئەلـوێ کەسـێکی بێگانـە ئـەو کاتـە منـی بەتـەواوی بوێـت کـە هەمـوو زێـڕ و زەبـرم لەگەڵـدا بێـت.

**مسز هارد:**

ئـەم (شـەرعە) بەئاوێنـەت بکـە، ئازیزەکـەم، ئەنجـا بزانـە، ئەگـەر بـەم چەشـنە جووتـە چـاوە پێویسـتیت بـە هیـچ وردە بریقەیەکـەوە هەبـێ؟ تـۆ چۆنـی تـێ ئەگـەی، تۆنـی، کـزەی جەرگانـم؟ تۆبـی خـوا لـە پێـش چـاوی تـۆوە پـوورزات بـۆ جوانکـردن هیچـی ئەوێـت؟

**تۆنی:**

ئەمە ئەشێ لە دوارۆژا رووبدات.

**مس نیڤیل:**

پـووری خۆشەویسـتی خـۆم، ئەگـەر ئەتزانـی چەنـدە پـێ گوشـاد ئەبـم!

**مسز هارد:**

بەڵــێ، چەپکــێ گوڵــی کۆنینــە. بەخــوا ئەمانــە هــەر لەتــۆ ناوەشــێتەوە. ئەگەرچــی وا تــێ ئەگــەم بــەم دەمــە هــەر پێشــم پەیــدا ناکرێــن. ئەشــێ هــەر ون بووبــن.

**تۆنی** (بەتەنیا بۆ مسز هارکاسل):

کەواتــە بــۆ هەتــا زووە ئەمــەی پــێ ناڵێیــت؟ مــادام هەنــدە ئارەزوویــان ئــەکات پێــی بڵــێ ون بــوون، بەمــە نەبــێ دڵــی داناکەوێــت. تــۆ بڵــێ "دزراون" منیــش بەشــایەت دابنــێ، ئەوســا خەمــت نەبــێ.

**مس هاردکاسل** (تەنیا بۆتۆنی):

تــۆ ئەیزانــی، ئازیزەکــەم، مــن هــەر بــۆ تــۆ هەڵیانئەگــرم، جــا ئەگــەر وتــم دزراون، تــۆ شــایەتیم بــۆ ئەدەیــت، وا نییــە؟ هــی! هــی! هــی!

**تۆنی:**

قــەت لێــم مەترســە، ئــۆف خوایــە! بــێ ســوو ئەڵێــم بــەم دوو چاوانــەی خــۆم بینیــم کــە دزران.

**مس نیڤیل:**

تەنیــا بــۆ یــەك رۆژم ئەوێــن، خانــم. بــەس رێگــەم بــدە بەنــاوی یــادگاری مــردووان بەخۆمیانــەوە بکــەم، ئەنجــا دووبــارە لای خــۆت گلیــان بــدەوە.

**مسز هارد کاسل:**

بــێ درۆ، کۆنســتانس خۆشەویســتم، ئەگــەر بمدۆزیبیانــەوە، وەرت ئەگرتــن. بــەڵام دڵنیــات ئەکــەم کــە دیــار نینــە، هیچــی بزانــم ون بوونــەو نەمــاون. تەنیــا لــە هــەر شــوێنێکا بــن ئەبــێ ئێمــە ئــارام بگریــن.

**مس نیڤیل:**

بەمــە بــاوەڕ ناکــەم، تەنیــا نیشــانەیەکی ئاشــکرایە کــە ئەتەوێــت بـێ بەشـم بکەیـت. ئەزانـم ئەمەنـدە بـێ نـەرخ نینـە تـا ئـاوا بـێ بـاك هەڵگیرابــن، ســووچی ون بوونیــان لــە ئەســتۆی تۆیــە.

**مسز هارد کاسل:**

مەترسـە، کۆنسـتانس، ئەگـەر نەمابـن، ئـەوا خـۆم تۆڵەیـان ئەژمێـرم. بـەڵام کوڕەکـەم ئەزانـێ کـە ئێسـتێکە دیـار نینـە و نادۆزرێنـەوە!

**تۆنی:**

ئەتوانــم شــایەتی ئــەوە بــدەم. ســوێند ئەخــۆم کــە ون بوونــەو نادۆزرێنـــەوە!

**مسز هارد کاسل:**

ئەبـێ خـۆت فێـری نەبوونی بکەیـت، خۆشەویسـتم. چونکـە هەرچەند (سـەرمایە) ون ئەکرێـت نابـێ (ئـارام)ی ون بکەیـن. سـەیری پـووری خـۆت بکـە، بزانـە مـن چەنـد هێمـن و لەسـەرخۆم.

**مس نیڤیل:**

ئای کەس بە زیانی خەڵکی ترەوە ناشڵەژێت.

**مس هارکاسل:**

تێناگــەم چــۆن کیژێکــی وەك تــۆ مەنــد و پڕهــۆش هەنــدە خــۆی بـــەم تورەهاتانـــەوە ئـــازار ئـــەدات! خـــوا یاربـــێ بـــەم زووانـــە ئەیاندۆزینـەوە، تـا ئـەو کاتـەش ئەتوانـی لەجیاتـی خشـڵی خـۆت تلەوپلــەی مــن بەخۆتــەوە بکەیــت.

**مس نیڤیل:**

من حەز بەمانەوە ناکەم.

**مس هارد:**

ئەمـان لـە هەمـوو شـتێ زیاتـر لـە رەنـگ و روویەکـی ئـاوا گەشـا ئەوەشـێنەوە، زۆرجـارت بنیـوە چەنـد جـوان لەمـن هاتـوون. وا ئەچـم بۆتـی ئەهێنـم. (ئەچێتـە دەرەوە).

مـس نیڤیـل (ئەیـەوێ دوای بخـا)، لـە هەمـوو شـتی زیاتـر بێزیـان لـێ ئەکـەم. نابـێ ببزویـت، توخـوا لـە جیهانـا لەمـە تاڵـتر هەیـە کـە خشـڵی خـۆم حەشـار بـدرێ و ناچـار بکرێـم توورەهاتـی ئـەو بەخۆمـەوە بکـەم؟

**تۆنی:**

شـێت مەبـە. ئەگـەر دایکـم هـی خۆیـت بداتـێ، ئـەوا چیـت دەسـکەوت وەریبگـرە، خشـڵەکانت دەمێکـە لـە ژێـر چنگـی خۆتایـە. مـن لـە (قاسـەکە)یا بـۆم دزی، ئەویـش بەمـە نازانـێ. بگـە دۆسـتەکەت، ئـەو ئـەم باسـەت بـۆ ئـەکات، دایکـم بـۆ مـن جێبێڵـە.

**مس نیڤیل:**

ئۆه، پوورزا خۆشەویستەکەم!

**تۆنی:**

راکـە، وا دایکـم هاتـەوە، مسـۆگەر زانیویـە کـە دزراون، خـوا هـاوار! لـە داخانـا چـۆن ئەهەژێـت!

(مسز هاردکاسل دێتە ژوورەوە)

**مسز هارد کاسل:**

فۆتـان! دز! رێگـر! مـاڵ وێـران بوویـن! تـاڵان کرایـن! دەرگاوبانمـان شـکاوە، تیـا چوویـن!

**تۆنی:**

چــی بــووە دایــە، چــی قەومــاوە؟ ئومێــد ئەکــەم کەســمان چــی بەســەرا نەهاتبــێ!

**مس هارد کاسل:**

تــاڵان کراویــن! ژووری مــن کراوەتــەوە، خشــل و گەوهــەرەکان دزراون، قــوڕم بەســەرا کــراوە!

**تۆنی:**

ئــۆهـ! هەمــووش هــەر ئــەوە بــوو؟ هــا! هــا! هــا! هــا! ســوێند ئەخــۆم لــەم کارەم باشــتر و بەجێــتر نەبیســتووە. ئــۆف خوایــە! وامزانــی بەراســتی مــاڵ وێــران کراویــت! ها!هــا! هــا! هــا!

**مسز هارد کاسل:**

ئــای چــی؟ هەتیــو، ئــەی بەڕاســتی، هەشــم بەســەراکراوە، هــۆدەم کراوەتــەوە و هیچــی تیــا نەمــاوە.

**تۆنی:**

زۆر باشــە، دایــە، ئەمــە بیانوویەیــك باشــە بــەری مــەدە، هــا! هــا! هــا! لەســەری بــڕۆ، تــۆ ئەزانــی مــن شــایەتیت بــۆ ئــەدەم، ئــادەی بمکــە بــە شــایەت.

**مسز هارد کاسل:**

تۆنــی، بــە هەمــوو شــتێکی پیــرۆز ســوێندت بــۆ ئەخــۆم کــە دوڕ و گەوهــەرەکان نەمــاون، منیــش هەتــا هەتایــە roورەش بــووم.

**تۆنی:**

بێ شك ئەزانم، نەماون: هەر ئاواش ئەڵێم.

مســز**هارد کاســل:** تۆنــی هــەرە خۆشەویســتم: بــڕوا بکــە مــن پێــت ئەڵێــم بەراســتی نەمــاون.

**تۆنی:**

بەخـوا دایـە تـۆ بـە پێکەنینـم ئەهینـی، هـا! هـا! هـا! هـا! مـن زۆر چـاك ئەزانـم کـێ بردوونـی، هـا! هـا! ها!هـا!

**مسز هارك کاسل:**

هیـچ نەفامێکـی وەك تـۆ هەبـووە کـە فشـەو راسـتی جیـا نەکاتـەوە؟ پێـت ئەڵێـم گاڵتـە ناکـەم، ناپەسـەندی گڵاو!

**تۆنی:**

هەقــی تۆیــە، هەقــی تۆیــە! ئەبــی ئــاوا خــۆت گــرژ و رووتــرش بکەیــت هەتــا کــەس گومــان و ســوومان لــێ نــەکات. مــن ئەبــێ شــایەتیت بــۆ بــدەم کــە نەمــاون.

**مسز هارد کاسل:**

هیـچ دڕندەیەکـی رەزاگرانـی وەك تـۆ هەبـووە! کـە ئـاوا پێـم بـاوەڕ ناکەیــت! ئەتوانــی شــایەتی بدەیــت کــە تــۆ شــێت و بێمێشــکی؟ هیــچ ئافرەتــی بەســەزمان ئــاوا تووشــی دردەســەری بــووە لــە چنـگ دز و درۆزنـان لەلایـەکا و لـە چەنـگ شـێت و ئەقـڵ سـووکان لەلایەکــی تــرا؟

**تۆنی:**

ئەتوانم شایەتی ئەمەشت بۆ بدەم.

**مسز هارد کاسل:**

ئەتــۆ دیســانەوە شــایەتی بــدە، مێشــك پــووچ، ئەنجــا بزانــە چــۆن بــەدەرەوەت ئەنێـم. خـوارزای بەسـەزمانم، ئەبـێ قوڕبەسـەر، چـی بەسـەرابێ؟ ئـەوا پـێ ئەکەنـی هـەی جانـەوەری دڕنـدە، ئەڵێـی بـە نەگەبەتیـم بەختیـار و دڵخۆشـی؟

**تۆنی:**

ئەتوانم شایەتی ئەمەشت بۆ بدەم.

**مسز هارد کاسل:**

هــەی گەمــاڵ، ئــەوا تیــزو فیــزم پــێ ئەکــەی؟ ئەبــێ بــۆ قەشــمەری کــردن بــە دایکتــا، وانەیەکــی ئەوتــۆت فێربکــەم هەرگیــز لەبیــرت نەچێتــەوە.

**تۆنی:**

ئەتوانــم شــایەتی ئەمــەت بــۆ بــدەم (تۆنــی را ئــەکا، دایکــی بەدوایــا ئەبــەزێ، ئەچنــە دەرەوە. مــس هاردکاســل لەگــەڵ کارەکــەر دێنــە ژوورەوە).

**مس هارد کاسل:**

ئــەو برایــەم چەنــد ســەیر و ئاڵــۆزە، تــۆ وەرە بەنــاوی (خانــەوە) میوانــەکان بنێرێتــە ئێــرەوە، هــا! هــا! هــا! هــەر مــن ئەزانــم چەنــد بــەدو ناپەســەندە!

**کارەکەر:**

لــەوەش بەڵاتــر ئەمەیــە، خاتــوون کــە ئێتســەم بــەم بەرگەتــەوە بیــرەدا رابــوردی، گەنجەکــە لەمنــی پرســی ئەگــەر تــۆ (چەتیــوی) مەیخانەکــە بیــت، تــۆی بــە کارەکــەی مەیخانــە دانــا خانــم.

**مس هارد:**

تــو خــوا؟ کەواتــە لەســەر ئــەم پیلانــە ئــەڕۆم. پێــم بڵــێ "پیمبلــێ" چــۆن رات لــەم بەرگەمایــە؟

**کارەکەر:**

خاتــوون، ئــەم بەرگەیــە کــە گشــت ئافرەتــی لادێ ئەیکەنەبــەر، تەنهــا لەوکاتــەدا کــە بــە میوانــی ئەچــن یــا میواندارێتــی ئەکــەن.

**مس هارد:**

تۆ دڵنیایت کە ئەو منی نەناسییەوە؟

**کارەکەر:**

گومانم نییە.

**مس هارد:**

سـوێند ئەخـۆم منیـش لـەم بـارەوە بـووم، چونکـە هەرچەنـد ماوەیەکـی بـاش بەیەکـەوە گفتوگۆمـان کـرد، بـەڵام لـە ترسـانا زاتـی نەکـرد هـەر جارێـك سـەیری رووم بـکا. خـۆ ئەگـەر سەریشـی هەڵبڕیبـێ، ئـەوا سـەرکڵاوەکەم نەیهێشـتووە رووم ببینـێ.

**کارەکەر:**

بەڵام مەبەست چییە کە ئاوا ناتەوێ بە هەڵەی خۆی بزانێ؟

**مس هارد:**

لـە پێشـان خۆمـی نیشـان ئـەدەم، ئەمـەش کـەم نییـە بـۆ ئافرەتێـك بیەوێـت ببینرێـت. لـە پاشـان لەوانەیـە ناسـیاوی لەگەڵـدا پەیداکـەم. ئەمەشـیان سـەرکەوتنێکی بچـووك نییـە لەسەرکەسـێ کـە هەمیشـە تەنیـا لەتـەك بەشـی هـەرە دڕنـدەی رەگەزەکەمانـا ئاشـنایی هەیـە، تەنیـا گەورەتریـن ئامانجـم ئەمەیـە کـە بەراسـتی لـە دڵ و دەروونـی ئـەو لاوەیـا بگـەم، لـە نزیکـەوە و راسـتەوخۆ تاقـی بکەمـەوە و پێـش ئەمـەی دەسـتی شـووکردنی بـۆ درێـژ کـەم بزانـم چـی لـە بـاڵادا هەیـە.

**کارەکەر:**

بـەس، ئایـا تـۆ دڵنیایـت کـە ئەتوانـی بـەم رۆڵـە بەتـەواوی هەڵسـی و دەنگـی خـۆت بـە جـۆرێ بگـۆڕی کـە بـە هەڵـەی بەریـت، هەروەکـو لەبابـەت خۆتـەوە بەهەڵـە چـووە؟

**مس هارکاسل:**

هەرگیــز لەمــن ترســت نەبێــت، وابزانــم زمانــی مەیخانــەم چــاك گرتــووە، جەنابــت بانگــت کــرد، گــەورەم؟ بچــۆ لای "لایــن" ئــا لەوێــوە! قەنوونــە و تووتــن بــۆ "ئەنــگل" "لامــپ" ئــەم نیــو ســەعاتە زۆر تــووڕە و تەنــگاو بــوو.

**کارەکەر:**

ئەمە بەسە، خاتوون. ئا ئەمەتا کابرا هات.

(کارەکەر ئەچێتە دەرەوە) (مارلۆ یەتە ژوورەوە).

**مارلۆ:**

لــە هەمــوو لایەکــی ئــەم خانــووەدا هــەر هاتوهــاوارە. تــا ئێســتە مــاوەی خوولــی نەحەســاومەتەوە. ئەگــەر بــۆ باشــترین ژوور ئــەوا تووشــی خانچــی و چیرۆکەکانــی ئەبــم. لــە کەلەگیەکــەدا خێزانەکــەی بەرەنــگارم ئەبێــت و دەستەوەســتان ئەوەستێ. ئــا وا ئێســتە خەریکــە هەلێکــم دەســت ئەکــەوێ، ئەنجــا کاتــی بیرکردنەوەیــە.

(دێ و دەچێ).

**مس هارد کاسل:**

جەنابت بانگت کرد، گەورەم؟ ئێوە بوون بانگتان کرد؟

**مارلۆ** (بیر ئەکاتەوە) (بۆخۆی ئەبێ):

مــس هارکاســل هەنــدە ســەنگین و گرانــە بــۆ مــن دەس نــادات. (بــۆ لای چــەپ ئــەڕوا).

**مس هارکاسل:**

جەنابتان بانگتان کرد؟

(ئەچێتە بەردەمی مارلۆ رائەوەستێ.)

(مارلۆ رووی خۆی لە ولا ئەکات).

**مارلۆ:**

نەخێـر، ئافـرەت (بیـر ئەکاتـەوە و بۆخـۆی ئەڵـێ): لەگـەڵ ئەمەشـا وابزانـم چاوەکانـی خێلـن.

**مس هارد:**

گومانم نییە، گەورەم گوێم لە دەنگی زەنگەکە بوو.

**مارلۆ:**

نەخێـر، نەخێـر، (لەبەرخۆیـەوە) هەرچۆنـێ بێـت، دڵـی باوکـم بـە هاتنـم دابیـن کـرد، بەیانیـش ئەبـێ بەگەڕانـەوە دڵـی خـۆم دابیـن بکـەم.

**مس هارد:**

ئەبێ جانتلمانەکەی تر گازی کردبێ، گەورەم؟

**مارلۆ:**

پێت ئەڵێم، نە.

**مس هارد:**

زۆر حەز ئەکەم بزانم، گەورەم ئەمەندەمان شاگرد هەیە.

**مارلۆ:**

نـە. نـە. پێـت ئەڵێـم (پـڕ بەچـاوان سـەیری ئـەکا). ئـا. ئـا کیـژێ وابزانـم، مـن بانگـم کـرد. ئەمەویسـت- ئەمەویسـت سـوێند ئەخـۆم ئافـرەت، تـۆ زۆر نـازداری.

**مس هارد:**

ئۆف خوایە، گەورەم، تۆ خەڵکی تەریق ئەکەیتەوە.

**مارلۆ:**

هەرگیـز لـەم چاوانـەم گەشـتر و شـیرینتر نەدییتـووە! بەڵـێ، بەڵـێ نەشـمیلەکەم، مـن بانگـم کـرد، ئایـا ئەمەتـان هەیـە، ئـا نـاوی

چییــە؟ ئێــوە لێــرەدا چــی پــێ ئەڵێــن؟

**مس هارد:**

نەخێر، گەورەم، دە رۆژ ئەبێ ئەوەمان نەماوە.

**مارلۆ:**

وا ئەبینــم لێــرەدا زۆر شــت هەیــە پیــاو ناتوانــێ ئــارەزووی بــکا. بــۆ وێنــە ئەگــەر داوای گــوڵاوی خونچــەی لێــوی تــۆ بکــەم وا بزانــم ئەمەشــم دەس ناکەوێــت!

**مس هارد:**

گــوڵاو! گــوڵاو! ئــەم چەشــنە خواردنەوەیەکــە لــەم وڵاتــەدا کــەس داوای نــاکات. وا بزانــم فەرەنســەییە. گــەورەم، هیــچ جــۆر بــادەی فەرەنســەییمان نییــە.

**مارلۆ:**

نا بەخوا رەگ و رەگەزی ئینگلیزییە.

**مس هارد:**

کەواتــە زۆر ســەیرە کــە مــن نایناســم. لــەم ماڵــەدا هەمــوو تــەرزە مــەی و شــەڕابێکمان هەیــە و منیــش هــەژدە ســاڵە لێــرەدا ئەژیــم.

**مارلۆ:**

هــەژدە ســاڵ! کەواتــە مــرۆڤ ئەبــێ وا تێبــگا کــە پێــش ئەمــەی لەدایــك بووبیــت لــەم مەیخانەیــەدا خزمەتــت کــردووە. تەمەنــت چەنــدە؟

**مس هارد:**

ئــۆف گــەورەم! ناتوانــم تەمەنــی خۆمــت پــێ بڵێــم، هــەر جــارە و ئەڵێــن (ئافــرەت و مۆســیقا) تەمەنیــان بــۆ دانانرێــت.

**مارلۆ:**

ئـاوا لـە دوورەوە لـە چـل سـاڵی زیاتـر تێپـەڕ نابیـت. (لێـی ئەچێتـە پێــش) لەگــەڵ ئەمەشــدا، لــە نزیکــترەوە هەنــدە نابیــت (نزیکــتر ئەبیتــەوە). بـەڵام کـە لـە هەنـدێ ئافـرەت زۆر نزیـك ئەبیـەوە، زۆر جـار گەنـج و جەحێـل تـر دیـار ئەبـی، بـەڵام کـە ئێجـگار نزیکیـان ئەبـی، بەراسـتی (ئەیـەوێ ماچـی بـکا).

**مس هارد:**

تکایـە گـەورەم، لێـم نزیـك نەبیـەوە، تـۆ بـەم کەسـانە ئەچـی کـە تەماشــای زاری وڵاخ ئەکـەن بـۆ زانینـی تەمەنیـان.

**مارلۆ:**

گلەییـم هەیـە، کیـژێ، تـۆ بەتـەواوی لەمـن نەگەیشـتوویت، ئەگـەر ئــاوا لــەم دوورەم رابگریــت، تــۆ و مــن چــۆن ئەتوانیــن ناســیاوی پەیــدا بکەیــن؟

**مس هارد:**

ئەنجـا کـێ ئەیـەوێ ناسـیاوی لەگـەڵ تـۆدا پەیـدا بـکا؟ مـن ئـەو چەشــنە ناســیاوەم نــاوێ، نەخێــر. دڵنیــام لەگــەڵ مــس هاردکاســل بــەم جــۆرە نەجووڵاویتــەوە، ئــەوێ نەختــێ لەمەوپێــش لێــرە بــوو. بێگومـان لەبەردەمـی ئـەوا سـەرت ناوەتـە بەرخـۆت و بەشـێوەیەکا گفتوگـۆت لەگـەڵا کـردووە وەك لـە دادگادا وەسـتابوویت!

**مارلۆ:** (بۆخۆی)

ئـۆف خوایـە، ئـەوەی لـە کـوێ زانیـوە؟ (بـۆ ئـەو) لێـی ئەترسـام، سـاوا؟ ها!ها!هـا! هـا! لـەو چـاو خێڵـە ئەترسـام، وانییـە؟ نەخێـر. نەخێــر، ئەبینــم تــۆ نامناســی. مــن قاقــا پێکەنیــم، نەختــێ فشــەو گاڵتــەم لەگەڵــدا کــرد، بــەڵام حــەزم نەکــرد زۆر توندوتیــژ بــم،

نەخێـر نەمتوانـی لەگەڵیـا سـەخت بـم. بەڵامـدا لەخـۆم!

**مس هارد:**

ئـۆه، کەواتـە گـەورەم، وام بـۆ دەرئەکـەوێ، کـە جەنابـت لـە نێوژنانـا زۆر خۆشەویسـتی؟

**مارلۆ:**

بەڵـێ، نازدارەکـەم، ئێجـگار خۆشەویسـتم، لەسـەر ئەمەشـا بـە کوشـتن چـم، نازانـم بـەدوای چیـم کەوتوونـە؟ لەیانـەی ئافرەتانـا بەنـاوی (راتـل) بانگـم ئەکـەن، خـۆ (راتـل) نـاوی راسـتیم نییـە، تەنیـا یـەك لـەو ناوانەیـە کـە پیـا نـاسراوم، مـن نـاوم (سـۆلۆمۆنە) نـازدار، مسـتر سـۆلۆمۆن لـە خزمەتـا وەسـتاوە. (ئەیـەوێ دەسـتی لەمـلا بـکا).

**مس هارد کاسل:**

بوەسـتە، کاکـۆ، تـۆ بـە (یانە)کەتـا ئەمناسـێنی نـەك بەخۆتـا. ئەنجـا وتـت لـەوێ ئەمەنـدە خۆشەویسـتی؟

**مارلۆ:**

ئـای، نازەنیـن، لەیانەکەمانـا ئەوانـە هـەن: مسـز مانـتراپ، بیتـی بـلاك لیـگ خـان، خاتوونـی سـلیگۆ، مسـز لانـگ هۆرتـز، مـس بیـدی باکسـیکین، خزمەتـکاری خـۆت، بەنـدە، چـرای یانەکەیـە.

**مس هارد:**

کەواتە ئەبێ شوێنێکی ئێجگار دڵگر و خۆش بێت؟

**مارلۆ:**

بەڵـێ یـاری و خـواردن و بادەنۆشـکردن و پیـرەژن چەنـد خۆشـی ئەبەخشـن ئەمەنـدە خۆشـە.

**مارلۆ:** (بۆخۆی)

ئـۆف خوایـە، مـن حـەز لـەم چەتیـوە ناکـەم. وام بۆدەرکـەوێ کـە ئەمیـش ئەزانـێ (بـۆ ئـەو): ئـەوا پـێ ئەکەنـی کیـژێ؟

**مس هارد:**

ناتوانــم پــێ نەکەنــم، گــەورەم، کەبیــر لــەم وەختــە ئەکەمــەوە ئــەوان بــۆ کارو ماڵەوەیــان تەرخانــی ئەکــەن.

**مارلۆ** (بۆخۆی):

باشــە، بــاش، بــە مــن پــێ ناکەنــێ (بــۆ ئــەو): خــۆت هیــچ ئیــش ئەکەیــت خنجیلەکــەم؟

**مس هارد:**

ئــای بێگومــان، هەمــوو پــەردەو پینــەو پەڕۆیــەك لــەم خانــووەدا شــایەتیم بــۆ ئــەدەن.

**مارلۆ:**

وەی وای! کەواتــە ئەبــێ تــەون و نەخشــی خۆتــم نیشــان بدەیــت. مــن خــۆم نەخــش ئەکــەم و نوخشــەش ئەبــڕم، ســەرم نەختــێ لــەم کارەدا دەرئەچێــت. ئەگــەر ئەتــەوێ چاکــی و خراپــی دەســتکارت بزانــی، ئــەوا لــە بەنــدە پرســیار بکە(پــڕ ئەداتــە دەســتی).

**مس هارد کاسل:**

بەڵــێ، تەنیــا ڕەنگــەکان لــە شــەوقی مۆمــا جــوان دەرناکــەون. بەیانــی هەمــووت نیشــان ئــەدەم. (هــەوڵ ئــەدات خــۆی لەدەســت بپچڕێنــێ).

**مارلۆ:**

جـا بـۆ ئێسـتە نەبێـت؟ فریشـتەکەم؟ ئـەم جوانییـە ئاگرێکـی ئەوتـۆ دائەگرســێنێ بەکــەس ناکوژێتــەوە. پــش! ئــەوا پیرەبــاب لێرەیــە!

کۆنــە بەختــی خــۆم! جارێــك نەبــوو بگەمــە رۆخ ئــاوات و دوورم نەکەیتــەوە؟

(مارلۆ ئەچێتە دەرەوە).

(مستر هاردکاسل دێتەژوورەوە، سەرسووڕماوە).

**مستر هارد کاسل:**

ئــاوا، خانــم، ئــەوا ئەبینــم ئەمــە دەســتگیرانە شــەرمنەکەتە. ئەمەتــا خۆشەویتســە ساویلکە بــێ دەعیەکــەت کــە چــاوی نایــە بەرخۆیــەوە ســەری هەڵنەبــڕی و هــەر لــە دوورەوە حــەزی لــێ کردیــت. کیــت، کیــت، قــەت شــەرمەزار نابیــت ئــاوا باوکــت ئەخڵەتێنــی؟

**مس هارکاسل:**

هیــچ بــڕوام پــێ مەکــە، باوکــی گــەورەم، بــەڵام ئــەو ئێســتەش هــەر ئــەو پیــاوە شــەرمنەیە کــە ناســیومە. تــۆش بێگومــان ئــاوا وەك بەنــدە لەمــە دڵنیــا ئەبیــت.

**مستر هارد:**

بێگومــان، بێگومــان، بــاوەڕ ئەکــەم کــە بــەدی و ناپەســەندیەتی، ئــەو بــڵاو ئەبێتــەوە و کار لــە خەڵکــی تریشــا ئــەکات. گوایــا نەمدیــت چــۆن پــڕی دایــە دەســتت؟ چــۆن لەگەڵتــا وەك لەگــەڵ کارەکەرێــکا جووڵایــەوە؟ ئێســتەش تــۆ لــە ریــز و شــەرمنی ئــەودا ئەدوێیــت، بەخــوا راســت ئەکەیــت!

**مس هارد کاسل:**

تەنیــا ئەگــەر پێــم ســەلماندیت کــە شــەرمن و ریزگــرە، کــە ئــەو هەڵــەو چەوتیانــەی هەیــە لەگــەڵ وەختــا ئــەڕوات، ئــەو چاکــی و پاکییــەی هەیەتــی لەتــەك تەمەنیــا ئــەڕوات، ئەوکاتــە ئومێــد ئەکــەم بــی بەخشــیت.

**مستر هارد کاسل:**

ئـەم کیـژە بەراسـتی خەڵـك شـێت ئـەکا! مـن پێـت ئەڵێـم تـۆ ناتوانـی ئەمـەم پێبسـەلمێنی. خـۆم سـەلماندوومە. بەڵـێ هەمـووی سـێ کاتژمێـر نییـە هاتووەتـە ئێـرە، کەچـی گشـت دەسـەڵاتێکی لـێ سـەندوومەوە وەختـە جێگەکەشـم داگیـر بـکات. ئەشـێ.. ... ناپەسـندییەتی ئـەوا بکەیـت و بـە شـەرمنی و رووتەنکـی بژمێریـت. تەنیـا زاوای مـن ئەبـێ رەوشـت و خـووی ئێجـگار لەمـە جیاوازتـر بـێ. خاتـوون.

**مس هارد:**

گەورەم، بەس ماوەی ئەمشەوم بدە تاکو پێتی بسەلمێنم.

**مستر هارد:**

بەخـوا نیـوەی ئـەو ماوەیەشـت پـێ نـادەم، چونکـە بڕیـارم داوە کـە هـەر ئـەم سـەعاتە بـەدەری نێـم.

**مس هارد:**

کەواتـە هـەر ئـەم سـەعاتەیەم بـدەرێ، ئومێـدەوارم دڵـت دابیـن کـەم.

**مستر هارد:**

باشـە بـا ئـەم سـەعاتەیە بـۆ تـۆ بێـت. بـەڵام چیـتر تەفـرەم نەدەیـت پێویسـتە لەگـەڵ یـەکا راسـت و ئاشـکرا بیـن. بەگوێـم ئەکەیـت؟

**مس هارد:**

ئاواتەخـوازم، گـەورەم کـە بزانـی تـا ئیمـڕۆ هـەر شـانازیم کـردووە بەجێبەجێکردنـی فەرمانەکانـت، چونکـە دڵـت ئەمەنـدە لام بـووە کـە تەنانـەت فرمـان و پێویسـتی خۆیشـم بـە ئـاوات زانیـوە.

**(پەردە)**

(هەستنگس و مس نیڤیل دێنە ژوورەوە)

**هەستنگس:**

واقــم وڕمــاوە! چــۆن مســتر چارلــس مارلــۆ ئەمشــەو دێتــە ئێــرە؟ ئەمــەت لــە کــوێ بیســت؟

**مس نیڤیل:**

بــاوەڕ بکــە، ئێســتە نامەکەیــم بینــی کــە بــۆ مســتر هاردکاســل ناردوویەتــی، تیایــا ئەڵــێ چەنــد کاتژمێرێــك لــە دوای کوڕەکەیــەوە روو ئەکاتــە ئێــرەوە.

**هەستنگس:**

کەواتــە کونســتانس، ئەبــێ لەپێــش گەیشــتنی ئــەوا هەمــوو شــتێك دوایــی بێــت. ئــەو مــن ئەناسـێت ئەگــەر لێــرە ببینــێ، ئەشــێ نیازیشــم بــۆ هەمــوو خێزانەکــە ئاشــکرا بــکات.

**مس نیڤیل:** ...

**هەستنگس:**

بەڵــێ بەڵــێ، بــۆ مارلــۆم نــاردن چونکــە کلیلــی جەنتاکانمانــی لایــە. ئێســتەش ئەبــێ بچــم کاروبــاری هەڵاتــن ســاز بــدەم. پــوورزات بەڵێنــی جووتــە ئەســپێکی حەســاوەی پێــداوم، ئەگــەر جارێکــی تــر نەمدیتــەوە ئــەوا بەنووســین رێ و شــوێنی تــری نیشــان ئــەدەم. (ئەچێتــە دەرەوە).

**مس نیڤیل:**

ئــادەی خــوا ئــاگادارت بــێ، منیــش وا ئەچــم دڵــی پــوورم ئەدەمــەوە. جــاران بەنــاوی حەزکردنــەوە لەپــوورزام (ئەچێتــە دەرەوە).

(مارلۆ نۆکەرێکی بەدواوەیە، دێتە ژوورەوە).

**مارلۆ:**

نازانـم بۆچـی هەسـتنگس سـەنوقێکی ئـاوا بەنرخـی پـڕ لـە خشـڵ بـــۆ لای مـــن ئەنێترێـــت تـــا بـــۆی بشـــارمەوە لەکاتێکـــدا خـــۆی ئەزانێـت لـە پەیتوونـێ بـەولاوە هیـچ جێگەیەکـی تـرم نییـە کـە ئەویـش لەبـەر دەرگای خانێـکا وەسـتاوە! (بـۆ نۆکـەر) سـەنوقەکەت لای خانمـی خانەکـە دانـا وەك پێـم وتـی؟ داتـە دەسـتی خـۆی؟

**نۆکەر:**

بەڵێ، خانەدان.

**مارلۆ:**

وتی زۆر بە وریایی ئاگاداری ئەبێ؟

**نۆکەر:**

بەڵـێ وتـی ئێجـگار بـەوردی ئەیپارێزێـت، لێـی پرسـیم کـە ئـەو سـەنوقەم چـۆن دەسـت کەوتـووە و لەکوێـی هێناومـە، هەروەهـا وتـی زۆر ئـارەزوی ئەکـرد ئەگـەر لـە بابـەت خۆمـەوە راپۆرێکـم پێدابـا. (نۆکـەر ئەچێتـە دەرەوە).

**مارلۆ:**

هـا! ها!هـا! خـۆ هیـچ نەبـێ سـەلامەتن سـەیری تووشـی چـی بوویـن؟ لەسـەر ئەمەشـەوە ئـەو چەتیـوە کارەکـەرە، وا لەبیرمـا دێ و ئەچێـت، هەمـوو خراپـە و نەمافـی ئەوانـی تـرم لەیـاد ئەباتـەوە. (ئـەو) بۆخۆمـە، پێویسـتە بـۆ (مـن) بێـت، ئەگینـا (مـن) بـە هەڵـە چوومـە!

(هەستنگس یەتە ژوورەوە).

**هەستنگس:**

خوایـە ئـاگادارم بێـت! خـۆ لەبیـرم چـوو پێـی بڵێـم کـە لەپەنـا

باخەکـەوەخـۆم ئامـادەئەکـەم، ئـا، ئەمەتـا مارلـۆ، دڵیشـی خۆشـە!

**مارلۆ:**

دڵـم خۆشـە کـە جـۆرج، تاجـم لەسـەرنێ، چەپکـی گوڵـم لـە مـل کـە. باشـە، جـۆرج لـە پێـش هەمـو شـتێکا، شـەرمین و بـێ دەعیـەی وەك ئێمـە لەگـەڵ ئافرەتـا بـە بەبەختیـن.

**هەستنگس:**

مەرامـت لـە هەنـدێ ئافرەتانـە، بـەڵام ئێسـتە ئـەم شـەرمەی تـۆ چ سـەرکەوتنێکی دەسـکەوتووە، تـا ئـاوا بەسـەرمانا زاڵ ببیـت؟

**مارلۆ:**

ئـەی ئـەو کیـژە بچکۆلانـە، سـووك و چاپـووك و نـازدار و دڵگیـرەت نەبینـی کـە بەخـۆ و دەسـتە کلیلێـك لـە تەنگەیـا لـەم خانـەدا دابەزیـوە؟

**هەستینگس:**

باشە، ئەنجا چی بوو؟

**مارلۆ:**

ئـەم کیـژە هـی منـە. ناپەسـەند، ئـەو ئاگـرە، ئـەو جوولانەوەیـە، ئـەو چاوانـە! ئـەو لێوانـە بـەڵام ئـۆف خوایـە! لەگـەڵ ئەمەشـا نایەڵـێ ماچیـان بکـەم.

**هەستینگس:**

باشە، ئینجا ئاوا دڵنیایت؟ ئاوا لێی بێ سوو و گومانی؟

**مارلۆ:**

بـۆچ کابـرا، باسـی پێشـاندانی دەسـتکاری خـۆی لەگـەڵ کـردم کـە بچـم لەسـەر کۆشـکەکەوە سـەیریان بکـەم و بزانـم بەدڵمـە یـان نـە.

**هەستنگس:**

بەڵام تۆ چۆن شارلس ئەتوانێت ئاوا حەیای ئافرەتێ بەریت؟

**مارلۆ:**

پـەح. پـەح. هەمووමـان حەیـاو ناموسـی چەتیـوی مەیخانـەی خانـەکان ئەناسـین. مـن نامـەوێ بـە زۆر ناموسـی بـەرم، لەمنـت وێ بـێ، هیـچ شـتێك نییـە لـەم خانـەدا کـە بەسـەربەرزی هەقـی نـەدەم.

**هەستنگس:**

من وا تێئەگەم ئەو کیژە داوێن پاکە.

**مارلۆ:**

جـا ئەگـەر وابـێ، منیـش لەسـەر زەمیـن دواکەسـم کـە دەسـتی بـۆ ئەبـەم.

**هەستنگس:**

ئومێـد ئەکـەم سـەنوقەکەی بۆتـم نـارد چاکـت پەنهـان دابـێ و لـە شـوێنێکی قایمـت شـاردبێتەوە.

**مارلۆ:**

بەڵـێ، بەڵـێ زۆر تەقەتـە، زۆر چاکـم هەڵگرتـووە. بـەڵام چـۆن تـۆ جێـگای دانیشـتنی نـاو پەیتوونێـك لـە دەرگای خانێـکا بـە قایـم ئەزانـی؟ ئـای شـێتە! مـن لەتـۆ زیاتـر دڵـم پێـوەی بـووە و ئاگاداریـم بـۆ کردوویـت.. مـن بـۆم ..

**هەستنگس:**

چۆن؟

**مارلۆ:**

بۆم ناردوویەتە لای خانمەکە تا بۆتی قایم هەڵگرێ.

**هەستنگس:**

بۆ لای خانمەکە! ها!

**مارلۆ:**

بەڵێ، خانمەکە.

**هەستنگس:**

ئەمەت کرد؟

**مارلۆ:**

کردوومـە. خـۆت ئەزانـی ئەگـەر هیچـی لـێ هـات، ئـەوا لەئەسـتۆی ئەوایـە.

**هەستنگس:**

بەڵێ، بە شایەتەوە بۆت دەرئەخا.

**مارلۆ:**

چاکـم نەکـرد؟ وا بزانـم ئەمجـارە تـۆش لـەو بـاوەڕە دایـت کـە زۆر بـە زانایـی جووڵاومەتـەوە؟

**هەستنگس** (بۆخۆی):

نابێ بزانێت پەشۆکاو و شێواوم.

**مارلۆ:**

وا دیارە نەختێك تێکچوویت. ئومێد ئەکەم چ نەقەومابێ؟

**هەستنگس:**

نـە. نەخێـر، هیـچ. لەژینـا هەرگیـز لەمـە دڵخۆشـتر نەبـووم، ئەنجـا سـەنوقەکەت بـۆ لای خانمەکـە نـارد. ئەویـش بێگومـان، زۆر بـە گورجـی ئـەو بـارەی خسـتۆتە ئەسـتۆی خۆیـەوە؟

**مارلۆ:**

ئێجـگار بـە گورجـی، نـەك هـەر سـەنوقەکەی وەرگرتـووە، بگـرە

ئەمەنـــدەی دڵ پێـــوە بـــووە، وەختـــا بـــووە کابـــراش لای خـــۆی هەڵگـــرێ کـــە بـــۆی بردبـــوو هـــا! هـــا! هـــا!

**هەستنگس:**

هی! هی! هی! هیچ نەبێ سەلامەتن!

**مارلۆ:**

وەك پوولێ لە باخەڵی سەقیلێ.

**هەستنگس:** (بۆخۆی)

بـــەم گوێرەیـــەن هەمـــوو ئاواتـــی مـــاڵ ومیـــرات کۆتایـــی هـــات. جـــا پێویســـتە بێـــی ئـــەوەوە دەربـــاز بیـــن (بـــۆ مارلـــۆ). باشـــە شـــارلس، وا بەجێـــت ئەهێڵـــم تـــا بیـــر لـــە چەتیـــوی مەیخانـــەی خـــۆت بکەیتـــەوە. هـــی! هی!هـــی! هیـــوادارم چەنـــد بـــۆ (مـــن) ســـەرکەوتیت، ئـــاواش بـــۆ (خـــۆت) ســـەرکەوتوو بیـــت.

**مارلۆ:**

سوپاســـت ئەکـــەم، جـــۆرج. منیـــش لەمـــە زیاتـــر هیچـــم ناوێـــت هـــا! ها!هـــا! (ئەچێتـــە دەرەوە).

(هارد کاسل دێتە ژوورەوە).

**هارد کاسل:**

وام لێهاتـــووە کـــە خانووەکـــەی خۆیشـــم نەناســـمەوە. هەمـــووی ئـــاوا شـــڵەژاوە، نۆکەرەکانـــی هـــەر لـــە ئێســـتەوە ســـەرخۆش بـــوون. لەمـــە زیاتـــر ناتوانـــم دەردەســـەری بچێـــژم، دیســـانەوە ئەبـــێ هێمـــن و لەســـەرخۆ بـــم. (بـــۆ مارلـــۆ) مســـتر مارلـــۆ، لـــە خزمەتـــا وەســـتاوم. مـــن خزمەتـــکاری هـــەرە بچووکـــی خۆتـــم (دادێتـــەوە). مارلـــۆ گـــەورەم، بەنـــدەش خزمەتـــکاری بچووکـــی خۆتـــم (بۆخـــۆی) ئەمجـــارە چـــی روویـــداوە؟

**هارد کاسل:**

وا تێئەگـەم، گـەورەم ئەبـێ بزانیـت گـەورەم کـە هیـچ مرۆڤێـك نییـە لـەم زەمینـە ئەوەنـدەی کـوڕی باوکـی تـۆ لـەم خانـووەدا بەخێرهاتـن بکرێـت و رێـزی بگیرێـت، گـەورەم ئومێـد ئەکـەم تـۆش لەمـەدا ئـاگادار بیـت؟

**مارلۆ:**

بەڵـێ زۆر چـاك بەمـە ئەزانـم، گـەورەم، هێنـدە ناکـەس نیمـە، هەمیشـە کـوڕی باوکـم وا لـێ ئەکـەم کـە بـۆ هـەر شـوێنێکا بچـێ لەسـەر چاوانـی دابنێـن.

**هارد کاسل:**

وابزانـم وایـە، گـەورەم، چونکـە، هەرچەنـد لەبابـەت خۆتـەوە هیـچ ناڵێـم، تەنیـا رەوشـتی نۆکـەر و خزمەتکارەکانـت زۆر ناشـیرینە. ئـەو رێگەیـەی لەمـەی خواردنـەوەدا گرتوویانـە نـاوی ئـەمماڵـە بـەد ئـەکات.

**مارلۆ:**

رازی نابـم، گـەورە باشـەکەم، ئەمـە سـووچی مـن نییـە، ئەگـەر لـە گوێـرەی خۆیانـا کەمـتر بخۆنـەوە، ئـەوا خۆیـان خەتابـارن. مـن رام سـپاردوونە کـە تنۆکێـك بـە پـاش نـەدەن. دڵنیابـە مـن ئەمـەم پێوتوونـە. بـا یەکێـك لـە نۆکەرانـم بێـت. مـن کـە خـۆم ناخۆمـەوە. ئەوانـم هانـداوە لـە جیاتـی منیـش بخۆنـەوە.

**هارد کاسل:**

کەواتـە ئەمـەی کردوویانـە راسـپاردەی جەنابـت بـووە! ئـا. ئێسـتە دڵـم دابیـن بـوو.

**مارلۆ:**

گومانــت نەبــێ کــە لەمنیــان وێ بــووه. بوەســتە، لــە یەکێــك لــە خۆیانــا پرســیار بکــە (نۆکەرێــك بــە مەســتی دێتــە ژوورەوە).

**مارلۆ:**

تــۆ جێرمــی، وەرە پێشــەوە، نــاکاك! مــن چیــم پێوتــن؟ فەرمانــم پــێ نــەداون کــە بەسەربەســتی بخۆنــەوە، بــۆ قازانجــی ئــەم مەیخانەیــە چــی بــاش بــوو ئــەوە بخۆنــەوە؟

**هارد کاسل** (بۆخۆی)

خەریکە لە ئارام دەرچم.

**جێرمی** (دێتە پێش، بەلادا ئەچێ):

تکایــە گــەورەم، سەربەســتی و فلبــت ســتریت هەتــا هەتایــە. بەنــدە هەرچەنــد نۆکەرێکــم، تەنیــا وەك هەمــوو کەســێکی تــر کــوڕی باشــم، تــا وەکــو داوای نانخــواردن بــۆ هیــچ کەســێ نابــێ بخۆمــەوە. خواردنــەوەی بــاش لەســەر خواردنێکــی بــاش چاکــە. تەنیــا خواردنێکــی بــاش بــۆ هیکــۆپ بــۆ کاتــی لەســەرخۆییم بــاش نییــە.

**مارلۆ:**

ئەبینــی هاوڕێــی پیــرم، کابــرا هەنــدە سەرخۆشــە نەبێتــەوە، نازانــم لەمــە زیاتــر ئــەوێ؟ مەگــەر قــوڕ بەســەروەی خــۆی لــە قەڕابــەی عەرەقــا بخنکێنــێ.

**هارد کاسل:**

بــۆ خاتــر خــوا! ئەمــە هــەر ئاوابــێ گومانــی نییــە شــێتم ئــەکات. مســـتر مارلـــۆ، گـــەورەم، چـــوار کاتژمێـــر زیاتـــرە خـــۆم لەبـــەر دەردەســەریت راگرتــووە، وا بزانــم هیــچ لەوانــە نییــە کۆتایــی بێــت.

جـا وا بڕیـارم دا کـە خـۆم گـەورەی ئـەم ماڵـە بـم، گـەورەم، زۆر ئـارەزوو ئەکـەم خۆتـۆ دەسـتەی سەرخۆشـانت هـەر ئێسـتێکە لـە خانـووم بچنـە دەرەوە.

**مارلۆ:**

لەماڵەکەتـا دەرچیـن! بێگومـان گاڵتـە ئەکەیـت، کـوڕی بـاش چـی؟ لـەم کاتـەدا کـە چیـم لـە دەسـت یـەت بـۆ دابینکردنـت ئەیکـەم!

**هارد کاسل:**

پێـت ئەڵێـم گـەورەم، بـە تـۆ دابیـن ناکرێـم، جـا حـەز ئەکـەم لەماڵەکەمـدا دەرچـن!

**مارلۆ:**

بـێ سـوو بەراسـتیت نییـە، بـەم نیوەشـەوە، ئـەم چەشـنە شـەوەش! تەنیـا ئەتـەوێ گاڵتـەم لەگـەڵا بکەیـت!

**هارد کاسل:**

بـڕوا بکـە گـەورەم، ئـێ دڵمـە، ئێسـتێکە ئـاوا کـە هەڵچوومـە، پێـت ئەڵێـم کـە ئەمـە ماڵـی خۆمـە، گـەورەم ئـەم خانـووە هـی منـە، فەرمانـت پـێ ئـەدەم کـە دەسـبەجێ چۆڵـی بکەیـت.

**مارلۆ:**

هـا! هـا! دڵنیابـە کـە هەنـگاوێ ناهاوێـژم (بەشـێوەیەکی رەق). ئەمـە ماڵـی تۆیـە، کابـرا ئەمـە ماڵـی منـە! ئەمـە ماڵـی خۆمـە. هەتـا ئـارەزووی مانـەوە بکـەم، ئـەوا ئـی منـە. چ مافێکـت هەیـە تـا داوام لـێ بکـەی لـەم خانـووەدا دەرچـم، گـەورەم؟ بەڵامـدا لـەم بەزمـە، هەرگیـز لـە ژینـما بـەم جـۆرە تووشـی بـە حەیایـی نەبوومـە.

**هارد کاسل:**

منیــش تووشــم نەهاتــووە. بــێ شــەرەف بــم ئەگــەر هیــچ تووشــم بووبــێ، یەکــێ لەماڵمــدا دابــەزی بــێ، چــی ئــارزوو بــکا داوا کا، لــە کورســی خۆمــا دەرم پەڕێنــێ، تەشــقەڵە بــە مــاڵ و مناڵــم بــکات، زۆری لــە نۆکەرانــی بــکات خۆیــان مەســتی مــەی بکــەن، ئینجــا پێــت بڵێــت، گــەورەم ئــەم خانــووە ماڵــی منــە. لەمــە شــەرمتر چییــە؟ بەخــوا ئەمــە شــایانی پێکەنینــە. هــی! هــی! هــی! تکایــە گــەورەم (گاڵتــە ئــەکات) ئەگــەر خانووەکــە ئەکەیتــە هــی خــۆت، بــۆ هەرچــی لەماڵەکەشــا هەیــە نایکــەی بــە ئــی خــۆت؟

**مارلۆ:**

حســابەکەت بێنــە، گــەورەم، حیســابەکەت بێنــە بەســە، بــا چیــتر پێــدا نەچیــن؟

**هارد کاسل:**

بۆ هەموو کەلوپەلی مالەوەش ناکەی بەهی خۆت؟

**مارلۆ:**

پێــت ئەڵێــم حیســابەکەت بێنــە، هەتــا خــۆت و کاولــە خانووەکــەت بەجــێ بێڵــم.

**هارد کاسل:**

هەروەهــا مێزێکــی زۆر باشــم هەیــە لــە دارێکــی نایــاب دروســتکراوە، رووی خۆتــی تیــا ئەبینــی.

**مارلۆ:**

ئەڵێم حیسابەکەم بێنە.

**هارد کاسل:**

هەروەهــا کورســیە گەورەکــەم لەبیرچــوو کــە ئەتوانــی دوای

نانخواردنێکـــی چـــەور لەســـەریا بخەویـــت.

**مارلۆ:**

ئۆف خوایە! ئەڵێم حیسابەکەم بێنە و ببڕێتەوە، بەسە.

**هارد کاسل:**

جەوامێـر، جەوامێـر، بـە گوێـرەی نامـەی باوکـت چاوەڕوانـی لاوێکـی بـێ فیـزی رەوشـت بـەرزم ئەکـرد میوانـم بێـت، کەچـی ئێسـتە ئەبینـم یەکێکـی ترزلـی بـێ شـەرمی، کەللـە رەقـە. بـەڵام خـۆ ئێسـتێکە ئەگاتـە جـێ و بەچـاوی خـۆی زیاتـر ئەبینـێ.

(ئەچێتە دەرەوە).

**مارلۆ:**

ئەمـە چـۆن ئەبـێ؟ قـەت خـوا بزانـە خانووەکـەم لـێ نەگـۆڕاوە؟ هەمـوو شـتێ لـە خـان ئەچـێ، نۆکـەران هـاوار ئەکـەن (ئـەوا هـات). لەلایەکـی تـرا بـاش خزمـەت ناکـەن. دیسـانەوە چەتیوێـك هەیـە بـۆ ئیـش و کار. تەنیـا ئـەوا چەتیوەکـە خـۆی هـات، بـا ئـەو خـۆی تێـم بگەیەنـێ و باسـم بـۆ بـکات "بـۆ کـوێ وا رائەکەیـت، ئافـرەت؟ ئـا.. قسـەیەکم لەگەڵتـا هەیـە.

(مس هاردکاسل دێتە ژوورەوە).

**مس هارد کاسل:**

کەواتـە بـام کـوڕ بـێ، ناتوانـم زۆر بوەسـتم (بۆخـۆی) وا بزانـم بـە (هەڵەکـەی) زانیـوە، تەنیـا دیسـانەوە زۆر زووە کـە بـۆی ئاشـکرا بکـەم.

**مارلۆ:**

تکایـە، کیژۆڵـە، بـەس وەلامـی یـەك پرسـیارم بـدەوە، تـۆ کێیـت؟ ئەبـێ لـەم ماڵـەدا چـی کارێکـت هەبـێ؟

**مس هـ:**

خزمێکی ئەم خێزانەم گەورەم.

**مارلۆ:**

چی؟ خزمێکی هەژاری؟

**مس هـ:**

بەڵـێ گـەورەم، خزمێکـی هـەژارم، کلیـل هەڵگرتنـم پـێ سـپێردراوە. پێویسـتە چـی بتوانـم بـۆ مێوانـان درێغـی نەکـەم.

**مارلۆ:**

واتا تۆکاری مەیگێڕی ئەم خانەیە ئەکەیت!

**مس هـ:**

خـان. ئـۆف خوایـە! چـی ئەمـەی لـە مێشـکتا ئاخنیـوە؟ یـەك لەخانەدانتریـن خێزانەکانـی ئـەم وڵاتـە خانچێتـی ئـەکات؟ هـا! هـا! هـا! ماڵـی پیـرە مسـتر هاردکاسـل بووەتـە خـان!!

**مارلۆ:**

ماڵـی مسـتر هاردکاسـل! چـۆن، ئەمـە ماڵـی مسـتر هاردکاسـلە، کیـژێ؟!

**مس هـ:**

ئای، بێگومان، ئەی گوایە هی کێیە؟

**مارلۆ:**

کەوابـوو هەمـووی بـە فیـڕۆ چـوو، ئـاوا خەڵەتـاوم، ئـۆف، بەڵامـدا لـە کەللـەی پووچـم، هەمـوو خەڵکـی شـار ئینجـا ئەمکـەن بـە نیشـانەی گاڵتـە و پێکەنیـن. سـەرتاپای رۆژنامـە و گۆڤـارەکان وێنـەی سـەیر و کاریکاتێـرم لەسـەر بـڵاو ئەکەنـەوە، کـە لەنـاو هەمـووان ئـەم خانـووە بەخـان بزانـم، کۆنـە هاوڕێـی باوکـم بـە خانچـی

بژمێرم. ئەبێ باوکم چیم پێ بکات! ئای چەند خۆم بێ مێشك و دەبەنگ دێتە بەرچاو! دیسانەوە، ئازیزەکەم، بام لە سێدارەم بدەن، تۆشم بە چەتیوی مەیخانە ئەزانی.

**مس هارد کاسل:**

قەت نەبێ! قەت نەبێ! دڵنیام هیچ رەوشتێکی ئەوتۆم نییە بمخاتە ئەم رێزە نزمەوە.

**مارلۆ:**

هیچ خۆشەویستەکەم، هیچ، تەنیا من لێرە لەگۆمی (هەڵەدا) مەلەم کردووە. بۆیە تووشم تێکەڵ کردووە. لە بێ مێشکیما هەموو شتێکم بەرەواژ دیوە. کە تۆ هەندە بە منەوە هاتوو چوویت، بە دڵنیاکردنم داوەتە پێنووس. بەسەزمانی و ساکاری تۆم بە تەڵە و دڵ رفاندن زانیوە. بەڵام تازە وا کار لەکارا ترازا. نابێ ئیتر روو بکەمەوە ئەمماڵە.

**مس هارد:**

ئومێد ئەکەم، گەورەم، هیچی بێ دڵی تۆم نەکردبێت! بێگومان ئەبێ شەرمەزار بم ئەگەر دڵی گەنجێکم رەنجاندبێت کە ئەمەندە حەیادار و هەندە گفتوگۆی نایابی لەگەڵمدا کردبێت، گومانم نییە کە ئەبێ شەرمەزار بم (وا نیشان ئەدا کە ئەگری) ئەگەر بە هۆی منەوە لەم ماڵە بچیتە دەرەوە. دڵنیام کە پێویستە روو رەش بم. ئەگەر کەس شتێکی ناشیرینی پێ وتم، چونکە لەناونیشانم بەدەر لە ماڵی دونیا هیچ شك نابەم.

**مارلۆ:** (بۆخۆی):

بــە هەقــی ئاســمان ئــەوا ئەگــری، ئەمــە یەکەمیــن نیشــانەی ئــارەزووی پــاك و ناســکە کــە هیــچ لــە ئافرەتێکــی ئــاوام بینــی بــێ، کەبــەم جــۆرە دڵــم ئەگووشــێت (بــۆ ئــەو) ببەخشــە، کیــژە خۆشەویســتەکەم، تــۆ تەنیــا کەســی لــەم خێزانــەدا بــە نابەدڵــی بەجێــی ئەهێڵــم. بــەڵام درۆت لەگەڵــدا نەکــەم، جیــاوازی رەچەڵــەك و رەگەزمــان جیــاوازی مــاڵ و ســامانمان، جیــاوازی خوێندەواریــمان رێگــەی یــەك بوونێکــی پــاك و مەردانەمــان نــادەن.

**مس هاردکاسل:** (بۆخۆی):

ئــای پیــاوی پــاك! تــازە وا ئەکەویتــە بەردڵــم. (بــۆ مارلــۆ) بــەڵام مــن گومانــم نییــە کــە خێزانــی ئێمــەش لــە بنەماڵــەی مــس هاردکاســل نزمــتر نییــە، هەرچەنــدە هــەژار و دەســت کورتــم، ئەمــە نابێتەســووکی و بــێ نرخــی بــۆ یەکێــك کــە بیەوێــت، تــا ئــەم دەمــە بەیادمــا نــە ئەهــات کــە هــەژاری ئەمەنــدە شــووم و بــەڵا بــێ.

**مارلۆ:**

جا بۆ ئێستە وا ئەزانیت؟ ئەی ساکاری نایابم؟

**مس هـ:**

چونکــە ئەمەنــدە لــە کەســێ دوورم ئەکاتــەوە کــە ئەگــەر هــەزار دینــارم بوایــە پێــم ئــەدا.

**مارلۆ:** (بۆخۆی)

ئــەم راســتییە چەشــنی ئەفســوون کارم تــێ ئــەکات، ئەگــەر نــەڕۆم ئــەوا ئەفەوتێــم، پێویســتە تەکانێکــی ئازایانــە بدمــە خــۆم و جێــی بێڵــم. (بــۆ ئــەو) لایەنگیریــت بــۆ مــن، خۆشەویســتەکەم، وا جەرگــم لــەت لــەت ئــەکات. ئەگــەر چارەنووســم لــەدەس خــۆم بوایــە،

ئەمزانــی چــۆن هاوڕێــی ژینــم هەڵئەبــژارد، تەنیــا لــەم بابەتــەوە دونیایەکـم لـە پێشـە، بەتایبەتـی دەسـەڵاتی باوکـم، ناتوانـم چۆنـی دەربــڕم، جەرگــم کــون ئــەکات، خــوات لەگــەڵ.

(ئەچێتە دەرەوە).

**مس هارد کاسل:**

تـا ئێسـتە نیـوەی نەرخیـم نەئەزانـی، ئەگـەر بتوانـم هەرچۆنێـك بـێ نابـێ رێگـەی رۆیشـتنی بـدەم، بـە زۆر یـا بـە مەکـر. پێویسـتە هـەر ئـەم رۆڵـەش یـاری بکـەم کـە تـا ئێسـتە کردوومـە بـۆ (سـەرکەوتن بـە تێکۆشـان) تەنیـا ئەبـێ باوکـم لـەم هەمـوو (هەلـەو) رووداوە چەوتانــە ئــاگادار بکــەم پێــش ئــەوەی بڕیــاری دەرکردنــی بداتــە دەســت.

(ئەچێتە دەرەوە).

(تۆنی، میس نیڤێل دێنە ژوورەوە).

**تۆنی:**

ئـای ئەمجـارە ئەبـێ خۆتـان بیـدزن. مـن چیـم لەسـەر بـوو کـردم، ئەمـە گومانـی تیـا نییـە کـە دایکـم خشـل و زێڕەکانـی کەوتووەتـە دەسـت، تەنیـا وا ئەزانـێ ئـەوە هەمـووی لـە نەفامینـی و دەسـت و پێکانییــەوە بــووە.

**مس نیڤیل:**

بـەڵام بـێ سـوو، پـوورزای خۆشەویسـت، لـەم کارەساتە ناهەمـوارەدا وازمــان لــێ ناهێنــی. ئەگــەر دایکــت بــەلای کەمیــەوە گومانــی رۆیشـتنم بـکات ئـەوا حەپسـم ئـەکات، یاخـو رەوانـەی لای پـوورە (پێدگـری)م ئـەکات کـە سـەدجار خراپـترە.

**تۆنی:**

لەراستیدا هەموو جۆرە پوورێك شتی بەد و (مەلعونن). بەڵام چیم پێ ئەکرێ؟ ئەوا جووتە ئەسپێکی ئەوتۆم بۆ پەیدا کردوون کە بە فڕین ئەفڕن. خۆیشت ئەزانیت کە چۆن لە رووی دایکما دڵداریم لەگەڵدا کردویت، ئا، ئاوا دایکم هات، جا تا هیچ گومانمان لێ نەکا، وەرە نەختێ چاوبڕکێ و دڵداری بکەین.

(ئەکشێنەوە دواوە و دەست بازی ئەکەن).

(مسز هاردکاسل دێتە ژوورەوە).

**مسز هارد کاسل:**

لەراستیدا باڵە فڕکەم گرتووە. تەنیا کوڕەکەم ئەڵێ گشتی لە نەفامێتی نۆکەران بووە، دیسانەوە تا ئێجگاری لێکدی مارە نەکرێن دابین نابم. ئەوکاتە هەموو ماڵ و میراتی ئەبێتە ئی خۆی، بەڵام واچی ئەبینم؟ دەست بازی کردن، بێ گومان، هیچ لەمەوپێش تۆنی ئاوا گورج و نازدار نەبووە. ئاه! کۆترە جوانکیلەکانم، ئاواتان ئەگرم، چی دەنووك لێکدان، بەدزیەوە سەیرکردن، فسکە فسکی بەهەناسە بڕکێ! ئاه!

**تۆنی:**

دایە هەر ناوە نا تاوێك نەختێك فسکە فسك ئەکەین، بەڵام ڤیان و خۆشەویستی لە مەیانا ون نەبووە.

**مسز هارد کاسل:**

تۆنی،بەس پشکۆیەك بخەرە سەر ئاگرەکە تا بەگڕتر بێت.

**مس نیڤیل:**

تۆنی پوورزام بەڵێنی داوە کە لەماڵەوە رووخۆشتر بێت.

لەراســـتیدا نابــێ چیـــتر بەجێـــمان بیەڵـــێ. تۆنـــی چیـــتر جێـــمان ناهێڵـــی، وا نییـــە؟

**تۆنی:**

ئـوە! چەنـد نـازدار و نایابـی. نەخێـر، ئەگـەر ئەسـپەکەم جـێ بێڵـم تـۆ بەجـێ ناهێڵـم کـە ئـاوا لێـو بەخەنـدە بیـت! بەراسـتی خەنـدە هـەر لەتـۆ ئەوەشـێتەوە!

**مس نیڤیل:**

پـوورزای دڵگـر! کـێ ئەتوانـێ حـەز لـەم گیانـە خۆرسـکە، لەمـڕووە شـاد و سـوور و پـان و خـەم نەخـۆرە نـەکات؟ (دەسـتی لـە پشـتی ئـەدات) ئـاە! بەراسـتی روویەکـی ئـازا و مەردانەیـە!

**مسز هاردکاسیل:**

ئای بێ تاوانی جوان!

**تۆنی:**

دڵنیـام هەمیشـە حـەزم لـەو چـاوە کاڵـەی پـوورزام و لـەو پەنجـە نـەرم و درێژانـەی کـردووە.

**مس هارد کاسل:**

ئـاە! تۆنـی ئەتوانـێ باڵنـدەی سـەرداری کـەوی بـکا. لـە ژینـما هەرگیـز ئەمەنـدە بەختیـار نەبـووم، گیـا لەسـەر پنجـی خـۆی ئەڕوێـت، تۆنـی بـە تـەواوی لـە باوکـی مسـتر لامپکینـی رەحمەتـی ئـەکا، کیـژی خۆشەویسـتم زێـر و زێوەکانـت دەسـتبەجێ ئەدەمـەوە، پویسـتە وەریـان بگریتـەوە، تووبـی خـوا لاوێکـی قـۆز و شـیرین نییـە، ئازیزەکـەم؟ هـەر بەیانـی ئەبـی لێکـدی مـارە بکرێـن، باسـی تەواوکردنـی خوێندنەکـەی ئەخەینـە رێکەوتێکـی تـر.

(دیگۆڕی دێتە ژوورەوە).

**دیگۆری:**

کوا کوڕی باش؟ وا نامەیەکم بۆتان هێناوە.

**تۆنی:**

بیدەرە دایکم، هەموو نامەیەکم لە پێشان ئەو ئەیخوێنێتەوە.

**دیگۆری:**

فەرمانم پێکراوە کە لەدەستی خۆتی بنێم.

**تۆنی:**

لە کوێوە بۆم هاتووە؟

**دیگۆری:**

ئەمە ئەتوانن لەنامەکە پرسیار بکەن.

**تۆنی:**

لەگەڵ ئەمەشا حەز ئەکەم بزانم.

(نامەکە وەرئەگرێ و سەرنجی ئەدات)

**مس نیڤیل:** (بۆخۆی)

قەومــا! تــووش بوویــن، لــە شــێوەی نووســینەکەدا ئەزانــم لــە هەستنگســەوە بــۆی هاتــووە، ئەگــەر پــوورم چــاوی پــێ بکــەوێ ئــەوا هەتــا هەتایــە ماڵوێــران ئەبیــن. پێویســتەئەگەر بتوانــم، نەختــی خامۆشــی بکــەم (بــۆ مســز هاردکاســل): بــەڵام مــن وەرامــە نوێیــە نایابەکــەی پــوورزام بــۆ مســتر مارلــۆ پــێ نەوتی،خانــم. ئــای کــە چەنــد پێکەنیــن، ئەبــێ بزانیــت خاتــوون، ئــا، نەختــێ وا وەرە تــا گوێــمان لێــمان نەبــێ (فســکە فســك ئەکــەن).

**تۆنی:** (هەر سەرنجی نامەکە ئەدات)

بەراســتی دەســت نووســێکی ئاڵــۆز و ناخۆشــە، لــە ژینمــدا وێنەیــم نەدیــوە، باشــە ئەتوانــم دەســتخەتەکەت بخوێنمــەوە. تەنیــا هەنــدەێ

وێرگۆل و شـوختە تیایـە پیـاو ناتوانـێ سـەروکلکی لێـك جیابکاتـەوە. "بـۆ بەڕێز...مسـتر تۆنـی لامپکیـن" زۆر سـەیرە، ئەتوانـم بـە تـەواوی دەرەوەی نامەکانـم بخوێنمــەوە کــە نــاوی خۆمــی تیــا نــووسراوە، بــەڵام کــە ئەیکەمــەوە هیــچ ســەرم لێــی دەرناچێــت. ئەمــە زۆر گرانــە، زۆر ناخۆشــە، چونکــە هەمیشــە ناوەرۆکــی نامــە کاکلــەی نامــە بــۆ یــەك ناردنــە.

**مسز هارد کاسل:**

هــا! ها!هــا! جوانــە، جوانــە. ئــاوا کــوڕی مــن لەگــەڵ پسـپۆرەکەدا دڵ رەق بــوو.

**مس نیڤیل:**

ئــا، خانــم بــەڵام پێویســتە هەموویــت گــوێ لێبــێ، خانــم ئــا نەختێکــی تــر وا وەرە ئەگینــا تــێ ئــەگات، ئەبــێ بزانیــت چــۆن دووبــارە واقــی ور کــرد.

**مسز هـ:**

وا ئەزانم ئێستە لە هەموان زیاتر خۆی واقی وڕماە.

**تۆنی:** (هەر سەیری نامەکە ئەکات):

خەتێکــی مەلعونــە (ئەخوێنێتــەوە): "گــەورەی خۆشەویســت" ئــەدی! ئەمــە ئەمەیــە. لەپاشــان (م)یــەك و (ت) یــەك و (س)یــەك هەیـە. تەنیـا ئەمـەی تریـان ئایـا شـوورە () یـا (ر) یـە، بەڵامـدا لـە خـۆم نایزانــم.

**مسز هـ:**

ئەمە چییە، ئازیزەکەم؟ ئەتوانم چی یاریدەیەکت بدەم؟

**تۆنی:**

نازانم چی بڵێم:

**مس نیڤیل:**

ئـــای، ئاوایـــە (وا نیشـــان ئـــەدا کـــە ئەخوێنێتـــەوە): "خۆشەویســـتی بەڕێـــز، ئومێـــد ئەکـــەم زۆر بـــاش بیـــت، پاڵەوانانـــی یانـــەی (شـــێکباگ) پەڕوباڵـــی پاڵەوانانـــی یانـــەی (گوزگرین)یـــان دەرهێنـــاوە، زۆر ســـەیرە – ئـــم- جەنگێکـــی ســـەیر- ئـــم- شـــەڕێکی درێـــژ- ئـــم ئەمـــە گشـــتی لەبـــارەی کەڵەشـــێر و شـــەڕە، هیـــچ مانـــا و نرخـــی نییـــە. بـــی پێچـــەوە، بـــی پێچـــەوە.

(ئەی گەچڕێنێ و نامەکەی پیا ئەدات).

**تۆنی:**

بـــەڵام مـــن پێـــت ئەڵێـــم، بابـــە ئەمـــە لـــە هەمـــوو شـــتێکی جیهـــان نرخدارتـــرە. دینارەکـــەم بدەیتـــێ واز لـــە پاشـــماوەکەی ناهێنـــم. ئاهـــا، دایـــە، بزانـــە بـــۆت ئەخوێنرێتـــەوە؟ بـــێ نرخـــە؟!

(نامەکە ئەدا بە مسز هاردکاسل).

**مسز هاردکاسل:**

ئەمـــە چۆنـــە؟ (ئەخوێنێتـــەوە) "خۆشەویســـتی بەڕێـــز، مـــن ئێســـتە وا چاوەڕوانـــی مـــس نیڤیـــل ئەکـــەم، بەخـــۆم و پەیتوونێـــك و جووتـــە ئەســـپێکەوە، لەدامێنـــی باخەکـــەدا، بـــەڵام وا ئەزانـــم توانـــای ئـــەم کاروانەیـــان نەییـــە، هیـــوادارم جەنابـــت جووتـــە ئەســـپەکی حەســـاوەمان بـــۆ پەیـــدا بکەیـــت، هـــەروەك بەڵێنـــت دابـــوو. خـــۆت ئەیزانـــی راکـــردن زۆر پێویســـتە ئەگینـــا پیرەژنـــە بەدفەڕەکـــە "ئـــای پیرەژنـــە ئێســـك گرانەکـــە" دایکـــت، لێـــمان ئەکەوێتـــە گومـــان. بـــرای خـــۆت، هەســـتنگس" خوایـــە ســـەبووریم دەیـــت. خەریکـــە شـــێت ئەبـــم. وا لـــەرق و کینـــەدا ئەخنکێـــم.

**مسزهارد کاسل:**

ئەمـە چۆنـە؟ (ئەخوێنێتـەوە) "خۆشەویسـتی بەڕێـز، مـن ئێسـتە وا چاوەڕوانـی مـس نیڤیـل ئەکـەم، بەخـۆم و پەیتوونێـك و جووتـە ئەسـپێکەوە، لەدامێنـی باخەکـەدا، بـەڵام وا ئەزانـم توانـای ئـەم کاروانەیـان نییـە. هیـوادارم جەنابـت جووتـە ئەسپەکی حەساوەمان بـۆ پەیـدا بکەیـت، هـەروەك بەڵێنـت دابـوو. خـۆت ئەیزانـی راکـردن زۆر پێویسـتە ئەگینـا پیرەژنـە بەدفەڕەکـە "ئـای پیرەژنـە ئێسـك گرانەکـە" دایکـت لێـمان ئەکەوێتـە گومـان. بـرای خـۆت هەسـتنگس". خوایـە سـەبووریم دەیـت. خەریکـە شـێت ئەبـم. وا لـەرق وکینـەدا ئەخنکێـم.

**مس نیڤیل:**

تکایـە، خانـم نەختـێ هێـوور بێتـەوە و ناپەسـەندیی و پیلانـی بـەدی خەڵکـی تـر نەخەیتـە ئەسـتۆی منـەوە.

**مسز هـ:** (زۆر سەری نەوی ئەکا)

زۆر قسـەیەکی جوانـە، خاتـوون، تـۆ ئێجـگار بـە حەیـا و دڵڕفێنـی، بەتـەواوی گوڵـی نامـووس و ڕێزگرتنـی، خانـم (دەنگـی ئەگۆڕێـت) تـۆش، تـۆ ئـەی بـێ مێشـکی بەدخـوو، ئەمەنـدە هۆشـەت نییـە کـە زاری خۆتـی پـێ دابخەیـت، تـۆش بـە پێچەوانـەی منـا لـەم کارە ناسـازە بەشـداریت؟ تەنیـا مـن خێـرا هەمـوو پیلانێکتـان تێـك ئـەدەم. تـۆ، ئـەی خاتـوون کـە جووتـە ئەسـپەکەی حەسـاوەت بـۆ ئامادەیـە، نابـێ بەخۆڕایـی بچیـت، جـا لەجیاتـی (بەدووکەوتنـت) هـەر ئێسـتێکە ئامادەبـە تـا لەگـەڵ منـا راکەیـت. دڵنیابـە پیـرە پـوورت (پیدگـری) زۆر چـاك ئاگاداریـت ئـەکات. تـۆش جەنـاب ئەتوانـی سـواری ئەسـپەکەت بیـت و بـۆ پارێـزگاری بەگەڵـمان

کەویـت. هـۆ تۆمـاس، رۆجـەر، دیگـۆری، ئـا وەرن نیشـانتان ئـەدەم کـە چـۆن لەخۆتانـا زیاتـر خەمتـان ئەخـۆم.

(ئەچێتە دەرەوە)

**مس نیڤیل:**

ئاوا ئێستە ئێجگاری فەوتام.

**تۆنی:**

ئای، ئەمە گومانی تیا نییە.

**مس نێڤیل:**

چـی لەمـە باشـتر بـۆ یەکێـك چـاوەڕوان ئەکرێـت کـە تووشـی بـە تووشـی شـتێکی بـێ مێشـکی ئـاواوە بووبـێ، ئەمـەش دوای ئـەو هەمـوو سـەر بـادان و چاولـێ نووقانـەوە.

**تۆنی:**

بەسـەری تـۆ، یابـە، ئەمـە ئەنجامـی زیرەکـی خـۆت بـوو نـەك ئـی بـێ مێشـکیەتی مـن. ئەمەنـدە قسـەخۆش و خافڵابـووی لەبـارەی (شـیکباگ و گوزگریـن)ەوە وا تێگەیشـتم هیـچ بـڕوا ناکەیـت.

(هەستنگس دێتە ژوورەوە).

**هەستنگس:**

کەوابـوو، جەنـاب وەك نۆکەرەکـەم ئەڵـێ، لێـت لـە دەهـۆڵ دایـن و نامەکـەت داوەتـە دایکـت. ئەمـە کارێکـی بـاش بـوو، جەنتلـمان؟

**تۆنی:**

ئەمـەش بەڵایەکـی تـر. لـەم خانمـە پرسـیار بکـە کـە ئاشـکرای کـردن. بەخـوا کـردەوەی خۆیەتـی. مـن سـووچم نییـە.

(مارلۆ دێتە ژوورەوە).

**مارلۆ:**

بەخـوا بابـە لێـرە باشـم لەگـەڵ جووڵانـەوە. چاکتـان کـردم بـە نیشـانەی فشـە گاڵتـە، تووشـی کاری ناشـیرینتان کـردم. ناوبەدتـان کـردم، ئەنجـا کردمتانـە قەشـمەر جـاڕی خۆتـان.

**تۆنی:**

ئەمەش یەکێکی تر هەر ئەوە مابوو.

**مس نیڤیل:**

ئەمەتـا گـەورەم، ئـەو کـوڕە باشـە هەمـووی قـەرزاری سـوپاس کردنینـە.

**مارلۆ:**

ئەنجـا چیـم پـێ ئەکـرێ لەگـەڵ ئـەم مناڵـە نەفامـە بـێ مێشـکەدا کـە نەزانـی و سـاوایی بەسـە بـۆ پارێـزگاری.

**هەستنگس:**

کەرێکی بێ نەرخی ئاوایە کە راستی پیس ئەکا.

**مس نیڤیل:**

لەگـەڵ ئەوەشـا ئەمەنـدە شـەیتان و ناپەسـند و دڵ پـڕ قینـە کەبـەم گیروگرفـت و دەردەسـەریمانەوە خۆشـحاڵ و شـادمانە.

**هەستنگس:**

بێچووە رێوییەکی هەست مردووە.

**مارلۆ:**

فرتوفێڵ و زیان و بەدی لێ ئەڕژێتەوە.

**تۆنی:**

باو! ژنانە ئامادەم یەك لە دوای یەك بەسەبەتان شەڕتان لەگەڵا بکەم.

**مارلۆ:**

ئــەم هێنــدە ناهێنــێ، تەنیــا کردەوەکانــی جەنابــت، مســتر هەســتنگس شــایانی بــاس کــردن و لێکۆڵینــەوەن. تــۆ بــە هەڵەکانــی منــت ئەزانــی و ئــاگادارت نــە ئەکــردم.

**هەستنگس:**

ســەرەڕای ئــەم هەمــوو ئــازار و خەمــەی مایەپووچــی و ئومێــد بڕیــن خۆمــا داوای لێکۆڵینــەوە ئەکــەی؟ مســتر مارلــۆ، ئەمــە کاری برادەراتــی نییــە.

**مارلۆ:**

بەڵام جەناب..

**مس نیڤیل:**

مســتر مارلــۆ، لەســەرخۆبە و هێــور بــەرەوە، بــاوەڕ بکــە تــا کاتێــك بــە هەڵــەی تۆمــان نەزانــی کــە ئاگادارکردنــت ســوودی نەمابــوو.

(نۆکەر دێتە ژورەوە)

**نۆکەر:**

خانــم ئەیــەوێ دەســبەجێ خــۆت ئامــادە کەیــت.. خاتــوون. وا ئەســپەکان لــە پەیتوونەکــە ئەخــەن. شــتوومەکت وا لــە ژوورەکــەی تــران. زووکــە ئەبــێ تــا بەیانــی ڕێگــەی ســی میــل ببڕیــن.

**مس نیڤیل:**

باشە، باشە وا ئێستە یەم.

**مارلۆ:** (بۆ هەستنگس)

کابــرا ئەمــە کاری پیاوەتییــە، لــە ئابڕووچوونمــا بەشــدار بوویــت؟ لــە نێوانــی گشــت دۆســت و ناســیاوانمان ســووك و رســوات کــردم؟ دڵنیابــە هــۆکاك هــەر ئەبــی لــەم کردەوەیەتــم بگەیەنــی و

هۆیەکانیــم بــۆ ئاشــکرا کەیــت.

**هەستنگس:**

قســە قســەی لــێ ئەبێتــەوە، هــۆ کاك، ئــەی ئەمــە پیاوەتییــە کــە جەنابــت ئــەو ئەمانتــەی پێــم ســپاردی هەڵســای لــە دەســتی یەکێکــی تــرت کــرد؟

**مس نیڤیل:**

مســتر هەســتنگس، مســتر مارلــۆ، بــۆچ ئەتانــەوێ بــەم گفتوگۆیــە بــێ ســەرو شــوێنە خــەم و دڵتەنگیــم زیــاد بکــەن؟ لێتــان ئەپاڕێمــەوە. (نۆکــەر دێتــە ژوورەوە).

**نۆکەر:**

ها، بگرە (عەبات) خاتوون. وا ئاغاژن ئارامی لێ هەڵگیراوە.

(ئەچێتە دەرەوە).

**مس نیڤیل:**

وا هاتــم (بــۆ مارلــۆ و هەســتنگس) تکایــە ئاشــت بنــەوە، رێــك کــەون، پێــك وەرنــەوە، ئەگــەر بــەم شــێوەیەتان بەجــێ بێڵــم، ئــەوا خــۆ لــە مەراقانــا هــەر ئەمــرم.

(نۆکەر یەتە ژوورەوە).

**نۆکەر:**

بگرە، خاتوون دەستەوانە و شتوومەکت. ئەسپەکان چاوەڕوانن.

**مس نیڤیل:**

ئــۆف مســتر مارلــۆ، ئەگــەر ئەتزانــی، چــی شــەڕ و گیــان پیســی و بەڵایەکــم لــە پێشــە، بێگومــان هەمــوو رق و کینــە بــە بەزەیــی پیــا هاتنــەوە ئەگــۆڕا.

**مارلۆ:**

هەروەختا شـێت بـم، نازانـم چـی بکـەم! تـووش گێـژاوێ بوومـە سـەرم لێشـێواوە، خاتـوون، بمبەخشـە. جـۆرج، لێـم خـۆش بـە، خـۆت ئەزانـی چەنـد زوو دەروونـم هەڵئەچـێ، نـە ئەبـوو تـۆش هەنـدەی تـر گـڕی خـۆش کەیـت.

**هەستنگس:**

ئەم ئازار و گیان دەرچوونەم تەنیا بەڵگەمە بۆ بەخشین.

**مارلۆ:**

باشـە، هاوڕێـی خۆشەویسـتم، ئەگـەر هێنـدە ڕێـزی مـن ئەگریـت وەك مـن تـێ ئەگـەم، کـە دڵنیـام ئەیگریـت، ئـەوا سـێ سـاڵ خۆراگرتـن کامەرانـی پەیوەسـتی پاشـەڕۆژمان زۆرتـر ئـەکا. ئەگەر...

**مسز هاردکاسل** (لە ژورەوە):

مس نیڤیل! کونستانس، ئەوا بۆ هۆ کۆنستانس؟

**مس نیڤیل:**

ئەوا هاتم! باشە خۆراگرتن. لەیاد نەکەیت. بەڵێنمان ئارامگرتنە.

(ئەچێتە دەرەوە).

**هەستنگس:**

ئاخ گیانەکەم! چۆن توانای ئەوەم هەبێ؟

ئاوا نزیك کامەرانی بین ئەم جۆرە کامەرانیەش!

**مارلۆ:** (بۆ تۆنی)

بە چاوی خۆت ئەنجامی کاری شێتانەی خۆت ئەبینی، کابرا! ئـەوەی ئەشـێ بـۆ تـۆ سـەیر و سـەفا بـێ، بـۆ خەڵکـی تـر ئومێـد بـڕان و تەنانـەت ماڵوێرانییـە.

**تۆنی:** (وەك لەخەودا راچەنێ)

ئـۆف خوایـە، دۆزیمـەوە، ئەمەتـا بەدەسـتی خۆتـان، هـەر بەدەسـتی خۆتــان، دزمەکانــم! هــۆ! پــاش دوو کاتژمێــری تــر لــە دامێنــی باخچەکــەوە چاوەڕوانــم بــن. ئەمجــارە ئەگــەر (تۆنــی لامپکیــن) گەلــێ لەمەباشــتر و دڵپاکــتر نەبــوو کەئێــوە تێیگەیشــتوون، ئــەوا چاکتریــن ئەســپ و خۆشەویستەکەشــم (بێــت بۆنســەر) لەجیاتــی ئــەوە بــەرن. هــۆ دزمەکانــم!

(ئەچێتە دەرەوە).

## بەشی پێنجەم

(دیمەن ناگۆڕێت)

(هەستنگس لەگەڵ نۆکەر دێنەژوورەوە).

**هەستنگس:**

وتــت پیرەژنەکــە و مــس نیڤیــل لــە پێــش چــاوی خۆتــا ســواربوون و رۆیشــتن؟

**نۆکەر:**

بەڵـــێ، ئاغـــەم. بـــە ســـواری گالیســـکەیێ چـــوون گەنجەکـــەش بـــە ســـواری ئەســـپا چـــوو. ئێســـتێکە نزیکـــەی ســـی میـــل دوورکەوتوونەتـــەوە.

**هەستنگس:**

کەواتە هەموو ئومێدێکم بڕا.

**نۆکەر:**

بەڵـــێ گـــەورەم، پیـــرە (ســـێرچارلس) گەیشـــتووتەجێ. ئـــەم نیـــو ســـەعاتە لەگـــەڵ خاوەنـــی ئـــەمماڵـــەدا بـــە (هەڵـــەی مارلـــۆ) پێکەنیـــون. ئـــاوا هاتـــن.

**هەستنگس:**

کەواتــە نابــێ مــن ببینرێــم. جــا بچــم بــۆ ژوانــی بــێ بــەرم لەدامێنــی باخەکــەدا، ئەمــە کاتێتــی.

(ئەچێتە دەر).

(سێرچارلس لەگەڵ مستر هاردکاسل، دێتە ژوورەوە).

**هارد کاسل:**

هــا! هــا! ئەگــەر ئەزانــی بــەچ شــێوەیەکی دەســەڵاتدارانەوە فەرمانــە ترســناکەکانی بەســەرا ئەکــردم؟

**سیر چارلس:**

چۆن چاکەی خزمەتکردن و پیاوەتی و مێوانداریێتی داویەتیەوە.

**هارد کاسل:**

ئەبێ لەگەڵ ئەمەشا شتێکی لەمن دیبێ کە لەخانچیەکانی تر بەرزترم بگرێ.

**سێر چارلس:**

راستە، بەڵام تۆی بەخانچییەکی سەیر زانیوە. ها! ها! ها!

**هارد کاسل:**

گرنگ نییە، دڵم هێندە فراوانە کە لە خۆشی بەولاوە بیر لە هیچی تر نەکەمەوە. بەڵێ، هاورێ خۆشەویستەکەم، ئەم خێزان تێکەڵ بوونەمان، برادەراتی و دۆستایەتی خۆمان پشت بە پشت بۆ نەوەکانمان ئەباتە خوار. هەرچەند میراتی کچەکەم زۆر نییە.

**سێر چارلس:**

توخوا باسی میرات لای من ئەکەیت؟ کوڕی من هەندەی هەیە کە پێویستی بە هیچ نەبێ تەنیا ئافرەتێکی پاکی رەوشت باش کە دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکا و بەشداری کامەرانی بێت. ئەگەر وەك خۆت ئەڵێی، ئاوا یەکتریان خۆش ئەوێ.

**هارد کاسل:**

کابرا، ئەڵێیت ئەگەر؟ من پێت ئەڵێم حەز لێك ئەکەن، کچەکەم خۆی پێی وتم.

**سێر چارلس:**

بەڵام تۆ ئەزانی ئافرەت هەمیشە بۆی هەیە خۆی بخەڵەتێنێ.

**هارد کاسل:**

بەچاوی خۆم دیم کە چۆن بە گەرمی دەستی ئەپچڕاند. ئا وا خۆیشی هات تا ئەگەرەکانت ببڕێت.

(مارلۆ دێتە ژوورەوە).

**مارلۆ:**

وا ئەمجارەش هاتمەوە، گەورەم، تا لەکردەوە سەیر و ناشیرنەکانمان خۆش بیت. من زۆر شەرمەزارم.

**هارد کاسل:**

جا ئەمە چییە کوڕم؟ تۆ زۆر بە هەندت هەڵگرتووە. یەکدوو سەعات پێکەنین لەگەڵ کچەکەما هەموو ئەم چەوتیانە راست ئەکاتەوە. ئەو باوەڕ ناکەم هەر گوێشی پێبدا.

**مارلۆ:**

گەورەم من شانازی بە رالێبوونی ئەوا ئەکەم.

**هارد کاسل:**

مستر مارلۆ را لێبون وشەیەکی سادە، ئەگەر منیش بەهەڵە نەچووبم ئەوا لەرا لێبوون زیاترتان لە بەینایە.

**مارلۆ:**

لەراستیدا گەورەم، نەگەیشتوومەتە ئەم بەختیارییە.

**هارد کاسل:**

دەی دەی، بەرخم، من دونیام دیوە وەك تۆ کە گەنجی ئەزانم چی چییە. من ئاگاداریم بەهەموو شتێکتانەوە هەیە، بەڵام ئەم!

**مارلۆ:**

بێگومان، گەورەم، لە بەینمانا هیچ رووی نەداوە، تەینا من زۆر

ڕێزیـم گرتـووە و ئەویـش لـە دورەوە وەسـتاوە. وا مەزانـە گـەورەم، کـە لەگـەڵ هەمـوو ئەندامانـی خێزانەکەتـا بـێ حەیـا بووبـم.

**هارد کاسل:**

بـێ حەیایـی! نەخێـر، مـن ئەمـە ناڵێـم بـێ حەیایـی تـەواو، نـە. هەرچەنـد کیـژ حـەز ئەکـەن یارییـان لەگـەڵا بکـرێ و هەنـدێ جـار کەمـێ بگوشرێـن. بـەڵام دڵنیابـە کـە ئـەو هیچـی بـۆ نەگێڕاومەتـەوە.

**مارلۆ:**

چونکە هەرگیز وام نەکردووە کە بێتە هۆی ئەمە.

**هارد کاسل:**

باشـە، باشـە مـن حـەز لـە بـێ دەعیـەی ئەکـەم ئەگـەر لـە جێـی خـۆی بـێ، تەنیـا ئـەی جـەوان، ئەمـە نواندنێکـی لـە ئەنـدازە بـەدەرە. پێویسـتە لەگەڵمانـا راسـتگۆ بیـت، جـا لەگـەڵ باوکـت خۆشـترمان ئەوێیـت.

**مارلۆ:**

جەوانە مەرگ بم، گەورەم، ئەگەر قەت.

**هارد کاسل:**

مـن پێـت ئەڵێـم ئـەو ناحەزیـت نـاکات کـە گومانـم نییـە تـۆش ئـەوت خـۆش ئـەوێ.

**مارلۆ:**

گەورە خۆشەویستەکەم، قایل نابم، گەورەم.

**هارد کاسل:**

هیچ نابینم کە ببێتە هۆی بۆ یەك نەبوونتان.

**مارلۆ:**

تەنیا بزانە گەورەم.

**هارد کاسل:**

باوکت رای لەسەرە، من پێم خۆشە هەر کاتێك دواخستن زیان ئەبەخشێ. جا...

**مارلۆ:**

بەڵام بۆچ گوێ لەمن ناگری؟ سوێند بە هەموو شتێ کە راست و هەقە تا ئێستە وام نەکردووە مس هاردکاسل بچووکترین نیشانەی دڵداریم بگرێتە دەس. تەنیا یەك کۆبوونەوەمان بووە، ئەویش سارد و جەلەیی و دڵنەگر بوو.

**هارد کاسل:** (بۆخۆی)

ناپەسند خۆهەڵئەکێشێن ئەم کابرایە دڵم تەنگ ئەکات.

**سیر چارلس:**

قەت دەستت نەگوشیوە یاریشت لەگەڵا نەکردووە؟

**مارلۆ:**

خوای لە ژووری سەری ئاگادارە، بە گوێرەی فەرمانت هاتوومەتە ئێرەوە، چاوم بەو ئافرەتە کەوت بێ ئەوەی هەست بە هیچ بکەم، بێ دوو دڵی یا پەشیمانی بەجێم هێشت. ئومێدەوارم بەمە دڵنیابیت کە پێویستی خۆم بەرامبەر تۆ هێناوەتە دی. چوونەدەرم لەم خانووە پڕ دەرد و خەمەدا لێ قەدەغە نەکەیت. (ئەچێتە دەر).

**سێر چارلس:**

سەرم لەم شێوە نابەدڵییە سووڕماوە کە پێی دەرچوو.

**هارد کاسل:**

من لەمەدا واقم وڕماوە چۆن ئاوا بێ ترس ئێمەی دڵنیا ئەکرد.

**سیر چارلس:**

وەختا باوەڕی پێ بکەم کە راستە.

**هارد کاسل:** (سەیری دەستە راست ئەکا)

ئاوا کیژەکەم هات. منیش گومانم لەراستگۆیی ئەودا نییە.

(مس هاردکاسل دێتە ژوورەوە).

**هارد کاسل:**

کێــت، وەرە ئێــرە، بەرخــم شــەرمێ مەکــە و بــە راســتی وەرامــی پرســـیارمان بـــدەرەوە. قـــەت مســـتر مارلـــۆ دانـــی بـــە دڵـــداری و خۆشەویســـتیتا نـــاوە؟

**مس هارد کاسل:**

گــەورەم، ئەمــە پرســیارێکی رەق و لەنــاکاوە! تەنیــا چونکــە داوای راســتی و بــێ شــەرمی ئەکەیــت، بەڵــێ وا بزانــم ئەمــەی کــردووە.

**هارد کاسل:** (بۆ سیرچارلس)

ئەبینیت!

**سیر چارلس:**

باشــە خاتــوون، قــەت لەگــەڵ کوڕەکەمــا لــە جارێــك زیاتــر یەکترتــان بینیــوە؟

**مس هارد**

**کاسل:** بەڵێ، گەورەم، چەند جارێك.

**هارد کاسل:** (بۆ سیر چارلس)

بزانە!

**سیر چارلس:**

بەڵام هیچ دانی بەدڵداریتا ناوە؟

**مس هارد کاسل:**

بەڵێ، دڵداری هەتا هەتایە.

**سیر چارلس:**

باسی خۆشەویستی کردووە؟

**مس هارد کاسل:**

زۆر جار گەورەم.

**سێر چارلس:**

زۆر سەیرە! هەموو ئەمانەی ئاشکرا و یەکسەریش بووە؟

**مس هارد کاسل:**

بەڵێ، ئاشکرا یەکسەر.

**سیر چارلس:**

باشە، خاتوون رەوشتی لەگەڵتا چۆن بووە؟

**مس هارد کاسل:**

وەك هەمـوو دڵدارێـك نەختـێ بـە جوانیـی رووما داچـوو، باسـی بـەرزی و پـڕ نەرخـی مـن و هیـچ نەبوونـی خـۆی و چەنـد گفتوگۆیەکـی خەمناکـی کـرد، بەشـێوەیەکی بەختیـاری دیـارە کۆتایـی پێهێنـا.

**سێر چارلس:**

بێگومـان ئینجـا بەتـەواوی بـڕوام کـرد. ئەزانـم گفتوگـۆی لەگـەڵ ئافرەتـا ئـاوا دڵرفێنـە و ئـەو بەسـتەزمانی و پاڕانەوەیـەی پێـش ئێسـتەی لـە رەوشـتی ئـەودا نییـە.

**مس هارد کاسل:**

باشـە گـەورەم، چـی ئەڵێیـت ئەگـەر لەپێـش چـاوی خۆتـا بـۆم دەرخسـتی کـە ئـەم باسـەیەم گشـتی راسـتە؟ ئەگـەر لەگـەڵ باوکـما

بـۆ نیـو سـەعات خۆتـان لـە پەنـا ئـەم پەردەیـە بگـرن. ئەبینـن چـۆن بۆخـۆی دان بـە دڵداریـما ئەنـێ.

**سێر چارلس:**

باشـە، خـۆ ئەگـەر وەك باسـی ئەكەیـت، ئـاوا بـێ، ئـەوا هەمـوو خۆشـی و شـادیم كۆتایـی دێـت. (ئەچێتـە دەرەوە).

**مس هارد كاسل:**

خـۆ ئەگـەر وەك باسـم كـرد ئـاوا نەبـوو، ئەترسـم قـەت بەختیـاری و كامەرانیـم سـەرەتایی نەبێـت. (ئەچنـە دەرەوە).

(دیمەن ئەگۆڕێت بۆ پشت باخەكە).

(هەستنگس دێتە ژوورەوە).

**هەستنگس:**

چ گەوجێكـم، ئـاوا لێـرەدا چاوەڕوانـی كابرایـەك بكـەم كـە ئەشـێ بـە ئازاردانمـا شـاد بێـت. ئـەو هەرگیـز بەڵێنـی خـۆی بەجـێ نەگەیانـدووە، منیـش چیـتر بـە ئومێـدی نابـم. ئـای ئـەوە چـی ئەبینـم؟ ئەمـە خۆیەتـی و ئەلـوێ پەیامـی یارمـی لا بـێ.

(تۆنی خۆی پێچاوە و دزمەی لە پێدایە، دێتە ژوورەوە).

**هەستنگس:**

كاكـەی بەشـەڕەفم! وا زانیـم كەخـاوەن قسـەی خۆتـی، ئەمـە هـەر لـە هاوڕێیەتـی ئەچـێ.

**تۆنی:**

ئـەدی مـن هاوڕێتـم، ئەگـەر هەمـووت ئەزانـی، ئـەوا چاكتریـن هاوڕێـت ئەبـووم كـە لـەم جیهانـەدا هەتـە. بـەم بۆنەیـەوە، ئـەم شەوسـوارییە زۆر دژوار و ماندووكـەرە و هەناسـەی لـێ بڕیـم.

**هەستنگس:**

ئاخـــر چـــۆن؟ ئـــەی هەڤاڵەکانـــت لەکـــوێ جێهێشـــتوون؟ ئاخـــۆ ســـەلامەتن؟ داخـــوا بـــە جێگـــەی خۆیانـــا گەیشـــتوون؟

**تۆنی:**

بیســت و پێنــج میــل بــە دوو ســەعات و نیــوا ئاژواتنێکــی هەنــدە کــەم نییــە، وڵاخــە بەســەزمانەکان کەفیــان بــۆ هەڵــدا. مــن حــەز ئەکــەم چــل میــل بــەدوای ڕێوییــەکا ڕاکــەم نــەك دە میــل لەگــەڵ ئەژدیهایەکــی ئــاوادا بــڕۆم.

**هەستنگس:**

باشــە، بــەس ئافرەتەکانــت لەکــوێ جێهێشــتوون؟ زووکــە، ئارامــم لــێ هەڵگیــرا!

**تۆنی:**

بەجێــم هێشــتوون! بــۆچ؟ گوایــە ئەبــێ لــەو شــوێنەی کــە ئەوانــم لــێ هەڵگرتــووە بــەولاوە لــە کوێــی تریــان بەجــێ بێڵــم؟

**هەستنگس:**

ئەمە مەتەڵێکی زۆر گرانە.

**تۆنی:**

کەواتــە ئــەم مەتەڵەیــەم بــۆ هەڵێنــە، ئەوەچییــە کەهــەر لــە دەورەی خانووەکــەدا ئــەڕوا و خــول ئەخواتــەوە و هەرگیــز بــە خانووکەکــە نــاگات؟

**هەستنگس:**

هەر هیچ سەرم لێ دەرناچێت.

**تۆنی:**

بــۆچ کابــرا، ئەمــە ئاوایــە. مــن ڕێگــەم پــێ ون کــردن. بەســەری ئــەو

کەسـەی لایەنگـری شـەڕ ئـەکا، هیـچ گـۆم و زەلەکاوێـك پێنـج میـل بەهـەر چـوارلای خانووەکـەدا نەمـاوە کـە تیایـا نەچـوو بـن.

**هەستنگس:**

هـا! هـا! هـا! تـێ ئەگـەم. هـەر خولـت پـێ خواردوونـە، کەچـی ئـەوان وایـان زانیـوە کـە بـۆ پێشـەوە ئـەڕۆن، تـا بـەم جـۆرە لـە ئەنجامـا بـۆ ماڵـەوەت هێناونەتـەوە.

**تۆنی:**

ئەبـێ بۆتـی روون بکەمـەوە، گوێبگـرە. لـە پێشـا بـە کۆڵانـەی (فیـدەرز بیـدا) مـدا بـردن کـە راسـتەوخۆ لـە قـوڕا چەقیـن. لەپاشـانا بەهـۆی پیاهەڵگـەڕان و هاتنـە خـوارەوەی گـردە بەرداوینیەکـەوە، تووشـی شریقوهـۆڕم کـردن ئینجـا بردمـن بـۆ ئـەو شـوێنەی تەرمـی گوناهبارەکانـی پیـا هەڵئەواسـن لە(هێڤـی- تری-هیـث) لەوێشـەوە بەسـوور و خـول خواردنێکـەوە راسـتەوخۆ لـە دەقنەکـەی دامێنـی باخەکەمـا کـردن.

**هەستنگس:**

تەنیا ئومێد ئەکەم هیچیان لێ نەقەومابێ.

**تۆنی:**

نـە، نـە. تەنیـا دایکـم لەترسـانا زراوی رژاوەو وا ئەزانـێ چـل میـل دوورکەوتۆتـەوە و زۆر بێـزارە و پەکـی کەوتـووە. جـا ئەگـەر ئەسـپەکانی خـۆت ئامـادەن، ئـەوا ئەتوانـی لەگـەڵ پوورزامـا راکـەن و بەڵێنتـان ئەدەمـێ کـەس لێـرەدا توانـای نییـە هەنگاوێـك بنـێ بـە شـوێنتانەوە.

**هەستنگس:**

هاوڕێی ئازیز، نازانم چۆن چاکەت بدەمەوە؟

**تۆنی:**

ئـەدی، ئـەدی ئێسـتە هـاوڕێ ئازیـز و کاکـی بەشـەرەفم، هـەر ئێسـتە شـێت و ناپەسـەند و قەشـمەر جـاڕ بـووم. ئـای لەعنـەت لـە شـێوەی شـەڕکردنتا بـێ. لەپـاش ئەمـەی یەکـتر ئەدەیـن بـە زەویـدا لـەم ناوچەیـەدا، ئەوسـا یەکـتر مـاچ ئەکەیـن و ئەبیـن بـە هـاوڕێ، بـەڵام ئەگـەر ریخۆڵەمـت ببڕیبایـە، ئێسـتە مـردوو ئەبـووم و ئەبوایـە بچیـت دەسـتی جەلـلاد مـاچ بکەیـت.

**هەستنگس:**

هەقـی تۆیـە، بـەڵام ئەبـێ تەنگەتـاو بـم و خێـرا بچـم مـس نیڤیـل رزگار بکـەم، ئەگـەر تـۆ داپیـرە بخافڵێنـی، منیـش بەڵێنـت پـێ ئـەدەم کاری جەوانەکـە سـاز بـدەم (هەسـتنگس ئەچێتـە دەرەوە).

**تۆنی:**

هەرگیـز ترسـت لەمـن نەبـێ، ئـا، ئـەوا هـات.. ون بـە. دیـارە خـۆی لـە دەقنەکـەدا دەربـاز کـردووە. سـەیری تـا کەمـەری لـە قـوڕا گیـراوەو هەمـوو ئەندامـی لەشـی پیـس و تـەڕ بـووە (مـس هاردکاسـل دێتـە ژوورەوە).

**مسز هارد کاسل:**

ئـۆف تۆنـی! کـوژراوم، هـەژاوم، تـا رادەی مـەرگ کوتـراوم، تـازە لەپـاش ئەمـەدا هەرگیـز ناژیـم. ئـەو دوا راچلەکینـەی کـە بەخـوڕ کردینـی بـە پەرژینەکـەدا، کاری کـردووم.

**تۆنی:**

وێرانەمـاڵ خـۆم، دایـە هەمـووی هەڵـەی خـۆت بـوو، تـۆ ویسـتت هـەر بـەم شـەوە راکەیـن، بـێ ئەویـە بسـتێك رێگاکـە شـارەزا بیـن.

**مسز هارد:**

خۆزیـا ئەمجـارەش ئەگەیشـتینەوە ماڵـەوە، مـن هیـچ ئەمەنـدە کارەسـاتم لـە (سـەفەرێکی) ئـاوا کورتـا بەسـەرنەهاتووە. ئـاوا سـەرتاپا نوقمـی قـوڕ بوویـن، سـەرنخوون بووینـە کەندڕێکـەوە، راسـت و رەوان چەقیـوی دەقـن بووینـن تووشـی خورپـە و راچەنینـی کاریگـەر هاتیـن، ئینجـا سـەرەڕای ئەمانـەش رێگەمـان ون کەیـن! تۆنـی، بـە مەزەنـدەی تـۆ، ئێسـتە ئێمـە لـە کوێیـن؟

**تۆنی:**

بـە ئەنـدازەی مـن ئەبـێ لـە (کۆمـون کـراك سـکەل) چـل میـل لەماڵـەوە دووربیـن.

**مسز هارد:**

ئـۆف خوایـە! ئـۆف خوایـە! ئەمـە بـە دتریـن شـوێنە لـەم وڵاتـەدا، تەنیـا رووتکردنێکـمان پـێ ئـەوێ تـا بەزمـی ئـەم شـەوەمان بـۆ تـەواو بـکات.

**تۆنی:**

مەترسـە، دایـە مەترسـە. لـە پێنـج رێگرەکـەی ئـەم ناوچەیـە دوانیـان خنکێـنراون، دوور نییـە ئەوانـی مـاون نەمـان دۆزنـەوە. مەترسـە، ئـەی ئاخـۆ ئـەو پیـاوە بـە شـوێنمانا ئەبـەزێ؟ نـە، نـە. کولکـەدارە، مەترسـە.

**مسز هارد:**

بێگومان ئەم ترسە ئەمکوژێت.

**تۆنی:**

هیچ شەبقەی رەش لەپەنا ئەم تەڕاشانەوە ئەبینی؟

**مسز هارد:**

ئۆف مەرگ! ئای مردم!

**تۆنی:**

نە، نە. ئەمیش تەنیا مانگایەکە، مەترسە، دایە، مەترسە.

**مسز هارد:**

چـۆن ئەزانـم کـە زیندوومـە، تۆنـی، ئـاواش زەلامـێ ئەبینـم بـۆ لامـان دێ، ئـاخ! گومـان و سـووم تیایـا نییـە. خـۆ ئەگـەر هـەر هەسـتمان بـکا ئـەوا ئێمـە فەوتاویـن!

**تۆنی:** (لەبەرخۆیەوە)

ئەمـە مێـردی دایکمـە، بـە هەمـوو بەدبەختییـەك، هاتـووە یـەك لـە شـەوە پیاسـەکانی بـکات (بـۆ دایکـی). ئـای ئەمـە رێگرێکـە بەخـۆ و دەمانچـەی وەك باسـکم درێـژەوە، کابرایەکـی رەزاگرانـی بەدفـەڕە.

**مسز هارد:**

خوای پاك پارێزگارمان بێ! ئەوا نزیك ئەبێتەوە.

**تۆنی:**

ناچیـت لـەم تەڕاشـەدا خـۆت پەنهـان دەیـت و رێگـەی مـن بـدەی چارەیـەك بکـەم؟ خـۆ ئەگـەر هیـچ مەترسـییەك هەبـوو ئـەوا ئەکۆکـم و ئەڵێـم (هـم) کـە کۆکیـم تـۆ هـەر لـە شـوێنەکەتا مـات بـە و نەکـەی بجووڵێیتـەوە.

(مسز هاردکاسل لە پەنا درەختێکا لە پشتی پەردە خۆی ئەشارێتەوە).

(مستر هاردکاسل دێتە ژوورەوە)

**مستر هارد کاسل:**

یـا بـە هەڵەچـووم یـا گوێـم لـە دەنگـە دەنگـی خەڵـك و هـاوار هـاواری یارمەتیا بـوو. هـای، تۆنـی، ئەمـە تـۆی؟ مـن بەئومێـد

نەبـووم ئـاوا زوو بگەڕێیتـەوە، داخـۆ دایکـت و پـێ ئەسـپاردەکەی سـەلامەتن؟

**تۆنی:**

زۆر سەلامەتن، گەورەم، لەماڵی پوورە (پێدگری)ما .هم!

مسز هارد (لە پشتەوە):

ئاخ، ئەمە نیشانەی مەترسی و خەتەرە.

**هارد کاسل:**

چـل میـل بـە سـێ سـەعات، بێگومـان ئەمـە شـتێکی ئێجـگار زۆرە، بەرخـم.

**تۆنی:**

وەك ئەڵێـن ئەسـپی بەتیـن و حەسـایەوە و سـواری پـڕ ئـارەزوو ڕێـگا کـورت ئەکەنـەوە.. هـم.

**مسز هارد:** (لە پشتەوە)

خوا بزانم دەخیلی کۆرپە ئازیزەکەم ناکات!

**هارد کاسل:**

ئـەی مـن دەنگێکـم لێـرەوە بیسـت، زۆر حـەز ئەکـەم بزانـم لـە کـوێ ئەهـات؟

**تۆنی:**

ئـەوە مـن بـووم، گـەورەم، قسـەم لەگـەڵ خۆمـا ئەکـرد، گـەورەم. ئەمـووت چـل میـل بـە چـوار سـەعات رەوتێکـی زۆر بـاش بـوو. هـم. بێگومـان ئـاواش بـوو. هـەم. بەبۆنـەی ئـەم دەرچوونەمـا بەشـەو نەختـێ سەرسـام توشـی هەڵامـات بـووم. ئەگـەر رێ بـدەی حـەز ئەکـەم بچینـە ژوورەوە. هـم.

**هارد کاسل:**

بــەڵام ئەگــەر تــۆ قســەت لەگــەڵ خۆتــا ئەکــرد، بێگومــان خۆیشــت وەڵامــی خــۆت نــە ئەدایــەوە. دڵنیــام کــە گوێــم لــە دوو دەنــگ بــوو، بڕیــارم داوە کــە (دەنگــی خــۆی بــەرز ئەکاتــەوە). ئــەوی تریشــیان بدۆزمــەوە.

**مسز هارد:** (لە پشتەوە)

ئۆف، ئەوا یەت من بدۆزێتەوە، پەکوو!

**تۆنی:**

ئەگــەر خــۆم پێــت بڵێــم، تــۆ بــۆچ ئەچیــت گەورەم؟.هــم. مــن گیانــی خــۆم لــە پێنــاوی راســتیا بەخــت ئەکــەم –هــم- هەمرویــت پــێ ئەڵێــم، گــەورەم. ئەیگــرێ و دوای ئەخــا).

**هارد کاسل:**

پێــت ئەڵێــم کــەس ناتوانــێ مــن بخەڵەتێنــێ و دوام خــات. بڕیــارم داوە هــەر ئەبــێ خــۆم بچــم بزانــم. ئەگــەر بەتەمــای بــە تــۆ بــاوەڕ بکــەم خۆڕایــە.

**مسز هارد کاسل:** (لە پشتەوە، بە راکردن دەرئەپەڕێ و دێتە پێشەوە).

ئــۆف. خوایــە! بێگومــان مناڵــە بەســەزمانە خۆشەویســتەکەم ئەکوژێــت. فەرمــوو، فەرمــوو پیــاوی بــاش، ئاگــری رق و کینــەت بکــە بەســەری منــا، پــوول و پــارەم بــەرە، گیانــی مــن دەربێنــە. بــەڵام ئــەم لاوە نــازدارەم مەکــوژە، ئەگــەر هیــچ بەزەییــت لەدڵایــە ئــەوا توخــوا جەرگــم مەبــڕە.

**هارد کاسل:**

ژنەکــەی خــۆم! بێگومــان. بــەڵام ئــەو لــە کــوێ و ئێــرە لــە کوێ؟یــا لەمــەدا ئەبــێ مەرامــی چــی بــێ؟

**مسز هارد:** (ئەکەوێتە سەرچۆك)

دڵــت پێــمان بســووتێ، کاك پیــاوی باشــی رێگــر، پارەکەمــان وەربگــرە، کاتژمێرەکانمــان بــەرە، هەرچیــمان هەیــە لێمانــی بسـێنە، هــەر هەنــدە مەمــان کــوژە. دڵنیــاش بــە هەرگیــز لــە دادگادا نــاوت نابەیــن. نــە، بێگومــان ئەمــە ناکەیــن. کاك جــەردەی پیــاوی بــاش.

**هارد کاسل:**

وابزانــم چەتیــوەی شــێت بــووە. چــۆن، دۆرۆنــی، تــۆ ئەمــن ناناســـیەوە؟

**مسز هارد:**

ئەگــەر مــن زینــدوو بــم ئــەوا ئەمــەش مســتر هاردکاســلە! مەترســی کوێــری کــردووم. بــەڵام کــێ، خۆشەویســتەکەم بەدڵیــادا یــەت لێــرەدا تووشــی تــۆ بێــت؟ لــەم شــوێنە بەترســەوە، ئەمەنــدە دوور لەماڵــەوە؟ چ ئەتــۆی هێنــاوە تــا بــە شــوێنمانا بکەویــت؟

**هارد کاسل:**

بێگومــان، دۆرۆتــی، ئەقڵــت نەگــۆڕاوە! چــۆن ئەڵێیــت هێنــدە لــە ماڵــەوە دوور لەکاتێکــدا دەرگــەی ژووری خــۆت لــە چــل شــەقاو کەمــترە. (رووی لەتۆنــی ئــەکا) ئەمــە یــەك لــە فرتوفێڵــە کۆنەکانتــە، هــەی ســپلەی ناپەســند، ئەمــە کاری تۆیــە! (بــۆ مســز هاردکاســل) چــۆن تــۆ دەرگاکــە ناناســیتەوە؟ ئــەی دارتووەکــە؟ ئــەی گۆمــی ئەســپانت لەبیرچۆتــەوە، خۆشەویســتەکەم؟

**مسز هارد:**

بەڵــێ، ئەبــێ هەتــا ئەمــرم ئــەم گۆمــەم هــەر لەیــادا بــێ، چونکــە لــەم شــوێنەدا مەرگــی خــۆم دی. (بــۆ تۆنــی) ئەمــەش هەمــووی لــە ســایەی تــۆوە بــوو هــەی ســەگی بــێ ئەمــەگ؟ ســوێند ئەخــۆم

ئەبــێ دەرســێکت بــدەم کــە جارێکــی تــر زات نەکــەی ئــازاری دایکــت بدەیــت و گاڵتــەی پــێ بکەیــت.

**تۆنی:**

ئـۆف خوایـە، دایـە، تێکـڕای خەڵکـی ئـەم ناوچەیـە ئەڵێـن تـۆ منـت فۆتانـدووە، ئێسـتەش ئەبـێ چیـت چانـدووە ئـەوە بدوریتـەوە.

**مسز هارد:**

ئەبــێ ئەوجــا بــە جارێــك لەنــاوت بــەرم (دوای تۆنــی ئەکــەوێ و لەشــانۆ دوور ئەکەونــەوە. ئەچنــە دەرەوە).

**هارد کاسل:**

لەگەڵ ئەمەشا قسەکانی نەختێك راستن (ئەچێتە دەرەوە).

(مس نیڤیل و هەستنگس دێنە ژوورەوە).

**هەستنگس:**

ئازیزەکـەم، بـۆچ ئـاوا بـە هەنـدی هەڵئەگریـت؟ خـۆ ئەگـەر یـەك دەقیقـە دواکەویـن، ئـەوا ریسـەکەمان لـێ ئەبێتـەوە بـە خـوڕی، هەمـوو شـتێکمان هەتـا هەتایـە لـەدەس ئەچـێ. تەنیـا بڕیارێـك بــدە و دەســبەجێ لــە چــاووڕاوی پــوورت رزگار ئەبیــن.

**مس نیڤیل:**

ئەمــە قــەت نابێــت، ئەمەنــدە گیانــم پــڕە لــەو دەردەســەرییەی چێشـتوومە، لـە توانامـا نییـە بەرەنگارێتـی هیـچ مەترسـییەکی تـازە بکـەم، تەنیـا دوو سـاڵ ئـارام گرتـن و یـا سـێ سـاڵ لـە ئەنجامـا تاجــی کامەرانیــمان ئەنێتــە ســەر.

**هەستنگس:**

ئــەم دواخســتنە ماندووکــەرە لــە بــێ وەفایــی لام ســتەمترە. بــا بفڕیــن، دڵرفێنەکــەم. بــام بەختیاریــمان هــەر لــە ئێســتەوە

تۆمارکەیـــن. واز لـــە میـــرات بێنـــە. دڵـــداری و دڵنیایـــی ئەمـــەی هەمانــە لــە دەســتکەوتوو ســەرمایەی ســالێکی میــری زیاتــر ئــەکا. دەســا بــە گوێــم بکــە.

**مس نیڤیل:**

نەخێــر، مســتر هەســتنگس، نەخێــر. وا دیســانەوە هــۆش و فــام لەهانامــا هاتووەتــەوە و ئەبــێ بــە فرمانــی بکــەم. ئەشــێ لــە ساتی هەســت و (عاتیفــەدا) گەنــج و ســامان بخرێتــە پشــت گــوێ، بــەڵام پەشــیمانییەکی هەتــا هەتایــە ئەنێتــەوە. بڕیــارم داوە هانــا بەرمــە بـــەر هەســـت و بەزەیـــی مســـتر هاردکاســـلەوە، بەڵکـــە هەقـــم ئەداتـــەوە دەس.

**هەستنگس:**

ئاخر، ئەو هەرچەند نیازی هەبێ، توانای نییە بەکەلکت بێت.

**مس نیڤیل:**

ئینجا خۆ قسەی ئەڕوا، منیش پشتم بەوە بەستووە.

**هەستنگس:**

هیـــچ ئومێـــدم نییـــە، تەنیـــا چونکـــە تـــۆ لەســـەر بیـــروڕای خۆتـــا رشـــتی، ئـــەوا بـــە ناچـــاری و نابەدڵـــی ئەبـــێ بـــە گوێـــت بکـــەم.

(ئەچێتە دەرەوە).

(دیمەن ئەگۆڕێت)

(سێر چارلس ومس هاردکاسل دێنە ژوورەوە)

**سێر چارلس:**

ســـەیری تووشـــی چ گرفتێـــك بـــووم، ئەگـــەر ئەمـــەی تـــۆ ئەڵێـــی راســت بێــت ئــەوا کوڕێکــی گوناهبــارم هەیــە. خــۆ ئەگــەر هەرچــی ئەویـــش ئەڵـــێ درۆ نەبـــێ، ئـــەوا ئەمـــەی بەرلـــە هەمـــوو کەسـێکا

ئــارەزووم ئەكــرد ببێتــە بووكــم، لــە دەســتم ئەچێــت.

**مس هارد كاسل:**

زۆر شــانازی بــەم دڵپیاچوونەتــا ئەكــەم، تاكــو نیشــانی بــدەم كــە شــایانی كوڕەكەتــم، ئەگــەر وەك پێــم وتــن، خۆتــان پەنهــان بــدەن، ئــەوا گوێتــان لەخــۆی ئەبــێ، كــە بــێ گــرێ دانــی پیائەنــێ.. ئــا .. ئــەوا هــات.

**سێر چارلس:**

وا ئەچــم بــۆ لای باوكــت و لەســەرمەرجەكەمانا ئەڕۆیــن. (ئەچێتــە دەرەوە). (مارلــۆ یەتــە ژوورەوە).

**مارلۆ:**

ئەگەرچــی ئامــادەم بــۆ دەرچــوون. وا جارێكــی تــر هاتــووم بــۆ ماڵئاوایــی كــردن، هەتــا ئــەم ســاتە هەرگیــز ئــاوا هەســتم بــە زام و ئــازاری ئــەم جیابوونــەوە نــە ئەكــرد.

**مس هارد كاسل:** (بەشێوەی سروشتی خۆرسكی خۆی)

لــەم بڕوایــەدام، گــەورەم، هــەر ئازارێكــی بتوانــرێ بــە ســووكی چــارەی بكــرێ، شــایانی دڵتەنگــی نییــە. ڕۆژێــك یــا دوانــی بەســەرا بچــێ، بەهــۆی درەخســتنی كــەم نەرخــی ئەمــەوە كــە تــۆ وا ئەزانــی شــایانی پەرۆشــییە. بــۆی هەیــە پلــەی شــێواویت نــزم بكاتــەوە.

**مارلۆ:** (بۆخۆی)

ئــەم كیــژە هــەردەم بــۆرم ئــەدات (بــۆ مــس هاردكاســل). ئەمــە نابــێ وابێــت، ئافــرەت. بەســە ئیــتر گاڵتــە بەخۆمــا ناكــەم، وەختــا تەنانــەت پیاوەتــی خــۆ ناسینیشــم ســەر بێنێتــە بــەر هەســت و عاتیفــەوە. جیــاوازی زانیــاری وســامان، پەســتی و قینــی بــاوك و ســووك و رســوا بــوون لەنــاو هاوڕێكانمــا، وا گشــتی لام ئەبــن بــە

هیچ. تەنیا ئەم بڕیارە سەختە پڕ زامە نەبێ هیچ شتێك من ناهێنێتەوە سەرخۆم.

**مس هارد کاسل:**

کەواتە بڕۆ، گەورەم نابێ بە هیچ کلۆجێك هەوڵی مانەوەت بدەم. هەرچەندە کە خێزانی ئەو کیژەیەی بۆ سەردانیا هاتووی لە ئێمە خانەدان تر نینە، پلەی زانین و تێگەیشتنیشم لە هی ئەوان نزمتر نییە، بەڵام سوودی ئەمانە چییە ئەگەر لەماڵ و سامانا جیاوازی هەبوو؟ ئەم سووکە دڵ پیاچوونەت بۆ من بەسمە. تۆ منت تەنیا بۆ کات بەڕێکردن و رابواردنا ویستووە، کەچی هەموو ئامانجی دڵت نیشتۆتە سەر گەنج و میراتەوە.

(هاردکاسل و سێر چارلس لە پشتەوە دێنە ژوورەوە).

**سێر چارلس:**

وەرە ئێرەوە پشت ئەم پەردەیە.

**هارد کاسل:**

ئای، ئای بێ دەنگ بە، ئەتوانم بڵێم (کێتەکەم) شێواندوویەتی.

**مارلۆ:**

سوێند ئەخۆم، خانم، میرات هەرگیز لای من نەرخی نییە. لە پێشا جوانی تۆ بوو سەرنجی راکێشام. بۆچ کێ ئەتوانێ بە چاوی دڵداری نەبێ ئەم جوانییەت ببینی؟ هەرکاتێك لەگەڵ تۆدا گفتوگۆ ئەکەم رەوشتێکی بەرزی تازەت بەرچاو ئەبێ و نیگارت شیرینتر و کاریگەرتر ئەبێ. ئەوەی لەسەرەتاوە بە نەفامیی لادێیی تێ ئەگەیشتم ئێستە دەرکەوت کە ساکاڵی و بێ فیزیکی پووختەیە، ئەوەی لە دڵنیاییەکی هاندەر ئەچوو

ئەنجامـی داوێـن پاکـی و بێگەردییەکـی ئازایانـە و ڕەوشـتێکی باشـی پـڕ بڕواییـە.

**سێر چارلس:**

ئەمە چی ئەگەیەنێ؟ واقی وڕکردووم!

**هارد کاسل:**

پێم وتی چۆن ئەبێ وس!

**مارلۆ:**

ئێسـتە بڕیارمـدا، خانـم کـە ‌بمێنمــەوە، ئەمەنــدە بڕوایــم بــەرای راسـتی باوکـما هایـە کـە گومانـم نەبـێ هەرکـە تـۆ ئەبینـێ ئـەم کارەیــەی بەدڵــدا بچێــت.

**مس هارد کاسل:**

نەخێــر کاك مارلــۆ، مــن ناتوانــم و ناشــێ بــۆ تــۆ دوا بخــەم. وا نەزانــی کــە توانــای چوونــە ژێربــاری پەیوەندیەیکـم هەبــێ کــە شــایانی کەمتریــن پەشــیمانی بێــت، هەرگیــز بەبیرتــا نەیــەت کــە هەلــی دڵدارییەکــی ســەرپێی بــۆ ســودی خــۆم بــەکار بهێنــم و تۆیــش دووچــاری پشــێوی و پــەژارە بکــەم. گوایــا وا تــێ ئەگەیــت مــن بتوانــم تامــی بەختیارییــەك بچێــژم کــە هــۆی لەناوچونــی کامەرانــی تــۆ بێــت؟

**مارلۆ:**

بــە هەمــوو شــتێکی پیــرۆز، هــەر ئــەو کامەرانییــەم ئەبێــت کــە لــەدەس تــۆوە دێــت پێشکەشــم بکەیــت. هەرگیــز هەســت بــە پەشــیمانیما ناکــەم تەنیــا بــۆ ئــەوە نەبــێ کــە زووتــر نەرخــی تــۆم نەزانیــوە. ســا ئەگــەر بــە پێچەوانــەی خواســتی تۆشــە، هــەر ئەمێنمــەوە هەرچەنــد بەنیــازی دەرکردنمــەوە بیــت، پێویســتە بــە

هــەوڵ و تێکۆشــان و رێزگرتنــما تۆڵــەی رەوشــتی نزمــی رابــردووم بەرامبــەر تــۆ بکەمــەوە.

**مس هارد کاسل:**

گــەورەم پــڕ بــەدڵ تــکات لــێ ئەکــەم کــە وازبینــی هەرچــۆن ئاشــناتی و یەکــتری ناســینمان دەســی پێکــرد، بــواری بــدە بــا هــەر ئــاواش ببڕێتــەوەو بخرێتــە پشــتگوێ. ئەشــێ ســاتێك یــا دوانــم بــۆ فشــە و رابــواردن تەرخــان کردبــێ، بــەڵام لەگاڵتــە دەرچــێ، کاك مارلــۆ، ئایــا بــڕوا ئەکــەی مــن ســەر بــۆ پەیوەســتیی دانەوێنــم کــە بەڵگــەی نەفامیــی تــۆ و نانــی نانــی و پــوول پەرســتی مــن بــێ؟ وا ئەزانــی کــە پــێ لەدڵــداری نانێکــی پــڕ بــڕوای پەســندکەرێکی مســۆگەر بــۆ ســوودی خــۆم ئەخەمــەکار؟

**مارلۆ:** (لەسەرچۆکان)

ئەمــە لــە مســۆگەری ئــەکا! ئەمــە بــە پــەری ئەچــێ؟ نــە، خانــم، هەرســاتێ نــەرخ و بــەرزی تــۆ ئەبینــم زیاتــر بــاوەڕم بەخــۆم نامێنــێ ســەرم لــێ ئەشــێوێ. دەســا، بــوارم بــدە بــا بڵێــم.

**سێر چارلس:**

چیــتر خــۆم بــۆ ناگیــرێ، چارلــس، چارلــس، ئــای چۆنــت خەڵەتانــدم! ئەمەیــە گــوێ پێنــەدان و گفتوگــۆ ســارد و بــێ تامەکــەت؟

**هارد کاسل:**

ئەمەیــە بــە چــاوی ســووك ســەیرکردنەکەت. کۆبوونــەوە ناچارییــە نــا بەدڵییەکــەت؟ ئیــتر چ قســەت مــاوە؟

**مارلۆ:**

بــەس ئــەوە کــە ســەرم ســوڕماوە! تێناگــەم ئەمــە چــۆن و مانــای چییــە؟

**هارد کاسل:**

واتــای ئەمەیــە کــە تــۆ ئەتوانــی بــە هەوەســی خــۆت شــتێك بڵێــت و دەســبەجێ بــە درۆی بخەیتــەوە. کــە تــۆ ئەتوانــی لەکاتــی تایبەتیــا دڵــداری لەگــەڵ ئافرەتێــکا بکەیــت و لەنــاو خەڵــکا دانــی پیــا نەنێــت. کــە تــۆ بــۆ ئێمــە چیرۆکێــك و بــۆ کچەکــەم یەکێکــی تــری جیــاوازت هەیــە!

**مارلۆ:**

کیژ! ناکا ئەم ئافرەتەی کیژی تۆ بێ!

**هارد کاسل:**

بەڵــێ گــەورەم، تاکــە کچەکــەم، کێتــی خــۆم، ئــەی گوایــە ئەبــێ کیــژی کێــی تــر بــێ؟

**مارلۆ:**

ئای کوێر بێ شەیتان!

**مس هارد کاسل:**

بەڵــێ گــەورەم، ئــەم ئافرەتەیــە کــە بەچــاو خێلــە بــاڵا بەرزەکــەت دانابــووم (کرنووشــی بــۆ ئەبــات) ئــەم ئافرەتەیــەی لــە بارێــکا وەك پیاوێکــی ســەرنج کێشــەری پــڕ هەســتی هێمنــی بــێ فیــزی لەســەرخۆ، لەســەرێکی تریشــەوە پیاوێکــی ئــازای، نــاسراوی، دڵگــری، شــێری یانــەی ئافرەتــان خــۆت پــێ ناســاندم. ها.ها.هــا.

**مارلۆ:**

ئۆف، خوایە، بەری ئەم بارەگرانە ناگرم، مردن خۆشتر و ساناترە.

**مس هارد کاسل:**

بــە کام رووت گــەورەم، حــەز ئەکــەی بــت دوێنیــن؟ بــە پیــاوە دوو دڵەکــەی هەمیشــە چــاوی بڕیوەتــە زەوی و تەنیــا بــۆ ئەمــە ئــەدوێ تــا

ببیسرێت و رقی لە دوو ڕوویی ئەبێتەوە، یاخۆ بەپیاوە دەنگ بەرزە پڕ بڕوایی بەخۆکەی شەو تا بەیانی لەگەڵ (مسز مان-تراپ) وپیرە مس (بیدی بگسیکین) را ئەبوێرێت؟ ها.ها.ها.

**مارلۆ:**

هەی بەڵامدا لەم سەرە بۆشەما، تائێستە هەرگیز هەوڵم نەداوە حەیا زراوبم کەهیچ رووشکێن و تەریق نەکراومەوە. وا ئێستە کارم لێرەدا نەما و پێویستە بڕۆم.

**هارد کاسل:**

بەسەری خۆت نابێ بڕۆیت.

(ئەڕوات).

من وا تێئەگەم ئەمە هەمووی هەڵەیەك بوو بە دۆزینەوەی ئەم هەڵەیە زۆر گوشادم، پێت ئەڵێم گەورەم نابێ بڕۆیت. ئەزانم کێت هەر ئەتبەخشێ. ناتەوێ بی بەخشیت کێت؟ بێگومان هەموومان ئەتبەخشین. نەختێ دان بنێ بەخۆتا، کابرا. (ئەکشێنەوە بۆ پشت شانۆ- کێت ئازاری مارلۆ ئەدا). (تۆنی و مسز هاردکاسل دێنە ژوورەوە).

**مسز هارد کاسل:**

کەواتە رایان کردووە؟ دەبا هەر بڕۆن، گوێم لێ نییە.

**هارد کاسل:**

کێ رۆییوە؟

مسز**هارد کاسل:**

خوشکەزایە ئەمەکدارەکەم و دۆستەکەی مستر هەستنگس، ئەوەی لە شارەوە لەگەڵ میوانە بێ دەعیەکەمانا هاتبوو ئێرە.

**سێر چارلس:**

کـێ، جـۆرج هەسـتنگس؟ لاوێکـی زۆر خانـەدان و بـە شـەرەفەکەم، خــۆ کچەکــەش هەرگیــز کارێکــی لــەو هەڵبژاردنەیــا بەجێــتری نەکــردووە.

**هارد کاسل:**

کەواتە بەسەری خۆم، زۆر شانازی بەم تێکەڵبوونەوە ئەکەم.

**مسز هارد کاسل:**

باشــە خــۆ ئەگــەر ئافرەتەکەشــی رفانــدووە، گەنــج و میراتەکــەی نەبــردووە، کــە ئەبــێ هــەر لــەم خێزانــەدا بمێنێتــەوە و ســەبووریی لــەدەس چوونــی خۆیــمان بداتــەوە.

**هارد کاسل:**

قەت خوابزا، دۆرۆتی، هێندە پوول پەرست نابێت؟

**مسز هارد کاسل:**

بەڵێ، ئەمە ئیشی منە، هی تۆ نییە.

**هارد کاسل:**

ئاخـر تـۆ ئەزانـی ئەگـەر کوڕەکـەت کـە بالـق بـوو، پـوورزای خـۆی نەویســت، ئــەوا هەمــوو ســامان و میراتەکــەی ئەکەوێتــەوە دەس خــۆی.

**مسز هارد کاسل:**

ئـاه! بـەڵام ئـەو باڵـق نەبـووە و کچەکـەش بەباشـی نەزانـی چاوەڕوانی ئـەو رۆژە بـکات کـە بڕیـاری نەویسـتی ئەداتە دەسـت.

(مس نیڤیل و هەستنگس دێنە ژوورەوە).

**مسز هارد کاسل:** (بۆخۆی)

چی؟ وا زوو ئەگەڕێنەوە؟ وەختا حەزی پێ نەکەم.

**هەستنگس:** (بۆ هاردکاسل)

بـۆ ئـەو هەوڵدانـەی دواییـم کـە خوارزاکەتـان بڕفێنـم بـام پشـێوی و شـەرمەزاری ئێسـتەم سـزام بـێ. وا ئێمـە هاتووینەتـەوە و دڵنیایـن کــە لەبــەر عــەدل و دادتــا هەســتی مرۆڤایەتیــت ئەجووڵــێ و پیاوەتـی و چاکەمـان لەگەڵـدا ئەکـەی، لەکاتـی خۆیـا بـە پـرس و رای باوکـی بـۆ یەکەمجـار پەیوەسـتی دڵداریـم لەگـەڵا بەسـت، بۆیـە هەسـت خۆشەویسـتیمان هـەر لەسـەرەتاوە بناغەیەکـی راسـت و پاکـی هەبـوو.

**مس نیڤیل:**

لـەو رۆژەوە باوکـم کۆچـی دوایـی کـردووە، ناچـار بـووم لەترسـی جـەور و سـتەمو بـەش خواردنـا خـۆم سـووك و ریسـوای درۆ و دوو ڕوویـی و بەهەڵـە بردنتانـا بکـەم، لـە سـاتێکی گێـژی و بێهۆشـیما وەختابـوو تەنانـەت دەسـت لـە سـامان میراتەکەشـما هەڵگـرم لـە پێنـاوی ئـەو کەسـەدا کـە بەدڵـما چـووە. بـەڵام وا ئێسـتە لـەو نەفامییەمـا رزگار بـووم ئـەوەی کـە خزمێکـی لـە تـۆوە نزیکـتر رەوای نەبینـم مـن لـە هەسـت و بەزەیـی تـۆوە ئۆمێـدی ئەکـەم.

**مسز هارد کاسل:**

پەکوو، پەف، ئەمە تەنیا کۆتایی پڕ هاواری چیرۆکێکی تازەیە.

**هارد کاسل:**

هەرچـی هەبـێ، مـن بـە گەڕانەوەیـان بـۆ داوای هەقـی خۆیانـا زۆر دڵشـادم، وەرە ئێـرە کـوڕە تۆنـی. ئەتـۆ ئـەم کیـژەت نـاوێ کـە ئێسـتە وا پێشکەشـت ئەکـەم؟

**تۆنی:**

ئینجـا نەویسـتی مـن بەچـی ئەچـێ؟ خـۆت ئەیزانـی بابـە، مـن

تاکـو بالـق نەبـم ناتوانـم بڕیـاری نەویسـتی بـدەم.

**هارد کاسل:**

تـا ئێسـتە رۆڵـەم، وامئەزانـی شـاردنەوەی تەمەنـی راسـتەقینەت ئەبێتـە هـۆی باشـبوونت بۆیـە لەسـەر بیـروڕای دایکتـا هـەر بـە شـتێکی نهێنـی مایـەوە. بـەڵام کـە ئێسـتە وا ئەبینـم دایکـت ئەیـەوێ بـۆ مەبەسـتێکی چەوتـی بـەکار بێنێـن ئێسـتێکە ئاشـکرای ئەکـەم کـە ئـەوا سـێ مانگـە تـۆ "بالـق" بوویـت.

**تۆنی:**

بالق؟ من بالق بووم، بابە؟

**هارد کاسل:**

سێ مانگیش زیاترە.

**تۆنی:**

کەواتـە ئێسـتە یەکـەم بەکارهێنانـی ئـەم سەربەسـتیەتان پێشـان ئـەدەم (دەسـتی مـس نیڤیـل ئەگـرێ) بـا ئـەم پیاوانـە لای هەمـوو نێرێـك شـایەتیت بـۆ بـدەن کـە ئەمـن ئەنتۆنـی لامپکیـن، خانەدانـی (بلانك)،تـۆم نـاوێ ئـەی کیـژی عـازەب (کونسـتانیا نیڤیـل) بەلانـی ژن و مێردایەتییـەوە هیـچ ئومێـدت بەمـن نەبـێ.. کەواتـە کۆنسـتانتس نیڤیـل، بـە ئـارەزووی خـۆی ئەتوانـێ شـوو بەهـەر کەسـێك بـکات، تۆنـی لامپکیـن وا دووبـارە سەربەسـتە و خاوەنـی خۆیەتـی.

**سێر چارلس:**

ئافەرین، پیاوی ئازا و بەڕێز!

**هەستنگس:**

ئەی هاوڕێی بە نرخم!

**مسز هارد کاسل:**

وەی جاشە بێ ئەمەگەکەم!

**مارلۆ:**

ئــەی (جۆرجــی) خۆشەویســتم، لەکانــگای دڵمــەوە پیرۆزباییــت لــێ ئەکــەم. ئەگــەر هاتــوو توانیــم بــە یــارە دڵڕەقەکەمــی بســەلمێنم کــە نەختــێ لــەو بــاوەڕەی خۆیــا ببــووری و ئەقڵــی لــێ بەکارخــا، ئەوکاتــە کامەرانتریــن مــرۆڤ ئەبــم لەســەر زەمینــا ئەگــەر تۆیــش پیرۆزبایــی دڵســۆزانەیی مــن بکەیتــەوە!

**هەستنگس:** (بۆ مس هاردکاسل)

دەی خانــم، وا گەیشــتینە دوا پلــەی هەمــوو داهێنــان و بیانووێکــت. ئەزانــم تــۆ مارلــۆت خــۆش ئــەوێ دڵنیــام کــە ئەویــش حــەزی لــە تــۆ کــردووە، کەواتــە پێویســتە هــەر ئەشــبێ ئــەوت بــوێ.

**هارد کاسل:** (دەستیان ئەخاتە دەستی یەکترەوە):

منیــش وا ئەڵێــم، مســتر مارلــۆ، ئەگــەر چــۆن کچێکــی بــاش بــوو، ئــاواش ژنێکــی باشــی لێهاتــەوە. ئــەوا هەرگیــز بڕواناکــەم لــەم مامڵەتــدا پەشــیمان بیتــەوە. ســا ئێســتەش فەرمــوون بــۆ نانخــواردن. بــۆ بەیانیــش هەمــوو هەژارەکانــی ئــەم ناوچەیــە کــۆ ئەکەینــەوە، پێویســتە ئەنجامــی (هەڵەکانــی) شــەوەکەمان رۆژێکــی ئێجــگار پــڕ شــادی بێــت. کەواتــە کــوڕم، وا ئــەم گوڵــەم پێشــکەش بــۆ تــۆ کــرد، ئاواتــە خــوازم کــە وەك بــە کچێنــی لەگەڵیــا تووشــی (هەڵــە) بوویــت، بــە ژنێتــی هەرگیــز بــە (هەڵــە نەچیــت).

**(پەردە)**

بایز بەگ ١٩/تموز ١٩٦١

# ”گەشتێك بە هەر سێ كاتەكاندا“

**گریگۆل ئاباشیدز**

*(گریگـۆل ئاباشـیدز لـە سـاڵی ١٩١٤ هاتووەتـە دونیـاوە، بوێـژ و قارەمانـی كاری سۆشیالیسـتییە، خەڵاتـی دەوڵەتـی شـۆرەوی پێبەخـشراوە و سـكرتێری یەكەمـی ”ئەنجومەنـی یەكێتـی نووسـەرانی جۆرجیایـە“ نووسـینەكانی بـۆ یەكەمجـار لـە سـاڵی ١٩٣٤ رووناكیـان دیـت، لەكاتێكـدا ئـەم هێشـتا هـەر خوێنـدكار بـوو لـە (زانكـۆی تەبلیـس)دا كـە سـاڵی ١٩٣٦ لێـی دەرچـووە. چەنـدان دیوانـی هۆنـراوە و كۆمەڵـێ درامـای شـیعری و داسـتانی مێژوویـی و شـانۆنامەی نووسـیوە، لەگـەڵ چەنـد كتێبێـك بـۆ منـاڵان.*

*ئێستەیش لە شاری (تەبلیس)دا دەژی.*

١٩٧٩/١٢/١٢

بەشدارانی شانۆگەرییەکە (کاراکتەرەکان)

١- **جورام:** نیگارکێشێکی لاوە

٢- دایکی جورام

٣- **جۆرجی:** براگەورەی جورام (کرێکارە)

٤- **لیڤان:** برا جورام (زانایە)

٥- **تەمارا:** خۆشەویستی جۆرام

٦- **باڤل:** دراوسێی بنەماڵەی جۆرام

٧- **ئەندرۆ:** هونەرمەندێکە لە تابلۆیەکەدا

٨- **زۆراب:** هونەرمەندێکە لە رابوردووەوە.

٩- **نیکزاز:** نیگارکێشێ لە داهاتوودا

١٠- پادشای جۆرجیا

١١- **زەینەب:** شاژن

١٢- جفانترا: کچی پاشا، دەزگیرانی زۆراب

١٣- مرۆڤی دەستکرد (سوقرات) "مۆدێل ٣٣" ئامێری رۆبۆت. زانیارییەکانی پاشەرۆژ.

١٤- مرۆڤیدی دەستکرد: هیبوترات (مۆدێل ١٧)

١٥- ئارمازی پیاوێکی دوارۆژ

١٦- مامۆستایەکی دوارۆژ.

١٧- **نینۆ:** خۆشەویستی نیکزاز.

١٨- وەزیران، پاسەوانان، پەیامبەران و گەنجان.

دەوری جورام و زۆراب و نیکزاز و خۆشەویستەکانیان هەر هەمان ئەکتەرەکان خۆیان دەیانبینن.)

## بەشی یەکەم

(ژوورێ لەخانووێکــی تــازەدا: دایــك و جۆرجــی و لیڤــان دێنــە ژوورەوە، چەنــد جانتاییەکــی ســووکیان پێــە. جانتــاکان دادەنێــن و ســەیری ئەمــلاو ەئــولای خۆیــان دەکــەن).

**جۆرجــی:** ســڵاو، ئــەی خانــووە تازەکەمــان، ئــۆە.. خانــەی ســەیر و ســەمەران، تــۆماڵێکــی تەواویــت، کۆمەڵگەیــت، دەســکەوتی بەرهەمــی تێکڕاییــت.

**دایك:**

جۆرجێ! واز لەم فیشاڵانەت بێنە.

**لیڤان:**

کەواتە ئا، ئەمەتا ماڵی ئێمە.. شوققەی ژمارە دوانزەیە.

**جۆرجی:**

بــا چاوێکــی تــر بــە شانشــینەکەمانا بگێڕیــن. (دەرگای لای راســت دەکاتــەوە و لیڤــان دەرگای لای چــەپ دەکاتــەوە).

**دایك** (لەناوەڕاستی ژوورەکەدا وەستاوە):

رۆڵەکانــم، لەمــەولا ئــا لێــرەدا دەژیــن، دەســا ژوورەکانــی خۆتــان دیــاری بکــەن..

**لیڤان:**

جۆرجــی، بڕواناکــەم رێــك نەکەویــن، ئــەم هــۆدە گەورەیــە دەدەینــە جورامــی بــرا دووره پەرێزەکەمــان.

**جۆرجی:**

بێگومــان، لــە راســتیدا هــەر بــۆ نیگارکێشــێ ســازدراوە. رووناکــی زۆرە، هەروەهــا بەســەر ژوورەکانــی تــردا دەکرێتــەوە و ئەمەیــش بۆخــۆی شــتێکی باشــە. هیــچ نەبــێ هەناســەی زیندەگیــی خــۆی دەکوتێتــە خەڵوەتخانەکەیــەوە.

**دایك** (لە پەنجەرەوە دەڕوانێتە دەرەوە):

ئـای کـە دیمەنـی شـارەکە دڵگـرە؟ (مناڵەکانـی ئەچـن بـۆ لای و دەسـتیان ئەخەنـە سـەر شـانییەوە.).

**دایك** (هەر لە پەنجەرەکەوە):

ئـای کـە گۆڕەپانێکـی نایابـە! رۆژێ دێ پەیکەرێکـی لێـوە بـەرز دەکەنـەوە.

**لیڤان:**

پەیکەری کێ دایەگیان؟

**دایك:**

جـا مـن چـۆن بیزانـم! ئەشـێ پەیکـەری تەنانـەت هـەرکام لـە رۆڵەکانـی مـن بێـت، کۆتەڵـی تـۆ، لیڤـان، یـان هـی تـۆ، جۆرجـی، یـان لەوانەیـە پەیکـەری جـورام بێـت. (مناڵـەکان بەبـێ دەنگـی دەڕوانـن)، بـەڵام بـۆ ئێـوە ناشـێ ئێسـتێ وەك پەیکـەر بوەسـتن. یارمەتیـم بـدەن بـا شـتەکانمان بکەینـەوە.

**جۆرجی:**

بەڵێ، بەڵێ دایەگیان.

**لیڤان:**

بەڵێ، دایەگیان.

**جۆرجی:**

زۆر سـەیرە، چـۆن توانیـمان! لـە ژوورە کۆنەکەمانـدا تیکقژابوویـن، دایکـمان درومانـی دەکـرد، تۆیـش بەسـەر میکرۆسـکۆبەکەتا دەچەمایتـەوەو.. جـورام نیـگاری دەکێشـا.

**لیڤان:**

تۆیـش، دوور لـە ماڵـەوە، تـا نیوەشـەو دان و نیوێـك کارت دەکـرد

هەتـا یارمەتیـمان بدەیـت. تاکـو مـن بتوانـم بەسـەر زەڕەبینەکەمـا بچەمێمـەوەو جورامیـش بتوانـێ نیـگار بکێشـێت.

**جۆرجی:**

ئـۆه.. مـن پەشـیمان نیـم لـە چوونمـدا بـۆ کارکـردن لەکارگـەدا، لەگـەڵ ئەمەشـدا مـن بـرا گـەورەم، ئـەوە شـتێکی ئاسـاییە کـە وەك بـاوك بـم بۆتـان. سـەرەڕای ئەمەیـش کار لەکارگـەدا وەك جورامـی مـەزن تێـی گەیشـتووە گـران نییـە و پێویسـتە هـەر خێزانـێ لانـی کـەم نوێنەرێکـی لـە چینـی کریکارانـدا هەبێـت.

**دایك:**

واز لە جورام بێنە. شتەکە بە ئەم ساکاریە نییە.

**جۆرجی:**

زیندەگیـــی بەســـەر زەوییـــەوە زۆر ســـانایە، بـــەڵام کاری ســـەخت ئەوەیـــە بـــەرەو هـــەوران بفڕێـــت.

**لیڤان:**

جورجـی بـۆی هەیـە هـەر شـتێکمان پـێ بڵـێ کـە بیـری لـێ دەکاتـەوە. ئـەم شـتێکی زۆری بـۆ ئێمـە کـردووە، هـەر خـۆی بـوو کـە ئـەم شـوققەیەی بـۆ وەرگرتیـن.

**جۆرجی:**

کێشـەکە ئـەوە نییـە، بێگومـان جێهێشـتنی فێرگـە و چوونـە کارگـەوە لەبـەر ئـەم دوورەتـان نەبوایـە کارێکـی هێنـدە سـانا نەدەبـوو، جـۆرام هەمیشـە لـە بۆیـەدا هەڵێنجـڕاوە، تۆیـش لـە تاقیگەکەتـەوە بەوپـەڕی هەڵچوونـەوە بۆمـان دەگەڕێیتـەوە. مـن هەرگیـز پەشـیمان نیـم. نەفرەتـم لێـی ئەگـەر پەشـیمان بـم. چونکـە مـن بڕبـڕەی پشـتی خێزانەکـەم.. کرێـکار و ڕەنجـدەرم و بەمـە زۆریـش سـەربەرزم.

**دایك:**

کوڕەکـەم: تـۆ هەمیشـە رۆڵەیەکـی چـاك بوویـت، لەکاتـی پێویسـتدا نزیـك بوویـت، خۆشەویسـتی و هـەردەم ئامـادەی یارمەتیدانـی خەڵکیـت. بـەڵام جـورام (بافـل بەهـەراو هۆریـاوە دێتـە ژوورەوە، قاپـی مـەی بەدەسـتێکەوە و پەرداخـێ بەدەسـتەکەی تریـەوە).

**باڤل:**

سـڵاو، سـڵاو لـە دانیشـتوانی تـازەوە. ببـوورن کـە ئـاوا خۆمتـان تـێ هەڵدەقورتێنـم، چونکـە پێویسـتە بـە خێرهاتنتـان بکـەم. دەباشـە چۆنـن؟

**لیڤان:**

هەلۆ، هەلۆ.. بافل ئەوە لە کوێوە هاتیت؟

**باڤل:**

هەلـۆ، هەلـۆ رێـم بـدەن خـۆم پێشـکەش بکـەم. مـن دۆسـتێکی کرێگرتـەم.. هەرکـە بیسـتم ئێـوە دەبنـە نزیکتریـن دراوسـێم زۆر دڵخـۆش بـووم. (دەسـتی لیڤـان دەگوشـێت و دەسـتێکی لەمـل دەکات). لیڤـان، دەترسـم دایکـت نەمناسـێت. بیربکـەرەوە ئـەم دیدەنییـە چ کارێ دەکاتـە سـەر دایکمانـەوە!

**لیڤان:**

دایـە، دایـە، ئەمـە بافلـە، هاوڕێـی زانکۆمـە. بیـرت دێتـەوە؟ ئێمـە هـەردەم بەیەکـەوە دەمانخوێنـد.

**دایك:**

ئێسـتا بیـرم کەوتـەوە یەکەمجـار نەمناسـییەوە، مناڵینـە، ئێوەچەنـد زوو گـەورە دەبـن! کاتێکـی زۆر رابـوردووەوە منیـش پیـر بـووم.

باڤل (بێشەرمانە):

هێــواش، هێــواش. تــۆ هەرگیــز پیــرەژن نیــت. ئەگــەر لێــم نەگــری دەڵێــم هێشــتا هــەر گەنجیــت و بــۆ شــووکردن دەشــێیت. دەزانیــت بــۆ نەتناســیمەوە؟ وەرام ئاســانە: چونکــە کوڕەکــەت قــەت نەهاتۆتــە لام و هەروەهــا هەرگیــز منــی بانــگ نەکــردووە. بۆیــەکا بــێ مــن دەخۆنــەوە و رادەبوێــرن.

**دایك:**

تــۆ لەمــەدا بەهەڵــە چوویــت، ئــەی لاو! هەرکاتــێ لیڤــان دێتــەوە ماڵــەوە لووتــی لــە نێــو کتێبەکانیــدا دەشــارێتەوە و دیســان بەهەڵــەداوان بــۆ تاقیگەکــەی دەگەڕێتــەوە.

**باڤل:**

ئــاە، ئەمەیــە دردەکــە. مــن هەرگیــز بڕواناکــەم عەیــادەی دکتــۆر، یــان تاقیگــە لــە مێزێکــی داخــراوا باشــتر بــن. بــەڵام ئــەم هەمــوو چەنــە لێدانــەی پــێ نــاوێ، پێویســتە بــە بۆنــەی شــوققە تازەکەمانــەوە شــتێکی بخۆینــەوە. فەرمــوون یەکێکتــان بجووڵێنــەوە، ئەمەتــا مــەی. هیــچ نەبــێ پەرداخــمان بــۆ بێنــن.

**دایك:**

ئــای لــەم بەزمــە! مــن ئــاوا بێــکار وێســتاوم! ئــەی لاو رۆنیشــە. هــەر ئێســتە چیــمان دەوێــت بــە چاونوقانێــك دێتــەدی. (خێــرا مێزەکــە ئامــادە دەکات).

**باڤل:**

تۆیــش، جۆرجــی ئازیــزم، چۆنــت توانــی ئــەو ســەرکەوتنە وەدەســت بێنیــت؟ وێنــەی تــۆم لــە رۆژنامەکانــدا بینــی.. تــۆ کێیــت؟ تــۆ پاڵەیەکــی کۆڵنەدەریــت یــا ســەرۆکی یەکــێ لــە گرۆپەکانــی کاریــت؟

جۆرجی (بە ساردی):

بەڵـێ، راسـت دەکەیـت مـن لێپـرسراوی کـۆگای کارگـەم، هەروەهـا سـەرۆکی کارگەرانـم لەوێـدا. دەتـەوێ چیـتر بزانیـت؟

**باڤل:**

دووەم پێـم بڵـێ چ پلانێکـی ساڵانە دادەڕێژیـت؟ بـە واتایەکـی تـر.. ئێسـتێ لـە چ سـاڵێکدا دەژیـت؟

**جۆرجی:**

ئێسـتا پلانـی سـاڵی داهاتـوو دەکێشـین. وتاربێـژ چ پرسـیاری تـری مـاوە؟

**باڤل:**

بەڵـێ، خەریکـە بچنـە نـاو سۆشیالیسـتییەوە، ئەگـەر ئـەم وشـەیە بگونجێـت، جۆرجـی، پێـم بڵـێ، لـە پێـش هەمـوو شـتێکەوە مـن هاوڕێیەکـی کۆنـی براکەتـم.. تۆیـش لـە بەرزاییـەوە دەڕوانیتـە دواوەوە. بارودۆخـت لـە سـایەی هاوپشـکیدا خـۆش دەوێـت؟

**جۆرجی:**

وتـراوە (میـوان نێـردراوی خوایـە)، بـەڵام جەفەنگەکانـی تـۆ، کابـرا، بۆنێکـی گەنیویـان لێدەتکێتـەوە.

**باڤل:**

جـا کـێ دەڵـێ مـن جەفەنـگ لێـدەدەم. وەڵامـی پرسـیارەکەم بـدەرەوە. بـام لەگـەڵ خۆمـدا ورد بـم. سۆشیالیسـتی بەتـەواوی بـۆ مـن دەس ئـەدات.

**لیڤان** (بۆ ئەوەی بافل کڕ کات مەی تێدەکات):

فەرموون با بخۆینەوە!

**بافل** (پێکەکەی بەرز دەکاتەوە):

ئەمـە لـە چـاوی ئاگردانـە نوێکـە و ماڵـە تازەکەتانـا، دەبـا ئاسـایش و بەختەوەریـی لێـرەدا بگەشـێنەوە. بـام خەڵـك بخۆنـەوە و بەختیـار بـن. ئەمەیـش لـە چـاوی ئێـوەوە.

**لیڤان:**

سـوپاس بۆتـۆ، بافـل ئەمـە بەبۆنـەی شـوققە تازەکەمانـەوە، ئەمەیـش لـە چـاوی تـۆوەوە، بەسـیحەتت. (دەخۆنـەوە).

**دایك:**

دانیشن، رۆڵەکانم ئەمە بۆ هەر وێستاون؟ (دادەنیشن).

**باڤل:**

لیڤـان! وا دیـارە یەکێکتـان لێـرە نییـە. ئـەی کـوا بـرا چکۆلەکـەت؟ دەشـێ ئێسـتا سـەری بگاتـە بـن میچکـەوە!

**لیڤان:**

شـتێکە هـەروا. تەمەنـی بیسـتوو سـێ ساڵە و نیگارکێشـە.. لەوانەیـە شـتێکت لەبارەیـەوە بیسـتبێ.

**باڤل:**

دەشـێ. هەرچەنـد هەندێکیـان تەنیـا گوڵـە زەنبـەق رەسـم دەکـەن، خـۆ ئـەم یەکـێ نییـە لەوانـا؟ لەگـەڵ ئەمەیشـدا لـەم رۆژگارەدا نیگارکێـش زۆربـوون و نیگارەکانیشـیان هەمـوو هـەر پێکدەچـن، بـە جـۆرێ کـە جیاکردنەوەیـان زۆر سـانا نییـە.

**لیڤان:**

جـورام لەوانـە نییـە. بـەڵام چەنـد رۆژێـك لەمەوبـەر وتارێکـی رەخنەسـازی لـە رۆژنامەکـەدا لەسـەر نووسرابـوو..

**باڤل:**

چــی دەڵێیــت؟ جـا ئـەوە چــی تیایــە! هەرچۆنــێ بێـت ئــەوە بــۆ ئــەم ناوبانــگ دەرکردنــە.

**جۆرجی:**

خۆت گێل مەکە.

**باڤل:**

کێ گێلە؟ بەچی تاوانباری دەکەن؟

**لیڤان:**

بەوەوە کە گوایە زۆر بەم رۆژگارەمانەوە نەلکاوە.

**باڤل:** (لەناکاوا)

سـەیرە، سـەیرە، سـەیر. ئەمـە کارێکـی نارەوایـە. ئـەوە مەسـەلەیەکی تــرە. ئینســان چــۆن دەتوانــێ بــە رۆژگاری خۆیــەوە نەنووســێت؟ ئەمـــە شـــتێکە پێکەنینـــی دەوێ. بەراســـتی وەك مـــن تێدەگـــەم. گەڕاندنــەوەی رابــوردوو چ ســوودێکی نابــێ. ئەگــەر داهاتــوو بــاش بێــت وەك باشــی (قیامــەت). ئەوەنــدەی پەیوەندیــی بــە ئێمــەوە هەیـە مـن هیـچ سـوودێك لـە هـەچ کامێکیـان بـەدی ناکـەم. ئـەم کاتــەی ئێســتەم بــۆ مــن زۆر زۆر باشــە.

**جۆرجی:**

منیــش دەڵێــم: زەمانــی ئێســتەمان هیــچ ســوودێکی زۆری بــۆ تــۆ تێــدا نییــە، بافــل ئــەم زمانــە بــێ تــۆ زۆر لــە ئێســتای باشــتر دەبێــت!

**دایك:** (بەشکاندنەوە):

جۆرجی!

**باڤل:**

ئۆە.. من وا بە سانایی تووڕە نابم.

**دایك:**

جۆرجــی وەرە چارپاکــەی جورامــم لەگەڵــدا بگوێــزەرەوە، (پێکــەوە چارپاکــە دەخزێنــن و پەردەیەکــی لــە تەنیشــتدا هەڵدەواســن). وێنەکەیـش ئـا لێـرەدا هەڵدەواسـین لـە نزیـك چارپاکـەوە.. جـورام ئــەم وێنەیــەی لا زۆر پیــرۆزە. هــەردەم لەبەردەمیــا دەوەســتێت و مامۆســتاکەی دەدەوێنێــت. هــەروەك ئێســتەیش زینــدوو بێــت.

**باڤل:**

ئــۆه.. ئەمــە نیگارکێــش ئەندرۆیــە! ئــەم مامۆســتای جــورام بــوو؟ (وێنەکــە هەڵدەگــرێ) ئەمیــش لــەم زەمانــەی ئێمــە بێــزار بــوو.. ئەنجامەکــەی بــە چ گەیشــت؟ مــرد، بــەر لــەوەی ئۆتۆمبیلــێ یــا خانوویەکــی لادێیــی ببــێ. راســتە نیگارەکانــی ئێســتا داواکارییــان هــەن، چونکــە وەك پــارەی گرانبەهــا چاکــن.. تەنانــەت مــن. یەکێکیانـم کڕیـوە. دەڵێـن کڕینیـان مامەڵەیەکـی بـە قازانجـە، بـەڵام بــۆ ئــەم چــی؟

**جۆرجی** (بە بێزێکەوە):

دە چەڵتە چەڵت کابرا. گوێ گرتن لە تۆ پیاو دەبورێنێتەوە.

**دایك:**

بیـرم دێ، هـەر وەك دوێنـێ بووبـێ، ئەنـدرۆ پێـی گوتـم "کوڕەکـەت بەهرەیەکـی کـەم وێنەیـە.. دەبێتـە شـاگردی مـن و هەمـوو دونیـا ناوبانگــی دەبیســێ. ئــەی تێکــڕا بەختیــاری لــەوەدا نییــە کارێکــی چــاك پێشــکەش بــە جیهانــا بکەیــت؟"

**جۆرجی:**

وایە، دایەگیان.

**لیڤان:**

بێگومان وایە.

**باڤل:**

تۆ راستیت، ئەی دایك.

**جۆرجی** (بۆ بافل):

تکایە سەرنج بدە. پێشکەشکردنی کردارێکی چاك.. تەنها چاك.

**دایك:**

ئــەم بەیانییــە زۆر دڵتەنــگ بــوو. لەبەرچــی؟ لەگــەڵ ئەمەشــدا، تابلۆکــەی لــە تــەك خۆیــدا بــرد بــۆ پێشــانگاکە.. هــۆدە کۆنەکەمانــی جێهێشــت و بــۆ ئێــرە دەگەڕێتــەوە.. ئــەی بــۆ هێنــدە خەمبــار بــوو؟

**لیڤان:**

دەشــێ هێنــدە ســانا نەبــێ بــۆ هونەرمەنــدێ هەســتی نــاوەوەی بخاتــە بــەردەم رای خەڵکــەوە.

**جۆرجی:**

ئەگــەر دەتــەوێ رای مــن بزانیــت.. دەڵێــم جــورام ئەوەنــدە بایــی بــووە کەمتریــن بایــەخ بــە بیــروڕای خەڵــك نــادات.

**دایك:**

نەخەیــر، ئــەم وا نییــە، بــەڵام تەنیــا دڵنیــا نییــە لەکاتــی رۆیشــتنا گوتــی بردنــی تابلۆکــە بــێ هوودەیــە، چونکــە بــە هیــچ جــۆر وەریناگــرن.. لەدواییــدا گوتــی کــە ئــەم دەربەســت نییــە ئــەو خەڵکــە چــۆن بیردەکەنــەوە..

**جۆرجی:**

ئاخــر ئەمەیــە پەشــێیوم دەکات.. نازانــم ئــەو جــۆرە بڕوایانــە لەکوێــوە دێنــێ! ئــەی ئــەم چــۆن دەتوانــێ گــوێ بــە بیــروڕای

هاوەڵەکانیـەوە نـەدات و چـۆن دەتوانـێ بـە تەنیایـی بژیـت؟ ئاخـۆ ئەمەیـە ڕێـگای ژیـان! ئایـا ئێمـە ئـە ئـاوا دەژیـن؟

**باڤل:**

گـەر لەمـن دەپرسـن.. مـن وا تێدەگـەم جـورام لەسـەر هەقـە. هیـچ مانـای نییـە هـەوڵ بدەیـن هـەر پژمینـێ بپەرسـتین.. قەینـاکا گـوێ بـۆ خەڵـك شـل بکەیـن.. بـەڵام دەبـێ بـە ڕێبـازی تایبەتـی خۆمانـدا بڕۆیـن.. ئەمـە دروشـمی منـە..

**لیڤان:**

ئـــۆه... بەســـیەتی.. بافـــل، جـــورام دوو ســـاڵ خـــۆی بـــەم تابلۆیەیـەوە خەریـك كـرد.. لـە راسـتیدا ئیلهامێکـی داهێنـەر تیایـا دەترووسـکایەوە.. مـن بـڕوام بـە جـورام هەیـە. پێویسـتە تابلۆکـەی سـەرکەوێ چونکـە تابلۆکـە لـە بارێکـی گـوێ پێنەدانـا ناهێڵێتـەوە..

**دایك:**

داخوازیـم لـە یـەزدان هـەر ئەمەیـە، بـەڵام ترسـم هەیـە. ئـەم لـە بەیانییـەوە رۆیشـتۆوە، بـۆ تـا ئێسـتا نەگەڕاوەتـەوە؟ دەبـێ لـە کـوێ بێـت؟ (دەرگاکـە دەکرێتـەوە جـورام دێتـە ژوورەوە). جـورام.. کوڕەکـەم! (جـورام بەکەمتەرخەمـی تابلۆیەکـی پێچـڕاو فـڕێ دەداتـە سـەر لا تەختێکـەوە).

**باڤل:**

سـڵاو بۆتـۆ.. جـورام. ریـزی سـاکارمان پێشـکەش تـۆ دەکەیـن.. بـەڵام تـۆ گـەورە بوویـت، پیاوێکـی راسـتەقینە.. (جـورام دەسـتی دەگوشـێ و دەچێتـە پشـت پەردەکـەوە).

**دایك:**

ئەوە چیتە جورام! بۆچ وا داماویت؟

**جورام:**

داماو! من بە وێنەی دۆزەخ شێتم!

**لیڤان:**

چ روویداوە؟

**جورام:**

لیژنەی پێشانگا تابلۆکەمی رەتکردەوە.

**دایك:**

ئای نائومێدی!

**لیڤان:**

رەتیانکردەوە؟

**جۆرجی:**

ئەوەم زۆر لەبەرچاو بوو.

**جورام:**

رەتیانکردەوە گوتیان بەم رۆژگارەمانەوە زۆر نەنووساوم.. من هەربەردەوام لەسەر دەست بە رابوردوو گرتندا و نەمتوانیوە ترۆپکی جوانی و بەرزیی ئەم سەردەمەمان بەدی بکەم.

**باڤل:**

چ هۆیەکیان نیشاندا بۆ ئەو کردارە یان نا؟

**جورام:**

هۆ؟ تابلۆکەم (لە پشت پەردەکەوە دێتە دەرەوە و تابلۆ پێچراوەکە دەکاتەوە). ئا ئەمەتا، ئەم سێ کەسایەتییە مێینانە پەنجە بۆ رابوردوو و ئێستێ و داهاتوو رادەکێشن (ئەوانی تریش لە دەوری تابلۆکەدا کۆ دەبنەوە). ئەم شوانەیش نیشانەی ئەو هۆنەرمەندەیە کە دەبێ یەکێك لە ئافرەتەکان هەڵبژێرێت

و لـە پاشـانا سـێوە زێڕینەکـەی پێشـکەش بـکات. شـوانەکە (بـارس) دڵنیـا نییـە، سـێوەکە هـەروا لەدەسـتیایە، بـەڵام هەڵبژاردنەکـەی لـە نێـوان رابـوردوو و داهاتـوودا گیرسـاوەتەوە.

**جۆرجی:**

بـەم جـۆرە تـۆ ئێسـتا رەت دەکەیـەوە و هەرواشـی تێدەگـەی کـە لەسـەر هەقیـت؟

**جورام:**

هونـەر هەقـی ئـەوەی هەیـە خـۆی هەڵبـژاردەی تایبەتـی خـۆی دیـاری بـکات (لاسـایی یەکێـك دەکاتـەوە). (پاڵدەرێکـی ئەفسـانەیی) گـوێ نـەدان بەسـەردەمی ئێسـتەمان. "ژیـان نەناسـین" قسـەی پـووچ!

**جۆرجی:**

قسـەی پـووچ؟ بـەڵام مـن دەزانـم تـۆ چـۆن خـۆت لـە ژیانـی ئێمـەوە بـە دوور دەگریـت.

**جورام:**

ژیـان تەنیـا ئـەوە نییـە کـە لـە دەوروبەرتدایـە. ژیـان ئەوەیشـە کـە بـە بیرتـا دێـت. ئێسـتەیش تەنیـا پردێکـە لـە نێوانـی رابـوردوو و داهاتـوودا و هیچـی تـر.

**باڤل:**

دەبـوو پێـت گوتبـام کـێ سـەرۆکی ئـەو لیژنەیەیـە. ئەوسـا بـە دوو تەلەیفـۆن تابلۆکـەت بـێ گـرێ سـەردەکەوت. باشـە، ئێسـتەیش نەچـووە بچێـتن بـە سـیحەتت جـورام، تەمەنـی درێـژ بـۆ تـۆ (دەخواتـەوە)، جـورام گوێـی لێـی نەبـوو، لەسـەر لاتەختەکـەوە دادەنیشـێ و بـە هـەردوو لەپـی رووی دادەپۆشـێ). جۆرجـی دەزانـم

دەتـــەوێ بزانیـــت مـــن کـــەی دەڕۆم.. بـــەڵام مـــن لـــە خۆڕایـــی نەهاتوومەتـــە ئێـــرەوە. پێشـــنیارێکم هەیـــە.

**جۆرجی:**

فەرموو!

**باڤل:**

هـــەر شـــوققەیەك لەمانـــە ســـێ ژووری تیایـــە لەگـــەڵ هەمـــوو پاشـــکۆیەکدا، هەمووشـــیان بەتـــەواوی وەك یـــەك وان. لەنێـــوان شـــوققەکەی ئێمـــەو ئێـــوەدا تەنێکـــی نامـــۆ هەیـــە. ئەویـــش شـــوققەیەکی یـــەك ژوورییـــە.

**جۆرجی:**

مەبەست لە (تەنێکی نامۆ) چییە؟ کێ لەوێ دەژیت؟

**باڤل:**

مەبەســتم ئەوەیـە.. پیاوێکـی تەنیـا و ڕەبـەن. ڕەبەنیەکەیشـی هیـوا لەبـەردەم مـن و تـۆدا دەکاتـەوە.

**لیڤان:**

نازانم دەڵێی چی؟

**باڤل:**

ئـەو زۆر لـەو شـوققەیەدا نامێنێتـەوە. یـا باشـتر بڵێیـن، ناهێڵـن هێنـدە بمێنێتـەوە.

**جۆرجی:**

لەمەدا مەبەست چییە؟

**باڤل:**

ئافـرەت، هاوەڵـە ئازیزەکـەم، کاتـێ ژن بێنـێ ژنەکـەی دڵـی بـە ژیانـی شـوققەیەکی یـەك ژووری ناکرێتـەوە. دە هەقـی خۆشـیەتی

شـــوققەیەکی گەورەتـــری ببـــێ. ئەنجـــا مـــن چاوەڕوانـــی بەگـــژا چوونێکـــم.

**لیڤان:**

بەگژا چوون؟

**باڤل:**

کە هاوسێکەمان ژنی هێنا شوققە یەك ژووریەکە چۆل دەبێت.

**جۆرجی:**

جا بە گژاچوونەکە لە کوێیە؟

**باڤل:**

من چاوم بەم شوققەیەوە، ئەی تۆیش چاوت پێوەیەتی؟

**جۆرجی:**

نازانـم باسـی چ دەکەیـت؟ ئێمـە شـووققەی خۆمـان بەسـمانە. جگـە لەمـەش چـۆن دەتوانیـن داوای شـتێ بکەیـن هـی خۆمـان نەبـێ؟

**باڤل:**

جوانـــە! بـــەڵام ئـــەم شـــوققەیە ســـەرنجی ڕاکێشـــاوم، دەیکـــەم بـــە عیـــادەی بریـــن پێچیـــم. دەروازەیەکـــی جیـــاواز. جـــوان و زۆر ئـــارام.

**لیڤان:**

ئێستەیش هەر وازت لە عیادەی تایبەتی نەهێناوە؟

**باڤل:**

بێگومـــان نـــە. دەشـــم توانـــی لـــە زووێکـــەوە شـــوققەیە وەربگـــرم. بـــەڵام نەمویســـت ئـــەم شـــەقامە جـــێ بهێڵـــم.. چونکـــە نەخۆشـــەکانم جێگاکـــەم دەزانـــن، ئەمەیـــش بـــۆ کارەکـــەی مـــن شـــتێکی گرنگـــە.. ئـــەم خانـــووە بەرامبـــەر خانـــووە کۆنەکەمـــە و منیـــش ناهێڵـــم ئـــەم دەرفەتـــەم لەدەســـت دەرچێـــت.

**لیڤان:**

وەك دێتــە بیــرم.. تــۆ هەرگیــز گلەییــت لــە شــوققە کۆنەکەتــا نەبــووە.

**باڤل:**

خــراپ نەبــوو، ئەویــش ســێ ژووری تیایــە. بــە خۆڕایــش لەدەســتم نــەداوە.. بــۆ ژن براکەمــم جــێ هێــڵاوە.. لاوێکــە بــەم زووانــە ژن دێنــێ.. بــۆچ لەکاتــی پێویســتا یارمەتــی خزمێکــمان نەدەیــن؟

**جۆرجی:**

باشە.. باشە، هاودەمەکەم! بێگومان تۆ کابرایەکی سەیریت!

**لیڤان:**

چۆن توانیت شوققە کۆنەکە بۆخۆت بهێڵیتەوە؟

**باڤل:**

هیــوادارم لــە مــاوەی ئــاوا ســاڵێکدا شــوققە یــەك ژووریەکەیــش بــە هەمــان ڕێگەیــەوە وەربگــرم.. لێــرەدا بۆنێکــی تایبەتــی بــۆ لەپــی دەســت دادەنێــم و لەوێــدا وشــەیەکی خــۆش بــەکار دێنــم. دیتــت چــۆن؟ (جۆرجــی بــە بێــزەوە دەســتی دەهەژێنــێ و رووە و جــورام دەچێــت).

**لیڤان:**

ئاە.. تۆ هەمیشە وا زیرەك بوویت، بافل!

**باڤل:**

پایــەدار بــی، مــن حــەزی لێدەکــەم، برادەرەکانــم بــە دونیــای مــەی نــاوم دەبــەن.. لــە تەندروســتی دایکتــا لیڤــان.. هیواداریــن چاکــە و خۆشــیی هەمووتانــم.

(هەردووکیــان دەخۆنــەوە.. جورجــی دەس لــە ملــی جــورام دەکا و بــۆ لای

پێشـــەوەی شـــانۆکەی دەبـــات).

**جورام** (لەسەر گفتوگۆکانیان دەڕوات).

زۆر جـار قسـە بەماناکانتـم بیسـتووە. تـۆ بـە سـەرما دەیانخوێنیتـەوە هـەروەك پەرتووکـی زوڕنـاکان دەخوێنیتـەوە. واز لـە وەعـزدان بێنـە، مــن بەتــەواوی نــرخ و جوانیــی ئــەم ســەردەمەمان دەزانــم، زۆر بەتەواویـی، بـەڵام نەختـێ بـێ ڕەنگـە، هـەر سـاتێ چـاو دەنووقێنـم سـەردەمانێکی تـر بـە دی دەکـەم.. ئـەوان بەرەنگـی زۆر نایابـەوە دەدەروشـێنەوە، (سـەردەمەکانی ناڤـاری) سـەردەمی شیروشـەریتی ڕەنگاورەنـگ پۆپـەی (فانتازیـا). دەوڵەتـی بێزەنتییـەکان. یۆنانییـەکان، ڕۆمــا، میهرەجانــی هونــەر، جوانیــی شــێوازی هەڵکەنــدن لەســەر بــەرددا و بەرچــاو فراوانیــی لایەنگرانــی هونــەر.. مەزنیەیتــی بــێ خڵــت. بیــر لــە ئارامــگای تــوت عەنــخ ئامــوون بکــەرەوە. ئەنجــا لـە پـاش ئەمانـە هەمـووی پێـم بڵـێ مـن ژیـان ناناسـم. ئـەو تەنیـا مۆمیایەکــە و بــەس. کەچــی تــۆ بــە خەڵکــی زینــدووەوە دەورە دراویـت. تـۆ بەراسـتی نایانناسـیت. تـۆ ژیـان ناناسـیت.

**جورام:**

کـێ دەیناسـێت؟ لەوانەیـە تـۆ؟ واتـا کـێ ژیـان لـە مـن و تـۆ لـە لیڤـان چاکـتر دەناسـێ؟ (دەس بـۆ بافـل درێـژ دەکات).

**جۆرجی:**

بەراســتی بافــل کەســێکی ســەیر و تەڵەکەبــازە. فرێــی دەدەینــە دەرەوەی شــوققەکەمانەوە و لــە کۆتایشــدا تەنانــەت لــە دەروازەی کۆمەڵەشـــمان وەدەر دەنێیـــن.

**جورام:**

بـۆچ پانـزدە دەقیقـە پێـش ئێسـتا ئەمـەت نەدەکـرد؟ ئێسـتێ پێـت

دەڵێم بۆ؟ چونکە دەزانیت ئەم تەنها نییە. زۆری وەك ئەم هەن. چۆن دەتوانیت هەموویان بەدەر نێیت؟ بۆ کوێ؟ ئەمان هەر دەم بەردەوام دەبن لەسەر کارە ناپاکاکانیانەوە و بگرە خۆشیانی پێوە هەڵدەکێشن. من هیچ ئارەزووم نییە هەموو ئەوانە ببینم.

**جۆرجی:**

تۆ بەراستی بڕوات وایە کە بافل نوێنەری ئەم سەردەمەی ئێمەیە؟ لە راستیدا ئەم ئەو کەسەیە کە سەر بە رابوردووەوەیە. ئەم هی ئەوە.

**جورام:**

ئەم بە ئاسانی خۆی بەسەردەمی ئێمەوە رادەهێنێ. هەرلەبەر ئەم هۆیەشە شوانەکەی من ناتوانێ سێوەکە بدات بە ئێستادا.

**جۆرجی:**

مێشکت شڵەژاوە، ئەم باسە سبەی بەیانی لێی دەکۆڵینەوە، ئیمڕۆ نۆبەتی شەوم هەیە. برام دەستم بدەرەوە دەست و خۆت هێمن کەرەوە. (جورجی دەڕوات بێ ئەوەی دوعاخوازی لەوانی تر بکات).

**باڤل:**

رۆیشت، تەنانەت بێ خواحافیزیش. ئای چینی کرێکار! تۆیش لێڤان هەر سەیری کاتژمێرەکەت دەکەیت. ئەمەیش خۆت دەزانی شتێکی جوان نییە.

**لیڤان:**

بەداخەوە. بەڵام پێویستە پەلە بکەم بەرەو عیادەوە.

**باڤل:**

دەوامت هەیە؟

**لیڤان:**

نەخێـر. بـەڵام ئیمـڕۆ عەمەلیاتێکـی گرانـم کـردوە و پێویسـتە سـەرێ بـدەم لـە نەخۆشـەکەما.

**باڤل:**

بیستوومە کە بە لێکۆڵینەیەکی تا رادەیەك نهێنییەوە خەریکیت.

**لیڤان:**

هەڵبەتـــە هیـــچ نهێنییەکـــی تیـــادا نییـــە. راســـپاردراوم چەنـــد تاقیکردنـــەوەی بســـازێنم بـــۆ چارەســـەری نەخۆشـــی شـــێرپەنجە.

**باڤل:**

باشە. هیچ ئەنجامێکی ئومێد بەخشت دەستگیر بووە؟

**لیڤان:**

هــەر دەســتگیر دەبــێ، باڤــل تەنیــا پێویســتیمان بــە ئارامگرتنــەوە هەیــە، ئــارام گرتــن.

**باڤل:**

دەڵێــن ئەمەریکیــەکان بەڵێنیــان داوە پەیکەرێکــی زێــر بــۆ ئــەوە بکــەن کــە نەخۆشــی شــێرپەنجە لەنــاو دەبــات. زێــڕی بــێ خڵــت! دڵنیــام شــتێ لــەو زێــڕە بۆخــۆی دەبــات.

**لیڤان:**

من هەمو ئەو زێڕەم دەستگیر بووە کە پێویستیم بێت.

**باڤل:**

گاڵتە ناکەیت؟

**لیڤان:**

نەخێر، هەرگیز چار کیفی ددانم هەیە.

**باڤل:** (هەڵدەستێ)

هـا.. هـا.. باشـە کـەی خاوەنمـاڵ ڕۆیشـت یانـی کاتـی ئـەوە هاتـووە میوانیـش بـڕوات.

**لیڤان:**

ببوورە باڤل، بەڵام پویستە بڕۆم.

**باڤل:**

ئەمــە بــە دڵشــکاندن دانانێــم. جــورام، ورە بەرنەدەیــت بەیانــی لیســتەیەکم بەنــاوی ئەندامانــی لیژنەکــە بــەدەرێ ئەوجــا دەزانیــت چــۆن هەمــوو شــتێ بــۆ بەرژەوەنــدی تــۆ دەگونجێنــم. (جــورام بــە تووڕەییــەوە بــە ڕزە پــێ دەبێــت).

**جورام:**

دەی سا بچۆرە دەرەوە، هەر ئێستە بڕۆرەوە دەرەوە.

**لیڤان:**

بافل وازی لێبێنە. (قۆڵی باڤل دەگرێ و دەیباتە دەرەوە).

**باڤل** (لەناو دەرگاکەوە).

بەخۆیشــی دەڵــێ جۆرجییــە! ئاخــر نەختــێ میواندارییــی! قــەی نــاکا، هەرگیــز نابــێ ئەمــەم لەبیــر بچێــت! (دەچێتــە دەرەوە).

**جورام:**

ئای ناپەسەند!

**دایك:**

وەرەوە ســەرخۆت، کوڕەکــەم گاڵتــەت لەگەڵــدا دەکات. هەرگیــز بەراســتی نەبــوو. بــەڵام ڕەفتــاری تــۆ لەگــەڵ ئــەودا ناشــیرین بــوو،

دەبــێ خەڵــك چ بڵێــن؟

**جورام:**

کام خەڵــك؟ ئــەو نابــێ هەرگیــز جارێکــی تــر پــێ بنێتــە ئێــرەوە. (هەڵوەســتەیەك). دایــە، ئەمــە تەمــارا زانیویەتــی ئێمــە هاتووینەتــە ئێــرەوە؟

**دایك:**

نازانم، ئەگەر تۆ پێت نەگوتبێ.

**جورام:**

پێم نەگوتووە، دەمێکە نەمدیوە.

**دایك:**

خۆ شەڕتان نەکردووە؟

**جورام:**

دوور نییە.

**دایك:**

جورام، کوڕەکەم...

**جورام:**

خەتــای مــن نییــە، ئــەو هــەردەم وەك ئەوانــی تــر واز لەسەرزەنشــت کردنمــان ناهێنــێ.. "بــۆ بــەم ســەردەمی ئێمــەوە نەنووســیاویت و ڕەخنەگــران لەســەر هەقــن". هەروەهــا ئەویــش تابلۆکەمــی بــەدڵ نەبــوو. پێــم دەڵــێ: "ئەگــەر وا دانــرا شــوانەکە خــۆت بوویــت، تۆیــش ئێســتێ ڕەت دەکەیتــەوە. ئــەی ئــەوە مــن لــە کــوێ جــێ دێڵێــت؟ بێگومــان لــە (ڕابــوردوودا) نــە. کەواتــە مــن لــە ژیانــی تــۆدا هیــچ شــوێنێکم بــۆ نییــە". ئــای کــە کــە گەمژەیــە، دەنــا چــۆن ئــەم جــۆرە قســانە دەکات.

**دایك:**

گەمــژە! کوڕەکــەم، گوێــم لێبگــرە. زۆر شــت هەیــە مــن تێیناگــەم.. باشــە خــۆ ئــەو تەمــارای شــاژن نییــە، شــاژنی ســاڵانی دێریــن. ئــەو هــەر خۆیەتــی.. ئەندازیارێکــی کیماییــەوە تۆیــش خــۆش دەوێــت.

**جورام** (گوێی لێناگرێت):

ئێمــە چەنــد رۆژێکــە یەکترمــان نەدیــوە، ئیمڕۆیــش لــە دوای ئــەو ماوەیــەدا هاتــووە بــۆ وتوویــژ کــردن لەســەر تابلۆکەمــا بــێ ئــەوەی کــەس داوای لێکردبــێ.. کــە منیــان شــکاندەوە ئــەو بەراســتی دڵشــاد بــوو.. زۆر بەنامۆیــی ســەیری منــی دەکــرد.

**دایك:**

رۆڵەکــەم، ئــەو تــۆی خــۆش دەوێ، بۆیــە هاتــووە. خۆشــتی دەوێ.. تێناگەیــت؟

**جورام:**

کەس منی خۆش ناوێت (بەگرانیی لەسەر چارپاکە دادەنیشێ).

**دایك:**

هێــور بــەرەوە، کوڕەکــەم تــۆ زۆر ماندویــت. ئــەم هەمــوو هەڵچوونــەی پێناوێــت، ئــەم شــتوومەکەت لابــدە، پشــوویەك بــدە.. تــاوێ بــۆی بخــەوە. کۆرپــە شــیرینەکەم. (مێزەکــە رێــك دەخــات و دەچێتــە ژوورەکــەی تــرەوە).

**جورام:**

خــۆی دەخاتــە ســەر تەنیشــت و ســەیری وێنــەی (ئەنــدرۆ)ی هونەرمەنــد دەکات). هەموویــان دژی منــن.. ئــای خۆزیــا ئێســتا تــۆ لەگەڵــما بوایــت، ئــەی مامۆســتای بــە نرخــم (گلۆپەکــە دەکوژێنێتــەوە و چرایەکــی کــز دادەگیرســێنی لــە رووناکــی چراکــەدا (ئەنــدرۆ) لــە

وێنەکـەدا لەبـەردەم جۆرامـا قـوت دەبێتـەوە).

**ئەندرۆ:**

من وا لێرەم.. جۆرام.

**جۆرام:**

تـۆ چەنـد بەسـۆزییت، مامۆسـتا گیـان! چەنـد چاکـت کـرد کـە هاتیتـە لام. لـە دنیـادا کەسـێکی تـر نییـە نهێنـی دڵمـی لا بدرکێنـم.. تـۆ نەبێـت. هیـچ کەسـێ لـە مـن نـاگات.

**ئەندرۆ:**

تەگەرەت چییە، جۆرام؟

**جۆرام:**

مامۆسـتا، پەلاماریـان داوم، بەتـەواوی هـەر وەك جارێکیـان خـۆت پەلامـار درایـت، نیگارەکانـی منیـان خـۆش ناوێـت. بەتایبەتـی ئیمـڕۆ، زۆر بـە دڵڕەقییـەوە لەگەڵـما جووڵانـەوە، بـە هیـچ جـۆرێ تابلـۆی هـەر چاکەکـەی منیـان بـۆ پێشـانگاکە وەرنەگـرت.
بـە دروسـتکردنییەوە خـۆم زۆر خەریـك کـردووەو هـەرە باشـترین شـاکارەکانمە.. هەمـوو بـڕوا و هەسـت و نەسـتم لـەم تابلۆیـەدا کۆبوونەتـەوە.

**ئەندرۆ:**

ئەوە باسی کام تابلۆ دەکەیت؟ من دەیناسم؟

**جۆرام:**

بەڵـێ ئەوکاتـە دەسـتم پێکـرد کـە تـۆ لێـرە بوویـت. فەرمـوو، ئەمـە ناوونیشـانەکەیەتی.. "هونەرمەنـد و لێکدانـەوەی ئەقـڵ".

**ئەندرۆ:**

هونەرمەنـد و لێکدانـەوەی ئەقـڵ" ئـاە.. دێتـەوە بیـرم کـە زۆر رام

لــە بیــری قــوول و ئەندێشــە فراوانەکــە بــوو.

**جۆرام:**

دەیانپرســی بــۆچ باســی پڕوپــووچ و ئەفســانەیی هەڵدەبژێــرم، لــە کاتێکــدا ســەردەمی ئێســتامان پڕیەتــی لــە رووداوی ســەرنج کێــش..

**ئەندرۆ** (لەتابلۆکەوە رادەمێنێ):

ئــەم کارە دەســتی هونەرمەندێکــی لێهاتــوو ئەنجامــی داوە.. (پــارس) ســێوەکە پێشــکەش (ئەفرۆدیــت)ی خواوەندیــی جوانیــی دەکات، تــۆ ئەفســانەکەت ئازایانــە گۆڕیــوە. لەنێوانــی هــەر ســێ خواوەندەکانــدا رابــوردوو، ئێســتا و داهاتــوودا پاڵەوانەکــەت (پــارس) رابــورد و هەڵدەبژێرێــت. تــۆ بڵێیــت بەراســتی لــە مەبەســەکەتا گەیشــتبم؟

**جۆرام:**

هەڵبژاردنەکــەم ئێجگارەکــی نییــە.. پاڵەوانەکــە تــا ئێســتاش دڵنیــا نییــە.

**ئەندرۆ:**

ئــەم لــە نێوانــی رابــوردوو داهاتــوودا دوو دڵــە و ئێســتا پشــت گوێــی خســتووە. رەنــگ و رووی ســەردەم لــە ســێبەرەکەدا شــاردراوەتەوە. توانــای تــۆ کــەس نکوولــی لــێ نییــە و زۆر بــە تونــدی بیرەکەیــت دەربڕیــوە.

**جۆرام:**

مامۆســتام.. مــن بەختیــارم. دەمزانــی تــۆ تێــم دەگەیــت ئــای کــە بەراســتی کارەکــەت هەڵســەنگاندم.. بەڵــێ، ویســتم بــە خەڵکەکــە بڵێــم: ئەمەتــا رابــوردوو بــە رۆمانســییەت نایــاب و بــە ناوبانگەکەیــەوە ئەمەیــش داهاتــوو بــە جوانــی بــەرز و نامۆکەیــەوە.

**ئەندرۆ:**

توانـای تـۆ نکووڵـی لێناکرێـت (هەڵدەسـتێ رادەمێنـێ) بـەڵام زۆر دژوارە.

**جۆرام** (رادەچەنێت):

چی مامۆستا گیان؟

**ئەندرۆ:**

تۆ جوانیی سەردەمی خۆت نابینیت.

**جۆرام:**

چـۆن بتوانـم ببینـم؟ هەرچییەکـی هۆشـم پێـی دەشـکێ سـێبەرێکی دڕندانــە لــە دڵمــی دەشــارێتەوە.. ئــەو رووگرژییــەی ســەردەمی ئێسـتامان دەمتوقێنـێ.

**ئەندرۆ:**

بــەڵام ئاخــۆ هیــچ جوانییەکــی تایبەتــی لــەم رووگرژییــەدا نییــە؟ بیــر لەوانــە بکــەرەوە کــە تابلۆکــەت لــە رواڵەتــدا دەنرخێنــن.. تــۆ خـودی ژیانیـان لـێ دەسـێنیت.. یانـی ئـەو سـەردەمەی کـە ئـەوان تیایـدا دەژیـن.. ئەمـە و تۆیـش خـۆت هـەر ئـی ئـەم سـەردەمەیت.

**جورام:**

ئــا.. خۆزگــە لــەو ســەردەمەدا لەدایــك دەبــووم کــە هونەرمەنــدە مەزنەکانــی پێشــوو، دەســەڵاتدار، خــاوەن رەوانــە ئــازادەکان، گومــەز و دیــواری پەرسـتگاکانی تەلارەکانیــان تیایــدا دەڕازانــدەوە.. ئەوکاتــەی رووبــارەکان بــێ ئــەوەی پیــس بکرێــن هاژەیــان دەهــات. ئەوســەردەمەی هەمــوو خەڵــك وەکــو ســاوا و ســاکار و بەختــەوەر بــوون. یاخــود بــە پێچەوانــەوە، خۆزیــا هاتنــە دونیــام چەنــد ســەدەیەکی تــر دوا بکەوتایــە، بــۆ ئــەو کاتــەی کــە بۆڕکانەکانــی شــار

چیــتر نەدەتەقینــەوە.. ســەردەمێکی بــێ خوێــن و پیســایی.. زەمانــی کــە گەنجینــەی دنیــای فــراوان تیایــدا لەبــەردەم هونەرمەنــدی داهێنــەر واڵا دەبێتــەوە. مامۆســتا گیــان، پێــم بڵــێ، ئادەمیــزاد توانــای ئــەوەی هەیــە کامەرانیــی رابــوردوو و داهاتــوو تاقــی بکاتــەوە؟

**ئەندرۆ:**

جــۆرام شــتێ نییــە بەنــاوی رابــوردووی رووت یــا نــە ئێســتای رووت یــا داهاتــووی رووتــەوە. ئــەوەی بــۆ تــۆ رابــوردووە وەختــی خــۆی ئێســتای خەڵکەکــەی ئــەو ســەردەمە بــووە، ئــەو داهاتووەیــش تــۆ خەونــی پێــوە دەبینــی دەبێتــە ئێســتای وەچەکانــی پاشــەرۆژ. هــەر ئادەمیــزادێ ســەر بەســەردەمی خۆیەتــی. رابــوردوو هەرگیــز ناگەڕێتــەوە ئەمــەش شــتێکی بەختــەوەرە، بــەڵام داهاتــووی بــۆ هەیــە مــاوەی گەیشــتن پێــی کــورت بکرێتــەوە. مــن پێــت دەڵێــم: ئێســتا لــە رابــردوودا لــە دایــك بــووە و ئەمیــش دەبێتــە دایکــی داهاتــوو. تــۆ ناتوانیــت جوانیــی و چاکــی ســەردەمی خــۆت ببینیــت.

**جۆرام:** (بەسەرسوڕمانێکەوە)

مامۆســتا! ئەمــە چــی دەبیســتم؟ ئەمــە لــە نیگارەکــەی تــۆدا نەبــوو کــە پەیکەرگەلێکــی مێژوویــی کەرەســەی هونــەری ئەفســانە دەوریــان چنــی بــووم. ئــەو هەمــوو شــتانە لــە دەورەمــدا تێکقرژابــوون کەچــی لەناویانــدا کامــەڕان بــووم.

**ئەندرۆ:**

بەڵــێ، جــۆرام وابــوو: (پــاش بێدەنگییــەك)، بــەڵام کــێ دەتوانــێ بزانێــت یەکــێ لەنــاو بێخــەوی ســەرەمەرگا لەچــی بیردەکاتــەوە؟ مــن لەســەر نوێنــی ســەرەمەرگدا راکشــابووم و هــەر بیــرم دەکــردەوە لەخــۆم.. لــە ژینــم.. لــە هونەرەکەمــا.. لــە هەمــوو شــتێ تێگەیشــتم..

**جۆرام:**

نیگارەکانت ئێستا ناسراون.

**ئەندرۆ:**

کامەن ئەوانەی دەیانناسن؟ ئایا ئەوانەن کە بەرێکەوتنێکی بێ چپەوە کردوویانن بە دراوێ بۆ مامەڵە پێکردنا! بەڵام زەمانە ئەو ساتەی من پشتم تێی کرد ئەو رووی لێوەرگێڕام.. ئەو مرۆڤەی لەدەست خەڵکی سەردەمی خۆیەوە رابکات هەر دەبێ گیرۆدەی کۆتی نائومێدی و تەنیایی بێت.

**جۆرام:**

سەرم گێژ دەخوات، بۆ من نەهاتووە لە بڕیارەکانی تۆدا سەرکێشی بکەم، بەڵام ئەگەر بە هەر هۆیەکی ئەفسووناوییەوە بۆم بکرێت خۆم بگوێزمەوە چ بۆ رابوردوو یا بۆ داهاتوو. ئەوا هەرگیز لێی پەشیمان نابمەوە..

**ئەندرۆ:**

بام ئەمە وابێت، جۆرام، بەڵام وریابە، چونکە دڵت بە جۆرێ دەشێوێت هیچ کەسێ هەرگیز تووشی نەهاتبێ.. لێرەدا سێ سێیوی ئەفسووناویم لایە (سێ سێوان دەردێنێ و نیشانی جۆرامیان دەدات).

**جۆرام:**

سێوی جوانن.

**ئەندرۆ:**

هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا کرمیشیان تێدایە.

**جۆرام:**

بەڵام لەگەڵ ئەوەشەوە دیسانەوە هەر جوانن..

**ئەندرۆ:**

کەواتــە گوێبگــرە، تەنیــا قەپاڵــی لــە یەکێکیانــا دەتگێڕێتــەوە دواوە بــۆ رابوردوویەکــی زۆر دێڕیــن.

**جۆرام** (دەس بە سێوەکە درێژ دەکات):

رابوردویەکی ئێجگار دێرین!

**ئەندرۆ:**

بەڵـێ.. رابوردوویەکـی زۆر کـۆن، ئـەو سـەردەمە زێڕینـەی تـۆ خـەوی پێــوە دەبینیــت. ئــەو ســەردەمەی دەســەڵاتدارە خــاوەن رەوانــە ئــازادەکان کاریــان تیایــدا کــردووە. ئەمانــە وتەکانــی خۆتــن.

**جۆرام:**

تۆ بڵێیت ئەمە بەراستی و ئاوا بێت؟

**ئەندرۆ:**

تەنیـا قەپاڵێکیـش لـە سـێوێکی تریانـا دەتگوێزێتـەوە بـۆ داهاتوویەکـی زۆر دوور.

**جۆرام:**

بۆ داهاتوو؟

**ئەندرۆ:**

داهاتوویەکــی زۆر دوور.. کــە هەمــوو خەڵکێکــی بەختیــارن و هیــچ نیشــانەیەکی پیســی و یــا خوێــن لەســەر رووی زەویــدا نابینرێــت؟

**جۆرام:**

ئای کە نایابە!

**ئەندرۆ:**

بــەڵام ســێوی ســێیەم هەڵگــرە. هەرکاتــێ دڵــت دەســتی بــە ئــازار کــرد و لــە فڕینەکەتــا پەشــیمان بوویتــەوە..

**جۆرام:**

نەخێر، ئەمە هەرگیز روو نادات.

**ئەندرۆ:**

کێ دەزانیت؟

**جۆرام:**

کەواتە قەپاڵێ لە سێوی سێهەمدا دەمگێڕێتەوە بۆ ئێستا؟

**ئەندرۆ:**

نــە. هەرگیــز توانــای نابــێ بگرێیتــەوە، بــۆ ئــەم ســەردەمەتا. بەڵکــو ئــەم ســێوەیان لــە هەمــوو ئارەزووێکتــەوە رزگارت دەکات و دەتگوزێتــەوە بارودخێکــی لەبیرچوونــەوە کــە نــە رابــوردووی تیــای دەبــێ نــە ئێســتا و نــە داهاتــوو.

**جۆرام:**

قــەی نــاکات.. لەســەر هەمــوو شــتێکەوە بارودۆخــی لەبیرچوونــەوە چارەنووســی هــەر ئادەمیزادێکــە.

**ئەندرۆ:**

جــۆرام بیربکــەرەوە، ئایــا هیــچ کەســێ یــا هیــچ شــتێ نییــە لــەم زەمانەتــدا کــە بــۆی پەشــیمان نەبیتــەوە؟

**جۆرام:**

بــۆ پەشــیمان ببمــەوە؟ دەبــێ کــێ بــێ ئــەوەی بیــری بکەمــەوە؟ (روناکــی کــز دەبێــت، زەنگــی دەرگا بــە ئارامــی لێدەدرێــت، کــە رووناکییەکــە دووبــارە دەگەشــێتەوە، ئەنــدرۆی هونەرمەنــد دەچێتــەوە نــاو چوارچێــوەی تابلۆکــەوە. جــۆرام خەوتــووە. دیســانەوە زەنگەکــە بــە تونــدی لێدەدرێتــەوە. دایکــی جــۆرام لــە ژوورەکــەی تــرەوە دەردەچێــت و دەرگاکــە دەکاتــەوە. باڤــل دێتــە ژوورەوە).

**باڤل:**

ببــــووره، دایەگیـــان بـــەڵام ئاخـــۆ تەلەفۆنەکەتـــان ئیـــش دەکات؟ نەخۆشــەکەم پێویســتە تەلەفۆنێکــی بــە پەلــە بــکات، تەلەفۆنەکــەی منیــش تێکچــووه.

**دایك:**

بەڵــێ بێگومــان.. فەرمــوو وا مــن دەڕۆم. (باڤــل دەرکاگــە دەکاتــەوەو تەمــارا دێنێتــە ژوورەوه، تەمــارا بــەرەو تەلەفۆنەکــە دەچــێ، هەڵــی دەگــرێ و ژمارەیــەك بــا دەدات).

**تەمارا** (بۆ باڤل):

سوپاست دەکەم.

**جۆرام** (لەبەرخۆیەوە):

ئەمــە تەمارایــە، تەمــارا.. تەمــارا ئــەوە لەگــەڵ ئــەم پیــاوه چــی دەکات؟

**تەمارا** (لە تەلەفۆنەکەدا قسە دەکات):

ئەمـە تۆیـت، دایـە گیـان؟ بەڵـێ، مـن تەمـارام، نەختـێ دوا دەکـەوم، دڵـت هیـچ نـەکات.. بەڵـێ.. بەڵێ..کـە هاتمـەوه بـۆت بـاس دەکـەم. (تەلیفۆنەکـە دادەنێـت و لـە تـەك باڤلـدا دەچێتـە دەرەوه.)

**جۆرام:**

کەوابـــوو ئەمـــەی وای لێکـــردووه هیـــچ کردارێکـــی منـــی خـــۆش نەوێـــت. ئێســـتا لەتێڕوانینـــە ســـەیرەکەیەوه تێگەیشـــتم.

خۆشەویســـتی لـــەم زەمانەمانـــدا ئـــە ئاوایـــە، ئەمەیـــە پاداشـــتی دڵســـۆزیی و بێخەوشـــی.. نەخێـــر. ئەمـــەم زۆر بـــۆ قـــووت ناچێـــت. چیـــم بـــۆ ماوەتـــەوه؟ چییـــە ئـــەوەی بـــۆی پەشـــیمان دەبمـــەوه، بـــا بیـــرێ بکەمـــەوه؟ هیـــچ شـــتێ.. هیـــچ کـــەس. پێویســـتە لـــە هەمـــووی

خـــۆم دەربـــاز بکـــەم.. لـــە هەمـــوو شـــتێکا.. مامۆســـتام.. تـــۆ لـــە کوێیـــت؟

**ئەندرۆ** (لە چوارچێوەی وێنەکەوە دێتە دەر):

ئا ئەوەتام، جۆرام.

**جۆرام:**

کـــوا ســـێوەکەت؟ بڕیـــاری خۆمـــم داوە (ئەنـــدرۆ ســـێ ســـێوەکەی دەداتـــە دەس.جـــۆرام لێیانـــەوە رادەمێنـــێ).

**جۆرام:**

زۆر چاکـــە.. هەرچـــی دەبـــێ بابـــێ، (بێدەنگـــی): بەراســـتی هێـــزی ئەفســـووناوییان تیادایـــە؟

**ئەندرۆ:**

بەڵـــێ.. ئـــەم وزەیـــە لەگـــەڵ توانـــای بەهرەتـــدا هـــاودەم دەبێـــت. ســـێوەکان بخـــۆ و بـــەرەو رابـــوردوو، بـــەرەو داهاتـــوو دەڕۆیـــت. بـــەڵام ئەوانـــی تریـــش لەگەڵتـــا دێـــن. (جووڵەیەکـــی ســـووك بـــەرەو رووی بینەرانـــەوە دەکات).

**جۆرام:**

چی؟ بۆچ دەبێ ئەوانیش لەگەڵما بێن؟

**ئەندرۆ:**

بەڵـــێ: لەگەڵتـــا دێـــن، گوێبگـــرە، ئـــا ئـــەوا باڵـــی ئەندێشـــە بەســـەریانا دەبارێـــت.

**جۆرام** (بڕێك دەشێوێ):

دەیانبینـــم و شـــەققەی باڵـــەکان دەبیســـتم، باڵندەیەکـــی ئەفســـووناوی لـــە فڕیندایـــە.

**ئەندرۆ:**

باڵنـــدەی ئەندێشـــەمان، ئـــە ئـــاوا پاشـــە و پـــاش بـــۆ رابوردوویەکـــی ئێجـــگار دوور دەگەڕێنـــەوە دواوە. ئەمـــە خواســـتی خۆتـــە.

**جۆرام:**

فەرموو، ئەی مامۆستا.

**(پەردە).**

## بەشی دووەم

(کۆشـــك و ســـەرای فەرمانـــڕەوا لـــەلای راســـتەوە دیـــارەوو روناکییەکـــی کـــزی تیایدایــە.. زەنگــەکان بــێ پســانەوە لێدەدرێــن و تیپێکــی گۆرانــی گۆرانــی دەچــڕن. زۆراب لــە ژێــر رووناکییــە کــزەوە دەردەکەوێــت).

**زۆراب:**

ئــۆە.. چـــی.. ئــۆە.. ئــەوە لێـــرەدا چ قەومـــاوە ئـــا وا زەنـــگ لـــە گۆڕەپانەکانــدا لێدەدرێــت؟ ئــەی بــۆ کــەس لــە شــەقامەکانا نییــە؟ (تیپەکـــەی گۆرانـــی وشـــەکان دەقۆزێتـــەوە و وەك دەنگدانەوەیـــەك دەیانگێڕێتـــەوە).

**شارییەك:**

وا دیــارە تــۆ لــە دوورەوە هاتوویــت بۆیــەکا ئــاگات لــەو نەگبەتییانــە نییــە شــارەکەمان تووشــیان هاتــووە.

**زۆراب:**

راســتە مــن لــە دوورەوە هاتــووم تکایــە باســی ئــەو نەگبەتیانــەم بــۆ بگێــڕەوە.

**شاری:**

دوژمــن لەبــەرەی باشــوورمانەوە خــۆی بــۆ جەنــگ ئامــادە کــردووە، جابــۆ ئــەوەی نەهێڵیــن لــە شــوورەکانی شــارەکەمانەوە نزیــك بێتــەوە، پادشــا فەرمانــی داوە لای کەندالّــی (کیلــدی کاری) ئاســتەنگی زۆر قایــم بــۆ خۆپاراســتن بنیــات بنرێــت. بــەڵام پێویســتە بــە پەلــە ئەنجــام بدرێــن و پــڕ چــەك بکرێــن. بۆیــەکا وەســتاکانمان رۆژ و شــەو بەبــێ وچــان کار دەکــەن. بــەڵام چارەنووســی دوژمنایەتییەکــی ناڕەوامــان دەکات. هەرکاتــێ لەدانانــی بــەردە راســت و داتاشراوەکانــا دەبینــەوە دەبینیــن درزێکــی تیــا پەیــدا دەبــێ و لەپێــش بەیانیــدا دەیتەپێنێتــەوە.

**زۆراب:**

پێموایـــە، یـــا ئەوەتـــا وەســـتاکانتان هەڵـــە دەکـــەن، یاخـــود بـــەرد و چیمەنتۆکەتـــان بـــێ هێـــزن.

**شاری:**

وەســـتا و پیشەســـازەکانمان زۆر شـــارەزا و لێهاتـــوون ئـــەو بـــەرد و چیمەنتۆیـــەش بـــەکاری دێنـــن باشـــترین جـــۆرن.

**زۆراب:**

کەوابوو، تکایە پێم بڵێ بۆ لەبێ هێزی دەترسن؟

**شاریی:**

وەســـتاکان و پادشـــا و یاوەرەکانـــی زۆر شـــڵەژاون، شـــا چەنـــد پیاوێکـــی ناردۆتـــە لای (خاتـــێ)ی فاڵچییـــە پیرۆزەکـــەوە بـــۆ ئامۆژگاریـــی.

**زۆراب:**

ئێی؟

**شاریی:**

بڕیارەکـــەی ســـەخت و دژوار بـــوو، دەبـــێ بناخـــەکان ســـێ قـــووڵ بکرێـــن.

**زۆراب:**

جا ئەمە چی تیایە؟

**شاریی:**

ئـــەی لانـــەواز، خەمەکانمـــان لەگـــەڵ ژانـــی جەنـــگ و لەگـــەڵ قووڵایـــی زەریـــا گشـــتیان یەکســـانن، کەچـــی وشـــەکانی فاڵچییەکـــە زوبـــان ناتوانێـــت بـــێ وەی دەریانبڕێـــت.

**زۆراب:**

ئاخر.. وشەکانی چی بوون؟

**شاریی:**

"پێویستە پیاوێکی زیندوو لە شوورەکەدا بنێژرێت".

**زۆراب:**

ئەی خودا، ئەمە چی دەبیسم؟ ئەی خوداوەندی ئاسمانەکان.

**شاریی:**

هەروەها خاتێی پیرۆز قوربانییەکەیش دیاری کردووە.

**زۆراب:**

کێیــە ئــەو پیــاوەی کــە دەبێتــە قوربانیــی هەڵبــژاردەی چارەنووســی نەگــۆڕاوا؟

**شاریی:**

بــەم زووانــە گوناهێــك لەشــارەکەماندا دەکرێــت، لــە مــاوەی ســێ ڕۆژی داهاتــوودا، ئــاوا لــە پەیامەکــەدا هاتبــوو، ئــەو کەســەی گوناهەکــە دەکات دەبێتــە قوربانییەکــە.

**زۆراب:**

زەمانێکی خەماوییە.

**شاریی:**

وا ئێستا دوو رۆژ تێپەڕیوە. لەگەڵ رۆژئاوابوونی ئیمڕۆدا ماوە دیاری کراوەکە تەواو دەبێ.

**زۆراب:**

تا ئێستا کابرای گوناهکار نەدۆزراوەتەوە؟

**شاریی:**

دەترسم بڵێم خەتاکە تا ئێستا نەکردراوە، وا بە نزیکمانەوە دەسووڕێتەوە و خۆی دەخزێنێتە ناومانەوە.

**زۆراب:**

دڵم پێم دەڵێ سەردەمێکی زۆر خەمناك چاوڕێم دەكات.

**شاریی:**

تۆ بەڕاستیی لەکاتی دڵتەنگیدا پەیدا بوویت.

**زۆراب:**

دڵم هەقی بوو داوای نەهاتنی لێدەکردم.

**شاریی:**

چاکتر وایە پەنا بەریتە پەرستگاکەوە.. خودا بە رۆحمە. لەوێوە چاوەڕوانی رۆژئاوابوون بکە.

(زۆراب بەعادزییەوە دادەنیشێ. کەفانتزا بەراکردن دێتە ژوورەوە، چەپکە گوڵێکی داوە لەسەریا و چەند گوڵێکیش بەدەستەوەیە).

**کەفانتزا:**

ئەمە سێهەمین رۆژە ئادەمیزادێکم تیادا نەدیوە. خەڵکی هەموو لە پەنای دەرگای داخراودا خۆیان پەنهان داوە. رێگاوبانەکان چۆڵن. گوڵەکان جێ هێڵراون بێ ئەوەی کەس بیانچێنێت. دەریاچەیەك لە بنەوشە. گژوگیا و گوڵێکی رەنگاورەنگ! ئای

کـە سـەیرە! چـۆن مـن ئێسـتا نەبـێ ئـەم جوانییـەم نەبینیـوە. مـن لــە چاوەکانــی ئــەوەوە هەســت بــەم شــادییە دەکــەم.

**زۆراب:**

ئای خودا.. ئەمە خۆیەتی.. خەونەکەمە.. فریشتەکەمە.

**کەفانترا:**

لەگـەڵ ئەمەشـدا، ئـەم زەنگانـە ناڵەیـان دێـت و دەروون دەهـاڕن. ئەمـان بـۆ ئێمـە مانـان لێدەدرێـن. تـا لـە گرانتریـن ژانەکانـا رزگارمـان بکـەن، کەچـی هـەر ئەمانیـش دڵتەنگیـمان بـۆ دێنـن.. ئـەوا سـێیەم رۆژی فالەکـە خەریکـە تـەواو دەبـێ. خواوەنـدا، لـەم چارەنووسـە بەدە رزگارمـان بکـە. خـۆر ئاوابـوون خـۆ لـە شـوێنی خۆیـا نەبەسـتراوەتەوە. ئـەم رۆژەیـش زۆر درێـژە، ئـەی بـۆ مـن وا هەتڕەشـم چـووە؟ ئێسـتا زۆرابـی خۆشەویسـتم لـە دووریـدا دڵارامـە. هیچ مەترسییەکی لەسـەرا نییـە تـا بـە ئـارەزووی خـۆی دیوارەکانـی پەرسـتگاکە دەنەخشـێنێت. بەدەسـتی بۆیـەی هەڵگرتـووەو بـەوی تریـش چەنـد فریشـتەیەکی ئاسـمانی رەسـم دەکات. هـەروەك پێمـی گـوت: ئـەم لـە خەوەکانیـدا دەمبینـێ و بیـری دەکەوێتـەوە کـە مـن هەمیشـە وام لەگەڵیـا. مـن لـە هەمـوو داهێنانێکیـان لەگەڵیـدام. هـەر شـتێکی رەسـمی دەکات لـە راسـتیدا وێنـەی منـە. جـا ئەگـەر نیـگاری بەخـۆڵان بـێ، هـی فریشـتان بـێ یاخـود هـی کولوکەکانـی دەشـتودەر.

**زۆراب:**

کەفانتزا.. خۆشەویستەکەم.

**کەفانتزا:**

دەڵێــی گوێــم لــە دەنگێکــە.. دەشــێ زۆراب بێــت؟ ئەمــە چــۆن توانیــت بێیتــە ئێــرەوە؟

**زۆراب:**

دەبینم دەلەرزێت. کەفانتزا تۆ گوشاد نیت؟

**کەفانتزا:**

کە بەیەکەوە بین ئەوپەڕی شادیمە (ماچی دەکات). بەڵام ئاخ.. دڵم پڕیەتی لە مەترسی. ئەی ئەوە بۆچ کارەکەت جێ هێشتووە؟ ئازیزەکەم.. چی تۆی هێناوەتە پایەختەکەمانەوە؟ پەشێوی دەبینم لە روخسارتا نووسراوە.

**زۆراب:**

دیدەنییەکی تۆم لەسەرتاپای دونیا لا بەنرخترە، بەڵام تۆ راستیت.. کەفانتزا ئەی بە نرخترین خۆشەویست، ئەگەر مەترسیی و نەگبەتیی چاوەڕان نەکراو نەبوونایە هەرگیز حەزم نەدەکرد واز لە نیگارکێشان بێنم.

**کەفانتزا:**

تکایە پێم بڵێیت چ خەمناکی کردوویت؟

**زۆراب:**

هەرکە وێنەکەم تەواو کرد شای گەورەمان هاتە پەرستگاکەوە.

**کەفانتزا:**

باوکم.. هاتە پەرستگاکەوە؟ ئۆه، کەی؟

**زۆراب:**

سەر لەبەیانی لەگەڵ ژنەکەیدا، هەروەها قەشە و پیاوماقووڵانی میریی و هونەرمەندی کۆشکی شایان لەگەڵدابوو.. لەگەڵ ئەوەشدا نەیویست رای خۆی دەربڕێت.

**کەفانتزا:**

باشە نیگارەکەت زۆرکاری لە دەستوپێوەندەکاندا نەکرد؟

**زۆراب:**

بەرهەمەکـەم بـە تـەواوی پادشـای نەجووڵانـد. بـەڵام قەشـەکە بـە تووڕەییـەوە نەڕانـدی بـە روومـدا.

**کەفانتزا:**

بـەڵام چـی ئـەو تووڕەیـی لەنـاکاوەی تیـا وروژانـد؟ پێـش ماوەیەکـی کـەم هەمـوو باسـیان لـە نیگارەکانـی تـۆوە دەکـرد، نیگارەکانـت بەدڵنیانـە و پێـوەی خەنـی بـوون.

**زۆراب:**

کاتـێ قەشـەی یەکـەم بـە چاوێکـی پـڕ تووڕەییـەوە سـەیری کارەکـەی کـردم چـاوی بریسـقایەوە و دڕندایەتیـی لەناویـا ئاشـکرا دیـار بـوو.

**کەفانتزا:**

ئۆه.. زووکە پێم بڵێ هۆی ئەو تووڕەییە چ بوو؟

**زۆراب:**

لــە پێــش هەمــوو شــتێکا بــە چاوێکــی برســییەوە ســەرنجی شــەیتانەکانیدا.. ئەنجــا بەتریرکــەکان بــە دەنگێکــی بەترســەوە هاواریـان کـرد! چـۆن وێـرات بـە رەوانێکـی دلۆڤانـەوە بیانخەیتـە روو؟ ئەمانـە نـەك هـەر لـە شـەیتان ناچـن، بەڵکـو تـۆ کردووتنـە گرۆپێکــی هــاوڕێ. هەروەهــا قدیســەکانت کــردوون بــە مرۆڤــی زینـدوو.. بـە هەمـوو خـەم و ئارەزوویەکـی دنیاییانـەوە چاوەکانیـان برسـیەتی بـۆ زێـڕ کوێـری کـردوون. هەروەهـا بـە کۆمـەڵ وەسـتاون بۆچوونــە بەرینایــی ئاســمان دەپاڕێنــەوە.

**کەفانتزا:**

ئازیزەکەم، زۆراب نەفرینەکانی ئەو زۆر ترسناکن.

**زۆراب:**

لـە پاشـان چـاوی بـە (حەزرەتـی مریـەم) کـەوت، راسـت و چەپـی دەسـتی هێنـا بەسـەر سـنیگا و لـە تاوانـا هاتـە هـەژان و نەڕانـی و گوتـی: "تـۆ سـنگت بـە رووتـی پێشـانی داوە، هـەی گوناهـکاری نزمـی نـا پەسـەند، تـۆ بـە گۆشـتی ئادەمیـزادەوە بەشـێوەی ئافرەتێکـی پـڕ لـە سـۆزی مێینـەوە دەرتخسـتووە"

**کەفانتزا:**

جا فەرمانڕەوامان گوێی لەو وشانە بوو کە دەریپەڕاندن؟

**زۆراب:**

لەراسـتیدا بەڵـێ بـەڵام لەسـەرەتادا خـۆی نەشـێواند، لەدواییـدا لای خـۆم بـە هونەرمەنـدی دەربـاری گـوت "مـن هیـچ شـوێنەوارێکی داهێنەرانـی تیـا بـەدی ناکـەم. هیـچ هونەرێکـی تیـادا نییـە، بگـرە گرتنەوەیـە! روخسـاری هیـچ فریشـتەیەکی پیـرۆز نابینـم.. بـە پێچەوانـەوە دەبینـم چەنـد رووخسـاری ئادەمیزادانـەی لەبـەر ئـەم دیـوارەدا رەسـم کـردوون، وێنـەی قددیـس و فریشـتانی نەکێشـاوە، بەڵکـو چەنـد کەسـێکی سـاکار و رەمەکـی شـەقامەکانی شـاری رەسـم کـردووە. نیـگاری درەخـت و گیاوگۆڵـی نـاو سروشـتی کێشـاوە. لـە راسـتیدا هەڵەمـان کـرد کـە متمانەمـان کـرد بـە هەرزەکارێکـی پیسـەوە تـا پەرسـتگاکەمان بـۆ بنەخشـێنێت".

**کەفانتزا:**

مـن باوکـی خـۆم لـە مەیدانـی هونـەردا بـاش دەناسـم، بـاش سـەری تیایـدا دەرناچـێ.

**زۆراب:**

ئـەو نـەك هـەر بەتەنهـا سـەری لـە هونـەر دەرناچـێ.. بگـرە لـە

هیـچ بارێکـی ژیانـدا... بەتریـرك باوكتـی کـردووە بـە ئەموسـتیلەیەك لــە پەنجــەی خۆیــدا، هونەرمەنــدی دەرباریــش کاتــێ بەتریرکــی بینــی تووڕەیــی لــێ دەبــارێ بــە دووچــاوی نووقــاوەوە دەســتی کــردە لەرزیــن.. هــەر وەك بیــەوێ بــدات بەســەرو گوێلاکــما بەتریــرك دەســتی بەرزکــردەوە و نەڕانــی بەســەرما "بەدکاریــت لەگـەڵ کەنیشـتەکەمانا کـردووە و لەجیاتـی فریشـتە پاکـەکان چەنـد ئافرەتێکـی داوێـن پیسـی بـێ ئابـڕووت وێنەکێشـاوە. بـام خوداوەنـد شــایەدی بــدات لەســەر ئــەم رەوانــە نەفریــن لێکراوانــەدا و بــا هەمــوو لایەنگرانــی رابــواردن بچــن بــۆ هــەرە قوڵایــی دۆزەخــەوە. ون بــە ئــەی بــت پەرســت" ئــاوا بــە روومــا قیژانــدی. ئەنجــا رووی کـردە شـاو گوتـی "ئـەی خـاوەن شـکۆ فەرمـان بفەرمـوو دیـوارەکان لــەم شــوورەییە پــاك بکرێنــەوە".

**کەفانتزا:**

پێم نەڵێی ئەو..

**زۆراب:**

پادشــا بەدەســتی ئیشــارەتی کــرد و بەتریــرك ســۆڵجانە ئاســنینە زلەکــەی بــەرزەوە کــرد و بــۆ تێکدانــی وێنەکانــم هەڵمەتــی بــرد. تونـد دەسـتیم گـرت و سـۆڵجانەکەیم لـێ سـەند. بەزەویـدا کـەوت و هەرچــی نەفریــن هەیــە لێــی کــردم. لــە رق و تووڕەییــدا هۆشــی لەخــۆی نەمابــوو..

**کەفانتزا:**

ئۆف خوایە!

**زۆراب:**

تەنانــەت پادشــاش هەمــوو لەشــی ئەهــەژا. دەس و پێوەندەکانیــش

بەشڵەژاویی وێستابوون و چاوەڕوانی ئەوە بوون خودا سزای ئەو خەتایەم پێبدات. لەو ساتەدا باوەژنەکەت کەوتە نێوانمانەوە.. بەتریرکی سەرزەوی قیت کردەوە و لەبەردەمیا چەمایەوە وەك بیەوێ داوای بەرەکەتی لێ بکات. ئەوسا شا نەرم بوو.

**کەفانتزا:**

وابزانم باوەژنەکەم بە چاونووقانێ رق و کینەیی پێ گۆڕیوە بۆ بەزەیی.

**زۆراب:**

ئینجا داوای لێکرد موحاکەمەم دوا بخرێت و لە هێمنیدا سەیری چارەنووس کردارەکەم بکرێت. پاشا بە قسەی کرد و بەم جۆرە زڕدایکت ژیانی رزگار کردم.

**کەفانتزا:**

راستە ژیانت رزگار کراوە، بەڵام جگە لە تۆڵە چیتر لە قەشە سەرکێشەکە چاوەڕوان مەکە.

**زۆراب:**

رزگارکردنی ژیانم شتێ نییە لێی بترسم. بەڵام ئەوەی زیاتر مەترسی لێدەکەم بەزەیی شاژنی مەزنە.

**کەفانتزا:**

مەبەستت چییە؟

**زۆراب:**

ئێستا روونی دەکەمەوە هەر لەو رۆژەوە کە بۆ خزمەت پاشا بانگ کرابووم خانمی شاژن هاتە ژوورەوە و گوتی "دەبێ ستایشی خودا بکەیت کە رزگاری کردیت". شایش گوتی "بەڵام سوپاسی ژنەکەشم بکە کە داوای لێکردین زۆر لە بەرهەمەکانت

بپارێزیـن. ئێسـتا گـوێ بـۆ فەرمانمـان شـل بکـە. پێویسـتە لەسـەرت شـیاویی هونەریـت بەدیـار بخەیـت و ئـەم روخسـارە جوانـەی رزگارەکەرەکـەت زۆر بەجوانـی وێنـە بکێشـێت.

**کەفانتزا:**

ئەم خەڵاتکردنە زۆر بەگران دەوەستێ لەسەرتا.

**زۆراب:**

خـۆم کـرد بەسـەر قاچەکانـی شـاژنا و سوپاسـیم کـرد. ئەوسـا شـا گوتـی "ئێسـتا جێـت دێڵیـن". هەڵسـاو دیسـانەوە گوتـی: هەڵسـە بـەرەو کارکـردن. توانـات چارەنووسـت دیـاری دەکات. ئەگـەر دەتـەوێ ژیانـت رزگار کەیـت ئـەوا دەبـێ وێنەکـەت بەدڵـی شـاژن بێـت، دەنـا کۆتاییـت نزیـك بۆتـەوە."

**کەڤانتزا:**

زۆرابـی ئازیـزم.. لـە وشـەکانیدا بۆنـی مەترسـی دەکـەم.. ئـەو چارەنووسـی تـۆی داوەتـە دەسـتی ژنـە دڵڕەقەکەیـەوە.

**زۆراب:**

جـا مـن دەوێـرم هیـچ بڵێـم؟ ناچـار لـەوێ مامـەوە و فڵچەکانـم پاکـردەوە و ئـەم شـاژنە..

**کەفانتزا:**

توانـای هەمـوو شـتێکی هەیـە. بێگومـان شـوورەیی لـێ دەتکێتـەوە. چونکـە خـۆی وچـەی داوێـن پیسـی و بەدکارییـە.

**زۆراب:**

بەڵـێ.. بەڵـێ، قاچەکانـی تـا ئەژنـۆ بەدەرخسـت و داوێنـی منـی گـرت بەگەرمـی گوتـی: "چاوەکانـت ئاگریـان بەرداوەتـە گیانمـەوە، ئەمانـە چـاوی هەڵـۆن هـەر لەسـەرەتاوە گڕیـان بەردایـە لەشـمەوە

ئەوسا زانیم کەتۆم خۆش دەوێ، تۆ ڕۆژ و شەو خەوم پێتەوە بینی". لەپاشان بە نەرمی گوتی: "ئەگەر من دڵی شاژن شاد بکەم ئەوا بۆ لووتکەی هەرە بەرزی ناوبانگ دەرکردندا بەرزم دەکاتەوە".

**کەفانتزا:**

تف لەو خوورەوەشتە نزمەوە!

**زۆراب:**

لە وەراما پێمگوت من بە تەنگ ناوبانگەوە نیم و هیچ ئارەزوویەکم نییە بۆ کۆکردنەوەی زێڕ و زەبەر. هەروەها پێمگوت: من تەنیا دەمەوێ وێنە بکێشم و پارەیەکی کەم بەشم دەکات و پێداویستییەکانم دابین دەکات، پێمی گوت "وایان لێدەکەم بتکەن بەهونەرمەندی دەربار".

**کەفانتزا:**

وەڵامی ئەو بێ ئابڕووەت چۆن دایەوە؟

**زۆراب:**

لەو ساتەدا بانگیان کردم بۆ لای پاشاوە.

**کەفانتزا:**

دەڵێم لە راستیدا ئەو بانگ کردنە شتێکی باش بوو. ئەگینا دەبوو ئێستێ تاڵاوی ئازار بچێژم.

**زۆراب:**

جا کە شا لەگەڵ ژنەکەیدا ئەو ئێوارەیە گەڕایەوە بۆ دەربار دەنگێ بڵاوبۆوە گوایا دوژمن هێزەکانی لەسەر سنووردا کۆکردۆتەوە. لە دڵی خۆمدا وتم: ئێستا بەلایانەوە من هیچ نیم. چیتر شا و شاژن ئاگایان لە من نامێنێ. بەڵام کە بەیانی

لــە خــەو هەڵســام یەکـێ بــە پەلــە هــات داوای لێکــردم دەســبەجێ بــۆ پایتەخــت بــڕۆم و چــاوم بــە شــاژن بکەوێــت. کــە چــووم بــۆ لای زۆر پەلــەی لێکــردم ئیشــەکەم تــەواو بکــەم.

**کەفانتزا:**

دەتخلیسکێننە داویانەوە.

**زۆراب:**

جا چ بکەم باشە؟

**کەفانتزا:**

باوەژنــم ژنێکــی ناپــاك و دڵڕەقــە و لــە بنەماڵەیەکــی فارســە، لــە پــاش مردنــی دایکــم باوکــم قایــل بــوو (زەینــەب) شــا کــچ بخوازێــت. بــەڵام لەراســتیدا ئــەو باوکمــی لــە شــاوە کــردووە بــە کۆیلــەی خۆیــەوە.

**زۆراب:**

بۆیەکا وڵات و گەلەکەمان پێیەوە دەناڵن.

**کەفانتزا:**

خۆشەویســتەکەم، وا نەگبەتیــی شــانی گرتوویــت. ئێســتاش باوەژنەکــەم کــە بڕیــاری داوە لــە خشــتەت بەرێــت و بتکاتــە دڵــداری خــۆی، ئــەوە تەنیــا بــۆ ئەوەیــە گومــان لــە دڵــی پادشــادا بجۆشــێنێ. جــا هــەر کاتــێ تووشــی نەخۆشــی دڵپیســی بێــت ئــەوا هەرگیــز لــە ســەردانی هیــچ پیاوێــکا ســڵ ناکاتــەوە. ئەگــەر نەخشــەکەی زڕدایکــم بــەم ئەنجامــە نــەگات ئــەوا هێنــدە خــۆی بــۆ ناگیرێــت. ئەوســا پیاوێکــی تــر دەدۆزێتــەوە لــە خشــتەی بەرێــت، تاکــو بــە کوشــتی بــدات. ئــا ئــە ئــاوا دەتکوژێــت هــەر وەك زۆرانــی تــری کوشــتووە.

**زۆراب:**

جـا چیـم بـۆ دەکرێـت. کەفانتـزا گیـان؟ هەتـا زیندووبـم خۆشەویسـتیت لەگەڵمایـە و کۆتایـی تەنیـا لـە مەرگمایـە.

**کەفانتزا:**

زۆاربەکـەم، گـەر دەتـەوێ ئـەم خۆشەویسـتییە بـەردەوام بێـت، تـکات لێدەکـەم لـەو ژنـە دوورکەویتـەوە.. راکەیـت لـە چنگیـا.

**زۆراب:**

بـەڵام، چـۆن دەتوانـم خـۆم لـە داوی تۆڵەسـەندنیا دەربـاز بکـەم؟ دەڵێـم بمێنمـەوە و وێنەکـەی تـەواو بکـەم. پشـت بـە هونەرەکەمـەوە دەبەسـتم بـۆ رزگاریـم لـە دەسـت شـاژندا و ناچـاری دەکـەم خۆشەویسـتی مـن نـەکا بـە مایـەی تاقیکردنـەوە.

**کەفانتزا:**

ئێسـتا هـەزاران بیانـووی قەڵـپ دەدۆزیتـەوە بـۆ گەیشـتن بـە تـۆ و گیـرۆدەی داوی خۆیـت دەکات. یاخـود هـەر لـە ئێسـتەوە کەوتوویتـە داویـەوە، ئازیزەکـەم؟ بـەڵام چاوەڕوان بـە لەوانەیـە تـۆ خـۆت..

**زۆراب:**

لەوانەیـە.. دە چ ئـازارت دەدات و لـە چـی دەترسـیت، بێڵـێ، مـن بەنـدی ئەوینـم. دڵـداری خـۆم و خۆتـی پـێ دەڵێـم. دەچـم بـۆ لای و سـوێندێکی پیـرۆزی بـۆ دەخـۆم کـەوا خۆشەویسـتی هەتـا هەتایـە ئێمـەی پێکـەوە بەسـتۆتەوە.

**کەفانتزا:**

تـۆ شـێتیت. ئەوسـاکە هەنـدەی دی پـڕ دەبـێ لـە تووڕەیـی و

دەردی دڵپیسی! ئەو لە ئێستاوە دوژمنایەتیم دەکات و ئاواتی هەرە گەورەی ئەوە دەبێ بە مەرگمانا شاد بێت.

(شا دێتە ژوورەوە، زەینەبی ژنی لەگەڵدایە، لە کۆشکەوە هاتوون و پیاوماقووڵانی دەوڵەتیان بەدواوەیە).

**شا:**

کات نزیك دەبێتەوە و شەوگار حەسانەوە دێنێ، بەڵام ترس و لەرز ئاوا دڵیان تەنیووم و هەر دەڵێی لەسەر رۆخی لەناوچوونایین.

**زەینەب:**

سوپاس بۆ یەزدان.. راستە کۆتایی مۆڵەتەکە خەریکە نزیك دەبێتەوە. بەڵام هەر هاکا بەسەر دەچێت و لەتەکیا مەترسییەکانت دەرەونەوە شای بەڕێزم.

(زۆراب بەرەو رووییانا دەچێ و لەبەردەمیانا بە چۆکا دێ).

**زۆراب:**

بام پادشای مەزن لە بەندەی ساکارییا ببووریت کە بەهەموو رێزێکەوە لەبەرپێیدا بە چۆکدا بێت.

**شا:**

ئەی هونەرمەند، مایەی بەختەوەریمانە کە تۆ لەکاتی تەنگانەی تاڵیمانا دەگەیتە فریامان. (زۆراب هەڵدەستێ) دەزانی بۆ لەم رۆژەدا بانگمان کردوویەتە ئێرەوە؟ دوشمن هێزەکانی خۆی لەسەر سنوورماندا کۆکردۆتەوە. ئێمەیش هێزەکانمان لە شوێنێکی دووردا ئامادە دەکەین. لە دەرەوەی شارەکەمانا و ئۆردۆگایەکی تیادا دادەمەزرێنین. ژنەکەم ئارەزووی کردووە بێتە ئۆرۆدوگاکە و بۆ چاودێری شەڕەکەوە. ئێمەش دەزانین کە

جیابوونەوەمـان لـەوە دژوارتـرە بتوانیـن بـە گـەل بگریـن، بـەڵام شـەڕ هـەر شـەڕە. بۆیـەکا حـەز دەکەیـن وێنەکەیـمان لا بێـت. پەنجـەی هونـەری تـۆ بـە دەردی تەنیاییـمان بـۆ سـووك دەکات. ئەوجـا پێویسـتە لـە تەواوکردنـی وێنەکـەوە پەلـە بکەیـت. بگـرە لـە راسـتیدا ئێمـە دەمانەوێـت سـبەینێ تـەواو بێـت. هێندەمـان کات بەدەسـتەوە نییـە لەچاوەڕوانیـدا بـە فیـڕۆی بدەیـن. مەترسـییەکی سـەخت وا بـە دەروازەی شـارەکەمانەوەیە. زوو فەرمانـی شـاژن بـە جـێ بێنـە.. ئێمـە دژی بەخـوڕا کات بـە فیـڕۆ دانیـن. (زەینـەب بـەرەو کۆشـك دەچێتـە دەرەوە، زۆراب بـە دواوەیـە کـە خواوەنـدا، بەزەییـت، هەرچەنـد ئێمـە گوناهباریـن.. لـە قووتدانـی کاسـەی ژەهـردا دوورمـان بخـەرەوە. لـە بەزەیـی خۆتـدا بـێ بەشـمان نەکەیـت و دەسـتی بەڵامـان لەسـەردا لادەیـت و نەهێڵیـت بگاتـە خاکـی شـاهانەمانەوە..

وەزیـر بەشـاردا دەگـەڕام، گـەورەم هەمـوو شـتێ کـپ بـوو، خەڵکیـش لـە کەنیشـتەکانا نوێژیـان دەکـرد.

**وەزیری دووەم:**

خۆریـش لـە بەرزاییەکـی نزمـەوە شـۆر بۆتـەوە و هەنـدەی نەمـاوە رۆخـی لـە زەوی بـدات. یەزدانـی تەوانـای هەمـوو شـتێ نەیهێشـت (تاوانەکـە) رووبـدات.

**شا:**

ئێمەیـش بڕوامـان هەروایـە. رۆژ وا خەریکـە ئـاوا دەبـێ. سـوپاس بـۆ تـۆ خوایـە! (زۆر بـە نەوازشـەوە دەچەمێتـەوە و لەسـەر سـنگیان نیشـانەی خـاچ دەکێشـێ). ئـەی پەروەردەگار..مەزنـی و بـەرزی هەتـا هەتایـی هـەر بۆتۆیـە! (شـاژن بـە راکردنـەوە خـۆی دەکا بـە

ژوورێــدا.. پەشــۆکاوە و جلەکانــی دادڕاون).

**زەینەب:**

ئــەی پادشــا، مــن چیــم کــردووە تــا دووچــاری ئــازار بــم؟ ئــەی خــودای تەوانــا بەســەر هەمــوو شــتێکا، هیــچ خەتایەکــم لــە رووی تــۆدا کــردووە؟ بــۆ بــەم رۆژەت گەیانــدم؟ ئــەو رۆژەی کــە تیایــدا ریســوا دەبــم و ئازارێکــی ئێجــگار ســەخت دەچێــژم و هەمــوو شــوورەییەکم پێــوە نووســاوە! (بــە گریانــەوە خــۆی دەدا بــە زەویــدا).

**شا:** (رووەوە و ژنەکەی رادەکات).

ئازیزەکەم.. زەینەب.. شاژنم و ژیانەکەم.. چییە وا ئازارت دەدات؟

شاژن:

لــەم ســاتەوە شــاژن نیــم.. هیــچ شــەرەفێکم نەمــا.. حەیــام چــووە، لەمــەولا شــایانی رێزلێنانــی تــۆی خــاوەن شــکۆ نابــم.. باشــتر وایــە تەماشــام نەکەیــت. بــۆت هەیــە بمکوژیــت، لــە توانــای کەســدا نییــە بتوانێــت بــە خەیاڵیــش بەرگــەی ئــەم خەمــە بگرێــت.

**شا:**

ژنەکــەم.. تــکات لێدەکــەم پێــم ناڵێیــت ئــەم فرمێســکە گەرمانــە یانــی چــی؟ ســوێندم بــە تــۆ.. ئــەو کەســەی ئەسرینــی پــێ باراندوویــت لاشــەی دەبــێ لــە گــۆڕێ بکــەوێ و هــەر ئێســتا و لــە ژێــر پێــی تــۆدا ئــەوەی وێرابێــت نیــگای بڕیبێتــە رووی جوانتــەوە ئەویــش وەك ســەگ دەبــێ بتۆپێندرێــت.

**زەینەب:**

وەك ســەگ؟ تــۆ نازانــی چ ئــازارم دەدات! هەوڵــی دا بــە زۆر ناپاکیــم لەگەڵــدا بــکات.. لەســەر چوارپــای شاهانەشــدا.

**شا:**

ئـاه.. ئـەوە چـی دەبیسـم، ئـەی خوایـە؟ ئـەی یەزدانـی ئاسـمانان.. ئـەو نامـەردە کێیـە؟ دە خێراکـە و پێـم بڵـێ کێیـە؟ (پاسـەوانان بەبـاڵ بەسـتراوی زۆراب دەهێنـن)، ئـەوە تۆیـت چیـت کـردووە؟ چـۆن زاتـت کـرد؟

**زەینەب** (بۆ زۆراب):

کـڕ بـە، تـۆ (بـۆ پاشـا) توانـای بیسـتنی دەنگـی نەفرینیەکەیـم نییـە و نـە توانـای دیدەنـی روخسـارە گڵاوەکەیشـی، خەریکـە گۆشـت لـە بەدەنمـا جیـا دەبێتـەوە کـە ئـەم وا لێرەیـە.

**شا:**

خێراکـەن.. بیبـەن (پاسـەوانەکان زۆراب بـۆ لایـێ رادەکێشـن).. ئـەی سـەرەك پاسـەوان، وەرە راسـتیەکەمان بـۆ بگێـڕەوە. لـە نووکـەوە هەتـا دواییەکـەی.

سەرەك پاسەوان. لە دەرەوەی دەرگای ژووری نووستندا پاسەوانیمان دەکرد.

**شا:**

ئێ، چیتر!

**سەرەك پاسەوان:**

لەسەرەتادا هەر لە ژوورەکەدابوو.

**شا:**

ئێ، دە تەواوی کە.

**سەرەك پاسەوان:**

لـە پـاش ئـەوە قیژەیەکـی لەنـاکاو هـات.. قیـژەی شـاژن بـوو، هـاواری یارمەتـی دەکـرد. دەسـبەجێ خۆمـان کـرد بـە ژوورەکـەدا.

**شا:**

ئەی خودایە!

**سەرەك پاسەوان:**

تاوانبـار هەوڵـی دا رابـكات، بـەڵام لـە ژێـر چنگمانـا رزگاری نەبـوو. سـەیری ئـەوە بفەرمـوو، خـاوەن شـكۆ.. ئەمـە پاڵتۆكەیەتـی كـە لـە تاوانـا لێـی بەجێمابـوو، ئێمەیـش لـە سـەر چوارپـای شـاهیدا دۆزیمانــەوە.

**زەینەب:**

پادشــاهم.. خــودای لــە ژووری ســەردا ئــاگادارە مــن هەرگیــز دەســبەرداری ویســتی تــۆ نەبــووم. لەســەر فەرمانــی تــۆوە مــن لەبەردەمیـا وێسـتام تـا وێنەكـەم بكێشـێت. كەچـی ئـەم نۆكـەرە بەدنمەكـە گەرەكـی بـوو ئابڕووچوونـی رووت هەڵبژێرێـت. هێنـدە لەخۆیـی بایـی بـوو كـە لـە مـن نزیـك بێتـەوە. ویسـتی ناپاكیـم لەگەڵـدا بـكات و لـە ئەژمەتـا مـن زوبانـم شـكا.. ئەنجا بـە خێرایـی بـۆم هـات.. ئەوسـا ناچـار بـووم هـاوارم كـردە پاسـەوانەكانم و بـە هاوارمــەوە هاتــن.

**شا:** (بەرووی زۆراب دا دەقیژێنێ):

ئــەی ســەگی بەدنمــەك! ئــە ئــاوا پاداشــتی بــڕوا پێكردنتــم دەدەیتــەوە! مــن لــە مەرگێكــی ســەخت و پــڕ ئــازاردا رزگارم كردیـت ئەوكاتـەی پەرسـتگە پاكەكەمانـت گڵاو كردیـن. پەنـام دایـت و سـزام لەسـەرا لادایـت و بـەو مەرجـەی وێنـەی شـاژن بكێشـیت، ئێسـتێ نیشـانت دەدەم كـە لـە تۆڵـە سەندنیشـیا چەنـدێ سـەخیم، بــەڵام بێــزم نایــەت ئــەم شــیرە دەبانــەی خــۆم لــە خوێنــی تــۆدا پیـس بكـەم. پێویسـتە سـەختترین ئـازارت پـێ بچێـژم، پـاش ئـەوەی

روویــداوە هیــچ بــوارێ نییــە بــۆ هیــچ جــۆرە لێبوردنێــك. بــام لــە دواســاتدا دوای خوێندنــی نــزا و نوێــژ لــە کلیســاکانا هەمــوو کــەس بەمــە بزانــن.. بزانــن ئــەم ســەگە بــێ ئەمەگــە تاوانێکــی کــردووە و هــەر دەبــێ بکوژرێــت. وا ئێمــە بڕیارمانــدا کــە بــە زیندوویــی لــە شــوورەکەدا بنێژرێــت. ئــەو ئــازارەی بەئێمــەی گەیانــدووە بــواری هیــچ دواخســتن و هیــچ بەزەییــەك نــادات. زووکــەن، ئــەم تاوانــکارە بــۆ زینــدان بــەرن تاوەکــو بناخــەکان شــوورەکە لێدەدەرێــت.

**وەزیری یەکەم:**

هــەر ئێســتا کۆیلەکانــی گشــت لــە گۆڕەپانەکــەدا کۆدەکەمــەوە و ئــەم بڕیارەتانیــان پــێ رادەگەیەنــم.

**وەزیری دووەم:**

ئــەی کابــرای هیــچ و پــووچ.. بــۆ وا بێدەنگیــت؟ ئایــا هیچــت لا نییــە بــۆ پارێزگاریــی خۆتــا بیڵێــت؟

**زۆراب:**

نەخەیــر.. پاکانــە ناکــەم ناڵێــم مــن تاوانبــارم و داوای بەزەیــی دەکــەم، مــن بەرگــەی ناوزڕانــی خــۆم دەگــرم، بەتایبەتــی کــە هــەق لــە ژێــر پێــی درۆ و بوختانــدا پلیشــاوەتەوە و لــەم نیشــتمانەما زۆرداره دڵڕەقــەکان بۆیــان هەیــە بەهــرە و توانــای خەڵکــی ســەر ئــەم خاکــە پــێ شــێل بکــەن.. ئــۆه.. خۆزیــا مــن لــە زەمەنــی داهاتــوودا بژیابــام و کارم بکردایــە ئەگــەر لــە داهاتــوودا لەدایــك بوومایــا ئێســتێ خاکــم ئــازاد دەبــوو، وەچــە دڵســۆزەکان هونــەری منیــان خــۆش دەویســت.

**شا:** (بۆ سەرەك پاسەوانەکان):

ئــەوا بــۆ لێــرەدا گیــرت خــواردوە و بــۆ قســە پووچەکانــی گوێــت

شـــل کـــردووە؟ زووکـــە بیبـــەرە زیندانەکـــە و لەوێـــوە فەرمانـــم رابگەیەنـــە بـــۆ زینـــدە بـــە چـــاڵ کردنیـــا لـــە نزیـــك دەروازەکـــەوە (یاســـاوڵەکان زۆراب دوور دەخەنـــەوە، پەیامبـــەرێ بەراکـــردن خـــۆی دەکا بـــە ژوورەوە).

**پەیامبەر:**

ئەی خاوەن شکۆ!

**شا:**

چی بووە؟

**پەیامبەر:**

هەمـــوو نیـــزا و نوێژێـــك ئێســـتا بڕایـــەوە، چییـــە چـــی بەناوشـــارا بڵاوبۆتـــەوە، دەڵێـــن: هونەرمەندەکـــە گوایـــە بـــە ناهـــەق تاوانبـــار کـــراوە. لـــە راستیشـــدا خەڵکەکـــە زۆر بێـــزار و تـــووڕەن.

**شا:**

چـــی؟ دەبـــێ بـــە هەڵـــە تێـــت نەگەیشـــتبم! گوتـــت: خەڵـــك! کام خەڵـــك؟ کـــەی! چییـــان گـــوت؟

**پەیامبەر:**

گـــەورەم، زات ناکـــەم وشـــەکانیان بـــە گوێـــی خـــاوەن شـــکۆتانا دووپـــات بکەمـــەوە.. ئـــەوان دەڵێـــن هونەرمەندەکـــە بەرییـــە لـــەوەی بـــۆی هەڵبەســـتراوە.. ئـــەم ئـــەو تاوانـــەی نەکـــردووە، ئێـــوە بەهـــۆی بوختانێکـــەوە حوکمتـــان بەســـەرا داوە.

**شا:**

کێ وێرای ئەم قسەیە بکات؟

**پەیامبەر:**

خەڵکەکە.

**شا:**

خەڵکەکــە مــن ئــەم وشــەیە ناناســم، دەســتو پێوەنەکانــم لەوەتــەی لەدایــك بــوون بــۆم دێنەســەر چــۆك. مــن هەمــوو وەســتا و جووتیــار و هونەرمەنــد و بــازرگان و دزەکانــی خــۆم دەناســم. خەڵــك.. ئەمــان ئــە ئــاوا نیــن.. گشــتیان کۆیلــەن.. دەســوپێوەنی، گــوێ رایەڵــن. دەبــێ ئەوەیــان فێــر بکــەم. وەزیــر.. وەرە بــۆ ئێــرەوە.

**وەزیری دووەم:**

هەر ئێستا گەورەم.

**شا:**

ئەو زۆرە وەڕانە بخەرە بەندیخانەوە.

(وەزیری دووەم پاش داهاتنەوە، دەچێتە دەرەوە).

پەیامبەرێکی تر دێتە ژورەوە).

**پەیامبەری دووەم:**

پادشای خاوەن شکۆ

**شا:**

چ شتێکی تر هەیە!

**پەیامبەری دووەم:**

لاوەکان ئێســـتا تـــووڕەن و داوای بەرەللاکردنـــی هونەرمەندەکـــە دەکـەن. لەوکاتەشـدا سـێ لاو خۆیـان ئامـادە کـردووە بـۆ رزگارکردنیـا و دەیانــەوێ تاوانێکــی رەوا بکــەن..

**شا:**

قسە بکە، کابرا.. بڵێ، چی؟

**پەیامبەری دووەم:**

مــن لــە راســتیدا هەرکــە بیریشــی لێدەکەمــەوە هەمــوو گیانــم

دەلــەرزێ، ســێ هەرزەکارەکــە زۆر تینــووی ســزایەکی ســەختن، دەڵێــن گوایــە تاوانــی وایــان کــردووە کــە لــە هەمــوو بەدکارییــەك خراپــترە کــە ئەشــێ هونەرمەندەکــە کردبێتــی.

**شا:**

کاری ئەوانــە بەوپــەڕی توندوتیژییــەوە چارەســەر دەکــەم تــا ئــاژاوە و دڵەخۆرپــێ بخەمــە نێودڵــی خەڵکەکــەوە، بێگومــان ســزای مــردن بــە تاوانبارەکــە جێبەجــێ دەکــەم.. دەســەڵات مافێکــە لــە ئاســمانەوە بــە مــن دراوە وا دەبــێ پێشــبینی (فاتــێ فاڵچــی) بەجــێ بێنــم. بــەم شــێوەیە شــارەکەمان و خۆیشــمان لــەم نەگبەتییــە، رزگار دەکــەم. بــەڵام ئێســتا دەبــێ خــۆم بچــم بــۆ لای وەســتاکان و هانیــان بــدەم بــە پەلــە کارەکەیــان ئەنجــام بــدەن.

(لەگەڵ دەستوپێوەنەکانیا دەچنە دەرەوە).

**شاری یەکەم:**

ئەی کوا مەلیك؟

**شاری دووەم:**

بۆ کوێ چوو؟

**شاری سێهەم:**

شا، کێ دەتوانێ پێمان بڵێ شا بۆ کوێ رۆیشتووە؟

**شاری چوارەم:**

زانیومــە بــۆلای شــوورەکە رۆیشــتووە تاکــو جێبەجێکردنــی بڕیــارە دڵتەزێنەکــەی ببینــێ. وا خــۆر خەریکــە ئــاوا بێــت.. ئــەوا نــەوی دەبێــت.. هــەر هــاکا شــۆڕەوە بــۆوە، ئــە ئەمەتــا رۆژە نەگبەتییەکــە کۆتایــی دێــت. تەنیــا خــودا لەوانەیــە بتوانــێ زۆراب رزگار بــکات.. چونکــە ئێســتا لــە توانــای هیــچ وزەیەکــی ئادەمیــزاددا نییــە دەس

لــەم کارە بــدات.

**شاری دووەم:**

تۆ بڵێیت لەراستیدا ئەم هیچ خەتایەکی کردبێ؟

**شاری سێهەم:**

پەلەکــردن لەبڕیــاردا شــتێکی راســت نییــە. چونکــە لەوانەیــە مرۆڤێکــی بــێ تــاوان بمرێــت.. ئەمەیــش تــا رادەیەکــی زۆر گەورەتریــن گوناهێکــە.

**شاری یەکەم:**

مــرۆڤ وا باشــە لــە بڕیــاردان لــە کاروبــاری ئــە ئــاوا ترســناکدا زۆر پەلــە نــەکات.. چونکــە بــۆی هەیــە لــە ئەنجامــدا شــەرمەزار و پەشــیمان بێتــەوە. زۆراب هونەرمەنــدە.. مایــەی شــانازیمانە.. ئــەم بــۆ ئــەوە هــەوڵ دەدات شــادیی بخاتــە دڵــی خەڵکــەوە، ئەوجــا مەرگــی بێهــوودەی ئــەم زیانێکــی زۆر قــورس دەبــێ و لــە خەڵکەکــە دەکەوێــت.

**شاری دووەم:**

چاکــتر وایــە بانــگ بکرێتــە بــەردەم دادگا و لــە بــەردەم هەمووانــدا (تۆمەتــی) ئاراســتە بکرێــت و مــاوەی پــێ بدرێــت بــە بەڵگــەی روونــەوە (تۆمەتەکــە) لەســەر خــۆی لابــدات.

**شاری سێهەم:**

هەنــدێ کــەس بەراســتی ئامــادەی مەرگــن، ئەگــەر ئەمــە یارمەتــی رزگارکردنــی زۆراب بــدات، بــەڵام پادشــا بڕیــاری داوە جگــە لــە زۆراب هیــچ قوربانییەکــی تــر قەبــووڵ نــەکات.

**شاری یەکەم:**

ئێمــە بــە ویســتامان ئــا لێــرەدا بــە فیــرۆ کات لــە دەســت دەدەیــن.

گوێتــان لــەو دەنگانەیــە؟ ئــەو ناڵــە ناڵــی هونەرمەندەکــەن.. (دەنگــە دەنــگ و غەڵبەغەڵبێکــی دوور لــەو بەشــەی شــانۆوە، کــە تەماشــاکەران دەیبینــن، ناڵــە ناڵــی زۆراب دێتــە گوێیــان).

**شاری دووەم:**

ئەوان هەروا شوورەکە بەرز دەکەنەوە.

**شاری سێهەم:**

ئــای لــەم کارەســاتە! هــەر هــاکا پیاوێکــی بەزیندوویــی تیــادا دەنێژرێــت.

(چـەن دەنگوناڵـە ناڵێـك دەبیسـترێن. کەفانتـزا چەقۆیەکـی بەدەسـتەوەیە و بـە راکـردن دێتـە ژوورەوە).

**کەفانتزا:**

کـوا پادشـا؟ باوکـم بـۆ کـوێ چـووە؟ خێراکـەن بـە دەورمـدا کۆوەبـن و گوێـم لێبگرن..مـن تاوانـکارم.. تاوانێکـم کـردووە. هونەرمەندەکـە دڵـدار و دەزگیرانمـە.. هـەر مـن دەزانـم چەنـد دونیـا نەویسـت و چەنـد لـە درۆوە دوورە. هەرگیـز درۆ نـاکات. کـە گرتیـان چوومـە لای بــۆ دیدەنــی.. بــە نهێنــی خــۆم گەیانــدە زیندانــەوە و داوام لێیکــرد راســتی رووداوەکــەم پــێ بڵێــت. مــن داوا لــە ئاســمان دەکـەم ببێتـە شـایەدم کـە ئـەم هیـچ خەتایەکـی نەکـردووە و بـێ تاوانـە.. باوەژنەکـەم خـۆی راسـتییەکەی گۆڕیـوە و ئەمـی تاوانبـار کـردووە. زڕدایکـم ئابـڕووی خـۆی پشـت گـوێ خسـتووە و هەوڵـی داوە لـە خشـتەی بـەرێ تـا بیگرێتـە ئامێـزەوە. زۆراب بـە دەنگیـەوە نەچـووە و ئەویـش بـۆ ئابـڕوو چوونـی هەڵسـاوە کراسـەکەی خـۆی دادڕیــوە و هــاواری بردۆتــە بــەر پاســەوانەکانیەوە. لــە پاشــانا فەرمانـی پێـداون بـە گوریـس دەسـت و پێـی ببەسـتنەوە. ئەوسـا

بــە گریــان و فۆغانــەوە خــۆی گەیاندۆتــە لای پاشــاوەو بــە ناهــەق پێــی وتــووە کــە هونەرمەنــد ویســتوویەتی بــە زۆرە ملــێ داوێــن پیســی لەگەڵــدا بــکات.. جــا لەبــەر ئــەوەی شــا لــە خۆشەویســتی ئــەودا وەك کوێــر وایــە و هەســتو هۆشــی لانەمــاوە، فەرمانــی مردنێکــی ســامناکی بــۆ هونەرمەندەکــە داوە. بــەم جــۆرە هەمووتــان کاری ســاختە و درۆ دەبینــن.. پێویســت بــوو لەســەرم زۆرابــی خــۆم لــەم چارەنووســەیدا رزگار بکــەم. بــۆ گەیشــتن بــەم ئامانجــە هیــچ رێگایەکــم نەدۆزییــەوە، ئەنجامدانــی خەتایەکــی ســامناکی لەناوبــەر نەبــێ. ئــەم چەقۆیــەم گرتــە دەســت.. بــە چــاوی خۆتــان ببینــن.. ئــەم چەقۆیــە باوەژنــی خۆمــم پــێ کوشــت. مــن هاتوومــە ئێــرە تاکــو کارەســاتەکەم بــە پادشــا رابگەیەنــم و داوای لێبکــەم بــە زیندوویــی لــە شــوورەکەدا بمنێژێــت.

(رووناکــی کــز. ئەتوانــرێ دیوارەکانــی پەرســتگاکە لــە تاریکییەکــەدا بــەدی بکرێــتن کــە تابلــۆی گــەچ داپۆشــیون. لەنــاکاو رم هەڵگرانــی کۆشــك دەبینرێــن و دەس دەکــەن بــە کڕاندنــی دیــوارەکان و لەناوبردنــی تابلــۆ گەچەکانــەوە).

**جۆرام:**

بوێســتن، بوێســتن..واز لــەوەوە بێنــن. چــۆن دەتوانــن ئــەم کارە بکــەن؟

(جــۆرام خــۆی دەکا بەســەر رم هەڵگرەکانــەوەوە رووناکــی دووبــارە کــز دەبێتــەوە. پرۆجێکتــەری جــۆرام بــە قــژی ئاڵــۆزەوە نیشــان دەدات (ئەنــدرۆ)ی هونەرمەنــد لێــی نزیــك دەبێتــەوە).

**جۆرام:**

چیــم لــێ قەومــاوە؟ ئێســتا مــن لــە کوێــم؟ کام شــوێن.. ئــای لــەو خەونــە تۆقێنــەرەی کــە بینیــم؟

**ئەندرۆ:**

ئەمە خەون نییە لەراستیدا تۆ لە زەمانی رابوردوودا بوویت.

**جۆرام:**

هەموو ئەندامێکی لەشم دەهەژێت، ئای کە شتێکی تۆقێنەرە!

**ئەندرۆ:**

هێشتا دوو سێوت پێ ماون.

**جۆرام:**

راستە، لە بەختی خۆما پاسەوانەکان بیریان چوو بیاندزن.

**ئەندرۆ:**

قەپاڵێـك لـە سـێوی دووەمـدا بدەیـت دەبڕێیتـە زمانـی پاشـەرۆژێکی ئێجـگار دوورەوە.

**جۆرام:**

کەواتــە بــەرەو داهاتــوو.. بــام ســاڵەها رابـــڕن.. بــام تێپــەڕن.. وا ئێســتێ بــەرەو داهاتــوو کــۆچ دەکــەم (قەپاڵــێ لــە ســێوەکە دەگرێــت.. (چــراکان گشــت دەکوژێنــەوە).

**(پەردە)**

## بەشی سێهەم

(بەرەبەیانـی رۆژێکـی پێنـج سـەدە پاشـترە، لـە شـاری تەبلیـس دا، جـۆرام و ئەنـدرۆی هونەرمەنـد دەبینرێـن لەسـەر لاتەختێـکا دانیشـتوون، لـە گۆڕەپانێکـی بـەردەم میوانخانەیـەکا. مرۆڤێکـی دەسـتکرد (ئالـی) بـە تەنیشـتیانەوە وێسـتاوە).

**جۆرام:**

ئـای ئـەم دونیایـە چـۆن گـۆڕاوە؟ سـەیری ئـەم هەمـوو شـتە سـەیرانەی بـە دەورەمانـەوەن! وا سـەرم گێـژ دەخـوات.. زۆر کەنەفتـم.

**ئەندرۆ:**

باشتر وایە پشوویەك بدەیت. خەوت ئێجگار کەم بووە.

**جۆرام:**

خـەو؟ کـێ گـوێ بەخـەوا دەدات؟ لـە دوای سـەیرانەکەدا.. هێنامیانـەوە بـۆ میوانخانەکـەوە (دەس درێـژ دەکات بـۆ خانوویەکـی نایـاب کـە باخێکـی هەڵـواسراوی هەیـە). بـەڵام نەمتوانـی لـە ژوورەکەمـدا بمێنمـەوە و بـۆ ئێـرە هاتمـە خـوارەوە. هەمـوو شـتێ سـەرنج راکێشـەرە، دەمەوێـت هەمـوو شـتێ بزانـم.. ئەنـدرۆ (پەنجـە بـۆ مـرۆ ئاڵییەکـە رادەکێشـێ) ئـەی ئەمـە چییـە؟

**جۆرام:**

ئەمـە ئینسـانێکی ئالییـە و بـۆ خـۆی زانینگەیەکـە و بەتایبەتـی بـۆ مـن رێکخـراوە. ئامرازێکـی زۆر سـەمەرەی لەبەرکردنـی زانیارییـە گشـتییەکانە. وەك بۆمیـان روون کردۆتـەوە بەرنامـە سـەرەکییەکەی بریتییـە لـەو رووداوانـەی لـە بەشـی دووەمـی سـەدەی بیسـتەمدا قەومـان، لەگـەڵ زانیارییەکانـی ئێسـتادا بیـری زۆر وردە و بەشـێوەیەکی زۆر دروسـت وەرامـی هـەر پرسـیارێك دەداتـەوە.

پیــاو هــەر ئــەوەی لەســەرە ســەیری بــكات.

**ئەندرۆ:**

شــتێکی ســەیرە! (وەســتانێك) باشــە، ئــەی چەنــد لــە ژێــر شــارەکەمانەوە (تەبلیســی)؟ خــۆت دەزانــی بــەم زووانــە تەمەنــی دەبێتــە دوو هــەزار ســاڵ.

**جۆرام** (روو لە ئینسانە ئالییەکە دەکات):

ئایا ئەمە راستە، ئەی سوقراتی مۆدێل ٣٣؟

**مرۆڤی دەستکرد:** (بە دەنگێکی گڕەوە):

بەڵێ لە هەیڤی پێگەیشتنی ئەم ساڵەدا دەگاتە ئەو تەمەنەوە.

**جۆرام:**

باشە ئەو مانگی پێگەیشتنە کەی دەبێت؟

**مرۆڤی دەستکرد:**

لەســەردەمی ئێــوارەدا پێــی دەوتــرا تەشرینــی یەکــەم، لــە مانگــی پێگەیشــتنی ئــەم ســاڵدا میللــەت جەژنــی دوو هــەزار ســاڵەی ئــەم شــارە دەکەنــەوە.

**جۆرام:**

ســەیرە، بەخــوا ســەیرە، پێنــج ســەد ســاڵ هــەروەك خــەون رابــورد. ئێســتایش نایزانــم ئــەوە چــۆن روویــدا.. ئــەی ســوقراتی ٣٣.

**مرۆڤی دەستکرد:**

شــتێکی ســانایە، بــە موشــەکێکی تیــژڕەودا فڕیویــت کــە یەکەیەکــی قــەوارەی تیشــکی هەیــە و ســێ ســاڵت لــە بۆشــایی نێــوان ئەســتێرەکاندا رابــواردووە. لــەو ماوەیــەدا لەســەر رووی زەویــدا پێنــج ســەد ســاڵ تێپەڕیــوە.

**جۆرام:** (پاش وێستانێ):

بۆچ ئەو ساکە خەمبار بووم؟

**ئەندرۆ:**

ئەوە چییە؟ چیت دەوت جۆرام؟

**جۆرام:**

نە.. هیچ ئای تەبلیس چەنێ گۆڕاوە!

**ئەندرۆ:**

هەر وەختا نەیناسیتەوە.

**جۆرام:**

قـــەڵا ســـەخت و قایمەکانـــی وەك (ناریـــکالا) و (مێخـــی) نەبوونـــا هـــەر نەمدەناســـییەوە و بـــە شـــارێکی تـــرم دادەنـــا. هەمـــوو دوێنـــێ شـــەو بـــە خوێندنـــەوەی (شـــوتا روســـتا فیللـــی) خەریـــك بـــووم کـــە لەکاتـــی منـــدا هەبـــوو. ئـــەو ئێســـتا هیـــچ نێوێکـــی نییـــە.. وا نییـــە ســـوقراتی ٣٣؟

**مرۆڤی دەستکرد:**

نێوی هەیە.

**جۆرام:**

چـــی؟ رۆڵەکانـــی جۆرجیـــا لـــە ســـەدەی بیســـت و پێنجەمـــدا چـــۆن کتێبـــی (ســـوارەکەی لـــە پێســـتی پڵینـــگ)دا دەخوێننـــەوە کـــە (شـــونا روســـتا فیللـــی) داینـــاوە؟

**مرۆڤی دەستکرد:**

بەڵـــێ هـــەروەك بەرهەمـــی تریـــش دەخوێننـــەوە، هـــی نووســـەرانی ســـەدەی بیســـتەمین (دەنگـــێ لەســـەرەوە دەبیســـترێت، هەمـــوو تەماشـــای ســـەرەوە دەکـــەن).

**جۆرام:**

وا بزانم پیاوێکی باڵداره.

**مرۆڤی دەستکرد:**

ئەمە (ئارمازی)یە، سەرۆکی ئەو ئامۆژگایەی کە چاودێریی تۆ دەکات.

**جۆرام:**

ئەم وەك باڵندە بە دوو باڵ دەفڕێت.. بێ ماشین..ئەوە چۆن دەبێ؟ ئەی سوقراتی ٣٣؟

**مرۆڤی دەستکرد:**

خەڵك دەتوانن لەبەرزایی نزمەوە ماوەیەکی کەم بفڕن بێ ئەوەی پێویستیان بە ماشینی فڕینەوە هەبێ، باڵی بچووك بەکار دێنن..

**جۆرام:**

باشە، چۆن وزەی پێدەدرێت؟

**مرۆڤی دەستکرد:**

لە وزەی سۆزەوە، گوێزەرەوەیەکی (محولە) چکۆلەی وەك مەدالیا هەیە لەبەرامبەر دڵدا قایم کراوە، ئەمیش هەستی خۆشیی و شادی بۆ وزە دەگۆڕێت.

**جۆرام:**

کەواتە شادمانی وزە بە باڵەکانا دەبەخشێت!

**مرۆڤی دەستکرد:**

بەڵێ ئادەمیزاد فێری ئەوە بووە گوڕ و شادی و کامەرانیی بکات بە وزە، ئەمە جۆری ئەو وزەیەیە کە رۆڵەکانی سەدەی بیستوپێنجەم بۆ گەشتە ئاسمانییەکانیان بەکاری دێنن.

**جۆرام:**

بەمــە بڕواناکــەم، چــۆن شــادمانیی کراوەتــە هێزێکــی جوولێنــەر؟ (ئارمــازی دێتــە ژوورەوە. جووتــی بــاڵ لــە شــانەکانی دەکاتــەوە، دەیــان پێچێتــەوە و لــە قووتویەکــی بچکۆلــەدا هەڵیاندەگرێــت. ئەنــدرۆ لــە پەنــای پەیکەرێکــەوە خــۆی دەشــارێتەوە).

**ئارمازی:**

سڵاوم بۆ تۆ، ئەی ئاسمانگەڕی بەڕێز..

**جۆرام:**

تۆ چۆنیت؟

**ئارمازی:**

چۆن هەست دەکەیت؟

**جۆرام:**

هەســتێکی زۆر بــەرز، ســوپاس. تکایــە.. دەتوانیــت تێــم بگەیەنیــت ئــەم ژمــارە ئێجــگار زۆرە گــوڵ و باڵنــدەی خۆشــخوان لــە پــای چــی؟ ئــەی بــە گوێــرەی ڕۆژمێــر ئێســتا کــەژی زســتان نییــە؟

**ئارمازی:**

بەڵــێ، وایــە بــەڵام بــە درێژایــی ســاڵ باخــەکان پــڕ گــوڵ و باڵنــدەکان لــە خوێندنــدان.

**جۆرام:**

ئای کە شتێکی نایابە، باشە، دەتوانم ئەو باڵندەیە بگرم؟

**ئارمازی:**

بەڵــێ لەســەردەمی ئێمــەدا باڵنــدە لــە خەڵــك ناترســن، چونکــە کــەس ئازاریــان نــادات. بــۆت هەیــە گەمــەی لەگەڵــدا بکەیــت و لــە دواییــدا بەرەڵــای بکەیــت. (جــۆرام دەچێتــە دەرەوە). ئــای، کــە

هەمــوو شــتێکی بــەلاوە ســەمەرەیە! ئەوجــا چــۆن لەســەر شــێوازی ئێمــە خــۆی بــە ژیانــەوە رادەهێنــێ؟ ئــەم پیاوێکــە نەیتوانــی بــوو بــە بیروبــاوەڕی پێشــکەوتنخوازی ســەردەمی خۆیــەوە بنووســێت.

(نیکزاز دێتە ژوورەوە).

**نیکزاز:** (بە بۆڵە بۆڵ دادەنیشێ)،

لــەم بەیــەك چوونــە لەگــەڵ ئاســمانگەڕدا قێــزم دەکاتــەوە. ناتوانــم چــی بکــەم ســەرم ســوڕماوە!

**ئارمازی:**

لەگــەڵ ئەمەشــەوە تــۆ کــە جلوبەرگــی شــێوەی ســەدەی بیســتەمت پۆشــیوە بەیــەك چوونەکــە دەســەلمێنێت.

**نیکزاز:**

بــێ درۆ، ئەمــە دەربڕینێکــی بەدڵداچوونــی ئــەو ســەردەمەی قارەمانێتییــە بــۆ مــن، مــن زۆر بیــر لــەو زەمانــە دەکەمــەوە، ســەدەی بیســتەمی نایــاب (ســیپاڵەکەی نیگارکێشــان دادەبەســتێ و دەســت دەکا بــە رەســم کــردن).

**ئارمازی:** (سەیری وێنەکە دەکات):

هونــەری تەشــکیلی تــۆ چەنــد توخمێکــی تیایــە هاوبەشــن لەگــەڵ تابلــۆ ناودارەکــەی ئــەو هونەرمەنــدەی لــە ئاســمانی دەرەوە گەڕاوەتــەوە.

**نیکزاز:**

بەڵێ خۆی هەر هەمان بابەتە.

**ئارمازی:**

ئەی ئەو سێ جوانە کچانەیش نیشانەی هەرسێ زمانەکەمانن؟

**نیکزاز:**

بەڵێ ئێستێ و رابوردوو دوارۆژ.

**ئارمازی:**

هونەرمەندەکە سێوەکە بە کێ دەبەخشێ؟ کام زەمان هەڵدەبژێرێت؟

**ئارمازی:**

بۆچی (بێگومان)؟ چی لە رابورودا رایدەکێشێ؟

**نیکزاز:**

رۆمانسییەتە مەزنەکەی، ئەو خەڵکەی ئەوساکە ژیاون، ئەو هەست و سۆزەی لە نێوی بردووون.

**ئارمازی:**

بۆ لەم سەردەمەمانا رۆمانسییەت نییە؟

**نیکزاز:**

ئۆهـ.. بێگومان هەیە. بەڵام روباری ژینمان بەبێ شەپۆل دەڕوات و ئاوەکەی روون و مەنگە.. نە گێژەنەی تیایە و نە پەنا و پێچی دژ. ئەمە لای من بەربەستکردنێکی بەردەوامی هەست و هەڵچوونە.

**ئارمازی:**

وەختا بە گوێیەکانم بڕوا نەکەم. بەربەست کەران لە سەردەمی ئێمەدا چین؟ بەربەستکردن مانای زەوتکردنی مافە.

**نیکزاز:**

مەبەسم ئەوە نییە. من باسی بەربەست کردن بە واتا کۆنەکەیەوە ناکەم. چۆن ئێمە ئازادین.. ئادەمیزاد هەرگیز ئازاد نەبووە وەك ئێمە ئیمڕۆ ئازادین. لەگەڵ ئەوەشدا سەربەستیی

ئێمــە پێویســتیە و ئێمــەش بەتەواوەتــی دەرەك بــەوەوە دەكەیــن. سەربەســتیی پێویســتییەكە بــۆ هەمــوو ئێمەمانانــەوە.

**ئارمازی:**

جــا ئــەوە ئێمــە دڵتەنــگ دەكات یاخــود بەشــێوەیەك بەربەســتمان دەكات؟

**نیكزاز:**

بــە تەواوەتــی نازانــم چــۆن وەرام بدەمــەوە.. لەوانــەی دەیانناســم هیــچ كەســێ نییــە هەســتی بــەم جــۆرە بەربەســتكردنەی هەبــێ. بــەڵام لەگــەڵ منــدا.. دەشــێ هۆكــەی ئــەوە بــێ كــە هێنــدە لەگــەڵ رابــورددا تێكــەڵاوم.. لەوانەیــە ئەمــە بــێ هــۆی ئــەوەی كــە هونەرمەنــدان بەلایانــەوە ســەختە خۆیــان لــەكاری هەســتەكانا رزگار بكــەن.

(مامۆستا دێتە ژوورەوە، دەفتەرێكی لەدەستایە)

**مامۆستا:**

نازانــم چــۆن ئاســمانگەڕەكە ببینــم؟ شــوێنی ژوورەكــەی نازانــم. (ســەیرێكی دەور و پشــتی خــۆی دەكات) ئــاە.. ئەمــە خۆیەتــی.. دەڵێــی وێنەیەكــە. ئــەی ئــەم بەرگــە تایبەتییانــەی! بەڵــێ.. هیــچ مــاوەی هەڵەكــردن نییــە (لــە نیكــزاز نزیــك دەبێتــەوە). بەیانــی بــاش ئــەی ئاســمانگەڕی بەڕێــز، لوتــف دەفەرموویــت یارمەتیــم بدەیــت لــە چەســپاندنی هەنــدێ مەســەلە گەلــی بەتایبەتــی بــۆ مــن گرنگــەوە؟

**نیكزاز:**

دانیشــە.. ئــەی مامۆســتای بەڕێــز.. لــە بەختــی خۆمــدا مــن ئاســمانگەڕ نیــم.. لــە بەدبەختیــدا ناتوانــم یارمەتیــت بــدەم.. لــە

چەســپاندنی هیــچ مەســەلەیەکتا.

**مامۆستا** (چاویلکەکانی لا دەبات و لە نیکزاز ورد دەبێتەوە):

ئـۆه... ئەمـە تۆیـت، نیکـزاز؟ ئـای لـەم پێکچونـە.. بـە هێـزە! کـەس ناتوانـێ لـە ئاسـمانگەڕەکەت جیـا کاتـەوە.

**نیکزاز:**

ئــەم لەیەکچوونــە دەمتۆقێنــی، هیــچ ســوودێکی لێــوە دەســتگیر نابێــت.

**مامۆستا:**

بەڵام من گوشادم کە تۆ تۆیت. پێویستە گلیەییت لێ بکەم.

**نیکزاز:**

چیم کردووە، ئەی مامۆستا؟

**مامۆستا:**

تـۆ دەمێکـە نایەیتـە لامـان. ئایـا لەگـەڵ (نینـۆ)دا ناخۆشـیتان بـووە؟ ئەمــە زۆر خەمبــار و دڵتەنگــە.. ئــەم جــۆرە هەســتانە لەســەردەمی ئێمــەدا زۆر کەمــن.

**نیکزاز:**

پیاوێکــە تەمەنــی پێنــج ســەد ســاڵە لــە یەکچوونــی مــن و ئــەو هەســتی کچەکەتــی بەهەڵــە بــردووە. ئەمــە هــۆی بەهەڵەچوونەکەیــە.. ئێســتایش لــە ئەنجامــدا ئــەوی بەســەرمندا پەســەند کــردووە.

**مامۆستا:**

تـۆ بەشـێوەیەکی سـەیر قسـە دەکەیـت. ئەشـێ ئـەوەی دەیڵێیـت بـۆ نوکتەبـازی بێـت.

**نیکزاز:**

ئـەوەی دەیڵێـم گاڵتــەی تیایــدا نییــە. هیــوادارم لــە ژینتــا ببێتــە خــەزووری مەزنتریــن نــاوا لــە دنیــادا.

**مامۆستا:** (بە تووڕەیی هەڵدەسێ):

ڕێگــەت نــادەم بــە جۆرێکــی ئــاوا کــە نیشــانەی کــەم زەوقییــە گاڵتــەم پــێ بکەیــت. تــۆ هەســتی پاکــی مــن بەرامبــەر بــە خۆتــەوە بــە خراپــی بــەکار دێنیــت (دەیــەوێ وشــەیەکی زەقــتر بدۆزیتــەوە) شــتێکی جــوان نییــە. (بەپەشــۆکاویی دەچێتــە دەرەوە).

**ئارمازی:**

مامۆســتاکەت تــووڕە کــرد. جەفەنگەکــەت لــە شــوێنی خۆیــدا نەبــوو.

**نیکزاز:**

بەڵام من سوحبەتم نەدەکرد.

**ئارمازی:**

مەبەستت.. تۆو نینو بەراستین.

**نیکزاز:**

نینو چیتر منی خۆش ناوێت.

**ئارمازی:**

بۆ؟ چی ڕوویداوە؟

**نیکزاز:**

پێــت دەڵێــم هۆیەکــە ئاســمانگەڕەکەیە.. ئەوەنــدە لەمــن دەچــێ نینــۆی شــێت کــردووە، ڕەفتــارە ســەیرەکەی دڵــی لــێ ســەندووە. بــە کورتــی خەتــای ئــەو بــوو کــە نینــوی خســتە داوی ئەوینیــەوە.

**ئارمازی:**

شـتێکی نامۆیـە.. چۆنـی توانـی.. چـۆن ئەمـەی بـۆ کـراوە؟ (نینـو دێتـە ژوورەوە. لەسـەر نووکـی پەنجـەی پێکانـی لـە پشـتەوە بـۆ لای نیکـزاز دەچێـت بـە هـەردوو دەس چاوەکانـی نیکـزاز دەگرێـت).

**نینو:**

چەند بیرم دەکردیت! دەڵێی چەندەها ساڵە تۆم نەدیوە!

**نیکزاز:**

دەمزانـی.. دەمزانـی ئێمـە نابـێ لێـك جیـا بینـەوە.. نینـۆ دەمزانـی تـۆ هـەر دەگەڕێیتـەوە لای مـن (روو لـە نینـۆ دەکات بـە نیـازی وەی بیگرێتـە باوەشـییەوە).

**نینۆ:**

نیکـزاز! ئەمـە تۆیـت! وازم لێبێنـە (دەگەڕێتـە دواوە) ئێسـتا دەیڵێـم.. بەڵـێ ئەمـە راسـتە.. مـن تـۆم خـۆش ناوێـت. ئـاە.. ئـەم لێکچوونـە سـەیرە (بـە توڕەیـی) چـۆن دەوێریـت ئـەوە بگەیتـە بیانـوو؟

**نیکزاز:**

ئـۆهـ.. کەواتـە ئـەوەی هەلپەرسـتە منـم! ئێسـتا دڵنیـام لـەوەی کـە تـۆم لەدەسـت چـووە. بـەڵام رێـم بـدە بـام ئەمـە بڵێـم: مـن هەرگیـز واز لـە تـۆ ناهێنـم.

**نینۆ:**

دەسـت لەمـن بـەردە. تـۆ عاشـقە نەفریـن لێکراوەکانـی داسـتانە کۆنەکانـم دێنیتـەوە یـاد.

**نیکزاز:**

هەرگیز وازت لێناهێنم. تۆ دەبێ هەر بۆمن بیت..

**نینۆ:**

لـە کـوێ فێـر بوویـت ئـاوا رەفتـار لەگـەڵ کچـدا بکەیـت؟ بەراسـتی، تـۆ لـە رابـوردوودا دەژیـت (هەرسـێکیان دەچنـە دەرەوە. جـۆرام و ئەنـدرۆ دێنـە ژوورەوە).

**ئەندرۆ** (بە دوای نیکزازا دەنوارِێ):

جۆرام، ئەم پیاوەت نیگەران کرد.

**جورام:**

خەتـای مـن نییـە. نیکـزاز کابرایەکـی سـەیرە. ئـەم بەخیلیـم پـێ دەبـات کـە مـن لـە سـەدەی بیسـتەما ژیـاوم، بەخیلـی سـەیرە! لەپاشـانا ئـەم پێکچوونـە سـەمەرەیە..

**ئەندرۆ:**

هەر ئەم پێکچوونەیە تۆی خستۆتە دڵی نینۆوە.

**جۆرام:**

نـە. نـە.. مامۆسـتا، تەنیـا ئـەم پێکچوونـە نییـە. هەرچەنـد ئـەم لەسـەرەتادا کارێکـی گرنگـی کـردووە، بـەڵام هـەر ئەمـە نییـە. جگـە لەمەیـش ناتوانـم بڵێـم چییـە..

**ئەندرۆ:**

هەردووکیانـن پێکـەوە.. پێکچـوون و جیـاوازی، تـۆ پیاوێکـی سـەردەمی رابوردوویـت، نیکزازیـش نوێنـەری ئـەم رابوردووەیـە. تـۆ بەشـێکی زینـدووی چاخـە رابـوردووە درێژەکانیـت. کەچـی نیکـزاز تەنیـا رەمزێکـە بـۆ ئـەوان. نیکـزاز خـۆی وای کـردووە نینـۆ بکەوێتـە داوی دڵـداری تـۆوە، جگـە لەمەیـش خـەم و پـەژارەی تـۆ سـەبارەت ئەڤینـی دۆڕاوت بـۆ تەمـارا کاری خـۆی هەیـە.

**جۆرام:** (بیری لای خۆی نییە):

بەڵێ..تەمارا.. ئەوە لە کەیەکەوە بوو؟ (بەگەرمیی) بەڵام.. بۆ ئەم بەسەردەمی خۆی رازیی نییە؟ چی گەرەکە؟

**ئەندرۆ:**

پەشێویی ئەم جۆرێکی ترە. تۆ رێبوارێکی لە نێوانی چاخەکاندا رێت ون کردووە. کەچی ئەم هەست بەمانای بەرپرسیاری بەرامبەر سەردەمی خۆی دەکات. ئەم بۆ کردار لە گۆڕدایە و دڵی بەوەوە دابین نەبووە کە ئەنجامی داوە (وەستانێك) سروشتی ئادەمیزاد شتێکی سەیرە.. ئەو سرووشتە قاپێ نییە پڕ بێت. ئەگەر رۆح تێر ببوایە ئەوا پێشکەوتنی گەردوون دەوێستا.. (هەمیشە هەر بۆ پێشەوە) دروشمی مرۆڤایەتییە.

(مامۆستاکە دێتە ژوورەوە.. چاویلکەکانی دادەگرێت و بەرپرسیارەوە دەوروبەری خۆی دەڕوانێ. ئەندرۆ بۆ پشت پەرژینێ دەکشێتەوە).

**مامۆستا:**

ئەمجارەیان بە هەڵە نەچووم. ئەمەتا ئاسمانگەڕەکە (کۆکەیی دەکات).

**جۆرام:**

چۆنیت؟

**مامۆستا:**

تۆ چۆنیت.. ئەی ئاسمانگەڕی بەڕێز.. دەمەوێ وەك مامۆستایێ لە زانستی زمانەوانیدا لەگەڵتا بدوێم..

**جۆرام:**

من وا لە خزمەتتام.

**مامۆستا:**

سوپاسـت دەکـەم.. ئـاه.. بەڵـێ مـن پسـپۆڕم لـە زاراوەکانـدا. بابەتـی خوێنـدن و لێکۆڵینـەوەی مـن زاراوە لەناچووەکانـی زوبانـی جۆرجیـن.

**جۆرام:**

وابزانم کاتی زیادەی زۆرت بەدەستەوەیە؟

**مامۆستا:**

بەڵـێ... بـەڵام بێگومـان، لەوەتـەی کار بۆتـە رابـواردن، خەڵـك کاتێکـی بـێ ئیشـی زۆریـان بـۆ رەخسـاوە، کـە بـۆ ئـارەزووە تایبەتییەکانـی خۆیانـی بـەکار دێنـن. جـا مـن وانـەی بنچینەکانـی قسـەی ئادەمیـزاد و پێکهێنانـی رسـتەگەل و دارشـتنی وشـە لـە زمانەکانـی جیهانـدا دەڵێمـەوە. بـەڵام لەکاتـی بێکاریمـدا خـۆم بـە لێکۆڵینـەوەی زاراوەکانـەوە خەریـك دەکـەم.

**جۆرام:** (بۆ لایێ):

ئـەی خـوا.. ئـای لـەم ئـارەزووە! وا دیـارە کاتـی بـێ ئیشـی زۆرە.. زۆر درێـژە.. (بـۆ مامۆسـتا) ئـەم بابەتـە لـە رۆژنامـە و کتێبەکانـی سـەردەمی ئێمـەدا چارەکـراوە.

**مامۆستا:**

سوپاسـت دەکـەم بـۆ ئـەم زانیارییـە سـەرنج راکێشـەرانەوە (شـتێ لـە دەفتەرەکەیـدا دەنووسـێ). نـاوی تـۆ بەشـێوەیەکی گـەورە و دیـار لـە باسـەکەما دێنـم.

**جۆرام:**

ئـۆه.. بـەڵام مـن هەسـت بـە تەریقـی دەکـەم، چونکـە مـن هیـچ شـتێکم پـێ نەگوتـووی شـایانی بایـەخ پێـدان بێـت.

**مامۆستا:**

نـە.. نـە هەرگیـز نـە.. دڵسـۆزی زانسـتی ئەمـەی پێویسـتە.. بەڵـێ (لەکاتـی گفتوگۆکـەدا مامۆسـتا هـەردەم چاویلکەکانـی دادەکەنـد و بـە دەسەسـڕێکەوە پاکـی دەکردنـەوە و دووبـارە لـە چـاوی دەکردنـەوە). ئەوەیشـی زۆر بـە وردی و دروسـتی دەکـرد).

**جۆرام:**

ببـوورە، بـەڵام بـۆ بـەردەوام ئـەم چاویلکانـەت دادەکەنیـت و پاکیـان دەکەیتـەوە؟ ئایـا چاوەکانـت ئـازارت دەدەن؟ (بەرێکـەوت سـەیری مـرۆ ئالییەکـە دەکات).

مرۆڤـی ئالـی (فێـری دەکات: هەمـوو نەخۆشـییەکی چـاو لەسـەر ئـەم زەمینـەدا لـە کۆتایـی سـەدەی بیسـتەمینەوە لەنێـو بـردراون).

**مامۆستا:**

بەڵـێ.. بەڵـێ.. ئاوایـە.. مـن لەبـەر هیـچ خەوشـێ لـە چاومـا نییـە کـە چاویلکـە دەکەمـە چاومـەوە. بـەڵام ئیمـڕۆ هـەروەك جـاران بـاو بـوو، چاویلکـە بەکارهێنـان نیشـانەی کاری ئەکادمییـە. لـە راسـتیدا مێـژووی ئـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی تـۆ، ئـەو کاتـەی ژمارەیەکـی زۆر لـە زانـاکان کـە بـاش نەیانـدەدی ناچـار بـوون چاویلکـە بـەکار بێنـن. دەبـوو هـەر تـاو نـا تـاوێ لـە چـاو دەریـان بێنـن، فوویـان پیـادا بکـەن و پاکیـان بکەنـەوە. لـە پاشـانا بـوو بـە شـتێکی ئاسـایی بـۆ خوێنـدکاران کـە بـۆ دەربڕینـی رێزنـان لـە مامۆسـتاکانیان چاویلکـە بکەنـە چاویانـەوە تەنانـەت ئەگـەر هیـچ خەوشێکیشـی لـە چاوەکانیانـا نەبـێ، جـا ورده ورده لای زانایـان بـوو بـە نەریـت کـە چاویلکەکـە بکەنـە چاویانـەوە. ئیمـڕۆش بـۆ مامۆسـتا نەنگییـە بـێ چاویلکـە دەرکەوێـت هـەروەك لەکاتـی

ئێــوەدا شــوورەیی بــوو یەکــێ بەبــێ قەرەوێــت بچێتــە ســەرمێزی ماموٚســتایەتییەوە.

**جۆرام:** (تەماشایەکی مرۆ دەستکردەکە دەکات)

شتێکی سەرسورهێنەرە! دەبێ ماموٚستا گاڵتەم پێنەکات؟

**مرۆی دەستکرد:**

ماموٚســتا گاڵتــە نــاکات، کار لــە راســتیدا ئــە ئاوایــە. بــەڵام ماموٚســتا نابــێ ئاســمانگەڕ بــەم پرســیارگەلە نالەبــار و دڵگوشــەرانەوە مانــدوو بــکات. گوتــارت وا گەیشــتە خاڵێکــی ترســناکەوە. ئــەم جــۆرە باســانە لەوانەیــە برینەکانــی ســەدەی بیســتەمین زینــدوو بکەنــەوە، وەك بیرکەوتنــەوە و خــۆ بەرابــوردوو بەســتنەوە و پەســتیی ســۆز..

**ماموٚستا:**

بەڵــێ.. ســوورِ وایــە، مــن ئەمــەم نەزانیبــوو. ئایــا دەتوانیــت واتــای ئــەم وشــانەم بــۆ لێــك بدەیتــەوە؟

**مرۆی دەستکرد:**

لــەم بــارە تایبەتییــەدا بیرکەوتنــەوەی رابــوردوو و خووپێوەگرتنــی و پەســتیی ســۆز دەشــێن بــۆ دیــاری کردنــی هەســت و ســۆزی کەسـێکی سـەدەی بیسـتەمینەوە بـەکار بهێنرێـن کاتێـك خـۆی لـە ســەدەی بیســتو پێنجەمینــدا دەبینــێ و ئەوســا ئــارەزوو دەکات بگەڕێتــەوە بــۆ ســەردەمی کۆنــی خۆیــەوە. ئەوەیــش ئارەزووکردنــە بــۆ ســەردەم و خێــزان و برادەرانــی خــۆی. داوات لێدەکــەم ئاســمانگەڕەکە نەشــێوێنیت.

**ماموٚستا** (بۆ جورام):

بەڵــێ بێگومــان مــن زۆر سوپاســی تــۆ دەکــەم بــۆ ئــەم وتووێــژە داهێنــەر و زانیاریانەتــەوە کــە پێــت راگەیاندنــم. ســورِ بزانــە لــە

لێکۆڵینەوەکەمــدا نــاوت دەهێنــم.

**مرۆی دەستکرد:**

بڕۆ، ون بە.

**مامۆستا:** (بۆ مرۆی دەسکرد)

ئــای لــەم رەفتــارە نالەبــارە! تــۆ دەزانــی چــی دەڵێیــت؟ دەبینــم ددانێکــی پەلەکردنــت ون کــردووە (دەس بەســەریدا دێنــێ و دوور دەکەوێتــەوە).

**جۆرام:** (بۆ مرۆی دەستکرد):

دەترسم دڵی مامۆستات رەنجاندبێ!

**مرۆی دەستکرد:**

ئەمــە لای مــن بەهیــچ جــۆر بایەخــی نییــە، چونکــە پێویســتە بڵێــم هەنــدێ لــە ئەکادیمییەکانــی ســەردەمی ئێمــە جــۆرە شــێوازێکی دواندنــی تایبەتــی و رەفتــاری زاناکانــی ســەردەمی ئێوەیــان گرتــووە. وەك دەزانیــت لــە زانســتدا نەریــت و خــوو دوای تێکۆشــانێکی تــاڵ و ســەخت نەبــێ نایەتــە دەســتەوە.

**جۆرام:**

ئەمە چ روویداوە؟ ئەو خەڵکە لە دەوری چیدا کۆبوونەتەوە؟

**مرۆی دەستکرد:**

تەماشای شانۆگەرییەك دەکەن.

**جۆرام:**

شانۆگەریی و لە چۆلیدا؟ ئەی ئەگەر باران ببارێت؟

**مرۆی دەستکرد:**

خەڵــك زانیویانــە چــۆن بەســەر کــەژدا زاڵ دەبــن، جــا لــەم ســەردەمەی خۆمانــدا بەفــر و بــاران لــە دەســت خۆمانــە.

**جۆرام:**

ئەی وەرزش؟ کێبڕکێتان هەیە؟ ئەی یاری تۆپی پێ دەکەن؟

**مرۆی دەستکرد:**

تۆپـی پـێ یارییەکـی زۆر بـاوە، تەنانـەت ئەوانـەی تەمەنیـان سـەد ساڵیشـە ئـەم یارییـە دەکـەن.

**جۆرام:**

چی؟ ئەمە موستەحیلە!

**مرۆی دەستکرد:**

ئەمـە هیـچ سـەیر نییـە مادامەکـی خەڵـك دوو سـەد سـاڵ دەژیـن، بۆیـە ئەوانـەی تەمەنیـان سـەد سـاڵە لـە راسـتیدا گەنجـن.

**جۆرام:**

گەنجـی سـەد سـاڵەیی! ئەمـە چ گاڵتەیەکـە! دەڵێـم لـەم دواییـەدا تیپـی (دینامـۆی تەبلیسـی) قارەمانێتـی نیشـتمانی یـا چ کاسـێکی نەبردۆتـەوە؟

**مرۆی دەستکرد:**

بەڵـێ زۆر جـار، جـاری یەکـەم لـە هەفتاکانـی سـەدەی بیسـتەمدا بـوو.

**جۆرام:**

بەراسـتتە؟ ئـەوە کارێکـی گرنگـە. خۆزیـا دەتزانـی لایەنگرەکانمـان چەنـێ خەونیـان بـەوەوە دەدیـت، هەمیشـە هـەر باسـی ئەوەیـان بـوو، لەکاتـی ئیشـکردنا، یـا لەکاتـی دانیشـتنیانا بـە دەوری مێـزی خواردنـەوەدا کـە قاپـێ (تسـاندالی) یـا (جاجـا) یـا (برانـدی) لەسـەر بوایـە.

**مرۆی دەستکرد:** (گلۆپێکی سوور لەسەریا دادەگیرسێت).

مـن لـەم وشـانە تێناگـەم ئێسـتێ دەرتبڕیـن. ئاشـکرایە ئەمانـە ئێسـتا نینـە و بەرنامەکانـم نایانگرێتـەوە.

**جۆرام:**

چی؟ چۆن تساندالی و جاجا و براندی، نینە؟

**مرۆی دەستکرد:**

ئەوە چی دەڵێیت؟ من لەم جۆر وشانە تێناگەم.

**جۆرام:**

مەی دروستکەر نینە؟

**مرۆی دەستکرد:**

هیچ مەی دروستکەر بێ.

**جۆرام:**

ئەی بۆ مەستیی خەڵك چی دەخۆنەوە؟

**مـرۆی دەسـکرد:** (بەتونـدی سـەری دەلەقێنـێ و بـە پچـڕاوی وشـەکان دەردەبڕێـت)..

بـم.. بـم.. بـوورە.. نا..ت..وانـم.. بـە.. شـێوە..یەکی.. راسـت بـد.. وێـم.. ش.. شـتێك.. تێـك.. چـوە.. م..م.. مـن.. ناتوانـم وەڵامـی پرسـیارەکانت.. ب.. ب دە..مـەوە.. هەسـت .. هەسـت بـە.. شـتێکی.. خـراپ .. دە..کـە..م..

(سـەری شـل دەبێتـەوە) عـە... عەیب...ێـك.. لـە .. بازنـە.. کارەباییـدا.. هەیـە.. سـە.. سـەرم گێـژ.. دەخـوات.. هیـچ.. شـتێکم نا..یەتـەوە.. یـاد.

**جۆرام** (دەشێوێت):

خەتـای مـن بـوو، هەمـووی بەهـۆی پرسـیارەکانی منەوەیـە کـە

کۆتاییــان نایــەت. داوای لێبــوردن دەکــەم.. نەختــێ بحەســێرەوە (یارمەتــی مــرۆی دەســتکرد دەدات داینیشــنێ) ئەوجــا چ بکەیــن؟ لەوانەیە داوای یارمەتی بکەین! دەشێ سەرمات بووبێ!

**مرۆی دەستکرد:**

مــە.. ش.. شــێوێ.. م..م.. مــن ئێســتا .. باشــترم.. خەریکــە.. وا .. بیــرم .. دێتــەوە لای خــۆم (مایکرۆفۆنێکــی تەلەفیزیۆنــی لــە باخەڵیــا دەردەهێنــێ).. هەلــۆ.. هەلــۆ.. ســۆقرات ٣٣ قســە دەکات.. س.. س.. ســوقراتی ٣٣.. بانــگ دەکات.. مــن.. ئــە.. ئەندازیــاری ئێشــکچی..ی ئامــۆژگاری.. چاودێریــی.. ئــا.. ئاســمانگەڕەکە.. دەبینــم.. تــۆ.. تــۆ ... مــن دەبینیــت؟ م..مــن.. لەگەڵ..تــام.. ت..ت.. تۆیــش.. لەگــەڵ.. منــا یــت؟

**دەنگی ئەندازیاری ئێشکچی:**

ئەندازیاری ئێشکچی قسە دەکات.. من لەگەڵتام.

**مرۆڤی دەستکرد:**

پێویستی..یارمەتیی..یەکی .. بە.. پەلەیە..

**دەنگەکە:**

مەسەلە چییە؟ ئاسمانگەڕ هیچی لێنەهاتووە؟

**مرۆڤی دەستکرد:**

نــە.. نــە... نــە.. یارمەتیــی. بــۆ.. منــە.. لەبیرچوونــەوە.. بەهــۆی.. پرســیارگەلێکەوە.. کــە بــە.. هەڵــە.. داڕێــژراون.

**دەنگ:**

بــۆت دەکــرێ بەتەنیــا بچیــت بــۆ ئامۆژگاکــە، یاخــود یارمەتیــت دەوێــت؟

**مرۆی دەستکرد:**

پێویست بە.. بە.. بە یار..مەتی.. ناکات... هەر .. هەر هەر.. ئێستا دێم. (مایکرۆفۆنە تەلەڤزیۆنیەکە دەخاتەوە باخەڵی). ئایا دەتوانم رێگام.. بدۆزمەوە.. ئە.. گەر.. زەینم ون کردبێ؟

**جۆرام:**

لە تەکتا دێم.. لەراستیدا خۆم داوام کرد بچم بۆ ئامۆژگاکەوە (مرۆی دەستکرد خۆی بەشانەکانی جۆرامەوە دەگیرێت و بە هێواش دەڕۆن و هەر تاوە ناتاوێك هەڵوێستەیەك دەکەن).

**مرۆی دەستکرد:**

بە یارمەتیی خۆت.. ش.. ش..شتێکی سانام لێ.. ب.. پرسە.. ئە.. ئەمە.. یارمەتیم دەدات خۆم.. تاقی.. بکەمەوە.

**جۆرام:**

بێگومان پێم بڵێ، من چیم بەسەرهاتوە؟ وا من هەستێکی خۆش بەناخما رەت دەبێ، وا بزانم کەوتوومەتە دڵدارییەوە. دەبێ ئەمە وابێت؟

**مرۆی دەستکرد:**

من.. نا.. نا..توانم بە.. دڵنیایی.. بیڵێم.. چونکە.. توانای تۆ.. لە.. لە .. دڵداریدا .. دەبێ تاقی.. بکرێتەوە.

**جۆرام:**

بۆ هیچ گومانێکی تیایە؟

**مرۆی دەستکرد:**

ئێجگار زۆر، ئامۆژگاری چاودێری لەوە دەکۆڵێتەوە ئایا توانای دڵداریيت هەرماوە؟

**جۆرام:**

سەیرە.. نامۆیە.

تاریکی.. روناکیی بەسەر ئامۆژگای چاودێریی ئاسمانگەڕدا دەبریسکێتەوە، حەوشەیەکی لە پشتەوە هەیە، ژمارەیەك مرۆی دەستکرد دەبینرێن، ئامراز و ئالەتی جیاجیایان پێیە. ئامرازی چاودێریی دامودەزگای سەرپەرشتی ناوەندیی دەکات. مامۆستاکە و نینۆ لەسەر لاتەختێکا لە پێشەوەی شانۆکەوە، دانیشتوون.

**نینۆ:**

جیهانی من تەنگ بۆتەوە. هەرچییەکی دەبینم هەر جۆرامە. دەشێ خۆم دوو رووم هەبێ. لەلایەکەوە من دەسگیرانی نیکزازم، کەچی پەیمانم لە گەڵیدا شکاندووە. بۆت هەیە لە لیستەی ئەوانەم دابنێیت کە تەنیا ئارەزووە ئاژەڵییەکانیان دابین دەکەن. دەتوانیت بمنیرێتە تیمارگەی فارت بۆ چارەسەرکردنەوە.. ئەگەر گەرەکتە. من ناتوانم یارمەتی خۆم بدەم. ئەم پیاوێکی سەردەمی رابوردووەوە ئەو رابوردوەی نیکزاز هەمیشە خەو هەر بە ئەوەوە دەبینێ من جۆرامم خۆش دەوێ.

**مامۆستا:**

ئەمە شتێکی سەیرە، کچەکەم.

**ئارمازی:**

ئەمە هەڵەی تۆ نییە، نینۆ. هەڵەی ئێمەیە. نەدەبوو رێگا بەم ئادەمیزادە تەمەن پێنج سەد ساڵەیە بدەین تێکەڵاوی گەنجەکانمان بێت. کەچی ماوەی ئەوەمان داوە، هەرچەند دەشمانزانی ئەم لە ژینی رابردوویدا چەندەها خەوشی ترسناکی بووە. ئێستەیش وا ئەنجامەکانی دەدوورینەوە. وا ئەو هەرزەکارانەی تێکەڵاویان بووە گومانیان پەیدا کردووە و هەست

بــە دڵپیســی دەکــەن و گــوێ بــە هەســت و نەســتی کەســی تــر نــادەن. مــن مەبەســتم تــۆ نیــت. نینــۆ، چونکــە ئەویــن لەســەرووی هەمــوو ئەمانەوەیــە.

**مامۆستا:**

گوێت لێیە، کچەکەم؟

**نینۆ:**

بێ ئەو ناتوانم بژیم.. خۆشم ئەوێت. (ئاخ هەڵدەکێشێ).

**ئارمازی:**

بەڵام دڵداریی نا هاوسەنگ پڕیەتی لە کلۆڵی!

**نینۆ:**

جۆرام منی خۆش دەوێ.

**ئارمازی:**

ناتوانیــت لەمــەدا دڵنیابیــت، ســەرەکی دەبــێ توانــای لەدڵداریــی دوو لاییــەوە بســەلمێنین.

**مامۆستا:**

جــا هیــچ گومانــێ لــەوەدا هەیــە کــە ئــەو ئــەم جــۆرە توانایــەی ببــێ؟

**ئارمازی:**

پەیمانگاکــە وا ئێســتێ لەمــەوە دەکۆڵێتــەوە. بــەم بۆنەیــەوە، لەهــەر ســاتێکدا جــۆرام لێــرەدا پەیــدا بــێ پەیــدا دەبــێ. چەنــد تاقیمانەیەکــی لــە تاقیگــەدا بەســەردا دەکــرێ. هــەر ســاتێ ئامــادە کــران پێتانــی رادەگەینــم. لەراســتیدا لەبــەر ئــەو هۆیــەش بــوو داوامــان لێکــردن بێیــن بــۆ ئێــرەوە.

**نینۆ:**

جۆرام.. ئەی جۆرامەکەم!

(مامۆستا نینۆ دەباتە حەوشەکەوە، ئارمازی تاکو پێ پیلیکانەکان لەگەڵیان دەچێ و دوایی دەگەڕێتەوە لای ئامێری سەرپەرشتییەوە! جۆرام و مرۆی دەستکرد دێنە ژوورەوە).

**ئارمای:**

سڵاو.. سڵاو.. ئاسمانگەڕی ئازیزەکەم! چۆنیت؟

**جۆرام:**

هیچم نییە.. بەڵام سوقراتی ٣٣ ی هاوڕێم سەری دێشێ و شتی لەبیرچۆتەوە، لە راستیدا مەترسیم لێی پەیدا کردبوو چونکە هێندە رەنگی بزرکا بوو.

**ئارمازی:**

ئەمە گشتی ئەنجامی خەیاڵی رادەبەدەری خۆت بووە. لەگەڵ ئەوەشدا چاری ئاسانە (پت دەنێ بە دوگمەیەکەوە تیشکێ دەچێتە بەردەم یەکێ لەمرۆ دەستکردەکانەوە.. هیبۆقراتی ١٧.

**هیبۆقرات:** (بەرزە پێ دەبێت):

مرۆی دەستکرد هیبۆقراتی ١٧ لێرەیە.

**ئارمازی:**

بەپەلە چارەسەری سوقراتی ٣٣ بکە. ئەم تووشی ژانەسەر و لەبیرچوونەوە بووە.

**جۆرام** (بۆ هیبۆقرات):

زۆر مەمنوونت دەبم.

**هیبۆقرات** (ئەچێتەلای سوقرات و لەگەڵ جۆرام دەدەوێت):

ئێستێ کەللە سەری هاوەڵەکەم دەکەمەوە.

**جۆرام:**

بەراستیی!؟

**ئارمازی** (بۆ جۆرام):

ئێمە هێندە ماوەمان نییە سەیری عەمەلیاتەکە بکەین. پێویستە تاقیمانەکەی دووەمین بکەین. ئێمە وا خەریکی راپۆرتی (هاوکۆلکەی ئەوین)ی تۆین.

**جۆرام:**

کارگەکانی ئەوینی من؟ ئەوە مانای چییە؟

**ئارمازی:**

وەرە لەگەڵما.. بەم زووانە لەوە دەگەیت. (جۆرام دەباتە شوێنێکی دوور لە جەماوەرەکەوە و دەستبەجێ دەگەڕێتەوە بۆ لای ئامرازی سەرپەرشتییەکەوە!

**هیبۆقرات** (سپرینگێك لەسەی سوقراتدا توند دەکاتەوە، سیڕەیەك دەبەسترێت).

ئارامت بێ.. نەختێ تووندکردنەوە ماوە..

**سوقرات:**

ئاخ.. ئاخ..

**هیبوقرات:**

هۆی تێکچوونێکی بچووکی رێکخستنە و هەر ئێستا چاك دەبیتەوە.

**سوقرات:**

چارکردنەکەت دواییەکەی بە ئازار بوو. (هەڵدەسێ) سوپاست دەکەم. دەبێ لەیەکەم دەرفەتدا پاداشت بدەمەوە.

**هیبۆقرات:**

تـێ ناگـەم. وا دیـارە نزمتریـن رەوشـتی جۆرامـی هاوڕێـت گرتـووە. تــۆ دەزانــی ئەمــە کاکڵکــەی فەرمانــی سەرشــانمە. (هیبۆقــرات دەگەڕێتـەوە شـوێنی خـۆی. نیکـزاز لـە حەوشـەکەوە بەدەردەکەوێـت سـیپاڵەکەی دادەمەزرێنــێ و دەســت بــە نیگارکێشــان دەکات. ئارمـازی بـۆ حەوشـەکە دێتـە خـوارەوە و بـەرەو لای نیکـزاز دەچـێ و ســەیری دەکات).

**ئارمازی:**

تــۆ لــە ســەیرانگا پەســندکراوەکەتا کار دەکەیــت. ئاواتــی ئــارام و ســەرکەوتنت بــۆ دەخــوازم.

**نیکزاز:**

من پێویستیم تەنیا بە (ئیلهام) هەیە.

**ئارمازی:**

ئـۆهـ.. کەوابـوو ئەوەیـە باسـەکە. گوفتارەکـەی تـۆم لـە دەمەتەقـێ گشـتییەکەدا بینـی.

**نیکزاز:**

لـە زۆر بۆنـەی تریشـدا باسـی ئەمـەم کـردووە و دەتوانـم ئـەوەی گوتوومــە دووپاتــی بکەمــەوە.. لــە رابــوردوودا دەگونجــا ئیلهــام بەهـۆی بەراوردکردنـەوە لـە نێوانـی خۆشەویسـتی و رق لێبوونـەوەدا زاخـاو بدرێـت. نێوانـی چاکـە و خراپـەوە، لەنێوانـی قارەمانێتـی و ترسـنۆکیدا. لـەم سـەردەمەمانا ئـەم بەراوردکردنـە نەمـاوە.. ئێسـتا نـە خراپـە هەیـە. نـە حەسـوودی و نـە رق لێبوونـەوە.

**ئارمازی:**

جـا ئەمـە شـتێکی وایـە لێـوەی پەشـیمان بینـەوە؟ لەگـەڵ ئەمەشـدا..

ئایـا قارەمانێتـی بـۆ هەمـوو کـەس داواکاری بـێ، لـە ئـارادا نییـە؟

**نیکزاز:**

قارەمانێتـی واتایەکـی نوێـی بـەرزی وەرگرتـووە. ئـەوەی مـن باسـی لێوەدەکـەم قارەمانێتـی ئـەو سـەردەمەیە لـە رابـوردوودا.

**ئارمازی:**

باشە، ئەی ئازایەتی ئاسمانگەڕەکانمان؟

**نیکزاز:**

ئــەوان زۆر لەمێــژە گەردوونیــان پــەی کــردووە. بــەڵام ئەوانــەی لــە گەردوونــە دوورەکانــا دەنیشــنەوە، تــا ئێســتا نەگەڕاونەتــەوە. ئــەو کاتــەی ئــەوان دەگەڕێنــەوە نەوەکانیشــمان ئــەم جیهانەیــان جێهێشــتووە. لــەو ســاتەی ئەوانــەی بــەم نزیکانــە بــەرەو رێــی کاکێشــانا فڕیــون دەگەڕێنــەوە..

**ئارمازی:**

بەڵام، خۆ قارەمانن.

**نیکزاز:**

بێگومــان بەتایبەتــی ئەگــەر لــە ســەردەمی ئێمــە هەڵنەهاتــبن و کارکردنیشـیان بـە فەرمانـی خۆیـان زانیبـێ. مـن هەمیشـە بیـر لـەم هونەرمەنـدە دەکەمـەوە کـە دوای پێنـج سـەد سـاڵ دەگەڕێتـەوە ســەر زەوی.

**ئارمازی:**

ئەمە بێگومان کارێکی درامییە.

**نیکزاز:**

چاوەڕانیــی گەڕانەوەکــەی کارێکــی زۆر زل بــوو، حەشــاماتەکەی ئێجــگار زۆر لــە خەڵکەکــەی پێشــوازییان لێکــرد چونکــە ئــارەزووی

دیـــداری قارەمانێکـــی راســـتەقینەیان هەبـــوو. ئەمەیـــش کـــە قارەمانێکـــی راســـتەقینەیە گومانێکـــی ئەوتـــۆی لـــێ ناکرێـــت.

**ئارمازی:**

لەم زووانەدا راپۆرتی پەیمانگاکەمان بڵاو دەکرێتەوە.

**نیکزاز:**

راپۆرتەکـــەش دەری دەخـــات کـــە ئـــەم دووره لـــە وەی ببـــێ بـــە قارەمـــان، بەڵکـــو تەنیـــا پیاوێکـــی ســـاکار و پیادەیـــە و لەســـەردەمی خـــۆی رایکـــردووه!

**ئارمازی:**

نیکـــزاز، بڕیارەکەمـــان ئەوەیـــە و بـــۆ خەڵکیـــش ســـانا نییـــە شـــت بەراســـتیی ببینـــن.. بـــەڵام چارمـــان ناچـــارە، ئێمـــە هەرگیـــزاو هەرگیـــز نازانیـــن درۆ بکەیـــن.

**نیکزاز:**

باشـــە، ئـــەی بـــۆچ ئـــەم نەیتوانـــی نایابـــی ســـەردمی خـــۆی ببینـــێ؟ راســـتە لـــە زەمانـــی ئەمـــدا چەنـــد ســـاتێکی دژوار بـــوون، ئـــەم لـــەو قوربانییانـــە سـڵەمیتەوە کـــە دەبـــوا لـــە پێنـــاو ئامانجـــە هـــەرە مەزنەکانـــەوە، بیانـــدات. جـــا کۆچـــی کـــرد بـــۆ ئەســـتێرەیەکی ئێجـــگار دوور تـــا بـــۆی بلوێـــت بگەڕێتـــەوە جەژنـــی زیندەگانـــی.. کەچـــی ئێمـــە.. ئێســـتەیش هـــەر بیـــر لەهاودەمەکانـــی دەکەینـــەوە.. ئـــای.. کـــە ســـەیرە!

**ئارمازی:**

نیکـــزاز، ئێمـــە راســـتین. بـــەڵام ئـــەم مرۆڤێکـــی زینـــدووه، هـــەر ئەمەشـــە وامـــان لێـــدەکات بـــە شـــوێن ئـــەو کەرەســـانەوە بگەڕێیـــن کـــە بـــە شـــێوازی ژیانـــی خۆمانـــی رابهێنیـــن.

**نیکزاز:**

بـەڵام زەمانــی ئێمــە بەخۆیــەوەی ناگــرێ. ئـەم سـەردەمە، تایبەتییـە بەوانــەوە کــە دروســتیان کــردووە ســازیان داوە.

**ئارمازی:**

ئەمــە راســتە ئــەم بــە هیــچ شــتێ بەشــداری لــە دروســتکردنیا نەکـــردووە.

**نیکزاز:**

بەهیــچ شــتێ ئــەم لــە ســەردەمی خۆیــا رایکــردوە و پشــتی لەوانــە کــردووە کــە ئــارەق و خوێنیــان چۆڕاندۆتــەوە.. ســەردەمی ئێمــە دەس چینــی براکانێتــی. بــەڵام ئــەم هــەر گریــاوە و ناڵاندوویەتــی.. ئــای کــە چارەنووســێکی کلۆڵــە!

**ئارمازی:**

بەڵام ئەم بە چاوی ئێمە سەیری سەردەمی ئێمەی نەکردووە.

**نیکزاز:**

ئەمەیــش لــە بەدبەختــی خۆیەوەتــی. ئــەم هونەرمەنــدە، پیــاوی ئەندێشــەیە.. دەبــوو ســەردەمی ئێمــە بەچــاوی ئێمــە مانانــەوە ببینــی. مــن بەخیلــی بــەو چارەنووســەوە دەبــەم کــە ئــەم رەتــی کردۆتــەوە.

**ئارمازی:**

هەروەهــا ئێمــە دەزانیــن ئــەم هــەر ئــارەزووی رابــوردووی دەکــرد. حــا. حــەز بــە رابورووکردنــی تــۆ و گەشــتی ئــەم بــۆ زەمانــی رابــوردوو چ جیاوازییــەکان هەیــە؟

**نیکزاز:**

هــەر زمانــە رەنگــو بــۆی خــۆی هەیــە. لەســەرەتادا جــورام بــەدوای

راکـردن بـۆ جیهانـی ئادەمیـزادی پێـش مێـژوودا دەگـەڕا. کۆمەڵانـی خەڵــك ســەدە لــە دوای ســەدە لەتاریکیــدا دەژیــان. ئــەوەی ســەرنجم رادەکێشـێ ئـەم نێـوان هێڵەیـە کـە مێـژووی راسـتەقینەی جیهــان لــە دوایــا دەس پێــدەکا. واتــە ســەردەمی ئــەو هەمــوو ئیلهامــە نایــاب و ســەرچاوانەی یاریدەیــان دایــن ئــەم گــەردوون و کۆمەڵگایـەی مرۆڤایەتییـە بـاش بناسـین. ئێمـە وایـن لەسـەر شـانی ئـەو سـەردەمەدا وێسـتاوین. کەچـی جـۆرام توانـای نرخاندنـی ئـەو سـەردەمەی نەبـوو کـە تیایـدا ژیـاوە.

**ئارمازی:**

گومان دەبەی لەسەردەمی ئێمە تێ نەگات؟

**نیکزاز:**

بوونــی ئــەم لەســەردەمی ئێمــەدا فێڵێکــی چارەنووســە. چــۆن دەتوانیــن ئومێــدەوار بیــن شــارەزای سروشــتی ژیانــی ئێمــە بیـت، لـە کاتێکـدا نەیتوانیـوە لـەو سـەردەمە تێبـگات کـە تیایـدا ژیـاوە؟ ئەمـە چەلەمەیەکـە، پەیمانگاکـەی ئێـوە لـە توانایـا نییـە چـارەی بـکات. چونکـە ئـەم نـە لـە هـۆش و نـە لـە دەروونـەوە توانسـتی هەڵگرتنـی بـاری ژیانـی ئێسـتەمانی نییـە. ئێسـتا لەبـارەی دڵپیســییەوە لەبیــرم نەکــردووە. بــێ هێــزی خۆشەویســتی نــا هاوسـەنگ دژوارتریـن کارەسـاتی ئادەمیـزادە. بـەڵام مـن بەسـەریدا زاڵ بـووم. مـن خـۆم دەزانـم بـاوەڕم هەیـە نینـۆ هـەر بـۆ مـن دەبێــت. ئــەم خەوێکــی ســاماناك دەبینــێ، بــەڵام کۆمەڵــێ شــت هەیـە دەرکـی پێنـاکات.

**ئارمازی:**

سوپاسـت دەکـەم بـۆ راسـتگۆییەکەت نیکـزاز، زانسـت زۆر سـوودی

پـێ گەیشـتووە لەوەتـەی لێکۆڵەرەوەکانمـان دەسـتیان کـردووە بـە داوای ئامۆژگاریـی لـە خەڵکـی هونەرمەنـدەوە.. تـۆ لـە سەداسـەد راسـتیت. ئـا هـەر لـەم سـاتەدا دڵـداری جـۆرام، لـە تاقیگـەدا ئێسـتا لەبـاری هەڵسـەنگاندن دایـە.

**نیکزاز:**

مـن دەتوانـم پێشـبینی ئەنجامەکەیشـی بکـەم، ئـەم لـە سـەردەمی خۆیـدا هیـچ توانایەکـی دڵداریـی نیشـان نـەداوە، بگـرە جـۆرە دڵدارییەکـی راسـتەقینەی بـێ بایـەخ زانیـوە. کـە دەشـێ لەسـەردەمی ئێسـتادا بـە ئەوینێکـی میسـالی بژمێردرێـت.

**ئارمازی:**

نیکـزاز.. وا نینـۆ لێرەیـە، چاوەڕوانـی ئەنجامەکانـی تاقیمانەکـە دەکات. حـەز دەکەیـت ببینـی؟

**نیکزاز:**

بەڵـێ.. بمبـە بـۆ لای (بەیەکـەوە.. دەچنـە دەرەوە). (جـورام و ئەنـدرو دێنـە ژوورەوە. لـە پەنایەکـی شـانۆکە و بـە نهێنـی گوێیـان لـە گفتوگۆکـەوە گرتبـوو.).

**جۆرام:**

ئەمـە بـوو ئەنجامەکـەی، کەرەسـەی بـۆ لێکۆڵینـەوە و خـۆ لـە خەڵـك گرتـن. هەڵاتنەکـەم جگـە لـە کلۆڵـی هیچـی دەسـتگیر نەکـردووم.

**ئەندرۆ:**

جۆرام، لە کاتی خۆیدا ئاگادارم کردیت.

**جۆرام:**

دیتـت چـۆن ئـەو بەسـۆزەوە باسـی هەمـان ئـەو سـەردەمەی

دەکــرد کــە مــن لێیــەوە هەڵاتــووم!

**ئەندرۆ:**

تۆ ئێستا لەوەوە پەشیمانیت جۆرام؟

**جۆرام:**

لــەدوای پێنــج ســەد ســاڵدا خەڵکەکــە هــەر بەڕێــزەوە بــاس لــە مەزنیــی و نایابــی ســەردەمی ئێمــەوە دەکــەن. ئاخــۆ مــن ئەوەنــدە کوێــر بــووم؟ ئایــا هێنــدە نــا توانــا بــووم لــە دەرك پێکردنــی هەمــوو ئەوانــەی لــە دەوروبەرمــدا بــوون؟ ئــەوەی مــن دیــم تەنیــا ســێبەری ژیــان بــوو.. مــن خۆییشــم لــەو ســێبەرە دابــووم.

**ئەندرۆ:**

جــورام، ئــەوا هاتنــەوە. (لەپشــتی شــانۆکەوە دەچنــە دەرەوە ئارمــازی و مامۆســتاکە و نینــو ونیکــزاز دێتــە ژوورەوە).

**ئارمازی:**

دانیشـــن، پـــاش دەقیقەیـــەك دەگەڕێمـــەوە، لەوانەیـــە ئێســـتا ئەنجامـــەکان ئامـــادە بـــن (بـــۆ تاقیگەکـــە دەچێتـــە دەرەوە).

**نینۆ:**

نیکـــزاز مـــن زۆر سوپاســـی دانبەخۆداگرتنەکـــەت دەکـــەم.. بـــەڵام فەرمانــی ئــارام ئاگــرێ لــە ناخــی منــدا دادەگیرســێنێت، نازانــم بــۆ دەبـــێ زانســـت دەس لەکاروبـــاری خەڵکیـــدا وەردات؟

**نیکزاز:**

تەنیــا بــۆ ئــەوەی بڕیــار بــدات کــە هەســت و ســۆزیان راســتەقینەیە و خەیاڵــی نییــە، وەك لــە زەمانــی رابــوردوودا.

**نینۆ:**

مەبەست لەوەدا چییە؟

**نیکزاز:**

ئەو خەوەی تۆ دەی بینیت، دەگاتە کۆتاییەکەی.

**نینۆ:**

وریابــە نەکــەی قســەی ئــە ئــاوا بکەی..مــن ئامــادە نیــم گوێــت لێبگــرم.

(ئارمازی دێتە ژوورەوە، چەند رووپەرێکی بەیانیی بە دەستەوەیە).

**ئارمازی:**

ئەمـــە ئەنجامەکانـــن. (دادەنشـــێتە ســـەر جیهـــازی سەرپەرشـــتی یەکــەوە و نینــۆ و مامۆســتا بــە پەلــە دەچــن بــۆ لای نیکــزاز بــێ باکانــە بــە تەنیــا دەمێننــەوە.)

**نینۆ:**

ئێی؟

**ئارمازی:**

ژیانــی جۆرامــی پێــش پێنــج ســەد ساڵمان شــی کردۆتــەوە. ئامادەیــی و هەڵوێســتەکانی بەرامبــەر بــە دیاردەکانــی ئەوینــی ئەوســایمان راڤــە کــردوون. ئــەو دیاردانەیــەش ئەمانــەن، خۆشەویســتی مــرۆڤ بــۆ نیشــتمانەکەی بــۆ ئەوســەردەمەی کــە تیایــدا دەژیــت، بــۆ ئافــرەت، بــۆ خــزم و هەڤاڵەکانــی.. ئەنجامەکانــی تاقیمانەکــە وا دەردەخــە خۆشەویســـتی جـــۆرام بـــۆ نیشـــتمانەکەی ســـەلبی و بـــێ باکانـــە بـــووە. هەروەهـــا نیشـــاندەری ئەڤینـــی بـــۆ ســـەردەمەکەی و خـــزم و هاوڕێکانیـــش هـــەر ســـەلبییە. بـــەڵام خۆشەویســـتی ئافرەتـــی بـــێ لایــەن بــووە. لەنێوانــی دڵپیســی و بــێ باوەڕییــدا گیرســاوەتەوە. جــا لەســەر بنچینــەی ئــەم راســتیانەدا ســەرجەمی پلــەی خۆشەویســتی جــۆرام نزیکــی ســیفرە.

**نینو:**

ئاه! لە هۆش خۆی دەچێت، ئەوانی تر بە پەلە بۆی دەچن).

**ئارمازی:**

دەی خێراکـــەن، بیگەیەننـــە ســـەیرانگاکەوە (نینـــۆ هەڵدەگـــرن و دەیبەنـــە ســـەیرانگاکەوە. ئارمـــازی دەگەڕێتـــەوە). (جـــۆرام دێتـــە ژوورەوە).

**جۆرام:**

من پێشەکی ئەنجامەکە دەزانم. لەوانەی سیفر بێ. وا نییە؟

**ئارمازی:**

بۆ.. بەدبەختیی.. بەڵێ وایە.

**جۆرام:**

ژیانی من.. کەواتە هیچ مانایەکی نییە.

**ئارمازی:**

ئـــۆه.. نەخێـــر، هەرگیـــز ژیانـــی تـــۆ گرنگیـــی هەیـــە بـــۆ زانســـت، ئێمـــە لەســـەرچاودێرییەکانما هـــەر بـــەردەوام دەبیـــن.

**جۆرام:**

کەمتریـن ئارەزویەکـم نییـە ببـم بـە کێڵگـەی تاقیمانـە. یـا ببـم بـە کەرەسـەیەکی مۆزەخانـەوە.

**ئارمازی:**

بەڵام ئێمە دەبێ بەجارەکی لە خەڵکت دوور بخەینەوە.

**جۆرام:**

دەبێ؟

**ئارمازی:**

بــە هەمــوو داخێکــەوە. چونکــە پەیوەنــدی کــردن بەتــۆوە مەترســی

هەیــە بــۆ دانیشــتوانمان. تاکــو ئێســتا زۆر کەســت تــووش کــردووە بــەو هەســتە نارەســەنانەی وەك دڵپیســی و بــێ بڕوایــی.. بــۆ وێنــە لــە ڕۆژی گەڕانەوەتــدا بــۆ ســەرزەوی ویســتت پــارە بدەیتــە ئــەو کەســەی شــەربەتە هێزدەرەکــەی پێشــکەش کردیــت. هیــچ کام لــە ئێمــە نەیتوانــی ڕاســتی ئــەو ڕەفتــارەت تــێ بــگات، چونکــە کــەس مانــای پــارە نازانــێ. بــەڵام تــۆ بــە دڵپیســی و بــێ بڕوایــی کەســانێکت ژاراوی کــرد کــە دڵــی خۆیانیــان بــۆ کردبوویــەوە.

**جۆرام:**

من مەبەستم ئەوە نەبوو.. ئەوە هەڵەی من نییە...

**ئارمازی:**

هەروەهــا دڵداریــی نیکــزاز و نینــۆت لەناوبــرد. (مامۆســتاکە بــە پەلــە خــۆی دەکا بــە ژوورەوە).

**مامۆستا:**

ئارمازی! بگەرە فریام: نینۆ بۆ دوور فڕی...

**ئارمازی:**

مەبەستت چییە؟

مامۆســتا گوتــی کــەوا زۆر خەمبــارە و پێویســتە بــۆ ماوەیەکــی کــەم لــەم شــوێنە دوورکەوێتــەوە. ئەمــەی وت و باڵەکانــی لەبەرکــردن و بــۆی فــڕی..

**ئارمازی:**

بە باڵەکانییەوە فڕی؟ هەر بە تەنیاش؟

**مامۆستا:**

بەڵێ.. بەڵام لە پاشان نیکزازیش بەدوایا کەوت.

**ئارمازی:**

ئەمـە مایـەی بەختەوەرییـە، چونکـە لەبارێکـی وەك هـی ئەمـەدا شـتێکی هەرگیـز نەشـیاوە کـە بـە تەنیـا بفڕیـت.

**جۆرام:**

ئەوە لەبەرچی؟

**ئارمازی:**

فڕیـن پێویسـتی بـە سـۆزگەلی پـڕ لـە شـادمانیدا هەیـە.. کەچـی نینـۆ.. نینـۆ دڵتەنگـە.. ئەگـە رهەسـتی دڵتەنگـی بەسـەر هەمـوو هەسـتەکانی تـردا زاڵ بـوو..

**جۆرام:**

چی بە دوادایە؟

**ئارمازی:**

کارەسات.

**جۆرام:**

دوو باڵم بدەرێ. بە شوێنییادا دەفڕم تا دەیگەمێ..

**ئارمازی:**

تـۆ مرۆڤێکـی سـاکاریت. بـۆت ناکـرێ لەشـت لـە زەوی جیـا بکەیتـەوە.. پێنـج سـەد سـاڵ لەمەوبـەر ئـەو هەسـتانەی بەسـەر تـۆدا زاڵ بـوون دڵتەنگیـی و ناڕەزایـی و پـەژارە بـوون. ئـەم هەسـتانەیش بـاڵ لەگەڵیانـدا ناگونجێـت. ئێسـتا چەنـد کەسـانێ لەخۆمانـا دەنێـرم بـە شـوێن نینـۆدا (دەچێتـە دەرەوە).

**مامۆستا:**

هـۆی ئەمـە هەمـووی تۆیـت، تـۆ بـۆ هاتیتـە لامـان؟ بـڕۆ لێـرە مەمێنـە. وازمـان لێبێنـە. تـۆ بەختیـاری خۆتـت نەدۆزیوەتـەوە و

هەروەهـا خەڵکـی تریشـت تووشـی بەدبەختیـی کردووون..زووکـە بــڕۆ..

**جۆرام:**

جا بۆ کوێ دەتوانم بڕۆم؟

**مامۆستا:**

بـۆ هـەر کـوێ ئـارەزوو دەکەیـت، گرنـگ ئەوەیـە جێـمان بێڵێـت. بگەڕێـــڕەوە.. بـــۆ رابـــوردوو (دەچێتـــە دەرەوە). (ئەنـــدرۆ دێتـــە ژوورەوە).

**جۆرام:**

هەقی ئەوە.

**ئەندرۆ:**

ئاگادارم کردیت.

**جۆرام:**

پێویستە بڕۆم.. بەڵام بۆ کوێ؟

**ئەندرۆ:**

لەوانەیە مامۆستاکە لەسەر هەق بێت.

**جۆرام:**

گەڕانــەوە بــۆ رابــوردوو؟ چــۆن ئەمــەم بــۆ ئەکرێــت؟ تۆخــۆت پێــت گوتــم کــە لێــرەدا تەنیــا تاکــە رێگایــەك هەیــە، ئەویــش ئــەو رێگایەیــە کــە ئەنجامەکــەی فەرامــۆش کردنــە، چــۆن بــۆم دەلوێــت بگەڕێمــەوە بــۆ رابــوردوو؟

**ئەندرۆ:**

ئێستەیش چەند یادگارێ ماون.

**جۆرام:**

بەڵێ.. لەمە زیاتر هیچی ترم لەدەس نەماوە. (تەماشایەکی سپیاڵەکەی نیگارەکەی نیکزاز دەکات). ئای کە ماوەیەکی درێژ رابردووە لەوەتەی من دەستم داوەتە فڵچەوە (تاریکیی کە رووناکیی دەردەکەوێتەوە، مرۆی دەستکرد و جۆرام و ئەندرۆ دەبینن لە گۆڕەپانێکا).

**مرۆی دەستکرد:**

هەروەك پێشتر گوت:: ئەو خانووەی تیایدا دەژیایت دەکەوێتە ئێرەوە.. لەم شوێنەدا.

**جۆرام:**

کەوابوو ئەمە ئەو گۆڕەپانەیە کە لە پەنجەرەکانی شووقەکەمانەوە دەمدی.. ئەی ئەمە پەیکەری کێیە؟ (لەپەیکەرەکە نزیك دەبێتەوە و بەدەوریا دەسوڕێتەوە) چی؟ لیڤان؟ براکەم.. لیڤان؟

**مرۆی دەستکرد:**

لیڤانی برات چارەیەکی بۆ نەخۆشیی شێرپەنجە دۆزییەوە.. ئەو دەردە ترسناکە لەسەردەمی ئێوەدا. ئەوە (مەسلێکی) بۆ دروستکردووە و میریش دەرمانەکەی کرد بە دیارییەکی بەخۆڕایی بۆ هەموو وڵاتانی دونیاوە. ئەوسا بە زوویی نەخۆشی شێرپەنجە بەتەواوەتی لەسەر رووی زەویدا لەنێو بردرا. جا ئەم پەیکەرە لە یادی (لیڤان) دا دروستکراوە. هەروەها لە هەموو شارە گەورەکانی جیهاندا، چەندین پەیکەری تریشی هەیە.

**جۆرام:**

لیڤان.. لیڤان!

**ئەندرۆ:**

مـن ئـەو سـاتەم لەبیـرە کـە بـۆ یەکەمجـار دایکـت لـە پەنجەرەکـەوە سـەیری ئـەم گۆڕەپانـەی کـرد.

(نەخشـەی بەشـی یەکـەم لـە باکگراونـدی شـانۆکەوە دەردەکـەوێ) (دایـك و جۆرجـی و لیڤـان).

**دایك:** (لە پەنجەرکەوە دەڕوانێ)

ئـای! کـە گۆڕەپانێکـی نایابـە! رۆژی دێ پەیکەرێکـی لێـوە بـەرز دەکەنـەوە.

**لیڤان:**

پەیکەری کێ.. دایە؟

**دایك:**

جـا مـن چـۆن بیزانـم؟ دەشـێ پەیکـەری یەکـێ لـە رۆڵەکانـم بێـت. پەیکـەری تـۆ، لیڤـان، یـان هـی تـۆ. جورجـی.. لەوانەیەشـە کۆتەڵـی جـۆرام بـێ.

(نەخشـەکەی بەشـی یەکـەم ون دەبـێ. جـۆرام و ئەنـدرۆ مـرۆی دەسـتکرد لـە نزیـك پەیکەرەکـەوەن. شـانۆکە بـە هێواشـی دەسـووڕێت).

**مرۆی دەستکرد:**

ئەم رێزە پەیکەرانە پێی دەورێت شەقامی سەدەی بیستەم.

**جۆرام** (سەیری دوور دەکات):

وا دیارە وەك کۆتایی نەبێت.

**مرۆی دەستکرد:**

ئەمـە مەزنیـی دەسـکەوتەکانی سـەدەی بیسـتەم دەنوێنـێ. ئـەم دەسـکەوتانە، لـە بـەدی هێنانـی کامەرانیـی ئێسـتای توخمـی ئادەمیـزاددا، گرنگییەکـی ئێجـگار بـێ پایانیـان بـووە. پەیکـەر گەلـی تریـش زۆرن بـۆ دۆسـتایەتیی و یەکسـانیی و نەمانـی برسـیەتی و

هــی تــر و هیــتر..

**جۆرام:**

جا هەموو ئەم دەسکەوتانە لەسەردەمی مندا ئەنجامدراون؟

**مرۆی دەستکرد:**

بەتــەواوی.. وایــە لەســەردەمی تــۆدا.. (شــانۆ هــەر هێــدی هێــدی دەســـوورێتەوە).

**جۆرام:**

من زۆر شەکەتم پێویستە دابنیشم.

**ئەندرۆ:**

جۆرام بڕوانە (دەست بۆ پەیکەرێك درێژ دەکات).

**جۆرام** (سەرهەڵدەبڕێت):

ڕەنــگ و ڕوخســاری دەگۆڕێــت: ئــای لــەم پێکچوونــە.. نەخێــر نابــێ ئــەوە بێــت.

**ئەندرۆ:**

پێموایــە مــن دەتوانــم ئــەوە بــەدی بکــەم کــە ئەوســا ڕوویــداوە، لــە دێرزەمانێکــی زۆر دوور.

**مرۆی دەستکرد:**

ئەمەیــان کۆتەڵــی دڵســۆزییە. کیژێــك لەســەردەمی تــۆدا بەنــاوی تەمــاراوە نموونــەی پەیکەرتاشــەکە بــووە. ئەویــش دڵســۆزی ئــەو کچــەی بــۆ دڵدارەکــەی نەمــر کــردووە.

**ئەندرۆ:**

خۆشەویســتییەکی دڵســۆز و پــاك. ئــەی گوایــا ئەمــە یــەك لــە ڕەوشــتەکانی ئــەو جیهانــە جوانــەی مرۆڤایەتــی نەبــوو، جــۆرام، کــە تــۆ خــەوت پێــوەی دەبینــی؟ هــا؟

**جۆرام:**

دەتەوێ چ بڵێیت.. مامۆستا گیان؟

**ئەندرۆ:**

دەڵێـم ئـەوەی تـۆ بـە دوایـدا وێـڵ بوویـت، جـۆرام لـەو جیهانـەدا هەبـوو کـە تیایـدا ژیایـت.

(جـۆرام هەڵدەسـتێت. لـە پەیکەرەکـە ورد دەبێتـەوە، رووناکیـی کـز دەبـێ و دەگوێزرێتـەوە سـەر پلانەکـەی بەشـی یەکەمـەوە.. دایـك دەبینرێـت، نائارامـە.. زەنگـی دەرگا لێدەدرێـت.. دایـك دەرگاکـە دەکاتـەوە.. تەمـارا دێتـە ژوورەوە).

**تەمارا:**

دایە!

**دایك:**

تەمارا (دەس لەملی یەکتری دەکەن).

**تەمارا:**

کەوابــوو ئەمــە ئــەو شــوێنەیە کــە تیایــدا دەژیــن. بەرێکــەوت ناوونیشـانتانم دۆزییـەوە.. تـۆ دەزانـی مـن لـە پێشـتریش هاتوومەتـە ئێـرەوە. بـەڵام نەمدەزانـی کـە شـوققەکەی ئێوەیـە.

**دایك:**

دەڵێی چی؟ کەی؟

**تەمارا:**

شەممەی رابردوو سێ رۆژلەمەوبەر.

**دایك:**

دا ئەوە چۆن بوو، تەمارا ئازیزەکەم؟ ئەی چۆن من نەمبینیت؟

تەمارا:

نەمدەزانی ئەمە شوققەی ئێوەیە. لەگەڵ خزمێکمدا سەردانێکی هاوسێی پزیشکەکەتانمان کرد. خزمەکەمان نەختێ شپرزە بوو نەمویست بە تەنیا بڕواتەوە، داوام لە پزیشکەکە کرد تەلەفۆنێکم نیشان بدات تاکو لەگەڵ دایکمدا قسە بکەم و هۆی دواکەوتنەکەمی پێ بڵێم. دکتۆرەکەیش منی هێنا بۆ ئێرەوە (رووناکییەکە بۆ جۆرام دەگوێزرێتەوە).

**جۆرام:**

ئای لەم بەڵایە! وا خەریکە شێت دەبم! ئای چەند بە هەڵە چووبووم! نازانم چۆن دڵپیسی وا بە ئاسانی کوێری کردم. چەن بە پەلە بووم! (دیسانەوە رووناکی دەچێتەوە سەر بەشی یەکەمینەوە).

**دایك:**

باشە ئەی جورام لەماڵەوە نەبوو؟

**تەمارا:**

نەخێر. نازانم کەسم نەدی.

**دایك:**

جۆرام هەر لەو شەوەدا ون بوو.

**تەمارا:**

ون بوو!؟

**دایك:**

ئەوا سێ رۆژە نەهاتۆتەوە ماڵەوە. کەس نازانێ لە کوێیە. یا بۆ کوێ چووە و چی لێ قەوماوە..

**تەمارا:**

ئـــۆهـ.. دایـــە! جـــۆرام ئازیزتریـــن کەســـی منـــە لـــەم ســـەرزەمینەدا. دایەگیـــان مـــن خۆشـــم دەوێت.مـــن خۆشـــم دەوێـــت.

**دایك:**

کیـــژی خـــۆم.. دەزانـــم.. دەزانـــم.. بـــەڵام نازانـــم ئـــەم بـــۆچ لەگـــەڵ هەمووانـــدا بەشـــەڕ دێـــت؟ بـــۆ هەمووتـــان لێـــی کشـــاونەتەوە؟

**تەمارا:**

خەتای من نەبوو.

**دایك:**

گرنـــگ ئەوەیـــە.. دەبـــێ خەتـــای کـــێ بـــێ؟ هـــاوڕێ نابـــێ لەتەنگوچەڵەمـــەدا پشـــتیان تێبکرێـــت.. یـــا لـــە تەنگانـــەدا..

**تەمارا:**

ئـــەم زۆر دژوار بـــوو.. منیـــش خەمباربـــووم.. ئـــۆهـ.. چیـــم کـــرد؟ زۆر زۆر کڵـــۆڵ بـــووم. هێرشـــم بـــردە ســـەر تابلۆکەیـــەوە..
کەچـــی بەچـــاو لێـــی دەپاڕامـــەوە.. کەچـــی ئـــەم هـــەروەك بـــەرد وابـــوو.. خۆزیـــا هـــەر تەنیـــا یـــەك جـــار بـــۆم پـــێ بکەنیایـــە.. بریـــا هـــەر ئیشـــارەییەکی بـــۆم بکردایـــە..

**دایك:**

ئەمیـــش پـــەژارەی ئـــەوە بـــووە کـــە تـــۆ هیـــچ ئیشـــارەییەکت پـــێ نەدابـــوو.

**تەمارا:**

هـــەروەك بـــەرد وابـــوو. بـــەڵام مـــن خۆشـــم دەوێـــت. خۆشـــم دەوێـــت، ژیانـــی مـــن ســـەرتاپای بـــە ئەمـــەوە بەنـــدە.. (رووناکییەکـــە دەچێتـــە ســـەر جـــۆرام و ئەنـــدرۆوە).

**جۆرام:**

بەڵایەکی زۆر سەختە. دڵم ئازارم دەدات.. (هەڵوێستێك). بەڵام ئاخۆ کێ دەتوانێ گرەو بکات کە ئەمە بوو بەراستیی روویدا؟ (پەنجە بۆ دیمەنە شاراوەکانی رابوردوو درێژ دەکات).

**ئەندرۆ:**

دڵی خۆت، جۆرام راستییەی پێ دەسەلمێنێ.

**جۆرام:**

ئای لەم یارییە کوشندەیەی چارەنووس بەمنی کرد!

**ئەندرۆ:**

لە پیتۆڵیدا باوەڕێ هەیە پێی دەڵێن (کارما) ئەو باوەڕە دەڵێت: هەموو کردەوەیەکی ئادەمیزاد ئەو سزا و پاداشتەی پێ دەدرێتەوە کە شایانیەتی. جا دادی تۆ لەدەس چییە؟ لە چارەنووس؟ چارەنووس بریتییە لە کوێ ئەو رێبازانەی ئێمە خۆمان هەڵیان دەبژێرین. تۆیش رێبازی خۆتت هەڵبژاردووە.

**جۆرام:**

ئەوسا.. مێرد منداڵی بووم..

**ئەندرۆ:**

زۆران راستیی، کەسانێك دۆزیویاننەتەوە کە لە تەمەنی ئەوسای تۆدابوون.

(هەمدیسان رووناکیی دەگوێزرێتەوە سەر پلانی بەشی یەکەمەوە).. (دایك و تەمارا دەبینرێن).

**دایك:**

ئەوا ساڵێکی رەبەق رابورد، هیچ هەواڵێکی جۆرام نییە.

**تەمارا:**

دەڵێــن بەگــەڵ نێراوەیەکــی شوێنەوارشوناســیدا کەوتــووە بــۆ هەڵکەنــدن و لێکۆڵینــەوەی شانشــینێکی کــۆن لــە ئاســیای ناوەڕاســتدا. بــەڵام هــەر ئیمــڕۆ یەکــێ پێمــی گــووت کــە جــۆرام لەیەکــێ لــە پەیمانگاکانــی مۆســکۆدا بیــنراوە. مــن لەمــە تێناگــەم.. ئەمــە مانــای چییــە؟ بــۆ ئێمــەی جــێ هێشــتووە؟

**دایك:**

دڵم ئازارم دەدات.

(رووناکییەکە دەچێتەوە سەر جۆرام و ئەندرۆ و مرۆ دەستکردەکە)

**جۆرام:**

چەندیــان خــۆش دەویســتم! داخــوا چــەن ئازاریــان کێشــاوە! (رووی بــۆ لای ئینســانە دەســتکردەکە وەردەچەرخێنێــت): تەمــارا چــی بەســەراهات؟ ئایــا گوشــاد بــوو؟ ســوقرات، تــۆ هەمــوو شــتێك دەزانیــت.

**مرۆی دەستکرد:**

هــەر چاوەڕوانیــی کــرد، بــەڵام کاتــێ کــە زانــی چاوەڕوانییەکــەی بــێ ســوودبوو، خــۆی تەنهــا بــۆ یادگاریــی تــۆ تەرخــان کــرد. ئەوســا بڕیاریــدا شــوونەکات.. هەرچەنــد داواکارانــی زۆربــوون و هــەر بــە دڵســۆزی تــۆ مایــەوە. لەگــەڵ دایکتــا ژیــا و لــە رۆژانــی دواییــدا حەســاندییەوە. نیگارەکانــی تۆیشــی کۆکــردەوەو لەســەریانی نووســی. پێشــانگای بــۆ کردنــەوە. بــەڵام دڵســۆزییەکەی لــەوەدا رەنگــی نەدایــەوە کــە پێــی دەڵێــن (خۆبەختکردنێکــی خەمنــاك) کــە مردیــش هەرنــاوی تــۆی بەســەر زارەوە بــوو.

**جۆرام:**

خۆشی دەویستم.

**ئەندرۆ:**

ژیانی رەمزێك بوو بۆ ئازار و چێژی خۆشەویستی.

**مرۆی دەستکرد:**

دڵسۆزییەکەی بۆ تۆ بە جۆرێ لەنێو خەڵکدا دەنگی دابۆوە کە پەیکەرتاشێکی زۆر بەناوبانگ تەمارای هەڵبژارد بۆ نموونەی پەیکەرەکەی.

**جۆرام:**

ئای کە پیاوێکی کوێر بوو.. بێ ئەمەکم! (هەڵدەستێت)

**ئەندرۆ:**

گەشتەکەمان وا خەریکە بگاتە کۆتاییەکەی.

**جۆرام:**

بەراستی وایە. بەڵام ئەو کۆتاییە چییە؟

**ئەندرۆ:**

تابلۆکەتت لەبیرە بەناوی (هونەرمەند و لێکدانەوەی ئەقڵ)ەوە؟

**جۆرام:**

جا چۆن لەبیری دەکەم؟ بەتایبەتی کە سەلماندی بۆ من شتێکی چارەنووسییە؟

**ئەندرۆ:**

پێم بڵێ: ئەگەر بۆت لوا جارێکی تر لە نوێ رەسمی بکەیتەوە. چی دەکەیت؟

**جۆرام:**

وای رەسم دەکەم کە بەتەواویی جیاواز دەرچێت.

**ئەندرۆ** (دەست بۆ نیگار هەڵگرەکەی وێنەکە نیکزاز درێژ دەکات)..
ئەمـە فڵچەیـە و ئەمەیـش ڕەنـگ. ئێسـتا وا هەڵـت بـۆ هەڵکەوتـووە جارێکـی تـر رای خـۆت دەربڕیـت.

**جۆرام:**

ڕاسـت دەفەرموویـت، مامۆسـتا گیـان! هـەروەك هەمیشـە بەوپـەڕی شـادییەوە رای خـۆم دەردەبـڕم.. بـام گشـت کـەس بـی بیسـتن و ببینـن. (فڵچەیـەك هەڵدەگرێـت و دەسـت بـە وێنەکێشـان دەکات). ئینسـان دەبـێ توانـای ئـەوەی هەبـێ بزانـێ کامەرانیـی خـۆی لـە کوێدایـە.. ئەهـا.. ئەمەتـا بڕیـاری مـن (پەنجـە بـۆ بـۆ تابلۆکـە ڕادەکێشـێ). ئەمەیـان جێگـری منـە. ڕۆڵـەی دڵسـۆزی سـەردەم. بڕوانـە..

**ئەندرۆ:** (ڕوو دەکاتە تابلۆکەوە)..
وا سـەردەمی ئێسـتات هەڵبـژاردووە.. وا لەبەردەمیـا بـە چـۆکا دێیـت و سـێوەکەی پێشـکەش دەکەیـت.

**جۆرام:**

بەڵـێ مـن لەسـەردەمی مەزنـی قارەمانییەتیـم داوای لێبـوردن دەکـەم. چـەن ئاواتەخـوازم گوناهەکانـم بشـۆرمەوە کـە لـە ئاسـتی ئەمـدا کردوومـن. زۆر بـە تاسـەوەم بگەڕێمـەوە بـۆ ئـەو سـەردەمەی دەشـیا تیایـدا بەختـەوەر بـم.

**ئەندرۆ:**

ئەمەیـان کارێکـی نەشـیاوە، جـۆرام، لەکاتـی خۆیـدا ئـاگادارم کردیـت کـە تـۆ دەگەیتـە ڕۆژێ بەهـۆی ئـەو هەڵبژاردنەتـەوە پەنجـەی پەشـیمانی بگەزیـت.

**جۆرام:**

زۆر بەداخەوە مامۆستا گیان، ئەمە لە پەشیمانیش زیاترە.

**ئەندرۆ:**

ئاخر ئاگادارم کردیت. تازە کار لەکار ترازاوە.

**جۆرام:**

پێم بڵێ جا چی بکەم باشە؟ من لێرەدا کەسێکی بێ ریشەم. تەنیا وەك کێڵگەیەکی تاقیکردنەوەم و هیچی تر.

**ئەندرۆ:**

هەروا سێوێکت پێماوە.

**جۆرام** (سێوەکە دەردێنێ):

راستە سێۆی سێیەم.

**ئەندرۆ:**

زۆر چاکە تاقی بکەرەوە، سا لە هەموو ئارەزووەکانتەوە رزگارت دەکات.

(هونەرمەند ئەندرۆ دوور دەکەوێتەوە و بزر دەبێ. جۆرام بە هێواشی لەبەردەم پەیکەری دڵسۆزییدا بەچۆکا دێت، سێوەکەی بۆ دەموچاوی بەرز کردۆتەوە).

**مرۆی دەستکرد:** (لە مایکرۆفۆنەکەدا قسە دەکات):

سوقراتی ٣٣ بانگتان دەکات. ئاگاداریی، ئاگاداریی سوقراتی ٣٣ بانگتان دەکات. من ئەندازیاری ئێشکچی لە پەیمانگای چاوەدێریی ئاسمانگەڕەکە دەبینم و دەی بیستم.

**دەنگی ئەندازیاری ئێشکچی:**

ئەندازیاری ئێشکچی دەتبینێ و گوێی لێتە.

**مرۆی دەستکرد:**

وا شتێك لە ئاسمانگەڕەکە دەقەومێ کە بەرنامەکە بایەخی پێی نەدابوو. من بێ چارەم.

**دەنگەکە:**

ئێستێ دەگەمە فریات. لەوێدا چاوەڕوان بکە.

(مرۆی دەستکرد لە جۆرام نزیك دەبێتەوە. تاریکییەکی ئەنگوستەچاو ونیان دەکات، کە ئەنجامی سێبەری چەند باڵێکی ئێجگار زلە. دەنگێکی زۆر ناسك دەبیسرێت.. نینۆ و نیکزاز دێنە ژوورەوە و باڵەکانیان دادەکەنن.. هیچ شوێنەوارێکی جۆرام و مرۆی دەستکرد نامێنێ).

**نیکزاز:**

ئای چەند خێرا فڕین! کەس نەیتوانی بمانگاتەوە.

**نینۆ:**

شتێکی زۆر نایاب بوو! ئەوکاتەی لە شەققەی باڵمدا دەمزانی وزەی تەواوم پێ نییە، هەموو ئاواتم ئەوەبوو پاشماوەی سۆزەکانی پێشووم هەموو لەناو بێنم و ئەنجا بەزەویدا بکەومە خوارەوە. ئەوە بوو ئاواتەکەم. بەڵام تۆ پێم راگەیشتیت، جا لەوێدا لەنێو هەورە بەرزەکانەوە.. لە ئاسمانی بێ سنووردا.. بەسەرخۆمدا زاڵ بوومەوە.. تۆ لەگەڵما بوویت.. باکانیش خەونە بەسامەکانیان ورد و هاڕیم و کردیانن بە تۆوی زەوییەوە.. نیکزاز من دووبارە شاد و بەختیارم.

**نیکزاز:**

من کامەران ترین ئادەمیزادم لەسەر زەویدا (تەماشای (وێنەکە دەکات بەسەر سیپاڵەکەوە). ئەمە چییە؟ ئەمە نیگار هەڵگرەکەی خۆمە. ئەی چۆن هاتۆتە ئێرەوە؟ کێ ئەم نیگارەی کێشاوە؟

**نینۆ:**

بڕوانــە هونەرمەندەکــە لەبــەردەم ســەردەمی خۆیــدا بەچۆکــدا هاتــووە!

**نیکزاز:**

هــەر تــاوە ناتــاوێ لەپــڕ لووتمــان دەکات بــە لووتــی یەکــێ لــە مەتەڵــە چــاوەڕوان نەکراوەکانیــەوە.

**نینۆ:**

بــەڵام ئــەم نیــگارە بــە پەنجــەی هونەرمەندێکــی لێهاتــووەوە کێــشراوە. ئەمەیــش ناوونیشــانەکەیەتی.. ســەردەمی خــۆت خــۆش بوێــت.

**نیکزاز** (بە تێڕوانینەوە):

بەڵــێ ســەردەمی خــۆت خــۆش بوێــت بەراســتی پەنجەیەکــی خــاوەن بەهرەیــە، هەرچەنــد هەمــوو لایەنەکانیشــی نەگرتۆتــەوە.. ئەمــە دەبــێ دەســتی کــێ بــێ ئــەم فڵچەیــەی گرتبــێ؟ بەراســتیی مەســەلەیەکی ئاڵــۆزە.

**نینۆ:**

لەوانەیــە ئــەو پیــاوە بووبــێ کــە ســاتێ لەمەوبــەر لێــرە مــن کــە بــە ئاســمانەوە دەفڕیــم کابــرام دی. لەبــەردەم نیــگار هەڵگرەکــەدا وێســتابوو.

**نیکزاز:**

کام پیاو؟ دەنا من هیچ کەسێکم نەدی.

**نینۆ:**

من دیتم. تۆ بڵێی دیبێتم؟

**نیکزاز:**

بینیت؟ تۆ بڵێی دیتبێت؟

(پەردە).

لـە (گۆڤـاری الاقـلام)ی ژمـارە (١)ی سـاڵی ١٩٧٩ی تایبـەت بـە شـانۆی جیهانـی کراوەتـە بـە کـوردی.

# دوو شانۆگەریی کورت

هاینەر میللەر

## هاوڕێیەکم هەبوو

**سەربازی یەکەم:**

هاوڕێیان ئیتر توانای بینینی دوژمنم نەماوە.

**سەربازی دووەم:**

ئەشێ لە برسانا بیت.

**سەربازی سێیەم:**

بگرە لەبەر بەفر و زریانەکەیە.

**سەربازی چوارەم:**

ئینجا خۆ دوژمن لەگشت شوێنکدایە.

**سەربازی دووەم:**

هەرکاتێ سکم بەتاڵ بێ، تەنیا تاکە دوژمنێ دەمێنێ.

**سەربازی چوارەم:**

مەبەستت چییە؟

**سەربازی دووەم:**

مەبەستم ئەوەیە چوار هەفتەیە تامی گۆشتم نەکردووە.

**سەربازی سێیەم:**

من ئامادەم تێکڕای وڵاتێك بکەم بە قوربانی پارچە ئێسقانێك.

**سەربازی چوارەم:**

ئێمە لە پێناوی ئەڵمانیا دایە برسێتی دەچێژین.

**سەربازی دووەم:**

جا ئێستێ ئەڵمانیا بە چ دەچێ؟ لەوانەیە لەم چوارەمان بەولاوە کەسێکی تر نەمابێ،

**سەربازی چوارەم:**

ئێمە یەکێکمان زیادین.

**سەربازی دووەم:** "رووی تفەنگ دەکاتەوە سەربازی چوارەم":

بەسیەتی چەنەبازی.

**سەربازی چوارەم:**

مەبەستم ئەوەیە.. ئێمە براین.. ئەمە واتای..

**سەربازی دووەم:**

بام هەریەك لە ئێمە پاشەرۆکی براکەی بخوات.

**سەربازی چوارەم:**

سێمان تێر بین چاکترە تا هەر چوارمان برسی بین. دڵسۆزی

نیشــانەی بەرزییــە!

**سەربازی سێیەم** "سەری دەلەقێنێ نیشانەی رەزامەندیی":

تاك لە پێناوی کۆمەڵدا!

**سەربازی دووەم:**

ئــەو پرســیارەی لێــرەدا ســەر هەڵــدەدات ئەمەیــە، کــێ لــە ئێمــە ئامادەیــە خــۆی بەخــت کات؟

"سەربازی دووەم و سێیەم و چوارەم لوولەی تفەنگەکانیان لێکدەکەن".

**سەربازی یەکەم:**

براینە چیتر دەستم چەك ناگرێت!

"ســەربازی دووەم و ســێیەم و چــوارەم چەکەکانیــان فــڕێ دەدەنــە ســەر زەوی و لەیەکـتر رادەمێنــن."

**سەربازی چوارەم:**

تفەنگەکەتــم بــدەرێ، هــاورێ. مــن بۆتــی هەڵدەگــرم. "تفەنگەکــەی لــێ وەردەگرێــت و دەیداتــە بــەر گوللــە".

چووکتریــن ئەلقــە بــوو لــە زنجیرەکەمانــا و مەترســییەك بــوو بەســەرمانەوە. کەچــی وا ئێســتێ دەبێتــە هۆیــەك بــۆ تێربوونمــان.

ئەمەیش بناخەیەکی سەرەتاکانی برایەتییە.

سەربازی دووەم و سێیەم و چوارەم، سەربازی یەکەم دەخۆن.

**(کۆتایی)**

# شەوی چەقۆ درێژەکان

**یەکەم:**

لەکاتێکدا شەوەکە بەهۆی سووتانی رایخشتاخەوە بوو بە رۆژی رووناك، من براکەمم دی، لای دەرگاکەوە وێستابوو، دەستم بۆی درێژ نەکرد.

**دووەم:**

برام، بۆخۆتم لێ نەناس دەکەیت؟

**یەکەم:**

گەر برام بوویتایە ئە ئاوا لەبەردەمما نەدەوستایت، لە کاتێکدا خوێنی هاوڕێکانمان لە دەستەکانتا دەتکێتەوە. خۆزیا دووجار دەمریت.

**دووەم:**

ئاواتی منیش هەر ئەمەیە، براله هەربۆیەشە هاتوومەتە لات.

**یەکەم:**

تۆ هەر بە "برا" بانگم دەکەیت کەچی من چیتر برای تۆ نیم. چەقۆیەك لە نێوانی من و تۆدا بەناوی (ناپاکی)یە! هۆی ئەمەیش هەر خۆتیت.

**دووەم:**

ئەگەر وایە خوێنیش لەدەسما دەتکێت، کەوابوو شایانی هەرچێکم پێمی ببەخشە. مەرگم پێ ببەخشە.

**یەکەم:**

ئەمەی وت براکەم، ئەو برایەی بۆ من بوو بە بێگانە و نیشانەی ئابڕووچوون، پاش ئەوەی هێند ئازاریان دابوو تا وای

لێهاتبــوو کراســێ خاکــی کردبــووه بــەر لــە نــان و خوانیانــدا بەشــدار بووبــوو. ئــەو برینانەیــش بەلەشــیەوە جێیــان هێشــتبوون هێشــتا ســارێژ نەبــوو بــوون. ئەمەتــا ئێســتەیش وا دەمانچەکــەی لەســەر مێزەکەمــا دادەنێــت! پێویســتە بەدەســتی خــۆت ئەمــە بکەیــت.

**دووەم:**

ئەگــەر ئەمــەم بکردایــە، بــرام. هیــچ ســێ و دووم لێنەدەکــرد، ئێســتا وەك جــاران نەمــاوم.

**یەکەم:**

ئەمە پەیوەندی بە منەوە نییە.

**دووەم:**

بەڵام هەردووکمان لە دایکێکا بووین.

**یەکەم:**

لە کوێوە هاتوویت بچۆرەوە بۆ ئەوێ.

**دووەم:**

لەکارگەدا لەنزیك تۆوە وێستا بووم.

**یەکەم:**

گــەر دەمزانــی رۆژگارت بــەم رۆژە دەگات نیــازم دەخواســت ئامێرەکــە پارچــە پارچــەت کات.

**دووەم:**

هەروەهــا لەمانگرتنــە گشتیەکەشــدا بەشــداریم کــرد، تەنانــەت کــە لــە نزیــك دەرگای براندنبورغــدا لەتــەك ئەوانــی تــرەوە. بــە ژیانــی هیتلــەرەوە هۆتافــم دەکێشــا، لــە راســتیدا دڵــم هــەر بــەلای تــۆوە بــوو.

**یەکەم:**

تـــۆ وا کراســـێکی خاکیـــت لەبەردایـــە، ئەمەیـــش راســـتیەکەیەتی، ئێســـتێ و ئـــا لێـــرەدا.

**دووەم:**

راستییەکەی، ئێستێ و ئا لێرەدا دەتەوێ بیخوینتەوە؟ فەرموو:
بـــۆ ســـێ هەفتـــە تـــەواو پەڕەیـــە کاغـــەز بـــووم دوژمنـــی مـــن و دوژمنـــی تـــۆ راســـتیی خـــۆی لەســـەرا نووســـی، (کراســـەکەی دادەکەنـــێ و ســـنگی دەردەکەوێـــت). خاچـــی چەمـــاوەی دروشـــمی نازییەکانـــی تیـــادا هەڵکەنـــراوە و نیشـــانەی زامەکانـــی ئاشـــکار پێـــوە دیـــارن).
ئـــا بـــەم جـــۆرە براکـــەت، جگـــە لـــە ناپاکەکـــە هیچـــی لێیـــان نەماوەتـــەوە.

**یەکەم:**

چاوەڕوانـــی چـــی دەکەیـــت؟ پێویســـتە فەرمانـــی خـــۆت بەجـــێ بگەیەنیـــت. بـــرا.
ئەوسا دەبینیت لەپای بۆچوونەکانمەوە چۆن ئازارێکم دەدەن.
بەڵام ئەوان هەرگیز ناتوانن منیش بکەن بە سەگ!

**دووەم:**

حەز دەکەی بۆتی بگێڕمەوە چۆن مرۆ دەکەن بە سەگ؟

**یەکەم:**

پێویســـت بـــە قســـە نـــاکات خـــۆت نموونەیەکـــی زینـــدووی ئەمەیـــت. ئـــەی ســـەگ بگەڕێـــڕەوە نێـــو پێســـتەکەی خۆتـــەوە، وا ســـەگەکانی تـــر لـــە دەرەوە دەلوورێنـــن. بگەڕێـــوە بـــۆ لایـــان تـــا بەشـــی خـــۆت وەرگریـــت.

"بێدەنگی، هات و هاوارێك لە دەرەوەدا".

**دووەم:**

لـە ژێـر زەمینەکانـی گۆسـتابۆدا پەنـام وەبـەر بێدەنگـی بـرد، بـەڵام کاتێ هاتمـە دەرەوەیـش رۆژگار لەجـاران خۆشـتر نەبـوو، ئێوەیـش رووی خۆتانتانـم لـێ وەرگێـڕا، وەك هـەر نەشمناسـن، هەرچەندەیـش هێشـتا خوێـن لـە ژێـر کراسـەکەما وشـکەوە نەبـوو بـوو، لـە پێنـاوی ئێوەدا پشـتم دانەوانـد، کەچـی لەنـاو کـەلاوە کۆنەیشـدا شـوێنێکم بۆخـۆم نەدۆزییـەوە. بـــۆ جـــاری دووەم، کـــە لـــە دوای ســـێ هەفتـــە گرتمیانـــەوە ئـــاوام هەســـت کـــرد وەك ژێـــر زەمینـــەکان نیشـــتمانم بـــن!

سـەگ هەمیشـە شـتێ دەدۆزێتـەوە حەیـای خـۆی پـێ داپۆشـێت، چەرخیـش بـەلای راسـتەوە دەسـووڕێتەوە، تۆیـش هیچـت بـۆ ناکرێـت قامچـی هەژانـدن نەبـێ، کەچـی ئەوانـی تـر هـەر هـاوار دەکـەن.

ئـا ئەمـە بـوو ئـەوەی روویـدا، بـاش سـەیری نـاوەوەی خۆمـم کـرد، کـە شـەوی چەقـۆ درێـژەکان داهـات و بـە شـوێن ئـەوەدا دەگـەڕا کـە سـەرکەوتوو بـوو، تێگەیشـتم کـە یەکـەم کـەس وا دواکـەس هـەر خـۆم بـووم.. وابزانـم کـە ئێمـە یەکێکـمان زیادبوویـن. سـا فەرمـوو دەمانچەکـە هەڵگـرە و ئـەوەی بـە مـن ناکرێـت، تـۆ بیکـە، تاکـو لـە پـاش مردنیشـدا هـەر سـەگ نەبـم.

**یەکەم:**

لـەو کاتـەدا کـە ژێـر زەمینـەکان بـە هـاواری هەڤاڵەکانمـەوە پـڕ بووبـوون، کـە چەقـۆ درێـژەکان بەرلینیـان دوو لـەت دەکـرد، مـن ناپاکەکـەم کوشـت.. براکـەی خۆمـم کوشـت..

سەرچاوە: لە گۆڤاری -الاقلام- ی ژمارەی تایبەتی بە شانۆی جیهانییەوە، وەرگێڕراون.
گۆڤاری (کاروان) ژمارە ١ی تشرینی یەکەم ١٩٨٢

لە ئەدەبی ئیسپانییەوە

# بەیانیەکی رووناك

**برایان سیراڤین و یەواکین کەنتیرۆ**

**کەسایەتییەکان:**

دونالۆرا

بەترا: کەنیشکی لۆرایە

دون کۆنزالۆ

**خوانیتۆ:** یاوەری کۆنزالۆیە.

**دیمەن:** بەیانییەکی رووناك، لە سووچێکی تەنیایی یەکێ لە باخە گشتییەکانی شاری (مەدرید)دالەلای راستەوە لا تەختێك هەیە.

دونا لۆرا پیرەژنێکی سەرسپییە، بەڵام جوانیی پێوە دیارە. بەتەمەن حەفتا ساڵ دەبێ، پوخت و رێکە. لەچاوە گەشەکانییەوە و لە دیمەنیدا دیارە کە

هەرچەنـد بەسـاڵاچووە بیروهۆشـی هـەر لەسـەرخۆیایەتی. لـۆرا دێتـە ژوورەوە، بەتـڕای کارەکـەر دەسـتی گرتـووە. سـەیوانێکی بەدەسـتەکەی ترەوەیـە وەك داردەسـتیش بـەکاری دێنـێ.

**لۆرا:**

ئـای کـە بەختـەوەرم، دەترسـام تەختەکـەم گیرابێتـەوە. وای چەنـد بەیانییەکـی جوانـە!

**بەتڕا:**

بەڵام خۆرەتاوەکەی زۆر گەرمە!

**لۆرا:**

ئـا بەڵـێ چونکـە تـۆ هـەر لـە تەمەنـی بیسـت سـاڵی دایـت. (بەسـەر لاتەختەکـەوە دادەنیشـت) ئـاخ، ئیمـڕۆ مـن زۆر مانـدووم، (هەسـت دەکا بەتـڕا ئارامـی لێهەڵگیـراوە) گـەر ئـارەزوو دەکەیـت، بچـۆ لـە تـەك دۆسـتە پاسـەوانەکەتدا هەنـدێ چەنـە لێبـدەن.

**بەتڕا:**

ئەو دۆستی من نییە، پاسەوانی باخەکەیە، خانم.

**لۆرا:**

بـەڵام ئـەو بەتـۆوە زیاتـر خەریکـە تـا باخەکـە بـڕۆ بـە شـوێنیدا و بیـدۆزەرەوە، بـەڵام نەکـەی زۆر دوور بکەویتـەوە. حـەز دەکـەم هـەر سـاتێ بانگـم کـردی گوێـت لـە دەنگمـەوە بێـت.

**بەتڕا:**

وا لە دوورەوە دەبینم بۆ دیدارم دەسووتێ.

**لۆرا:**

بەڵام نەخەڵەتاییت لە دە خولەك زیاتر لەگەڵیدا بمێنیتەوە، ها.

**بەترا:**

بەسەرچاوان خانم.

**لۆرا:**

ساتێ بوێستە.

**بەترا:**

فەرمانی تۆیە، خانم.

**لۆرا:**

دادەی ئەو چیچکە نانانەم بدەرێ.

**بەترا:**

ئۆف.. نازانم چیم لێقەوماوە؟

**لۆرا:** (بە خەندێکەوە):

بەلام من دەزانم مێشکت لەو شوێنەدایە کە دلی لێیە. بە شوێن پاسەبانەکەدا دەگەڕێت.

**بەترا:**

بفەرموو خانم (کیسەیەکی بچکۆلانە دەداتە لۆڕاو، لە دەستە راستەوە دەچێتە دەرەوە) بە دوعا.

**لۆرا:**

خوات لەگەل.. (سەیری درەختەکانی لای راست دەکات، (ئەها ئەوا هاتن، خۆیان بەتەواویی دەزانن چ کاتێ دێنە دیدەنیم. (بۆلای راستە لا دەکاتەوە و سێ گۆلم چیچکە نان فرێ دەدات). ئەم گۆلمەیان بۆ جوانترینیان و سووکترینیان، ئەمەیشیان بۆ چاوچنۆکترینیان، ئەم گۆلمەیش بۆ بچووکترین بێشەرمترینیان (پێدەکەنێ و بۆ جێگەکەی خۆی دەگەڕێتەو و تەماشای بالندەکان دەکات نانەکە دەخۆن، (شادمانیی بەروویەوە دیارە)

ئــەم پەلەکردنــەت لــە پــای چــی؟ مــن دەتناســم، ئــەی زەبەلــلاح، تــۆ هەمیشــە هــەر لــە پێشــەوەیت. مــن بەســەرە زلەکەتــدا دەتناســمەوە، ئەمــە یــەك. ئــەوە یەکــی تــر. ئەمــە دوان، ئەمــە سـێیان، ئـەم کورتەبنەیـان لـە هەمـووان بـێ حەیاتـرە. گومانـم نییـە نانەکـە لـە دەسـتمەوە دەرفێنـێ. کەچـی هـۆ ئەوەیـان بەشـەکەی خـۆی دەبـات و بـەرەو پۆپـەی درەختەکـەوە هەڵدەفـڕێ و بـە تەنیـا خـۆی مـات دەدات. بـەو خووایـە ئـەوە پیتۆڵـە و حـەز بـە تەنیایـی دەکات. بـەڵام ئەمانـە هەمـوو لـە کوێـوە دێـن؟ وام بـۆ دەردەکـەوێ هەواڵــی هاتنەکــەم چــاك بڵاوبۆتــەو و زانــراوە، هــا، هــا، هــا.. واز لــەم شــەڕکردنەتانا بێنــن هــەی.. بەشــی هەمووانتانــم پێیــە. بەڵێــن بـێ سـبەی زیاتریشـتان بـۆ دێنـم. (دون کوانزالـۆ و خوانیتـۆ لـەلای چەپــەوە دێنــە ژوورێ).

**کۆنزالۆ:**

بەلامــدا لــەم خەڵکــە، ئــەوان بەیاریــی و رابوردنــەوە کاتەکانــی خۆیــان بــە فیــڕۆ دەدەن. لــە جیاتــی ئــەوەی بــۆ نوێــژ و نــزا ســوودیان لــێ وەبینــن.

**خوانیتۆ:**

نافەرموویـت لێـرە دانیشـیت گـەورەم؟ جگـە لـە پیرەژنـێ ئـەوەی ئادەمیــزاد بــێ لێــرە نییــە (لــۆرا لادەکاتــەوە و گــوێ دەگرێــت).

**کۆنزالۆ:**

خوانیتــۆ، هەرگیــز ئــا لێــرە دانانیشــم. مــن لاتەختێکــم بەتەواویــی دەوێــت.

**خوانیتۆ:**

بەڵام هیچ لاتەختەیەکی چۆڵ لێرەدا نییە.

**کۆنزالۆ** (پەنجە درێژ دەکا):

هۆ ئەو لاتەختەی ئەوێ شوێنی تایبەتی منە.

**خوانیتۆ:**

سێ قەشە گرتوویانەتەوە.

**کۆنزالۆ:**

ئەی خووا لەناویان بەرێت، هەر نەڕۆیشتوون؟

**خوانیتۆ:**

لەراستیدا هەروان لەوێدا، بەقسانەوە خافڵاوون.

**کۆنزالو:**

وەك بـە تەختەکـەوە دوورابـن لێـوەی جیانابنـەوە، هیـچ هیوایەکیـش نییـە جێـی بهێڵـن. خوانیتـۆ، وەرە ئێـرەوە. (بـۆ لای راسـت دەچێـت).

**لۆرا:** (بەتووڕەیی)

وریابە!

**کۆنزالو:**

لەگەڵ منتایە خانم؟

**لۆرا:**

بەڵێ جەنابت.

**کۆنزالو:**

جا چیت دەوێ؟

**لۆرا:**

زراوی ئەو باڵندانەت برد کە چیچکەنانی منیان دەخوارد.

**کۆنزالو:**

جا ئەم باڵندانە چ پەیوەندیان بەمنەوە هەیە؟

**لۆرا:**

ئاخر پەیوەندییان بەمنەوە هەیە.

**کۆنزالو:**

خانم ئەمە باخێکی گشتییە.

**لۆرا:**

ئـەدی کەوایـە بۆچـی لـەو قەشـانە نیگەرانیـت کـە شـوێنەکەتیان گرتۆتـەوە؟

**کۆنزالو:**

خانـم ئێمـە یەکـتری ناناسـین، بۆیـە تێناگـەم چـۆن زات دەکەیـت لەخۆتـەوە بمدوێنیـت! یالـلا خوانیتـۆ.

(هەردووکیان لەلای راستەوە دەچنە دەرەوە).

**لۆرا:**

ئـای کـە پیرەمێردێکـی دژە! ئـەرێ ئـەوە بـۆ لەتەمەنێکـی تایبەتـدا بـێ رەوشـتیی و دژایەتیـی و بێنەوبـەرە بەسـەر زۆربـەی خەڵکـدا زاڵ دەبـن؟ وەی کـە خۆشـحاڵم! چونکەسـزای خـۆت وەرگـرت. ئـەم تەختەشـی لـەدەس خـۆی دا. جـا ئـەو کەسـەی باڵندەکانـی مـن دەتۆقێنـێ دەبـێ چـی بەسـەر بـێ؟ ئـەوا چـاوی چۆتـە تەوقـی سـەرییەوە. جووانـە! باشـە ئازایەتـی خۆتـم پـێ نیشـاندە و تاکـە شـوێنێك بۆخـۆت بـدۆزەرەوە. ئـای کـە بێچارەیـە وا ئارەقـەی شـەرمەزاریی دەسـڕێتەوە. ئەهـا ئـەوا هاتـەوە. ئۆتۆمبیلـی بەوپـەڕی خێراییـەوە دەرپەڕێـت ئـەم تەپوتـۆزە هەڵناسـێنێت.

(کۆنزالۆ و خوانیتۆ دێنە ژوورەوە و بۆ لای چەپ دەڕۆن).

**خوانیتۆ:**

نەخەیر گەورەم، ئەو قەشانە، هەروا لەوێدان.

**کۆنزالو:**

ئەرکـی سەرشـانی کاربەدەسـتانە لـە رۆژێکـی ئـاوا هەتـاودا تەختـی زیاتـر ئامـادە بکـەن. راسـتە هیـچ چارەیەکـم نییـە. دەبـێ هـەر لەسـەر ئـەم تەختـەوە دانیشـم. لـە تەنیشـت ئـەو، پیرەژنـەوە. (بـە بۆڵەبـۆڵ دادەنیشـێ، بـە پەسـتیی سـەیری ئافرەتەکـە دەکا و بـە شـەبقەکەی سـڵاوی لێـدەکات: بەیانـی بـاش.

**لۆرا:**

چیی، ئەوا هەر لێرەیت؟

**کۆنزالو:**

دووبـارە بـە گوێتـدا دەڵێمـەوە، ئێمـە شـەڕەفی یەکترناسـینمان نەبـووە.

**لۆرا:**

بەندە وەرامی سڵاوەکەت دەدەمەوە.

**کۆنزالو:**

وەرامی رۆژباش رۆژباشە، خودا لە شەڕی ناگەهان بمانپارێزێت!

**لۆرا:**

لەسـەرتۆ پێویسـت بـوو روخسـەتی دانیشـتن لەسـەر ئـەم شـوێنەدا لـە مـن بخوازیـت.

**کۆنزالو:**

ئەم تەختانەی ئێرە بۆ هەموو کەسێکن.

**لۆرا:**

ئـەی بـۆ گوتـت ئـەو تەختـەی قەشـەکانی لەسـەر دانیشـتبوون تایبـەت بـە تۆیـە؟

**کۆنزالو:**

باشــە.. باشــە هیــچ قســەی تــرم پێنەمــاوە، (ددانەکانــی جیڕەیــان دێ). ئـای کـە پیرەژنێکـی خڵەفـاوە! ئـەم دەبوایـە ئێسـتێ لەماڵـەوە خەریکــی جــل چنیــن و یــان تەزبیحــات و خواپەرســتیی بووایــە.

**لۆرا:**

واز لــەم پرتەوبۆڵەیــەت بێنــە. مــن لەبــەر خاتــری تــۆ ئــەم لاتەختــە چۆلناکــەم.

**کۆنزالو:** (پێڵاوەکانی بە دەسرۆکەکەی دەسڕێتەوە)،

باشتر دەبوو ئەگەر ئەم خاکەیان ئاوڕشێن بکردایە.

**لۆرا:**

ئەوا پێڵاوەکانت بە دەسرۆکی دەموچاوسڕینەوەت دەسڕیتەوە؟

**کۆنزالو:**

جا ئەمە چ زیانێکی تیادایە؟

**لۆرا:**

ئەدی دەموچاویشت بە فلچەی قۆندەرەکانت دەسڕیتەوە؟

**کۆنزالو:**

بەکامە مافێکت رەخنە لە کردەوەکانی منەوە دەگریت؟

**لۆرا:**

مافی هاوسێتی.

**کۆنزالو:**

خوانیتــۆ، وەرە کتێبەکــەم بــدەرێ حەزناکــەم گــوێ لــەم قســە قۆڕانــە بگــرم.

**لۆرا:**

تۆ وادیارە ئێجگار بەئەدەبیت.

**کۆنزالو:**

بەخشـە، خانـم بـەڵام چاکـتر وایـە دەسـت لـە شـتێکدا وەرنەدەیـت کـە پەیوەندیـی بـە خۆتـەوە نەبێـت.

**لۆرا:**

من هەردەم ئەوە دەڵێم کە بڕوام پێیەتی.

**کۆنزالو:**

تۆ بەبێ هوودە بەسەر قسانەوە دەڕۆیت، کتێبەکەم، خوانیتۆ.

**خوانیتۆ:**

فەرموو ئەمەتا، گەورەم.

(خوانیتـۆ کتێبێـك لـە باخەڵیـا دەردێنـێ و دەیداتـە دەسـت کۆنزالـۆوە و لـەلای راسـتەوە بـۆی دەردەچـێ، کۆنزالـۆ بـە تووڕەییـەوە تەماشـای لـۆرا دەکات، ئەوجـا چاویلکەیەکـی زل دەکاتـە چاویـەوە، پاشـان یەکێکـی تـر دەردێنـێ بـۆ خوێندنـەوە. دەسـت دەکا بـە ڕێکخسـتنی هـەردوو چاوێلکەکانیـەوە، بەمەبەسـتی خۆئامادەکـردن بـۆ خوێندنـەوە و کتێبەکـە دەکاتـەوە).

**لۆرا:**

وامزانی چاویلکەیەکی تەلەسکۆپ دەردێنێت!

**کۆنزالو:**

هەمدیس دەستت پێکردەوە؟

**لۆرا:**

ئای کە مرۆڤێکی چاوتیژیت!

**کۆنزالو:**

چاوی من هەرچۆنێك بێ لە چاوی تۆ تیژترن.

**لۆرا:**

بێگومان ئەمە روون و دیارە.

**کۆنزالو:**

لە راوچییەکان بپرسە، ئەگەر نەتزانیوە.

**لۆرا:**

ئاە، ئەوە راوکەریشت؟

**کۆنزالو:**

ئەوەیان لە رابردوودا بوو، بگرە ئەز تا ئێستاش.

**لۆرا:**

بێگومان، بێگومان.

**کۆنزالو:**

بەڵــێ خانــم. مــن هــەر یەکشــەممەیەك بــۆ راوو شــکار لەبــاخ و کێڵگەکەمــەوە دەردەچــم. تفەنگەکــەم هەڵدەگــرم و ســەگەکەم دوام دەکــەوێ. ئــا بــەم شــێوەیە کاتەکــەم دەکــوژم.

**لۆرا:**

بەڵــێ، کاتەکــە دەکوژێــت، چونکــە ئەمەیــان تەنیــا شــتێکە بتوانــی بیکوژێــت.

**کۆنزالو:**

ئاوەهــای تێدەگەیــت؟ دەتوانــم ســەری بــەرازە کێویــت لــە ژوورەکەمــدا پــێ نیشــاندەم.

**لۆرا:**

بەڵــێ منیــش دەتوانــم لــە ژوورەکــەی خۆمــدا پێســتی پڵنگــت نیشــاندەم، بــەڵام ئاخــۆ ئەمــە چــی دەگەیەنێــت؟

**کۆنزالو:**

زۆ چاکــە، خانــم ئێســتەیش رێــم پێدەدەیــت بخوێنمــەوە؟ ئــەم گفتوگۆیەمــان بــەس بــوو.

**لۆرا:**

زۆر باشە، کەواتە هێور بوویتەوە؟

**کۆنزالو:**

ئێستەیش بام نەختێ بەرنووتی هەڵمژم (قووتییەکە دەردێنێ) نەختێکت لەمەیانا دەوێت؟

**لۆرا:**

ئەگەر جۆرەکەی باش بێت.

**کۆنزالو:**

چاکترین جۆریانە، دەزانم بە دڵت دەبێ.

**لۆرا:** (هەندێ دەکاتە لووتیەوە)

ئەمەیان مێشکم ساف دەکاتەوە.

**کۆنزالو:**

هەروەها مێشکی منیش ساف دەکاتەوە.

**لۆرا:**

پێی دەپژمیت؟

**لۆرا:**

بەڵێ خانم، سێ جاران لەسەریەك.

**لۆرا:**

بەندەیش هەربەمجۆرە. ئای لەم پێکچوونە! (هەریەکێکیان سێ جاران بەسەریەکەو دەپژمن).

**کۆنزالو:**

وا ئێستێ باشترم.

**لۆرا:** (لەبەرخۆیەوە)

ئەم بەرنووتییە ئاشتی کردینەوە.

**کۆنزالو:**

بەیارمەتی خۆت، بۆم هەیە بە دەنگی بەرز بخوێنمەوە؟

**لۆرا:**

خـۆت چۆنــت لا خۆشــە ئــاوا بخوێنــەوە. ئــەوە هەرگیــز نیگەرانــم نــاکات.

**کۆنزالو:** (دەخوێنێتەوە):

"هەمــوو خۆشەویســتییەك تاڵــە، بــەڵام وێــڕای تاڵییەکەیشــیەوە" خۆشــترین شــتێکە، لــەم جیهانــەدا" ئەمــە هۆنــراوەی میــری بوێژانــی ئیســپانیایە.

**لۆرا:** (بەئاخێکەوە)

ئاە..

**کۆنزالو:** (بەردەوامە)

"ســەیرن رۆژانێــك خــول دەخــۆن، ئیمڕۆکــە بەکەمــێ چرپــەوە چیرۆکــی دوێنێکــە دەگێڕێتــەوە.
جوانیــی ئیمــڕۆش لــە کانیــاوی ئــەو دوێنێــوە هەڵقــوڵاوە دایکــە و کیژەکــەی بــە دوای منــدا دەگەڕێــن، وای بــە خوڵامــی دوێنــێ و پاشــبەندی دوێنێکــە بــم". بــەلای منــەوە ئــەم دێــڕە شــیعرانە بەشــێوازی گاڵتەجاڕییــەوە داڕێــژراون.

**لۆرا:** (بە پێکەنینەوە)

منیش هەروای بۆ دەچم.

**کۆنزالو:**

ئــەم کتێبــە هەڵبەســتی ئێجــگار نایابــی تێدایــە، فەرمــوون ئەمەیــان "لــەدوای بیســت ســاڵی رەبەقــدا ئــەم ئەوەتــا وا دێتــەوە".

**لۆرا:**

نازانێـــت چەنـــێ خەمبـــارم کـــە دەتبینـــم بـــەم چاویلکانـــەوە دەخوێنیتـــەوە!

**کۆنزالو:**

ئەی تۆ بێ چاویلکە دەتوانی بخوینیتەوە؟

**لۆرا:**

بێگومان.

**کۆنزالو:**

لەم تەمەنەتدا؟ دڵنیام گاڵتە دەکەیت.

**لۆرا:**

ئەگـــەر بڕواناکـــەی، بێنـــە کتێبەکەتـــم بـــدەرێ. (بـــە دەنگـــی بـــەرز دەخوێنێتـــەوە).

"لە دوای بیست ساڵی رەبەقدا
ئەم ئەوەتا وا دێتەوە
هەرکە چاو بەچاوا دەکەونەوە
هەریەك لە دڵی خۆیدا دەڵێت
ئەوە منم تێر بەچاوم
بە رووی دلبەرمدا دەڕوانم
توخوا ئەمە بێ دڵدارم!" (کتێبەکە دەداتەوە کۆنزالو).

**کۆنزالو:**

ئـــەوەی راســـتی بێـــت مـــن ئێرەییـــت پـــێ دەبـــەم بـــۆ ئـــەم بینـــا تیژەتـــەوە!

**لۆرا:** (لەدڵی خۆیدا)

سوێند بێ تاکە پیتێکیشم نەخوێندەوە. من هۆنراوەکەم ئەزبەرە.

**کۆنزالو:**

مـن حـەز بـە شـیعری کـورت و ڕەوان دەکـەم، ئەوەنـدەی حـەز پێدەکـەم هەسـت و هۆشـی لێسـەندووم. منیـش هـەر لـە منالیمـەوە شـیعرم دانـاوە.

**لۆرا:**

جا هیچ شیعرێکی چاکت داناوە.

**کۆنزالو:**

مـن لـە هەمـوو بابەتێکـەوە هەڵبەسـتم نووسـیوە، هاوڕێیەکـی زۆر نزیکـی (ئەسیبرونیشـدا) و (ثوریلیـا)ی بوێـژ و هەروەهـا بوێـژی داهێنـەر (بیکـەر) بـووم. یەکەمجاریـش لـە ئەمەریـکا چـاوم بـە (ثوریلیـا) کـەوت.

**لۆرا:**

کەواتە لە ئەمەریکاش بوویت؟!

**کۆنزالو:**

زۆران جـار، یەکـەم جاریشـم لـە ئەمەریـکادا لـە تەمەنـی شـەش سـاڵیمدابوو.

**لۆرا:**

دەبـێ ئـەوە پێنـج سـەدە لەمەوبـەر بووبێـت، ئەوکاتـەی کـە کۆلۆمبـووس گەیشـتبووە ئەمەریـکاوە.

**کۆنزالو:** (بەپێکەنینەوە)

مـن لـەو پیرانـە نیـم، ئـەو چەرخـە درێژانـە ژیابـم بـەو شـێوەیەی تـۆ تێیدەگەیـت. ئـەز نـە بـە شـای ئیسـپانیا و نـە بـە شـاژنی ئـەو سـەردەمە نەگەیشـتووم کـە تـۆ بـە خەیاڵتـدا دێـت. (هەردووکیـان پێدەکەنـن) هەروەهـا (کامبۆمـۆر)ی بوێـژ و گەورەتریـن هاوێـڕم بـو

کــە لــە شــاری (بالانثیــا) کــە شــاری منــە، پێــی گەیشــتم.

**لۆرا:**

بەراستتە؟

**کۆنزالو:**

لەوێــدا گــەورە بــووم و ســەردەمی منداڵیــم لەوێــدا بردۆتــە ســەر. تــۆ قــەت ســەرت لــەو شــارەداوە؟

**لۆرا:**

بەڵــێ، بەڵــێ کاکــە، لەنزیــك (باڵانثیــا)وە (قەسرێــك) هەبــوو ئەگــەر تــا ئێســتێ مابێــت بێگومــان زۆر یادگارەکانــی منــی پێــوە مــاوە. تــا ماوەیەکــی زۆر هەمــوو ســاڵێك چەنــد مانگێکــم لەوێــدا بەســەر دەبــرد. بــەڵام ئــەوە ســەردەمانێکی لەمێژینــە بــوو. کۆشــکەکەیش بــە کەنــاری دەریاکــەوە بــوو، لەنێوەنــدی دارپورتاقــاڵ و لیمۆکانــەوە شــاردرابۆوە، پێیــان دەگــوت. خوایــە، چییــان پێدەگــوت؟ ئەهــا ئــەوا یــادم کەوتــەوە.. ماریثیــلا.

کۆنزالو (رادەچڵەکێ)

ماریثیلا؟

**لۆرا:**

ئا بەڵێ، ماریثیلا، بۆ ئەم ناوەت بیستووە؟

**کۆنزالو:**

بەڵــێ، بەڵــێ زۆریــش بــە گوێــما ئاشــنایە، ئەگەریــش زەینــم کوێــر نەبووبــێ چونکــە ئێمــە و مانــان هەتــا بەنــاو ســاڵان دەکەویــن شــتمان لەبیردەچێتــەوە. دەڵێــم جوانتریــن ئافرەتــێ کــە لــە ژیانمــا دیتبێتــم، ئــا لەوێــدا دەژیــا. دڵنیاشــت دەکــەم کــە مــن ئافرەتــی جوانــم زۆر دیتــوون. خودایــە نــاوی چ بــوو؟ لــۆرا- لــۆرا دونــا لــۆرا.

**لۆرا:** (بە دەنگێکی خنکاو):

دۆنا لۆرا!؟

**کۆنزالو:**

بەڵێ (هەردووکیان بە چاوی پشکنینەوە لە یەکدی رادەمێنن).

**لۆرا:** (دێتەوە سەرەخۆی)

هیــچ نییــە، تەنیــا تــۆ ئازیزترینــی دەســتە خوشــکەکانمت وەبیرهێنامــەوە..

**کۆنزالو:**

زۆر سەیرە!

**لۆرا:**

بەڵێ، زۆر سەیرە بە (شۆخە زیوینەکە) بانگیان دەکرد.

**کۆنزالو:**

وەی زارخــۆش "شــۆخە زیوینەکــە" بانگیــان دەکــرد. بــەم نــاوەوە ناسرابــوو. هــەر دەڵێــی ئێســتا وا لەبەرچاومایــە بــە خۆیــی و چەپکێــك گوڵــی ســوورەوە لــەلای پەنجەرەکەیــەوە چاوەڕوانــە، ئــەو پەنجەرەیــەت لەیــادە؟

**لۆرا:**

ئەرێ وەللا چاکم لەبیرە، ئەوە پەنجەرەی ژووری خەوتنی بوو.

**کۆنزالو:**

چەنــدان ســەعات لەوێــدا دەوێســتا، مەبەســتم ئــەوە لــە رۆژگاری پێشــووما بــوو.

**لۆرا:** (بەهەناسەیەکەوە)

هەروەها لە رۆژگاری پێشووی منیشدا.

**کۆنزالو:**

نموونەیەکــی هــەرە بــەرز ونایــاب بــوو، ســپیاتی لەشــولاری وەکــو سـپیایەتی گوڵــە (زەنبــەق) وابــوو، کەچــی قــژو چاوەکانــی لەرەشــیدا شــــەوی تاربــــوون. روخساریشــــی دیمەنــــێ بــــوو هیــــچ چاوێــــك نەیدیبــێ، دەتگــوت چرایــە بــۆ هەرکــوێ بچووبایــە ئــەو شــوێنەی رووناــك دەکــردەوە. نەمامــی بــەژن و بــاڵای ســیمبوڵی شــۆخیی و بــێ خەویشــی بــوو. ئــەی پــەروەردەگار، چــی جوانییەکــی ئاســمانیی دەڕژێنێتــە قالەبــی ئادەمیــزادەوە! ئــەو خــۆی خەونێــك بــوو لــە خەونانــەوە!

**لۆرا:** (لەبەرخۆیەوە)

گــەر تەنیــا دەتزانــی ئــەو خەونــە وا ئێســتێ لــە تەکتایــە، ئــەوکات تێدەگەیشــتیت چــۆن چۆنــی خــەون کۆتاییــان دەهــات. (بــە دەنگێکــی بــەرز) زۆر بەدبەخــت بــوو، چیرۆکێکــی دڵــداری خەمناکیشــی هەبــوو.

**کۆنزالو:**

ئێجگار خەمناك! (هەر یەکەیان سەیری ئەویتریان دەکات).

**لۆرا:**

بۆ، تۆیش چیرۆکی ئەمت بیستووە؟

**کۆنزالو:**

بەڵێ.

**لۆرا:**

ئای لەکاری خوا کە سەیرە (لە دڵی خۆیدا) کۆنزالو!!

**کۆنزالو:**

دڵدارە پیاوچاکەکە لەو چیرۆکەدا..

**لۆرا:**

ئەها.. مەبەستت چیرۆکی شەڕە شیرەکەیە!

**کۆنزالو:**

بێگومـان شـەڕە شـیرەکە.. دڵـدارە پیاوچاکەکـە ئامـۆزای مـن بـوو، ئێجـگار زۆریشـم خۆشدەویسـت.

**لۆرا:**

ئـا. ئـا، بەڵـێ ئامـۆزات! دەستەخوشـکەکەم لەیەکـێ لـە نامەکانیـدا باسـی ئـەو چیرۆکـە ئەویندارییـەی بـۆ گێڕابوومـەوە. ئـەو ئامۆزایـەی باسـی دەکەیـت هەمـوو بەیانییـەك بـە سـواری ئەسـپێکەوە بـە بەردەمـی ڕێـڕەوە گوڵچنەکـەدا رادەبـوورد، ئـەو ڕێـڕەوەی کەوتبـووە ژێـر پەنجەرەکەیـەوە و چەپکـێ گوڵـی بـۆ هەڵئەدایـە سـەر باڵکۆنەکـەوە و ئەویـش بـە هـەردوو دەسـتیەوە دەیگرتـەوە.

**کۆنزالو:**

دەنـا ئێوارانیـش دڵدارەکـەی بـە هەمـان ڕێگـەدا دەگەڕایـەوە و ئـەو چەپکـە گوڵـەی دەگرتـەوە کـە ئـەو بـۆی هەڵدەدایـە خـوارەوە، وەیـە یـان نـە؟

**لۆرا:**

بەڵـێ کەسوکاریشـی هەوڵیانـدا لـە پیاوێکـی مـارە بکـەن کـە ئـەو هەرگیـز دڵـی خـۆی پێنـەدا.

**کۆنزالو:**

ئێوارەیەکیـان ئامۆزاکـەم لـە بـن پەنجەرەکەیەوە گوێی بـۆ گۆرانییەکانی هەڵخسـتبوو، ئـەو کابراکـەی تر لەنـاکاوڕا پەیدا بوو.

**لۆرا:**

کابراکەش قسەی سووکی بە ئامۆزاکەت گوت.

**کۆنزالو:**

جابوو بە شەڕیان.

**لۆرا:**

سەرەنجام کار بەشەڕە شیر گەیشت.

**کۆنزالو:**

بەڵێ لەگەڵ زەردەی خۆرەتاودا، لە کەناری دەریاکەدا بازرگانەکە بەسەختی زامدار کراو، ئامۆزاکەم ناچار بوو ماوەی چەند رۆژان خۆی بشارێتەوە و دواتریش بۆی دەرچێت.

**لۆرا:**

وا دیارە جەنابت چیرۆکەکە زۆر بەباشی دەزانیت.

**کۆنزالو:**

هەروەها تۆیش، خانم.

**لۆرا:**

پێم گوت دەستە خوشکەکەم بۆی گێڕاومەتەو و چەندان جاریشی دووپاتکردۆتەوە.

**کۆنزالو:**

وایە وایە، هەروەکو ئامۆزاکەیشم بۆ منی گێڕاوەتەوە. (بۆخۆی) سوێند ئەخۆم ئەمە دونالۆرایە.

**لۆرا:** (بۆخۆی)

جا بۆ راستییەکەی بۆ بدرکێنم؟ ئەم هیچ گومانێ لە من ناکات.

**کۆنزالو:**

ئای کە بەسەزمانە!

**لۆرا:**

دە پێم بڵێ، هیچ ئامۆژگاریی ئامۆزاکەتت کردووە لۆڕا لەیاد بکات؟

**کۆنزالو:**

ماڵوێرانم.. ئامۆزاکەم هەرگیز لۆرای لەبیرنەچۆتەوە!

**لۆرا:**

ئەدی کەوابوو ئەو رەفتارەی چۆن چۆنی لێکدەدەیتەوە؟

**کۆنزالو:**

ئێستا راستییەکەیت بۆ روون دەکەمەوە. ئەو دڵدارە، دوای ئەوەی لە ئەنجامی شەڕەشیرەکەیەوە لەگەڵ کابرایەکی پایەبەرزی ئەو سەردەمەدا ترسێکی زۆر باڵی بەسەرداکێشا، هات لە ماڵەکەی مندا خۆی پەنهاندا، پاشان ماڵەکەی منی جێهێشت، رووەو (ئیشبیلیە) و لەوێوە چوو بۆ (مەدرید). لەو ماوەیەدا زۆر نامەی بۆ دونا لۆرا نووسی، هەندێکیانی بەهۆنراوە بۆ دەنارد. بەڵام پێدەچێ دایکوباوکی لۆرا نەیانهێشتووە ئەو نامانەی بەدەست بگات. چونکە لۆرا بە هیچ جۆر وەڵامی نامەکانی نەدایەوە. ئەوەیش وایکرد نائومێدی لە دەستچووبێت. ئەمەیش بە ناچاری بەگەڵ سوپا کەوت و بەرەو ئەفریقیا رۆیشت و لەوێش مەردانە لە سەنگەرێکدا گیانی سپارد. ئاە! لەو مەرگە پڕشکۆیەیدا! ئاڵای ئیسپانیای بەدەستەوە.. نێوی خۆشەویستەکەیشی، لۆرای بەسەر لێوەوە بوو.

**لۆرا:** (لە دڵی خۆیدا)

ئای لەم درۆیە زلەی کە بەهۆیەوە شایانی خنکاندنیت، هەی دووڕوو!

**کۆنزالو:** (لەبەرخۆیەوە)

ناتوانم لەمە چاکتر خۆم بمرێنم.

**لۆرا:**

بێگومان مەرگەساتی ئامۆزاکەت جەرگی بڕیویت!

**کۆنزالو:**

ئێجگار خانم، لە راستیدا ئەم بۆ من وەك برایەکم وابوو. واش بزانم لۆرا بە پێچەوانەی ئەمەوە لە باخەکەیدا هەر خەریکی راوە پەپوولە بووبێت و هەرگیز گوێی بەو ئاگرە سوورەوە نەدابێت کە دڵدارەکەی پێی سووتاوە.

**لۆرا:**

هەرگیز گەورەم، هەرگیز.

**کۆنزالو:**

ئا ئەمەیە رەوشتی ئافرەت!

**لۆرا:**

تەنانەت ئەگەر ئەمە رەوشتی ئافرەتیش بووبێت (شۆخە زیوینەکە) لەم جۆرە نەبووە. دەستە خوشکەکەی من بەگەرمیی و پەرۆشەوە چاوەڕوانیی هەواڵی کوڕە مامەکەی تۆی کردووە. رۆژ لەدوای رۆژ و مانگ لە دوای مانگدا و ئەوجاساڵیش رابورد و نامیە ئەو هەر نەهاتووە. هەتا رۆژێکیان پاش نیوەڕۆ، یان گەر راستت دەوێت، لای خۆرئاوا کە یەکەمین ئەستێرە بە دیاردەکەون. دەستەخوشکەکەم بینراوە بە هەنگاوی بە پەلە و بە هەڵەداوان ماڵەکەی خۆیانی جێهێشتووە و رووی لە کەناری دەریا کردووە. هەمان ئەو کەناری دەریایەی کە دڵدارەکەی گیانی خۆی لێوە خستۆتە مەترسییەوە. لەوێدا ناوی ئەڤیندارەکەی لەسەر لمەکەوە

نەخشـــاندووە. ئەوجـــا بەســـەر تاشـــەبەردێکەوە هەڵتووتـــرکاوە و روانیویەتـــە ئـــەوە دونیـــاوە. دەریـــاش ســـەردولکەی ماڵئاوایـــی بـــە گوێیـــدا چرپانـــدووە. لەپاشـــانا وردە وردە شـــەپۆلەکان بـــەرەو لای تاشـــەبەردەکەوە کـــە دڵبەرەکـــەی بەســـەرەوە هەڵنیشـــتبوو خشـــیون. ئەوســـا بـــە خـــوڕە و لرفەلرفێکـــی ســـامدارەوە ئاوەکـــە خۆیـــی پیـــادا کـــرد و بـــۆ ناوەڕاســـتی دەریاکـــەوە پەلکێشـــی کـــردووە.

**کۆنزالو:**

وەی خوا هاوار!

**لۆرا:**

ماســـیگرەکانی ئـــەو کەنارەیـــش کـــە هەمیشـــە چیرۆکەکـــە دەگێڕنـــەوە، دەڵێـــن هەتـــا ماوەیەکـــی زۆریـــش شـــەپۆلەکان نەیانتوانـــی نـــاوی دڵدارەکـــەی کـــە بـــە پەنجـــە بەســـەر لمەکەیـــەوەی نەخشـــاندبوو بســـڕنەوە. (لەبەرخۆیـــەوە) بـــۆ رازاندنـــەوەی چیرۆکـــی مەرگـــی خـــۆم هەرگیـــز لەمـــن نابەیتـــەوە.

**کۆنزالو:** (بۆخۆی)

کوڕە خۆ لە درۆسازییدا لەخۆم بە پشتەوە ترە!

**لۆرا:**

ئای لۆرای بەستەزمان!

**کۆنزالو:**

ئای، کۆنزالۆی سیاچارە!

**لۆرا:** (لەبەرخۆیەوە):

باسی ئەوەی بۆ ناکەم کە دوای دووساڵ شووم کرد.

**کۆنزالو:** (بۆخۆی)

ئـــەوەی بـــۆ نادرکێنـــم کـــە لـــە مـــاوەی ســـێ مانگانـــدا لەگـــەڵ

ســـەماکارێکی بالیـــەدا بـــۆ پاریـــس رامانکـــرد.

**لۆرا:**

چارەنـــووس زۆر ســـەیرە، ئەمـــە تـــۆ و ئەمەیـــش خـــۆم. کەســـمان یەکـتری ناناسـینەوە.. بەرێکـەوت یەکـدی دەبینیـن. باسـی چیرۆکـی خۆشەویسـتی دوو دۆسـتی دێریـن کـە ماوەیەکـی زۆری بەسـەردا تێپەڕیـوە، دەگێڕینـەوە. بـە جۆرێـك یەکدیـمان دوانـد هەروەکـو دوو دۆسـتی لەمێژینـە.

**کۆنزالو:**

بەڵـێ، بەڕاسـتی کـرداری چارەنـووس ئێجـگار سـەمەرەن. دەسـتپێکی دواندنەکەمـان زۆر بـە باشـی نەبـوو.

**لۆرا:**

ئاخر تەیرەکانمت تۆقاند.

**کۆنزالو:**

دیارە رەفتارم ناشیرین بووە.

**لۆرا:**

هەڵبەتـە ئەمـە گومانـی تێـدا نییـە. (ئەوجـا بـە نەرمیـی) سـبەی بەیانیـش دێیتـەوە؟

**کۆنزالو:**

بێگومـان ئەگـەر بیانییەکـی خۆرەتـاو بێـت، ئەوسـا بەهەمـوو توانایەکمـەوە هەوڵـدەدەم باڵندەکانـت نەتۆقێنـم. هەروەهـا هەندێـك دانەوێڵـەش لەگـەڵ خۆمـا دێنـم و دەیاندەمـێ.

**لۆرا:**

زۆر سـوپاس. باڵنـدە بەئەمەکـن و لەجێـی چاکـەدا خۆشەویسـتی دەدەنـەوە. ئـەرێ ئـەوە کەنیزەکـەم چـی لێهـات؟ بەتـرا! (پەنجـە

بـــۆ کارەکەکەرەکـــەی درێـــژ دەکات).

**کۆنزالو:** (لەبەرخۆیەوە سەیری لۆرا دەکات کە پشتی لەم کردووە).

نەخەیـــر، نەخەیـــر خۆمـــی بـــۆ ئاشـــکرا ناکـــەم. شـــێوەم ئێســـتاکێ زۆر نامۆیـــە. بـــۆ ئـــەم چاکـــتر وایـــە لەیـــادی ئـــەو شۆڕەســـوارەدا بمێنێتـــەوە کـــە هەمـــوو رۆژێـــك بەیـــن پەنجەرەکەیـــدا گـــوزەری دەکـــرد و دەســـکە گوڵـــی بـــۆ دەهاویشـــت.

**لۆرا:**

ئەمە خۆیەتی وا هات.

**کۆنزالو:**

ئـــەی کـــوا خوانیتـــۆ؟ ئـــای لـــەم لاوە.. هەمیشـــە هـــەر خەریکـــە یـــاری بەدڵـــی کچـــە کەنیشـــکانەوە دەکات.

(تەماشای لای راستەوە دەکا و بەدەست هێمای بۆ دەکات).

**لۆرا:** (لەبەرخۆیەوە دەڕوانێتە کۆنزالو کە پشتی تێکردووە).

نـــا نـــا خۆمـــی لـــێ ئاشـــکرا ناکـــەم. روخســـارم گۆڕانێکـــی ئێجـــگار زۆر خەمناکـــی بەســـەرداهاتووە. بـــۆ ئـــەم چاکـــتر وایـــە یـــادی ئـــەو شـــۆخە چـــاو بەڵەکـــە بکاتـــەوە کـــە گوڵبارانـــی دەکـــرد، وەختێـــك بەنێـــو گوڵـــزاری باخەکەیـــدا گـــوزەری دەکـــرد.

(خوانیتـــۆ لـــەلای راســـتەوە دێتـــە ژوورەوەی بەتـــڕا لـــەلای چەپـــەوە و چەپکـــێ گوڵـــە وەنەوشـــەی لەدەســـتدایە).

**لۆرا:**

ها، بەتڕا.. ئاخری پەیدا بوویتەوە.

**کۆنزالو:**

خوانیتۆ، زۆر دواکەوتیت.

**بەترا:**

پاسەوانەکە ئەم چەپکە بنەوشەیەت پێشکێش دەکات، خانم.

**لۆرا:**

ئـای کـە هەسـت ناسـك و بـە لوتفـە! لەجیاتـی مـن سوپاسـی بکـە. ئـەم گوڵانـە بـۆن و بەرامەیەکـی زۆر خۆشـیان هەیـە. (کـە گوڵـەکان لەکارەکەرەکـەوە وەردەگرێـت چەنـد چڵێـك کـە بـاش لـە چەپکەکـەدا نەبەسـتراون، بەردەبنـەوە).

**کۆنزالو:**

ئـەم دیدارەمـان شـەڕەفێکی مـەزن و دەرفەتێکـی هـەرە بـە نـرخ بـوو بـۆ مـن خانـم.

**لۆرا:**

هەروەها بۆ بەندەیش دەرفەتێکی ئێجگار بەهادار بوو.

**کۆنزالو:**

هەتا بەیانیی بە خوات دەسپێرم.

**لۆرا:**

بۆ بەیانی.

**کۆنزالو:**

ئەگەر هەتاو بوو.

**لۆرا:**

مەبەسـتت ئەگـەر بەیانییەکـەی خۆرەتـاو بـوو! ئەوجـا دەچیتـەوە بـۆ سـەر ئـەو لاتەختەیـەی هەمیشـە لەسـەری دادەنیشـتیت؟

**کۆنزالو:**

نەخێر، ئالێرە دادەنیشم، ئەگەر تۆ پێت ناخۆش نەبێ.

**لۆرا:**

ئەم لاتەختەیە لە ژێر فەرمانی تۆدایە.

**کۆنزالو:**

بێگومان تیکەنانەکانیشت بۆ دێنم.

**لۆرا:**

کەوابوو، تا بەیانیی خودا حافیز.

**کۆنزالو:**

خوات لەگەڵ.

(لـۆرا بەسـەر باسـکی کەنیزەکەیـەوە لـە دەسـتە راسـتەوە دوور دەکەوێتـەوە. کۆنزالـو، بەرلـەوەی لەگـەڵ خوانیتـۆدا بـڕوات، زۆر بـە ئەسـتەم و بەتـەك هـەڵ لەرزینـەوە دادێتـەوە بـۆ ئـەوەی ئـەو چڵـە وەنەوشـانە هەڵبگرێتـەوە کـە لـە چەپکەکـەی لـۆراوە کەوتبـوون. لـەم سـاتەدا لـۆرا ئـاوڕ دەداتـەوە و دەبینـێ گوڵـەکان هەڵدەگرێتـەوە).

**خوانیتۆ:**

گەورەم ئەوە چی دەکەیت؟

**کۆنزالو:**

چاوەڕوان کە، خوانیتۆ.

لۆرا (لەبەرخۆیەوە)،

بەڵێ بەخوا راست و رەوان خۆیەتی.

**کۆنزالو:** (لەبەرخۆیەوە)

ئـەرێ بەخـوا هـەر خۆیەتـی. هیـچ گومانێـك لەمـەدا نییـە (کۆنزالـو و لـۆرا بـە ئیشـارەت دوعاخوازیـی لێکـتری دەکـەن).

**لۆرا:** (بە دەنگێکی بەسۆز لەبەرخۆیەوە)

تـوو خـوا ئەمـە ئـەوە؟! دەبـێ راسـت بـێ وا مـن چاوەکانـم بـە

نیــگای دڵدارەکــەم تێــر دەکەمــەوە.

(دووبــارە خەنــدە لێوەکانیــان لێکدەترازێنێتــەوە، هــەروەك ئــەوەی ئەویــان لــە پەنجەرەکــەی خۆیــەوە بێــت و ئەمیشــیان لــە ژێــر باڵکۆنــەوە لــە نێــو گوڵەکانــی باخەکــەدا وێســتابێ.. لــە پاشــانا هەریــەك بەســەر باســکی خولامەکەیــەوە، ون دەبــن).

پەردە دادەدرێتەوە..

کۆیە ١٩٨٢/١/١٥

گۆڤاری (رامان) ژمارە ٢٩ تشرینی دووەم ١٩٩٨

# پۆلیس

**نووسینی نووسەری پۆلەندی (سلاڤۆ میر مرجیك)**

**کەسانی شانۆگەرییەکە:**

سەرۆکی پۆلیس

زیندانی، کۆنە پیلانگێڕ و پاشان یاوەری ژەنەراڵ

عەریفی پۆلیس (جاسووسە)

ژنی عەریفی جاسووس

ژەنەراڵ

پۆلیسێ.

(بەشی یەکەمین و سێیەمین لە ژووری سەرۆکی پۆلیس و بەشی دووەمین لە ماڵی عەریفی جاسووسدا دەبێ).

## پەردەی یەکەم

(لـە ژووری سـەرۆکی پۆلیسـدا، میزێـك و دوو کورسـی و دەرگایـەك کـە بەباشـی دیـارە، دوو وێنـە: یەکەمیـان هـی وەلیعەهـدە (کۆرپەڵەیەکـی شـیرەخۆرە لـە عەرەبانەیەکـی منداڵانـەی شـێوەی کۆنـدا یاخـود منداڵـێ لـە شـێوەی نیـگاری منداڵانـی شـارەکانی سـەدەی نۆزدەهەمـەوە) دووەمیـان هـی (وەصـی) (پیرەمێردێکـی ترسـناکی سـمێڵدارە) هەمـوو پۆلیسـەکان سـمێڵ گـەورەن، زیندانییـە پیلانگێڕەکـە، سـمێڵێکی هەیـە وەك سـمێڵی پێشـکەوتنخوازەکانی سـەدەی رابـردوو، پۆلیسـەکان جزمەیـان لـە پێدایـە و شمشـێریان پێیـە، یاخەکانیـان بـەرز و رەقـن. جاسووسـەکە چاکەتێکـی ئەفەندییانـەی تەسـکی لەبەرایـە وەك هـی یەکێکـی لەخـۆی بچووکـتر بـێ وایـە. قۆپچەکانـی جلـە پۆلیسـییەکان کانـزا و زۆر بـە بریقـەن، کەچـی رەنگـی جلەکانـی شـینێکی تۆخـە).

**سەرۆکی پۆلیس** (لە خوێندنەوە دەبێتەوە):

"زۆر بـە بێـزەوە پاکانـە لـە تاوانەکانمـدا و دەسـتکردن بـە خزمەتـی حکومەتـی خۆمـان بـە هەمـوو توانایەکمـەوە تـا دوا هەناسـەم، بەوپـەڕی رێزوخۆشەویسـتن و پێشکەشـکردنی یارمەتییـەوە دەمەوێ.."

(دادەنیشـێ و پەڕەکـە دەپێچێتـەوە).

**زیندانی:**

مەیشارەوە گەورەم، من ئیمزای دەکەم.

**سەرۆکی پۆلیس:**

چۆن؟

**زیندانی:**

بۆتی مۆر دەکەم.

**سەرۆکی پۆلیس:**

ئاخـر بـۆ؟ زیندانـی بـۆ؟ وا دە سـاڵە تەحقیقـم لەگەڵـدا دەکەیـت و

حەپسـم دەکەیـت، دە سـاڵە هەمـوو رۆژێـك ئـەم کاغـەزەم دەدەیتـێ بۆتـی ئیمـزا بکـەم، نایکـەم، بـە توندتریـن سـزا هەڕەشـەم لێدەکەیـت و هـەوڵ دەدەیـت پێمـی بسـەلمێنی کـە هـەر دەبـێ ئیمـزای بکـەم، لە ئەنجامـدا کـە دەمـەوێ بۆتـی ئیمـزا بکـەم تاکـو لـە زیندانـا دەربچـم و خزمەتـی میـری بکـەم، سـەیرت پـێ دێ و گـەورەم دەپرسـیت (بۆچـی؟)

**سەرۆکی پۆلیس:**

بەڵام ئە ئاوا لەناکاو.. بێ پێشەکی ..

**زیندانی:**

گۆڕاوم گەورەم.

**سەرۆکی پۆلیس:**

گۆڕانی چی؟

**زیندانی:**

گۆڕانێکی ناوخۆیی، نامەوێ چیتر لە دژی میریدا بجەنگم.

**سەرۆکی پۆلیس:**

جا بۆ نە؟

**زیندانی:**

مـن شـەکەت بـووم، بـا ئەوانـەی ئارەزوویانـە لـە دژی میریـدا بجەنگـن ئایـا مـن دەزانـم کێـن؟ دەشـێ جاسووسـی دەوڵەتێکـی بیانـی بـن؟ لەوانەیـە نۆکـەران بـن؟ بـەڵام مـن نـە. ئـەوەی لەسـەرم بـوو کـردم.

**سەرۆکی پۆلیس:** (بە ئاخێکەوە)

ئەمـەم لـە تـۆدا رەچـاو نەدەکـرد. وازهێنـان لـە خەباتـی دژ بـە میریی؟ کۆنتریـن بەندکـراوی ئـەم وڵاتە؟

**زیندانی:**

بەڵێ خۆیەتی. ئایا راستە من دوا بەندییم؟

**سەرۆکی پۆلیس:** (بە دوو دڵییەکەوە):

بەڵێ..

**زیندانی:**

وەك خـۆت دەیبینـی گـەورەم! هەمـوو لەمێـژە باوەڕیـان هێنـاوە کـە ئێمـە باشـترین یاسـامان هەیـە لـە جیهانـدا. هەڤاڵـە کۆنەکانـم دانیـان بـە تاوانەکانـی خۆیانـدا هێنـاوە و عەفوویـان وەرگرتـووە و چوونەتـەوە بـۆ ماڵـی خۆیـان.. ئێسـتا هیـچ هۆیـەك نەمـاوە بـۆ گرتنـی هیـچ کەسـێ. دوا پیلانگێـڕ دیـارە منـم، بـەڵام چـۆن پیلانگێڕێـك؟ لـە بنەڕەتـا مـن پـوول کۆکـەرەوەم.

**سەرۆکی پۆلیس:**

ئێستا ئاوا دەوترێت ئەی کێ بۆمباکەی بە ژەنەراڵ دادا؟

**زیندانی:**

ئەوانـە بەسـەرچوون. هـەر چۆنـێ بێـت بۆمباکـە نەتەقییـەوە ئـەم کارە شـایانی باسـکردن نییـە.

**سەرۆکی پۆلیس:**

ئێسـتا بەراسـتیی ناتناسـم، دە سـاڵی رەبـەق دانـت بـە تاوانەکانتـا نەهێنـا و پاڵەوانانـە خۆتـت راگـرت. چەنـدان جـار لە جیاتـی رووخان و مۆرکردنـا تفـت دەکـرد لـە وێنـەی (هەڵدەسـێ و شـێوەی ئامادەبـوون وەردەگرێـت) وەلـی عەهـد و وەصـی خاڵۆیـدا (دادەنیشـێ) کاتێکـی زۆر بەیەکـەوە ژیاویـن و هەمـوو شـتێ بـە دڵـی خۆمانـا بـوو. وا ئێسـتێ لەنـاکاودا دەتـەوێ هەمـوو ئـەو رابـردووە بسـڕیتەوە.

**زیندانی:**

پێـت دەڵێـم گـەورەم ئـەوە ئێسـتا بـە هیـچ ناچـێ. ئەگـەر لـە بیروبـاوەڕدا تەنیـا نەبوایـەم لەوانـە بـوو وازم نەهێنابـا. بـەڵام

کاتێ دەبینم سەرتاپای وڵاتە خنجیلانەکەمان. وڵاتە بە پیت و ئارامەکەمان رێز دەنێین لە (هەڵدەستێ و شێوەی ئامادەیی وەردەگرێ) وەلیعەهد و وەصی خاڵۆیا، زیندانەکان گشتیان چۆڵن تەنیا لەمن نەبێ، منی تاکو تەنیا نەخێر سەرۆکی گەورەم، بە دڵسۆزیی پێت دەڵێم بیروباوەڕە کۆنەکانم واز لێهێناون، هەموویان جا ئەگەر نەتەوە تێکڕا لەگەڵ میریی و دژی من بێ ئەوە ئەمە وا دەگەیەنێ کە ئەم ماستە موویەکی تیایە. بە کورتی دەڵێم: حکومەتێکی باشمان هەیە و تەواو.

**سەرۆکی پۆلیس:**

هم.. همم.

**زیندانی:**

بەڵێ؟

**سەرۆکی پۆلیس:** (هەڵدەستێ و بەشێوەیەکی ئاسایی دەدوێت):

بەخۆشی و دڵشادیەیکی راستەوە گوێم گرت لە پاکانەی حەپسەکەوە کە ئەمەیش نیشانەی ئەو گۆڕانکارییەیە کە لە سایەی پەروەردەی زیندانەوە تیایدا روویداوە، بەڵام هەست دەکەم کە پێویستە لە پلەی قووڵی و پتەوی بیروباوەڕە تازە و سەرکەوتوو زانستییەکانیەوە خۆم دڵنیا کەم بە پێی جۆرەها پێوەرەوە (دادەنیشێ و شێوەی دواندنەکەی دەگۆڕێ) ئەگەر بفەرمووی و پێم بڵێیت لەبەرچی حکومەتەکەمانت بەلاوە چاکە؟

**زیندانی:**

ئەی سەرۆکی گەورەم کووا چاوت؟ وڵاتمان لە مێژووی خۆیدا گەشەی ئاوەهای بەخۆیەوە نەدیوە. لەکلاورۆژنەی زیندانەکەمەوە دەبینم ئەگەر قەرەوێڵەکەم لەژێریا دانا و سەتڵەکەم بەوەرگەڕاوی

خستە سەر و لەسەر پەنجەکانی قاچما وێستام، پاوانێکی ئێجگار نایاب دەبینم کە هەموو گوڵێکی بەهار بەگشت ڕەنگەکانییەوە دایپۆشیوە. لەکاتی داربڕیندا، وەرزێڕەکان دێن و گژوگیا دەدروونەوە لە ماوەی ئەو دە ساڵەی دواییەدا نیشانەی ڕەزامەندییم لە ڕوویاندا بەدی کردووە کە ساڵ بە ساڵ لە زیادبووندایە.

**سەرۆکی پۆلیس:**

تۆ دەزانی یاسای زیندان ڕێگە نادات لە کولانکەوە بڕوانیتە دەرەوە؟

**زیندانی:**

بەڵام بەمەبەستی بیروناسینەوە و پەروەردەوە ڕێی تەماشاکردن دەدرێت. ئەمە هەموو شتێ نییە لە پشت پاوانەکەوە بەرزاییەك هەیە و لە پشتییەوە لەم حەوت ساڵەی دواییەدا دامەزراوێکی پیشەسازیی قوت بۆتەوە. دووکەڵکێشێ دەبینم زۆربەی کات دووکەڵی لێوە بەرز دەبێتەوە.

**سەرۆکی پۆلیس:**

وەك دوژمنێکی زانیاری نادروست دەڵێم ئەوە کوورەی سووتانی لاشەکانە.

**زیندانی:**

گەورەم تۆ دەتەوێ مردووەکان هەروەك چەندان سەدەی لەمەوپێش لە زەویدا بنێژرێن. بۆچ! گوایا بێ بڕواکانیش وەك خاوەن بڕواکان مافی ئەوەیان نییە چیان دەوێت ئەوە لەلاشەکانیان بکەن؟ ئەوەی تۆ دەیڵێیت گەورەم ئەو هەستەی من پتەو دەکات کە مەزنترین لێبوردن لە وڵاتدا هەیە و هەروەها لە بواری بیروباوەڕی ئایینیشەوە.

**سەرۆکی پۆلیس:**

راستە..

**زیندانی:**

بـا رۆشـنبیری و هونـەر وەربگریـن، چەنـدان جـار بـە درێژایـی زیندانەکەمـا دێـم بـەڵام بـە پانایـی نـا، هـەروەك خـۆت دەیزانـی ئـا بـەم جۆرەیـە، (حەماسـەت) دەمگرێـت.

**سەرۆکی پۆلیس:**

ئەمە شتێکە بە درۆ ناخرێتەوە.

**زیندانی:**

دەبینی گەورەم"

**سەرۆکی پۆلیس:**

مـن فەرمانبـەرم و ناشـێت کار بـۆ خـۆم ئاسـان بکـەم، واتـا ناتوانـم گۆڕانەکـەت ئـە ئاوایـی بـە پەلـە وەربگـرم. پێشـەکی دەبـێ بـە ویژدانێکـی هۆشـیارەوە سـاخی بکەمـەوە بزانـم هیـچ دوودڵـی یـا گومانێکـت لامـاوە؟ ئـەی تـۆ بـە چاوێکـی گەشـبینەوە سـەیری هەمـوو شـتێ ناکەیـت؟ بـۆ نموونـە ناشـێت رواڵەتـە تایبەتییـە جیـاوازەکان پشـت گـوێ بخەیـن، لـە تێکـڕای ژیانـی ئابوورییـەوە بـۆ نموونـە هێڵـی ئاسـن..

**زیندانی:**

تەنانـەت گەورەتریـن دوژمنانـی دەوڵەتەکەمـان ناتوانـن نکۆڵـی لـەوە بکـەن کـە هێڵـی ئاسـن وەك رواڵەتێـك لامـان هەیـە. (هەڵوێسـتی سـەرۆکی پۆلیـس و بەندییەکـە سـەیری یەکـتری دەکـەن. سـەرۆکی پۆلیـس هەڵدەسـتێ و بـە بێدەنگیـی لـە ژوورەکـەدا دێـت و دەچێـت. (رادەوسـتێ و سـاتێك لەوێنەکانـی وەلیعەهـد و وەصـی خاڵۆیـدا

رادەمێنێ. حەپسەکە بەردەوام چاوی تێبڕیوە و هەروەك تەماشای تۆپێکی یاری پینگ-پۆنگ بکات).

**سەرۆکی پۆلیس:**

باشە لەم گۆشەیەدا (پەنجە بۆ دوو وێنەکە رادەکێشێ) هەرگیز هیچ شتێکت بە خەیاڵدا نەهاتووە؟ (بەبێ ئارامیی) تۆ دەزانیت.

**زیندانی:**

تێناگەم گەورەم.

**سەرۆکی پۆلیس:** (بە ئاشکرا پەستە):

بەراستی یەکێ کە لەم ساتەدا تۆ دەدوێنێت وای بە خەیاڵدا دێت کە تۆ کێکێکت بە ژەنەراڵداداوە نەك بۆمبایەك. ئایا هیچ بە مێشکتا نەهاتووە کە (ئامادە دەوەستێ) وەصی ئێمە خاڵۆی وەلعەهد (رەحمەت دەکاتەوە) گەوجێکە؟

**زیندانی:** (بەتوڕەیی هەڵدەستێ)

گەورەم سەرۆك؟

**سەرۆکی پۆلیس:** (دان بەخۆیدا دەگرێت)

باشە! باشە! بێگومان ئەم ئاوا نییە.ـ(دووبارە دێت و دەچێت) ئەگەر کارەکە پەیوەندیی بەسەرییەوە بێت ئەوا.. بەڵام تۆ دان بەمەدا دەنێیت کە بەهێزترین سەری لایەنی بێهێزیی هەر تیایە.. لەخوارەوە لە ناوچەی ویست و رەوشتەوە (دەوەستێ، سەیری بەندییەکە دەکات و چاوی لێ دەنووقێنێ. بەندییەکە بە دەنگییەوە نایەت. سەرۆك لێوەی نزیك دەبێتەوە و جارێکی تر ئاشکراتر چاوی لێ هەڵدەتەکێنێ و سەروملی وا دەجووڵێنێ وەك بیەوێ لە نزیکەوە سەرنجی حەپسەکە بدات. حەپسەکە وا سەیری دەکات و وەك چاونووقاندنەکە بۆ یەکێکی تر بووبێ لە پشتییەوە.

(هەڵوەســتەیەك).

**زیندانی:**

گەورەم سەرۆك، بۆ چاوم لێهەڵدەتەکێنیت؟

**سەرۆکی پۆلیس:** (بە توندی زریزەی یاخەی چاکەتەکەی دەترازێنێت).

شــەرم ناکەیــت! کۆنــە پیلانگێڕێکــی وەك تــۆ پرســیاری ئــە ئــاوا لــە مــن دەکات!

**زیندانی:**

ئەمــە کاری پــەروەردەی زیندانــە، ئــەوەی جەنابتــان باســتان کــرد گــەورەم، ســوێندت بــۆ دەخــۆم کــە مــن مانــای ئــەم جــۆرە چــاو هەڵتەکاندنــەم لەبیرچۆتــەوە. دەبــێ نیشــانەیێ بێــت؟ دەبــێ شــتێکی ناخــۆش نەبێــت لەبــارەی وەلعەهــد و وەصــی خاڵۆیــەوە؟ تــۆ خــودا قســە بکــە، گــەورەم!

**سەرۆکی پۆلیس:**

کەوابــوو ئــەوە تــۆ نیــت کــەوا تێدەگەیــت خاڵــۆی (وەصی)مــان پیرێکــی لــە عالــەم بــەدەرە؟

**زیندانی:**

ئەو؟ ئەم پیاوە چاکە ئەختیارە؟

**سەرۆکی پۆلیس:** (دەس بە پیاسە دەکاتەوە لە ژوورەکەدا):

باشــە، باشــە، زۆر باشــە (رادەوەســتێ): بەنــاوی بەڕێوەبەرایەتــی گشــتییەوە پیرۆزبایــی ئــەم گۆڕانــە دەکــەم (دەس بــۆ حەپســەکە درێــژ دەکات و ئەمیش دەستی دەگوشــێت) بــەڵام بــا لــەم شــادییەمانا پەلــە نەکەیــن. ئەمەیــش تــۆ دەگرێتــەوە کــە گۆڕانەکــەت تیــادا بــەدی هاتوە و بــا وای دانێیــن کــە راستەقینەیە. منیــش دەگرێتــەوە منێــك کــە نابــێ بەمــە بــڕوا بــکات و بەبــێ وریایــی. کەواتــە گوتــت بــڕوات بــەوە نییــە

کـە وەصـی خاڵـۆ ئەوەیـە.. ئەوەیـە تـۆ تێدەگەیـت. بـەڵام زانسـتی دەروون فێرمـان دەکات کـە مـرۆڤ وەك هەنـدێ جـار وا تێـدەگات بیـر ناکاتـەوە کەچـی لـە راسـتیدا بیـر دەکاتـەوە. راسـت چییـە؟

**زیندانی:**

گـەورەی سـەرۆك، راسـتە. بـەڵام مەسـەلەکە ئـە ئاوایـە. هەنـدێ جـار وا تێدەگەیـن بیردەکەینـەوە کـە بیـر ناکەینـەوە، بـەڵام بیردەکەینـەوە کەچـی لـە راسـتییدا بیـر ناکەینـەوە. بیرکردنـەوە هێـزە، گـەورەم ئـەی سـەرۆك.

**سەرۆکی پۆلیس:** (بەوشکی و رەقی و گومان و سەرنجێکی پرسیاراوییەوە):

بەڵام بۆ خزمەتی ئینسان.

**زیندانی:**

ئەمە تەواوە.

**سەرۆکی پۆلیس:** (بەبێ ئارەزوو):

باشـە ئێسـتا تـکا دەکـەم تەماشـای وەلیعەهـد بکەیـت، ئـەم بچووکـە وا نییـە؟

**زیندانی:**

وەك هەر منداڵێك.

**سەرۆکی پۆلیس:**

ویسـتت بڵێیـت شـیرەخۆرەیە و لـە میزوپیسـایی بـەولاوە چیـتر نابەخشـێت؟

**زیندانی:**

گـەورەم سـەرۆك! بـەرگ و پایەکـەت نەبوونایـە گومانـم دەکـرد کـە تـۆ راسـتیت. بـەڵام ئەگـەر سـەرۆکی پۆلیـس خـۆی بڵـێ فەرمانـدە ساواکەمان شـێرەخۆرەیەکە جگـە لـە میزوپیسـایی هیچـی تـر

نابەخشێت ئەمە هەرگیزاو هەرگیز نابێ راست بێت، ئەگەر ئەمە بازرگانێ یا بەردشکێنێ لە مەیخانەیەکا بیگوتایە لەوانە بوو گومان بکەوتایەتە دڵمەوە، بەڵام سەرکردەی پۆلیس! نە! ئەمە ئەوپەڕی رێزلێنان و خۆشەویستیم تیادا دەچەسپێنێ بۆ خودی وەلیعەهد. هەروەك ئاشکرایە بۆ وەصی خاڵۆشی، (سەرۆکی پۆلیس ماندووە و دیسانەوە دادەنشێ، بەندییەکە هەڵدەستێ و لە مێزەکەوە نزیك دەبێتەوە و جڵەوی گفتوگۆکە دەگرێتە دەس).

**زیندانی:**

بڕوام پێبکە گەورەم، بیروڕا کۆن و چەوتەکانم لە دژی دەوڵەت واز لێهێناون، هۆی ئەم گۆڕانەم دوو لاییە. ناوەکی و دەرەکی. ئەم دوو لاییەش بناغەی ئەو قووڵی و بەردەوامییەی گۆڕانەکانم کە ئێوە دەگرێتەوە کە هێندە بە تەنگ بەرژەوەندی منەوەی گەورەم. هۆیە دەرەوەییەکان ئەوانەن کە نەختێ باسیانمان کردن واتا ئەو گۆڕانکارییە سەرتاپایەی وڵاتەکەمان کە پیاو هەرکە چاوی بەیەکەمین رۆژنامە بکەوێ. بڕوا بە بوونی دەکات. سەیری دەوروبەری خۆت بکە گەورەم، لەبەردەم دەسکەوتەکانا سەری خۆت لە لمدا مەشارەرەوە.. ئایا بارودۆخی وڵات خراپە؟ لێرەدا ئەوە بەسە کە مووچەی تۆ بکەین بە نموونە گەورەم تاکو ئەم نارەزاییە چەوتە پووچەڵ بکەینەوە. بە کورتی ئێستا زۆر گەرمم، من ئەوە ناشارامەوە (بەندییەکە دادەنیشێ و کورسییەکەی لە مێزەکەوە نزیك دەکاتەوە. بە ساکاریی دەدەوێت). ئەگەر گومانم هەیە گەورەم کە هۆیە گشتییەکان هێندە پتەوبن چەسپانی پەشیمانی و پەوەردە تازەکەم دەستەبەر بکەن وا من هۆی ترت پێشکەش دەکەم کە ناوم ناون ناوخۆیی و زیاتر کەسایەتین. من

لـە مناڵیمـەوە مانـای یاسـا و ئامانجـی هـەرە بـەرزی خۆراگرتـن نازانـم چییـە. هەمیشـە هـەر عەوداڵـی سەربەسـتیی بـووم و هیچـی تـر. ئـەم خۆراکـە گیانییـەش تەنیـا بەشـێکی لـە دەروونـم دابیـن کـردووە. هەروەهـا هەسـتی بێـزاری لـە یاسـای توندوتیـژ و خواسـتی دژایەتیـی کـۆت و نەریـت و دەسـتەکانی فەرمانڕەوایـی، بەڵـێ ئەمـە هەمـووی لـە پێویسـت زیاتـر بـوون. بـەڵام لـە مـاوەی ئـەو سـاڵانەدا لەبارێکـی تێرنەبوونـدا گەشـەم کـردووە تـا هاتمـە سـەر ئـەو بڕوایـەوە کـە مـن مرۆڤێکـم لـە هۆشـدا دواکەوتـەم. منـی یاخـی بـووی ئـازاد و نموونـەی پیلانگێـڕان تووشـی (نوسـتالۆژییەکی) سـەیر هاتـم، چـۆن؟ کەوتمـە پرسـیار لـە خۆمـا، بـۆچ بەخـت پشـتی تێکـردووم و نەیهێشـت ژیانـی ئاسـوودەگی بناسـم، مرۆڤێکـی زۆر تـەواو نەبـووم گـەورەم، بـەڵام لـە دواییـدا زانیـم کـە هێشـتا کات لـە دەسـت نەچـووە. بەڵـێ ئەوسـا وەختـی هـات. کـە منـی یەکەمـی یاخیـی و پـڕ گومـان لـە ئەنجامـی زۆر خواردنـدا تێچـوو و منـی دووەم لـە خـەو هەڵسـا و بـە دەنگێکـی پـڕەوە داوای خۆراکـی کـرد، تەباییەکـی بەریـن و مەنـد، هیوایەکـی پـڕ لـە ئـارەزووی ئاسـایش کـە لەیەکبوونێکـی تـەواوەوە هەڵقـوڵا بـێ، دڵنیاییەکـی شـادی بەخشـی کـە حکومەتـی وەلیعەهـد و وەصـی خاڵـۆی (پێکـەوە هەڵدەسـتن و دادەنیشـنەوە). حکومەتێکـی چاکـە و دانایـە و رەوشـت بـەرزە وەك ئێمەمانـان، هەسـتی شـادمانییەکی ئەوتۆمـان پێدەبەخشـێت کـە هـەژار و داخ لەدڵـەکان نایزانـن، نـە ئـەو خۆپەرسـتانەش کـە لـە مرۆڤایەتیـدا ناتـەواون. مـن تەنیـا ئێسـتا گەیشـتوومەتە تەواویـی گـەورەم. ئـا ئەمـە منـم دوا زیندانـی لـەم وڵاتـە گەشـاوەو بەوەفایـەدا، دوا خاڵـی رەشـی بـە ڕووی سـپی حکومەتـی وەلعەهـد و وەصـی خاڵۆیـەوە! تاکـە قەڵـێ کـە بـە

ڕەشـایی باڵەکانیـەوە ڕەنگەکانـی پەلکـە زێڕینـەی قەوارەمـان وەك دەوڵەتێـك پیـس دەکات. تەنیـا لەبـەر خاتـری منـە کـە پۆلیـس مـاوە و قـازی و کارگێڕانـی زینـدان بـەڕێ نەکـراون و زیندانـە چۆڵـەکان نەکراونەتـە باخچـەی سـاوایان. بەهـۆی منـەوە گـەورەم تۆیـش ناچـار کراویـت لـەم شـوێنە ناخۆشـەدا بمێنیتـەوە لەبـری ئـەوەی ڕوو بکەیتـە پاوانـان و بدەیتـە قوڵابێکـی ماسـی گرتنـەوە یـا تفەنگێکـی ڕاو و ئـەم بەرگـە نـا هەمـوارە فـڕێ بدەیـت. جـا ئاشـکرای دەکـەم گـەورەم کـە ئێـوە بردتانـەوە و پۆلیـس ئەرکـی خـۆی بـە تـەواوی ئەنجـام داوە. دوا کەسـێ کـە حکومەتـی بـەلاوە بـاش نەبـوو وا چەکـی فڕێـداوە و هیچـی ناوێـت ئـەوە نەبـێ بـە زووتریـن کات بگاتـەوە دەسـتەی ئـەو هاونیشـتمانیانەی ستایشـی وەلیعەهـد و وەصـی خاڵـۆی دەکـەن. بـۆ یەکەمیـن جـار لـە مێـژووی جیهانـدا ئامانجـی هـەرە بـەرزی یاسـا لـە دەوڵەتـدا بـە تەواویـی و بـە هەمـوو مانـای وشـەکەوە دێتـە دی. ئەمەیـش دواکۆسـپ، کـە منـم، وا هـەرەس دێنـێ. ئـەم ڕۆژە بـۆی هەیـە بکرێـت بـە جەژنێکـی مـەزن لـە ژیانتـدا، گـەورەم ئەمـە ڕۆژی سـەرکەوتنی کۆتاییـە، ئـەوەی بـە درێژایـی تەمەنـت بـۆی تێکۆشـاویت و هـەر بـۆ ئەوەیـش هەڵبژێرداویـت، ئیمڕۆکـە ئـەم کاغـەزەت بـۆ ئیمـزا دەکـەم، لـە پـاش دە سـاڵ هـەوڵ و کۆششـی بابـردووت بـۆ ئیمزاکردنـی، بەمەشـدا مـن ئـازاد دەکرێـم و دەبـم بـە لایەنگـری حکومـەت. لەمـەش زیاتـر نامەیەکـی کـراوە دەنووسـم بـۆ وەلیعەهـد و وەصـی خاڵـۆی. نامەیـەك ئەوپـەڕی ملکەچیـی نیشـاندات و پڕاوپـڕی بێـت لـە بەڵگـەی ڕێزلێنـان و خۆشەویسـتی. نامەیـێ کـە هەرگیـز وێنـەی نەنووسرابێـت.

**سەرۆکی پۆلیس:**

وتت کە حەز بە پووڵ کۆکردنەوە دەکەیت؟

**زیندانی** (لە خافڵەتیدا)

بەڵێ، بۆچی دەگەڕێتەوە سەر ئەم باسە گەورەم؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

لەگەڵ هەموو شتێکەوە باش بیری لێبکەرەوە، ئێستا تۆ بەراستیی دەتەوێ جێمان بهێڵیت؟ تۆ دەتوانی جارێکی تریش بیربکەیتەوە و بێیتەوە سەرخۆت. هەروەك دەڵێن پەلە کردن کاری شەیتانە. ئەگەر ئەوە پێکهات ئەوا لە تواناماندا دەبێت کاری کۆکردنەوەی پووڵی پۆستەت بۆ ئاسان بکەین. نەفەری هەواڵگریمان لە زۆر لە وڵاتە نایابەکانی جیهاندا هەن راپۆرتمان بۆ دەنێرن. دەتوانین پووڵەکانیان کۆبکەینەوە و بیاندەین بە تۆ. بۆ ئەلبوومەکەت. لە دەرەوەی بەندیخانەدا پەیداکردنی پووڵی باش شتێکی سانا نییە.

(پۆلیسێ دێتە ژوورەوە)

**پۆلیس:**

عەریفەکە گەڕاوەتەوە.

**سەرۆکی پۆلیس:**

با بێتە ژوورەوە.

(عەریف دێتە ژوورەوە. تێکچەقیوە. رووی سوور بۆتەوە. سمێڵی دوو بەقەد سمێڵەکانیتر درێژە. دە شەلێ و پاسەوانەکە یارمەتی دەدات. چاوێکی ئاوساوە لەبەردەم وێنەکانی وەلیعەهد و وەصی خاڵۆی دا ئامادە رادەوەستێ. لە پاشانا لەسەر سکەملیەکەوە دادەنیشێ. مشەممایەکی بارانی لەبەرەو و شەبقەیەکی سەوزی لەسەرایە).

**سەرۆکی پۆلیس:**

باشە، عەریف سەرکەوتوویت؟ ئەمە دیمەنت بۆ ئاوایە؟ چی بووە؟ عەریف (دەناڵێنێ).

**سەرۆکی پۆلیس:**

هیچ کوێیەکت دەیەشێ؟

عەریف (سەری بۆ دەلەقێنێ و دەسرۆکەیێ دەردێنێ و دەیخاتە سەرچاوە ئاوساوەکەیەوە. سەرۆکی پۆلیس ئاماژە بۆ پۆلیسەکە دەکات بچێتە دەرەوە).

**سەرۆکی پۆلیس:**

دەتوانیت ئێستا قسە بکەیت.

**عەریف:**

لێیان دام، کاتێ ویستم بۆ هاندان دروشمێکی دژی میری بەرزکەمەوە.

**سەرۆکی پۆلیس:**

جا کێ لێیدایت، ناچێتە مێشکەوە کە..

**عەریف:**

بەڵێ گەلی دڵسۆز لێیدام.

**سەرۆکی پۆلیس** (بەگرژییەوە):

ئەمەم لەبەرچاوا بوو.

**زیندانی:**

دیتت گەورەم؟ هەموو شتێك بۆچوونەکەی من دەچەسپێنێ.

**سەرۆکی پۆلیس** (بە توڕەییەوە):

سەخڵەتمان مەکە، ئەی عەریف بەدرێژی بۆم باس بکە!

**عەریف:**

کــە فەرمانــی ئێــوەم وەرگــرت گــەورەم، دەســتبەجێ کەوتمــە جێبەجێکردنیــەوە. لــە پێشــدا دەســتەجلێکی ئەفەندییانــەم وەرگــرت، هەرچەنــدە حەزیــش بــەم جــۆرە بەرگانــە ناکــەم. بــۆ سەرلێشــێواندن شــەبقەیەکی سەوزیشــم لەســەرنا و مشــەممایەکی بارانــم کردەبــەر، لــە پاشــدان رووم کــردە شــەقامەکەوە، بــۆ ماوەیــەك لەبــەردەم مەکتەبــی پێــوەر و ســەنگەکانا وێســتام و بەشــێوەیەکی هاندەرانــەوە جووڵامــەوە، بــەڵام کــەس خــۆی تێنەگەیانــدم بۆیــە رووم کــردە گۆڕەپانەکــەوە و زمانــم لــە پەیکــەری وەلیعەهــد و وەصــی خاڵۆیــا دەرهێنــا (هەڵدەســێ و دادەنیشــێتەوە) بــەڵام ئەوەیــش ســەرنجی هیــچ کەســێکی رانەکێشــا، هــەروەك خــۆت دەیزانــی گــەورەم، هەمــوو هــەر بەپەلــەن. لــە گۆڕەپانەکــەوە دوورکەوتمــەوە و لەبــەردەم یــەك لــە دوکانەکانــی بیــرەدا سرەم گــرت. ســەیرێکی دەوروبــەری خۆمــم کــرد و جگــە لــە هاونیشــتمانیی ئاســایی کەســی تــرم نــەدەدی، ئەوانــەی مووچەکانیــان لــە پلــەی ســی و یــا ســی و هەشــتەمینە. بــێ زیــاد وکــەم، بیرم کــردەوە، دەرفەتێکــی هەمــوارە. ریزەکــە دەبــزووت منیــش بــە درێژایــی کات بیــرم دەکــردەوە چــۆن دەســت پێبکــەم، بــەڵام گەیشــتمە ئەنجامێکــەوە کــە سرەم هــات بــە فرۆشــیارەکەم وت: "دوو قاپــی بچــووك بیــرە.. لــە بیــرەی میریــی" بــەڵام کابــرا لێمــی پرســی "بیــرەی ئاســایی یــان بیــرەی رەش" نازانــم ئایــا لــە مەبەســتەکەم گەیشــتبوو، بەتایبەتــی وا پێدەچــوو بــاش تێنــەگات یــا نەیــەوێ تێبــگات" لێــرەدا روونــتر وەرامــم دایــەوە "هەرکامێکیــان لــە هەمــوو بارێکــدا کشــتوکاڵمان رووە وە خراپــی دەڕوات. ئــەوەی نەدزێــت بــە مووچەکــەی ناژیــت". ئەنجــا ئەوانــەی لەوێــدا وێســتابوون لێــم نزیــك بوونــەوەو یەکێکیــان

لێـی پرسـیم گـەر مەبەسـتم واقیعـی خۆمـان نەبووبـێ، چونکـە ئـەو مووچەخـۆری میرییـە و ڕێگـە بەکـەس نـادات بوختانـی پێـوە بـکات. ئەوسـاکەهیچ شـتێکم لـە جێگـەی خۆیـدا نەهێشـت، هێرشـم بـردە سـەر پەروەردەکردنـی ئـاژەڵ و بازرگانـی و دەرەوەمـان و کەمێکیـش پۆلیـس و بەتایبەتـی بەشـە نهێنییەکـەی. لێـرەدا گەنجێکـی شـەبقە بەسـەر دەرکەوتـوو هـاواری کـرد، "تـۆ ئـەم شـتانە بـە پۆلیسـی خۆمانـەوە دەڵێیـت؟ باسـی پۆلیـس نەکەیـت. ئەگـەر ئـاوا بـڕوات لـە دواییـدا لـە دژی سـوپایش خەڵـك هاندەدەیـت و داوای کەمکردنـەوەی خزمەتـی سـەربازی یـا داوای هەڵگرتنیشـی دەکەیـت. مـن لـە پاییـزدا دەچمـە سـەربازی. "لـەم سـاتەدا ئافرەتـێ بـەرەو روومانـا هاتـو قیژانـدی: دەبینـن، پۆلیسـی بـەدڵ نییـە مـن لـە حەفتـەی رابـردوودا عـەرز و حاڵێکمـدا تـا بێـن ماڵـمان بپشـکنن کەچـی ئـەم ناکەسـە بـەم شـێوەیە چەنـە لێـدەدات. لـە پـاش ماڵپشـکنیندا کارسـاناترە و خەڵـك ئاسـوودەتر دەبـن  و بەبـێ مـاڵ پشـکنین ژیـان تامـی نییـە". زانیـم کار لـەکار تـرازاوە، بـەڵام خـۆت دەمناسـیت گـەورەم مـن لـە منداڵییـەوە خزمەتـی پۆلیـس دەکـەم. ئەرکـی هانـدەر بـەلای منـەوە زۆر پیـرۆزە هەرچەنـد فەرمانێکـی سـەختە و هـەروەك وتـم بەرگـی ئەفەندییانـە نەخۆشـم دەکات. بـەو جـۆرە ئـەوەی پێویسـت بـوو بەبـێ تـرس گوتم: لـە پێشـەوە لەبـارەی باجـەوە لـە پاشـدا نەخۆشـخانە و لـە دواییـدا سـەبارەت بـە وەلیعەهـد و (هەڵدەسـتێ) و وەصـی خاڵۆیـەوە. "تـۆ ئـە ئاوایـت؟ فەرمانـڕەوا خۆشەویسـتەکانمان بەدنـاو دەکەیـت!؟ تێکـڕا هاواریـان کـرد و سـەروپۆتەلاکیان داپلۆسـیم.

**زیندانی:**

براڤۆ ئەی نەتەوەی ئازا!

**عەریف:**

گـەورەم سـەرۆك، جەنابـت تێدەگەیـت کـە دایانپلۆسـیم دوو هەسـتی دژ بەیـەك دایانگرتـم. هەسـتێکی خەمگینـی و هەسـتێکی شـادمانی. خەمباربـووم چونکـە نەمتوانـی فەرمانـی سـەرۆکی گـەورەم جێبەجـێ بکـەم. مـن هیـچ کەسـێکم بـۆ هـان نـەدرا. جـا هیـچ کـەس نییـە بتوانرێـت دەسـگیر بکرێـت. شـادمانییەکەیش لەمـەدا بوو کـە رێزلێنان و خۆشەویسـتی گـەل بـۆ میـری و خـودی (هەڵدەسـێ) وەلیعەهـد و وەصـی خالۆیـەوە. بەهێـز و تێکڕایـی بـوون. بەڵگـەش بـۆ ئەمـە وا بـە چاومەوەیـە گـەورەم.

**زیندانی:** "وەك بۆخۆی دەدوێت و بەگەرمییەوە":

وڵاتێکی نایاب  خەڵکێکی مەردانە!

**سەرۆکی پۆلیس:**

شلەی بۆریك بەکار بێنە.

**زیندانی:**

ئـەی سـەرۆکی گـەورە، چیرۆکـی عەریفەکـە بڕیارەکـەی منـی ئێجـگار چەسـپاند، حـەز دەکـەم بیروبـاوەڕە کۆنەکانـم فڕێـدەم کـە ئێسـتا بێزیـان لێدەکەمـەوە. مـن بەبـێ سـێودوو بڕوانامـەی دڵسـۆزیی واژۆ دەکـەم. تکایـە وێنەیەکیـم بـدەرێ لەگـەڵ قەڵـەم و مەرەکەبـا.

**سەرۆکی پۆلیس:**

کەواتە بڕیارێکە لێوەی پاشگەز نابێتەوە؟

**زیندانی:**

هیـچ شـتێك ناتوانێـت پەشـیمانم بکاتـەوە. ئـەم باڵەخانەیـە جـێ دێڵـم کـە ئـەو هەمـوو یـادگارە بەیەکەوەمـان دەبەسـێتەوە. مـن دەسـبەجێ روو دەکەمـە هاوکاریـی و پەیوەندیـی پێکردنـەوە. بێنـە

بـا ئیمـزای کەیـن!

**سەرۆکی پۆلیس:**

کەوابوو واز لە پوولەکان دێنیت؟

**زیندانی:**

ئەنجا پـوول چییـە؟ بەتایبەتـی کاتـێ کـە خزمەتکـردن لای وەلیعەهـد (هەڵدەسـێ) و وەصـی خاڵیـا چاوەڕوانمــە. لەبەرامبــەر گیانــی خزمەتکردنــا هیــچ شــتێ بــەلای پــوول کۆکــەرەوە بایەخێکــی نییــە. ئەلبــووم چ نرخێکــی دەمێنــێ ئەگــەر بتوانــم لــە هەســتی شــادمانی دڵســۆزییدا بتوێمــەوە کــە بــۆ یەکەمیــن جــار لــە ژیانمــدا دەیناســم بەتایبەتــی لــە پــاش ئــەوە مــاوە تاریکەیــەی هەڵەشــەییدا؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

باشـە چیـتر لەسـەری نـاڕۆم، ئەمـە کاغـەز و قەڵـەم و مەرەکـەب خۆتان ئەمەتـان ویسـت (کەلوپەلـی نووسـین بـە تووڕەییـەوە لەبەردەسـتی بەندییەکـەدا دادەنێـت).

**زیندانی:**

ئۆخەی!

(ئیمـزای دەکات. سـەرۆکی پۆلیـس کاغەزەکـە وەردەگرێـت، فـووی پیـادا دەکات و هیشـکی دەکاتـەوە. ئەنجـا زیلەکـە لێـدەدات. پۆلیسـەکە دێتـە ژوورەوە).

**سەرۆکی پۆلیس:**

شـتوومەکەکانی بـۆ ئامـادە بکـەن. (بـۆ بەندییەکـە) نائومێـدت کـردم. وامدەزانـی تـۆ لەمـە نەبەزتریـت و بـەم شـێوەیە کـۆڵ نادەیـت. لـە مـاوەی..

(پۆلیسـەکە شـتوومەکی حەپسـەکە ئامـادە دەکات. پاڵتۆیەکـی بەریـن، دەمامکێـك و نارنجۆکێکە).

**سەرۆکی پۆلیس:**

هەقـی خۆتـە هـۆ کاك ئـەو شـتانەی لەکاتـی گرتنتـا لـەلات دۆزرابوونـەوە بیانبەیتـەوە.

**زیندانی:**

تارمایـی رابـردووە. (پاڵتـۆی پیلانگێـڕ لـە پۆلیسـەکە وەردەگـرێ و دەیخاتـە سـەر باسـکییەوە. دەمامکەکـە لەگیرفانیـا دەشـارێتەوە و نارنجۆکەکـە دەداتـەوە بـە پۆلیسـەکە). نـە. ئـەم شـتەیانم نـاوێ. بـۆ هەمیشـە لـە کۆڵـی ئـەم جـۆرە شـتانە بوومەتـەوە. گـەورەم سـەرۆك ناتەوێـت ئـەم نارنجۆکـە وەربگریـت وەك یادگارێکـی ئـەو سـاتە هاوبەشـانەمانەوە! دەبێتـە شـایەدێ بـۆ سـەرکەوتنی باوکایەتیتـەوە بەسـەرمندا. ئەمـە لـە پاشـماوەی دوابەندییـە، هەروەهـا دەمامکەکەیـش (دەمامکەکـە لـە باخەڵیـا دەردێنـێ).

**سەرۆکی پۆلیس:**

ئـارەزووی خۆتـە (بـێ باکانـە نارنجـۆك و دەمامکەکـە لـە حەپسـەکە وەردەگرێـت و دەیانخاتـە لاوە).

**زیندانی:**

بـە گەرمیـی پیرۆزباییـت لێدەکـەم گـەورەم. دوا پیلانگێـڕ وا مـرد و نیشـتمانییەکی دڵسـۆزی تـازە لەدایـك بـوو! ئەگـەر لەجێـی تـۆ دەبووم فەرمانـم دەدا تۆپـی هـاوەن بتەقێنـن و سـێ رۆژ مۆڵەتـم دەدا بـە پیاوەکانـم! لـەم کاتـەوە ئـەوان هیـچ کارێکـی گرنگییـان نامێنـێ. بەدوعـا و سـوپاس بـۆ هەمـوو شـتێك.

**سەرۆکی پۆلیس:**

شایانی نییە.

(حەپسـەکە تەوقـە دەکات لەگـەڵ سـەرۆکی پۆلیـس و عەریـف و پۆلیسـەکەداو

دەڕوات. پۆلیسـەکە سـڵاو وەردەگرێـت و دەچێتـە دەرەوە. سـەرۆك دەمێنێتـەوە لـە شـەقامەکەدا هاوارێکـی تیـژ لـە بەندییەکـەوە بـەرز دەبێتـەوە).

**زیندانی** (دەنگی لە پەنجەرەکەوە دەگاتە گوێ):

بژیت وەلیعەهد وەصی خاڵۆی!!

**سەرۆکی پۆلیس:** (بەدەستەکانی رووی خۆی دەپۆشێت و دەبوورێتەوە).

خوایە. خوایە..

**عەریف:** (بەدەنگێکی خەواڵووەوە):

بەڵکو داوێکی بۆ بنێنەوە.

**(پەردە)**

## بەشی دووەم

(رووداوەکان لەماڵــی عەریفەکــەدا بــەدی دێــن. وێنــەی وەلیعەهــد و وەصــی خاڵــۆی بــە دیــوارا هەڵــواسراون، هەروەهایــش وێنــەی کابــرا و ژنەکــەی لــە بەرگــی بۆکێنیــدا، دەرگا و پەنجەرەیــەك دوو کورســی و مێزێــك. مانیکانــێ بەرگــە پۆلیســیەکەی عەریفــی پیاداکــراوە، کــە چەنــد نیشــانەیەکی بــە بەرۆکەوەیــە. پەردەیەکــی جــل داماڵیــن کــە لــە ژێریــا جووتــە جزمەیــێ دیــارە. مەرکانێکــی گــوڵ یــا دارخورمایەکــی بچــووك. مێزێکــی بچکۆلانــە چەنــد ســەنگێکی مەشــقی و وەرزشــی بەســەرەوەیە. ژنــی سیخوڕەکە ســەرۆکی پۆلیســی وەك لــە بەشــی یەکەمــدا بــەڵام نەختــێ رووگــرژە، پاڵتۆیەکــی بــە کڵاوی لەبەردایــە. شــیرێکی هەڵگرتــووە).

**سەرۆکی پۆلیس:** (کڵاوەکە چاوەکانی داپۆشیبوون):

رۆژتان شاد، پیاوەکەتان لە ماڵەوەیە؟

**ژنی سیخووڕەکە:**

تا ئێستە نەهاتۆتەوە.

**سەرۆکی پۆلیس:**

نەهاتۆتەوە؟ وەك بیزانم ئیمڕۆ وچانی هەیە.

**ژنەکە:**

بــەڵام ئــەو حــەز بــە وچــان نــاکات، گــەورەم چ کارێکتــان پێیەتــی؟ (ســەرۆکی پۆلیــس هەنــگاو دەنێــت و لەناوەڕاســتی ژوورەکــەدا رادەوەســتێ. کڵاوەکــە دادەکەنێــت) ســەرۆکی گــەورە؟!

**سەرۆکی پۆلیس:**

هشش. دەنگت بەرز مەکەرەوە. نەیگووت کەی دەگەڕێتەوە؟

**ژنەکە:**

نەخێــر. بــۆ هاندانــی خەڵــك چۆتــە شــار، کــێ دەزانــێ تاکەی بــەردەوام دەبێت.

**سەرۆکی پۆلیس:**

تکایە خۆتان سەخڵەت مەکەن. دەبینم جل دەدووریت.

**ژنەکە:** (بەشەرمەزارییەوە جلەکە دەشارێتەوە):

هیچ نییە ئەمە شەریتی پانتۆڵی مێردەکەمە. بەرگی ئەفەندییانە زۆر نارەحەتی دەکات. بۆیە هەمیشە حەز دەکات شتێکی لابێت بەرگی سەربازیی بێنێتەوە یاد تەنانەت ئەگەر لە ژێرەوەش بووە. (لەناکاوا شێوەی دواندنەکەی دەگۆڕێت و دەپاڕێتەوە) سەرۆکی گەورەم!

**سەرۆکی پۆلیس:** (چاو بە دەوری خۆیدا دەگێڕێت):

چی بووە؟

**ژنەکە:**

تکات لێدەکەم لەم کارەیدا بیبەخشیت..

**سەرۆکی پۆلیس:**

لەبەرچی؟

**ژنەکە:**

کەس نایزانێ چەند کلۆڵ و قوڕبەسەر بووە لەوەتەی ئەم بەرگانەی پۆشیوە! ئەو بەبێ جلی سەربازییەوە ناژیت. وەك گوڵ ژاکاوە.

**سەرۆکی پۆلیس:**

هیچ چارمان نییە خانم. هاندان هەمیشە بە بەرگی ئەفەندییانەوە دەبێت.

**ژنەکە:**

باشە ئەی ناتوانیت هیچ نەبێ بە شەبقەی یاساییەوە ئەوە بکات؟ ئەوسا دەردەکەوێ نەختێ سووکتر دەبێت.

**سەرۆکی پۆلیس:**

نە. شەبقە خەڵکی لێ بە ئاگا دێنێ.

**ژنەکە** (بەدان پیانانێکەوە):

بەڵــێ لــە راســتیدا زۆر لەمێــژە هیــچ کەســێك نەگیــراوە. لەبــەردەم ئێــوەدان ســەرۆکی گــەورە ئــەوە دەرناخــات، بــەڵام لــە ماڵــەوە لێــی بووەتــە بارێکــی گــران و ژیانــی پــێ تــاڵ کردوویــن. جــا گرتنــی تاکەکەســێك بــاری ئــەو چــاك دەکاتــەوە.

**سەرۆکی پۆلیس** (بەشێوەیەکی رەوانبێژییەوە):

هیچ گرتنێك بەبێ هاندان نابێت.

**ژنەکە** (بە خەمێکی زۆرەوە):

وام لێهاتووە بەمەیش بڕوا نەکەم.

**سەرۆکی پۆلیس:**

کەسێ ناناسیت بۆ ئەوە دەس بدات؟

**ژنەکە:**

هیــچ کــەس. خەڵــك هەمــوو ملکەچــن و بەرادەیــەك دەترســێن شــەیتان حەســوودیمان پــێ ببــات. تەنانــەت ئەگــەر یەکێــك ببوایــە بــە مێردەکەمـم دەگـوت، تـا خـۆی مانـدوو نـەکات. بـە هەرحـاڵ هەمیشـە هــەر دەپرســێت.

**سەرۆکی پۆلیس:**

ئەی دراوسێکان؟ یاخود خزمێکی دوور؟

**ژنەکە:**

گشــتیان لەســەر رێگــەی راســتدان. پیرەمێــردێ لــە شــەقامەکانا هەبــووە گلەیــی هەبــوو، بــەڵام لەمیــری نــا بەڵکــو لــە نەخۆشــییەکەیەوە. ئەویــش بەهــۆی خۆپاراســتنەوە مــرد.

**سەرۆکی پۆلیس:**

ئـا، کار ئـە ئاوایـە هێمنـی لـە هەمـوو شـوێنێکدا بێدەنگیـی لـە هەموو لایەکـەوە چـۆن مێردەکەتت ناسـی؟

**ژنەکە:**

ئەمـە چیرۆکێکـی کۆنـە. ئـەم نـاوی منـی دابـوو، منیـش نـاوی ئـەم. بەمجـۆرە یەکترمـان ناسـی.

**سەرۆکی پۆلیس:**

مناڵتان هەن؟

**ژنەکە:**

دوان. حەپسم کردوون. دەرگایان لێبکەمەوە؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

خۆت نارەحەت مەکە، تەنیا ویستم مێردەکەت ببینم.

**ژنەکە:**

لەوانەیـە گەڕابێتـەوە، ئـەم هەمیشـە بەسـەر پێپیلکانەکانـەوە گـوێ رادەگرێـت. وا دەچم سـەیر دەکەم (دەچێتـە دەرەوە. دەنگی هەنگاوی بـێ هەسـت لەسـەر پێپیلکانەکانـەوە، پەنجەرەیـەك دەکرێتـەوە و عەریفەکـە بـە بەرگـی ئەفەندییانـەوە دێتـەژوورەوە. مشـەممای بارانـی لەبەرایـە و شـەبقە بچکۆلـە سـەوزەکەی لەدەسـتایە“.

**عەریف:**

سەرۆکی گەورە، لە ماڵی منا! ئای چ شەڕەفێکە!

**سەرۆکی پۆلیس:**

هشـش.. مـن بەشـێوەیەکی تایبەتـی هاتوومەتـە ئێـرەوە. دوایـی باسـی ئەمـە دەکەیـن. بـۆ لـە دەرگاوە نایەیتـە ژوورەوە؟

**عەریف:**

بەسەربانەکەدا هاتم گوتم نەبادا شتێکی ناڕەوا هەبێ. بەهەرحاڵ دەبوو بگەڕابامەوە بۆیە ویستم بەسەرباندا بێمەوە، بەڵکو شتێك رووبدات، چونکە لە ژێرەوە هەموو شتێ هێشتا هەر بەدڵی خۆمانایە.

**سەرۆکی پۆلیس:**

جا لەوێدا چی روویدا؟

**عەریف:** (قۆڵەکانی دەکاتەوە):

هیچ سەرۆکی گەورەم. تەنیا باڵندەکان. کوا ژنەکەم؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

چووە لای پیپیلکانەکان وایزانی تۆ لەوێی.

**عەریف:**

ئەم هەمیشە لای پەیژەکەوە گوێ دەگرێت. ئێستا رێ هەیە خۆم بگۆڕم گەورەم؟ من بەبێ بەرگی یاسایی وەك رووت بم وایە.

**سەرۆکی پۆلیس:**

بۆت هەیە هەرکاتێك ویستت جلەکانت بۆگۆڕیت. تۆ وایت لەماڵی خۆتا و مۆڵەتیشت هەیە.

**عەریف:** (لە پشت پەردەکەوە دێتە دەرەوە):

بەڵێ ئیمڕۆ وچانە، بەڵام وام بەبیردا هات کە دەشێت لەم رۆژەدا بەختم یار بێت، بۆیەکا بۆی دەرچووم. سەرلەبەیانی کەمێ خەڵکم هاندا، بەڵام هەروەك جاران چش. خەڵك گشتیان دڵنیان.

**سەرۆکی پۆلیس:**

ئەگەر هەموو ئەوانەی لە پۆلیسدا کار دەکەن وەك تۆ بوونایە ئەم یاسا نموونەیی و ترسناکەمان بە چاوی خۆمانا نەدەدەی.

ویستم بڵێم بەهۆی تۆوەیە ئەم یاسایەمان هەیە تۆ شایانی پلەیەکی بەرزتریت.

**عەریف:** (هەر خەریکی لەبەرکردنی بەرگی یاساییە لە پشتی پەردەکەوە).

هیچ نییە سەرۆکی گەورەم تەنیا ویستم لەماڵ دەرچم و هەوڵێکی تر بدەمەوە، من خۆم حەز بەمە دەکەم. (هەڵوێستەیەك عەریف لە جل گۆڕین دەبێتەوە و بە تەواوی بەرگە یاساییەکەیەوە دێتە ژوورەو، بە شیرو بە نیشانەکانیەوە، بە شادومانی باوێشك دەدات): ئای لەم حەسانەوەیە، ئێستا هەست دەکەم کە لەماڵەوەم، لەکاردا گەڕانەوە و جل گۆڕین. گەورەم تۆ تامی ئەم خۆشییەت نەچەشتووە. ببوورن (هەست دەکات بە ناشیرینی جووڵاوەتەوە، ئامادە دەوەستێت) ئەمە رەوشتە بەدەکانی کاری مەدەنییە. جلوبەرگی مەدەنی ئادەمیزاد یەکسەر بەرەو خراپە دەبات. سەرۆکی گەورەم ببەخشە دەبێ چاودێریی خۆم بکەم.

**سەرۆکی پۆلیس:**

گوێ مەدەرێ. ئیمڕۆ کاروباری گرنگترمان هەیە. بەهەر بیانووەك بێ ژنەکەت دوور بخەرەوە لەوانەیە هەر لەسەر قادرمەکانا بێت. ئەو ئافرەتێکی نەترسە بەڵام حەز دەکەم بەتەنیا بتدوێنم.

**عەریف:**

فەرمانی جەنابتانە گەورەم (دەچێتە دەرەوە خشەپی هەنگاوی کپ لەسەر پێپیلکانەکانەوە سەرۆکی پۆلیس پاڵتۆکەی دادەکەنێ و دادەنیشێ، چەند هەنگاوێ عەریفەکە دێتەوە). ناردم کەتیرەی دژی ئاوم بۆ بکڕێت.

**سەرۆکی پۆلیس:**

جا بیانوویەکی باشترت نەدۆزییەوە؟

**عەریف:**

بیانوو نییە گەورەم، کاتێ دواجار لێیاندام پاڵتۆکەی بارانم دڕا.

**سەرۆکی پۆلیس:**

باشە ڕێگاکەی دوورە؟

**عەریف:**

سێ چارەکە سەعاتی پێدەچێت.

**سەرۆکی پۆلیس:**

تۆ لەم هاتنەمدا سەرت سوڕماوە؟

**عەریف:**

بەڵێ گەورەم! سەرۆکی پۆلیس لە ماڵی منا! شۆڕشێ لەمە زووتر بەرپا دەبێت!

**سەرۆکی پۆلیس:**

خەوبینین نییە، عەریفی خۆم، بەڵام عەریفی هۆشیار لە هەر ساتێکا چاوەڕوانی شۆڕشە. بەڵام مەبەسم ئەمە نییە.. تۆ لە فەرمانی خۆتدا بێ خەوشیت.

**عەریف:**

ئەرکی سەرشانە گەورەم.

**سەرۆکی پۆلیس:**

کاری نموونەییت لە تەنیا هەستکردن بە فەرمان زیاترە. (عەریف ئامادە دەوەستێت). پێویست ناکات. باشترە دانیشیت.

**عەریف:**

گەر ئارەزوو بفەرموون حەز بە نەختێ مەشقکردن دەکەم، ئەگەر سەرۆکی گەورەم ئەوەندە دڵنەرم بێت.

**سەرۆکی پۆلیس:**

مەشقی چی دەکەیت؟

**عەریف:**

هەمیشە لەم کاتەدا کە لەماڵەوە دەبم نەختێ بەم سەنگەوە مەشق دەکەم، یا بەو سپرینگەوە. پێویستە هەردەم لە جەستەدا ئامادە و لێهاتووبم. مەشق هێز دەبەخشێت. (ماسولکەی باسکی گرژ دەکات) سەرۆکی گەورەم دەتەوێت دەستی بدەیتێ؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

نەخێر لێرەوە دەیبینم. گەر حەز دەکەیت مەشق بکە (عەریف قۆڵی لێ هەڵدەکات. سەنگەکان لەسەر مێزە بچووکەکەوە هەڵدەگرێت و دەگەڕێتەوە و شوێنەکەی لەبەردەم سەرۆکی پۆلیسدا. زۆر بە هۆشیاریی گوێ دەگرێت و هەر تاوە نا تاوێك سەنگەکان بڵند دەکات و دەست بە ماسولکەکانی دا دەهێنێ، هەتا دڵنیا بێت کە رەق بوون): زۆر شتی ترم لەتۆدا دۆزیوەتەوە.

**عەریف:** (بە کڕنووش بردنەوە):

بەڵێ ئەی سەرۆکی گەورەم!

**سەرۆکی پۆلیس:**

زانیومە تۆ خاوەنی بیروباوەڕیت.

**عەریف:**

بەڵێ سەرۆکی گەورەم!

**سەرۆکی پۆلیس:**

تۆ ئەگەر پێویست بێت بەرگی مەدەنیی دەکەیتە بەر

هەرچەنــد حەزیشــی پێناکەیــت؟

**عەریف:**

بەڵــێ ســەرۆکی گــەورەم. لــە پێنــاوی فەرمانــدا هەمــوو شــتێ لەبەردەکــەم!

**سەرۆکی پۆلیس:**

زۆر راســتە، یانــی تــۆ ئارزووەکانــت دەکەیتــە قوربانــی فەرمانــەوە. بــەڵام ئەمــە هیــچ نییــە، لــە ئەنجامــی تاقیکردنەوەتــدا دەمێکــە بــۆم دەرکەوتــووە کــەوا گــوڕ و دڵســۆزی و ئامادەییــت زۆر لــەو ئەرکانــەت زیاتــرن کــە بــە شــێوەیەکی نموونەیــی ئەنجامیــان دەدەیــت، هەرچەنــد ئەرکــی ســاناش نیــن.

**عەریف:**

بەڵێ، سەرۆکی گەورەم!

**سەرۆکی پۆلیس:**

ئــاوا دێیتــە بەرچــاوم وەك تــۆ (هەرقــەل) بیــت و خەریکــی داربڕینــەوە و ئاوگوێزانــەوە بیــت. بێگومــان کاری ســەخت و بەســوودن بــەڵام لــە هەرقــەل ناوەشــێنەوە. هێــزت تیایــە ئــەی عەریــف. هێــزێ کــە لەئەرکــی ســاکاردا تەنیــا بەشــێکی زۆر کەمــی لــێ بــەکار دەهێنرێــت. ئەمەیــش چونکــە تــۆ تەنیــا پیــاوێ نیــت فەرمانــی خــۆی بــە دڵســۆزی بەجــێ دێنــێ و بــەس. تــۆ بــە گیانــی یاســا و ملکەچیــی گشــتییەوە گــۆش دراویــت. تــۆ دەروێشــی پۆلیســیت. موبیــدی پۆلیســیت. ئــەی عەریــف، لــەم دواییــەدا دیمەنــت پەرێشــان بــووە.

**عەریف:**

خەوم کەم بووە، گەورەم.

**سەرۆکی پۆلیس:**

بەم بۆنەیەوە، پێم بڵێ خەو بە چییەوە دەبینیت؟

**عەریف:**

خەو دەبینم. بەڵام خەونی بێ جێن.

**سەرۆکی پۆلیس:**

بڵێ.

**عەریف:**

خۆشم نازانم لە کوێوە دێن. هەندێ جار لە خەودا خۆم بە دوان دەبینم.

**سەرۆکی پۆلیس:**

مەترسە. مەترسە.

**عەریف:**

یەکێکم بە جلی رەسمی و ئەویترم بە بەرگی مەدەنییەوە. بەیەکەوە لە کێڵگەیەکی گەورەدا پیاسە دەکەین. باڵندەکان دەخوێنن، هەوا خۆشە.. ئەوسا هەست دەکەم مەبەستم ئێمە هەردووکمان، یاخود خۆمەکان، کەوا شتێ بەسەر گیانی مرۆڤدا دێت و لەولایشەوە لە دوور، بۆنی گیا و گوڵ پەخشە. خۆت دەیزانی، سەرۆکی گەورەم بەهار چۆنە جا ئەوساکە.. لە دەرووندا ئەو گوڕ و ئارەزووە پەنگ دەخواتەوە کە یەکێک بگرم. کە مرۆڤ شتێ بگرێت، ئەگەر کەروێشکی بووە لە کێڵگەدا یاخۆ باڵندەیێ. کەوابوو سەیر دەکەم، واتە هەردووکمان سەیری دەوروبەری خۆمان دەکەین و بە وردی دەڕوانین.. بەڵام هیچ کەسێ نییە کەسێك نییە لەسەر ئەو زەوییە پڕەدا دەسگیری بکەین. ئەوساکە خەو بەخراپترین شتانەوە دەبینم..

**سەرۆکی پۆلیس:** (بێ ئارامە):

قسە بکە. قسە بکە.

**عەریف:**

ئەوساکە وا خەو دەبینم کە من خۆم دەستگیر دەکەم. واتا منی لە بەرگی یاساییدا خۆمی لەبەرگی مەدەنییدا دەگرم. ئەوجا لە شلپەی ئارەقەدا خەبەرم دەبێتەوە. (گێڕانەوەی خەونەکە ئەرکێکی سەختە بەسەر عەریفەکەوە، لەو ماوەیدا مەشق ناکات).

**سەرۆکی پۆلیس:**

ئەمەی تۆ دەیڵێیت زۆر خۆشە، خۆش، ئەی عەریف. دواجار یەکێکت گرتبێ کەی بووە؟

**عەریف** (بەداخێکەوە):

سەرۆکی گەورەم ئەمە قسەی بێ سەروپایە!

**سەرۆکی پۆلیس:**

ئێستا ئاگات لەوە بێت کە دەیڵێم.

**عەریف:**

بەڵێ، سەرۆکی گەورەم!

**سەرۆکی پۆلیس:**

ئایا دەیزانیت کە تۆ لەمەولا هیچ کەسێك دەسگیر ناکەیت!

**عەریف** (سنگەکەی لەدەس بەردەبێتەوە):

چۆن سەرۆکی گەورەم چۆن؟

**سەرۆکی پۆلیس:** (هەڵدەسێ و لە ژوورەکەدا هاتووچۆ دەکات):

لەمە زیاترت پێ دەڵێم. هەر ئەمەنا کە تۆ خۆت هیچ کەسێك دەستگیر ناکەیت و بەس، بگرە کوڕەکەشت و

کوڕەزاکەشــت و کــوڕەزای کوڕەکەیشــت هەروەهــا هیــچ کەســێ دەسـگیر ناکـەن. تێکـڕای پۆلیس دەکەوێتـە سـەر کەلووکـەی فاقـەوە. بوونــی پۆلیــس بــۆ چییــە؟ بــۆ ئەوەیــە ئەوانــە دەســگیر بــکات کــە دژی رژێــم دەوەســتن. جــا ئەگــەر کــەس دژ نەبــێ؟ ئەگــەر لــە ئەنجامــی کــردەوە بەرزەکانــی بەردەوامــی پۆلیســدا دوا ســێبەری هەڵگەڕانــەوە و دژایەتــی لەنــاو هاونیشــتمانیاندا رەش کرایــەوە و بگـرە دوا نارەزایـش نەمێنـێ!؟ ئەگـەر بێـت و بـە ئێجـگاری و هەتـا هەتایـە خۆشەویسـتی بـۆ وەلیعەهـد (ئامـادە رادەوەسـتێ) وەصـی خالـۆی لەنێـو دڵـی جەمـاوەردا چەسـپا؟ ئەوکاتـە پۆلیـس چـی بـۆ دەمێنێتــەوە؟ هەوڵمــداوە ســەرەنجامێ بــۆ ئــەم کێشــەیە بدۆزمــەوە، بۆیــە فەرمانــم پێدایــت کــە وەك هانــدەری خــۆت بکوتیتــە نــاو ریزەکانـی خەڵکـەوە. بـەڵام وەك بەچـاوی خـۆت دەبینـی دوا هیـوای رزگارکــردن کوژاوەتــەوە و کارەکــەش هــەر بەمــەوە نەوەســتا کــە نەمانتوانــی تاکەکەســێکیش هاندەیــن، بگــرە تــۆ خۆشــت لێدانــت خــوارد چونکــە دروشــمی دژ بــە میریــت بڵاوکــردەوە.

**عەریف:**

ئەوە ژانێك بوو تێپەڕی.

**سەرۆکی پۆلیس:**

مەبەسـم ئەمـە نییـە کارەکـە پەیوەنـد بـە کێشـەی فراوانـترەوە هەیـە. لەمێـژ بـوو چاوەڕوانـی ئـەم ساتەبووم، کـە ئێسـتا وا هاتـووە و لێـی دەترســم. دوا پیلانگێڕمــان وا بڕوانامــەی دڵســۆزی مۆرکــرد و دوای دەرچوونــی لــە بەندیخانــەوە دەســتی بــە خزمەتکردنــی وەلیعەهــد و وەصــی خالــۆی کــردووە. هەوڵمــدا پەشــیمانی بکەمــەوە، بەڵێنــی پــووڵم پێیــدا، بــەڵام بــێ ســوود بــوو. ئایــا دەزانیــت ئەمــە هەمــووی

مانـــای چییـــە؟ مانـــای ئەوەیـــە ئێمـــە زیندانـــی نایـــاب و جوانمـــان هـــەن پارەیەکـــی زۆریـــان تێچـــوە، کەســانی ئەوتۆمـــان هـــەن شـــارەزان و قوربانییـــان داوە، دادگا و دەزگایەکـــی راپەڕانـــدن و ئارشـــیفێکمان هـــەن کەچـــی تەنیـــا تاکـــە حەپســـێکمان نییـــە. تەنانـــەت کەســـێکی گومـــان لێکراویشـــمان نییـــە. بگـــرە شـــوێنەوارێکی تاوانیـــش. گـــەل بەشـــێوەیەکی دڕندانـــەو ســـەختەوە لایەنگیـــری میریـــی دەکات.

**عەریف:**

بەڵـــێ ســـەرۆکی گـــەورەم، ئەمـــە راســـتییەکەیەتی. بـــە دەســـتم بوایـــە ئەســـتێرەی نیـــوەڕۆم پێدەبینـــن!

**سەرۆکی پۆلیس:**

کاتـــی فڕێـــدای ئـــەم جلانـــەت نزیـــك بۆتـــەوە، ئەوســـا بەتاوانـــی دەســـتگیرکردنی تاکـــە کەســـێکەوە دەتلێیتـــەوە، بـــەڵام ئەفســـووس! شـــەوگار دەبـــێ بناڵیـــت و بلوورێنیـــت. ئەوســـاکە نیشـــانەدرووت بـــە پانتۆڵـــەوە دادت نـــادات و تـــۆ ئێســـتاکە لـــە خزمەتدایـــت خـــەوت کەمـــە، ئـــەی لـــە دواییـــدا چـــی دەبێـــت؟ بیرکـــەرەوە.

**عەریف:**

نە. نە!!

**سەرۆکی پۆلیس:**

بـــا. بـــە. ئـــەم جلانـــەت لێدەســـێننەوە و چاکەتێکـــی وەرزش و پانتۆڵێکـــی تەســـکت پێـــدەدەن و فەرمـــوو، رێـــت هەیـــە بـــە قولابێکـــی راوەماســـی یـــا تفەنگێکـــی شـــکارەوە بچیتـــە ســـەر زێ یـــا بڕۆیتـــە مێرگەکانـــەوە. فەرمـــوو تـــا بێـــزار دەبیـــت رابوێـــرە! بـــۆت هەیـــە کەروێشـــك و باڵنـــدەکان راوبکەیـــت بـــەڵام بێگومـــان لـــە وەرزی پاراســـتنیاندا نەبێـــت.

**عەریف:**

باشە، ئەی هیچ چارەسەرییەك نییە، سەرۆكی گەورەم؟

**سـەرۆكی پۆلـیـس** (دەسـت دەخاتـە سـەر شـانی عەریفەكـەوە و بـە دەنگێكـی گـەرم):

وا مـــن هاتوومەتـــە لات نـــەك وەك ســـەركردەی پۆلیـــس یاخـــود ســـەرۆكی تـــۆ. لـــە ســـاتێكی ئـــە ئـــاوا نەگبەتـــدا ئێمـــە هەردووكـــمان تەنیـــا دوو پۆلیســـی ئاســـایین دەســـتی یارمەتـــی بـــۆ یەكـــتر درێـــژ دەكەیـــن لـــە دژی ئـــەو وێرانكارییـــەی هەڕەشـــە لـــەوەوە دەكات كـــە لـــە مـــاوەی ژیانـــدا دروســـتمان كـــردووە. وەك دوو بـــرا راوێـــژ دەكەیـــن بـــۆ پاراســـتنی ئەمـــە هەمـــووی (دەســـی درێـــژ دەكات و عەریفەكـــە بـــە پەرۆشـــەوە دەیگوشـــێ و بـــە دەســـەكەی تـــر فرمێســـك دەســـڕێتەوە) ئێســـتاش گوێبگـــرە، ئـــەو ئادەمیـــزادەی كـــە بتوانێـــت هەمـــوو شـــتێ رزگار بـــكات تۆیـــت.

**عەریف:**

من؟

**سەرۆكی پۆلیس:**

بەڵـــێ تـــۆ گوێبگـــرە پێـــت بڵێـــم، پێویســـتمان بەكێیـــە؟ بـــە یەكـــێ كەبتوانیـــن بەهـــۆی هـــەر شـــتێكەوە بێـــت كـــە بۆنـــی دوژمنایەتـــی دەوڵەتـــی لێوەبێـــت حەپســـی بكەیـــن. لـــە پـــاش ئـــەو هەمـــوو تەقەڵلایانـــەی داومانـــە بۆمـــان دەركەوتـــووە ئەگـــەر لەســـەر رێوشـــوێنی ئاســـاییدا بڕۆیـــن ئـــەم جـــۆرە كەســـەیەمان دەس ناكـــەوێ. جـــا پێویســـتە خۆمـــان ئـــەو كەســـە دەستنیشـــان بكەیـــن، بۆیـــە مـــن تـــۆم هەڵبـــژاردووە.

**عەریف:**

چاك تێناگەم سەرۆکی گەورە.

**سەرۆکی پۆلیس:**

چ شتێ تێناگەیت؟

**عەریف:**

من دەبێ چ بکەم؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

ئەوە بکەیت کە تا ئێستا کردووتە. هەر شتێك بڵێیت کە دژی میری بێ لەگەڵ تەنیا جیاوازییەکەوە کە ئێمە ئەمجارەیان چاوت لێ ناپۆشین و حەپست دەکەین.

**عەریف:**

من حەپس دەکەن؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

دڵنیابە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەی پێتی دەسپێرم، لەبەر رۆشنایی رەوشتیی پۆلیسدا زۆر لەوە بەرزترە، ئەم هاونیشتمانییەوە یا ئەوی تر هاندەیت و ئەنجا هەڵسی بیگریت. چونکە مەبەس لەوەیان هەڵسانە بە خزمەتێکی ئاساییەوە، کەچی مەبەست لە ئەرکەتازەکەوە راپەڕاندنێکی بەگوڕ و پڕ لە هەستی شاعیرانەی کارێکی تایبەتییە کە تەنیا پۆلیسێکی بەتوانا و لێهاتوو بۆی هەیە ئەنجامی بدات، یەکێ کە تا ناخی ئێسقانەکانی بەگیانی پۆلیسییەوە گۆش درابێت. مەبەستم ئەمەبوو کە پێتم وت تۆ مەشخەڵێکی ئاگریت. ئاگری پیشەی پۆلیسی کە تەنانەت لە نێوان هەرە چاکەکانیشیانا بەدیی ناکەین. تۆ شتێکت تیادابێ کە ئەم هەموو ماوەیە درێژە چاوەڕوانی کردبێت و دەروازەی

راستی نەدۆزیبێتەوە، ئەم پەیامەی ئێستێ نەبێ بۆتم ئاشکرا نەکردووە. تۆ پێویستە ببێتە عەریفەکەی تاوانکەر.

**عەریف:**

سەرۆکی گەورەم، من هەمیشە من بەگشت تواناپەکمەوە سەرم ژان دەکات سەرۆکی گەورەم.

**سەرۆکی پۆلیس:**

گوێ مەدەرێ ئێستاش لە نۆژەن جلەمەدەنییەکانت لەبەر بکەرەوە.

**عەریف:**

لە نۆژەن؟ بۆچ مەبەستێکەوە؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

ئەی خۆناشێت بە بەرگی یاساییەوە خۆت هاندەیت.

**عەریف:**

چۆن ئێستێ دەست پێبکەم؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

بێگومان کاتمان نییە جلەکانت بگۆڕە و پەنجەرەکە بکەرەوە. بۆ ئەوەی لە شەقامەکەوە گوێیان لێبێت لە پەنجەرەکەدا بوێستە و هۆتافێ بە دژی وەلیعەهد (پێکەوە ئامادە دەوەستن) و وەصی خاڵۆیەوە بکێشە. ئەنجا من شیرەکەم هەڵدەکێشم و دەتگرم. ئاوەها کارەکە ئەنجام دەدرێت.

**عەریف:**

ئەی حەزرەتی عیسا، ئەی حەزرەتی عیسا. من خۆم پۆلیسم!

**سەرۆکی پۆلیس:**

لە هەموو کاتێ زیاتر، بەڵام لە کاتێکدا پۆلیس بیت و

لەبەردەمیا وای نیشادەیت کە هەونیت ئەمە واتای ئەوەیە کە تۆ بە شێوەیەکی قوول و بەتام و بەتەواویی پۆلیست. هەروەها تۆ بە جۆرێکی نائاسایی پۆلیست و لە هیچ پۆلیسێکی تر ناکەیت و وەك بە جۆرێکی دووفاق پۆلیسێکی پۆلیسی بیت.

(عەریفەکە دەڕواتە پشت پەردەکەوە و خۆی دەگۆڕێت و بە دڵتەنگییەوە جلی شارستانییەتی لەبەردەکات و دەس دەکاتە گریان. لەسەرووی پەردەکەوە سەری و لە ژێریشیەوە قاچەکانی دیارن).

**سەرۆکی پۆلیس:**

هەر ئیمڕۆ نەك سبەی، راپۆرتێك بۆ ژەنەراڵ بەرز دەکەمەوە، سبەینێ بەیانی وەلیعەهد و وەصی خالۆی ئاگادار دەکرێن کەوا پیلانگێڕێك دۆزراوەتەوە و دەستگیرکراوە. ئەوسا رزگار دەبین.

**عەریف** (دوگمەکانی دادەخات):

جا چ هۆتافێ لێدەم باشە؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

بۆ لە شتەکۆنەکان هیچ ئامادە نییە؟

**عەریف:**

ئەمەیان دەس دەدات: وەصی و خاڵۆی وەلیعەهد (ئامادە دەوەستێ) بەرازە؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

نە. ئەمە تەنیا چپە چپە، پێویستە جوێنەکە زۆر پیس و سووك بێت. دەبێ ئاشکرا وروون بێت سەد لەسەد بتوانم بتگرم.

**عەریف:**

ئەی ئەمەیان دەشێت، بەرازێکی کۆنە؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

ئەمەیـان باشـترە. بـا پەنجەرەکـە بکەینـەوە (پەنجەرەکـە دەکەنـەوە. یـەك.. دوو..

**عەریف:**

ببــوورن! (بەراکــردن لــە پەنجەرەکــەوە دوور دەکەوێتــەوە و روو دەکاتــە پەردەکــەوە. بــە فڵچەیەکــی جلکانــەوە دەگەڕێتــەوە. زۆر بــە ئەســپایی دەکەوێتــە خــۆڵ داتەکاندنــی جلــە رەســمییەکەیەوە کــە بەســەر مانیکانەکەوەیــە. فڵچەیەکــی لەلایــێ دادەنــێ و دەگەڕێتــەوە بــۆ پەنجەرەکــە. ئێســتا دەشــێت! (هەناســەیەکی قــووڵ هەڵدەکێشــێ).

**سەرۆکی پۆلیس:**

یەك.. دوو.. سێ.

**عەریف** (دەلوورێنێ):

وەصی خاڵۆی وەلیعەهد پیرەبەرازێکە!

**سەرۆکی پۆلیس:** (شیر هەڵدەکێشێ و دەنەڕێنێ):

بەناوی وەلیعەهد و وەصی خاڵۆیەوە دەتگرم!

ژنی هاندەرەکە (دێتە ژوورەوە):

یــا ئەلــلا! دیســانەوە دەســتی بــە هانــدان کــردەوە! دەتتوانــی نەختێــك بحەســایتایەتەوە!

**سەرۆکی پۆلیس:**

کڕ بە ئافرەت! ئەمجارەیان بەراستیی سەرکەوتووە!

**(پەردە)**

## پەردەی سێهەم

(مەکتەبی سەرۆکی پۆلیس وەك لە پەردەی یەکەمدا. پۆلیسێك ئیکلیلی گەڵای درەختێك هەڵدەواسێ. ژوورەکە بە بۆنەی هاتنی ژەنەراڵەوە دەڕازێنێتەوە. سەرۆکی پۆلیس و هاندەرەکە رووبەڕوو دانیشتوون. سەرۆکی پۆلیس لە شوێنی خۆیدا و هاندەرەکەیش لەو شوێنەی حەپسەکەی پێشووی تیایدا دانیشتبوو).

**سەرۆکی پۆلیس:**

جارێکی تریش ویستت شیشەکانی پەنجەرەکە بشکێنیت و شەقت لە حەرەسەکە هەڵدا. ئەمە دووەم جارە.

**عەریف:**

ماوەیەکە نازانم چیم بەسەر هاتووە، سەرۆکی گەورەم.

**سەرۆکی پۆلیس:**

هەست بە ونبوونی هیچ شتێ ناکەیت؟

**عەریف** (لە کوندەبەبۆ دەچێت):

نەخێر. سوپاس.

**سەرۆکی پۆلیس:**

بەڵام وام دێتە بەرچاو وەك شتێکت ون کردبێ. رەنگ بزرکاو و بێدەنگیت.

**عەریف:**

دەشێ بۆیە بێت چونکە لە بەندیخانەدام گەورەم.

**سەرۆکی پۆلیس:**

هەموو رۆژێك راپۆرت دەربارەی تۆوە دەنێرم بۆ ژەنەراڵ. لەسایەی تۆوە پارەی باشمان وەرگرتووە بۆ فراوانکردنی بینای حەپسخانەکە و مەشق پێکردنی کادیری نوێ و بەهێزکردنی دەورییە (عەریفەکە گرژ و مۆنە). ژەنەراڵ خۆی بەتەنگ

تۆوەیــە. دەڵێــت تــۆ ئێجــگار ترســناکیت و مایــەی بەختەوەریــمان بــوو کــە لەکاتــی خۆیــدا تــۆم دەســتگیر کــرد (عەریفەکــە شــان دەلەقێنــێ). ئــەوەی نەتناســێ وا تێــدەگا تــۆ بەمــە دڵخــۆش نیــت. ژەنــەراڵ ئــاگاداری کردوویــن کــە ئیمــڕۆ بــۆ تەحقیقەکــە خــۆی لێــرە ئامــادە دەبێــت.

**عەریف:**

ها..

**سەرۆکی پۆلیس:**

لەوانەیە نەساخ بێت، ئایا باش دەخەویت؟ ئەی خەوت چۆنە؟

**عەریف:**

زۆر تەواو نییە.

**سەرۆکی پۆلیس:**

ئایا خەو بەشتێکەوە دەبینیت؟

**عەریف:**

هیچ شتێ..تەنیا خەونی بێ مانا نەبێ.

**سەرۆکی پۆلیس:**

چ جۆرە خەونێك؟

**عەریف:**

لە خەودا خۆم دەبینم لە کێڵگەیەکی بەربڵاودا دەڕۆم.

**سەرۆکی پۆلیس:**

باڵندەش دەخوێنن؟

**عەریف:**

ئەمە لە کوێوە دەزانیت. سەرۆکی گەورەم!

**سەرۆکی پۆلیس:**

ئـەی باشـە بـە جلـی ڕەسـمی یـا بـە جلوبەرگـی شارسـتانییەوە دەڕۆیـت؟

**عەریف:**

بە جلی باش بۆزلخەوە، بە پاڵتۆ و پانتۆڵی تەسکەوە.

**سەرۆکی پۆلیس:**

ئێ. چیتر؟

**عەریف:**

دەڕۆم و دەڕوانـم درەختێکـە. لەسـەر لقەکانیـەوە سـەرۆکی گـەورە هەڵنیشـتووە و پەنیـر دەخـوات.

**سەرۆکی پۆلیس:**

من دانیشتووم و پەنیر دەخۆم؟

**عەریف:**

بەڵـێ، منیـش لەبـن درەختەکـەوە دەوەسـتم و سـەرۆك دەمـی دەکاتـەوە تـا بمگـرێ، ئەوسـاکە پەنیرەکـە بەسـەر زەویـدا بڵاودەبێتـەوە.

**سەرۆکی پۆلیس:**

تۆیش هەڵیدەگریتەوە؟

**عەریف:**

نەخێر من حەز لەم جۆرە پەنیرە ناکەم.

**سەرۆکی پۆلیس:** (بە دڵی نییە):

خەونێکی سەخیفە.

**عەریف:**

بەراستتە سەرۆکی گەورەم؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

هیــچ دەخۆیتــەوە؟ (بــێ ئــەوەی چاوەڕوانــی وەڵام بێــت، دەس بــۆ مێزەکــە درێــژ دەکات و شووشــەیێ بیــرەو و پەرداخــان دەردێنــێ. بیرەکــە تێــدەکات).

**عەریف:**

ســوپاس (دەخواتــەوە لەنــاکاو پەرداخەکــە دادەنــێ). لــە راســتیدا بــۆ مــن نەهاتــووە لەگــەڵ ســەرۆکی گەورەمــدا بخۆمــەوە.

**سەرۆکی پۆلیس:**

لەبەرچی؟

**عەریف:**

من پیاوێکی بوودەڵەم. سەرۆکی گەورەم ئێستا من کێم؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

ئای لەم پرسیارە! تۆ خۆتیت!

**عەریف:**

باشــە مانــای چییــە مــرۆڤ خــۆی بێــت، ســەرۆکی گــەورەم؟ مــن نازانــم ئێســتا مــن کێــم؟ پۆلیســم یاخــود گیــراو؟ جــا ئەگــەر پۆلیــس بــم ئایــا بەنــدە خۆمــم ئەگــەر بەندکراویــش بــم ئایــا مــن خۆمــم؟ چــۆن دەبــێ مــن خــۆم بــم، پۆلیــس یاخــۆ گیــراو؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

بەرلــەوەی بتگــرم هەمــوو شــتێکم بــۆت روونکــردەوە، کەچــی وا ئێســتا لــە نــوژەن پێیــدا دێیتــەوە!

**عەریف:**

ســەرۆکی گــەورەم، ئەوســاکە کارەکــە ئاشــکرابوو، ئــەوە ســەرەتاکە بــوو، ئەوســا زانیــم مــن کێــم. عەریفێکــی پۆلیســی بەڕێــز. لــە بەشــی

نهێنیـدا هەرچەنـد کەبـووم بـە هانـدەر کار رووی لـە خەراپـی کـرد، تـکا دەکـەم زویـر نەبیـت سـەرۆکی گـەورەم، بـەڵام ئیمـڕۆ دەبینـم کار بــەوە دەســتی پێکــردووە. ئەگــەر لەکاتــی خۆیــدا دەمزانــی، تـکام دەکـرد یەکێکـی تـر بـە هاندانەکـە هەڵسـێ ئـەوەش بـێ هـۆ نییــە.. جلــی مەدەنــی بــەو شــێوەیە نارەحەتــی کردبــووم، پۆلیــس هەرگیــز نابــێ بەرگــە رەســمییەکەی داکەنێــت.

**سەرۆکی پۆلیس:**

بــەڵام لــە تــەك ئەوەشــدا هەرگیــز بــە یادتــا نەدەهــات بێزاریــی نیشـاندەیت. تـۆ بـە تـەواوی ئـارەزووی خۆتـەوە ئیشـەکەت کـرد و لـە کاتێکـدا کـە لـە رۆژی پێشـوودانا بوویـت.

**عەریف:**

بۆیــەکا دەڵێــم لــەو کاتــەدا هیــچ شــتێك رووی نــەدا، تەنانــەت هیــچ پێشــبینییەکەم نەکــرد. لــە پاشــدان ســەرۆکی گــەورەم خــۆت هاتیتــە ماڵــی منــەوە و چەنــد دەرفەتێکــی نوێــت بــۆ کردمــەوە. گوتـت ئـەز (هەرقـەل) ت دێنمـەوە یـاد، هەرچەنـد ئـەوە زۆر کاری تێکــردم، بــەڵام زۆریــش روون بــوو کــە مــن پۆلیســێکی مومتــازم، ســەرۆکی گــەورە خــۆی فەرمــووی بەنــدە لەوانــی تــر زۆر چاکــترم. نەهامەتیــی ئەوســاتە دەســتی پێکــرد کــە منــت گــرت گــەورەم، کــە ژیانــی بەندەگیــی دەســتی پێکــرد. نەگبەتیــی لــەوەدا نییــە پیــاو بەنـد بکرێـت، بـەڵام لەوەدایـە کـە ئـەو پیـاوە نـەك یەکێکـی تـر خـۆی بەندییەکـە بێـت. ئەمـە کارێکـە مـرۆڤ هەڵدەچوێنـێ. لەمـە هەموویــدا هەمــوو شــتێ وردە وردە ئاڵــۆزا.

**سەرۆکی پۆلیس:**

بەشێوەیەکی ئاشکرا روونی بکەرەوە.

**عەریف:**

لەســەرەتادا ئــەو مەبەســتەم لــە یــادا بــوو کــە بــۆ منــت روون کردبــۆوە، ســەرۆکی گــەورەم، دوایــی نــاوە نــاو فێــم لێدەهــات و تووشــی زەیــن کوێریــی بــووم و ترســام و بــە ئەنقەســت ئــەوەم دووپــات دەکــردەوە، مــن عەریفــم لــە بەشــی نهێنییــەوە و تەنانــەت لــە بەشــە هــەرە نهێنییەکەیــدا و بــەڵام لــە پاشــانا.

**سەرۆکی پۆلیس:**

واتای "لە پاشانا" چییە؟

**عەریف:**

لــە پاشــانا وازم لــە دووپاتکردنــەوە هێنــا ئەمەیــش چونکــە لــە واتاکــەی تێنەگەیشــتم. بــەڵام ســەرۆکی گــەورەم لــە چ شــتێکەوە ئــەوە ســەری هەڵــدا. ئەهــا ویســتم بڵێــم مــن تەنیــا..

**سەرۆکی پۆلیس:**

تۆ تەنیا چی لە راهی شەیتان؟

**عەریف:**

یا تەنیا پۆلیس یا تەنیا حەپس، یا ئەمەیان ئەوە..

**سەرۆکی پۆلیس:**

ئایــا بەشــێوەیەکی پێچەوانــەوە کــە هێنــدە ســاکارانە نەبــێ توانــای تێگەیشــتنت نییــە؟ تۆڵــە و ســزا ئــە ئــاوا دێنــە بەرچــاو کاتێــك بــۆ کاری پــڕ لــە بەرپرســیاری کەســانێك وەردەگیرێــن کــە خوێندنــی بەرزیــان نەبێــت. ئەگــەر ئێســتا مرۆڤێکــی ئەنتلیخنســیا لــە جێــی تــۆدا بوایــە..

**عەریف:**

ویســتم بڵێــم مــن ئەمــە یاخــود ئەوەیانــم، مــن وا تێدەگــەم کــە ئــەز

نابێ لەگەڵ سەرۆکی گەورەمدا بخۆمەوە. ئەگەر هاتوو پۆلیس بم ئەوا قەبووڵ ناکەم سەرۆکی گەورە لە تەك حەپسێکدا بخواتەوە، واتا لەگەڵ خۆما. ئەمەش چونکە لە راستیدا من حەپسم.. ئەگەر بێتو حەپسیش و پیلانگێڕیش بم کە ژەنەراڵ خۆی لێی بترسێت و تەنانەت میریش، ئەوسا لە توانامدا نابێ لەگەڵ تۆدا بخۆمەوە گەورەم.

**سەرۆکی پۆلیس:**

ئەوە شێت بوویت؟

**عەریف:**

نەخێر، سەرۆکی گەورەم، ئەمە لە وزەی مندا نییە، دەتوانیت بەرمدەیت گەورەم؟ ناتوانیت! کەواتە دەبێ لە زیندانا بم. ئەمەیش دەم لەدەم زیاتر کارم تێدەکات هەرچەند هەوڵمداوە وەرە بەرنەدەم، وا هەست دەکەم هەر رۆژێك لە زیندانا بەرێ بکەم دەمکاتە شتێکی ترسناك، شتێك کە تا ئێستا بەتەواوەتی تێی ناگەم.

**سەرۆکی پۆلیس:**

دەشێ تۆ بەراستیی نەخۆش بیت! ئایا هیچ کاتێ گومانت لە سییەکانت نەکردووە؟

**عەریف:**

ئەمە مەبەست نییە، سەرۆکی گەورەم، من وەکو جوانەگایێ ساخم و بە چاوی خۆت دیتت چۆن بە ئاسن بڵندکردنەوە مەشقم دەکرد، بەداخەوەش نەتدیتم کە مەشقی سپرینگەکانم دەکرد. مەبەس لێرەدا شتێکی ترە. ئایا دەزانی گەورەم لە وەتەی منت گرتووە جۆرەها بیروڕای نوێم تێدا دروست بووە؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

باشتر وایە ئاگات لەخۆت بێت.

**عەریف:**

بەڵـێ ئەگـەر دەتزانـی گـەورەم! بـۆ وێنـە کاتـێ لـە رابـردوودا چەنـدان جـار سـواری شـەمەندەفەر بـووم بەتایبەتـی بیـرم لـەوە نەکردۆتـەوە، بـەڵام کـە مـەردوم لـە بەندیخانـەدا دەبێـت و دەکەوێتـە هەڵوێسـتێکی رەخنەسـازییە و شـتی وەبیردێنـەوە، هەرچەنـدە ئەمـە لـە پـای بێزاریشـیەوە بێـت، ئایـا دەزانـی گـەورەم گەیشـتوومەتە چ ئەنجامێکـەوە؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

من چۆن بیزانم! راستەوخۆ بیڵێ.

**عەریف:**

هێڵی ئاسنی خراپمان هەیە.

**سەرۆکی پۆلیس:**

تـۆ ئـاگات لەخۆتـە چـی دەڵێیـت؟ وریابـە لـەم سـاتەوە هەمـوو وشـەیەکت دەنووسـمەوە.

**عەریف:**

بنووسـەوە گـەورەم، کاسـە وا لێـی دەڕژێتـەوە و مـرۆڤ توانـای بێدەنـگ بوونـی نییـە. بـا نموونەیەکـی تـر وەربگریـن. رۆشـنبیریی و هونـەر، گـەورەم پێـم بڵـێ لەبەرچـی ئـەو هونەرمەنـدە بەسـەزمانەمان راوە دوونـاو ماندوومـان کـردن.

**سەرۆکی پۆلیس** (بەخێرایی دەنووسێ):

هێواش قسە بکە. دوو وشەکەی دوایی چی بوون؟

**عەریف:**

هونەرمەندە بەسەزمانەکان.

**سەرۆکی پۆلیس:**

چۆن چیتر؟ (چاوەکانی هەڵدەبڕێت و دەست لە نووسین هەڵدەگرێت): نەخێر مومکین نییە. بەناوی ئەو خزمەتە درێژەمانەوە، تۆ بیخوا بەراستیی تۆ ئە ئاوا بیردەکەیتەوە؟ وەك ئێستێ وتت؟ ئەو هەموو ساڵە دوورودرێژانەی بەیەکەوە کارکردنمان کە هەموو شتێ بە باشی دەچوون بەڕێوە، کەچی ئێستا ئەم جۆرە شتانە دەڵێیت.. ئایا بەراستی وا تێدەگەیت بارودۆخی وڵات ئەوەندە خراپە؟ جارێکی دیکەش بیربکەرەوە.

**عەریف:**

هیچ شتێك نییە ببێتە هۆی دووبارە بیرکردنەوە، لە پەنجەرەی زیندانەکەمەوە، ئەگەر نوێنەکانم بخزێنم و سەتڵەکەی سەرەوقووت بخەمە سەرەوە پاوانەکان دەبینرێن، بۆ پاوانەکان ئێستا درویێنەکەرەکان دێن. کاتێ تێیان دەڕوانم تەنیا یەك شت بەدی ناکەم. سەرۆکی گەورەم ئەگەر دەموچاوە گرژەکانیانت دەبینین لەگەڵ ئەو بێزارییە تێکڕاییەی لە رویاندا نەخشاوە!

**سەرۆکی پۆلیس:**

بەڵام ئەمە رایەکی تایبەتی خۆتە! جا ئەو بۆچوونانەی ئەم رایە رێیان بۆخۆش دەکات دڵسۆزانەن یا نە، ئەوا ئارەزووی خودی وەك رێبازێك لەخۆیەوە بە پێچەوانەی بەرنامەی ئێمەوەیە! پێویستە سزات بدەم چونکە هیچ بێزارییەکت باس نەکردووە. جگە لەوەیش خۆت دەیزانیت کە یاسای بەندیخانە رێگەی لە پەنجەرە روانینەوە نادات.

**عەریف:**

بـەڵام ئـەم یاسـایە بەسـەر ئـەوەوە راهـی ناکرێـت کـە بەرهەڵسـتی دەسـەڵات دەکات، سـەرۆکی گـەورەم. ئـەم جـۆرە کەسـە رێگـە بەخـۆی نـادات کـە سـەرپێچییەکی بچووکـی دیکـەی ئـە ئـاواش بـکات. بگـرە بـە پێچەوانـەوە ئـەوە بـە ئەرکێکـی بچـووك و جۆرێـك لـە تەواوکـەری ئەرکـە سـەرەکییەکەوە دەزانێـت، جگـە لـەو متمانەیـەش کـە لـەوەوە دروسـت دەبێـت. مـن ئـەوەم بەسـە کـە لـە پەنجەرەکـەوە دەڕوانـم چونکـە دیمەنـی کـوورەی سـووتاندنی لاشـەکان لـە پشـت گردەکـەوە پاڵـم پێوەدەنێـت و بـۆ بیرکردنـەوە.. ئەمـە سـوود وەرگرتـن نییـە.

**سەرۆکی پۆلیس:**

تـۆ ئـەوە پەسـەند دەکەیـت کـە خوانەناسـەکان مافـی ئەوەیـان نەبـێ هەرچییەکیـان دەوێـت بـە لاشـەکانیانا بیکـەن؟ تـۆ دژی لێبوردنـی ئایینیـت و لـە هەمانکاتیشـدا دەوێریـت رەخنـە لـە کردارەکانـی دەوڵەتـا بگریـت لـە بەشـەکانی تـردا.

**عەریف:**

مـردووەکان بەڵگەیەکـی زینـدوو نیـن و تەنانـەت ئەگـەر لـە پەنجەرەکەیشـەوە تەماشـا ئەکـەم ئـەوا لەسـەر دیوارەکانـی زیندانەکەمـدا چەندیـن نووسـینێ هەڵکەنـراون، ئادەمیـزاد لـە بەندیخانـەدا بـێ ئیشـە بۆیـە دەیانخوێنیتـەوە. ئەگـەر بـە وردی بیریـان لـێ بکاتـەوە ئـەوا دەبینـێ کـە هەرگیـز بـێ مانـا نیـن.

**سەرۆکی پۆلیس:**

چ نووسینێ بۆ نموونە؟

**عەریف:**

"بڕوخێت زۆداری" گەورەم.

**سەرۆکی پۆلیس:**

بەسـەـ! کەواتـە کارەکـە ئـە ئاوایـە؟ تـۆ ئەمەنـدە پێـت لـێ هەڵبڕیـوە! بێگومـان وەلیعەهـد (بـەرزە پـێ دەوەسـتێ) و وەصـی خاڵـۆی (عەریـف هـەر دانیشـتووە) گەوجن،هـا؟

**عەریف** (بە پەرۆشەوە):

بەڵێ سەرۆکی گەورەم.

**سەرۆکی پۆلیس:**

وەلیعەهدیش تەنیا شیرەخۆرەیەکی پاشۆڵ بەمیزە!

**عەریف:**

بەڵێ سەرۆکی گەورەم.

**سەرۆکی پۆلیس** لەمەراقانا وەختا بخنکێت:

ئۆف!؟

(پۆلیسـەکە بـە درێژایـی کات لـە ژوورەکـەدا هاتووچـۆ دەکات، بەڵام بەشـێوەیەك گفتوگۆکـە ناوەسـتێنێ. چەنـد چلەداڕێکـی هەڵگرتـووە و ئیکلیلـەکان هەڵدەواسـێ و بـزر دەبێـت. ئـەم کردارانـە بـە جـۆرێ ئەنجـام دەدات سـەرنجی کـەس راناکێشـێت. ئێسـتا دێتـە ژوورەوە).

**پۆلیس:**

ژەنەراڵ گەیشتەجێ.

(سـەرۆك بەراکردنـی قاپەکـە دەشـارێتەوە و خـۆی رێـك دەخاتـەوە. دوای ماوەیەکـی کـورت پیلانگێـڕ و زیندانیـی پێشـوو بـە بەرگـی یـاوەرەوە دێتـە ژوورەوە، بـێ ریشـە بـەڵام جووتـە سـمێڵێکی پۆلیسـیانەی بەرداوەتـەوە. بەشـێوەیەکی ئامـادە دەوەسـتێت، رووی لـە جەماوەرەکەیـە و لایەکـی رووی لـەو دەرگایەیـە کـە ژەنـەراڵ

لێوەیـدا دێتـە ژوورەوە. سـەرۆکی پۆلیـس و پۆلیسـەکەش ئامـادە وێسـتاون. ژەنـەراڵ دێتـە ژوورەوە، بەشـێوەیەکی لێهاتـوو بـە پەڕەمـووچ خـۆی رازاندۆتـەوە، بێگومـان جووتـە سـمێڵێکی بەرداوەتـەوە. لـە عەریفەکـەوە نزیـك دەبێتـەوە و لەبەردەمیـا دەوەسـتێ و تێـوەی رادەمێنـێ).

**ژەنەراڵ:**

کەواتە ئەمە هەوە..

**سەرۆکی پۆلیس:**

بەڵێ ئەمە خۆیەتی.

**ژەنەراڵ:**

دێتــە بەرچــاوم کــە ســەرۆك بێــت. ئــەی پیاوەکانــی تریتــان دۆزیونەتــەوە؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

تا ئێستا نە. بەڵام بەردەوام لەگەڵیا خەریکین.

**ژەنەراڵ:**

ئەمە زۆر خەتەرە. هیچ تەقەمەنیتان لێنەگرتووە؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

تا ئێستا نە، بەڵام ئومێد بڕ نەبووین.

**ژەنەراڵ:** (بەردەوام فیکە دەکات):

کەوابـوو لـەوە خەترتـرە کـە تێـی گەیشـتبووم، فێڵبـازە. پیلانگێـڕی ئاسـایی تەنیـا چەنـد کیلۆگرامـێ هەڵدەگـرێ. وام دێتەبەرچـاو کـە دەسـتمان بەسـەر کابرایەکـی ئاسـاییدا نەگرتـووە. تـۆ رات چییـە، ئـەی مـولازم؟

**یاوەر:**

بەڵــێ گــەورەم ژەنــەراڵ ئەگــەر هیچــی لا نەدۆزرابێتــەوە ئەمــە وا

دەگەیەنــێ شــتەکە قووڵــتر شــاردراوەتەوە.

**ژەنەراڵ:**

ئەگــەر رێ بــدەن، ئــەی کاکــی ســەرۆك، ئەمــە یاوەرمــە هێنــدە لەمێــژ نییــە بۆتــە راوێــژکاری تایبەتیــم بــۆ کاروبــاری پیلانگێــڕەکان، جموجۆڵــی دژ بــە میریــی بەگشــتی، شــارەزا و لێزانیــن ئــەم مەیدانەیــە.

**سەرۆکی پۆلیس:**

گەورەم! ئەمە چۆن دەبێت؟

**ژەنەراڵ:**

کاکی چیت لێ قەوماوە؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

بــا جەنابــی پایەبەرزتــان لێــم ببــوورن ئەگــەر بوێــرم بڵێــم.. بەڕێزتــان کەوتوونەتــە داوی هەڵەیــێ یــا پیلانێکــەوە، گــەورەم ئــەم مرۆڤــە..

**ژەنەراڵ:**

بڵێ!

**سەرۆکی پۆلیس:**

ئەوەیە کە نارنجۆکەکەی بە ئێوە دادا گەورەم!

**ژەنەراڵ:**

کێ؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

ئەم یاوەرەی ئێستاتان حەپسەکەی پێشوومە..

**ژەنەراڵ:**

فەرموو، فەرموو قسەکەت تەواو بکە.

**سەرۆکی پۆلیس:**

سـوێند دەخـۆم کـە بـە هەڵـە نەچـووم، مـن زۆر بـاش دەیناسـم. دە سـاڵان لای خـۆم ئـا لێـرەدا و لەسـەر ئـەم کورسـییە بەنـد بـوو هەرگیـز نابێـت پایەبەرزتـان ئـەم یاوەرەتـان ببـێ!

**ژەنەراڵ:**

ئەی تۆ چی دەڵێیت، ئەی مولازم؟

**یاوەر:**

بێگومـان کاکـی سـەرۆك لەسـەر هەقـە. مـن حەپسـی پێشـووی ئەمـم، لەراسـتیدا کـە منـی ناسـیەوە بەجلـی ئەفسـەری و بـەم سـمێڵانەوە مایـەی سـەربەرزییە بـۆ ئـەم و نیشـانەی زیرەکـی و لێهاتوویـی پیشـەییەتی.

**سەرۆکی پۆلیس:**

بەبێ دەم درێژیی!

**یاوەر:**

لـە راسـتیدا بەنـدە بەندییەکـەی پێشـووی کاکـی سـەرۆکم، بـەڵام وا دیـارە لەبیـری چۆتـەوە کـە مـن بڕوانامـەی دڵسـۆزیم بـۆی مـۆر کـرد و بەڕەڵـڵای کـردم (بـۆ سـەرۆکی پۆلیـس) ژەنەراڵـی پایەبـەرز ئەمـەی هەمـووی دەزانـێ.

**ژەنەراڵ:**

تکایـە دڵنیاییـت سـەرۆك، راسـتە مـن ئەمانـە چـاك دەزانـم. وەك بەچـاوی خـۆت دەبینـی، مـن کـە پێـت دەڵێـم مـولازم پسـپۆری کاروبـاری نەهێشـتنی جموجۆڵـی تێکدەرانەیـە، ئەمـە بناخەیەکـی هەیـە.

**سەرۆکی پۆلیس:**

بـــەڵام ئـــەم نارنجۆکـــە.. نارنجۆکەکـــە هـــەروا لـــە چەکمەجـــەی مێزەکەمدایـــە.

**ژەنەراڵ:**

ســەرۆکی ئازیــزم! هەمــوو کەســێ رۆژێ لــە رۆژان نارنجۆکێــك بــە یەکــێ لــە ژەنەراڵەکانــا دادەدات، ئەمــە کارێکــە لــەش پێویســتی پێـــی هەیـــە. جـــا ئـــەو کەســـە لـــەوەدا پەلـــە بـــکات باشـــترە. مــن بــەش بەحاڵــی خــۆم تــەواوی بــڕوام بــەم یــاوەرە نوێیەمــا بەخشــیوە، ئەمەیــش بەتــەواوی لەبــەر ئەوەیــە کــە نارنجۆکــی خــۆی هاویشــتووە و کارەکــە بەســەرچووە. بــەڵام ئێســتا زۆر کــەس مــاون کــە تــا ئێســتەش ئــەم پێداویســتییە سروشــتییەیان بەجــێ نەگەیانــدووە. تــکا دەکــەم عــادز نەبیــت ئەگــەر لێــت بپرســم، ئایــا جارێــك نارنجۆکێکــت بــە ژەنەراڵێــك داداوە؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

نە ئەی پایەبەرز!

**ژەنەراڵ:**

دەبینـــی؟ هەروەهـــا منیـــش ئـــەوەم نەکـــردووە. لـــەم لایەنـــەوە ئبـــووره بڕوایەکـــی ئەوتـــۆم بـــە یاوەرەکـــەم هەیـــە کـــە بـــە تـــۆم نییـــە و بگـــرە بەخۆیشـــم نییـــە. دڵنیـــات دەکـــەم گەردەتـــەوێ ببیتـــە ســـەرۆك پۆلیســـێکی ئموونەیـــی پێویســـتە ئـــەوە بخەیتـــە پلانـــی ئیشـــتەوە کـــە ئاگاداربیـــت و نەهێڵیـــت نارنجۆکـــێ بـــدەم بەســـەرخۆما، بیـــرت لەمـــە کردۆتـــەوە؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

هەرگیز ژەنەراڵی پایەبەرز.

**ژەنەراڵ:**

دیتــت؟ بیرکــەرەوە گــەورەم. خــودی ژەنــەراڵ موڵکــی دەوڵــەت و میرییــە، نــە موڵکــی ئــەو کەســەی ئــەم پایەیــەی وەرگرتــووە. بۆیــە هــەر کارێکــی ئــە ئــاوا تەنانــەت ئەگــەر لــە خۆشــمەوە بێــت دەبــێ وا بژمێردرێــت کــە دەســت درێژکردنــە بــۆ ســەر ئــەم پایەیــە ســەربازییەوە و بەشــێوەیەکی ناراســتەوخۆ بــۆ ســەر دەوڵــەت. جــا کاکــی خــۆم ئەگــەر رۆژێکیــان بــۆت لــوا مــن بگریــت ئــەوا ئــەز ئیمــڕۆ ســەرنجت بــۆ ئــەم کارە رادەکێشــم، واتــا مــن کــە ئاگادارتــان دەکەمــەوە و تــا رادەیەکــی دیاریکــراو زانیــاری نهێنــی دەدەم بــە ســەرۆکی پۆلیســدا، ئــەوە کارێکــە حوکمەکــەی مــن ســووك دەکات. ئەمەیــش لەبــاری خۆپاراســتنەوە دەڵێــم (ســەرۆکی پۆلیــس بــەرزە پــێ دەبــێ و ئامــادە دەوەســتێ). لــە بــارەی خــودی ئــەم مولازیمەیشــەوە لــەوە زیاتــرت پــێ دەڵێــم، کاکــی خــۆم ئــەم هێنــدە لەمێژنییــە لــەم کارەیــدا دامــەزراوە. لــە هەڵوێســتێکی تــەواو جیــاوازەوە بۆمــان هاتــووە، ئەمەتــا کــەوا گەیەنراوەتــەوە پلــەی ئەفســەریی، بێگومــان بــە خۆڕایــی نەبــووە. جــا هیــچ نەمــاوە ئــەوە نەبێــت کــە پیرۆزبایــی کۆڵنەدانــی لــێ بکرێــت. کاکــی ســەرۆك ئــەم کارە بــۆ ئێمەمانــان بــڕە بــڕە پێکهاتــووە، بــەڵام لای ئــەم خۆشەویســتی میــری، وەك میــری لەنــاکاو تەقیوەتــەوە، خۆشەویســتنێکی تــەڕ وپــاك. لەمــەش زیاتــر ئــەو خۆشەویســتییە بــۆ مــاوەی چەنــدان ســاڵ بەهــۆی چالاکیــی دژ بــە میرییــەوە کــپ کرابــوو. جــا لــە رووی توانســتی ئێســتایەوە وا بزانــم گومانــت نییــە کاکــی خــۆم ئێمــە لەخەڵکــی تــر باشــتر دەزانیــن چــۆن ئێســتا لــەدژی ئــەم چالاکییــەدا دەجەنگیــن. بــەم جۆرەکاتێــك رقــی خۆتــی لێــوە نیشــان دەدەیــت، گومانــم

نییـه دەشـێ تووشـی تۆمەتـی بەخیلـی پـێ بردنـی سـاختەوە بیـت بەهـۆی پێشـکەوتنی ئـاوا زوویـەوە.

**سەرۆکی پۆلیس:**

بە ئاشکرا دەیڵێم، ژەنەراڵی پایەبەرز..

**ژەنەراڵ:**

باشـه بـا واز لەمـه بێنیـن.. مـن بـه ئەنقەسـت هێناومـه.. دەمزانـی گێرمـه و کێشـەیەکی سـەختم لـه پێشـه لەگـەڵ ئەمـەدا، دوژمنـی وەلیعەهـد (ئامـادە دەوەسـتێ) و وەصـی خاڵـۆی. کاکـی خـۆم، تـۆش دڵنیـا دەبیـت کـه شـتێك هەیـه شـایانی لێکۆڵینەوەیـه. ئایـا دەتوانیـن دەس پێبکەیـن؟ (شـوێنی خـۆی دەگرێـت بـه چاوەڕوانیـی دەسـپێکردنی لێکۆڵینەوەکـه.. جموجۆڵـی وەك ئـەوەی لـه پێـش نواندنێکـی شـانۆگەریدا دەبینرێـت). کاکـی مـولازم، نـۆرەی تۆیـه قسـه بکەیـت.

**سەرۆکی پۆلیس:**

رێگە بەخۆم دەدەم کە بڵێم..

**ژنەراڵ:**

دیسـانەوە دەسـتی پێکـردەوە گـەورەم؟ شـوورەییە. نەفـرەت کـردن لـه لاوانـا لـه ئەنجامـدا هـەر دەبێـت کارێکـی گومـان لێکـراو.

**یاوەر:**

دەترسـم تووشـی نائومێـدی بێـت، ئـەی پایەبـەرز، بێگومـان نائومێـدی کاکـی سـەرۆکی پۆلیسـیش پێویسـت بـه گوتـن نـاکات، کارەکـه سـاکارە و ئاشکرایشـه.

**سەرۆکی پۆلیس:**

ئە ئاوایی تێدەگەیت، ئەی لاو؟

**ژەنەراڵ:**

هەروەهـا منیـش وا دەزانـم تـۆ زیـاد ڕۆیشـتوویت، ئێمـە دەزانیـن بەهـۆی تەڵەکەبازیـی و ئێجـگار زێرەکـی ئـەم تاوانبـارەوە هیـچ بەڵگەیەکـی ماددیـمان لـە دژیـدا دەسـت نەکەوتـووە و لـە بـواری چالاکـی نهێنییـەوە تەنیـا هۆتافەکـەی لـە دژی وەلـی (هەڵدەسـتێ) عەهـد و وەصـی خالۆیـدا ڕێ گومانـە، ئـەو هۆتافـەی ڕاسـتەوخۆ تاوانبـاری بـۆ ئاشـکرا کردیـن و بـووە هـۆی دەنگـی بەرزییـەوە هـاوار کردبـێ ئایـا ئـەوەی بـە فسـکە گوتوویەتـی دەبـێ چەنـد تۆقێنـەر بێـت! لەگـەڵ ئەوەشـدا تـا ئێسـتا ئـەو شـتانەمان دەسـت نەکەوتـوون کـە کردەوەکانـی تاوانبارمـان بـە تەواوەتـی پـێ بناسـێنن. بـۆ وێنـە ئـەو ڕاسـتییەی باسـمان کـرد واتـا کـە هیـچ تەقەمەنییەکـمان لا نەدۆزیوەتـەوە کـە وابـوو لەسـەر چ بناغەیەکـەوە دەڵێـت کارەکـە سـاکارەو ئاشکرایشـە؟

**یاوەر:**

بەراسـتی لـەم سـاتەدا نامەوێـت کـردارە دوژمنکارییەکانـی تاوانبـار ئاشـکرا بکـەم، ئەوانـەی بەشـێوەیەك سـەرئاوکەوتوون، بـەڵام پـڕ بـە دڵ دەڵێـم ئـەو کارانـە بـە جۆرێکـی چـاك گەییـو لـە دەروونـی کەسـایەتی تاوانبارەکـەدا هـەن، تەنانـەت ئەگـەر تـا ئێسـتەش نەبووبـن، ئـەوا بەتەواوەتـی ڕاسـتن هـەروەك ئەنجامدرابـن، ئەمـەش بێگومـان ئەگـەر دامـان نـا، کات لـە بنەڕەتـدا دابـەش ناکرێـت بـۆ رابـردوو و رانەبـردوو. لەگۆشـەی لێکۆڵینـەوەدا ئەمـە ڕاسـتییەکی چەسـپاوە و نیشـانەیەکی تاوانبارکردنـە.

**سەرۆکی پۆلیس:**

لەگـەڵ هەمـوو شـتێکەوە ڕێگـەی دوو وشـەم پێدەدەیـت، ئـەی

ژەنەراڵــی گــەورەم؟

**ژەنەراڵ:**

بێگومان فەرموون.

**سەرۆکی پۆلیس:**

نکووڵــی لــەوەدا ناکــەم ئێمــە بەرامبــەر تاوانکارێکــی ئێجــگار ترســناکین، هەرچــی بــڕوای وابــێ کــە پۆلیــس بێــکار بــووە تەنیــا شایســتەی خەندەیەکــی بەزەیــی پێهاتنەوەیــە، ئەمــە ئەگــەر شــایەنی گرتنیــش نەبێــت. لەگــەڵ ئەمەشــدا وام بــۆ دەردەکــەوێ کــە شــێوازی مولازمــی هاوڕێــم نــەك خــودی ســەلماندنەکانی رواڵەتــی ئــەم بڕواپێکردنــە ناســکەیە، هەرچەنــد بــە پەلــە هاتۆتــە کایــەوە، بــڕوا بەخۆکــردن. ئەمــە کارێکــە لەوانــەوە روو دەدات کــە تــازە دەســت بــە ئیــش دەکــەن.

**ژەنەراڵ:**

ئەی سەرۆك، تکام لێکردیت.

**یاوەر:**

وەك بیزانــم تاوانبــار چالاکییــە دوژمنکارییــە زۆر و خەســتەکانی لــە پاشــماوەیەکی دوورودرێــژ لــە دڵســۆزیی و تەنانــەت هاوکاریشــی لەگــەڵ میریــدا دەس پێکــردووە.

**سەرۆکی پۆلیس:**

بەڵێ ئەی هاوڕێی لاوم.

**یاوەر:**

کەوابــوو تاکێکــی ئێجــگار ترســناکمان لەبەردەمدایــە. ئــەو بــە ماوەیــێ تێپەڕیــوە بــە مــاوەی مــن دەچــێ، ئــەوەی پێــش چەنــد ســاتێك ژەنــەراڵ لەگەورەیــی خۆیــدا نەخشــەیەکی بــۆ کێشــا و

خۆیشـــی پەســـەندی کـــرد، لەگـــەڵ تاکـــە جیاوازییـــەکا ئەویـــش ئەوەیـــە کـــە بارودۆخـــی تاوانبـــار بـــە رێگایەکـــی پێچەوانـــەدا ڕۆیشـــتووە. ئـــەم پیـــاوەی تارادەیـــەك بـــە ســـاڵاچووە کـــە ئەمەیـــش نیشـــانەکانی توندوتیژتـــر دەکات، ئـــەو خۆشـــیانەی چێژتـــووە ئـــەم هەســـتە نەخۆشـــیی ئاوێتـــەی خۆهەڵکێشـــان و بـــەدرۆ هەســـت بـــە کەرامەتکـــردن دروســـت دەکات، ئـــەو نەخۆشـــییەی لـــە تەوژمـــی هێـــزدا لـــە تـــەك هەســـتی دڵســـۆزیی بـــێ ڕیایـــی و یەکبـــوون و لەگـــەڵ ڕای گشـــتیدا هاوشـــانە هەرچەنـــد لـــە خاســـیەتەکاندا تـــەواو لێـــك جیـــاوازن.

**سەرۆکی پۆلیس:**

مـــن لەگـــەڵ ئـــەوەدا نیـــم کـــە بوونـــی ئـــەم پیـــاوە وەك نموونەیەکـــی هـــەرە بـــەدی تاوانبـــار شـــتێکی روونـــە، بـــەڵام مـــن نازانـــم ئـــەم لـــە چ شـــتێکدا لـــەو هەمـــوو خەڵکـــە بـــە گشـــت جۆرێکیانـــەوە خراپـــترە ئەوانـــەی نارنجـــۆکان بـــە ژەنەراڵەکانـــدا دەدەن!

**ژەنەراڵ:**

دیســـانەوە نارنجـــۆك! (ڕاچڵەکیـــن. مینگـــە مینـــگ. ســـەرۆکی پۆلیـــس وەك پشـــیلە ســـمێڵەکانی گیـــڤ دەکاتـــەوە).

**یاوەر:**

دڵنیـــات دەکـــەم ســـەرۆکی گـــەورەم، ئـــەم مرۆڤـــە لـــە دەســـتی دێـــت لـــە چاوتروکانێکـــدا بۆمبایـــەك بەســـەر ســـێ ژەنەراڵانـــدا بـــدات.

**ســـەرۆکی پۆلیـــس:** (بـــە خێرایـــی بـــۆ عەریفەکـــە، بـــە زاراوەی کۆنـــی ســـەرەك بـــۆ بەردەســـت):

وریابـــە! (عەریفەکـــە بـــە بـــێ ئاگایـــی ئامـــادە دەبـــێ): پێـــم بڵـــێ ئایـــا دەتوانیـــت بۆمبایـــەك بـــە ژەنـــەراڵ دابدەیـــت؟

**ژەنەراڵ:**

بەراستی و بێ ترس قسە بکە و گوێ مەدەرە بوونم لێرەدا.

**عەریف:**

بەتایبەتی ئەم شتەیان بە من ناکرێت سەرۆکی گەورەم. دەگونجێ بێگومان جۆرەها باوەڕ هەبێ، لەمەدا نکوڵی ناکەم، بۆ وێنە هێڵی ئاسن، کشتوکاڵ و تەنانەت شتی تریش، بەڵام بۆمبایەك بە کاکی ژەنەراڵ دا بدەم...

**سەرۆکی پۆلیس:** (بە سەرکەوتنێکەوە):

دەبینن گەورانم؟

**یاوەر** (بێ وچان بۆ عەریفەکە):

وای دابنێ تۆ لە رۆژی یەکشەممەدا پاش نیوەڕۆیە. لە گەشتدایت و نارنجۆکێکت پێیە کە لە ماڵەوە هێناوەتە، هەر ئاوا بێ ئەوەی هۆکەی بزانیت خەڵکێکی زۆر و ئافرەتی جوانت لە دەوروبەردایە، لە پڕێکا چاوت بە ژەنەراڵێك دەکەوێت.

**عەریف:**

یەکێکی راستەقینە؟

**سەرۆکی پۆلیس** (بە توندی):

پەیڕەوی یاسا بکە!

**یاوەر:**

راستەقینە، ژەنەراڵەکە راستەوخۆ بەرەو رووت دێ، هیچ لانادات، بە ساکاریی بۆ ئەوەت هاندەدات نیشانەکانی سەر سنگی دەدرەوشێنەوە، هەروەها دزمە درێژەکەیشی، تۆش وا هەست دەکەیت کە خۆت هەقی هەموو شتێکی بۆ دەدەیت و جارێکی تر تووشی ژەنەراڵێکی شۆخی وەك ئەمە نایەیتەوە.

**عەریف:**

ناپاك!

**سەرۆکی پۆلیس:**

بۆ دواجار..

**یاوەر:**

چیت بڕیاردا؟ چیت بڕیاردا؟ (بێدەنگی).

**عەریف** (لەگەڵ خۆیدا دەجەنگێت، لە کۆتاییدا هەناسەیەکی ئاسوودەگی هەڵدەکێشێ):

نەخێر ناتوانم.

**سەرۆکی پۆلیس:**

ئەی ژەنەڕاڵی گەورەم، وابزانم ئەمەندە بەسە.

**ژەنەراڵ:**

دەبێ راستی بگوترێت، ئێستا تێناگەم گەورەم لەبەرچی لێکۆڵینەوەکە ئاڵۆز دەکەیت؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

من لێکۆڵینەوەکە ئاڵۆز دەکەم؟ من؟

**ژەنەراڵ:**

من وام بۆ دەردەکەوێ ئایا بەلاتەوە گرنگە ئەم پیاوە بەهیچ شتێك تاوانبار نەکرێت؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

من رازی نابم..

**ژەنەراڵ:**

تۆ بە ئاشکرا رێگە بە یاوەرەکە نادەیت بەشێوەیەکی کۆتایی تاوانکارەکە و هەموو ناپاکییەکانی بخاتە بەرچاو. من ئاگادارت

دەکـــەم ئەرکـــی سەرشـــانم ئەوەیـــە لەبـــارەی ئـــەم هەڵوێســـتەتەوە لەگـــەڵ وەلیعەهـــد وەصـــی خاڵۆیـــدا بدوێـــم (هەڵدەســـتین).

**سەرۆکی پۆلیس:**

لەلایەنـــی منیشـــەوە حـــەز دەکـــەم بـــە پایەبەرزتـــان بڵێـــم ئـــەز وەك ســـەرۆکێکی پۆلیـــس هـــۆی بەجێـــم بەدەســـتەوەیە کـــە بـــۆ پایەبەرزتانـــی دەرخـــەم ئـــەم جـــۆرە کردارانـــە هیـــچ ســـوودێك نابەخشـــن.

**ژەنەراڵ:**

تۆ هەڕەشەم لێدەکەیت؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

مـــن حـــەددی ئـــەوەم نییـــە کاکـــی ژەنـــەراڵ. تەنانـــەت ئەوەنـــدە دەڵێـــم مـــن دەســـتی خـــۆم لـــە مەســـەلەکە دەشـــۆم و ئەنجـــا بەرپرســـیاری هیـــچ نابـــم کـــە بـــە دوایـــا دێـــت.

**ژەنەراڵ:**

ئەمە شتێکی چاکە. با بێینەوە سەر باسی لێکۆڵینەوەکە.

**یاوەر:**

ئایـا دەتوانـم داوای دوورخسـتنەوەی حەپسـەکە بـۆ چەنـد چرکەیـێ بکـەم؟

**ژەنەراڵ:**

بێگومان.. سەرۆکی گەورەم.

**سەرۆکی پۆلیس:** (زەنگ لێدەدات، پۆلیسەکە دێتە ژوورەوە):

بیبـــەن بـــۆ ڕێڕەوەکـــە و کـــەی زەنگـــم لێـــدا بیهێننـــەوە ژوورەوە.

(پۆلیـــس عەریفەکـــە دەبـــات).

**یاوەر:**

ئێستایش هەر لەو باوەڕەدام کە تاوانبار لە بنەڕەتدا ئۆبالی نارنجۆك بە ژەنەراڵ دادانی بە ئەستۆوەیە. سەختیی تەنیا لەوەدایە کە ئەم وەك تاکە کەسێکی سەرەتایی خاوەنی نەختێ ئەندێشەیە. بەڵام من پلانێکی دیاریکراوم هەیە.

**ژەنەراڵ:**

بەهەموو ئارەزووییەکەوە گوێی لێدەگرین.

**یاوەر:**

چەکمەجەی کاکی سەرۆك ئەو نارنجۆکەی تیادایە کە من بە ژەنەراڵی بەڕێزم داداوە، نارنجۆکەکە ناتەقێتەوە و باشترین بەڵگەیش ئەوەیە کە ژەنەراڵ وا ئێستا لەناومانایە، وا پێشنیار دەکەم گومانلێکراو بانگ بکرێت و نارنجۆکەکەی بدرێتێ. دەرگا دەکەینەوە ژەنەراڵ بچێتە دەرەوە بۆ ڕێڕەوەکەوە، دڵنیاتان دەکەم هەرکە نارنجۆکەکەی بەدەس خۆیەوە بینی و ژەنەراڵ لەبەردەمیایە ئەوا غەریزەگەلی سەربەستی و ئاژاوەی بەتەواوی تیادا دەجووڵێن. ئیتر توانای بەربەرەکانیانی نامێنێ و نارنجۆکەکە دەهاوێژێت. بەم شێوەیە لەبارودۆخێکی زۆر نزیك لەبارودۆخی سروشتیدا بەڵگەی رووبمان دەستگیر دەبێت بۆ دۆخێکی نیازخەراپی هەرە گەورە و ویستی تاوان.

**ژەنەراڵ:**

ئەمە شێتییە! تۆ رات چییە ئەی کاکی سەرۆك؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

وا تێدەگەم کە یاوەرەکەت گەورەم، وەك شارەزایەکی باڵا لە مەسەلەکەدا وەك ئەفسەرێك کە زۆرت ئومێد پێی هەیە،

هەرچەنــدە خزمەتیشــی کەمــە، لەســەر هەقــە. بــاش نییــە بــە چــاوی ســووك ســەیری تاقیکردنەوەکانــی بکەیــت و لێکۆڵینەوەکــە ئاڵــۆز کەیــت، ئــەی ژەنــەراڵ.

**یاوەر:**

دووپاتــی دەکەمــەوە کــە نارنجۆکەکــە ناتەقێتــەوە. فەتیلەکــەی نەبەســتراوە، هیــچ نەبــێ لــە دواییــن جــاردا.

**ژەنەراڵ:**

کەواتە بڕوات وایە ئەی مولازم کە..

**یاوەر:**

مــن بــە واجیبــی خــۆم هەڵدەســتم بۆیــە باشــترین رێــگا پێشــنیار دەکــەم بــۆ ئاشــکراکردنی چالاکیــی دژ بــە دەوڵەتــەوە. لــە پێنــاوی خزمەتــدا و بــە نێــوی (هەڵدەســتێ هەڵدەســێ) وەلیعەهــد و وەصــی خاڵۆیــەوە (دادەنیشــن).

**ژەنەراڵ:**

تۆ بەراستی زۆر بەتوانایت ئەی هاوڕێی گەنجم.

**سەرۆکی پۆلیس:**

منیــش وەك دۆســتێك پشــتگوێ خســتنی لێکۆڵینەوەکــە بەراســت نازانــم، بــا نهێنــی ناوخۆمــان بێــت، مــن لــەو راپۆرتــە نهێنیانــەی راســتەوخۆ دەیاننێــرم بــۆ (هەڵدەســتن و دادەنیشــنەوە) وەلیعەهــد و وەصــی خاڵــۆی ناچــار دەبــم بــە درێژیــی لەبــارەی رێبــاز و هەڵوێســتی تــۆوە بنووســم لــە ئاشــکراکردنی دوژمنانــی (هەڵدەســێ ئەنجــا ئەوانــی تــر هەڵدەســتن و دادەنیشــنەوە) وەلیعەهــد و وەصــی خاڵۆیــەوە.

**ژەنەراڵ** (بەشکستەیی):

نارنجۆکەکـەم پـێ نیشـاندە. ئێسـتا بڕیـار دەدەم (سـەرۆکی پۆلیـس دەچێتـە لای مێزەکـەوە و نارنجۆکەکـە بـۆ ژەنـەراڵ دەهێنـێ، ئەمیـش دەداتـە یاوەرەکـە و یاوەریـش دەیداتـەوە سـەرۆکی پۆلیـس).

**یاوەر:**

بەڵێ خۆیەتی. ئەمە هەمان نارنجۆکە.

**ژەنەراڵ:**

دڵنیایت؟

**یاورە:**

بەتەواویی.

**سەرۆکی پۆلیس:**

کەوابوو، ژەنەراڵی گەورەم؟ ئایا واز دەهێنیت؟

**ژەنەراڵ:**

بـە چیـم تێدەگەیـت؟ مەسـەلەکە لەگـەڵ تاوانبارەکـەدا ببڕینـەوە. (سـەرۆکی پۆلیـس زەنـگ لێـدەدات، پۆلیـس عەریفەکـە بـە ژوور دەخـات).

**سەرۆکی پۆلیس:**

بچـوە دەرەوە (پۆلیسـەکە دەڕوات): پێویسـتە نارنجۆکەکـە بـە ژەنـەراڵ دابدەیـت.

**عەریف:**

هەر ئاوا بەبێ هۆ؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

ژەنەراڵ لە ڕێڕەوەکەوە دەوەستێ و تۆیش لێرەدا دەبیت.

**ژەنەراڵ:**

بەڵکو مەسەلەکە دوا بخەین بۆ بەیانیی؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

چــۆن ئـارەزوو دەکەیــت ئــەی ژەنــەراڵ، لــە دواییــدا دەتوانیــن رای میــری لــەم مەســەلەیەدا وەربگریــن.

**ژەنەراڵ:**

نـە، نـە. باشـە مـن وا دەچـم (دەرگاکـە لـە دوای خۆیـەوە دادەخـات). سـەرۆکی پۆلیـس عەریفەکـە فێـر دەکات چـۆن بۆمباکـە بهاوێژێـت، بـەدەس ئیشـارەی بـۆ دەکات و نارنجۆکەکـەی دەداتـێ. هەڵوێسـت ئاڵۆزتـر دەبێـت).

**یاوەر:**

تەنیا یەك وشە، ئەی ژەنەراڵ!

**ژەنەراڵ:** (دەرگاکە دەکاتەوە):

چی!

**یاوەر:**

تــکا دەکــەم دەرگاکــە بکرێتــەوە، چونکــە بــە داخراویــی ناتوانێــت نارنجۆکەکــەت پێدابــدات گــەورەم.

**ژەنەراڵ:**

ئۆە، راستە (دەرگاکە داناخات).

**یاوەر:**

دەمامکەکــەی منیشــی بدەنــێ، دەبــێ ئەویــش هــەر لــە چەکمەجەکــە دابێــت. دەبــێ لــە خشــتە بردنەکــە کەموکــوڕی تیــادا نەبــێ (دەمامکەکــەش دەدەنــە عەریفەکــە).

**سەرۆکی پۆلیس:** (رێگا چۆل دەکات):

ئێمــە ئامادەیــن، تــکات لێدەکەیــن کاکــی مــولازم زۆر تــکات لێدەکەیــن.

**یاوەر:**

کەوابــوو.. وا ئافرەتــە شــۆخەکان لێــرەدا گەشــت دەکــەن لــەو شــوێنەی کاکــی ســەرۆکی تیــادا وێســتاوە. رۆژهەڵدێــت و (دەس بــۆ رێڕەوەکــە درێــژ دەکات) و ژەنەراڵیــش لەوێیــە. نیشــانەکانی ســەر ســنگی دەبریســکێنەوە و پێــڵاو دەبریقێنــەوە و ئێســتایش وا بیربکــەرەوە کــە تــۆ نرخــی هەمــوو شــتێکی بــۆ دەدەیتــەوە. (عەریفەکــە نارنجۆکەکــە دەهاوێژێــت).

(بــۆ یــەك چرکــە چــراکان کوژانــەوە. چەخماخەیــەك و گرمەیەکــی گــەورە لــە پاشــان تاریکییەکــی تــەواو، ئەنجــا رووناکیــی ئاسایی، ســەرۆك و یاوەرەکــە بۆمــاوەی چرکەیــەك رووبــەڕو بێدەنــگ دەوەســتن).

**سەرۆکی پۆلیس:**

وەك دیــارە ژەنەراڵــت خــۆش دەویســت. وەك ســەرۆك لەگەڵتــا زۆر نــەرم بــوو.

**یاوەر:**

بەتــەواوی بــە پێچەوانــەوە لەگــەڵ تــۆدا. مــرۆڤ ســەرۆکی پۆلیــس بێــت بــۆ ئــەم هەمــوو ساڵانە هیــچ شــتێ ناچەســپێنێ، خانەنشــینیش کارێکــی چاکــە.

**سەرۆکی پۆلیس:**

لەگــەڵ ئەمەشــدا چــی دەڵێیــت ئەگــەر ئێســتا بتگــرم؟ پێویســتە دانــی پیــادا بنێیــت کــە مەســەلەی نارنجۆکەکــە هیــچ نەبــێ زۆر روون نییــە.

**یاوەر:**

بەگشت ئارەزووییەکەوە دانی پیادا دەنێم. ئەو ئەمەندە ئاڵۆزە تا ئەو رادەیەی کەوا بەشداریی تۆی تیادا زۆر شاراوەیە. ئەوسا نموونەیەکی دڵگیرمان لەدەستدا دەبێت بۆ گرتنێکی دوولایەنەوە.

**سەرۆکی پۆلیس:**

وا تێدەگەم تۆ زۆر بەرز دەکرێیتەوە و بەڵام نەك بۆ ئەو پلەیەی چاوەڕوانی دەکەیت واتا جێگای من بگریتەوە و ببیت بە سەرۆکی پۆلیس، بەڵکو بەتەواوی لەرێبازە پێچەوانەکەوە پایەت بەرز دەبێتەوە من وا دەتگرم.

(شمشێرەکەی هەڵدەکێشێ و یاوەرەکە دەگرێت).

**یاوەر:**

زۆر جوانە، بەڵام دەترسم تۆیش گەیشتبێتە سنووری دەسەڵاتەکانتەوە، جگە لەوەیش ئاگادارت دەکەمەوە کە هەموو ئەو هەوڵ و تەقەللایەکت کە مایەی گاڵتەپێکردنن بۆ تاوانبارکردنی منا کە گوایا دەستم بووە لە تەقاندنی نارنجۆکەکەدا هەمووی دژی خۆت ئاراستە دەبنەوە، گەورەم.

**سەرۆکی پۆلیس:**

بە چ هۆیەکەوە بچکۆلەکەم؟

**یاوەر:**

ئەوە کارێکی ئێجگار ساکارە، مامە پیرەکەم. تۆ گەورەم، تاوانبارم دەکەیت بە دوژمنایەتی میری و هەڵسان بەپیلانێکەوە، جا لەتۆ دەپرسن ئەی تۆ لەکوێ بوویت ئەی گەورەم، کاتێ ئەم مولازمە نامەی دڵسۆزی مۆرکرد و لە بەندیخانەدا

دەرچــوو؟ جەنابــت چــۆن ســەرەك پۆلیســێکیت؟ کــە حەپســێك هەبێــت و بتوانــێ بتخەڵەتێنــێ، تــۆ چــۆن پاســەوانێکی هێمنیــت ئەگــەر بــە فێڵەکەیــت نەزانیبــێ و بــەڕەڵات کردبــێ؟ خــۆ ئەگــەر ئــەوەت بــەو قســەیە لەســەرخۆت لابــرد کــە بۆیــە منــت ئــازاد کــردووە چونکــە پەشــیمانییەکەم راســتەقینە بــو ئــەوا هــەق بــەلای تــۆوە دەبێــت، چونکــە مــن ئەوســایش و ئێســتەیش دڵســۆزییەکەم بەراســتییە و ملکەچــی میریــم. بــەڵام کــە بــە ســازدانی پیلانەکــەوە تاوانبــارم دەکەیــت ئــەوا ئــەوە دەتخاتــە هەڵوێســتێکی ســەیرەوە، گــەورەم هەڵوێســتی کەڵەکبازێکــی مایەپــووچ! دەڵێیــت چــی ئــەی گــەورەم ئەگــەر منیــش هەڵســم تــۆ بگــرم؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

کاکــی وا تێنەگەیــت پۆلیــس لەســەرووی گرتندایــە. نەخەیــر. گرتــن لــە ســەرووی ئێمەوەیــە لەســەرووی هەموواندایــە، مــن تەنیــا پۆلیســێکی کۆنــم. کەواتــە فەرمــوو ئەگــەر تــۆ دەتوانیــت هۆیــەك بــۆ ئــەوە بدۆزیتــەوە..

**یاوەر:**

بێگومــان مــن دەیزانــم کارەکــە ئــە ئــاوا دێتــە بەرچــاو، ئەرکێکــی ســەرەکیی ســەرۆکی پۆلیــس ئەوەیــە ژەنەراڵــەکان لــە پیلانگەلــی نارنجــۆکان بپارێزێــت.. ئــەی تــۆ گــەورەم چیــت کــرد؟ تــۆ خــۆت نارنجۆکەکــەت خســتە دەســتی پیلانگێــڕە حەپســەکەوە و خۆیشــت فێــرت کــرد چۆنــی بهاوێــت. ئەمــە کارێکــی زۆر تۆقێنــەرە.

**سەرۆکی پۆلیس:**

ئــەوە شــێت بوویــت؟ ئەمــە گشــتی بــە گوێــرەی پێشــنیازی تــۆوە روویــدا.

**یاوەر:**

ئەوەی بەو شێوە گومانلێکراوەوە بەو گەرمییەوە پەسندت کرد؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

بـــە شـــێوەیەك لەژێـــر پاڵەپەســـتۆی تـــۆوە، چونکـــە تـــۆ ئـــەوت دەویســـت و خۆیشـــت هەوڵـــی ئەنجامدانـــی تاقیکردنـــەوەی نارنجۆکەکـــەت دەدا.

**یاوەر:**

بـــەڵام مـــن ســـەرۆکی پۆلیـــس نیـــم، دووپاتـــی دەکەمـــەوە ئەرکـــی ســـەرەکی ســـەرۆکی پۆلیـــس چییـــە؟ منـــاڵ دەتوانـــێ وەرامـــی بداتـــەوە، پاراســـتنی ژەنەراڵەکانـــە لـــە پیلانگەلـــی نارنجۆکانـــەوە.

**سەرۆکی پۆلیس:**

بـــەڵام وادانرابـــوو کـــە نارنجۆکەکـــە ناتەقێتـــەوە و تـــۆ خـــۆت ئـــەوەت وت.

**یاوەر:**

مـــن لێـــرەدا هیـــچ حســـابێکم بۆناکرێـــت. پێویســـت نەبـــوو پێـــم بـــڕوا بکەیـــت.

**سەرۆکی پۆلیس:**

بـــەڵام پێـــش چرکەیـــەك خـــۆت دڵنیـــات کـــردم کـــەوا تـــۆ راســـتت دەکـــرد کـــە گوتـــت دڵســـۆزیی میرییـــت.

**یاوەر:**

ئەمـــە راســـتە مـــن دڵســـۆزیی میرییـــم، بـــەڵام تـــۆ وەك ســـەرکردەیەکی پۆلیـــس دەبـــوو بزانیـــت ئـــەوەی کـــە گرنگـــە ناشـــێت، لەگـــەڵ ئەوەشـــەوە گرنگییەکـــی تایبەتـــی هەبـــێ، یاخـــود لەوانەیـــە گرنگییەکـــی پێچەوانـــەی هەبـــێ و یـــا هـــەر هەیەتـــی، یـــان گرنگییەکـــە هـــەر ئـــاوا

جیـاوازە، ئەمەیـش بـە گوێـرەی چەنـد رواڵەتێکـی دیاریکـراوەوە دەبینیـت ئـەی گـەورەم؟ سـەرباری ئـەو هەمـوو خزمەتـە دوور و درێژەیشـتەوە ناتوانیـت جگـە لـەم شـێوە سـەرەتاییەوە بەهیـچ شـێوەیەکی تـر تێبگەیـت.

**سەرۆکی پۆلیس:** (بەناچارییەوە):

دە باشـــە، بـــا هـــەر یەکێکـــمان ئـــەوی ترمـــان بگرێـــت هەتـــا هەڵوێسـتەکە روون دەبێتـەوە (یـاوەر شمشـێرەکەی هەڵدەکێشـێ و سـەرۆکی پۆلیـس دەگرێـت).

ژەنەراڵ (دێتە ژوورەوە).

**سەرۆکی پۆلیس:**

گەورەم ژەنەراڵ تۆ زیندوویت؟

**ژەنەراڵ:**

خۆ گەوج نیم، لەئاودەسەکەدا خۆم شاردەوە.

**یاوەر:**

سـەرنج رادەکێشـم بـۆ ئـەوەی کـە ئـەو قیژەیـەی پێـش چرکەیـەك سـەرۆکی پۆلیـس لێیـدا بەڵگەیەکـی گەورەیـە لـە دژی خۆیـدا. ئـەو سەرسـوڕمانەی لـە رسـتەی (گـەورەم ژەنـەراڵ، تـۆ زیندوویـت؟) دا دەربیـڕی شـایەتمانەیە کـەوا سـەرۆك چاوەڕوانیـی شـتێکی دیکـەی کـردووە، بگـرە بـە هیواشـی بـووە.

**ژەنەراڵ:**

هەرچۆنـێ بێـت مـن ناچـارم هەردووکتـان بگـرم، بەڕێـزان. کار لـەم دوانـە بـەدەر نییـە، یـا ئیشـەکە تەنیـا بەرێکـەوت بـووە. یاخـود یـەك لـەم سـێیانەتان فەتیلەکـەی لکاندۆتـەوە. جـا چونکـە ئێمـە تـا ئێسـتا نازانیـن چـۆن رێکـەوت بگریـن، ئـەوا ئەگەرەکـەی تـر

دەمێنـێ. حەپسـەکەیش جێـی بـاس نییـە چونکـە دەسـگیرە مانـەوە ئـەم دووەتـان گەورانـم.

**سەرۆکی پۆلیس:**

ئەمــە راســتە. رابــرودووی کاکــی مــولازم پــاڵ بــە دادگاوە دەنێــت کــەوا زۆر بیــر بکاتــەوە.

**یاوەر:**

نیازەکانــی کاکــی ســەرۆك بارێکــی کلاســیکی بــۆ ئەوانــە پێکدێنــن کــە بــە لێکۆڵینەوەکــە هەڵدەســتن. لێــرەدا بــێ ئــەوەی مەســەلەی تاوانبارکردنــی بەهێــز و ســەرەکیی بخەمــەڕوو، دەگونجــێ مەبەســت ناوزڕانــی یــاوەری کاکــی ژەنــەراڵ بووبێــت. ئــەو ئــارەزووەی کــەوا روونــە و لــە نیازگەلێکــی کەســایەتییەوە هەڵقــوڵاوە بــەڵام هەرگیــز پێوەندیــی بــە خزمەتکردنــی میرییمانــەوە نییــە.

**سەرۆکی پۆلیس:**

بەداخــەوە پێویســتە بڵێــم بەنــاوی میرییــەوە دەتگــرم، ئــەی کاکــی ژەنــەراڵ.

**ژەنەراڵ:**

من دەگریت؟ چیم کردووە؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

بــە ســزای دووچارکردنــی پایــەی ژەنەراڵــی بەپیلانــی نارنجۆکەکــەوە و بــە گوڕێکــی بــێ تێبینــی ئــە ئــاواوە، تــۆ تاوانباریــت ئــەی گــەورەم، بەلایەنگیــری کردنــی جووڵانەوەیەکــی ئیقنلابییــەوە. تــۆ خــۆت لــەوە ئــاگادار کردمــەوە ئــەم کردەوەیــەش بەلانــی کەمــەوە دەبێتــە هۆیــەك بــۆ ســووك کردنــی حوکمەکــەوە.

**یاوەر:**

لێـرەدا تەنیـا گرێیـەك دەمێنـێ چـاری بکرێـت ئەویـش ئەمەیـە ئاخـۆ ئـەو پۆلیسـە هاتـووە کـە پێشـتر یەکێکـی گرتبـێ لەبارێکـی یەکترگرتنـدا لەگەڵیـدا بێـت؟ واتـا تـۆ ئـەی کاکـی سـەرۆك کـە یەکێکـی سـێهەم بگریـت کـە بەیەکـەوە لـە تـەك یەکێکـی دیکـەدا گرتوویەتـی کـە یەکـتر گرتنـی یەکـەم پێکیانـەوە دەبەسـتێتەوە؟

**سەرۆکی پۆلیس:**

دەستگیرکراو مافی قسەکردنی بۆ نییە.

**یاوەر:**

هەمـان دەسـتوور بەسـەر خۆتـدا دەسـەپێت، ئـەی سـەرۆکی گـەورەم.

**ژەنەراڵ:**

گەورانم، وا دیارە پۆلیس کارێکی زۆری بەدەستەوەیە.

**عەریفەکـە** (تـا ئێسـتا بـێ فیـز لـە سـووچێکا وێسـتاوە، هۆتافێـك دەکێشـێ و دەسـتێکی بـەرز دەکاتـەوە. گیانـی هەڵگەڕانـەوە و یاخـی بـوون بەتەواوەتـی لـە ناخیـدا راپەڕیـوە).

بژی ئازادی!؟

(پەردە).

سەرچاوە: گۆڤاری الاقلام- ژمارەی تایبەت بە شانۆی جیهانی.

کۆیە/ ١٩٨٢/٩/٢

# (دیمۆن و پیسیەس) Damon and Pythias
# یان وەفاداری دوو هاوڕێ

### داستانێکی ئەغریقی زۆر کەون

گۆڕینی لە ئینگلیزیەوە مەجید ئاسنگەر

*ئـەم شـانۆگەرییە لـە داسـتانێکی ئەغریقـی زۆر دێرینـەوە وەرگیـراوە، دیمـۆن و پیسـیەس دوو لاو بـوون و دۆسـتایەتییەکی زۆر پتـەو و پێکـەوەی بەسـتبوونەوە و لـە دۆسـتایەتییە مەزنەکەیانـدا وەکـو داڤیـد و جۆناسـان وابـوون. (داڤیـد و جۆناسـان) دوو هاوڕێـی گیانـی بەگیانـی بەنـاو و ناوبانـگ بـوون و دۆسـتایەتییەکەیان بـە جـۆرێ بـووە کـە هـەر بـاس ناکرێـت.. وەرگێـڕ.*

***

پێسـیەس کارێکـی وای لـێ روو دەدات دڵـی شـا دایونیسیسـی لێ دەچێ بـە قیندا، پاشـا ئەوەنـدە قینـی لێهەڵدەگـرێ فەرمـان دەدا کـە لەسـەری پێسـیەس بدرێـت. دیمـۆن دەچێتـە لای پادشـا و لێـی دەپاڕێتـەوە گیانـی برادەرەکـەی ببەخشـێت، بـەڵام

پاشا لـە بڕیارەکـەی خۆیـەوە پاشـگەز نابێتـەوەو دووپاتـی دەکاتـەوە کـە هـەر دەبـێ پێسـیەس لـە سـێدارە بدرێـت.

## پەردەی یەکەم

لە دەرباری (شا دایۆنیس)دا

**پیسەیس:**

مـن لەمـردن باکـم نیـە، ئـەی پادشـاە بـەڵام پێـش ئـەوەی بمخەیتـە زیندانــەوە داواکارییەکــم هەیــە تــکات لێدەکــەم بۆمــی جێبەجــێ بکەیـت. ئەمەیـش دوایـن داواکارییـم دەبـێ لـە ژیانمـدا.

**دایونیسیس:**

تـۆ بـەم زوانـە دەمریـت. جـا لەبـەر ئـەوەی کـە لـە ژێردەسـەڵاتی خۆمدایـە و پێچەوانـەی فەرمانیشتەکانیشـم نیـە، ئـەوا ئـەم داوایـەت بـۆ دێنمـە دی پاشـا بـۆی هەیـە لەگـەڵ ئەوانـەوە کـە پێیـان لەسـەر رۆخـی قەبریاندایـە بەزەیـی بنوێنـێ.

**پیسەیس:**

زۆر ئــارەزوو دەکــەم پێــش ئــەوەی بمــرم بــۆ دواجــار ســەردانێکی خێزانەکەمـان بکـەم. باوکـم زۆر پیـر بـووە، هەروەهـا دایکیشـم جـا لەبــەر خاتــری ئەوانــەی زۆرم خــۆش دەوێــن ئــەم داوایــەت لێدەکــەم.

**پاشا:**

بــەڵام ئێــوە ماڵتــان لێــرەوە زۆر دورە، بــۆ ئــەوەی بگەیتــەوە ماڵــەوە ئـەوا دەبـێ چەندەهـا میـل لـە زەوی و بەسـەر دەریـاوە ببڕیـت. جـا نــاکا بــە هەمــوو ئەقڵــی خۆتــەوە وا تێبگەیــت مــن رێــگات دەدەم شــارەکەم جێبهێڵیــت و ســەفەرێکی ئــاوا دوورودرێــژی بــۆ بکەیــت

بەبێ ئێشکچی و پاسەوان ها؟ نەخێر لاوە، لێت دوو دڵم و بڕوات پێناکەم. دەزانم هەر کاتێ لێم دوور کەوتیتەوە بە هیچ کلۆجێ ڕێی تێناچێ جارێکی تر چاوم پێت بکەوێتەوە. هەر ساتێ ئازادت بکەم ئیتر هەرگیز ناگەڕێیتەوە. یاساوڵ! دەی ڕاپێچن بۆ زیندانەوە.

**پیسەیس:**

ئۆهـ پادشاهم (بەڵێن بێت بگەڕێمەوە بەندە پەیمانت پێدەدەم کە بگەڕێمەوە خۆم باوێمەوە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتتانەوە. بەڕێزتان دەتوانن متمانەم پێ بکەن.)

**پاشا:**

پەیمانێ لەلایەن دوژمنێکەوە درابێت دەبێ چ بایەخێکی هەبێ؟ منیش هیچ ئارەزوویەکم نییە پێت باوەڕ بکەم. هەتاکو لە زیندان بیت ئەوە دەزانم لە کوێیت، بەڵام کە بەرمدایت لەوانەیە هەتا هەتایە نەتبینمەوە.

**دیمۆن:**

شا دونسیس، لێتان دەپاڕێمەوە ڕێگەم بدەن قسەیەك بکەم، ئێوە ئاگادارن پیسیەس و بەندە لە منداڵیمانەوە هەڤاڵی یەکترین. ئێمە یەکدیمان خۆش دەوێ، ئەز باوەڕی پێدەکەم. جا ئەگەر من بچمە زیندانتەوە هەتاکو ئەم دەگەڕێتەوە ڕێ بە برادەرەکەم دەدەیت بڕواتەوە؟

**پاشا:**

تۆ چۆن دەزانیت ئەم دەگەڕێتەوە، ئەی گەنج؟ من ئامۆژگاریت دەکەم پێش ئەوەی بڕوا بەبرادەرەکەت بکەیت زۆر بە وردی بیری لێ بکەیتەوە.

**دیمۆن:**

ئەگـەر پێسـیەس بەڵێـن بـە بەڕێزتـان بـدات کـە بگەڕێتـەوە ئـەوا مـن دڵنیـام لـەوەی کـە هـەر دەگەڕێتـەوە، لـەوەدا مـن خاترجەمـم، چونکـە پێسـیەس دۆسـتی خۆمـە و خـۆم بـاش دەیناسـم، ئـەم مرۆڤێکـە هەرگیـز پەیـمان ناشـکێنێ.

**پاشا:**

بـەڵام وایدانـێ ئەمجارەیـان پەیمانەکـەی شـکاند! جـا ئەگـەر ئەمـە وابـوو، ئایـا هـەر ئامادەیـت لـە شـوێنی ئەمـدا بمریـت، چونکـە لەیـادت نەچـێ ئەگـەر پێسـیەس ئـەو پیـاوە بـێ کـە هەرگیـز بەڵێنـی خـۆی نەشـکێنێ، ئـەوا منیـش شـا دایۆنیسـیس ئـەم پیـاوەم کـە هەرگیـز لـە قسـەی خـۆم پەشـیمان نابمـەوە، جـا ئەگـەر پێسـیەس نەهاتـەوە ئـەوا هیـچ گومـان لـەوەدا نییـە کـە مـن تـۆ دەکـوژم لـە جیاتـی ئـەم! ئەمـەت بەتـەواوی لا روونـە وانییـە؟

**دیمۆن:**

بەڵـێ، بەڵـێ ئەگـەر پێسـیەس لـە مـاوەی سـێ هەفتـەدا نەگەڕایـەوە، ئەوسـاکە خوێنـی منتـان لـێ حەڵاڵـە، پاشـادهم.

**پاشا:**

دیمـۆن تـۆ گەنجێکـی ئـازا و بـە جەرگیـت، تۆیـش پێسـیەس، هاوڕێیەکـی ئەوتـۆت هەیـە کـە بـە دەگمـەن پیـاوان خەونـی پێـوە دەبینـن، سـا لـە پێنـاوی ئـەو دڵسـۆزیی و خۆشەویسـتییەکەدا دوو لاوی وەکـو ئێـوەی بەیەکـەوە بەسـتووەتەوە، ئـەوا مـن ڕێگـەت پێـدەدەم بڕۆیتـەوە، بـەڵام لەبیـرت نەچـێ، دیمـۆن ئەگـەر پێسـیەس، لەسـەر بەڵێنەکـەی خـۆی نەگەڕایـەوە ئـەوا دەبـێ تـۆ لـە جیاتـی ئـەو بمریـت.

**پیسەیس:**

شـا دایۆنیسـیس، مـن بەڵێـن دەدەم بگەڕێمـەوە. تۆیـش دیۆمـن، هـاوڕێ خۆشەویسـتەکەم خـۆت لـەوە دڵنیایـت کـە هیـچ گومانێکـت نییـە مـن خاوەنـی وشـەی خۆمـم، ئـاخ دیمـۆن گیـان! نازانـم چـۆن سوپاسـت بکـەم بـۆ ئـەم خۆشەویسـتی و میهـرە مەزنتـەوە؟ وا خۆشەویسـتی تـۆ دەرفەتـم بـۆ دەڕەخسـێنێ کـە بـەر لـە مردنمـەوە بـۆ دواجـار دایـك و باوکـم ببینمـەوە.. بـەڵام هیـچ ترسـکێت نەبـێ، مـن پێـش ئـەوەی سـێ حەفتەکـە تـەواو بـێ، بێگومـان دەبـێ هـەر بگەمـەوە ئێرەکانـە. شـا دایۆنیسـیس، تکایـە ئێسـتاکە رێگامـان بـدەن جێتـان بهێڵیـن. (پـەردە).

## پەردەی دووەم

(دوای سێ حەفتە)

(دیمۆن لەبەردەم شا دایۆنیسیس دا وەستاوە و سەرباز چوار دەوەریان گرتوە حەپسە.

**دایۆنسیس:**

هێی کاکی لاو! کوا پێسیەسی هاوڕێت؟ من پێمگوتی چی دەقەومێ و دەمزانی ئەنجامەکەی هەر ئەمە دەبێت. ئەز ڕێگەم پێدا بڕواتەوە، کەچی ئەو بەڵێنەکەی خۆی شکاند، نەك هەر لەگەڵ مندا، بەڵکو دەرهەق بە تۆیش!

**دیمۆن:**

ئۆف خاوەن شکۆ! پێسیەس تەنانەت ئێستەیش هەر دەگەڕێتەوە. هەر بێتو بەرۆح مابێت قابیل نییە هەر دێتەوە. من لەوەدا بێگومانم، چونکە ئەو هەڤاڵی خۆمە.. هەر وەك چۆن گومان لەوەدا نییە کە ئێستاکێ من وا لەبەردەمی ئێوەدا وێستاوم ئاوەهایش دڵنیام کە پێسیەس وا بە هەموو تواناییەکەوە بەرەو ئێرۆکانە بەڕێوەیە. بەمەرجێ ئەگەر رەوان لەلەشیدا مابێ.

**پاشا:**

چۆن ئێستایش هەر بڕوات پێی ماوە؟

**دیمۆن:**

بەڵێ، بەڵێ هەر وەك هەمیشە خۆم دەزانم هەر دێتەوە.

**پاشا:**

ئەوە قسەی بێ مانایە، وا ئیمشەو ماوەی سێ حەفتەکە کۆتایی

دێـت. جـا ئەگـەر پێـش ئـەوەی ڕۆژ ئاوابـێ پێسـیەس نەگەڕێتـەوە ئـەوا دەبـێ تـۆ بمریـت. ئەمـە دەزانیـت وا نییـە؟

دیمـۆن چـاك دەیزانـم، بـەڵام دیـارە دەبـێ شـتێکی چـاوەڕوان نەکـراوی بـۆ پێـش هاتبـێ کـە ئاوەهـا دوای خسـتووە.

**پاشا:**

مـن بـڕوا ناکـەم، ئـەو بێگومـان ژیاتـر خەمـی ژیانـی خـۆی لەبـەرە تـا ژیانـی هاوڕێکـەی. بەیانیـی زوو لەسـەرت دەدەم.

(سەربازێك دێتە ژووری و لەگەڵ پاشادا قسە دەکات).

**سەرباز:**

ئـەی خـاوەن شـکۆی مـەزن، زەلامێـك لـە دەرەوەیـە دەیەوێـت هـەر ئێسـتێ قسـە لەگـەڵ بەڕێزتانـا بـکات. کابـرا دەڵـێ ئیشـەکەی ئەوەنـدە گرنگـە چاوەڕوانیـی هەڵناگرێـت.

**پاشا:**

زۆر باشە، بینێرە ژوورەوە.

(دەرگا دەکرێتەوەو پێسیەس وەژوور دەکەوێ).

**دیمۆن:**

پێسیەس گیان!

**پیسەیس:**

ئاه، دیمۆن گیان!

**پاشا:**

پێسـیەس، ئـەوەی کـە هەرگیـز بەبیرمـدا نەدەهـات چـاوم پێـی بکەوێتـەوە تـۆ بوویـت!

**پیسەیس:**

ئـەی خـاوەن شـکۆ، زۆر بەداخـەوەم کـە لەگەڕانەوەمـدا ئەوەنـدە

دواکەوتــم، مــن هیــچ نیــازم نەبــوو کــە هەتــا دوارۆژی ماوەکــە بمێنمــەوە. ئــەوە یــەك حەفتــەی رەبەقــە لەمــاڵ دەرچــووم، بــەڵام هێــز نەبــوو بتوانــێ لەمــە زووتــر بمگەیەنێتــەوە بــۆ ئێــرە.
پادشــا، لاوە هەرگیــزاو هەرگیــز بەبیــری منــدا نەدەهــات جارێکــی دیکــە چــاوم بــە تــۆ بکەوێتــەوە. تەنیــا ساتێك لەمەوبــەر بەدیمۆنــم راگەیانــد کــە پێویســتە ئامــادە بێــت لــە جیاتــی تــۆ بمرێــت، باشــە پێــمان بڵــێ لەگەڕانــەوەدا بــۆ هێنــدەت پێچــووە؟

**پیسەیس:**

گــەورەم گــەرداوی ئەوەنــدە ســەخت و دژوار لــە دەریــادا هەڵیانکردبــوو کەشــتییەکەم (موســتەحیل) بــوو بتوانــێ بەندەرگــە جــێ بهێڵــێ.

**دێمون:**

هــاوڕێ ئازیزەکــەم، لەســەرێکەوە زۆرم پێناخۆشــە کــە گەڕاویتــەوە، چونکــە تــۆ تەنیــا بــۆ ئــەوە هاتوویتــەوە ئێــرە تــا بمریــت. بــەڵام لەلایەکــی تریشــەوە تەنانــەت بــۆ ســاتەوەختێکیش مــن بــڕوام نەدەکــرد بەڵێنەکــەت لەگــەڵ پاشــادا بشــکێنێت! پاشــا خۆیشــی ئەمــە دەزانــێ و (لەمــە ئــاگادارە).

**پیسەیس:**

ســوپاس بــۆ یــەزدان کــە لەکاتــی خۆیــدا پێڕانەگەیشــتم. دیمۆنــی خۆشەویســت گیانــی تــۆ لــە پێنــاو منــدا لــە مەترســیی دابــووە. پاشــا فەرمــووی دەبــێ مــن بمــرم. فەرمــوون، ئەمەتــا ئامــادەم.

**دیمۆن:**

تــۆ خەمــی منــت نەبــێ. ئێمــە نیشــانی پاشــامان دا کــە هاوڕێیتــی

راســتەقانی چۆنــە و چــۆن دەبــێ.

**شا دایۆنێسیس:**

لاوە زۆر دروســتە، مــن هەرگیــز نەمدەزانــی دەشــێت دۆســتاتی ئــە ئــاوا مــەزن لــە نێــوان پیاوانــدا هەبێــت، ئەمــە شــتێکی ئێجــگار ســەیرە بــۆ پادشــایەك کــە ببینــێ! ئێــوەی هــەرزەکار ســەلماندووتانە کــە هــەر یەکێکتــان ئامــادەن ژیانــی خۆتــان لــە پێنــاوی ئــەوی ترتانــدا ببەخشــن. ســەد خۆزیــا منیــش هاوڕێیەکــی ئــە ئاوایــم دەبــوو. ئێســتەش گوێــم لێبگــرن: ئێــوە پێشــەکی بەڵێنێکتــان بــە مــن داوە و بەڵێنەکەشــتان بەجێگەیانــدووە.

ئێســتەیش داواتــان لێدەکــەم بەڵێنێکــی تــرم بدەنــێ، دەشــزانم کــە ئەگــەر بەڵێنێکتــان دا، ئــەوا هەرگیــز قســەی خۆتــان ناشــکێنن. پێسـیەس بەڵێنـم پـێ بـدە کـە ئیـتر هەرگیـز دژی مـن نەوسـتێت و بـە خراپـە باسـی خـۆم و یـا هـی وڵاتەکـەم نەکەیـت. ئەگـەر ئـەم بەڵێنــەم بدەیتــێ منیــش لێــت خــۆش دەبــم و ئــازادت دەکــەم.

**پیسەیس:**

شـاە دایۆنسـیس، مـن هەرگیـز بەتەمـای ژیانـی خـۆم نەبـووم، وا ئـەو بەڵێنـەت دەدەمـێ کـە لێمـی داوا دەکەیـت، بەڵێنتـان پێـدەدەم کـە هەتـا مـاوم لـەدژی ئێـوەدا شـەڕ نەکـەم و هەرگیـز بـە خراپەیـش نـاوی خـۆت و شانشـینەکەتان نەهێنـم.

**پاشا:**

لاوینــە فەرمــوون، هەردوکتــان ئــازادن. دیتنــی گەنجانــی وەکــو ئێــوە، کــە هــەر یەکیــان ئامادەیــە لــە پێنــاوی ئــەوی تریانــدا بمرێــت. شــتێکی زۆر نایــاب و بەهــادارە.

**پیسەیس:**

ئـــەی خـــاوەن شـــکۆی مـــەزن، مـــن لەناخـــی دڵمـــەوە سوپاســـتان دەکـــەم.

**دیمۆن:**

هەروەهـا منیـش جـا ئەگـەر بەڕێزتـان فەرمـان بفەرمـوون، ئەوەتـا هەتـا هەتایـێ خزمەتتـان دەکەیـن.

**شا دایۆنسیس:**

نەخێـر، مـن سوپاسـی ئێـوە دەکـەم مـن پادشـام، بـەڵام هەمیشـە ئامـادەم هەرچـی هەمـە و نیمـە ببەخشـم بـۆ ئـەوەی تەنیـا هاوڕێـی ئـاوا راسـتەقینە و دڵسـۆزم هەبـن وەکـو ئـەوەی ئێـوە نیشـانتاندام. فەرمـوون بـڕۆن!
ئێوە ئازادن!

(پەردە)

١٤/تموز/١٩٨٥

شانۆی ئەفەریقایی

# گەڕانەوە ناکاوەکە

**مارتن ئویوسیو**

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: مەجید ئاسنگەر

**کارەکتەرەکان**

کوجوتابی: کوڕە گەڕاوەکەیە

پیرەژنێك: پووری بەساڵاچوویەتی

نیاکوا: خوشکی کوجوتابیە

یاو ئانتو: خاڵۆیەتی

کوفی ئانتوی: خاڵەکەی تر

مبی: کوڕی نیاکوا

ژنێك

پیاوێ کۆنە برادەرێکی تابیەت

مالام: پیاوێکە بەکاری (غەیبیەوە) خەریکە

## دیمەنی یەکەم

(حەوشـەی خانوویەکـی بەتـاڵ کـەوا پێدەچـێ چـۆڵ کرابـێ. چەنـد کەلوپەلێکـی قوڕیـن لێـرەو لـەوێ فڕێدراوە..هتـد دەرگایـەك بـە ئاسـتەم کراوەتـەوە، تێکـڕای دیمەنەکـە وا دەنوێنـێ کـە کۆمەڵـە خەڵکێـك لێـرەدا ژیابـن و لەبـەر هـەر هۆیـەك بـووە دوو سـاڵ یاخـود زیاتـرە ئێرەیـان جـێ هێشـتووە.

تەقەیـەك لـە دەرگای دەرەوە کـە دەرگایەکـی دارەو لـە دوو بـەش پێکهاتـووە هەڵدەسـتێ، بەشـی سـەرەوە دەکرێتـەوەو لەنێوقـەد بەسـەرەوەی پیاوێکـی چـل و پێنـج سـاڵی بـەدەر دەخـات.

لــە حەوشـــەی خانووەکــە رادەمێنـــێ، دەکەوێتــە گومانــەوە کــەوا دەبـــێ هەڵەیـەك روویدابێـت. جارێکـی تـر لـە دەرگاکـەوە دەداتـەوە کـە سـاتێ بـێ وەرام چـاوەڕوان دەکا. دەرگاکـەی ژێـرەوە دەترازێنـێ و دەچێتـە ژوورەوە، بـەڵام بـە دڵنیایـی نازانـێ هەڵەکـە لـە کوێدایـە.

جانتاکـەی دادەنـێ و گۆزەیەکـی شـکاو هەڵدەگرێتـەوە، دووبـارە سـەیرێکی دەوروپشـتی خـۆی دەکاتـەوە، رووەو و کووپـە گەورەکـەی ئـاو دەچێـت، ئـەم کابرایـە (کوچوتابی)یـە.

**تابی:**

ئـاو نییـە، تەنیـا رایەڵـی جاڵجاڵوکـە. سـەیرە! دەبـێ بـۆ کـوێ چووبـن؟

(دەرگاکـەی بـە ئاسـتەم کرابـۆوەو لەسـەر خـۆ دەترازێنرێـت، پیرەژنێکـی لەتەمەنـی هەشـتا ساڵیدا بەدەردەکـەوێ و لـە کوجوتابـی رادەمێنـێ، بـەڵام ئـەم نایناسـێ).

**پیرەژن:**

تۆ کێیت، ئەگەر مافی پرسیارکردنم هەبێ؟

**تابی:** (لێی دەچێتە پێشەوە):

من لێرە لەدایك بووم.

**پیرەژن:**

لێرەدا لەدایك بوویت؟ ناوت چییە؟

**تابی:**

ناوم کوجووە، بۆ ئەوانەی باشم دەناسن.

**پیرەژن:**

کوجــو؟ باشــە دانیشــە (دادەنیشــێ) مم..مم..مــم. کووپەکــە ئــاوی تێــدا نییــە، لەوەتــەی جێیــان هێشــتووم بەبەتاڵــی ماوەتــەوە. ئــەو هەندووکەیــش لەژوورەکەمــدا هەمــە بۆتــۆ دەســت نــادات، پیســە.

**تابی:**

تینووم نییە

**پیرەژن:**

خۆشحاڵم کە تینووت نییە، ئەی بێگانە.

**تابی:**

من بێگانە نیم، من خەڵکی ئەمماڵەم.

**پیرەژن:**

من دەناسیت؟

**تابی** (بێدەنگی):

نەخێر، بڕواناکەم.

**پیرەژن:**

نەخێــر بڕواناکــەم کــەس بــڕوا نــاکات. کــەس گــوێ ناداتــێ حــاڵ

هەمیشــە هــەر ئەمەیــە، وا نییــە؟ بــەڵام واز بێنــە بابــە گــرێ وگۆڵــی خۆمــەوە هەراســانت نەکــەم.
(بێدەنگی) گوتت لەم شارەدا لەدایك بوویت؟

**تابی:**

ئا لەم ماڵەدا.

**پیرەژن** (بیردەکاتەوە):

لــەم ماڵــەدا؟ ئــەم ماڵــە شــەجەرەی تەنیــا یــەك خێزانــی ناســیوە، هەندێکیــان لەگــەڵ مردووانــدا کەوتــوون، ئەوانــی تریــش ئێرەیــان جێهێشــتووە هەتــا زیندەنگــی لــە شــوێنێکی تــردا بدۆزنــەوە، بــەڵام تــۆ.. مــن تــۆ ناناســم، دایکــت کێیــە؟

**تابی:**

ئاباتاکو.

**پیرەژن:**

کێ؟

**تابی:**

ئاباتاکو دەیناسیت؟

**پیرەژن:**

دەیناســم! (بێدەنگــی) خۆزیــا چاوەکانــم ئەوەنــدە بەهێــز دەبــوون بمتوانیبایــە بــڕوا بکــەم، نەخێــر کاکــی بیانیــی، گاڵتــە بــەم ماڵــە و بــە یــادگارە خەمناکەکانمانــەوە مەکــە. بەشــیی خۆمانمــان چێشــتووە. ئیمــکان نییــە تــۆ ئــەو بیــت، تەنیــا ناڵێــم ئەگــەر خێوەکــەی هاتبێتــەوە و بــە دەورمانــا بخولێتــەوە.

**تابی:**

مــن کوجــو تابیــم. دەزانــم ئــەوا ماوەیەکــی درێــژ رابــرودوە، بــەڵام

ئەمــە نــە ناومــی گۆڕیــوە و نــە ڕەچەڵەکیشــم، داپیــرە گیــان.

**پیرەژن:**

من گومانم لەو ناوە نییە کە دایك و باوکت لێیان ناویت.

زۆرنــاو پێکدەچــن. بــەڵام خاوەنەکانیــان جیــان. لــەم ماڵــەدا (کوجوتابی)مــان هەبــوو، بــەڵام جێــی هێڵایــن و هەرگیــز نەگەڕاوەتــەوە. نایشــگەڕێتەوە.

**تابی:**

بەڵام من ئەوەتام هاتوومەتەوە!

**پیرەژن:**

ئــەم ســەرلێدانە لــەوە بەرزتــرە مــن تــێ بگــەم، پێویســتە براکــەم بانــگ بکــەم.

**تابی:**

هاتنــەوەی مــن هیــچ (لوغزێکــی) تیــادا نییــە، چــۆن بتوانــم پێتــی بســەلمێنم کەمــن خێــوێ نیــم هاتبــم نیگەرانــت بکــەم!

**پیرەژن:**

من کێم؟

**تابی:**

تۆ؟

**پیرەژن:**

بەڵــێ مــن کێــم؟ لــە دارســتاندا میوەیــەك نییــە نەتوانــێ دەستنیشــانی ئــەو درەختانــە بــکات کــە گرتوویانــە. ئەگــەر تۆیــش هــی ئــەم ماڵــە بوویێــت، ســا مــن کــێ دەبــم؟

**تابی:**

ناتوانــم بڵێــم ببــوورە، مــن ســی ســاڵ زیاتــرە ئێــرەم جێهێشــتووە، ئەوســا مــن بچــووك بــووم، زۆر بچــووك، دەبــێ بتناســم، بــەڵام

ڕۆژگار زۆری گۆڕیویـت، بـە جـۆرێ کـە نەتناسـمەوە یەکشـت مـن لێـی دڵنیـام. دایکـم ئابـا تاکیویایـە. کـوا لـە کوێیـە؟

**پیرەژن:**

کوڕەکـەم مـرۆڤ لەبـەر بارانـا ناوەسـتێ بـۆ ئـەوەی عارەقـەی نێوچەوانـی بسـڕێتەوە. ئەگـەر تـۆ ئـەم پیاوەیـت کـە خـۆت دەیڵێـت ئـەوا ئارامـت ببـێ. هـەر ئێسـتێ هەمـوو شـتێ دەزانیـت کـە لەدەمـی پیاوانـەوە دەزانرێـت. (لەدەرگاکـەوە نزیـك دەبێتـەوە) چـۆن بتوانـم بانکـی ((یاوئانتـو) و (کوفـی ئانتـوی)ی بکـەم؟ (بانـگ دەکات) کـوڕە بچکۆلـە! بەڵـێ تـۆ وەرە (دەگەڕێتـەوە جێـی خـۆی) (مناڵکارێـك دێتـە ژوورە، تەمەنـی دوازدە سـاڵ دەبـێ) **مناڵەکـە:** داپیـرە ئـەوا هاتـم.

**پیرەژن:**

یاو ئانتو دەناسیت؟

**مناڵەکە:**

باپیرمە.

**پیرەژن:**

ئـای لـەم ڕێکەوتـە! بەتـەواوی مێشـکم پووچـەڵ بـۆوە. وابزانـم دایکـت تاکیـوا نیاکوایـە؟

**مناڵەکە:**

بەڵێ

**پیرەژن:**

تۆ ناوت چییە؟

**مناڵەکە:**

یوفی.

**پیرەژن:**

ممـم.. وا دەتنێـرم، بەراکـردن بچـۆرە لای یاوئانتـو، پێـی بڵـێ واز لـە هـەر شـتێك بێنـێ کـە خەریکیەتـی و بابێتـەوە ئێـرەوە.

**مناڵەکە:**

وا لەبن دارنیمەکەدا دەحەسێتەوە.

**پیرەژن:**

پێـی بڵـێ ئەگـەر پەلـە نـەکات ئـەوا کـە هـات لاشـەی بـێ گیانـی مـن دەبینێتـەوە، ئەنجـا لـە پاشـدان باپیـرەت کوفـی ئانتـوی، هەمـان پەیامـی بـدەرێ. ئەگـەر دایکیشـت لـە ماڵەوەیـە ئـەوا بەمیـش بڵێـت بابێـت. (مناڵەکـە دەچێتـە دەرەوە) وا هەسـت دەکـەم ئـەم ماڵـە خەریکـە دیسـان شـتێکی لێدەقەومـێ. هیـچ نەبـێ رەوانەکانـی ئـەم خێزانـە سـەردانێکم دەکەنـەوە. ئەوسـا تێدەگـەن گەسـکەکەیان کـە بـە هێـز و یەکگرتـوو بـوو توانـای راماڵینـی شـەڕو ئـاژاوەی هەبـوو ئستێ وا تـاڵ تـاڵ و پچڕپچـڕە. ئـەو ئاگردانـەی پاکوخاوێنـی دەبەخشـێ وا رووخـاوە چیـتر ئاگـری تێـدا ناسـووتێ (گۆرانییـەك دەچڕێـت). مم..مم..مـم. (کـوڕی مەزنـی هـۆزی- ئاسـۆنا- چـوو بـۆ راوە ماسـیی لـە رووبـاری –خـاوەن هێـزەکان-ی تیـژرەودا راوبـکا ممـم... ممم..ممـم. بەیانیـی لـە پێـش قووقـەی کەڵەشـێردا رۆیـی بـەلام کـوڕە مەزنەکـەی –ئاسـۆنا- نەگەڕایـەوە ممم..ممـم.. ممـم. بایەکـی بـۆ رووبارەکـە را و بۆمـی بهێنێتـەوە، یـان دەگونجـێ لەگـەڵ رووبارەکـدا بـۆ هەتایـێ رۆیشـتبێ؟ ممـم.... ممـمـم... ممـم..

(یـاو ئانتـو کوفـی ئانتـۆی دێنـە ژوورەوە. یەکەمیـان شەسـت و پێنـج و دووەمیـان حەفتـا سـاڵ دەبـێ ئانتـو بەسـەر گۆپاڵەکەیـەوە دەڕوا).

**ئانتو** (لە دەرگاوە):

ئـای پیـرەژن، تـۆ ئـەو رۆژەم بیردەخەیتـەوە کـە هەمـوو شـتێك تیـادا رووخـا. چ وای لێکردوویـت ئیمـڕۆ جیـا لـە هەمـوو رۆژێکـی تـر ئـەم سـەردوولکەیە بچڕیـت؟

**پیرەژن:**

لێمگـەڕێ، گۆرانـی بڵێـم، یـاو ئانتـو، لێمگـەڕێ گۆرانـی بڵێـم، هەتـا دەنگـم مـاوە لێمگـەڕێ بـا گۆرانـی بڵێـم: (جارێکـی تـر گۆرانـی دەڵـێ و ئەمجارەیـان یـان دوو پیاوەکـە وەك کـۆرس بـۆی دەگێڕنـەوە). ممـم... ممم...ممـم.

نـەوە مەزنەکـەی هـۆزی -ئاسـۆنا- چـوە بـۆ راوە ماسـی لـە رووبـاری -خـاوەن پیرۆزییـەکان-ی قووڵـدا راو بـکات.

**کۆرس:**

ممم.. ممم.. ممم.

لەپێـش خۆرکەوتنـا رۆیشـت بـەڵام کـوا ئـەوە مـەزن مەزنەکـەی هـۆزی ئاسـۆنا؟

**کۆرس:**

ممم.. ممم..

بـا یەکـێ خـۆی نقـوم کا ئەگـەر لەوێـدا راکشـابێت و لێـی بپرسـێت ئاخـۆ کـەی بـۆم دێتـەوە؟

**کۆرس:**

مم..ممم. ممم.

**پیرەژن:**

بەڵـێ پێویسـتە هەمـوو ئـەو رۆحـە شـەڕخوازانەی بـە دەوری ئـەم ماڵـەدا دەخولێنـەوە شـوێنێکی تـر بۆخۆیـان بدۆزنـەوە، چونکـە

خاوەنانــی ئــەم ماڵــە ئیمــڕۆ دەگەڕێنــەوە یاوئانتــو، کوفــی ئانتــوی ئــەم بێگانەیــە دەناســن؟

**ئانتو:**

بەرلــەوەی پرســیارمان ئاراســتە بکەیــت پێــمان بڵــێ بزانیــن ئێمــەت بــۆ بانــگ کــردووە (لــەدەرگا دەدرێــت).

**نیاکوا:**

ئەقوو!

**هەموویان:**

وەرە ژوورەوە (نیاکوا دێتە ژوورەوە، ئافرەتێکی چل ساڵەیە).

**پیرەژن:**

ئەمە ئاکوایە؟ کورسییەك بۆخۆت بێنە.

**نیاکوا:**

ئیمــڕۆ بــازاڕ ســەختە پارچــە ماســییەکی بچووکــی خراپــی هەنــدی ئەنگوســت بــە شــەش بیســیوازە.

**ئانتوی:**

جا مەیکڕە.

**نیاکوا:**

چــی دەڵێیــت مەیکــڕە؟ جابــێ ئــەو چــۆن شــۆربام بــۆ ئامــادە دەکــرێ؟ بــەڵام ســەبارەت بەتــۆو و خالــۆ؟

**پیرەژن:**

ئاکوانیــا کــوا، ئەگــەر بانگکردنێکــی تــۆم بــۆ ئێــرە پەیوەنــدی بــە شــۆرباکەتەوە بوایــە ئێســتا دووکەڵیشــت لــە چێشــتخانەکەمدا دەبینــی. هەرچەنــدە ئــەم ماڵــە چــۆڵ و وێرانیشــە.

**نیاکوا:**

مم... ببوورە، نەمدەزانی.

**پیرەژن:**

کامتان ئەم بیانییە دەناسن؟

**ئانتوی:**

مــن بەســاڵاچووم، بــەڵام وابزانــم پیربــوون لای هەنــدێ کــەس بــۆی هەیــە کاری عەجایــب ئەنجــام بــدات.
ئای لەم پرسیارە؟ چۆن بتوانین بێگانەیێ بناسین؟

**ئانتۆ:**

کوفــی، تــۆ تفــت لــە زارمــدا نەهێشــت. باشــە کاکــی بێگانــە، بەخێــر بێیــت.

**نیاکوا:**

بــێ درۆ ئەگــەر براکــەم نەمردایــە دەمــووت ئەمــە ئــەوە.. بێگومــان ئەمــە خێوەکەیشــی نییــە.

**پیرەژن:**

بەتــەواوی هــەروەك مــن بــۆی چــووم، لەگــەڵ ئەمەشــدا دەڵێــن گوایــە مــن تەنانــەت بــۆ پرســیار کردنیــش پیربــووم، ئێــوە ئەوانــەن کــە هەســت بــە شــتی خۆیــان ناکــەن. لێمگەڕێــن ئەمەتــان پێبڵێــم.

**ئانتو:**

هەست بە هەبوون؟

**ئانتو:**

بــاوەڕ ناکــەم تەنیــا بــۆ ئــەوە ئێمــەت بانــگ کردبێــت تاکــو ئــەو هەســتانەمان بــۆ دەستنیشــان بکەیــت کــە بیریــان بکەینــەوە.

**پیرەژن:**

نەخێـــر، بـــەڵام دەمـــەوێ بێگانەکـــە پێتـــان بڵـــێ خـــۆی بەکـــێ دەزانێـــت!

**ئانتوی:**

جـارێ لەمەیـان گـەڕێ کاکـی بێگانـە، کوڕەکـەم شووشـەی فـی.س ١٠ لەژێـر قەرەوێلەکەمایـە وابزانـم لێـرەدا پێویسـتمان پێیەتـی.

**نیاکوا:**

فی.سی ١٠ چییە (پیاوەکان پێدەکەنن).

**ئانتوی:**

فڕۆکەیەکـە، بەریتانییـەکان دروسـتیان کـردووە، دەڵێـن زۆر تیـژەڕەوە، ئەگـەر لەکاتـی فڕینیـدا تیایـدا دانیشـتین هەسـت ناکەیـت کـە دەفڕیـت، بـێ ئـەوەی هەسـتی پێبکەیـت، دەگەیتـە ئـەو شـوێنەی کـە بـۆی دەچێـت.

**نیاکوا:**

دەڵێی یەکێکیانی بینیوە!

**ئانتوی:**

ئـەی نەمدیـوە؟ بـۆ هـەر ئـەم بەیانییـە یەکێکانـت نەبینـی ئاسـمانی دەبـڕی؟ دەڵێـن فی-سـی ١٠ زۆر خێرایـە، بۆیـە ناوەکەیـان لـەم شـتەیش نـاوە، چـی سـەیری تیایـە؟

**پیرەژن:**

بەم شێوە ئامانجمان رووی کردۆتە ئەدبرین!!

**نیاکوا:**

جـا چاوەڕوانـی چـی دەکەیـت ئەگـەر پیـاوی ئـە ئـاوات لەلابـن نەتوانـن باسـی تەنانـەت مەسـلەیەکیش بکـەن بەرلـەوەی لـە

پێشـــدا قورگیـــان تـــەڕ بکەنـــەوە!

**ئانتو:**

کوفی بچۆ بیهێنە، ئێمەیش بەردەوام دەبین.

**ئانتوی:**

ئەوا دەچم و دەگەڕێمەوە (دەچێتە دەر).

**ئانتو:**

ئــەی بێگانــە گەورەکانمــان دەڵێــن بــەر لەهاتنــی پیــاوە ســپییەکە و ئێمــە خوامــان پەرســتووە. دەمــت بکــەرەوە.

**تابی:**

ســەرەتا ســەختە بــەڵام بــە قســەت دەکــەم، مــن بێگانــە نیــم، مــن لێــرە لــەم ماڵــەدا هاتوومەتــە دونیــاوە، لــەو ڕۆژانــەدا ژیــان شــتێکی دەهێنــا چونکــە ئــەم خانــووە پــڕی بــوو لــە خەڵــك، دایــك و خوشــکەکانم بــە کامەرانــی لێــرەدا ژیــاون، وەك خێزانێکــی پــڕ لــە زیندەگیــی، دێتــەوە یــادم مــن و براکانــم لــە ژوورەکــەدا دەخەوێتیــن. ســی ســاڵ لەمەوبــەر کۆچــم کــرد، ئەمەیــش شــتێکی خــۆش نەبــوو، بــەڵام بــەدوای جــۆرە ژیانێکــی تــازەدا کۆچــم کــرد. زۆریشــم بەدەســت ئــەم ژیانــە نوێیــەوە ناڵانــدووە، ڕووبارێــك بــوو مەلەوانێکــی کارامــەی پێدەویســت، تەوژمەکانــی خوڕتیــژ بــوون، بــەڵام مــن توانیــم ســەری خــۆم بەســەر تەوژمەکانــەوە بهێڵمــەوە تاوەکــو شــتێکی چەســپیو بەردەوامــم بــۆ ڕەخســا، دارخەیزەرانیــش لەوانەیــە قەدەکــەی بدۆڕێنــێ، بــەڵام ڕەگەکانــی نــا، مــن ماڵێکــم بووبــوو دەبــوا بــۆی بگەڕێمــەوە، جــا ئەمەتــام وا هاتوومەتــەوە.

**ئانتو:**

ئەمە ئەوپەڕی هۆشمەندیتە.

**پیرەژن:**

ناوی خۆتیان پێ بڵێ (ئانتۆی دیتەوە).

**ئانتۆی:**

راوەستن، هیوادارم زۆرم لەکیس نەچووبێت.

**ئانتو:**

وا ئێستێ دەستی پێکردووە، بەڵام من هەست بە ناسنامەکەی دەکەم، فەرموو گوێمان لێت راگرتووە.

**تابی:**

من ناوم کوجوتابییە.

**نیاکوا:**

چی؟ دەبێ باشم گوێ لێبووبێ؟ توخووا تۆ کوجوتابی برامی؟
تۆ ئەوێت؟ ئۆف دایە! تۆ لە کوێیت تا دەنگی کوڕە لەبیرچووەکەت ببیستی؟ کوجو! بەڕاست ئەمە تۆیت؟

**ئانتو:**

ئەگەر دە ساڵ بەر لە ئێستاوە ئەمەم پێ بوترایە، دەمتوانی بڕوای پێ بکەم.

**پیرەژن:** (دێتەوە یادی)

هۆ لەوێ راوەستابوو- کوجوتابی- لای دەروازەکەوە، بەدایکی دەگوت کە هەرگیز ناگەڕێتەوە تاوەکو رێزی گشت هاونیشتمانیانی بۆخۆی مسۆگەر نەکات، ئەو ناگەڕێتەوە و ئێمەیش هەرگیز نایزانین لەکوێ دەبێت.
ئابا تاکیوای دایکی گریا و باوەشی پیادا کرد، ئێمەیش هەموومان لێی دەپاڕاینەوە، بەڵام هەرزەکار پانزە ساڵێکە توانی تف بکاتە فرمێسکەکانمەوە جێمان بهێڵێ، لەو دەرگایەوە چووە دەرەوە،

کوجوتابی بەرەو نەزانراو رۆیشت، بەتەنیا پانزەساڵی تەمەنەوە. لەو ساتەیەشەوە هیچ شتێکمان لێوەی نەبیستوە، جگە لە هەواڵی مردنەکەیەوە (بێدەنگی) ئەگەر تۆ ئەویت، ئەمانەت لەبیرە؟

**تابی:**

وردو درشتیم لەبیرە.

**پیرەژن:**

جا ئەوە باش بوو تۆ کردت؟

**ئانتوی:**

ئەی پیرەژن شیرینی هەنگوینەکەیە سەری سپی بەرەو مێش هەنگ رەوکێشی دەکات، من ئێستا هەچ شتێی لەم ماڵە و لەم خێزانەدا نابینم ئەوە بهێنێ بێگانەیەك راکێشێت، بێگومان کوڕەکەی خۆمانە، جا ئەگەر هاتبێتەوە ئایا دەبێ داوای لێبکەین بڕواتەوە؟ ئاخۆ رەوایە لەسەر هەڵەیەکی رابوردووەوە سەرزەنشتی بکەین؟ پێویستە بەخێرهاتنەوەی بکەین ئەنجا ئەگەر لەبارەی گەشتەکەیەوە پرسیاریشی لێ بکەین رەوایە، دەبا هەڵسین بەخێرهاتنەوەی لێ بکەین. (هەڵدەستن و تەوقەی لەگەڵدا دەکەن).

**تابی:**

ئەی کوا دایکم؟

**نیاکوا:**

برالە سەیری دەوروبەری خۆت بکە و بزانە شوێنی ئێستەی کامەتا؟

**تابی:**

مەبەستت ئەمەیە دایکم.. دایکم.

**پیرەژن:**

خوشکی من، دایکت پێش چەند ساڵێ مرد.

**نیاکوا:**

ئـــۆف دایکـــم، دایـــە تـــۆ لـــە کوێیـــت (دەس دەکاتـــە گوتنـــی ســـەردوولکەیەك) دایـــە، تووخـــوا دایـــە تـــۆ لـــە کوێیـــت؟
با یەکێك نامەیەکی بۆ بنێرێت... ممم..ممم..ممم...
پەیامی، پەیامێ بۆ ئاباتاکیوا، ئۆەەەەە
کە رۆڵەکانی هەروا زیندوون.. ئاخ.. ئاخ..ئاخ
کە رۆڵەکانی لە یادیان نەکردووە.
کە ئێمەی بە گومراهی جێهێشت.. ممم.. ممم..ممم..
دەبـــا یەکێـــك پەیامـــی بـــۆ ئاباتاکیـــوا رەوانـــە بـــکات کـــە ئەمیـــش ســـڵاو بـــۆ ئێمـــە بنێرتێـــەوە (دەگـــری).

**ئانتو:**

کوفـی پێکێکـم بـۆ تێکـە (پیـاوەکان دەخۆنـەوە) بـۆ پیـاو نەهاتـووە فرمێســـك بڕێژێـــت، تەنیـــا ســـوورهەڵگەڕانی چاوەکانمـــان بەســـە، کەفـی ئـا پێکێکـی تـرم بـۆ تێکـە (دیسـان دەخۆنـەوە).

**ئانتوی:**

ئـــەی کوجوتابیـــن ئێمـــە بەخێرهاتنـــت لێدەکەیـــن، بـــەڵام تـــۆ زۆر درەنـــگ هاتیتـــەوە، ئاباتاکیـــوای خوشـــکم لەســـەرەمەرگدا تاکـــە ئاواتـــی ئـــەوە بـــوو بزانـــێ تـــۆ چیـــت بەســـەرهاتووە، چونکـــە ئێمـــە هەموومـــان باوەڕمـــان بـــە مردنـــی تـــۆ کردبـــوو، (بێدەنگـــی) ئەوەیـــش بـــێ هۆنەبـــوو، دەنـــگ وابـــوو کـــە تـــۆ خـــوارزام، لـــە رووداوێکـــی

لۆریــی بارکێشــدا مردوویــت، جــا چــۆن گومــان لــەوە بکەیــن؟ نەماندەزانــی تــۆ لــە کوێیــت، هیــچ نامەیەکــت بــۆ نەناردیــن، چیــمان بکردایــە! ئەنجــا تازییەکــمان بــۆ دانایــە، شــیاوی رۆڵەکانــی ئێمەبــێ، ئەوەیــش لــە پێشــی پێنــج ســاڵ یــا زیاتریــش بــوو، ئەگــەر درۆ نەبــێ.

**ئانتو:**

نەخێر درۆ نییە.

**ئانتوی:**

ئێســتێ ســەیری دەموچــاوی ئــەم و قــژی مــن بکــە. ســەیری قــژی خاڵــت (یاوئانتــو) بکــە، تەماشــایەکی یــاوا کونــادوی پــوورت بکــە، ئــەو ژن و پیــاوە بەهێزانــەی نەماویــن کــە جێــت هێشــتین، خوشــکەکانت لەگــەڵ مێردەکانیانــا ئــەم شــارەیان جێهێــڵاوە و لــە شــوێنی تــردا بــە دوای بەختــی خۆیانــەوە وێڵــن، تەنیــا لــە رۆژانــی جەژنــدا دێنــەوە.
ئێمــە بەتەنیایــی جێماویــن و ناتوانیــن لــە کشــتوکاڵدا ئیــش بکەیــن و هیــچ کارێکــمان لەدەســت نایــەت، ئەمــە خانوومانــە بــەڵام کــوان دانیشــتووەکانی؟ هەندێکیــان رۆیشــتوون و ئەوانــی کەیــش وا خەریکــی رۆیشــتنن، هــەر چاوەڕوانــی ئــەوەن کــە بــڕۆن، ئەمــە نەگبەتییــە!

**ئانتو:**

ئــەم چیرۆکــەت بیســتووە کــە دەڵــێ ئەگــەر رۆیشــتیت نیشــتمانی خــۆت لەبیرمەکــە؟ مــن پێتــی دەڵێــم ئــەو ئافــرەت بــوو.

**نیاکوا:**

هەرگیز پیاو نییە.

**ئانتو:**

ئەمەیــان ئافــرەت بــوو، نــاوی (ئابینــا) بــوو، دایکوباوکــی جێهێــڵا تاکــو بــە شــووکردنە بەختەوەرەکەیــەوە لــە عەردێکــی دووردا بەخۆشــیی بــژی، چەندەهــا ســاڵ تێپەڕیــن و تەنانــەت جارێکیــش بەبیریــدا نەهــات یــادی دایکوباوکــی بکاتــەوە، ڕۆژێکیــان باڵدارێکــی زێــڕ بەســەربانەکەیانەوە نیشــتەوەو ئاوازێکــی ســەیری خوێنــد، ئابینــا تێنەگەیشــت. ئەنجــا باڵندەکــە جارێکیــتر و دووجــاری تــر و چەنــدان جــاری دیکــەش هاتــەوە هەتاکــو ســەری ئابینــای ســوڕماند، ئابینــاو مێردەکــەی چوونــە لای پیاوێکــی دانــا و داوای ئامۆژگارییــان لێــی کــرد.

**ئانتوی:**

ڕاستە ئەوەیان کرد.

**ئانتو:**

پیــاوە داناکەیــش لەگەڵیانــدا هاتــە ماڵەکەیانــەوە تــا خــۆی گۆیــی لــێ ببــێ، جارێکــی تریــش باڵندەکــە هاتــەوە بــۆ خوێنــدن و لەهەمــان پنتــی ســەربانەکەوە هەڵنیشــتەوە، کــە لەخوێنــدن بــووە پیــاوە داناکــە وتــی: ئــەی ئەبینــا ئــەوەی ســەردانی کردیــت باڵندەیەکــی ئاســایی نییــە، ئــەم پیامێکــی بــۆت هێنــاوە و دەڵــێ: بــاوك و دایکــت لــە دەمێکــەوە مــردوون، تەپڵــی شــیوەن لێــدراون و کۆتاییــان پێهاتــووە، هەروەهــا خانووکەیشــت هەرەســی هێنــاوە، گیاوگــۆڵ داپۆشــیوە جــا دەبــێ تــۆ بگەڕێیتــەوە، ئابینــا ملــی بــۆ ڕاســتیی ڕووداو کــەچ کــرد- پێویســت نــاکات بیڵێــم- کوجوتابــی ڕاســتیی ئــەم چیرۆکــە مەبەســتی گرنــگ نییــە- هەرگیــز بیرمــان لــەوە نەکردۆتــەوە تــا چ ڕادەیــەك ڕاســتییەکی گشــتیی تیادایــە.

**تابی:**

ئەگەر ڕێ هەبێ دەمەوێ فرمێسکێك بۆ دایکم بڕێژم (سەری دادەنوێنێ و هەندێ دەگریی لە پاشانا چاوهەڵدەبڕێ و لەبۆشاییەوە ڕادەمێنێ..) ئەو هەموو سامانەی پەیدام کردووە لەپێناو تۆوە بوو، دایەگیان من بەرامبەر تۆوە خەتابارم. جا بۆ نەمایت، دایە تاوەکو کەمێ تەنیا کەمێ لەو خواردنە تامکەیت کە بۆتم هێناوە؟ (دیسانەوە دەکڕوزێتەوە، بە درێژایی ئەم ماوەیەشدا نیاکوا بە بێدەنگی فرمێسك دەبارێنێ).

**ئانتو:**

کوجو، هەقی خۆتە ئەسرین بڕێژیت، بەڵام کەمێك بەسە.

**پیرەژن:**

کوجو، ئەوە هەر بۆ ئەوە هاتوویت من بنێژیت؟

**ئانتوی:**

ئای چۆن پرسیارێکە؟

**پیرەژن:**

لێمگەڕێ بپرسم، ئەدی کوڕی من نییە؟

**تابی:**

چۆن بتوانم وەرام بدەمەوە؟

**پیرەژن:**

بڵێ وایە ئەوسا بەختیارتر دەبم، چونکە دەزانم ئەو حەلە لەکاتی ناشتنمدا ئاهەنگێکی شیاوم بۆ ساز دەدرێت و چیتر لەم هۆدە بچکۆلەیەمدا هەڵناوەرم کە دەترسم ڕۆژێ لە ڕۆژان ببێتە دارمەیتم. چیت لایە بۆمانی باس بکەیت؟ یان خوانەخواستە بۆ ئەوە نەهاتووی کە بمێنێتەوە؟

**تابی:**

بۆیــە هاتــووم کــە بمێنمــەوە.. راســتە دایکــم مــردووە بــەڵام هەمــوو شــتێ لــە دەســت نەچــوە، ئێــرە نیشــتمانیی راســتەقینەی منــە کــە دەبــێ تــا ژیانــم مابــێ تیایــدا بەســەری بــەرم، ماڵــی ئێمــە هێشــتا وێــران نەبــووە، تــۆ بــە تەمەنــا چوویــت بــەڵام خــۆ نەمردوویــت. تۆ هێندەت هێز تیادا ماوە کە چەندەهاساڵی دیکەش بژیت.

**پیرەژن:**

سوپاسی دەمە شیرینەکەت دەکم بۆ ئەم وشانە!

**ئانتوی:**

ئێــی پیــرەژن، وا دیــارە ناتەوێــت ئێســتا بمریــت؟ هــەر دوێنــێ بــوو نەفرینــت لــە کــردگارت دەکــرد چونکــە ئــەم ژینــە تاڵەتــی درێــژ کردووەتــەوە.

**پیرەژن:**

کەواتــە تــۆ بۆیــە دڵخــۆش بوویــت! تــۆ وا تێدەگەیــت مــن بەراســتی مەبەســتم ئــەوە بــوو! بــاش بزانــە، مــن مەبەســتم ئــەوە نەبــوو دەبــا پێتــی بڵێــم مــن تــازە نامــرم.

**تابی:**

نەخێــر، تــۆ نامریــت مــن گەڕاومەتــەوە و بەدەســتی بەتاڵیــش نــا، مادامەکــی بەهێــز و دڵنیــام ئــەوە بێگومــان گیــان وەبــەر ئــەم ماڵــەدا دەهێنمــەوە..

**نیاکوا:**

لــە دوای تاریکاییەکــی درێــژەوە دووبــارە پڕشــنگی خۆرێکــی نــوێ لــە ئاســۆدا بــەدی دەکــەم.

**ئانتو:**

زۆر باشــە، ئابرِیــوا، پێویســتە بەرلــەوەی دونیــا تاریــك دابــێ ســڵاو بــۆ خاڵەکانــی تریــش بەریــت.

**پیرەژن:**

بۆم هەیە، برِۆم؟

**نیاکوا:**

بــەڵام ئەمەیــان پێویســتە، ئــەو مــاوە دووردرێــژە خــۆت لــەو تاریکییــەدا حەپــس کردبــوو، جــا دەبــێ هەمــوو خەڵــك بزانــن کــە تــۆ هــەر زیندوویــت.

**پیرەژن:**

زۆر چاکە، لە راستیدا مەبەستم ئەوە نەبوو.

**ئانتوی:**

ئەی باشە ئەم نابێ جارێ شتێك بخوات!

**ئانتو:**

بەڵــێ پێویســتە بخــوات، نیاکــوا، دەبــێ خواردنێکــی باشــیی بــۆ ئامــادە بکەیــت، وەك ئــەوە نــا کــە دەرخــواردی مێردەکــەی ئــەو دواییــەی خۆتــت دەدا.

**تابی:**

کێ مێردتە؟

**نیاکوا:**

بەجێی هێشتووین (پیاوەکان پێدەکەنن).

**تابی:**

رۆیشت؟ لەبەرچی؟

**نیاکوا:**

ئـــاخ ئـــەوەی پەیوەنـــدی بەمنـــەوە هەیـــە دوایـــی بۆتانـــی بـــاس دەکـــەم، بـــەڵام جـــارێ مـــن شـــوێنەکەی پـــێ نیشـــاندەدەم، بـــرام دەزانـــم تـــۆ ئێســـتا برســـیت نییـــە، لـــە پێشـــتدا شـــتە گرنگـــەکان کـــە بیســـتمان تـــۆ هاتوویتـــەوە هەموویـــان هاتـــن بـــۆ ئـــەوەی بگریـــن و قـــەردی خۆیـــان لـــە خۆشـــاوی گوێـــزی هینـــدی وەربگرنـــەوە.

**پیرەژن:**

داردەســتکەم بــدەرێ، وا بەســەر دیــواری لای ژووروودا هەڵپەسێردراوە، (نیاکــوا جانتاکــە دەباتــە ژوورەوەو داردەســەکە دەهێنــێ).

**ئانتو:**

لە پێشدا ببیە بۆ لای مامە (کیوکو دورو)ی وا لە ماڵی خۆیەتی.

**نیاکوا:**

وامزانی هەمووومان دەچین.

**ئانتو:**

چۆن؟ ئەمە پەیوەندیی بە ئافرەتانەوە هەیە.

**نیاکوا:**

ممم! مامە! تۆ دڵسۆزیت س -١٠.

**ئانتو:**

بــڕۆ.. بــڕۆ.. بــە تەنیــا جێــمان بێڵــە. (پیــرەژن و نیاکــوا و تابــی دەچنــە دەرەوە. ئانتــو و ئانتــوی لەگــەڵ پاشــماوەی خواردنەوەکــەدا دەمێننـــەوە).

**ئانتوی:**

کوفی ئەم هاتنەوە کتوپڕەی خوارزاکەمان تۆ چۆنی تێدەگەیت؟

**ئانتوی:**

هەچ دوو کەڵێکت بەبێ ئاگر دیوە؟

**ئانتو:**

ئەمە تەواوە.. کەوابوو هۆی سووتانەکە بەچی تێدەگەیت؟

**ئانتوی:**

چۆن بیزانم؟ خۆ لە چێشتخانەکەیدا نەبووم!

**ئانتو:**

ئەگـەر بەراسـتی دەسـتکورت و لێقەوماوبـی ئـەوە بنیـادەم دەکـرێ لەهۆیەکـەی تێبـگات، بـەڵام ئـەو دەڵـێ ئێسـتا خـاوەن سـامانە، جـا هیـچ نەبـێ ئێسـتا خـۆی دەناسـێ، باشـە دەبـێ چ شـتێ هانـی هاتنـەوەی دابـێ؟

**ئانتوی:**

دەبـوا لێـمان پرسـیبایە ئاخـۆ لـەو شـوێنەی تیایـدا جێگیـر بـوو بـوو ژن و منداڵـی نەبـوون؟

**ئانتو:**

ئەوکاتـەی رۆیشـت رێکـو بەرچـاو بـوو ئێسـتەیش هەرووایـە، جـا چ ژنـێ هەیـە شـوو بـە پیاوێکـی وەك ئـەم نـەکات؟

**ئانتوی:**

دەزانێ هەڵەی تۆ بوو لێت نەپرسی چ ئیشێکی کردووە؟

**ئانتوی:**

دەزانێ هەڵەی تۆ بوو لێیت نەپرسیی چ ئیشێکی کردووە؟

**ئانتو:**

هەڵـەی مـن؟ ئـەی ئـەو خوشـکەزای تۆیـش نییـە؟ ئـەو دەڵـێ بـۆ ئـەوە هاتۆتـەوە بمێنێتـەوە، دەبـا لـە خـوا داوا بکەیـن هیچـی

بـەدواوە نەبێـت، بابایەکـی دەوڵەمەنـد ئیشـی خـۆی جـێ بهێڵـێ بـۆ ئـەوەی لەنێـو خـزم و خۆیشـی هـەژاردا بمێنێتـەوە کـە سـێ ساڵێکە جێـی هێشـتوون!

**ئانتوی:**

هـەچ کاتـێ هـەورەکان رەوینـەوە و رەنگـی ئاسـمانیان بـۆ دەردەکـەوێ.

**ئانتو:**

ئاخ... کار لەکار ترازاوە.

**ئانتوی:**

چیترت دەوێ؟

**ئانتو:**

نەخێـر، سـینەم، هەرکاتێـك زۆر دەخۆمـەوە سـینگم ئـازارم دەدات، دوێنـێ چوومـە لای پزیشـکێك، گووتـی دەبـێ واز لـە خواردنـەوە بێنـم.

**ئانتوی:**

واز لە خواردنەوە بینیت؟ جا ئەو چ کارێکی بەمەدا هەیە؟

**ئانتو:**

بیـر لەمـە بکـەرەوە! هیـچ بایەخـێ بـۆ نەریـت نییـە، بـەڵام ناچـارم دەبـێ دان بـەوەدا بنێـم کـە نـاوە هەنـدێ دەنـگ لـە سـینەمەوە دەبیسـتم.

**ئانتوی:**

مـرۆڤ واز لـە خواردنـەوەی ئـاو ناهێنـێ ئەگـەر مناڵەکەیشـی لـە زێیەکـدا خنکابـێ، جـا هـەر دەخۆینـەوە.

**ئانتو:**

ئۆکوکسیوکو

**ئانتوی:**

ئادەمیزاد شتێکی سەرسوڕهێنەرە. (دەچنە دەرەوە).

## دیمەنی دووەم

(هەمـان دیمەنـی پێشـووە، تەنیـا جیاوازیـی ئەوەیـەماڵەکـە جارێکـی تـر گـۆڕی تێکەوتۆتـەوە، کات دوای نیـوە شـەوە. تابـی لەسـەر پیپیلەکانەیـەکا دانیشـتووە، لای دەرگاکـەوە سـێبەری خـۆی لەسـەر رووناکیـی ژوورەکەیـدا بەرچـاوە، نیاکـوا لـە ژووری خۆیـەوە دەردەکـەوێ دەچێتـە لای کووپـەی ئاوەکـەوە، ئـاو دەخواتـەوە و کـە تابـی دەبینـێ، دەگەڕێتـەوە).

**نیاکوا:**

برام؟

**تابی:**

بەڵێ

**نیاکوا:**

ئەوە چیتە؟

**تابی:**

هیچ نییە، خەوم لێناکەوێ.

**نیاکوا:**

ئەگەر ئاوا لەم خوازەدا دانیشتیت سەرمات دەبێ.

**تابی:**

دەزانـم بـەڵام وای بەچـاك دەزانـم لێـرەدا بمێنمـەوە، چونکـە هەرسـاتێ چـاوم بنوقێنـم چەنـد دەنگێکـی نامـۆ دەبیسـتم لـە ژوورەکەمـەوە یەکێـك لـەوێ بـوو.

**نیاکوا:**

خـۆت وات دێتـە خەیـاڵ، دەنـا لەوەتـەی تـۆ هاتیتـەوە ژوورەکان بەقوربانیـدان پـاك کرانـەوە، تـۆ ئەمـە دەزانیـت بـەڵام ناڵێیـت کـە..

**تابی:**

مـن پێشـنیازی هیـچ ناکـەم، خۆزگـە ئەمـە وابـێ، تەنیـا خەیاڵـی خـۆم بووبـێ وەك تـۆ دەڵێیـت! بـەڵام ئێـی نیاكـوا.. مـن وای تێناگـەم، تـا ئێسـتا ئـازار و ئەشـکەنجەی چەنـدان شـەوانی بـێ خەویـم چێژتـووە، هەنـدێ جـار وا هەسـت دەکـەم وەك یەکێـك بەسـەرمەوە دانیشـتبێ و منیـش ناچـارم بەپەلـە پـرۆزێ خـۆم لـە قەرەوێڵەکـەوە دەربازکـەم.

**نیاکوا:**

ئەوە تووشی زۆران کەسانی تریش دێت.

**تابی:**

خـۆم دەزانـم باسـی چـی دەکـەم، دەزانـم تـا ئێسـتاش هـەر بەدوامـەوەن.

**نیاکوا:**

مەبەستت چییە؟

**نیاکوا:**

چۆن دەتوانم؟ ئەوانە کێن کە هەروان بەدواتەوە؟

**تابی** (بێدەنگی):

دەتوانیت نهێنییەك بپارێزیت؟

**نیاکوا:**

بێگومان برام، دەتوانم نهێنی تۆ بپارێزم.

**تابی:**

چراکـە لـە ژوورەکەمـدا بێنـە، (دەیهێنـێ) دانیشـە، ئێسـتێ شـتێکت لا جـێ دێڵـم زۆر لەمێژەوەیـە مێشـکم پێـوەی داخ بـووە (گوێیـان لـە پیـرەژن دەبـێ دەکۆکـێ).

**نیاکوا:**

راوەستە ئەوە پیرەژنە، ئێستێ دێتە دەرەوە، ئەوە پیشەی هەمیشەیەتی، هەرکاتێك بەشەو بچووکترین دەنگ لەماڵەوە ببسێتێت.

**دەنگی پیرەژن:**

ئەوانە کێن؟ ئاکیوا!

**نیاکوا:**

ئەوە منم!

**پیرەژن:**

ئەوا لەم ناوەختیەدا چی دەکەیت؟

**نیاکوا:**

هیچ بچۆرەوە ناو جێت.

**پیرەژن:**

ممم... دەرگاکەت لەبیر نەچێت دایخەیت.

**نیاکوا:**

بەڵێ.

**تابی:**

بەمەت بڕوا کرد؟

**نیاکوا:**

پێم بڕوا کرد؟

**تابی:**

مەبەستم ئەوەیە بیرت لێکردۆتەوە؟

**نیاکوا:**

نەخێر، من دڵنیام گشتیان بڕوایان پێی کردووە، نەماندەزانی

ئـەو هەمـوو سـاڵانە تـۆ لـە کـوێ بوویـت، لـە چیرۆکەکەیشـتدا هیـچ شـتێکی هەڵبەسـتراو نەبـوو وامـان لێبـکات بیـر لـەوە بکەینـەوە کـە هیچـت دزیـی بێـت، چونکـە تەنانـەت قوماریـش پـارەی تیایـە.

**تابی:**

بەڵـێ تـۆ راسـت دەکەیـت، پارەکـەم نەدزیـوە، بـەڵام قومـارم بـە ژیانـی ئادەمیـزادەوە کـردووەو بردوومەتـەوە.

**نیاکوا:**

چیی؟

**تابی:**

بـڕوام نەدەکـرد ئـەوە رووبـدات کەچـی روویـدا جـا رێکـەوت بـوو یـا نـە، هەرچۆنـێ بـوو، روویـدا. جـا دەبـوو لـە چنـگ ئـازاردا رابکـەم.

**نیاکوا:**

ئەوا دەلەرزیت؟

**تابی:**

بەڵـێ ئەنجامـی بیرلێکردنەوەیەتـی، ئـەم وام لێـدەکات هەسـت بـە ... هەڵچـوون بکـەم.. بەتایبەتـی کـە بیـرم دەکەوێتـەوە شـتەکە چـۆن روویـدا.

**نیاکوا:**

بـا نەختـێ خواردنـەوەت بـۆ بێنـم، هێـورت دەکاتـەوە (قاپـێ شـەرابی فـی-س-١٠ لـە ژوورەکـەی تابییـەوە دەهێنـێ) فەرمـوو، شـتێ بخـۆرەوە.

**تابی:** (نیوکووپ تێدەکات و لەشەرابەکەوە رادەمێنێ، لە پاشانا دەیخواتەوە)

سوپاس، خوشکی خۆم، (بێدەنگی) سوپاس بۆ تۆ، بەراستی پێویستیم پێی بوو.

**نیاکوا:**

ئەی ئێستا چۆن هەست دەکەیت؟

**تابی:**

زۆر باشم.

**نیاکوا:**

باشە؟

**تابی:**

چاوەڕوانکە، لێی گەڕێ با بچێتە خوارەوە (بێدەنگی) وەك دەبینیت ژنم هێنابوو، دوو منداڵیشم هەبوون، دوو کچ بوون، بەڵام ژیان دژوار بوو، زۆریش دژوار بوو، رۆژێکیان تووشی برادەرێکم هاتم لە شەمەندەفەردا، ماوەیەك بوو دەمناسی، هەرجارێك یەکتریمان بدیایە بەیەکەوە دەچووین دەمانخواردەوە و باسی تەنگوچەڵەمەکانی خۆمانمان دەکرد. چەند ساڵێك بوو کاسبیم دەکرد، بەڵام هیچ دەسکەوتێکم نەبوو، لە راستیدا جاری وا هەبوو وام هەست دەکرد دەنێردرێمە بەندیخانەوە، قەرزاری هەموو سووخۆرەکانی ئەبیسای بووم، جا لە شەمەندەفەرەکەدا یەکتریمان بینی و دەستمان کرد بە باسی سەرکەوتن لە ژیاندا و شتی تریش. زیاتریش باسی نەبوونی خۆمم بۆی کرد، لەگەڵ پەرێشانیی باری ماڵەوەمدا کە لەکاتی مردندا بۆی دەگەڕێمەوە، جا تۆ ئەو جۆرە شتە بێ مانایانە دەزانیت، ئەویش رووبەڕووی سەرەنجامێ بووبوو جا لێرەوە

هەمــوو شــتێك دەســتی پێکــرد، ئــەو گووتــی کــە دەیزانــی (مــالام) دەیتوانــی یارمەتیــمان بــدات.

**نیاکوا:**

تاوەکو زەنگین بین؟

**تابی:**

بەڵــێ، زۆرم بایــەخ پێــی نــەدا، بــەڵام ئــەو زۆری لێکــردم کــە چاومــان بــەو پیــاوە بکــەوێ، رۆژی دواتــر یەکشــەممە بــوو، شــەمەندەفەر ئیشــی تیــادا ناکــەن، چوویــن بــۆ لای ئــەو (مــالام)ەوە.

(گەڕانەوەیـــەك بـــۆ رابـــوردوو: تیشـــکۆیەکی رووناکیـــی مـــالام دەردەخـــا لەناوەڕاســتی شــانۆدا دانیشــتووە بــە پەرۆشــەوە تەماشــای جامێــك دەکا کــە بــە شــتێکی ســپی داپــۆشراوە، چەنــد دنکــە چەوێــك فــڕێ دەداتــە ســەر زەوی و لەتــەك هــەر چــەو فڕێدانێکــدا ســەری بــۆ دەلەقێنــێ، لــە دەرگا دەدرێــت، بــۆ ســـەرەوە هەڵدەڕوانێـــت..)

**مالام:**

چاوەڕوانکە! تۆ کێیت؟

**پیاوەکە:**

هاوڕێت- کرامو.

**مالام:**

چاوەڕوانکــە (جامەکــە بــەلاوە دەنــێ و چــەوەکان دەشــارێتەوە) فەرمــوو.

(پیاوەکــە و تابــی دێنــە ژوورەوە) ئــاە، ئەمــە تۆیــت! ئــەم پیــاوە ناناســم، بــەڵام جارێکیــان لەشــەمەندەفەردا دیومــە، لەســەفەر بــووم، بــۆ کۆکردنــەوەی هەنــدێ... باشــە شــتێك.. لــە هەڤاڵێکمــەوە لــە (تاکــو وازی).

**پیاوەکە:**

هاوڕێمە.

**مالام:**

هەمـوو کەسـێ شـێوەی شـت فرۆشـتنەکەتیان بـەدڵ بـوو. وتەکانـی راسـتەوخۆ جـوان بـوون.

**تابی:**

لەگەڵ ئەمەشەوە هیچ ئەنجامێکی نەبوو.

**مالام:**

باشـە بەخێـر بێیـت، ئـەی دانانیشـیت؟ زۆران کـەس کـە دێـن بـۆ لای مـن حـەز ناکـەن دابنیشـن.

**پیاوەکە:**

ئەوە بە هۆی ئەو رێزلێنانەوەیە کە بۆ (مالام) هەیانە.

**مالام:**

نـە، لـە ترسـانە، لەگـەڵ ئەوەشـدا مـن مرۆڤـم، مـن ژینـێ لەنـاو نابـەم لـە پێنـاوی دەسـکەوتێکی تایبەتیمـدا، مـن یارمەتـی خەڵکـی تـر دەدەم، لەگـەڵ ئەمەشـەوە هەمـووان هـەر لێـم دەترسـن، چاکیـان دەناسـم. کـەس ئێـوەی نـەدی کـە هاتنـە ئێـرەوە؟

**هەردووکیان:**

نەخێر.

**مالام:**

ئەمـە بـەلای منـەوە گرنـگ نییـە، بـەڵام زۆر کـەس هـەن نایانـەوێ کـە دێنـە ئێـرەوە کـەس بیانبینـێ، باشـە چیتـان دەوێـت؟

**پیاوەکە:**

جـا کـەی تـۆ پێویسـتیت بـە پرسـیارکردنە! یارمەتـی تۆمـان دەوێ

بێگومــان.

**مالام:**

لە کاروباری داراییەوە وەك تێی بگەم؟

**پیاوەکە:**

بەڵێ.

**مالام:**

هەردووکتان؟

**تابی:**

ئاه.. بەڵێ.

**مالام:**

ممم.. هەردوانتان ئامادەن؟

**تابی:**

پارەت بدەینەوە؟

**مالام** (پێدەکەنێ):

نەخێــر ئــەی لاو، بــەڵام ئینســان دەبــێ نرخــی هــەچ شــتێك بــدات کــە دەســتی دەکــەوێ، وا نییــە؟ هەنــدێ جــار پــارە بەکاردێنێــت بــۆ کڕینــی شــتوومەك، هەرچەنــد خۆیشــی فرۆشــیار بێــت، جــاری وایــش هەیــە نرخەکــە بــە پــارە نادرێتــەوە، لــەو حاڵەتــەدا پــارە نییــە کــە فرۆشــیار پێویســتیەتی بەڵکــو لــە پــارە زیاتــرە. لــەم حاڵەتــەدا نرخەکــە بــە خوێــن دەدرێــت. خوێنــی ئادەمیــزاد- بەشــێوەیەك لەشــێوەکان، بــەڵام چەنــد ڕێگایــەك لەبەردەمایــە، یــان ئەوەتــا ئازیزێکــی خــۆت بهێنــی، ژنەکــەت، مناڵەکــەت، دایکــت و لــەم بابەتانــەوە، بــەڵام ئــەو کەســە دەبــێ لات خۆشەویســت بــێ، بۆشــت هەیــە پیاوەتیــی خــۆت بەکاربێنیــت و یاخــود بەشــێکی

گرنـگ لـە لەشـی خۆتـەوە، هەمـوو شـتێ بـەو چەنـدەوە بەنـدە کـە داوای دەکەیـت، بـەڵام بـا ئـاگادارت بکەمـەوە، ئـارەزووی خۆتـە، ئەگـەر ناتەوێـت ئـەوا دەتوانیـت هەرگیـز ئەمـە نەکەیـت، بـەڵام هەرکاتێـك دەسـتت لـە شـۆرباکەوە هەڵێنـا ئـەوا هـەر دەبـێ تامـی بچێژیـت.

**تابی:**

وابزانم دەیکەم.

**مالام:**

ئـەی گەنـج، پەلـە مەکـە، تەماحـی ماڵـی دونیـا بـۆی هەیـە پیـاوی ژێـر کوێـر بـکات، زۆر کەسـان لـە دواییـدا پەشـیمان بوونەتـەوە کـە هاتوونەتـە ئێـرەوە، ئێوەیـش هاوڕێیانـم بـاش بیـر لەکارەکـە بکەنـەوە.

**پیاوەکە:**

باشـە ئێمـە بەرلـەوەی بێیـن بـۆ ئێـرە بڕیـاری خۆمانمـان داوە، بـەڵام وەك جەنابـت فەرموویـت پێویسـتە جارێکـی دیکـەش هۆشـی خۆمانـی لـێ بخەینـەکار، رێـمان بـدە، وەرە تابـی (چەنـد هەنـگاوێ دوور دەکەونـەوە) تـۆ ئێسـتا دڵنیایـت کەپاشـگەز نابێتـەوە؟

**تابی:**

ئەی تۆخۆت؟

**پیاوەکە:**

من واز ناهێنم.

**تابی:**

چاکە..

**پیاوەکە:**

بێگومان بەندە بەوەی تا چ ڕادەیەك دەتەوێت زەنگین بیت.

**تابی:**

لەوانەیـە زۆرتریـن پلـەم بوێـت، بـەڵام درۆ نەبـێ حەزناکـەم پیاوەتیـم یاخـود هـەچ پارچەیەکـی لەشـی خـۆم بـۆ ئەمـە لەدەسـت بـدەم، چونکـە تێکـڕای ئامانجەکـەم دەڕووخێـت، سـوودی پیـاوی سـاماندار چییـە ئەگـەر پیاوەتییەکـەی نەمـا؟ مەبەسـتم ئەوەیـە مـن لەوانەیـە دیسـانەوە ژن بهێنمـەوە و مناڵـم بـبن.

**پیاوەکە:**

خۆشییە دونیایەیکان لەوەدایە؟

**تابی:**

شتێکە ئە ئاوا.

**پیاوەکە:**

ئەمـە بیرێکـی ڕۆشـنە، منیـش دەیکـەم (بـەرەو دواوە دەبـزوون) هاوڕێـم، بڕیـاری خۆمانمانـدا.

**مالام:**

دڵنیایت؟ هەردووکیان: دڵنیاین.

**مالام:**

زۆر باشــە (جامــە پێچراوەکــە دەهێنــێ) کامەتــان لــە پێشــدا دەیکــەن؟

**پیاوەکە:**

تابی بچۆرە پێشەوە.

**تابی:**

من..

**مالام:**

ئا لێرە بوێستە، تۆش لە دەرەوە چاوەڕوان دەکەیت.

(پیاوەکە دەچێتە دەرەوە) ژنت هێناوە؟

**تابی:**

بەڵێ.

**مالام:**

مناڵیشت هەن؟

**تابی:**

بەڵێ دووان.

**مالام:**

کامیانت دەوێت کە...

**تابی:**

هەردووکیان.

**مالام:**

ئاه... دیارە ماڵێکی زۆرت گەرەکە..هاە؟

**تابی:**

مەبەستم ئەوەیە نامەوێ مناڵەکانم بێ دایك بن و ژنەکەیشم بەبێ ئەوان هەتا مابێ بەختیار نابێت.

**مالام:**

تێدەگەم، ناوەکانیم بدەرێ، لە پێشان ژنەکەت و ئینجا مندالەکان.

**تابی:**

ئاکوس.

**مالام:**

بوەســتە! بــە گوێــما بچرپێنــە ئاهــا- ئاهــا- تــاو، لێــرە چــۆك دادە، بــە توندیــی ئــەم کێــردە بگــرە و ســەیری نــاو جامەکــە بکــە و کــە دەســتەکانم هەڵبڕیــن و نزمــم کردنــەوە تــۆ قوماشــە ســپییەکە بــە چەقۆکــە لەنــاو چامەکــەدا کــون دەکەیــت، ســێ جــار ئەمــە دەکەیــت، یەکەمیــان بــۆ ژنەکــەت، دووەمیــان بــۆ منداڵــە گەورەکــە و ســێیەمیان بــۆ پاشــەبەرەکەت.

**تابی:**

تێدەگەم.

**مالام:**

بام جارێکی تریش لێت بپرسمەوە ئایا دەتەوێ بیکەیت؟

**تابی:**

ئــەوا بــۆ دەســت پێناکەیــت و رێــگای بیــر لێکردنەوەیــم لــێ ناگریــت؟ هۆشــم بڕیــاری داوە، دەمــەوێ بیکــەم تکایــە چیــتر پرســیارم لــێ نەکەیتــەوە.

**مالام:**

لێــت ناکەمــەوە، لێــرەوە دەســت پێدەکەیــن.. (چاوەکانــی دەنوقێنــێ و بــە نەرمیــی بەســەرجامەکەوە فســکەیێ دەکات. لەســەرخۆ دەســتی بەرزدەکاتــەوە و دەموچــاوی دەگۆڕێــت. بــە تیژیــی دەســتی دێنێتــەوە خــوارو ســێ جــاران ئەمــە دەکات و بــە چەقۆکــە تابــی قوماشــەکە کــون دەکات، لــە دوای هــەر چەقــۆ وەشــاندنێکا هاوارێکــی پــڕ ئــازاری جەرگبــڕ هەڵدەســتێت). گوێــت لەهاوارەکــە بــووو؟

**تابێ:**

هاواری چی؟

**مالام:**

چۆن سێ هاوارت گوێ لێ نەبوو؟

**تابی:**

نە.

**مالام:**

تـۆ هـەر تەنیـا کوێـر نیـت، بگـرە کەڕشـیت، کارەکـە ئەنجامـدرا، هـەر سـێ قوربانییەکانـم لەنێـو جامەکـەدا دیـتن، بێگوناهـو بـێ دەسـەڵات، هەمـوو جارێکیـان دڵەکانیانـت دەپێـکان و هاوارێـك هەڵدەسـتا، بـەڵام تـۆ چـاوت پێـوە نەبـوون.

**تابی:**

باشە

**مالام:**

تـەواو، سـاڵێك بـۆ هەتـا مـاوەی سـێ سـاڵان، یەکـێ لـە قوربانییەکانـت دەمـرێ، مردنەکانیشـیان ئاسـایی دێنـە بەرچـاو، هیـچ شـتێکی نائاسـاییان پێـوە دیـار نابـێ، هـەر مردنێکیـش پلەیـەك لـە سـامانەکەت زیـاد دەکات، ئەمەیـش هەروەهـا، وەك شـتێکی ئاسـایی بـۆ تـۆ دەگەڕێتـەوە.

**تابی:**

سوپاس، بۆتۆ.

**مالام:**

تۆ پیاوێکی زۆر بەجەرگیت.

**تابی:**

سوپاس.

**مالام:**

هەروەهـــا بەدکارییشـــت! بـــەڵام هەرچییەکـــت بوێـــت چنگـــت دەکـــەوێ، هەڤـــاڵ! (پیاوەکـــە دێتـــە ژوور) لـــێ بووینـــەوە، نـــۆرەی تۆیـــە.

**پیاوەکە** (بێدەنگیی):

مالام من رایەکی ترم هەبوو، ناتوانم ئەمە بکەم.

**تابی:**

چی؟

**مالام:**

کەس بە زۆر پێتی ناکات.

**پیاوەکە:**

هەڵم خەڵەتاندیت؟ چۆن؟

**تابی:**

مـــن بۆیـــە کـــردم وامدەزانـــی هەردووکـــمان پێکەوەیـــن، بـــەڵام تـــۆ گاڵتـــەت بـــە مـــن کـــرد.

**پیاوەکە:**

بڕوانـــە، هۆشـــت بێنـــەوە بـــەر خـــۆت، هـــەر پیـــاوێ بیـــری تایبەتـــی خـــۆی هەیـــە، پێـــم مەڵـــێ مـــن تـــۆم لـــە خشـــتە بـــردووە، تـــۆ ویســـتت دەوڵەمەنـــد ببیـــت، جـــا گرنگـــە هاوڕێـــت ببـــێ یـــان نـــە؟

**تابی:**

بۆ چ دەبێ ئەوە بەمن بکەیت؟

**پیاوەکە:**

چی؟

**تابی:**

تکایە، مالام دەمەوێت لێی دەرچم.

**مالام:**

تـۆ شـۆرباکەت قـووت داوە، جـا ئەگـەر بیتەقینتـەوە ئـەوا تەنهـا لیکەکەیـە دێتـە دەرەوە، تەنانـەت ئەگـەر بڕشـێیتەوەش ئـەوا بەشـێك لـە ژەهرەکـە لەوێـدا دەمێنێتـەوە و مـن ناتوانـم دەسـتبەرداری بـم، ئـەی هەڤاڵـم، بیبـەرەوە دەرەوە، بـەڵام نەیەڵێـت جارێکـی تـر چـاوم پێـی بکەوێتـەوە، مـن لـەم جـۆرە کەسـانە دەترسـم، ئەمانـە ترسـناکن.

**تابی:**

ببوورن.

**مالام:**

ئێسـتاکە دەرگای ماڵەکەتـان پـێ نیشـان دەدەم. (دەیانباتـە دەرەوە، ئینجـا دەگەڕێتـەوەو، شـتەکانی کـۆ بکاتـەوە و لـە دواییـدا ون دەبـێ.)

## بەشی دووەم

## دیمەنی یەکەم

(لـە ناوەڕاسـتی شـانۆدا رووناکیـی نامێنـێ کەچـی وەك جـاری پێشـوو، بەسـەر تابـی و نیاکـواوە دەبریسـکێتەوە).

**تابی:**

پێـم بـڕوا بکـە، خوشـکی خـۆم، زۆری لـێ ترسـام، لـە سـەرەتادا بـاوەڕم نەبـوو ئـەوە رووبـدات، بـەڵام بـە هەڵەداچووبـووم، لەپـاش سـێ رۆژانـدا ژنەکـەم لـە رووبارەکـەوە دەهاتـەوە.

**نیاکوا:**

بەتەنیا؟

**تابی:**

چەند ژنێکی تریش لەوێ بوون.

**نیاکوا:**

جا چی روویدا؟

**تابی:**

پێوەیەوە دا..

**نیاکا:**

مار پێیوەیدا؟

**تابی:**

بەڵێ، هەر لە رێگای نەخۆشخانەوە گیانی سپارد.

**نیاکوا:**

وەیرۆ! ئەدی کچەکەی کابرا!؟

**تابی:**

ئیـــتر تۆقیـــم، بــەڵام چــۆن بتوانــم رازی نهێنیــم لای هیــچ کەســێ بدرکێنــم؟ برادەرەکــەم شــاری جێهێڵابــوو، چونکــی دەیزانــی کارەکــە چــی بــەدواوە بــوو، ســاڵی دوایــی کچــە گەورەکــەم تیاچــوو.. لەکاتێکــدا لەتــەك چەنــد منداڵێکــی تــردا بەدڵخۆشــییەوە لــە حەوشــەی ماڵەکەمانــدا یارییــان دەکــرد، ئەنجــا کچەکــەی تــرم.

**نیاکوا:**

بوێسته براله نامەوێ چیتر ببیستم.

**تابی:**

خــۆت ویســتت بیزانیــت.. هــەر ئێســتێ لێدەمێــەوە.. بێگومــان دەســتم کــرد بەکۆکردنــەوەی سامانێکی زۆر، بەرێگەیەکــی ناماقــوڵ و خێــراوە، بــەڵام ئەوســاکە ئاســوودە نەبــووم و لــەو رۆژەوە ئاســوودەگیم نەبینیــوە، خەویــان لــێ دەشــێواندم، جارێکیــان، خوشــکم، وام هەســت دەکــرد کــەوا خەریکــە شــێت دەبــم و زۆران جاریــش ژنەکــەم و دوو مناڵەکانــم دەبینیــن.

**نیاکوا:**

دەزانم.

**تابی:**

دەهاتــن و لــە رۆخــی قەرەوێلەکەمــەوە دەوێســتان. ژنەکــەم لێمــی دەپرســی، کوجــو بــۆ هەموومانــت لــە پێنــاوی ســاماندا دانــا؟ ئایــا یەکێکــمان بــەس نەبوویــن؟ (دەقیژێنــێ) هەرســێکیانم دیــتن خوشــکم.

**نیاکوا:**

دەزانــم دیوتــن بــەڵام مەقیژێنــە دەنــا ئەوانــی تــر لەخــەو

هەڵدەستێنیت.

**تابی:**

جا ئەگەر هەڵسان چییە؟ چی تیایە؟ دەبا هەڵسن!

**نیاکوا:**

بچۆرەوە نێو جێگاکەت برام.

**تابی:**

بەڵێ دەچمەوە ناو جێ، خوشکۆڵە، بچم بۆ ناوجێ، نا، نا، ناچمە نێو جێگا (بێدەنگیی، لە حەوشەکە رادەمێنێ و نیگاکانی ئاراستەی لایەکی تایبەت دەکات) هۆ لەوێ.. هۆ لەوێ.. دەیانبینیت؟

**نیاکوا:**

کێ؟

**تابی:**

زۆر جوان بوون... دیتت؟ مالام لێمی پرسی ئەگەر گوێم لە هاواریان بووبێت؟ گوتم نە، بڕوام پێی نەدەکرد.

**نیاکوا:**

دەزانم بڕوات پێی نەکردووە.

**تابی:**

ئەی ئاخر بۆ مردن؟ بۆ پێویست بوو بمرن؟

(نیاکوا دەچێ لە دەرگای پیرەژنەکە دەدات).

**نیاکوا:**

داپیرە! داپیرە! هەڵسە لەخەو، خەریکە کوجو شتێکی بەسەر دێت، (بێدەنگی) واز لە پرسیاران بێنەو وەرە، دەڵێم ئەوا شتێ بەسەر کوجوودا دێت!

**پیرەژن** (دێتەژوور):

وەی؟ کوجو چی روویداوە! ها؟

ئابی:

دەمەوێ بچمە ناو جێم.

**نیاکوا:**

داپیرە تۆ ئاگات لێوەی بێت ئەوا خالۆم بانگ دەکەم..

**پیرەژن:**

جـا باشـە، چـی بـووە؟ دەڵـێ دەیـەوێ بچێتـە نـاو جێیەکەیـەوە.. ئەنجـا هـەر بـۆ ئەمـە خاڵـۆت بانـگ دەکەیـت؟

**نیاکوا:**

تۆ تێناگەیت (بە پەلە دەچێتە دەرەوە).

**پیرەژن:**

رۆڵە هیچ ناساخییەکت هەیە؟

**تابی:**

نەمدەویسـت بیکـەم، کـێ ژن و دوو منداڵـی خـۆی بـۆ سـامان دەکوژێـت؟ کـێ ئەمـە دەکات؟ بـەڵام دەبـێ مـن تۆڵـەی ئەمـە هـەر بسـێنمەوە.

**پیرەژن:**

کوڕی خۆم ئەوە باسی چی دەکەیت؟

**تابی:**

نابـێ جارێکـی تـر دەسـتم بـە پارەکـە بکەوێتـەوە، ئـەوە بەڵایـە، ئـەوە خوێنـە نـەك سـامان، دەمـەوێ رابکشـێم، بـەڵام کـە چـاو دەنووقێنـم دەیانبینـم. (نیاکـوا، ئانتـو، وەئانتـوی بەگـوڕ خۆیـان دەکـەن بـە ژوورەوە).

**نیاکوا:**

خاڵۆ، خاڵۆ، تابی دەڵێ ناتوانێت بخەوێ.

**ئانتو:**

کوجــو، راکشــێ (بەهێواشــی تابــی درێــژ دەبــێ) ئێســتا قســان مەکــە، یــان حــەز دەکەیــت بچیتەنــاو جێتــەوە؟

**تابی:** (هێور بۆتەوە):

بەڵێ.

**ئانتو:**

کەوابــوو وەرە, وا ئێمــە گشــتمان لێرەیــن، هیــچ مەترســییەك نییــە. وەرە (تابــی دەباتــەوە بــۆ ژوورەکــەی خــۆی).

**نیاکوا:**

ئـەی هـەی! ئـەوەی بـۆ منـی گێڕایـەوە راسـت بـێ ئـەوا ماڵەکەمـان نـەك هـەر وێـران بـووە، بگـرە تێچوویـن.

**ئانتوی:**

راوەســتە، بــە دەنگــی بــەرز مــەدوێ، لــێ گــەڕێ بــا ئــەم جــارێ بخــەوێ. (بێدەنگیــی، بانگــی کەڵەشــێرێك) ئــەوا بەراســتیی بەیانــە.

**نیاکوا:**

خاڵــی خــۆم، بەدرێژایــی ئــەم شــەوەو چرکەیــەك چییــەك نەخەوتوویــن. (ئانتــو دێتــەوە ژوورەوە).

**ئانتو:**

رۆیشت.

**نیاکوا:**

سوپاسی خوای پێدەوێ.

**ئانتو:**

ئێستا نیاکوا، پێی گوتیت بۆ وا دەکات؟

**نیاکوا:**

خاڵە، براکەم شێت بووە.

**پیرەژن:**

شـێتیتی مەهێنـەرە نێـو خێزانەکەمانـەوە! بەخـوا بابـە پایـەت لـە براڵـەت نـا؟

**ئانتوی:**

بۆچ وا دەڵێیت، نیاکوا؟

**نیاکوا:**

سـەرەتا دەسـتی کـرد بـە گێڕانـەوەی حەقایەتێکـی دوورودرێـژ و داوای لەمـن کـرد وەك نهێنییـەك بیپارێـزم، کەچـی بـێ ئـەوەی گـوێ بـەوە بـدات کەسـێ بیبیسـتێ یـانەیبسـتبێت، کۆتایـی پێهێنـا.

**ئانتوی:**

حەقایەتی چی؟

**نیاکوا:**

دەڵـێ ئـەم لەمێـژە راودەنرێـت، پێویسـتە چارەیـەك بـۆ ئەمـە بدۆزینـەوە، خاڵـی خـۆم.

**هەموویان:**

راو دەنرێت؟

**ئانتوی:**

ئەمەکارێکی تۆقێنەرە.

**پیرەژن:**

ئێسـتا هەمـوو شـتێ تێدەگـەم، باسـی ئـەوەی کـرد کـە نەیویسـتووە

بیــکات، ژن و منداڵانــی لــە پێنــاو ســاماندا کــوژراون، تۆڵــە ســەندنەوە، هەمــوو ئەمانــە لــە یەکێکــی ئاســاییەوە ســەیرن، بــەڵام وا خەریکــە تێیــی بگــەم.

**ئانتو:**

ئابڕیو! تۆ هیچ شتێ لە ئێمە دەشاریتەوە؟

**پیرەژن:**

نەخێــر، چــۆن دەشــێ شــتێکی ئەئاواتــان لــێ بشــارمەوە؟ پێویســتە نیاکــوا پێمانــی بڵێــت چونکــە ئــەم تاکــە کەســێکە کــە دەیزانــی هەردووکیــان بــە درێژایــی شــەوگار پێکــەوە دواون، هەنــدێ جــار کوجــو بەســەری دەکــەوت و نەیدەتوانــی بــە ئاســوودەیی بدوێــت، گوێــم لــە دەنگیــان بــوو، دەبــێ نیاکــوا پێمانــی بڵێــت.

**ئانتو:**

باشە، ئەی کچی خوشکم (بێدەنگیی) پێویستە بیزانین.

**نیاکوا:**

لــە ئابریــوا بپرســن باســی چــی دەکات، مــن هەرچــی ئــەو گوتوویــە بۆتانــم گێڕاوەتــەوە، نەیدەتوانیــی بخەوێــت.. وا هەســت دەکات کــە راونرابێــت، لەمــە زیاتــر چیتــان دەوێ، بیزانــن؟

**ئانتوی:**

جــا لەبــەر ئەمــە بــوو گوتــت خەریکــە شــێت دەبیــت، هەربۆیــە بــەم دەڵێیــت چونکــە بــرات وا هەســت دەکات کــە راو دەنرێــت؟

**نیاکوا:**

ئەمە ئەوەیە کە ئەو خۆی بەمنی گوتووە.

**ئانتو:**

کــە لــە خــەو هەڵســا، خــۆم لێــی دەپرســم، بــەڵام لەبیــرت نەچــێ،

نیاکـوا، تـۆ هیـچ چاکەیەکـی لەگەڵـدا ناکەیـت ئەگـەر شـتێکی لێـوە دەزانیــت کــە پێویســتە ئێمەیــش بیزانیــن تاکــو لــە خوشــکەزای خۆمانـا تێـی بگەیـن، ئەگـەر شـتێکی ترسـناك لـە ئارادایـە ئێسـتەیش دەتوانیــن چارەیەکــی بکەیــن، جــا ئەگــەر تــۆ لێمانــی بشــاریتەوە، ئـەوا ئۆباڵـی لەنێوچوونـی بـە ئەسـتۆی تـۆوە دەبـێ، ئەمـەت لەبیـر بــێ، کوفــی، بــا بڕۆیــن، ئابریــوا، ســبەینێ دەتبینمــەوە. (ئانتــوو ئانتــوی لادەکەنــەوە تــا بــڕۆن).

**نیاکوا:**

خاڵۆ!

**ئانتۆی:**

بانگی منت کرد!

**نیاکوا:**

بەڵــێ شــتێکم لایــە، دەیڵێــم (دەگەڕێنــەوە) نەیویســت لای هیــچ کەســێ بیدرکێنــم.

**ئانتو:**

ئێمە (هیچ کەسێ) نین، ئێمە خاڵی تۆ و خاڵی ئەمیشین.

**ئانتوی:**

ئــەی نازانیــت هــەر ئێمــە پیــاو لــەم ماڵــەدا ماویــن؟ ئێمــە لــە تۆیــش و لەوانــی دیکــەی خێزانەکەیشــی بەرپرســیارین؟

**نیاکوا:**

چــووە ســامان پەیــدا بــکات بــەڵام بەخوێنــی ژنەکــە و دوو کۆرپەکەیــەوە!

**هەموویان:**

چیی؟

**پیرەژن:**

دەڵێیت چی؟ ئەنجا ئەم ماڵە چی لێدەقەومێت؟ ها؟

**ئانتو:**

ئەمە خۆی پێتی گوت؟

**ئانتو:**

جـا تۆیـش ویسـتت بـە گوێـی بکـەی هەتـا هـەر پێـوەی بناڵیـت؟ (بێدەنگـی) باشــە، وازی لێبێنــە بــا بنوێــت. کوفــی، پێویســته دەســبەجێ شــتێ بکەیــن، پێــش ئــەوەی شــار پێــی بزانــێ.

**پیرەژن:**

جا سی ساڵە بۆ ئەمە جێی هێشتووین؟ تا ئەوە بکات؟

**نیاکوا:**

ئەوەندە بەسە، داپیرە! بایی خۆی تەنگوچەڵەمەی پێیە!

**پیرەژن:**

مممم... ئەوە بێدەنگ بووم.

**ئانتوی:**

بــاو، ئەمــە کێشــەیەکە پێویســتە، ئەگــەر بتوانیــن بەبــێ یارمەتــی لــە دەرەوە، چارەســەری بکەیــن، ئەمــە نەگبەتییەکــی گەورەیــە بــۆ خێزانەکەمــان، وای بــە چــاك دەزانــم پەلــەی لــێ بکەیــن و لەپێــش گزنگــی خــۆر هــەڵات بگەینــە کێلگــەی (برامــو)وە، ئەگــەر بەختــمان یــار بێــت دەشــێ گیاکەمــان دەســتگیر بــێ بەرلــەوەی هەمــوو شــوێنەکە بپشــکنین.

**نیاکوا:**

هــەر کاتــێ لەخــەو رابــوو، تەشریبێکــی گەرمــی دەرخــوارد بــدە، بــەڵام وریابــە تەنیــا وشەیەکیشــی بــۆ نەدرکێنیــت.

ئەبریوا:

گوێت لێ بوو!

**پیرەژن:**

گوێـــم لێبـــوو کـــە ئامادەیـــی کـــرد بـــا هەنـــدێ تەشریبـــی بداتـــێ، ئـــەوەی پێویســـتیم  پێیەتـــی هـــەر ئەمەیـــە و هیچـــی تـــر، لـــە ژوورەکـــەی خۆمـــدا دەبـــم و دەمـــم کلیـــل دەدەم.

**ئانتو:**

نیاکـوا، تـۆ ئـاگات لێـی بێـت، کوفـی، بـا بڕۆیـن، شـیرمان پێویسـت دەبـێ؟

**ئانتوی:**

نەخێر، دەبێ گیاکان لە رەگەوە هەڵکێشین.

**ئانتو:**

بێگومان. (ئانتو و ئانتوی دەچنە دەرەوە).

**پیرەژن:**

نیاکوا، لەبیرت نەچێ نەختێ تەشریبم بدەیتێ.

**نیاکوا:**

ئایـــی ئـــاو؟ بەشـــی هـــەرە زۆریـــت دەدەمـــێ. (دەچێتـــە ژووری خۆیـــەوە).

**پیرەژن:** (بەرەو ژووری خۆی دەچێت).

قەیدی ناکات تەنیا ویستم بە بیرتی بێنمەوە.

## دیمەنی دووەم

(هەمـان دیمەنـی پێشـووە، کات سـبەینەیە، نیاکـوا لـە حەوشـەکەدا خەریکـی ئامادەکردنـی تەشریبەکەیـە، لەسـەر دەفرێکـەوە پڕیەتـی لـە خەڵـووز تابـی دێتـە ژوورەوە هـەر وەك لـە دیمەنـی پێشـوودا لەسـەر پێپیلکانەکـەوە دادەنیشـێ).

**نیاکوا:**

ئەمە چییە! خۆ هەڵسایت.

**تابی:**

بەڵێ، ئەوە چی دەکەیت؟

**نیاکا:**

ئەی برسیت نییە؟ ئەمە تەشریبە.

**نیاکوا:**

ئـەی حـەزت لـە چییـە؟ دەتوانـم (ئالفوفـو)ت بـۆ ئامـادە بکـەم، بیکـەم!

**تابی:**

نەخێر، پێویست ناکات.

**نیاکوا:**

ئەمـە ئـی دڵتـە؟ دەتوانـم ئالفوفەکـەت لـە ماوەیەکـی کەمـدا بـۆ ئامادەکـەم.

**تابی:**

گوێ مەدەرێ. (بێدەنگی) وا هەست دەکەم نەخۆش بم.

**نیاکوا:**

نەخۆش! نەختێ ئارامت ببێت، هەر ئێستا لێ دەبمەوە.

**تابی:**

ئەی ئیمڕۆ ناچیت بۆ بازاڕ؟

**نیاکوا:**

شەکەتم، با ئەوانی تر هەندێك قازانج بەدەست بێنن.

**تابی:**

هیچ بازرگانی وەکو تۆم نەدیوە. (بێدەنگیی) ئەی کوا پیرەژن؟

**نیاکوا:**

وا لـە ژوورەکـەی خۆیدایـە، چەنـد لەسـەر ئـەم تەشریبـە هەراسـانی کـردم!

**تابی:**

هەسـت دەکـەم ناسـاخم، بڕوانـە، هـەوڵ دەدەم سـەرێك لـە چەنـد کۆگایەکـی ئـەم شـەقامەوە بـدەم بەڵکـو دەرمانـێ بدۆزمـەوە.

**نیاکوا:**

ئاخر، ئەوا خەریکە لێ دەبمەوە!

**تابی:**

زۆر دوور ناڕۆم.

**نیاکوا:**

ئـۆف کوجـو، ئەگـەر ئێسـتا نەیخۆیـت سـارد دەبێتـەوەو زۆر چیـڕ دەبـێ، پێویسـتە بـە گەرمیـی بیخویـت.

**تابی:**

شـتێك بـدەرە بـە ئەبریـوا، دڵنیـام لەکۆگاکـەی پشـت ماڵمانـەوە شـتێکم هـەر دەسـت دەکەوێـت، ئەمـە هێنـدە ناخایەنێـت.

**نیاکوا:**

کەوابوو با من بچم بۆتی بکڕم، ئابی سی نییە؟

**تابی:**

خۆم دەچم تۆ ئیشەکەی خۆت تەواوکە. (دەچیتە دەرەوە)

**نیاکوا:**

لەگەڵ خۆیدا دەدوێ، وەك بیزانم وەك بیزانم شتێك هەیە پاڵی پێوە دەنێت، ئەوا لێ بوومەوە ئەوە چییە؟ (پیرەژن لە ژوورەکەی خۆی دێتە دەرەوە).

**پیرەژن:**

خاڵۆکانت نەهاتنەوە؟

**نیاکوا:**

هەر بۆ ئەمە هاتیتەوە؟ وا لێ بوومەتەوە، فەرموو، بیگرە.

**پیرەژن:**

ئۆف... تەنیا ویستم پرسیاری خاڵۆکانت لێ بکەم.

**نیاکوا:**

نەگەڕاونەتەوە، بچۆرەوە ژوورەکەی خۆت و لەوێ بیخۆ.

**پیرەژن:**

ممم.. (بێدەنگیی) ئەی کوا براکەت؟

**نیاکوا:**

وازبێنە با بیربکەمەوە.

**پیرەژن:**

ممم...

نیاکوا هەروا لە ژوورەکەیخۆیەتی.

**پیرەژن:**

خەوتووە؟

**نیاکوا:**

خەوتووە! تەشیربەکەت سارد دەبێتەوە!

**پیرەژن:**

تەنیا ویستم بپرسم (دەچێتەوە ژوورەکەی خۆی)

(لەکاتێکـدا نیاکـوا ئـەوێ پـاك دەکاتـەوە ژنێکـی کامـڵ خـۆی دەکات بـە ژووردا).

**ژنەکە** (دێتە ژوورەوە):

نیاکوا! نیاکوا!

**نیاکوا:**

ها، چی بووە؟ پێم بڵێ.

**ژنەکە:**

بچۆ بزانە، براکەت لە شەقامەکەدا چی دەکات!

**نیاکوا:**

چۆن! چی.. چی دەکات؟

**ژنەکە:**

لەبـەردەم کـۆگای (مـوس)دا خەڵك هەمـوو سەرسـوڕماون، واماندەزانی لەگـەڵ یەکێکـدا زۆرانبازیـی دەکات، بـەڵام وا نەبـوو، لەپڕێـکا هـاواری لێهەڵسـا: (بـڕوام نەدەکـرد! ئـای کـە جـوان بـوون! ژنەکـەم، ژنەکـەم!“ نیاکـوا بـە پەلـە رادەکات و پیـرەژن دیسـانەوە بەدەردەکەوێـت). ئـای ئەبڕیـوا، سـڵاوت لـێ بێـت. ئـەوە باسـی ئـەو کردەوەیـە ناشـیرینەم بـۆ نیاکـوا دەگێڕایـەوە کـە کوڕەکەتـان، ئـەوەی تـازە هاتۆتـەوە، لـە شـەقامەکەدا دەیـکات، هەمـوو مناڵـە وردکـە تێـی وەرهاتـوون و دەقیژێنـن، ئەویـش هـاوار دەکات و دەڵـێ: (نەمدەویسـت ئـەوە بکـەم! هەڵـی خەڵەتانـدم! ژنەکـەم) ئەنجـا وەك سـاوا دەگریـێ!

**پیرەژن:**

ئـەی رەوانەکانـی بـاب و باپیرانمـان یاریـدەی ئـەم ماڵـە بـدەن. سـوپاس بـۆ تـۆ.. سـوپاس بۆتـۆ کـە هاتیـت پێـمان بڵێیـت.

(نیاکوا دەگەڕێتەوە. کراسەکەی لە نێوقەدی براکەیەوە ئاڵاندوە).

**نیاکوا:**

بچـۆرەوە ژورەوە، بـرام، بچـۆ... بچـۆ! چـاوی بـە ژنەکـە دەکەوێـت) هەمـوو شـتێ لـە جێـگای خۆیایەتـی. سـوپاس کـە پێمانـت گـوت: ئـەوەی مـاوە خـۆم جێبەجێـی دەکـەم.

**ژنەکە:**

ئـەوە دیـارە دەرم دەکەیـت (نیاکـوا هـەر هەوڵـی ئەوەیەتـی تابـی بباتـە ژوورەکەیـەوە) باشـە، ئـە ئـاوا چاکـەم دەدەنـەوە کـە هاتـم ئـاگادارم کـردن، ئەگـەر بـرای تـۆ شـێت بووبێـت و مـن هاتبـم..

**نیاکوا:**

کێ شێت بووە؟ چی لە تۆ کردووە تا بەشێتی دابنێیت؟

**ژنەکە:**

ئـای! دونیـا چەنـد سـەیرە! مـم... ببـوورن. هاتـووم داوای خـۆی بکـەم، بـۆ ئـەوە نەهاتـووم سـەیری شـۆرباتان بکـەم. رێـم بـدە بـا بـڕۆم.. (دەڕوات).

**نیاکوا:**

جادووگـەر! هـەر ئێسـتا هەمـوو شـارەکە تێدەگەیەنیـت، تەنانـەت ئەوانەیـش کـە کۆچیـان کـردووە!

(ئانتو و ئانتوی دێنە ژوورەوە).

**ئانتو:**

لە ژوورەوەیە؟

**نیاکوا:**

خاڵــە! خاڵــە! زۆر درەنــگ هاتیــت. قەوماندیــی! خــۆی گەیانــدە دەرەوە!

ئاتوو **ئانتوی:**

چیی؟

**نیاکوا:**

کار لەمــە خراپــترە. چــووە دەرەوە و بەســەرتاپای شــاری راگەیانــدووە، دەترســم ئێســتا هەمــوو زانیبێتــان.

**ئانتوی:**

کوا، لە کوێیە؟

**نیاکوا:**

چــووم هێنامــەوە، وا لــە ژوورەکــەی خۆیایەتــی، فەرمــوو بچــۆ تەماشــایەکی بکــە، خاڵــۆ، هەوڵمــدا رێــی لێبگــرم. (لای دەرگای ژوورەکەیــەوە دەوەســتن و ســەیری دەکــەن. ئەنجــا بــە نائومێدیــی دێنــەوە).

**ئانتو:**

ئەنجا چیی، کۆفی؟ ئێستا ئێمە ناتوانین چاری بکەین.

**پیرەژن:**

ئەی بڕێکت لە گیاو گۆڵەکان نەهێناوە؟

**ئانتوی:**

بــا هێناومانــە، بــەڵام ئــەوە بــۆ رەتاندنــی ئــەو رۆحــە شــەڕانییانە بــوو کــە راوەدوویــان دەنــا.

**نیاکوا:**

ئــەدی چــی بکەیــن؟ لەگــەڵ ئەمەیشــدا لەوانەیــە بتوانــرێ رزگار

بکرێــت.. خاڵــۆ، چــی بکەیــن باشــە؟

**ئانتو:**

پێویســتە دەســبەجێ ئــەم شــارە جــێ بهێڵێــت، مــن لــە (کواداســو) ئــەو پیــاوە دەناســم کــە خەڵــك چــاك دەکاتــەوە، دڵنیــام کــە ئــەم شــتێکی، چارەیەکــی پێدەکرێــت، جــا هــەر چەنــدی دوا بکەویــن ئــەوا ئــەم خوشــکەزایەش کــە بۆمــان ماوەتــەوە لەنــاو دەچێــت، نیاکــوا هەندێــك شــتوومەك کۆبکــەرەوە.

**کوفی:**

وابزانم دەبێ ئێمە هەردووکمان بچین.

**پیرەژن:**

منیش لێرە بەتەنیا جێ دەهێڵن؟

**ئانتوی:**

لەوێ نامێنینەوە زوو دەگەڕێینەوە.

**پیرەژن:**

گــەر بەتەنیــا جێــم بهێڵــن ئــەوە لــە گەڕاوەنەتانــا لاشــەکەم دەبیننــەوە، جــا ئەگــەر ئەمــە بــوو دەبــێ زۆر چاکــم بنێــژن.. (دەچێتــەوە ژوورەکــەی خــۆی).

**نیاکوا:**

ئەوا لێبوومەتەوە.

**ئانتو:**

جا دەتوانیت بۆخۆی بەپێی بڕوات؟

**نیاکوا:**

بەڵێ، مادامەکی ئێمەی لەگەڵداین، چ مەترسییەکی لێناکرێت.

**ئانتو:**

پارەت هێناوە؟ (دەچێتە ژووری تابی)یەوە.

**ئانتوی:**

لێمگـەڕێ بچـم جزدانەکـەم بێنـم، لـە وێسـتگاکەدا دەتانبینمـەوە. (دەچێتــە دەرەوە).

(ئانتوی بە دوای تابییەوە دێت، نیاکوا کەلوپەلەکانی هەڵدەگرێ).

**تابی:**

ئەوا بۆ کوێ دەڕۆین؟

**ئانتو:**

دەمانەوێـت یـەك لـە کوڕەکانمـان ببینیـت، ئـەم لـە (کوداسـۆ)یە، زۆر دوور نییــە. بــەڵام تــۆ تەنانــەت شۆرباکەیشــت نەخــواردووە.

**تابی:**

برسیم نییە.

**ئانتو:**

کەواتە با بڕۆین. (ئەبریو)!

**پیرەژن:** (لە ژوورەکەی خۆیەوە)

بانگی کرد؟

**ئانتوان:**

پێش دونیا تاریك دابێت دەگەڕێینەوە!

**پیرەژن:**

مممم... (ئەوانی تر دەڕۆن پیرەژن گۆرانی دەڵێ).

(مممم... مممم.. ممم.)

کــوڕە مەزنەکــەی هــۆزی (ئاســۆنا) بــۆ راوەماســی چــوو لــە زێــی (خاوەنەکانــی هێــز) تێــژرەودا راو دەکات.. مممــم.. ممــم. ممــم.

لەبەرەبەیانـدا، لـە پێـش قووقـەی کەڵەشـێردا ڕۆیشـت، بـەڵام ڕۆڵـە مەزنەکـەی (ئاسـونا) نەگەڕایـەوە.

ممم.. ممم... ممم..

دەبـا یەکێـك بەراکـردن بچێتـە زێیەکـەوە و بۆمـی بێنێتـەوە. یاخـۆ ئـەم لـە تـەك زێیەکـەدا ڕۆیشـتووە، ڕۆیشـتووە بـۆ هەتـا هەتایـێ؟

مم... ممم... ممم..

کۆتایی/ کۆیە

١٩٨٣/٤/٩

لە ژمارە ٣٤ی تایبەت بە شانۆی گۆڤاری (رامان)، مانگی نیسانی ١٩٩٩ بڵاوکراوەتەوە

# رزگار و جیهان

**شانۆنامەیەك لە نووسینی: ئۆنوكابا ۆجو (Onukaba A. Ojo)**

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مەجید ئاسنگەر

**تێبینی نووسەر**

*وەنەبێ ئەم كارە كۆپیكراوێكی راستەوخۆی (رۆمیۆ و جۆلێت) بێ. بەڵام چیرۆكە دڵدارییە تراژیدییەكەی (ولیەم شكسپیر) سرووش بەخشی (رزگار و جیهانە). سەركەوتنی خۆشەویستی بەسەر دوژمنایەتی و رق و كینەی دێریندا بابەتێكی هاوبەش و گشتییە كە لە تێكڕای چیرۆك گەلی نەوە دوای نەوەكانی سەرتاسەری جیهاندا باوە. مەبەستە سەرەكی و نەگۆڕەكەشی ئەوەیە كە هیواوگەشبینی بەدنیایەك دەبەخشێت كە ژەهری رق و كینەی رەگەزایەتی و نەتەوەپەرستی توندڕەو لەباریەكی دەرهێناوە.*

*جا بتەوێ لە پێناوی دڵداریدا بەرزترین نرخ پێشكێش بكەیت، لە*

*جیهانێکـدا کـە رۆژ بـە رۆژ زیاتـر پێویسـتی بـە دڵسـۆزی و خۆشەویسـتی هەیـە، ئەمـە بێگومـان پاکتریـن گوازرشـتە لەدڵداریـی!*

*"رزگار و جیهـان" لـە کوردسـتانی عێراقـی سـەردەمدا روویـداوە، ئـەو وڵاتـەی کـە دوژمنایەتـی و رکەبەرایەتـی لەمێژینـەی بنەماڵەیـی سـەرچاوەیەکی بەردەوامـی ژیانـی رۆژانەیەتـی. ئـەم خاکـەی پـڕ لـە گـرد و تەپۆلـك و شـێوە دۆڵـی هەمیشـە سـەوزی پـڕ پیـت و دەربەنـد و گەلـی ترسـناك. زۆر زیاتـر لـە بەشـی خـۆی دوژمنداریـی و شـەڕوپێکدادانی جەرگبـڕ و پـڕ کارەسـاتی بەرکەوتـووە. بۆیـەکا، دەکـرێ دەربـارەی لێبـوردن و ئاشـتبوونەوە زۆر شـتان لـە پەیامـی دڵـداری ئـەم شـانۆیەوە فێـر بیـن.*

*ئەمـە "مەرگەسـات" نییـە، بگـرە بەرهەمێکـی داهێـنراوە، ئەگینـا کوردسـتان، لـە واقیعـدا زۆران زۆر مەرگەسـاتی راسـتەقینەی لـەوە زیاتـری بەخۆیـەوە دیـوە. خەبـات و هەوڵەکانـی، کـە هەمیشـە خوێناویـی بـووە، لـە پێنـاوی ناسـنامەی تایبـەت و بـۆ دەسـتەبەرکردنی سەربەسـتییە رۆشـنبیری و رامیارییەکانـدا، کاڵایەکـی گرژیـی و خەمۆکیـی هەسـتپێکراویان بـە بـاڵای رەوشـی سـەرجەم رۆژەکانـی ژیانیـدا کـردووە. بۆیـەکا، لـەم بارانـەدا، پێویسـت بـەوە دەکات بـە قاقـای پێکەنیـن و رووخۆشـییەکی دروسـتکراوی سـەر شـانۆوە بتوانرێـت پـەژارەو ئازارەکانـی کپکـردن و دامرکانـەوەی زۆر دڕندانـەی هیـواو ئاواتـە بنەڕەتییەکانـی مـرۆڤ و خەونـە بەدینەهاتوەکانـی کیاندارێتـی، پـێ کـەم بکرێتـەوە.*

*ئـەم شـانۆنامەیە زادەی خەیـاڵ و ئەندێشـەیە و هەرگیـز هیـچ وێچوونێکـی دوور یـا نزیکـی بـە هیـچ کەسـێکەوە- مـردو یـان زینـدوو- نییـە!*

*ئامانجـی هـەرە سەرەکیشـی سـوودگەیاندن و خەمڕەواندنەوەیـە- ئەمەشـیان ئـەرك و پەیامـی بنەڕەتـی شـانۆیە.*

**کەسایەتییەکان**

رزگار بۆتانی: گەنجێکی بیستساڵیی

رێبوار بۆتانی: باوکی رزگار

رێزان بۆتانی: دایکی رزگار

هۆشیار بۆتانی: ئامۆزا و نزیکترین هاوڕێی رزگار

ئەڤین بۆتانی: خوشکی گچکەی رزگار

شیلان: دەزگیرانی رزگار

دیار: راوێژکاری باوکی رزگار، بڕواپێکراو و فەرماندەی پێشمەرگان.

جیهان تیماریی: کچە شۆخێکی بیست ساڵەیی

ئاوات تیماریی: باوکی جیهان

پەخشان تیماریی: دایکی جیهان

شیرین تیماریی: خوشکی گچکەی جیهان

شوان تیماریی: برای جیهان

هێرش: دەزگیرانی جیهان و هاوڕێی شوان

پاشا: راوێژکاری باوکی جیهان، بڕواپێکراو و فەرماندەی پێشمەرگان

(شاییەکار و مۆزیکژەنان کە لە هەمان کاتدا پێشمەرگەن و ئەندامی ڕێکخراو و هاووڵاتین).

## بەشی یەکەم

### دیمەنی یەکەم

(گۆڕەپانێکـی گشـتیی لـە بۆتـان، حەشـاماتێکی زەماوەنـدی بـووك گواسـتنەوە هاتوهاواریانــە و دەســتەیەك خەریکــی هەڵپەڕکــێ و گۆرانــی گوتنــن. هــەر زوو هەمـووان- تەماشـاچی و شـاییکەران، نێرومـێ دەسـتدەگرن و دەکەونـە هەڵبەزیـن و قـاچ بزوانـدن و شـان هەڵتەکانـدن- رەشـبەڵەکە- لـە نێـو حەپەحەپـی سـەگوەڕ کــە گوێــی ئاســمان کــەڕ دەکات، رزگار و هۆشــیار و ئەڤیــن و شــیلان لــە نێــو حەشــاماتەکەدان).

**هۆشیار:** (بۆ رزگار کە بۆ کورتە پشوویەك شاییەکەی جێهێڵاوە)
وەرەوە ناوێ، هاوڕێم! وا تازە بەزمەکە گەرم دەبێت.

**رزگار:**
پێویســتیم بــە حەوانەوەیــەك هەیــە،، هۆشــیار گیــان (هۆشــیار بــێ ئــەوەی گــوێ بــە بیانووەکــەی بــدات رایدەکێشــێتەوە کــۆڕی شــاییەکەوە، هەندێــك هەڵدەپــەڕن و رزگار خــۆی دەدزێتــەوە. هۆشـیار بـۆ بەردەمـی شـانۆکە و دوای دەکەوێـت و ئەوانـی تـر بـە بێدەنگیــی لــە شــایی کردنــدا بەردەوامــن).

**هۆشیار:**
ئەوە بۆ کوێ رزگار؟

**رزگار:**
بۆ هیچ کوێیەك. هەر بۆ ئەوە دەرچووم هەناسەیەك وەرگرم.

**هۆشیار:** (بە تێزێکەوە):
هەناســەی چــی رزگار؟ ئەمــە تەنهــا ســێیەم تــاوە شــایی ئــەم پاشــی

نیوەڕۆیــە.

**رزگار:**

دانی پیادا دەنێم کە من وەك تۆم پێناکرێت.

**هۆشیار:**

بەهــەر حــاڵ لــە راســتیدا بــۆم دەرکــەوت تــۆ هەرچەنــد پێنــج ســاڵە چوویــت بــۆ بەریتانیــا هێشــتا بزاوتــی چۆپییەکانــت لەبیرمــاون.

**رزگار:**

ئێمــە لــە بەریتانیــاش هەڵپەڕکێــی خۆمــان دەکەیــن. ئــەوە رێگــەی تایبەتمانــە بــۆ ئــەوەی لــە رەگ و ریشــەکانی خۆمانــەوە دانەبڕێیــن.

**هۆشیار:**

بەختیــارم ئەمــە دەبیســتم. مــرۆڤ بــۆی نییــە هەرگیــز واز لــە رەچەڵەکــی خــۆی بێنــێ.

**رزگار:**

لەبەدبەختــی خۆمانــا ئاهەنگــەکان زۆربــەی کات لەســەر بنچینــەی حزبایەتــی ســاز دەدرێــن. ئایــا رەوایــە ناکۆکییــەکان لەگــەڵ خۆمانــا بــۆ ئینگلتــەرا بگوێزینــەوە؟

**هۆشیار:**

جــا ئەگــەر خەڵــك لێــرە نەتوانــن بەیەکــەوە هەڵکــەن، ئــەوا هیــچ هۆیــەك نابینــم بــۆ ئــەوەی لــە ئینگلتــەرا یــا هــەر شــوێنێکی تریشــدا پێکــەوە بســازێن.

(ئاهەنــگ بەردەوامــە، خاوەنماڵێــك دێتەپێشــەوە تــا ســڵاو لــەرزگار و هۆشــیار بــکات و بیاندوێنــێ).

**خاوەنماڵ:**

ئەوا هەردووکتان لێرە چی دەکەن؟

**هۆشیار:**

خەریکم ئەم کوڕە لاوە (مەبەستی رزگارە) بێنمەوە ناو کۆڕی شاییەکەوە.

**رزگار:**

هەلاو، من رزگارم.

**خاوەنماڵ:**

ئەمن دەتناسم، بەخێربێیتەوە. (دەستی یەکدی دەگوشن).

**رزگار:**

سوپاست دەکەم.

**هۆشیار:** (خاوەنماڵ بە رزگار دەناسێنێ):

ئەمە رەندە، کوڕی رابەری ئایدیۆلۆژیای حزبە.

**رزگار:**

دڵشادم بەناسینت.

**خاوەنماڵ:**

ئێمەش هەروەها. ئینگلتەرا چۆنە؟

**رزگار:**

کۆن و زۆر سارد و شێدار و تەماویی، وەلێ بە شێوازە سەیرەکانی خۆی دڵگر و خۆشە.

**خاوەنماڵ:**

کەی گەیشتییەوە؟

**رزگار:**

هەر دوێنێکە.

**خاوەنماڵ:**

ئەی چەند دەمێنیتەوە؟

**رزگار:**

دوو هەفتە. خوێندن زوو دەست پێدەکاتەوە.

**هۆشیار** (بۆ خاوەنماڵ):

گوێی مەدەرێ، ئێمە چەندی حەز بکەین دەیهێڵینەوە.

**خاوەنماڵ:**

بەڵـێ پێویسـتە (رزگار خەندەیەکـی بـۆ دەکات) ئەڤیـن و شـیلان دێنـە دەرەوە، شـەکەت و شـەلاڵی ئارەقـەی هەڵپەڕینـن).

**ئەڤین:**

ئەهـا! ئـەوە لێـرە هەردووکتـان خۆتـان شـاردۆتەوە. (بـۆ خاوەنمـاڵ) ئـەوا خوشـکت بەدواتـدا دەگـەڕێ.

**خاوەنماڵ** (بۆ رزگار):

دەبـێ بـڕۆم، سـوپاس بـۆ هاتنتـان بـۆ سەرشـایی. ئومێـد دەکـەم بەخۆشـیی رایبوێریـت.

**رزگار:**

منیش هیوای ئەوە دەخوازم. بە ئومێدی دیدار.

**شیلان:**

ئەوا بە تەمای چین، لاوەکان؟

**هۆشیار:**

بەتەمای هیچ نین، رزگار منی کێشاوەتە ئێرەوە.

**رزگار:**

چۆن چۆنی!

**هۆشیار:**

تۆ کوڕەکەت جێهێشت و بەندەیش هاتم بە دواتدا بزانم بۆ؟

**رزگار:**

گوتم ماندووم. نەدەبوا ئەوە ڕێت لێ بگرێ بچێتەوە نێو شاییەکەوە.

**هۆشیار:**

ئاخر بێ تۆ ناچمەوە.

**ئەڤین:**

ئەمە زەماوەندی یەکێک لە باشترین دەستە خوشکەکانمە. کەس ئیمڕۆ ماندوو نابێ.

**شیلان:** (بە نیشانەیەکی ئیرەیی پێبردنەوە):

ئەڤین، وا بزانم ئەمان نیازێکی خراپیان هەیە.

**هۆشیار:**

چ جۆرە نیازخراپییەك، شیلان؟

**شیلان:**

پلاندانان بۆ رفاندنی چەند شۆخێکی نازداری ئێرەوە.

**هۆشیار** (وا نیشان دەدا کە ترساوە):

شیلان!

**ئەڤین:**

بەڵێ، بەڵێ، لەو دوانەتان تێناپەڕێت.

**رزگار** (بە نەختێ جیددیەتەوە: وا بوختانیشمان پێکرا، هۆشیار. من قبووڵ ناکەم!

**ئەڤین:**

شیلان و منیش دژی هەر هەوڵێك دەوستین بۆ بەجێهێشتنمان لێرەدا. ئێمە بەیەکەوە هاتین بۆ ئێرەوە و دەشبێ هەر بەیەکەوە بچینەوە ماڵەوە.

**هۆشیار** (خانمەکان دەگرێت):

مەترسن و خەمتان نەبێ. هەرگیز شتی وا ناکەین.

**رزگار:**

من چۆن دەتوانم تاکە خوشکی خۆم بەجێ بهێڵم؟

**ئەڤین:**

مادەم وایە با بچینەوە نێو چۆپیەکەوە.

**رزگار:**

دەبڕۆن، ئێمەش دێین.

**ئەڤین:**

نەخێر، دەبێ هەموومان پێکڕا بگەڕێینەوە.

**شیلان:**

بەشکم نەیەوێ لە تەك ئێمەدا ببینرێت.

**هۆشیار:**

چۆن شتی وا دەڵێیت، شیلان؟

**شیلان:**

کێ چوزانێ کچە ئینگلیز چییان پێکردووە! لەوانەیە چیتر لەگەڵ کچە کوردانەدا نەحەوێتەوە، ئەم لەوەتەی گەیشتۆتەوە ئێرە رەفتاری سەیر و نامۆی بووە.

**رزگار:**

ناتوانم بڕوا بکەم کە ئەمە دەبیستم.

**شیلان:**

بیکەی باشترە. من هەست بەوە دەکەم کەتۆ هەوڵ دەدەیت خۆتم لێ لادەی، هەر کاتێك لێت نزیك دەبمەوە نارەحەتت دەبینم. من خۆم دەزانم باسی چی دەکەم، رزگار.

**رزگار:**

وەلێ من نازانم ئەتۆ باسی چی دەکەیت؟

**شیلان:**

من دەزانم تۆ ئەم رزگارە نیت کە من ناسیومە.

**هۆشیار:**

دڵــت هیــچ نــەکات، شــیلان. بــڕوات بــێ ئــەم تەنهــا لەبــەر تــۆ هاتۆتــەوە.

**شیلان:**

من ئاوای تێناگەم، ئەم بەتەنها و لە دووریش بووە.

**هۆشیار:** (دەیەوێ بارەکە خاوکاتەوە):

ئەوە شێوازی ئینگلیزەکانە، شیلان.

**شیلان:**

گاڵتە ناکەم، هۆشیار. رزگار شتێك لەمن دەشارێتەوە.

**هۆشیار:**

ئێجگار ئەمەندەش بەدگومان مەبە. شیلان.

**شیلان:**

بەدگومان نیم. پێدەچێ من لە تۆ چاکتر ئامۆزاکەت بناسم.

**هۆشیار:**

مــن وای تێناگــەم، ئێمــە لــە منداڵیمانــەوە لێــك جــودا نەبووینەتــەوە. رزگار تەنهــا ئامــۆزام نییــە، بەڵکــو باشــترین هاوڕێشــمە، وایــە رزگار؟ (دەســت لــە قــەدی رزگار وەردێنــێ، رزگار بــە گومانــەوە بێدەنگــە). ئــەوە پێنــج ســاڵە مــن بەتاســەی ئەمــەوەم!

**ئەڤین:**

بڕوانــە رزگار، هەروەهــا شــیلانیش بــۆ مــن لەدەســتە خوشــکێك

زیاتــرە و هەروەکــو خوشــکم وایــە. ئــەم لای هەمــوو ئەندامەکانــی خێزانەکەمانــەوە خۆشەویســتە. خۆزگــە لــەو پیــاوەی ئەمــی بــە نسـیب دەبـێ. ئـەم یەکێکـە لـە هـەرە خوێنـدکارە دیارەکانـی زانکۆکەمــان و دایــك و باوکــمان شــانازیی پێــوە دەکــەن. ئەوجــا، هەسـتەکانی بریندار مەکـە و ئـازاری مـەدە. گـەر ئەمـە بکەیـت مــن هەرگیــز لێــت خۆشــنابم. بــرام.

**هۆشیار** (بەمەبەستی خاوکردنەوەی گرژییەکەوە):

با ئەمە هەڵگرین بۆ دوایی. با بچینەوە نێوشاییەکەوە.

**ئەڤین:**

تەنیـا مەبەسـتم ئەوەیـە هەڵوێسـتی مـن بزانـێ. (دەسـتی شـیلان رادەکێشـێت) شـیلان، بـا بڕۆیـن. (ئەڤیـن و شـیلان بـەرەو کـۆڕی هەڵپەڕکێیەکـە دەگەڕێنــەوە. هۆشــیار و رزگاریــش بــە بێدەنگــی دوایــان دەکــەون. دووبــارە مۆســیقا دەســت پێدەکرێتــەوە و حەشــاماتەکەیش دەگەڕێتــەوە لەســەر نەرمــی مۆزیقاکــەوە هەڵدەپــەڕن و کــۆڕی شــاییەکە گــەرم دادێنــن) (رووناکــی بــەرە بــەرە نامێنــێ).

## دیمەنی دووەم

(رۆژی دواتر لە بۆتان. رزگار لەگەڵ رێبواری باوکی و رێزانی دایکیدا لە ژووری دیوەخانەی کۆشکە شاهانەکەیاندا دادەنیشن، رێبوار بە کۆمەڵە کاغەزێکەوە خەریکە. رزگار لە دامێنی دایکییەوە دانیشتووە. رێزانیش بە سۆزێکی پڕ لە جۆشەوە تێوەی دەڕوانێ).

**رێزان:**

ئازیزەکەم، پێویستیت بە قژ تاشینە.

**رزگار:**

پێش سێ هەفتان لە لەندەن تاشیومە.

**رێزان:**

سەرت هاتۆتەوە. سەیری ئەم تووکە ئاڵۆزکاوانە. شیلانی رادەسپێرم بتباتە سالۆنێکی باش. (ماچی دەکات). ئەوەندەم بیر دەکردیت.

**رزگار:**

منیش بیری تۆم دەکرد، دایە.

**رێبوار** (وەك تەماشای بەڵگەنامەیەك دەکات):

ئەدی ئەمن؟

**رزگار:**

غەریبی تۆشم دەکرد، بابە.

**رێبوار:**

بەڵام نەك هەندەی دایکت.

**رزگار:**

ئەمە چونکە دوو ساڵ بوو نەمدیبوو.

**ڕێزان:**

ڕزگار، باوکت زۆر حەسوودە.

**ڕێبوار:**

نەخێر، وانیم.

**ڕێزان:**

کە پار هاتە لەندەن ڕازی نەبوو لەگەڵ خۆیدا منیش بێنێ.

**ڕێبوار:**

ئازیزەکـەم، مـن ئامـادەم بـۆ هەرجێیـەك بتبـەم کـە مەترسـی تێـدا نەبێـت. ئـەو کات سـنوورەکان ئـارام نەبـوون، منیـش نەمدەویسـت گیانـــی تۆیـــش بخەمـــە مەترســـییەوە. ڕاپۆرتەکانـــی هەواڵگـــری ئەوەیـان ڕادەگەیانـد کـە دۆسـتەکانمان لەوبـەردا تەنهـا سـەلامەتیی دەسـتەیەکی زۆر بچووکیـان پـێ دابیـن دەکـرا. ئەگـەر بـۆم بکرایـە لێـرەوە بـە فڕۆکـە سـەفەر بکـەم، ئـەوا بێگوومـان تویشـم لەگـەڵ خۆمـدا دەبردیـت.

**ڕزگار:**

باوکــە یاوەرەکــەم زۆر بــە زەحمــەت توانیــی مەرزەوانــەکان ڕازی بــکات تــا ڕێگــەم بــدەن بپەڕمــەوە. ئەویــش بــە پــارە.

**ڕێزان:**

چەند؟

**ڕزگار:**

نەمزانـــی چەندبـــوو! ئـــەوە ڕووتاندنەوەیەکـــی ئاشـــکرایە! گوایـــا ئەوانـــەی دۆســـتانی تۆشـــن، بابـــە!

**ڕێبوار:**

جـا چیـمان بـۆ دەکـرێ، کـوڕم؟ بـە تـەواوی لـە بـن ڕەحمەتـی

ئەوانداییـــن.

**رزگار:**

یاوەرەکـەم پێشـیانی گـوت مـن کێـم و، کـوڕی تـۆم، سـوودێکی نەبـوو. ئـەوان ئـەو هەمـوو خەڵکەیشـیان بینـی کـە لەبـەری خۆمانـەوە لـە پێشـوازی مندابـوون، لەگـەڵ ئەمەشـدا هەتـا پـارەی خۆمـان نـەدا دەربازیـان نەکردیـن.

**رێزان:**

رێبـوار، پێویسـتە لەگـەڵ سـەرۆکەکانیاندا ئەمـە بـاس بکەیـت، ئەگـەر ئەمجـارە دیتنـەوە.

**رزگار:**

زۆر پێویستە، باوکە گیان.

**رێبوار:**

ئەمـە هیـچ ناگۆڕێـت هەتـا ئـەوان مووچـە و دەرامەتیـان ئـاوا کـەم بێـت.

**رزگار:**

من بە تێرم هاتنە بەرچاو، هەموویان ورگ زلن.

**رێبوار:**

وا پێدەچێ تێرنەخۆرە بانگی کردبن!

**رێزان:**

نەوەڵـڵا، هـەروا چاوچنۆکـن. (رێبـوار پـت بـە دوگمەیەکـەوە دەنێـت، دیـار کابرایەکـی تێکچەقـی بەخـۆوەو رووگـرژی پـڕ چـەك، دێتـە ژوورەوە).

**دیار:**

بەیانیتان باش.

**ڕێبوار و ڕزگار:**

بەیانی باش، دیار.

**دیار** (چاوی بە ڕزگار دەکەوێ لەگەڵ ڕێزاندا):

ڕزگار، دەبینم دایکت زۆرت پێوە خەریکە.

**ڕێبوار:**

هەروەها باوکیشی.

**دیار:**

بێگومـــان هەرچییەکـــی دایـــکان دەیکـــەن ئـــەوا لەســـەر حســـابی باوکانەوەیـــە.

**ڕێزان:**

ئۆف، پیاوان! ئێوە حەز دەکەن باجی هەموو شتێك بسەنن.

**ڕزگار:**

پێشمەرگەکان لەچیدان؟

**دیار:**

وەك هەمیشــە بەهێــزو ئامــادە بــۆ تێکشــکاندنی هەمــوو دوژمنــان. پــاش حەســانەوەت وەرە بیانبینــە.

**ڕزگار:**

دێم ئیشاللا.

**ڕێبوار** (چەند بەڵگەنامەیەکی دەداتێ):

ئــەوە ڕاپۆرتــی هەواڵگرییــە ســەبارەت بــە جموجۆڵــی یەکەکانــی دوژمــن لــە بەرەکانــی باشــوورمانەوە. پێداچوونەوەیەکــی وردی بکــە و بــە پەلــە ئــاگادارم بکــەوە.

**دیار:**

بەســـەرچاو، چەکدارەکانیشـــمان شـــتێکی لـــەم بابەتەیـــان لـــە

رۆژئــاواوەش هەســت پێکــردووە.

**ڕێبوار:**

باشــە، ئەوەشــیان ســاخ بکــەرەوە. هیــچ موفاجــەی ئــەو ناکاوییــەم نــاوێ.

**دیار:**

ئیشاللا هیچ شتێکی وا نابێت.

**ڕێبوار:** (دۆکیومەنتێکی تری دەداتێ):

ئەمەیــان بــدەرە بەرپرســانی پرۆتۆکــۆل. بــۆ ســبەی ئێــوارێ مــاوەم دەبێــت چــاوم بەشــاندەکە بکــەوێ.

**دیار:**

زۆر چاکە.

**ڕێبوار:** (بەڵگەنامەیەکی دیکەش):

دەمــەوێ بزانــم کوڕەکانــی خاڵــی پشــکنینی ئۆســکار لەبەرچــی گێچــەڵ بــە لۆرییــە بارهەڵگرەکانــی یارمەتییــە مرۆییــەکان دەکــەن. ئــەوە شــکایەتی یەکێــك لــە ڕێکخراوەکانــە.

**دیار:**

لەمەشیان دەکۆڵمەوە.

**ڕێبوار:**

راپۆرتێکــی تریــان لەســەر بێــت، ئــەوان فرِیــون، ئەوەیــان چــاك تێبگەیەنــە.

**دیار:**

دەبێ گوێچکەکانیانی پێ بئاخنم.

**ڕێبوار:**

ئەمانــە میوانــی ئێمــەن، پێویســتە بــە ئــازادی ئەرکەکانیــان

ئەنجــام بــدەن.

**دیار:**

ئەوە سیاسەتی ئێمە بووە.

**ڕێبوار:**

جارێ هەر ئەوەندەیە فەرموو:

**دیار** (بە دۆکیومەنتەکانەوە دەڕوا):

ڕزگار، لەبیــرت نەچــێ ســەردانێکمان بکەیــت. دەکــرێ تەنانــەت بــۆ بەســەرکردنەوەی هێڵەکانــی نێــوان ئێمــەو دوژمنیشــدا هاوڕێتیــمان بکەیــت.

**ڕزگار:**

سوپاستان دەکەم. (دیار دەچێتە دەرەوە).

**ڕێزان:**

من حەز ناکەم لەگەڵ پێشمەرگەکاندا بسوڕێیتەوە.

**ڕێبوار:**

ئــەم پێویســتە خــۆی لەگــەڵ هەمــوو کار و دیاردەیەکــی حزبــدا ڕابهێنــێ، ڕێــزان.

**ڕێزان:**

ڕزگار نە سەربازە، نە دەشبێتە سەرباز.

**ڕێبوار:**

خوا بزا نیازیشت نییە بیکەیت بەژن.

**ڕێزان:**

دەمــەوێ ببێتــە مرۆڤێکــی ئاســایی و ژیانێکــی ئاســایش بەســەر بەرێــت. حەزناکــەم بــەو ڕێگەیــەدا بــڕوات کــە ئێمــە پێیــدا ڕۆیشــتووین. نامــەوێ لــە نێوچیــادا بێــت. ئــەم دەبــێ خوێندنــی

خـۆی تـەواو بـکات و بـەدوای شـیلاندا بنێرێـت و بـە ئاسـوودەیی پێکەوەیـان لـە ئینگلتـەرادا ژیـان بەرنەسـەر. بۆتانییەکانـی لـە تەمەنـی ئـەم نابێـت ناچـاری ئـەوە بـن ژیانیـان بکەنـە قۆچـی قوربانیـی لـە پێنـاو شـەڕ و ناکۆکییەکـەدا. رێبـوار، ئێمەومانـان نرخێکـی زیـاد لـە پێویسـتیمان داوە. دە زسـتانی تـووش و سـەخت لـە شـاخیدا، لـەم ئەشـکەوت بـۆ ئـەو ئەشـکەوت بـەو کـەژو کێوانـە و گیانمـان لەسـەر لەپـی دەسـتمانەوە. رۆژانـی وا تێپەڕیـون ئـەوەی خـۆراك بـێ نەمـان بـووە. باسـی شـەوەهاش ناکـەم کـە نەوێراویـن ئاگـرە دزانەیەکیـش هەڵکەیـن تـا هیـچ نەبـا لاشـە تەزیوەکانمـان نەختێـك پـێ گـەرم بکردایەتـەوە. بۆیـەکا، نابـێ هیـچ ئەندامێکـی تـری ئـەم خانەوادەیـە جارێکـی دیکـە هەرگیـز بـەو رێـڕەوەدا گـوزەر بکاتـەوە. نەخێـر، هیـچ کـەس.

**رێبوار:**

ئەمـە لـە دەسـت خۆمانـدا نییـە، ئازیزەکـەم، خـۆ ئێمـە ئـەم شـەڕە شـەقەیەمان هەڵنەبـژاردووە، ئـەم یاخـەی ئێمـەی گرتـووە. جـا تـا بەسـەر نەچیـت و نەیبەینـەوە ناتوانیـن وازی لـێ بێنیـن. خەڵکانـی تـر لەوەیـە ئـەو دەرفەتەیـان ببێـت، وەلـێ ئێمـە نـا. راسـتە ئـەم بنەماڵەیـە نرخێکـی ئێجـگار زیـادی داوە. کـوڕی نۆبەرەمـان، بەسسـام، رۆیشـت. بەبەرچـاوی خۆمانـەوە بـە گوللـەی دوژمـن پێکـرا. جـا لەمـە ناخۆشـتر دەبـێ چـی بێـت! منداڵێـك لەدەسـت بدەیـن کـە خۆمـان هێناومانەتـە سـەر ئـەم دنیایـە! ئـەم خەمـە هەرگیـز لەیـاد ناکرێـت رێـزان. ئەمـە ئـەو بارگرانییـەی زیندەگیمانـە کەهەنـدێ جـار لـە ژێریـدا دەچەمێینـەوە. بـەڵام هـەر دەشـبێ بـەردەوام بیـن. لەسـەرمان پێویسـتە بـەردەوام بیـن.

ڕێــزان کــۆڵ نەدەیــن. هەتــا شــەڕەکە دەبەینــەوە. گەرنــا هەمــوو ڕەنجــی ڕابردوومــان بــا دەیبــات. ئــەم شــەڕەش چارەنووســی ڕزگار بــووە بــە تووشــیەوە و خــۆ لێدزینــەوەی بــۆ نییــە. ئــەم لەنێویــدا لەدایــك بــووە گــەر پێویســت بــکات دەبــێ هــەر لــە نێویشــیدا بمرێــت. ئاشــتی بــۆ ئــەم لەهیــچ کوێیــەك فەراهــەم نابێــت تاکــو لێــرە نەچەســپێت.

**ڕێزان:**

تــا لەژیانــدا مابــم دەبــێ دڵنیابــم لــەوەی کــە نەهێڵــم ڕزگار بــەو ڕێگەیــەدا بــڕوات کــە ئێمــە گرتوومانــە. (ڕزگار لــەم چەکبــەردە چەکبەردەیــدا ئارامــی لــێ هەڵگیــراوە، تونــد گوێچکەکانــی دەگرێــت).

**ڕێبوار:**

ڕێــزان، تــۆ تەنهــا بــۆت هەیــە لــە جیاتــی ئەڤیــن قســان بکەیــت. ڕزگار خەمــی خۆمــە.

**ڕێزان:**

ڕزگار خەمی منیشە. من نۆ مانگان هەڵمگرتووە.

**ڕزگار** (گوێچکەکانی دەکاتەوە):

ئەگــەر وەختــی هــات ئــەوا خــۆم بڕیــار دەدەم چــۆن بژیــم. هیــچ کەســێ مافــی ئــەوەی نییــە بڕیــار بــۆ مــن بــدات.

**ڕێزان:**

من نامەوێ ئەم لێرە بێت، ئەمە کاکڵەکەیەتی.

**ڕێبوار:**

ڕزگاری کــوڕم هــی ئــەم خاکەیــە و هــەر دەبــێ بــۆ ئێــرەش بگەڕێتــەوە.

**ڕێزان:**

بۆ ئەم پاشەگەردانییەوە؟

**ڕێبوار:**

تـــا وەکـــو لەنێـــو گەلەکـــەی خۆیـــدا بژیـــت و لەوەیـــە بـــەرەو سەرکەوتنیشـــمان بەرێـــت.

**ڕێزان:**

مــن مەترســی لەنێوچــوون لــەو بەڵێنــەی تــۆدا دەبینــم. نابــێ رزگار ببێتــە (بەسســام)ێکی تــر.

**ڕێبوار:**

ڕێــزان هــەر ئێمــە ئازیزێکــی خۆمانمــان لــەدەس نــەداوە. لــەم شــەڕ و ناکۆکییــەدا بنەماڵــەی وا هــەن ســەرلەبەریان تێچــوون. گونــدان ســەرتاپا لەســەر زەوی ســڕاونەتەوە. خەڵــکان بــە کۆمــەڵ لەنێوبــراون. ئێســتەیش ڕۆژانــە زۆران گیــان دەکرێنــە قۆچــی قوربانیــی. ئــەو قوربانییــە تازانەیــەش جگەرگۆشــەی خەڵکانــی تــرن. ئەوجــا تکایــە، تەنهــا بــاس لــە ژان و پــەژارەی خۆمانــەوە مەکــە، ئــەو خۆپەرســتییە.

**رزگار:**

باوکە، ناکرێ ئەم باسە بۆ کاتێکی دیکە هەڵگرین؟

**ڕێبوار:**

دایکت هێنایە ناوەوە.

**ڕێزان:**

مــن نەمهێنــا، خــۆی هاتــە نــاوەوە. منیــش ویســتم هەمــووان بۆچــوون و هەڵوێســتی مــن بزانــن.

**رزگار:**

ببڕێتــەوە، دایــە گیــان. مــن دەبــێ بڕیــار بۆخــۆم بــدەم، ئەگــەر

وەختـــی هـــات. بەڵێـــن بـــێ بۆچوونـــی هەموانیـــش ڕەچـــاو بکـــەم.

**ڕێبوار:**

ئەدی کووا خوشکت رزگار؟

**رزگار:**

وابزانم هەرخەوتووە.

**ڕێزان:**

ئەی ئێوە دوێنی شەو بۆ ئەوەندە درەنگ هاتنەوە؟

**رزگار:**

ئێمە نیوەشەو هاتنیەوە.

**ڕێبوار:**

چەکدارتان لەگەڵدا بوون؟

**رزگار:**

سەعات دە بەڕێم کردن.

**ڕێبوار:**

هەرگیز نامەوێ نیوەشەوان بەبێ چەکدار لە دەرەوە بمێنیتەوە.

**رزگار:**

ئەڤیـــن و شـــیلان و مـــن و هۆشـــیاریان دواخســـتین. بـــە حاڵێـــك توانیـــمان لـــە زەماوەندەکـــە بیانهێینـــە دەرێ.

**ڕێزان:**

ئاخر بووك و زاواکە هاوڕێ باشەکانیانن.

**رزگار:**

ئەوانیش وایانگووت.

**ڕێزان:**

بیستم تا ئێستێ سەردانی ماڵی شیلانت نەکردووە؟

(رزگار وەرام ناداتەوە).

**رێبوار:**

دەبێ هەر ئیمڕۆ بچی بیانبینیت.

**رێزان:** (هەڵدەستێ):

ئەگینا ماڵە خەزوورانت وا تێدەگەن رێزیان ناگریت (بەدەم رێکردنەوە)وادەچم ئەڤین بەسەردەکەمەوە(دەچێتەدەرەوە).

رێبوار (بەڵگەنامەیەکی دەداتەدەست):

چۆن لەمە دەگەیت؟ (رزگار وەریدەگرێ و دەیخوێنێتەوە).

**رزگار:**

"دانیشتنێکی ئاشتبوونەوە لەنێوان تۆ و کاك تیماریدا" (لە پڕێکەوە دەگەشێتەوە). باوکە، ئەمە بیرۆکەیەکی گرنگ و بەجێیە، پێویستە ئەم هەلە بقۆزیتەوە. هەر ئەوە بێنەوە بەرچاو چ بایەخێکی بۆ ئەم شوێنە دەبێت.

**رێبوار:**

من لەگەڵیدا کۆدەبمەوە. بەڵام تیماریی و من هیچ شتێکمان نییە لێیەوە بدوێین.

**رزگار:**

شتی گشتیی، شت زۆرن باسیان لێوە بکەن.

**رێبوار** (بە گوژمە کاغەزێکەوە دەڕواتە دەرێ):

ئێمە بە هیچ شێوەیەك شتێکمان نییە گفتوگۆی لەسەر بکەین. ئەو دوژمنە، هەتا دەشمرم هەر بە دوژمنی دەزانم. (کاغەزەکە لەدەستی رزگار دەسێنێتەوە و دەیدڕێنێ و دەچێتە دەرەوە. رزگار بە نارەزایی و ئومێد براوییەوە بەچاو بەرێی دەکات. لایتەکان دەکوژێنێتەوە).

## دیمەنی سێهەم

(دواتــر، هــەر هەمــان شــەو لــە تیــمار، ماڵــی تیمارییــەکان، دیوەخانەیەکــی بەرفــەراح و پــڕ کەلوپــەل. جیهــان دێتــە ژوورەوە). جیهــان (بــۆ ئەوانــەی دوورن لەشــانۆوە): بــا چایــی لێــرە بخۆینــەوە. (جیهــان لەســەر مافوورەکــەوە دادەنیشــێ و چاوەڕێــی دەکات. ئاواتــی باوکــی دێتــە ژوور).

**ئاوات** (بۆ ئەوانەی دووره شانۆن):

لێرەی دەخۆینەوە هەتا ئەوان بتوانن مێزەکە پاك کەنەوە.

(شیرینی خوشکی جیهان و شوانی برای دێنە ژوورەوە).

**جیهان** ( کەشیرین و شوان لەسەر عەردەکە بە تەنیشتیەوە دادەنیشن):

بەراســتی خواردنێکــی خــۆش بــوو. زۆر تامــەزرۆی خواردنــی خۆمانــەم.

**ئاوات** (بەسەر قەنەفەکەوە پاڵ دەداتەوە):

جا بۆچی خۆتان لێی نانێن؟

**جیهان:**

بەچییەوە باوکە؟

**شوان:**

بــێ قــەزا بیــت، تــۆ بڵێیــت لــە لەنــدەن شــوێنێك نەبــێ کەلوپەلــی چێشــت لێنانــی لــێ دەســت کەوێــت؟

**جیهان:**

جێیەکی وام نەدۆزیتەوە.

**شیرین:**

کە گەڕایتەوە، ئەوەندەی بۆت دەچێ لەگەڵ خۆتی بەرە.

**جیهان:**

حـەز ناکـەم بـە نێـو ئـەو ڕێگـە دژوارانـەی سـنووردا هیـچ لـە خـۆم بکەمـە بـار.

**ئاوات:**

گـەر دەتـەوێ لـەزەت لـە خواردنـی خۆمـان وەرگریـت دەبـێ تەحەمولـی ئەویـش بکەیـت.

**جیهان:**

هەندێکـم لەگـەڵ خۆتـدا بـۆ بهێنـە. باوکـە، هـەر کاتـێ هاتیتـە لەنـدەن.

**ئاوات:**

بە دایکت بڵێ، من لەبیرم نامێنێت.

(پەخشان، دایکی جیهان بە قۆری چاوکووپانەوە دێتە ژووری).

**پەخشان** (چایی تێدەکات):

چیم پێ بڵێ؟

**شوان** (بەتەوسەوە):

لۆرییەك خۆراك بنیریت بۆ کیژە ئازیزەکەت لە لەندەن.

**شیرین:**

ئەم هەرگیز نەیگوتووە لۆرییەك خۆراك.

**جیهان:**

سوپاسـت دەکـەم، شـیرین. لەوەتـەی سـێ ڕۆژە گەڕاومەتـەوە شـوان هەرتانـە و تەشـەرم تێدەگرێـت. وا هەسـت دەکـەم حەسـوودیتان بێـت کـە مـن لـە ئینگلتـەرام.

**شوان:**

تەنیا یەك هۆم بدەرێ کە من حەسوودیت پێ ببەم.

**شیرین:**

چونکە ئەتۆش دەتەوێت بچیتە ئەوێوە.

**پەخشان:**

هەموو کەسێك حەز دەکات بچێتە ئەوێ، ئازیزەکەم.

**ئاوات:**

خـەم مەخـۆ، شـوان. تۆیـش خـوا یاربـێ سـاڵی داهاتـوو دەچیـت بـۆ لای ئـەم.

**شیرین:**

ئەدی من؟

**ئاوات:**

ساڵی دواتر، ئیشاللا.

**پەخشان:**

خۆ تەماتان نییە بە هەمووتان من لێرەدا جێ بهێڵن هاە؟

**ئاوات:**

خۆشەویستەکەم، من و تۆ بۆ هەتایی بێرەوە نووساوین.

**شیرین:**

دایە گیان، باکت نەبێ، دەتوانیت هەمیشە سەردانمان بکەیت.

**جیهان:**

باوکـە تـۆ دەبـێ حسـابی پـارەش لێـك دەیتـەوە بـەر لـەوەی تێکـڕای بنەماڵـەی تیماریـی بـۆ لەنـدەن بـەڕێ بکەیـت. لـەو ماوەیـەدا بـاری مـن نەختـێ ئاڵـۆز بـوو، پـارەم لـێ بڕابـوو، پـارەی کرێـم نەدرابـوو. چەنـد پرۆژەیەکـی قوتابخانـە پارەیـان پێدەویسـت. ئـەم سـێ مانگـەی دواییـش دوور لـە هاوڕێیەکمـەوە ژیـاوم. ئەگـەر ئەویـش نەبوایـە هەرگیـز ئـەم خولـەی خوێندنـم بـۆ تـەواو نەدەکـرا.

**پەخشان** (سەراسیمەیە):

کێ نەبوایە؟ ئەم کێیە؟

**جیهان:**

برادەرێکە.

**شیرین:**

ئینگلیزە؟

**جیهان:**

نەخێر، باوکە مرۆڤ دەبێ ڕێگەیەکی خێراومتمانە پێکراوتر بۆ بەدەستهێنانی پارە بدۆزێتەوە.

**ئاوات:**

جیهان دڵتەنگم ئەو گیروگرفتانەی تۆ دەبیستم. خۆزیا سەرچاوەیەکی خێراتر و باوەڕپێکراوترم دەدۆزییەوە. وەك بانقێك بە وێنە. یاخود دەزگایەکی پارە گۆڕینەوە. بەداخەوە لە شوێنێکدا دەژین ئەو جۆرە شتانەی لێ نییە. چەند حەزم دەکرد برۆیشتمایەتە بانقێکەوە، فۆرمێکم پڕ بکردایەتەوە پێیانم بگوتایە (ئەم پارەیە بە تەلەگراف بنێرن بۆ جیهانی کچم بە فلانە ئەدرێس لەلەندەن). لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا پارەکەت پێ بگەیشتایە. وەێ، ئەفسووس! لێرە کارەکە بەو شێوەیە نییە. بۆیە ناچارین بەردەوام پشت بە سەردانی خزم و برادەران ببەستین کە پارەوپوول و نامەکانیان پێدا بنێرینە دەرەوە. وەزعەکەی ئێمە ئێستا ئەمەیە.

**پەخشان:**

لەم مانگەی دواییدا سنوورەکان زۆر ئارام و سەلامەت نەبوون. خەڵکانێکی ئێجگار کەم زاتی ئەوەیان کردووە بپەڕنەوە.

ئەوانیــش هــەر بــە گەیشــتنیان بــۆ ئــەو دیــو پــوول و پــارە و هەرچییەکــی پێیــان بــووە لێیــان ســەنراوە. ئێمــە هــەر لــە خەمــی تــۆدا بوویــن، بــەڵام دەستەوەســتان و بــێ چــارە. حــەز دەکــەم بزانیــت کــە ئێمــە قــەت تۆمــان لەبیــر نەکــردووە.

**شیرین:**

بابــە ئــەرێ بــۆچ هــەر جــارەی کــە دێتــەوە ئەوەنــدە پــارەی نادەیتــێ بایــی ســاڵێکی بــکات؟

**شوان:**

چونکە خەتەرە بە پارەی زۆرەوە بەو سنوورانەدا گوزەر بکەیت.

**ئاوات:**

زۆر دروســتە. تەنانــەت ئــەو بــە کەمەیــەش کــە پێیەتــی ناچــار دەبــێ لــە نێــو شــەرواڵەکەیدا بیشــارێتەوە. وانییــە جیهــان؟

**جیهان:**

بەڵــێ، بەڵــێ. ئــەوان هەمــوو شــوێنێکی لــەش دەپشــکنن. قامکــە چڵکنەکانیــان دەژەننــە نێــو هەمــوو ســاکێکەوە ئــای لــەو رەفتارەیــان کــە قێزەونــە!

**شیرین:**

وامدەزانی بابە چەند ناسیاوێکی لەوێ هەبن یارمەتیت بدەن.

**جیهان:**

هەرچی لە توانایاندا هەبێ درێغی ناکەن.

**ئاوات:**

ئێمــە هــەر دەبــێ تەحەمولیــان بکەیــن تــا ئــەو رۆژەی کــە بۆمــان دەکــرێ لێــرە دەربچیــن بەبــێ پشــت بەســتن بــە خێــر و ســەدەقەی درەودراوســێدا، ئەوانــەی رەفتارەکانیــان لــە چاکتریــن بــاردا بــە نامــۆ

و کـەس نەکـردە حسـاب دەکرێـن. ئێمـە لـە نێـوان دراوسـێی ئاوەهـا دەژیــن کــە بۆیــان هەیــە هــەر ســاتێ دەروازەکانیــان بــە رووماننــدا کلــۆم بــدەن. ئیمــڕۆ دۆســتن و ســبەی دوژمــن. ئــەوان هیــچ باکــی ئێمــەو مانانیــان نییــە و بگــرە بــە بارێکــی قورسیشــمان دادەنێــن. گــەر بێتــو رۆژێکیــان ئێمــە لەســەر رووی زەوی نەمێنیــن ئــەوا بــۆ ئــەوان دنیــا دەبێتــە شــامی شــەریف. وەلــێ ئێمــە هەرگیــز ناســڕێینەوە. ئێمــە ئــەوە بــۆ خولقاویــن کــە هــەر لێــرە بمێنیــن. وەکــو هــەر کەســانێکی تــر. ئێمــە دەبــێ بــەردەوام بیــن لەســەر وروژاندنــی ویژدانــی ئــەم جیهانــە.

**جیهان:**

پێشــەکی بــا جــارێ ماڵــی خۆمــان رێــك بخەینــەوە. ئێمــە دەبــێ فێربیــن کــە پێکــەوە بژیــن و بەیەکیشــەوە کار بکەیــن.

**ئاوات:**

ئەوە بە قسە ساناترە تا بە کردەوە، جیهان.

**شیرین:**

دیســان بابــە کەوتــەوە ســەر باســی سیاســەتەوە. لێگەڕێــن لــە شــتێکی تــرەوە بدوێیــن. جیهــان نەختــێ باســی لەنــدەن و هــاوڕێ ئینگلیزەکانتــمان بــۆ بکــە.

**ئاوات:**

ئێمــە بــاس لەمانــەوەی خۆمانــەوە دەکەیــن، شــیرین. جــا ئەمــە گرنــگ نییــە؟

**شیرین:**

کاتێکی تر، باوکە. جیهان، بەردەوام بە. حیکایەتەکە چییە؟

**شوان:**

حەزی لە قسەو قسەلۆکانە.

**شیرین:**

شـــتێکم گەرەکــە پێــی پێبکەنــم. لــە شــەڕ و شــۆڕ و مــەرگ و فرمێســك وەرەس و بێــزارم. ئەوەیــش تاکــە شــتە لێــرە دەیناســین. کۆمەڵگەکەمـان هیـچ خۆشـییەکی تێـدا نییـە. خەریکـە ئارامـم لـێ هەڵدەگیرێـــت.

**پەخشان:**

منیــش رام لەگــەڵ رای شــیرین دایــە. ئــەم خەمناکییــە ســەرمەدییە هەنــدێ جــار مــرۆ بێــزار و مانــدوو دەکات.

**شوان:**

جا، ئەگەر هۆیەك نەبێ چۆن پێ بکەنیت؟

**شیرین:**

هۆیەك دابێنە. (پەخشان دەچێت کووپەکانیان بۆ پڕ دەکاتەوە).

**ئاوات:**

مــن خەمــی ئاینــدەی خۆمانمــە. ئەگــەر هــی وەکــو شــیرینمان هەبــێ. کــەس نامێنــێ تــا ســەر ئەرکەکــە بەخــۆوە بگرێــت.

**جیهان:**

بــۆی هەیــە و وەچــەی ئێمەمانــان شــێوازی جــواداواز لەکارکردنــدا پەســەند بکــەن. بــۆ نموونــە لەگــەڵ دوژمنەکانــی تــۆدا ئاشــتەوایی بکــەن.

**شوان:**

تەنانەت ئەگەر دوژمنەکانیش ئاشتییان نەویست؟

**جیهان:**

گەنجەکانیان دەیانەوێت.

**شوان:**

دیـــارە ئینگلتـــەرا کاری تێکردوویـــت. خەریکـــە لـــە دڵ ســـافییتەوە بەدیـــار دەکەوێـــت.

**جیهان:**

من ئەوەندە ساکار نیم، خۆم دەزانم چی دەکەم.

شیرین (وەڕسە):

تکایە با ئەم لاپەڕەیە وەرگێڕین.

**پەخشان:**

جیهان، نەختێ باسی ژیانمان لە ئینگلتەرادا بۆ بکە.

**جیهان:**

لـــە خـــەو رابـــە، بچـــۆ قوتابخانـــە، وەرەوە ماڵـــەوە، بخوێنـــەوە و بچـــۆ بخـــەوە. هـــەر ئەوەیـــە.

**شیرین:**

ئەدی کات بۆ رابواردن؟

**جیهان:**

ئەوەنـــدەت ئیـــش زۆرە پێڕاناگەیـــت، خوشـــکی ئازیـــزم، پـــارەش بـــای رابـــواردن نامێنێتـــەوە.

**شیرین:**

ئەمە دڵم دەگوشێت.

**شوان:**

شیرین هەموو حەقایەتەکەی نەگێڕایەوە.

**پەخشان:**

شوان، چ هەیە تۆ بیزانیت و ئێمە نەیزانین؟

**شوان:**

مــن کەســێك ناناســم ئــەو جــۆرە زیندەگییــە لــە لەنــدەن بەســەربەرێت.

**ئاوات:**

خۆ لەگەڵ ئەودا لەوێ نیت.

**شوان:**

لەگـەڵ ئەمەشـەوە ناچیتـە ئەقڵـەوە هەمـووی هـەر کار بووبێـت و هیـچ رابـواردن و یارییـەك نەبووبـێ.

**جیهان:**

راســتە جاروبارێــك دەچمــە دەرێ بــۆ ســینەما، شــانۆ، خواردنگــە، پــارك و کــۆگا و دوکانان..هتــد.

**شیرین:**

لەگەڵ کێدا؟

**جیهان:**

هاوڕێیان.

**شیرین:**

هاوڕێی چۆن؟ نێر یان مێ؟

**جیهان:**

نێر و مێ.

**پەخشان:**

نێــر؟ ئومێــد دەکــەم ئــاگاداری خــۆت بووبێــت جیهــان. هێــرش لێــرە زۆر بــە پەرۆشــەوە لــە چاوەڕوانیــی تۆدایــە.

**جیهان:**

داوام لەکەس نەکردووە چاوەڕوانی من بێت.

**ئاوات:**

ئەوە یانی چی؟

**جیهان:**

واتا هێرش پێویست ناکات چاوەڕێی من بێت.

**ئاوات:**

ئاخر ئەو دەیەوێ شووی پێ بکەیت. هەمیشە هەر گوتوویەتی تۆ دێنێ.

**شوان:**

تۆیش هەمیشە تەشجیعت کردووە.

**جیهان:**

مافی ئەوەم هەیە رای خۆم بگۆڕم.

**شوان:**

تازە کار لەکار ترازاوە.

**جیهان:**

ئەمە ژیانی منە باسی لێوە دەکەین شوان. هیچ کەس ئەو مافەی نییە لە جیاتی خۆم بڕیاربدا چۆنی بگوزەرێنم.

**پەخشان:**

باوکت و من لەسەرمانە ڕێنماییت بکەین. جیهان.

**جیهان:**

جوانە. بەڵام دەبێ هەر خۆم ئەو کەسە هەڵبژێرم کە حەز دەکەم لەگەڵیدا بژیم.

**شوان:**

بەڵام هێرش بۆ تۆ دانراوە.

**پەخشان:**

جیهان، ئەتۆ هیچت لە دژی هێرش هەیە؟

**جیهان:**

نەخێر (پەخشان و ئاوات ئاهێکیان دێتەوەبەر).

**شیرین:**

دایك و باوکی هاتوون دایە و بابە ببینن.

**جیهان:**

بەبێ پرسی من؟

**ئاوات:**

ئا، جا ئەوە هیچی تێدایە؟

**جیهان:**

بەڵێ تیایەتی (بەرزە پێ دەبێ). تکایە باسی هێرش و خێزانەکەی ببڕێننەوە. حەز دەکەم من خۆم ئەم بابەتە ساخ کەمەوە.

(بە تووڕەیی دەچێتە نێوماڵەوە. پەخشان و ئاوات تاساون).

**شوان:**

ئەوە کاریگەری پەروەردەی ئینگلیزە بەسەر کچەکانمانەوە.

**شیرین** (سەرزەنشتی شوان دەکات):

وازی لێبێنە.

(شیرین کووپە بەتاڵەکان کۆ دەکاتەوەو دەچێتە نێوماڵەوە).

**ئاوات:**

پێموایە جیهان شتێکمان لێ دەشارێتەوە.

**پەخشان:**

بڕواناکـەم. تەنیـا پێـی خۆشـە پرسـی پـێ بکرێـت، ئەمەیـش شـتێکی ڕەوایـە.

**ئاوات:**

ئەم بە بڕیاری ئێمە رازی نییە.

**پەخشان:**

نەخێر، رازییە.

**شوان:**

من وای تێناگەم.

(بەبێدەنگـی دادەنیشـن و بـە حەپەسـاوی بیـر لـە هەڵچوونـە ناکاوییەکـەی جیهـان دەکەنـەوە. ڕووناکـی بـەرە بـەرە دەکوژێتـەوە.

## دیمەنی چوارەم

(کەمێــك دواتــر،ماڵــی تیماریــی لەتیــمار. شــوان لــە ژووری میواناندایــە، خەریکــی پاککردنــەوەی تفەنگەکەیەتــی).

**پاشا** (دێتە ژوورەوە):

کوا جیهان؟

**شوان:**

پێموایە لەژووری خۆیایەتی.

**پاشا:**

میوانێکی هاتووە.

**شوان:**

هێرشە؟

**پاشا:**

نەخێر.

**شوان:**

ئەی کێ؟

**پاشا:**

نایناسم.

**شوان** (پاش بیرکردنەوەیەکی کورت):

تکایە بیهننە ژوورەوە، پاشا.

**پاشا:**

ئۆکــەی. (پاشــا دەڕواتــە دەرێ. شــوان دەســت بــە ئیشــەکەی خــۆی دەکاتــەوە. لــە دەرگا دەدرێــت).

**شوان:**

فەرمــوو ژوورەوە! (رزگار دێتــە ژوورێ، دەســتبەجێ شــوان دەناســێتەوە).

**رزگار:**

هەلۆو، هەبێ و نەبێ دەبێ تۆ شوان بیت.

**شوان:**

بەڵێ، ئەوم پێموانییە پێشتر جەنابتانم دیبێ.

**رزگار:**

زۆر راستە، بەڵام من وێنەکانی تۆم بینیون.

**شوان** (هەر بە ساردییەکەوە):

لە کوێ؟

**رزگار:**

لای جیهــان، لەئینگلتــەرا. مــن رزگارم، هاوڕێــی جیهــان. هەردووکــمان لــە ئینگلتــەرەدا دەخوێنیــن. (رزگار دەســتی درێــژ دەکا و شــوان بــە نابەدڵــی دەیگوشــێ). زۆر بــاش بــوو ئێــوەم بینــی. خوشــکت ئەوەنــدە باســی جەنابتــان و شــیرینی بــۆ کــردووم.

**شوان:**

تێناگەم باسی چی منت بۆ بکات.

**رزگار:**

ئــۆ، زۆر شــتی چــاك. ئــەو ئەوەنــدە هەمووتانــی لــەلا خۆشەویســتن. (شــوان کپــە). قوتابخانــە چــۆن؟

**شوان:**

باشە تۆ چ جۆرە هاوڕێیەکی خوشکمیت؟

**رزگار:**

هاوڕێیەکی نزیك.

**شوان:**

چۆن نزیکییەك؟

**رزگار:**

هێندە نزیك کە بە مونافەسە درێژخایەنەکەی نێوانتانا بزانم.

**شوان:**

ئومێد دەکەم لەگەڵ خوشکمدا زۆر پێتان لێ هەڵنەبڕێ بێت.

**رزگار:**

دەتوانیت ئەوە لە خوشکت بپرسیت.

**جیهان** (بە ژوور دەکەوێت) رزگار دەبینێ و بە پەلە ئاوێزانی دەبێت):

ئازیزەکەم، چۆن گەیشتیتە ئێرەوە؟

**رزگار:**

بەسەر بەرماڵێکی سیحرییەوە. (بەردەوام یەکتریان لەباوەش گرتووە، بەبێ گوێدانە شوان کەتا دێ نارەحەتتر دەبێت).

**جیهان:**

ئای کە بیرم دەکردیت!

**رزگار:**

منیش هەروەها. (شوان کە چیتر وەزعەکەی بۆ قوت ناچێ، تفەنگەکەی هەڵدەگرێتەوەو خەریك دەبێ بڕواتە دەرەوە).

**جیهان** (بۆ رزگار):

دڵنیام شوانی برامت ناسیوە.

**رزگار:**

بەڵێ، قسەمان لەگەڵ یەکدیدا دەکرد.

**شوان** (بۆ جیهان):

گـەر حەیـات بەخۆتبـا ئەمنـت نەدێنـا ئێـرەوە. بـە مەزنـدەی تـۆ دەبـێ هەسـتی هێـرش چـی بێـت؟

**جیهان:**

من مارەبڕی هێرش نیم و هەرگیز ناشبم.

**شوان:**

بــە تەمــای ئــەوەش مەبــە لێگەڕێیــن حەیــای ئــەم خانەوادەیــە ببەیــت. (بــە تووڕەییــەوە دەردەپەڕێــت).

**جیهان:**

شوان، ئەوەندە گەورە بووم هاوسەری خۆم هەڵبژێرم.

**رزگار:**

هێرش کێیە؟

**جیهان:**

بـرادەری شـوانی برامـە (بـە تێزێکـەوە) ئـەو پیاوەیـە خێزانەکەمـان بـۆ منیـان دەستنیشـان کـردووە. بـۆ منیـش نییـە قسـەیەکی تێـدا بکـەم، دەتوانیـت ئەمـە بێنێتـە بەرچاوتـەوە؟

**رزگار:**

بەڵێ، دەتوانم (بە ژوورەکەدا هەڵدەڕوانێ).

**جیهان:**

وەرە دانیشە، گیانەکەم. پێم بڵێ بزانم چۆن ئێرەت دۆزییەوە؟

**رزگار** (لەتەنیشتیەوە دادەنیشێ):

تاکسـییەکم گـرت، شـۆفێرەکەی پیـاوی بـاش بـوو، زۆر چـاك دەیزانـی لەهـەر خاڵێکـی پشـکنیندا چـی بـکات تاکـو لـە پشـکنین رزگارمـان بێـت. چاوەڕوانیـش دەکات بمباتـەوە ماڵـەوە.

**جیهان** (دەستی لە قەدی وەرێناوە):

ئای کە بە دیدەنیت دڵشادم. تکایە هەتا بۆت دەکرێ بمێنەوە.

**رزگار:**

پێویسـتە پێـش ئـەوەی بازگـەکان دابخرێـن بڕۆمـەوە (دیسـان دەسـت لەمـلان دەبنـەوە) ئـەی ئەوانـی دیکـەی خێزانەکەتـان کـوان؟

**جیهان:**

بابـە کۆبوونـەوەی هەیـە. دایـە میوانداریـی ژنـە شـەهیدانی حـزب دەکات لەلایەکـی ماڵـەوەدا. شـیرینیش هـەر لەماڵەوەیـە. چـی دەخۆیتـەوە؟

**رزگار:**

چایـەك، خـراپ نییـە. (جیهـان هەڵدەسـتێ بـڕوا، رزگار بـە سـوحبەت رایدەکێشـێتەوە لای خۆیـەوە یەکـتر لـە ئامێـز دەگرنـەوە).

**پەخشان** (دێتە ژوورە):

کوانێ جیهان؟ وەرە بەخێرهاتنی ژنە شەهیدانمان بکە.

(جیهـان خێـرا خـۆ لـە رزگار دورو دەخاتـەوە. پەخشـان سەرسـوڕماوە کـە لـە تـەك پیاوێکـی نەناسـیاودا دەیبینـێ).

**جیهان:**

دایە، ئەمە رزگاری هاوڕێمە.

**پەخشان** (رووە حەپەساوییەکەی یەکەمجاری دەڕەوێتەوە):

هەلۆو.

**رزگار** (تەوقەی لەگەڵدا دەکات):

خۆشـحاڵم بـە بینینـت خانمـی تیماریـی زۆرم لەبـارەی تـۆوە بیسـتووە، بـەڵام دەبـێ پێشـەکی سوپاسـی جەنابـت بکـەم کـە

کیژێکــی ئاوەهــا نایابــت پێگەیانــدوە. باوکــم هەمیشــە دەڵێــت منداڵــی بــاش رەنگدانــەوەی ماڵەوەیانــە.

(پەخشان بە رەزامەندییەوە دەخەنێتەوە).

**جیهان:**

ئەوە هەموو کاتێك راست دەرناچێت.

**پەخشان** (بەگومانەوە):

رزگار کێ؟ جەنابت خەڵکی کوێیت؟

**جیهان** (دەیەوێ باسەکە وەرگێڕێت)

مامــی، رزگار ئــەو هاوڕێیەیــە کــە وتــم یارمەتیــی داوم. ئەمیــش لەلەنــدەن دەخوێنێــت. هاوڕێیەکــی ئازیــزە، دایــە. پێویســتە بەنــاوی خێزانەکەمانــەوە سوپاســی بکەیــت. ئەگــەر یارمەتیــی و پشــتگیریی ئــەم نەبوایــە ناچــار دەبــووم زانکــۆ جێبهێڵــم.

**پەخشان:**

ســوپاس بــۆ هاوکاریــت. لەخــوا دەپاڕێمــەوە پاداشــتی زیاتــرت بداتــەوە.

**رزگار:**

ســوپاس بــۆ یــەزدان. کیژەکەتــان زۆر دڵفرەوانــە. دڵنیــام ئەمیــش هەمــان یارمەتــی دەدام ئەگــەر ئەمــن لــە هەڵوێســتێکی هاوچەشــندا بوومایــە. بــە ناســینی خــۆم بــە بەختــەوەر دەزانــم.

**پەخشان:**

تۆ ئی تیماریت؟

**رزگار:**

نەخێر.

**پەخشان:**

ئەدی خەڵکی کوێیت؟

**جیهان** (هەمدیس هەوڵ دەدات بابەتەکە بگۆڕێت):

دایــە کــە تــۆ هاتیــت مــن دەمویســت شــتێك بــۆ رزگار بێنــم بیخواتــەوە. بـام جـارێ بـە پەلـە سـڵاوێك لـە ژنـە شـەهیدەکان بکـەم پێـش ئـەوەی کووپـە چاییـەك بـۆ رزگار بهێنـم. (پەخشـان دەیـەوێ قسـە بـکات، جیهـان مـاوەی پێنـادات): رزگار، تکایـە، خـۆت بـە خـاوەن مـاڵ بزانـە. زۆرم پێناچـێ. (لەگـەڵ پەخشـاندا پێکـەوە بـە پەلـە دەردەچـن).

**رزگار** (بەدەنگێکی بەرز لەدوایانەوە):

خۆشحاڵم بەناسینت،خانمی تیماریی.

**جیهان** (بۆ دووری شانۆوە)

بچۆرە لای رزگار و جێی مەهێڵە.

**شیرین** (دێتەژوورێ):

رزگار کێیە؟

**رزگار:**

منم ناکا تۆیش شیرین بیت.

**شیرین** (واقی وڕماوە):

بەڵێ.

**رزگار:**

تــۆ زۆر لــە خوشــکت دەکەیــت. (دەســتی بــۆ درێــژ دەکات): چۆنیــت؟

**شیرین** (دەستی دەگوشێت):

زۆر باشم.

**رزگار:**

مـــن هاوڕێـــی خوشـــکتم. بـــە بۆنـــەی پشـــووەوە هاتوومەتـــەوە نیشـــتمان.

**شیرین:**

تۆش لە هەمان کۆلیژی ئەو دایت؟

**رزگار:**

نەخێر، بەڵام کۆلیژەکانمان لێك دوور نین.

**شیرین:**

هەمان بابەتیش دەخوێنن؟

**رزگار:**

نەخێر، ئەم یاسا و منیش پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

**شیرین:**

بەلاتانەوە چۆنن؟

**رزگار:**

باشـــن. هـــەر ئـــەوە نەبێـــت کـــە کێشـــەکەمان زۆرتـــر لـــە پەراوێـــزی پەیوەندییەکانـــی نێودەوڵەتیـــدا ماوەتـــەوە.

**شیرین:**

دەبێ بۆیە نەبێت خۆمان کەمتەرخەمین؟

**رزگار:**

دەبـــێ خۆمـــان بســـەپێنین. (جیهـــان بەخـــۆ و ســـێ کووپـــە چـــای بەســـەر دەســـتە باشـــییەکەوە دێتـــە ژوورەوە).

**جیهان** (چایەکان دەگێڕێت):

تا ئێستا رات لەسەر خوشکی بچوکم چییە؟

**رزگار:**

رۆح سووك و دڵگرە.

**جیهان:**

هەندێ جار (دەستی بەسەریدا دێنێ) بابە پێی خۆشە بێتە لای من لە لەندەن ئەگەر ئامادەیی ئێرەی تەواو کرد. هەروەها براکەیشم دێت.

**رزگار:**

زۆر بەجێیە جاری وا هەیە لە لەندەن خەڵك هەست بە تەنیایی دەکات.

(بۆ شیرین): باشە بڕیارت داوە لەلەندەن چ بابەتێك بخوێنیت؟

**رزگار:**

تۆ حەز بە سیاسەت ناکەیت؟

**شیرین:**

رقم لێی دەبێتەوە.

**رزگار:**

بۆچی؟

**شیرین:**

چونکە سیاسەت لێرە بۆتە خواردن و خواردنەوەمان و بۆتە ئەو هەوایەی هەڵیدەمژین و دەشیدەینەوە. خەریکە بمانخنکێنێ.

**رزگار:**

ناتوانی دەستبەرداری بیتن شیرین، تۆ لە خانەوادەیەکی بەنێوبانگ و ناسراویت. خانەوادەیەکی خاوەن دەسەڵاتی رامیاریی.

**شیرین:**

ئاخر دەشێ هەر لەبەر ئەوە رقم لێی بێتەوە.

**رزگار:**

دەتوانم لە هەستەکانت تێبگەم. هەندێ جار هەمان هەستم دەبێت.

**شیرین:**

خانەوادەی ئێوەش سیاسەتوانن؟

**هێرشێ** (دێتە ژوورێ):

سەلاموعەلەیکم (هێرش دێتە ژوورەوە، سڵاو لە هەمووان دەکا و دادەنیشێت. ساتەوەختێکی نارەحەتیی و بێدەنگی دادێت): جیهان دەتوانم بۆ دەقیقەیەك بتبینم؟

**جیهان** (بەساردییەوە):

ئێستا وەختی نییە.

**هێرش:**

کەی وەختی دەبێت؟

**جیهان:**

نازانم.

**شیرین** (هەوڵی خاوکردنەوەی گرژییەکە دەدات):

پێموایە شوان دەیەوێ لە ژوورەکەیخۆیدا بتبینێ، هێرش.

(شیرین هێرش بە نابەدڵی پاڵ دەنێت. رزگار و جیهانیش دەست لە ملی یەکتری دەکەن وەك ئەوەی ئاهەنگی سەرکەوتنی ساتەوەختییان بگێڕن).

## دیمەنی پێنجەم

(ڕۆژێـك دواتـر، ماڵـی بنەماڵـەی بۆتانیـی. رزگار بەسـەر لاقەنەفەیەکـەوە پاڵـی داوەتـەوە رۆژنامەیەکـی خۆماڵیـی بەدەسـتەوەیە).

**ڕێزان** (دێتە ژوورەوە):

ئـەرێ سـەعاتەکەی دوێنـێ لـە دەسـتم بـوو لـە کوێـم جێهێشـتووە؟ (دیوەخانەکـە دەگەڕێـت) رزگار، هیـچ دەمژمێـرت لێـرە نەدیـوە؟

**رزگار:**

نەخێـر، دایەگیـان (هـەر بـە رۆژنامەکـەوە خەریکـە)، ئـەم وێنەیـەی باوکـم جـوان دەرنەچـووە.

**ڕێزان:**

ئــادەی ببینــم (ســەیری وێنەکــە دەکات) رزگار باوکــت لەوێنــەدا جــوان دەرناچێــت.

**رزگار:**

هەڵەکە ئی باوکم نییە، هەر وێنەیەك دەکرێ بشێوێنرێت.

**ڕێزان** (بە پەلە چاو بەنێو رۆژنامەکەدا دەگێڕێت شتێك تێبینی دەکات)

چیم پێ گوتیت، رزگار؟

**رزگار:**

چی؟

**ڕێزان:**

وێنەیەکـی تـۆ لەسـەردانی هێڵەکانـی پێشـەوەدا. پێـم نەگوتـی کـە نەچیـت؟

**رزگار:**

تەنهــا لەبەردڵــی دیــار چــووم. خــۆت دەزانیــت مــن حــەز بــەو

شتانە ناکەم.

**ڕێزان** (دەخوێنێتەوە):

ڕزگار بۆتانیی نیشتەجێی لەندەن، کوڕی ڕێبوار بۆتانیی سەرکردەمان، بە بۆنەی پشووەوە گەڕاوەتەوە نیشتمان". نامەوێ تۆ جارێکی تر تێکەڵاوی ئەو جۆرە شتانە بیت.

**ڕزگار:**

بەسەرچاو، دایکە.

**ڕێزان** (ڕۆژنامەکە دەداتەوە دەست ڕزگار پێش ئەوەی دەست بە پشکنینەکەی بکاتەوە):

پێموابوو دوێنێ شەو کاتژمێرەکەم لێرەدا جێهێشتبێ.

**ڕزگار:**

بۆ کوێ دەچیت دایە؟

**ڕێزان:**

بۆ نەخۆشخانە.

**ڕزگار:**

بۆچی ڕوویداوە؟

**ڕێزان:**

هەر سەردانێکی ئاساییە بۆ دڵنەوایی سەربازە زامدارەکانمانەوە، کێك و جگەرە و ساردەمەنیم بۆیان کڕیوە. ئەم سەردانە بەلایانەوە زۆر دەگەیەنێت. زۆریان کەسێکیان نییە بە تەنگیانەوە بن.

**ڕزگار:**

ئەمە کەی کۆتایی دێت؟

**ریزان:**

چی؟

**رزگار:**

ئـەم شـەڕە بـێ مانایـەی براکوژییـە، ئـەم هەمـوو کوشـتار و کـەم ئەنـدام کردنـە بـێ کۆتاییـەی خەڵکـی بـێ تـاوان. ئاخـۆ کـەی ببڕێتـەوە؟

**ریزان:**

ئـەو کاتـەی ئافرەتـان جڵـەوی هێـز دەگرنـە دەسـت. بـەرەی پیـاوان هەمـوو شـێتن.

**رزگار:**

بـلا ژنـان مێردەکانیـان ناچـار بکـەن و دایـکان رۆڵەکانیـان و خوشـکان براکانیـان ئـەم بەربەرییەتـە بوەسـتێنن. ئاخـر بۆچـی ئێمـە یەکـدی سـەردەبڕین؟ شـەڕمان لەسـەرچییە؟ فەرمـوو، ئەمـە راپۆرتێکـی دیکـەش لەبـارەی شـەڕ و پێکدادانـی زۆر سـەخت و دژوار لەبـەرەی رۆژهەڵاتـی باکـووردا.

**ریزان:**

پێتم گوت پاش تەواوکردنی خوێندنیش نەگەڕێیتەوە ئێرە.

**رزگار:**

جا نازانم چۆن ئەمە کێشەکە حەل دەکات!

**ریزان:**

ئـەدی بەهاتنـەوەت چارەسـەر دەکرێـت؟ وەچەیەکـی دۆڕاوی دیکـەش؟ ئـەوەت گەرەکـە بـۆ نـەوەی خۆتـان؟ ئەوجـا بـۆ لـە شـوێنێکیدا خـۆت بـزر نەکەیـت و هـەر هیـچ نەبـێ مێشـکتی لـێ بحەسـێتەوە؟

**رزگار:**

مێشك ئاسوودە بێ؟ ئەمە خۆ خەڵەتاندنە. دایە گیان. تاوەکو پشێویی و پاشاگەردانی لێرەدا هەبێ، هیچ کەس لە ئێمە هەرگیز بۆی نییە بە ئومێدی ئاسوودەگی مێشکەوە بێ، لە هەر کوێیەك بین. ئەم جیهانە بەردەوام باری ژیانمان گران دەکات. هیچ دوورگەیەکی پەناگە بۆ ئێمە دەست ناکەوێت.

**رێزان:**

من دەمەوێ تۆ ژیانێکی جیاوازت ببێت، رزگار، ژیانێکی ئاسایی و شیاو. نەبێتە میراتگری ئەم مەرگبازییە ترسناکەی بنەماڵەکەمان. کەی ئەمە ژیانە!

**دیار** (دێتە ژوور):

رزگار، میوانێکت هەیە.

**رزگار:**

کێیە؟

**دیار:**

نایناسم، وەلێ کیژێکی شۆخە.

**رزگار** (بیردەکاتەوە):

تکایە بیهێنە ژوورەوە.

**رێزان** (سەعاتەکەی لە ژێر مێزێکی لاتەنیشتێوە دەدۆزێتەوە):

دەمزانی هەر لێرەیە. (سەعاتەکە هەڵدەگرێتەوە و لە دەستی دەکاتەوە لەو کاتەی جیهان بەسرکەیەکەوە دێتەژوورێ. رزگار بەرزە پێ دەبێت بۆ لەئامێزگرتنی، رێزان بە ئارامیی چاوەڕوان دەکا پێی بناسێنێت).

**رزگار:**

دایکـە، ئەمـە جیهانـی هاوڕێمـە. جیهـان، ئەمـە دایکمـە (سـڵاو لـە یەکـتری دەکـەن). جیهانیـش لـە ئینگلتـەرە دەخوێنێـت.

**ڕێزان** (بۆ جیهان):

بڕواناکەم لەمەوپێش تۆم دیتبێت. تۆ خەڵکی بۆتانیت؟

**رزگار:**

خەڵکــی بۆتــان نییــە (هــەوڵ دەدات ڕێــزان بــەدەرەوە نێــت). دایکـە، بـۆ سـەردانەکەت درەنگـە. (بـۆ جیهـان) دایکـم دەچێتـە سـەردانی سـەربازە بریندارەکانمـان لـە خەسـتەخانەدا.

**جیهان:**

ئەها، ئەمە ئێجگار پیرۆزە!

**ڕێزان:**

چـی بکەیـن، دەبـێ ئـەوەی لـە توانـادا بـێ بیکەیـن (دەیـەوێ بـڕوات) خۆشـحاڵ بـووم بـە دیتنـت. (رزگار دەباتـە لایەکـەوە. جیهـانرۆژنامەکـەهەڵدەگرێتـەوەوپێیـدادەڕوانێـت)ئەمـەکێیـە؟

**رزگار:**

گوتم هاوڕێمە.

**ڕێزان:**

خەڵکی کوێیە؟ پێناچێ ناسیاو بێت.

**رزگار:**

دایە، کاتی ئەوەش دێ بە چاکی پێتی بناسێنم.

**ڕێزان:**

رزگار، مەبەست چییە کاتی ئەوەش دێت؟

**رزگار:**

تکایە جارێ نا، دایکە.

**رێزان:**

ئەدی ئەگەر شیلان ببینێ؟

**رزگار:**

ئەمـــە بـــۆ مـــن لێگـــەڕێ، دایـــە (بەڕێـــی دەکات). ســـڵاوم بـــە ســـەربازەکان بگەیەنـــە.

(رێـــزان دەخزێتـــە دەرەوە بەبـــێ ئـــارەزوو) رزگار دەگەڕێتـــەوە بـــۆ لای جیهـــان). بەداخـــەوە چاوەڕوانیـــم پێکردیـــت، تـــۆ چـــۆن چۆنـــی گەیشـــتیتە ئێـــرەوە؟

**جیهان:**

بەناوێکـــی خـــوازراوەوە تاکسـیەکم گـــرت و هاتـــم، دوێشـــەو خـــەو نەچۆتـــە چاوانمـــەوە، هـــەر لـــە بیـــری تۆدابـــووم.

**رزگار:** (کە لە ئامێزی دەگرێت):

منیش زۆر غەریبی تۆم دەکرد، ئازیزەکەم.

**جیهان:**

ئەی کوان، ئەوانی ترتان لە کوێن؟

**رزگار:**

باوکـم سـەرقاڵی هەنـدێ کاروبـاری حزبـە لەشـار. ناشـزانم خوشـکە چکۆلانەکـەم کێـوە چـووە.

**جیهان** (ئاماژە بۆ وێنەکەی رزگار لە رۆژنامەکەدا دەکات):

وێنەیەکی جوانە قەت پێت نەگووتووم کە پێشمەرگەیت.

**رزگار:**

پێشـــمەرگە نیـــم. فەرمانـــدەی پێشـــمەرگەکان داوای لێکـــردم

سـەردانێکی پیاوەکانـی لـە هێڵـی پێشـەوەی بەرەکانـدا بکـەم. منیـش دڵـم نەشـکاند، ئەوانیـش زۆریـان لێکـردم دەسـتەجلێکی پێشـمەرگان بکەمـە بـەر. منیـش لەبـەر خاتـری دیـار مەرامەکەیانـم بەجێهێنـا. ئـەز بڕوایيـم بـە جەنـگ نییـە. جەنـگ هەرگیزاوهەرگیـز چارەسـەر نییـە بـۆ کێشـەگەلی ئاڵـۆزکاوی وەك ئـەوەی ئێمـە و مانـان. بـەڵام، لـەوەش تێدەگـەم کـە خەڵـکان بۆچـی بـەردەوام لـە جەنگـدان.

**جیهان:**

لە ترسی فشار لەماڵەوە هەڵاتووم.

**رزگار:**

فشاری چی؟

**جیهان:**

هەموویـان دەیانویسـت بزانـن تـۆ کێـی و خەڵکـی کوێیـت و چیـمان لـە نێوانـدا هەیـە؟ براکـەم هەراسـانی کـردووم و هەڕەشـەی ژیانـم لێـدەکات لـە پێنـاو هێرشـی هاوڕێیـدا. بۆیـە چیـتر نەمتوانـی دان بـە خۆمـدا بگـرم.

**رزگار:**

ئەوجا بۆ راستییەکەت پێ نەگوتن؟

**جیهان:**

دەیانکوشتم.

**رزگار:**

درەنـگ بـێ یـان زوو، هـەر ناچـار دەبیـن، ئەنجـام هەرچییـەك بێـت، پێیانـی بڵێیـن.

**جیهان:**

زۆر پەشـۆکاوم، رزگار. نازانـم مەگـەر ئێمـە خۆمـان گێـل نەکـردووە، بـە هیـوای ئـەوە بیـن خۆشەویسـتیمان بەسـەر کینـەو رقـی دێرینـدا سـەربکەوێ، ئـەوە سەرکێشـیەکی خەیلـێ مەترسـیدارە.

**رزگار:**

هــەر بڕیارێکــی بیدەیــن، خۆشەویســتەکەم، بــای خــۆی مەترســی تێدایــە.

**جیهان:**

بەڵکــو بتوانیــن هەتــا لێرەیــن خۆمــان لەیــەك دووربگریــن و چــاوەڕێ بکەیــن تــا دەگەڕێینــەوە لەنــدەن.

**رزگار:**

لەگەڵ ئەمەشەوە هەر دەبێ بە دایك و باوکمانی رابگەیەنین.

**جیهان:**

دەتوانیــن لــە لەنــدەن ئەمــە بکەیــن، ئــەوە لــەوێ گەلێــك سـاناتر دەبێــت.

**رزگار:**

باشە، بۆ دەبێ ئێمە ئەم دەردەسەرییە بکێشین، بۆ؟

**جیهان:**

چونکـە لـە دنیایەکـدا دەژیـن پـڕ لـە رق و کینەیـە، تەنیـا مەترسـیم ئەوەیـە کـە دەشـێ ئێمەیـش لەگـەڵ خۆیـدا بهاڕێـت.

ئەڤیـن (لـە دووری شـانۆوە) بـا لـە دیوەخانەکـە قسـان بکەیـن. (دێتـە ژووری) ئـەوێ کەسـی لـێ نییـە (ئەڤیـن دێتـە ژوور، شـیلان بەدوایـدا، بـە دیدەنیـی رزگار و جیهـان واقیـان وڕ دەمێنـێ).

**رزگار** (سەرپێ دەبێت):

سڵاوخانمەکان! دەمەوێ بە جیهانی هاوڕێمتان بناسێنم، جیهان، ئەمە ئەڤینی خوشکمە، ئەمەیش شیلانی دەستە خوشکیەتی (جیهان بەرزە پێ بە پیریانەوە دەچێت، بەڵام ئەڤین و شیلان خۆیانی لێ نەبان دەکەن. هەردوولایان بە بێدەنگیی لە یەکتری رادەمێنن. سەرەنجام ئەڤین وەردەسوڕێ تا بڕوات شیلان بەدوای خۆیدا بەکێش دەکات. لەکاتی رۆیشتنیاندا ئاوڕێکی پڕ مانا لە رزگار و جیهان دەدەنەوە. جیهان داڕووخاوە و خۆی دەهاوێتە نێو کورسیەکەیەوە. رزگار هەوڵ دەدا دڵنەوایی بکات و دڵی دەداتەوە. چراکان بەرە بەرە دەکوژێنەوە).

## بەشی دووەم

### دیمەنی یەکەم

(ڕۆژی دواتــر، لــە تیــمار، ماڵــی تیمارییــەکان، ئــاوات تیماریــی لــە ژووری دیواخانــەی خۆیــدا تەلیفــۆن دەکات).

**ئاوات:**

بەڵــێ، جەنابــی ســەفیر. ئێمــە سوپاســی پشــتگیری و یارمەتیــی مــاددی و مەعنــەوی ئێــوە دەکەیــن. هەرکاتــێ بــاری ئاسایشــی ئێــرە پێشــڤەچوو حــەز دەکەیــن ســەردانێکمان بکــەن.. بەڵــێ.. زۆر ســوپاس بــۆ ئــەم پەیوەندییەتــان. تکایــە گەرمتریــن ڕێــز و سڵاوم بــە هاوســەر و منداڵەکانــت ڕابگەیەنــە. خواتــان لەگــەڵ (تەلیفۆنەکــە دادەنێتــەوە، پاشــا چەنــد ڕۆژنامەیەکــی خۆجێــی دێنێتــە ژوورەوە).

**پاشا:** (لەگەڵ پێدانی ڕۆژنامەکانەوە):

ڕۆژنامەکانی دوێنی ئەولا.

**ئاوات:**

چی گرنگیان تێدایە؟

**پاشا:**

واپێدەچــێ خەریکــی ئــەوە بــن کوڕەکــە ڕابهێنــن تــا جێگــەی باوکــی بگرێتــەوە. وێنەیەکــی میراتگــری مســۆگەر لەیەکێــك لەڕۆژنامەکانــدا پەخــش کــراوە.

**ئاوات:**

بێنە بی بینم.

**پاشا:** (وێنەکەی پێ نیشان دەدات).

ئەوەتانێ لە هێڵەکانی پێشەوەدا.

**ئاوات:** (سەرنجی نیگارەکە دەدات)

ئای بەستەزمان! گەر تەنها دەیزانی خۆی تووشی چی دەکات!

**پاشا:**

ئەم لە لەندەنیش دەخوێنێت.

**ئاوات:**

بەراستتە؟

**پاشا:**

بەڵێ پێموایە پێشتریش دیومە.

**ئاوات:**

لە کوێ؟

**پاشا:**

هەر لێرە، ئەو زۆر لەو گەنجە دەکات کە دوێنێ هاتبووە سەردانی جیهان.

**ئاوات:**

ئەوە شێت بوویت؟

**پاشا:**

لەوانەیە، دەشبێ هەردووکیان پێك بچن.

**ئاوات:**

نابێ کچی من هەرگیز تێکەڵاوی ئەو کەسانە بێت. جیهان زۆر لەوە بەرزترە (سەیرێکی ڕۆژنامەکە دەکاتەوە) (بیست خێزانی تر دەرکراون) بە چ مافێك بەدەرکردنی لایەنگرەکانیان لێرەوە تاوانبارمان دەکەن لە کاتێکدا ئەوان خۆیان لەوەدا

دەستپێشـــخەربوون؟

**پاشا:**

گوێیـان مـەدەرێ (شـوان پۆسـتەرێکی لەدەسـتدایە لەگـەڵ هێرشـدا دێتـەژووری) کارەکـە چـۆن چۆنـی دەڕوات بەڕێـوە؟

**شوان:**

زۆربە باشی. خەڵکانێکی زۆریان لێ پەشیمان بوونەتەوە.

**هێرش:**

ئەوەنـــدەی مـــن ئـــاگام لێیـــە چەنـــد شـــتێکی هەنـــدێ ســـەیر و ســـەمەرەمان ئەنجامـــداوە. ئەمـــە یەکێـــك لـــەو پۆســـتەرانەیە لـــە دەسـتپێکی پرۆسـەکەوە بڵاوکراوەتـەوە. (هێـرش پۆسـتەرەکە دەداتـە دەسـت پاشـا و ئەویـش سـەرنجێکی خێـرای دەدا پێـش ئـەوەی بیگەیەنێتـە ئـاوات).

**ئاوات:** (تەماشای پۆستەرەکە دەکات)،

ئەمـە چاکـە، ئومێـد دەکـەم بـۆ رێکخەرەکانـت روونتکردبێتـەوە کـە بـۆ نەمتوانیـوە ئامـادە بـم.

**شوان:**

بەڵێ کردوومە، بە بینینی من زۆر خۆشحاڵ بوون.

**ئاوات:**

ئـەوان کارێکـی چاکیـان بەدەسـتەوەیە، پێویسـتیان بـە پشـتگیریی ئێمـە هەیـە.

**هێرش:**

ئـەو ژمـارەی ئـەوان داویانـە لەمـەڕ زیانەکانمانـەوە ئێجـگار ترسـناکن.

**پاشا:**

زۆر لە سەربازەکانمان رۆژانە لەنێو دەبرێن.

**شوان:**

مـن بـە فێـڵ ئاراسـتەی هێرشـەکەیانم بـەلای هێزەکانـی خۆمانـدا شـکاندەوە.

**پاشا:**

زۆر چاکـت کـردووە (جیهـان بـە ژوور دەکـەوێ و هێـرش دەبینـێ، خەریـك دەبـێ بگەڕێتـەوە) وەرە ژوور، جیهـان. ئێمـە کۆبوونەوەمـان نییـە.

**ئاوات:** (بۆ جیهان)

نەشمیلەکەم ئیمڕۆ ماچێکت بە بابە نەداوە؟

(جیهان باوکی ماچ دەکا و بێ ئەوەی خۆ لە شوان و هێرش بگەیەنێت).

**پاشا:**

دەبـێ بـڕۆم خشـتەیەکی نـوێ بـۆ پاسـەوانەکانی دەروازەکـە دابنێـم. دواتـر دەتانبینمـەوە. (پاشـا دەچێتـە دەرەوە).

**ئاوات:** (بە ئیعتبارەوە لەجیهان رادەمێنێ):

هێـرش، دەسـتگیرانەکەت رۆژ بـە رۆژ جوانـتر دەبـێ، ئـای کـە بەختەوەریـت! (هێـرش خەندەیەکـی بـۆ دەکات، جیهـان بـێ کەیفـە). مـن بـە باوکتـم گوتـووە، هێـرش بتنێرێتـە ئینگلتـەرا بـۆ تەواوکردنـی خوێندنەکـەت. تـۆ دەبـێ نزیکـی هاوسـەرەکەت بیـت.

**هێرش:**

سوپاست دەکەم، گەورەم، ئەویش ئەوا خەریکی ئەوەیە.

**ئاوات:**

حـەز دەکـەم ئـەوەم بیسـت (بـۆ جیهـان) ئـەوە شـتێکی زۆر بەجێیـە

ئازیزەکـــەم! (جیهـــان وەرام ناداتـــەوە) ئەمـــە چییـــە؟ دەڵێـــی بـــە دڵـــت نییـــە جیهـــان؟ جیهـــان بێدەنگـــە. پاشـــا دێتـــە ژوور میوانەکـــەی جیهـــان پێشـــکەش دەکات و دەڕواتـــە دەرەوە. رزگار وەژوور دەکـــەوێ و جیهـــان یەکڕاســـت بـــەرزە پـــێ دەبـــێ و پێشـــوازی لێـــدەکات، شـــوان و هێـــرش ئاشـــکرا تووڕەییـــان پێـــوە دیـــارە. ئـــاوات شـــێواوە).

**رزگار:**

هیوادارم هیچم لێ تێکنەدابن.

**جیهان:**

نەخێر فەرموو باوکم بناسە. بابە، ئەمە رزگارە.

**رزگار:** (سڵاو لە ئاوات دەکات)

بەختەوەرییەکـــی بـــێ ســـنوورە کـــە جەنابتـــان بناســـم. کاك تیماریـــی (بـــۆ هێـــرش و شـــوان) هەلـــۆو! (شـــوان و هێـــرش پشـــت گوێـــی دەخـــەن).

**ئاوات:**

سوپاست دەکەم.

**جیهان:**

رزگار هاوڕێی منە، ئەمیش لە ئینگلتەرا دەخوێنێت.

**ئاوات:**

ئاوەهایە؟

**جیهان:**

بابی رزگار زۆر چاکەی بەسەرمنەوە هەیە.

**ئاوات:**

ســـوپاس بـــۆ یاریدەدانـــی کچەکـــم (شـــوان و هێرشـــی پێشـــکەش دەکا) حـــەز دەکـــەم بـــە شـــوانی بـــرای و هێرشـــی دەزگیرانیـــت بناســـێنم.

**جیهان:**

بەیەکدی گەیشتوون، باوکە.

**ئاوات:**

بەراستی؟ لەکوێ؟

**جیهان:**

هـەر لێـرە، رزگار جارێکـی تـر هاتۆتـە ئێـرەوە (ئـاوات لەنـاکاوڕا شـتێکی بیـر دەکەوێتـەوە وەك شـێت دەکەوێتـە پشـکنینی رۆژنامەکانـەوە، جیهـان هەڵدەسـتێ و هێمایـەك بـۆ رزگار دەکات). وەرە بڕۆینـە نێـو باخەکـەوە دابنیشـین، رزگار بمانبەخشـن.

**ئاوات** (بۆ رزگار کە ئێستێ بە پێوەیە):

چاوەڕوان کە.

**شوان:**

باوکـە جیهـان بۆچـی ئـەم پیـاوە دێنێتـەماڵـەوە؟ لەبەرچـی هێـرش دەشـکێنێتەوە؟

**جیهان:**

باوکـە بـۆ شـوان دەیـەوێ لـە جیاتـی مـن بڕیـار بـدات؟ کـێ ئـەوی کردۆتـە وەلـی ئەمـری مـن؟ (روو لـە رزگار دەکات) بـام لێـرە بچینـە دەرەوە.

ئاوات (لە هەوڵی ئەوەدایە ئاخۆ وێنەکەی نێو رۆژنامەکە هی رزگارە)

بۆ هیچ لایەك نەڕۆن. پێویستە شتێ یەکلایی کەمەوە.

(رزگار و جیهـان هەسـت بـە مەترسـییەك دەکـەن. وەکـو دزی دەسـتگیرکراو چاوەڕێـی سـزاکەیانن. هێـرش و شـوان، بـێ ئـاگا لـە مەبەسـتی ئـاوات لـە تووڕەییانـدا دەکوڵێـن) رزگار، تـۆ خەڵکـی کوێیـت؟

**جیهان:**

بابەگیان، دواتر خۆم پێتی دەڵێم.

**ئاوات** (سوورە لە سەر قسەکەی):

دەمەوێ هەر ئێستێ بزانم، پێم بڵێ رزگار تۆ خەڵکی کوێیت؟

**جیهان:**

بابــە بۆچــی ئەمــە دوانەخەیــن؟ (بــۆ رزگار) بــڵا لێــرە دەربچیــن، خەریکــە شــێت دەبــم.

**ئاوات** (بەدەنگێکی بەرز):

هەردووکتــان دانیشــن! (رزگار و جیهــان بــە ترســەوە دادەنیشــن) ئەتــو کێیــت رزگار؟ (پەخشــان و شــیرین بەراکــردن دێنــە ژوورەوە).

**پەخشان:**

ئەمەچی قەوماوە؟

**شیرین:**

بابەگیان، بۆ وا هاوار دەکەیت؟

**ئاوات** (بۆ پەخشان و شیرین)

تکایە دانیشن، دەمەوێ بچمە بنج بنەوانی ئەم کێشەیەوە.

**پەخشان:**

کام کێشە ئاوات؟

**ئاوات:**

هــەر ئێســتێ تێدەگەیــت (فۆتۆگرافەکــەی نێــو رۆژنامەکــە بــە رزگار نیشــان دەدا) ئەمــە تۆیــت رزگار؟

**جیهان:**

بۆ ئەمە بە من دەکەن؟

**ئاوات:**

وەرام بدەرەوە، رزگار.

**رزگار:**

بەڵێ منم.

**ئاوات:**

تۆ لە ماڵی مندا چی دەکەیت، رزگار بۆتانیی؟

**پەخشان:**

چیی؟ رزگار بۆتانیی؟ کام لە بۆتانییەکان؟

**رزگار:**

من رزگار بۆتانیی بۆتانم، من و کچەکەی ئێوە دڵداری یەکترین.

(پەخشان وشیرین و هێرش واقیان وڕماوە شوان دەردەپەڕێتە دەرەوە).

**ئاوات:**

تـــۆ دڵـــداری کـــچ نیـــت. باوکـــت تـــۆی بـــۆ ئێـــرە نـــاردووە تـــا ســـیخوڕیمان بەســـەردا بکەیـــت.

**جیهان:**

ئەوە هیچ راست نییە. باوکە، ئێمە یەکتریمان خۆش دەوێ.

**پەخشان:**

بەڵام ئەم بۆتانییە. چۆن دەکرێ تۆ حەز لە بۆتانییەك بکەیت؟

**جیهان:**

بـەلای منـەوە گرنـگ نییـە کێیـە! تەنهـا ئـەوە گرنگـە مـن خۆشـم دەوێـت.

**ئاوات:**

ئەمـەش هەمـووی بەشـێکە لـە پیلانەکەیـان کچەکەمـان فریـو بـدەن و شـیرازەی خێزانەکەمـان لێـك بترازێنـن.

**رزگار:**

بەڕێز تیماریی، باوکم هەرگیز بەمەی نەزانیوە.

**هێرش:**

هی درۆزن!

**ئاوات:**

ئـەو قەسـپەی تـۆ دەیخۆیـت وا ناوکەکـەی لـە گیرفانـی مندایـە. (شـوان وەژوور دەکەوێـت، بـە تفەنگـی سـوارەوە و رووە و رزگار هەنـگاو دەنـێ. دەسـتبەجێ جیهـان خـۆی بـۆ رزگار دەکاتـە سـوپەر).

**جیهان:**

دەبێ منیش لەگەڵ ئەمدا بکوژیت.

**شیرین:**

نەیتەقێنیت، شوان!

**شوان** (بەتوڕەییەوە):

بۆچی هاتووتە ئێرەوە؟

**ئاوات** (بۆ رزگار):

هـەر ئێسـتێ لـەم ماڵـە بچـۆرە دەرەوە، بـەر لـەوەی کار لـەکارا بـترازێ.

**جیهان** (بەفرمێسکەوە):

ئەوا بۆ هەمووتان ئەمەم لەگەڵدا دەکەن؟

**شوان** (رووی تفەنگەکەی هەر لە رزگارە):

تەنیا دە چرکەت لە پێشە تا ئێرە جێ هێڵیت.

**رزگار:**

من بۆ ئەوە نەهاتووم کێشەتان بۆ دروست بکەم. ئەوا دەڕۆم.

**جیهان** (بەپاڵ شوان لە رزگارەوە دوور دەخاتەوە):

لێرە مەێنە، من ئەو مافەم هەیە هەرکەسێکم بۆی بیبینم.

**رزگار** (بەدەم رۆیشتنەوە):

لێمگەڕێ بڕۆم، جیهان. حەز دەکەم هەمووتان ئەوە بزانن کە نیازم زۆر پاکە بەرامبەر بە جیهان. بڕوام بەوە نییە کە هەر لەبەر ئەوەی خانەوادەکانمان دوژمنی یەکترن دەبێ جیهان و منیش رقمان لە یەکدی بێتەوە! لەنێوچاوانمان نەنووسراوە کە وەچە دوای وەچە دەبێت بچینە ژێرباری کارەساتی کینە و رکابەرایەتییەوە. جا ئەگەر چارەنووسی من و جیهان بەیەکەوە بەسترابێتەوە هێز نییە لەیەکمان بکات. دەمەوێ هەمووتان ئەوە چاك بزانن. (رزگار دێتە دەرێ).

**جیهان** (بۆ شوان):

دەیبینیەوە، بزانین تۆ یان هیچ کەسێك لێرە دەتوانێ هێرش بەسەر مندا بسەپێنێ. (جیهان بۆ گەڕان بەدوای رزگاردا دەردەپەڕێتە دەرێ).

**ئاوات** (بۆ جیهان):

وەرە بگەڕێرەوە؟

**پەخشان:**

جیهان! ئەوا بۆ کوێ دەڕۆیت؟

(شوان و هێرش سەرکەوتووانە دادەنیشنەوە، کاتێ شیرین بە بێزاری لە ژوورەکە دەردەچێت. پەخشان بە شوێن جیهاندا دەڕوات. ئاوات بە خامۆشی پاڵ دەداتەوە و قووڵ لەفیکران راچووە. رووناکی بەرە بەرە نامێنێ).

## دیمەنی دووەم

(هەمان رۆژ لە بۆتان. رزگار لە ژووری دیواخانەدا بەتەنیشت جیهانەوە کەوتۆتە سەرچۆکان).

**رزگار:**

جیهان بچۆوە ماڵەوە.

**جیهان:**

نامەوێ بچمەوە.

**رزگار:**

لێرەت ببیننەوە شەڕ دەقەومێ.

**جیهان:**

باکم پێی نییە، هەر دەمەوێ لەگەڵ تۆدا بم.

**رزگار:**

وا چاکە لێرە بە قسەیان بکەین، هەتا دەگەڕێینەوە بۆ لەندەن.

**جیهان:**

بۆچی وەکو هەموو خەڵکانی تر کە خۆشەویستی دەکەن رەفتار نەکەین؟

**رزگار:**

چونکە ئێمە خەڵکی ئاسایی نین خۆشەویستی بکەین. خانەوادەکانی ئێمە دژی یەکدی لەشەڕدان.

**جیهان:**

جا ئێمە چیمان پێدایە؟

**رزگار:**

بە خەیاڵی ئەوان دەبێ ئێمەش کارمان پێیدابێت. (بێدەنگیی)

تکایـە بچـۆرەوە، جیهـان (ڕێبـوار و ڕێـزان وەژوور دەکـەون، نەختـێ مانـدوو دیـارن). بەخێربێنـەوە چـۆن بـوو؟

**ڕێزان:**

گەشتێکی سەخت بوو، بەڵام ماندووبوونەکەی دێنا.

**ڕێبوار:**

بۆچ لەگەڵماندا نەهاتیت؟

**ڕزگار:**

منیـش ئەرکێکـی دیکـەم هەبـوو (بـۆ جیهـان) بـۆ کردنـەوەی بازاڕگەیەکـی نـوێ کـە دوو کاتژمێـر بـە ئۆتۆمبێـل لێـرەوە دوورە، چووبـوون.

**ڕێبوار:**

پێموایە پێشتر ئەم کێژۆڵەیەم دیبێ.

**ڕێزان:**

ئەمە جیهانە. لەگەڵ ڕزگاردا لە لەندەن دەخوێنێ.

**ڕێبوار:**

ئەوە شتی چاك. چۆنیت؟

**جیهان:**

زۆر سوپاس. من بەختەوەرم بە ناسینتان.

**ڕێبوار:**

خەڵکی ئێرەیت؟

**ڕزگار:**

نەخێـر ئـەوەی ڕاسـتی بـێ ئێمـە خەریـك بـوو دەربچیـن کـە ئێـوە تەشریفتـان هێنایـەوە.

**ڕێبوار:**

میوانداریی لێکراوە؟

**رزگار:**

بەڵێ ئێمە دەبێ بڕۆین . بابە گیان.

**ڕێزان** (ڕێزان جانتاکەی دەپشکنێتەوە):

هەندێ شیرنەمەنیم لە ئاهەنگەکەوە هێناوە. جیهان دەبێ تامیان بکەیت. (شیرنەمەنییەکان دەداتە جیهان، ئەمیش یەکێکیان دەخوات).

**جیهان:**

زۆر بەتامە سوپاست دەکەم.

**ڕێزان:**

بۆت هەیە هەموویان بەریت.

**ڕێبوار:**

ئەتو خەڵکی کوێیت؟ (دیار دێتە ژوور. جیدییەتی پێوە دیارە).

**ڕێبوار:**

چی هەیە دیار؟

**دیار:**

نامەیەك لە تیمارەوە (جیهان و رزگار دەشڵەژێن).

**ڕێبوار:**

چییان لێمان دەوێ؟

**دیار:**

لە بارەی کچەکەی تیمارییەوەیە، دەڵێت گوایە ئێمە رفاندوومانە.

**ڕێبوار:**

ئەوا باسی چی دەکات؟ ئەوە شێت بووە؟

**دیار:**

بـاوەڕ ناکـەم. ئەوانـەی نامەکەیـان هێنـاوە لەبـەر دەرگا چاوەڕوانـن. گوتیـان نارۆنـەوە هەتـا کچەکەیـان نەدەیتـەوە. لـە قسـەکانیانەوە ڕا دیاربـوو مەبەسـتیان میوانەکـەی رزگار بێـت. منیـش نکۆڵـی ئـەوەم کـرد کـە هەرگیـز لێـرە دیبێتـم.

**ڕێزان** (ڕوو لە جیهان دەکات):

تۆ بڵێی بەدوای تۆدا بگەڕێن؟

**جیهان:**

بەڵێ بەندە جیهان تیمارییم.

**ڕێبوار و ڕێزان:**

چیی!؟

**ڕێبوار:**

تۆ لەماڵی ئێمەدا چی دەکەیت؟

**رزگار:**

هاتــووە ســەردانی مــن دەکات. ئێمــە هاوڕێیــن و یەکتریشــمان خــۆش دەوێ.

**ڕێبوار:**

هیچ کوڕێکی من بۆی نییە پەیوەندیی بە تیمارییەکەوە بێت.

**ڕێزان:**

ئەی چ لە شیلان دەکەیت؟ چ بەو کچە بەستەزمانە بڵێین؟

(هۆشیار دێتە ژوورەوە. لەگەڵ ئەڤین و شیلاندا).

**هۆشیار:**

ئـــەوە لـــە کـــوێ بوویـــت رزگار؟ وەختـــا بـــوو بانگـــەوازت بـــۆ بڵاوبکەینـــەوە (بـــۆ جیهـــان) هەلـــۆوا! (شـــیلان وەردەچەرخـــێ تـــا بـــڕوات).

**ئەڤین:**

ئەوە بۆ کوێ؟

**هۆشیار:**

ئەوە لێرە چ روویداوە؟

**ئەڤین:**

لـە رزگار بپرسـە لەبەرچـی سـووکایەتی بەشـیلان دەکات بـە هێنانـی کچێکـی تـر بـۆ ماڵـەوە؟

**دیار:**

ئێستا من چی وەرامی پیاوەکانی تیماریی بدەمەوە؟

**رێبوار** (بۆ دیار):

پێیـان بڵـێ ئـەم چەتیـوە رۆح لێـرە ناباتـە دەرەوە ئەگـەر جارێکـی تـر پـێ بنێتـەوە بۆتـان. (بـۆ جیهـان) هـەر ئێسـتێ ئـەم ماڵـە جـێ بهێڵـە.

(جیهان راست دەبێتەوە دەڕوات).

**رزگار:**

باوکـە رەوا نییـە بەهـۆی بنەماڵەکەیانـەوە رقـت لـەم بێتـەوە. مـن تەمـام نییـە ئـەم بوغـز و ناحەزییـە بـە میـرات بگرمـەوە.

**ئەڤین** (بۆ رێزان):

ئەم کچە کێیە؟

**ڕێزان:**

کچی تیمارییە.

**هۆشیار و ئەڤین:**

کچی تیماریی؟

**ئەڤین:**

جا کچی تیماریی چ کاری بەماڵی ئێمەدا هەیە؟

**شیلان:**

بەڵکو بۆ ڕاوی ڕزگار نێردراوە!

**هۆشیار:**

ڕزگار، ئەوە ئەقڵت لەدەس داوە؟

**ڕزگار:**

نەخێر من ئەوم خۆش دەوێت. من کارم بە خێزانەکەیانەوە نییە.

**هۆشیار:**

خێزانەکەیان دەیان ساڵە هەوڵی نەمانی ئێمە دەدەن.

**ڕزگار:**

هەروەکو خێزانی ئێمەش سەرقاڵی هەمان شت بووینە.

**هۆشیار:**

ئەوجا بە تێکەڵاویت لە تەك کچەکەیانەوە تۆ کارەکەیان بۆ ساناتر دەکەیت.

**ڕێبوار:**

وا تێدەگەم ڕزگار زۆر لەوە داناتر بێت.

دیار (ئارامی نەماوە)کە نامەهێنەرەکان وەرامیان دەوێتەوە.

**ڕێزان** (بۆ دیار):

تکایە جیهان ببە دەرەوە.

**جیهان:**

بەداخەوە ئەم هەموو کێشەیەم بۆ دروستکردن.

**ئەڤین**(بەتەوەسە):

نا، نا گوێت لێنییە. (دیار جیهان دەباتە دەرێ).

**ڕزگار:**

ئەمە ڕەوانییە. دەتانەوێ بەهۆی خێزانەکەیانەوە ڕقم لێی ببێتەوە. ئەوەی لە مێشکی خۆتانا دەرکەن. من ئەوم خۆش دەوێ و هەتا هەتایێ لەو خۆشەویستییە بەردەوام دەبم.

**ڕێبوار:**

منیش حاشات لێدەکەم گەر جارێکی تر لەگەڵ ئەو کچەت ببینمەوە. (ڕزگار بە توڕەیی دەردەپەڕێتە دەرەوە. شیلان دەست بە گریان دەکات. ئەڤین دڵی دەداتەوە).

**ڕێزان** (بۆ هوشیار):

بیگرە، دەیکوژن، ئەگەر بەدووای ئەو کچەدا بچێتەوە تیمار. (هۆشیار بە دوای ڕزگاردا دەڕوات. ڕێزانیش دەچتە یاری ئەڤین بۆ دڵدانەوەی شیلان. ڕێبوار بەسەرسامیی دادەنیشێتەوە).

## دیمەنی سێیەم

(ڕۆژی دواتـر لـە تیـمار، جیهـان چـاو پـڕ لـە فرمێسـك لەسـەر لاقەنەفەیەکـی ژووری میوانـان گرمۆڵـە بـووە. هێـرش بـە پارێـزەوە بـە ژوور دەکەوێـت و بەسـەر ڕۆخـی قەنەفەکـەوە دادەنیشـێ. هـەوڵ دەدات دەسـت لـە ملـی جیهـان بـکات. وەلـێ ئـەم بـە توندیـی پاڵێکـی پێـوە دەنـێ و بـەری دەداتـەوە).

**هێرش** (هەڵدەستێتەوە)

ئەوا چیت بەسەرا هاتووە؟

**جیهان:**

نامەوێت نزیکم کەویتەوە.

**هێرش:**

باشە من چیم لێت کردووە؟

**جیهان:**

هیچ بەس وازم لێبێنە.

**هێرش:**

تۆ جاران ئاوەها نەبوویت. بزانم چ ڕوویداوە.

**جیهان:**

چیتر حەز بەچارەت ناکەم.

**هێرش:**

بەڵام من تۆم خۆشدەوێ.

**جیهان:**

ئاخر من تۆم خۆشناوێت.

(هێـرش ئەمجـارە بـە نائومێـدی هـەوڵ دەدات لێـی نزیـك کەوێتـەوە کەچـی جیهـان پاڵـی پێـوە دەنێتـەوە و بـەری دەداتـەوە سـەرزەوی، کەوتنەکـە ئەوەنـدە

سـەخت بـوو سـەرنجی شـوانی راکێشـا).

**شوان:** (بەپەلە بۆیارمەتیی هێرش خۆی رەپێش دەکات):

ئەوە چی لێکردیت؟

**هێرش** (بەسەرخۆی ناهێنێ):

هیچ من خۆم کەوتمە خوارەوە.

**جیهان:**

من بەرمدایەوە.

**شوان:** (لە جیهان دەچێتە پێشەوە):

بۆچی بەرتدایەوە؟

**جیهان:**

چونکـە نامـەوێ لێـم نزیـك بێتـەوە (شـوان دەیـەوێ لێیبـدات بـەڵام هێـرش نایەڵێـت).

**شوان:**

ئـەی کێـت دەوێـت نزیکـت بێـت؟ ئـەو بۆتانییـە خوێڕییـە و هیچانـە، هـاە؟

**هێرش:**

لەسەرخۆبە شوان، درەنگ و زوو ئەم هۆشی هەر دێتەوە بەر.

**شوان:**

هەرگیز لێیناگەڕێم ناوی ئەم خانەوادەیە بزڕێنێت.

(پەخشان و شیرین بەهەڵەداوان دێنە ژوورەوە).

**پەخشان:**

چی بووە؟

**شوان:**

ئـەم چەتیـوە بـێ شـەرم و حەیایـەی تـۆ ئـەم ناماقوڵییـەی کـردووە

هێرشـی بەرداوەتـەوە.

**پەخشان:**

جیهان، بۆچی ئەوەت کردووە؟

**جیهان:**

پێم راگەیاند لێم نزیك نەبێتەوە. گوێ پێنەدام.

**شوان:**

جا ئەوە دەبێ مافی ئەوەت بداتێ بیخەیتە خوارەوە؟

**شیرین:**

جا ئەگەر جیهان خۆی ئەوەی نەوێت، بۆ نە؟

**شوان** (بۆ شیرین):

دەمت بگرە!

**شیرین:**

تۆیـش دەمـت داخـە. (شـوان پەلامـاری دەدات وەلـێ هەمدیـس لەلایـەن هێرشـەوە دەکێشرێتـەوە دواوە).

**پەخشان:**

دانیشـە، شـوان! (شـوان دادەنیشـێتەوە، هەروەهـا هێرشـیش) مـن دەزانـم تـۆ و هێـرش چەنـد لێـك نزیکـن و دەشـزانم کـە دەبینـی نزیکتریـن هاوڕێـت سـووکایەتی پێبکرێـت چەنـد دڵگیـر وناڕەحـەت دەبیـت. بـۆ خۆشەویسـتی زەبروزەنـگ بـە کەڵـك نایـەت. دەبـێ بــە هانــدان و قەناعــەت پێکردنــەوە هــەوڵ دەیــن هەســتی خوشـکت بەرامبـەر هێـرش بگۆڕیـن. خۆشەویسـتی بـە زۆر نابێـت. بـەڵام دەکارێ راهـی بکرێـت. پێویسـتە زۆر بـە ناسـکی رەفتـاری لەگەڵـدا بکەیـن. خوشـکت ئەمێتسـا تووشـی گێـژەن و سەرلێشـێوان هاتـووە و ئەرکـی ئێمـە و مانانـە بەهانایـەوە بچیـن و بیخەینـەوە

ســەر راســتەڕێوە.

**جیهان:**

من سەرلێشێواو نیم.

**پەخشان:** (خۆی لێ نەبان دەکات):

ئەوکاتــەی مــن وەکــو پێشــمەرگەیەك چوومــە نێــو هێزەکــەی باوکتانــەوە لــە شــاخدا، کێژووڵەیەکــی خوێــن گــەرم و نیازپاکــی هــەژدە ســاڵی بــووم و ئامــادەی خۆبەخترکــردن بــووم لــە پێنــاوی کێشــەکانماندا و بیــرم لــە هیچــی تــر نەدەکــردەوە جگــە لــە کێشــەکەوە. تەنیــا ئەوانەیشــم بــەلاوە خۆشەویســت و ڕێــزدار بــوون کــە پابەنــدی کێشــەکە بــوون، وەکــو باوکتــان. پــاش تێکەڵبوونــم بــە کێشــەکەوە هــەر زوو بــۆم دەرکــەوت کــە باوکتــان منــی چووبــوو بــە دڵــدا. کەچــی مــن وانەبــووم. مــن ئــەوم خــۆش نەدەویســت. چونکــە وامدەزانــی ئــەم لــە تەمەنــی منــدا نییــە و بــۆ مــن نەدەشــیا. وەلــێ بــە ڕەتبوونــی کات خۆراگــری و هۆشــمەندی و دڵســۆزی ئــەم کێشــە ڕەواکەمــان ســەرنجی منــی ڕاکێشــا. ئــەوا ســی ســاڵیش تێپەڕیــوە و ئێمــە هــەروا بەیەکەوەیــن و ڕۆژ دوای ڕۆژیــش لێــك نزیکتریــش دەبینــەوە. جــا بۆیــە بــە بــڕوای مــن پێویســتە جیهــان دەرفەتێکــی بدرێتــێ هەتــا بەســەر ئــەم پەشــێوی و تەنگژەیــەدا زاڵ بێــت.

**جیهان:**

دایەگیان، من زۆر چاك دەزانم چی دەکەم.

**پەخشان:**

بڕواناکــەم، جیهــان. ئەرکــی سەرشــانی ئێمەیەشــە لــەم ئاریشــەیەت ڕزگارکەیــن.

**جیهان:**

پێویستیم بە یارمەتی ئێوە نییە.

**شوان:**

ئەمە کاریگەریی ئینگلتەرایە بەسەر کچەکەتانەوە.

**جیهان:**

تۆ حەسوودیت دێ؟

**شوان:**

چی؟

**جیهان:**

بــەوەی کــە مــن لــە جیاتــی تــۆ نێردراومەتــە ئینگلتــەرا. تــۆش بــاش دەیزانیــت کــە بــەم ئاســتە نزمەتــەوە هیــچ کۆلیژێــك وەریــان نەدەگرتیـــت (شـــوان دیســـان هـــەوڵ دەدات دایپلۆســـێ. کەچـــی پەخشـــان و هێـــرش ناهێڵـــن).

**پەخشان:**

جیهــان، بــۆ تــۆ نەهاتــووە هەرگیــز بــێ ڕێــزی بەبــرای گــەورەت بکەیــت.

**جیهان:**

پێی بڵێ وازم لێبێنێت.

**پەخشان:**

جیهــان ئێمــە یــەك خیزانیــن. هــەر یەکێکــمان بەرپرســین لــە ژیانــی هەمووانــەوە.

**جیهان:**

ئــەم کاری بــە ژیانــی منــدا نییــە. مــن تێکەڵــی ژیانــی تایبەتــی ئــەم نەبــووم، دەبــا ئەمیــش واز لــە مــن بێنــێ.

**پاشا:** (دێتە ژووری)

جیهان، میوانێکت هاتووە.

(شوان بەدگومانە کە دەشێ رزگار بێت، نزیك دەرگاکەوە دەچەقێت، ئەوانی تر بە تاسەوەن بزانن کێیە. رزگار لە بەرگی ئافرەتێکی پێچەداردادێتە ژوورەوە. شوان بە دیتنی ئافرەتەکە خاو دەبێتەوە و رێگاکە بەردەدا. هێرش و پەخشان وشیرین بەسەرسامییەوە لە مێوانەکەوە رادەمێنن. سەرەتا جیهان (ئافرەتەکە ناناسێت).

**جیهان** (بۆ رزگار):

فەرمووو؟ ئەمن جیهانم جەنابتان کێن؟

**رزگار:** (بەدەنگێکی ئافرەتانەوە)

بەداخەوە کە لە کاتێکی ئاوەها پەشێو و نالەباردا هاتووم. رێم بە شار کەوتبوو، بڕیارمدا بوێستم و سەردانێکی تۆ بکەم، جیهان. دەزانم لەوانەیە نەمناسیتەوە. ئێمە رۆژێکیان هاوین بوو لەپارکەکەدا لەلەندەن یەکتریمان ناسی.

**جیهان:** (بیردەکاتەوە، هێشتا هەر سەرسامە):

بەڵێ، ئێ؟

**رزگار:**

من بەسەر لاتەختەیەکی پارکەکەوە دانیشتبووم کە دیتم تۆ جزدانەکەت لێ کەوت دوای ئەوەی پارەی دانەیەك ئایسکرێمت دا.

**جیهان:** (خەریکە گومانی رزگار بکات)

ئەوە لە (هایدپارك) بوو.

**رزگار:**

بەڵێ، بەڵێ، تۆ کراسێکی سوور و شەپقەیەکی پووشت پۆشیبوو.

**جیهان:**

بەڵێ بیرم کەوتەوە.

**رزگار:**

منیـــش جزدانەکـــەم هەڵگرتـــەوە و ماوەیـــەك بەبێدەنگیـــی دوات کەوتـم بەرلـەوەی بـە هێواشـی پێتـی بـدەم لەسـەر شـانتەوە.

**جیهان:**

بەڵێ وابوو.

**رزگار:**

جزدانەکەتـم پێدایتـەوە و تۆیـش زۆر دڵخـۆش و ئاسـوودە بوویـت وەختـێ زانیـت سـەرجەم بەڵگەنامـە بـە نرخـەکان و پارەکانـت وەکـو خۆیـان مابـوون. سوپاسـێکی گەرمـت کـردم و رێـك لـەو کاتـەی وەرسـوڕایتەوە بڕۆیـت نـاوی تـۆم پرسـی.

**جیهان:**

گوتم ناوم جیهانە.

**رزگار:**

ئەتۆ کوردیت؟

**جیهان:**

بەڵێ کوردی عێراق.

**جیهان:**

هەروەها بەندەیش، لێرەچی دەکەیت؟

**جیهان:**

لە کۆلێژ دەخوێنم.

**رزگار:**

منیـش وەکـو تـۆ ئیـتر کەوتینـە قسـەو بـاس و لەبـارەی ئینگلیـزەکان

و شـێوەزارەکانیان و هەروەهـا لەمـەڕ جیاوازیـی رۆشـنبیری و داب ونەریـت و هەمـوو شـتێکی تـرەوە دوایـن. ناوونیشـان و ژمـارەی تەلەفۆنەکانمـان گۆڕییـەوە. سـەیری نـاوی تـۆم کـرد و پرسـیم: تـۆ لـەکام تیمارییانـی؟

**جیهان:** (ئێستا دڵنیایە ئەوە رزگارە، بەڵام بەسەر خۆی ناهێنێ):

تیمارییانی تیمار.

**رزگار:**

تـۆ ئەندامـی بنەماڵەیەکـی خـاوەن دەسـەڵاتی رامیـاری زۆر بەهێزیـت. مـن بـەوە نارەحـەت بـووم.

**شوان:** (بەگومانە):

بۆچی نارەحەت بوویت؟ چیت هەیە دژی خانەوادەی ئێمەوە؟

**رزگار:**

هیچـم نییـە. تەنهـا زۆر کەیفـم بـەو خانەوادانـە نایـەت کـە زۆر تێکـەڵاوی سیاسـەتن.

**پەخشان:**

بۆچ؟

**رزگار:**

چونکە من خۆیشم نزیکی یەکێکیانم.

**شیرین:**

چ یەکێك؟ کامەیان؟

**رزگار:**

ئـەۆهـ، گرنـگ نییـە، ئـەوە گرنگـە مـن بەڵێنمـدا رۆژێـك بێـم و سـەردانی جیهـان بکـەم. ئەوەتانـێ واهاتـووم (پەنجـە بـۆ پەخشـان درێـژ دەکات) وا بزانـم ئەمـە دایکتـە.

**جیهان:**

بەڵێ.

**رزگار:** (پەنجە بۆ لای شیرین درێژ دەکات)

ئەمەشیان دەبێ خوشکی بچووکت بێت.

**جیهان:**

بەڵێ ئەمە شیرینە.

**رزگار:**

ئای کەنازدارە! (هێما بۆ لای شوان دەکات) ئەمە براتە؟

(جیهان وەرام ناداتەوە).

**پەخشان:**

بەڵێ، شوان براگەورەیەتی. (ئاماژە بۆ هێرش دەکات) هێرشیش هاوڕێی شوان و ئی جیهانیشە.

**شوان:**

هێرش مێردی دوارۆژیەتی (جیهان نیگایەکی بێزەوەری تێدەگرێ).

**رزگار** (بۆ هێرش):

جا چۆن بەختەوەر نابێت ئەگەر ژنێکی ئاوا نازداری بە نسیب بێ؟

**هێرش** (بەشانازییەوە):

من زۆر بەختەوەرم پێی.

**شوان:**

ئەمیش بە تۆوە بەختەوەر دەبێت، هێرش.

**پەخشان:**

تۆ ناوت چییە؟ خەڵکی کام جێگەیت؟

**رزگار:**

باشـتر نییـە گـەر نەختـێ دانیشـین؟ (کورسـییەکی پێشـکەش دەکـەن و دادەنیشـێت. هاتنەکـەی هێشـتا هـەر مایـەی سەرسـوڕمانە). ئـەی کـوا باوکـی بەنێوبانـگ و نـاسراوت، جیهـان؟

**شیرین:**

چووەتە کۆبوونەوەیەك.

**پەخشان:**

ئێستێ بە ئومێدین لەهەر چرکەیەکدا پەیدا بێتەوە.

**رزگار:**

زۆر بەپەرۆشـەوەم بـە خزمەتـی بگـەم (لـە کەمتەرخەمـی خۆیـەوە قاچەکانـی بەدەردەکـەون. شـوان چرپەیـەك بـە بـن گوێـی هێـرش دادەکات و چاوەکانیـان بەقاچـە مووایەکانیـەوە گیرسـاونەتەوە.

**شیرین** (بەتاسەیەکی منداڵانەوە):

زیندەگیی لە لەندەن چۆنە؟

**رزگار:**

شـیرین لەسـەرەتادا بـۆ بێگانەیەکـی وەکـو جیهانـی خوشـکت و مـن زۆر سـەختە. خواردنـەکان، کـەش و هـەواو، ئـەو هەمـوو شـێوەزارانە، ئەوانـە ئـەو شـتانەن کەهەمـوو رۆژێـك بەتووشـمان دەبنـەوە.

**شیرین:**

ئەی ئینگلیزەکان خۆیان، ئەوان باشن؟

**رزگار:**

بەڵـێ، بەشـێوازی تایبەتـی خۆیـان. (ئـاوات دێتـە ژوور) هەبـێ و نەبـێ ئەمـە جەنابـی تیماریـی خۆیەتـی.

**جیهان:**

بەڵێ باوکمە.

**رزگار:**

شەرەفێکی گەورەیە جەنابتان بناسم، کاك تیماریی.

**ئاوات:**

بۆ بەندەش شەرەفێکی گەورەیە، جەنابتان؟

**جیهان:**

یەك لە هاوڕێکانی لەندەنم.

**ئاوات:**

زۆر بەخێر بێیت.

**پەخشان:**

ئەمەیش لە کۆلیژەکانی لەندەن دەخوێنێت.

**شیرین:**

ئـەم جیهانــی لــە پارکێــك دادیــوە، ئەگــەر ئەمیــش نەبوایــە ئــەوا جیهــان جزدانەکــەی تــەژی لــە دۆکیۆمێنتــی پــڕ بەهــا پــڕ لــە پــارەی بزرکردبــوو.

**ئاوات:**

مایەی سوپاس و پێزانینە کە ئەمەت پاراستووە.

**جیهان:**

باوکەچاکـە و پیاوەتییەکـی زۆری بەسـەر منـەوە هەیـە. ئێـوە نازانـن چەنـد خۆشـە لـە دوورە وڵاتـدا تووشـی هاوزمانێکـی خـۆت بیـت.

**رزگار:**

هەردووکـمان بـەردەوام بـە کوردیـی قسـە دەکەیـن. لەگـەڵ جیهانـدا وا هەسـت دەکـەم کـە لەماڵـەوەم.

**هێرش** (بۆ ئاوات):

ئاخۆ ژنان سێوەکانی ئادەمیان پێیە؟

(پرسیارەکەی هێرش هەموویانی سەرسام کردن. رزگار و جیهان نەختێ گرژبوون).

**ئاوات:**

نەخێر، شتێکی زۆر نائاساییە. بۆچی دەپرسی هێرش؟

**هێرش:**

شوان و من هەست دەکەین شتێکی نائاسایی لەبارەی ئەم خانمەوە هەبێت.

**پەخشان:**

مەبەستت چییە؟

**هێرش:**

سەرنج بدەرە مل و قاچە مواوییەکانی.

**رزگار:** (بەرزە پێ دەبێت):

قینم لەو هەموو تانەو تەشەرانەتانە. من وا لێرە دەڕۆم.

**جیهان:**

زۆر نیگەرانم بەم ئیهانەیە، هاوڕێ ئازیزەکەم (بە ناڕەزاییەوە) شەرمم پێتانە، بە هەمووتان. رەوا نییە بەم شێوەیە رەفتار لەگەڵ هاوڕێدا بکرێت.

(رزگار قیت دەبێتەوە بڕوات، وەلێ شوان رێگەی پێدەگرێ): شوان لێگەڕێ با بڕوات.

**رزگار:**

دەتەوێ وەك بارمتە بمگێڕیتەوە؟

**شیرین:**

ڕێگاکەبەردە!

**رزگار:**

تکایـە وەکـو سـوارچاکان ڕەفتـار بکـە. بـەم شـێوەیە ڕەفتـار لەگـەڵ خانمانـدا ناکرێـت.

(هێـرش پـڕ بـە رزگار دادەکات و شـوانیش لەنێـو نارەزایـی جیهـان و شـیریندا پەچـە لـە ڕووی رزگاردا هەڵدەماڵێـت. پەخشـان و ئاواتیـش بـە ئاشـکرابوونی کەسـایەتی رزگار ئێجـگار تـووڕە و شـڵەژاون).

**شوان** (بۆ رزگار):

ئەی پێم نەگوتیت جارێکی تر پێ نەنێیتە ماڵەکەمەوە؟

**پەخشان:**

تۆ چیت لێمان دەوێ؟

**رزگار:**

جیهانم دەوێ.

**شوان:**

دەبێ هەر ئێستێ ئەم شێتایەتییە بۆ هەتا هەتایە بوەستێنم.

(شوان دەردەچێت).

**جیهان:**

باوکـە ئەمـن خۆشـم دەوێـت. بێـت و هیچـی لـێ بێـت جارێکـی دی چاوتـان بەمـن ناکەوێتـەوە.

**ئاوات:**

جارێ دەمت داخە! دوایی خەمی تۆش دەخۆم!

**شیرین:**

ئەمـە ڕەوانییـە، ئەمـان ئەوەنـدە هەراشـن بڕیـاری تایبەتـی

خۆیانیـــان لـــە ژیانـــدا هەبـــێ.

(شـــوان بەخـــۆ و بـــە تفەنگـــەوە دەگەڕێتـــەوە، رووی لـــە رزگار دەکات، بـــەڵام جیهـــان پەنـــای لێـــدەکا. پەخشـــان و هێـــرش و شـــیرین شـــوان دەگـــرن).

**شوان:**

خۆت لانەدەیت هەردووکتان پێکەوە دەکوژم.

**جیهان:**

جا کێ دەستی گرتووی، دە بمکوژە، هەی خوێنڕێژ!

**پەخشان:**

بوێستەن شوان لێگەڕێ باوکت ئەمە دەبڕێنێتەوە.

**شیرین:**

ئـەوە بـۆ دەبـێ هەمـوو ناخۆشـییەك هـەر بـە چـەك چـارە بکەیـن؟ ئاخـۆ ناکرێـت قسـەیەکی تێـدا بکەیـن؟

**شوان:**

ون بە لەبەرچاوم، هەی کچی بێ شەرم و ئابڕوو.

**ئاوات** (بۆ شوان، بە هێمنی)

وەلای نێ! (بەرەو لای دەرگاکە دەچێ و بانگ دەکات پاشا!

**پەخشان:**

ئاوات وازی لێبێنە با بڕوات.

**شیرین:**

ئایا خۆشەویستی تاوانە؟

**ئاوات:**

تاوان ئەوەیە کەسێکی ناشایستەت خۆش بوێت.

**جیهان:**

ئەمیان بۆ من کەسە شایستەکەیە.

**پاشا:** (بەژوور دەکەوێ):

بەڵێ فەرموو.

**ئاوات:** (دەست بۆ رزگار درێژ دەکات)

بیبەرە دەرەوە.

**جیهان:**

نەکەن دەستی لێبدەن، پیاوکوژینە!

**پەخشان:**

نەهێڵــی هیــچ کــەس ئــازاری پێبگەیەنێــت ئــاوات. (پاشــا رزگار بــۆ دەرەوە پەلکێــش دەکات. شــوان جیهانــی لێــوە دوور دەخاتــەوە و بــە تونــدی دەیخاتــە نێوکورســییەکەوە. ئــەم هــاوار دەکا و خــۆی رادەپســکێنێ، بــەڵام شــوان ناهێڵــێ ببزوێــت).

**رزگار:** (وەختێ رایدەکێشنە دەرەوە):

جیهــان، مــن تــۆم خــۆش دەوێــت، بۆیــان هەیــە مــن بکــوژن. بــەڵام خۆشەویســتی مــن بــۆ تــۆ هەرگیــز نامرێــت. نەخێــر، هەرگیــز مردنــی بــۆ نییــە جیهــان.

**جیهان:** (بەچاوی پڕ لە ئەسرینەوە):

منیــش تــۆم خــۆش دەوێ، رزگار دەبــێ هەتــا هەتایــە هــەر تــۆم خــۆش بوێــت (رزگار و پاشــا دەچنــە دەرەوە).

**شیرین:**

باوکــە بــە تەمــای بیکوژیــت؟ ئایــا لەبــەر ئــەوە پیاوێــك دەکوژیــت چونکــە کچەکەتــی خــۆش دەوێ؟

**ئاوات:**

نــە، ئەمــن ئــەوە دوژمنــە دەکــوژم کــە بەدزییــەوە خــۆی دەخزێنێتــە نێــو ناوچەکەمانــەوە خۆیشــی بــە دۆســت نیشــان دەدات.

**جیهان:**

ئەم دوژمنی تۆ نییە.

**شیرین:**

باوکی ئەم دوژمنی تۆیە. ئەم چ کاری بەوەوە هەیە؟

**ئاوات:**

هەموو بۆتانییەك دوژمنە.

**جیهان:**

ئەم وەکو دۆستێك هاتووەتە ئێرەوە.

**هێرش:**

گورگە و لە پێستی مەردا، خۆی گۆڕیبوو.

**شوان:**

دۆستی راستەقینە پێویستی بە خۆگۆڕین نییە.

**جیهان:**

ئەو دەرفەتی پێ نەدرا تا بیسەلمێنێ کە دۆستێکی راست و دروستە.

**ئاوات:**

تەواو، بڕیارمدا ئەم کێشەیە کۆتایی هات و بڕایەوە (بۆ پەخشان) جیهان هەرگیز نابێت جارێکی تر لەم شوێنە بچێتە دەرەوە. پێویستیشە خۆی بەڵێن بدات هەرگیز چاوی بە چاوی تۆ ناکەوێتەوە و بەرلەوەی من لێبگەڕێم بگەڕێتەوە لەندەن.

(هەمدیسان جیهان دەست دەکاتەوە بە گریان. شیرین دڵنەوایی دەکات. هێرش و شوان دەچنە دەرەوە. پەخشان و ئاوات دادەنیشنەوە و بە قووڵی بیر لە تەنگژەکە دەکەنەوە. رووناکییەکان دەکوژێنەوە).

## دیمەنی چوارەم

(سـەرلەبەیانی ڕۆژی دواتـر لـە بۆتـان. ڕێبـوار لـە ژووری میوانانـە خەریکـی نوێـژ و دوعـا خوێندنـی بەیانییانـە. هەرکـە لـێ دەبێتـەوە ڕێـزان بـە فنجانـە قاوەیەکـەوە دێتـە ژوور).

**ڕێزان:** (قاوەکەی بۆ دادەنێت:

ئاگات لێ بێ زۆر گەرمە.

**ڕێبوار:**

سوپاست دەکەم.

**ڕێزان:**

ماڵەکە چاك گەرم نەبووە.

**ڕێبوار:**

ئاخر مووەلیدەکە هەر ئەوەندە توانستی هەیە.

**ڕێزان:**

ڕەوشی کارەباکە تا دێت خەراپتر دەبێ.

**ڕێبوار:**

دوێنێ لەکاتی کۆبوونوەکەماندا کوژایەوە.

**ڕێزان:**

پێویستە خەمێکی لێ بخۆن.

**ڕێبوار:**

ئەوا خەریکین.

**دیار** (دێتەژوورەوە):

بەیانیتـان بـاش. ئومێـد دەکـەم هەمووتـان خەوێکـی باشـتان کردبێـت.

**ڕێبوار وڕێزان:**

بەڵێ، زۆر باش، سوپاس.

**ڕێزان:**

ئەمڕۆ نەختێك زوو هاتوویت.

**دیار:**

هاتم سۆراخی رزگار بکەم. دوێنێ شەو هەتا ڕۆیشتم نەهاتبۆوە.

**ڕێبوار:**

بۆ کوێ چووە؟

**دیار:**

نازانم.

**ڕێزان:**

با بچم بزانم (دیار دەچێتە دەرەوە).

**ڕێبوار:**

ئەی ئەبێ بۆ کوێ چووبێت؟

**ڕێبوار:**

زۆر لـە رزگار رازی نیـم، ئەگـەر زیاتـر ئـاگای لەخـۆی نەبێـت ناچـارم دەکـت لـە خوێنـدن بیگێڕمـەوە.

**ڕێزان:**

پێویســت بــەوە نــاکات. ئــەم لاوێکــی خــورت و کــەم ئەزموونــە. بەرابردنــی کات بەســەر ئــەوە زاڵ دەبێــت کــە نــاوی نــاوە دڵداریــی. هەمــوو کــەس لــە ژیانــدا بــەم قۆناخــەدا تێپــەڕ دەبێــت. تەنهــا پێویســتی بــە چاودێریــی و ئامۆژگاریــی ئێمــە هەیــە. خــۆت بێنــەوە بەرچــاو لەتەمەنــی ئــەودا.

**ڕێبوار:**

لەتەمەنــی ئەمــدا مــن ڕێــزم لــە دابونەریتەکانــی بنەماڵەکەمــان دەگــرت.

**ڕێزان:**

بــەڵام بەهێنانــی مــن یەکــێ لــەو دابونەریتانــەت بەزانــد. هەروەختابــوو دایــك و باوکــت لەســەر نەهێنانــی ئامۆزایەکــەت بــێ بەریــت بکــەن.

**ڕێبوار:**

زۆر ڕاســتە، مــن ئامۆزاکــەی خۆمــم نەخواســت. وەلــێ خــۆ یەکێکیشــم لەبــەرەی دوژمنــدا هەڵنەبژاردبــوو، تــۆ کچــە جیرانمــان بوویــت. باوکمان ناسیاوی یەکدی بــوون و دۆســت بــوون وهاوڕێــی خەبــات بــوون. هەردووکیــان پێکــەوە لەشــاخدا دەســتیان پێکــردووە. ئەوکاتەیــش کــە بڕیاریانــداوە بێنــە بۆتــان، خانووەکانیــان بەتەنیشــت یەکــەوە دروســتکردووە. بەشــداری زەماوەنــد و ئاهەنگــی یەکتریــان کــردووە. مناڵەکانیــان بەیەکــەوە گەمەیــان کــردووە. ئێمــە یــەك ماڵیــن.

**ڕێزان:**

ئــەوە ڕێــی لــە باوکــت نەگــرت پــێ لەســەر ئــەوە دابگرێــت کــە دەبــێ تــۆ هــەر کچــە براکــەی خــۆی بخوازیــت.

**ڕێبوار:**

وەك دەڵێن خوێن لە ئاو خەستترە.

**دیار:** (گەڕاوەتەوە):

لە ژوورەکەی خۆیدا نییە. (ئەڤین دێتە ژوور).

**ڕێزان** (بۆ ئەڤین):

براکەت لە کوێیە؟

**ئەڤین:**

نازانم بۆ بزربووە؟

**دیار:**

شەوی ڕابردوو لەماڵەوە نەخەوتووە.

**ئەڤین:**

دوور نییە لەگەڵ ئەو چەتیوە تیمارییە نافڕەجایەدا ڕاینەکردبێت.

**ڕێزان** (بۆ دیار)

تکا دەکەم هۆشارم بۆ بدۆزەرەوە. بزانە ئەگەر ئەو بزانێت ڕزگار لە کوێیە (دیار دەچێتە دەرەوە)، بەڵکو لەلای شیلان بێت.

**ئەڤین:**

چەند ڕۆژێك دەبێ شیلان چاوی پێ نەکەوتووە. بەستەزمانە زۆر بێ یەغیارە و هەموو ڕۆژ لەلا مندا دەگرێ.

**ڕێبوار:**

خوا بکا ئەو تیمارییە بەدکارانە هیچیان لێنکردبێ.

**ئەڤین:**

بەخوا لەوان دەرنەچووە. ئەوان ئەقڵیان تێکداوە. دڵنیام دژی خۆمانی بەکاردێنن.

**ڕێزان:**

وەی خوا نەکات.

**ڕێبوار:**

ڕزگار نائومێدی کردووم. وام تێڕادەدیت لەوە زۆرزانتر بێت. (دیار و هۆشیار دێنە ژوورەوە): هۆشیار، ئامۆزاکەتت نەدیوە؟

**هۆشیار:**

نەخێر، من لە دوێنێوە نەمدیوە.

**رێزان:**

باشە پێتی نەگوتووە تەمای کوێی بووە؟

**هۆشیار:**

نەخێر. ئەم رۆژانە من نادوێنێت.

**دیار:**

پێموایە دەبێ دەستەیەکی پشکنین بۆ تیمار رەوانە بکەین.

**رێبوار:**

تکایــە هــەر ئێســتێ. ئەگــەر کوڕەکەمیــان نەدایتــەوە پێیــان بڵــێ ئــەوە مانــای شــەڕە.

**دیار:**

پاتە وپات و بێ پەنا تێیان دەگەیەنم.

**رێبوار:**

ئەوەندەی پێشمەرگەی دەستت دەکەوێ بیانبە.

**دیار:**

هەرواش دەکەم.

**رێبوار:**

چاك خۆتان پڕ چەك بکەن.

**دیار:**

دەبێ خۆمان پڕ چەك بکەین.

**رێزان:**

پێویست بە شەڕ کردن ناکات.

**ڕێبوار:**

گەر هێرشیان کردنەسەر ئەوا بەرگری لە خۆتان بکەن.

**دیار:**

هەتا دوا نەفەر بەرگریی لە خۆمان دەکەین.

**ڕێبوار:**

دەبێ ڕزگار بەسەلامەتی بێننەوە.

**دیار:**

بە پشتیوانی خواوە. (دیار بە حەماسەتەوە دەچێتە دەر).

**هۆشیار:**

منیش لەگەڵیاندا دەچم.

**ڕێزان:**

ئاگاداری خۆت بە.

**هۆشیار:**

ئەدی چۆن!

**ئەڤین:**

لەبیرنەکەی، هۆشیار، حەیای ئەو چەتیوە تیمارییە بەریت.

**هۆشیار:**

ئەوەی بتوانم دەیکەم.

**ڕێزان:**

تکایە واز لە کێژە هەژارەکە بێنە.

**ئەڤین:**

بۆچی وازی لێبنێت؟ هۆی ئەم بەڵایە هەمووی خۆیەتی. ئەگەر جارێکی تر چاوم پێی دەکەوێتەوە، خۆم دەزانم چۆنی لەگەڵدا دەبڕێنمەوە.

(هۆشیار دەردەچێت).

**رێزان:**

ئەڤین، دەبێ ئیمڕۆ شیلان هەر ببینیت و دڵی بدەیتەوە. ئەو پێویستی تەنها بە سەبر و ئارامیی هەیە. رزگار هەر بۆ ئەو دەبێت.

**رێبوار:**

باشە، ئێمە چی بە خێزانەکەیان بڵێین؟ ساڵەهایە ئەوان پشتمان دەگرن.

**رێزان:** (شانەکانی دەشێلێ):

نیگەران مەبە، رێبوار هەمووی چاك دەبێ.

**رێبوار:**

منیش ئەوە ئاواتمە.

(ئەڤین دەچێتە دەرەوە. رێزان لە شیلانی رێبوار بەردەوامە. چراکان دەکوژێنەوە).

## دیمەنی پێنجەم

(هەمـــان رۆژ لـــە تیـــمار، دەرەوەی ماڵـــی خێزانـــی تیماریـــی، پاشـــا و شـــوان و هێـــرش بـــەرەو رووی دیـــار و هۆشـــیار وێســـتاون. پاشـــماوەی هێزەکانیـــان لـــە بینەرانـــەوە دیـــار نیـــن).

**پاشا:**

فەرموون؟ ئێوە گشتتان چیتان گەرەکە؟

**دیار:**

رزگار بۆتانیی.

**شوان:**

بۆ خاتری خوا رزگار کێیە؟

**هۆشیار:**

کوڕی رێبواری سەرۆکمانە.

**دیار:**

دواجار دوێنێ لێرە بینراوە.

**هێرش:**

چی کردووە لێرە؟

**هۆشیار:**

کچەکەی ئاوات تیماریی فریوی داوە.

**پاشا:**

چ بەڵگەیەکت بەدەستەوەیە ئەو تاوانبارکردنە بسەلمێنێ؟

**دیار:**

شتەکە راستە و پێویستیمان بە بەڵگە نییە.

**شوان:**

ئێمە هیچ شتێك لەمەڕ رزگار بۆتانییەوە نازانین.

**هۆشیار:**

نەخێر، دەیزانن.

**پاشا:**

بۆ ئێمە گلمان داوەتەوە؟

**دیار:**

ئێستا دەماندەنەوە یان شەڕتان دەوێت؟

**شوان:**

شەڕ!

(دیـــار و هۆشـــیار لەگـــەڵ هێـــزە نادیارەکانیانـــدا راوێـــژ دەکـــەن و شـــوان و هێرشـــیش بێباباکانـــە چاوەڕوانـــن).

**دیار:**

ئێستێ دەیدەنەوە یان نە.

**پاشا:**

گوتم هیچ زانیارییەکمان لەبارەیەوە نییە.

**هۆشیار:**

ئەم هاتۆتە ئێرەوە.

**پاشا:**

نابێت هاتبێت. بۆتانییەکان هیچ کارێکیان بێرەدا نییە.

**دیار:**

پێتم گوت کیژەکەی تیماریی بانگهێشتی ئێرەی کردووە.

**شوان:**

دەوجـا باشـە، ئـەو کچـە چۆتـەوە بـۆ ئینگلتـەرا. ئێـوە دەتوانـن

بچنــە ئــەوێ و لەخــۆی بپرســن بزانــن چــی لــە کــوڕی بۆتانیــی کــردووە؟

**هۆشیار:**

گاڵتە مەکەن، ئێمە بۆ ئەوە نەهاتووین یاری بکەین.

**شوان:**

منیــش گاڵتــە ناکــەم (هۆشــیار و دیــار هەمدیــس پــرس بــە هێــزە نادیــارەکان دەکەنــەوە. پاشــاش هــەر شــەڕانگیزە).

**دیار:**

دەمانەوێت خانووەکە بپشکنین.

**پاشا:**

کامە خانوو؟

**هۆشیار:**

ئەمەیان.

**شوان:**

هەبێت و نەبێت شێت بوویت.

**دیار:**

ئاگات لە زمانی خۆت بێ.

**هۆشیار:**

دەمارمان مەگرە.

**هێرش:**

جا چی دەکەن؟

**دیار:**

ئەوە ئیشی خۆمانە.

**هۆشیار:**

ڕێگەمان بەردەن، ئەگەر نا ناچارتان دەکەین.

**پاشا:**

ئێستا دەیبینین چۆن چۆنی ئەوە دەکەن.

(پاشا و شوان و هێرش بە دەنگی گڕ و بەرز فەرمان بە هێزە نادیارەکانیان دەدەن هۆشیار و دیاریش چەکدارەکانی خۆیان ئامادە دەکەن ئاوات و شیرین و پەخشان لەکاتی پێویستیدا پەیدا دەبن).

**ئاوات:**

ئەوە چیە، پاشا؟

**پاشا:**

بەدوای کوڕە بزربووەکەی بۆتانییدا دەگەڕێن. دەیانەوێ ماڵەکەی ئێوە بگەڕێن.

**ئاوات:** (بۆ دیار و هۆشیار)

ئەوە ڕاستە؟

**دیار:**

بەڵێ وایە.

**ئاوات:**

کێ ناردوونی؟

**هۆشیار:**

سەرۆك، ڕێبوار بۆتانیی.

**ئاوات:**

ڕێبوار بۆتانیی ئێوەی ناردووە بێن ماڵی من بپشکنن؟

**دیار:**

بەڵێ کوڕەکەی خۆی دەوێتەوە.

**پاشا:**

پێیانم گوت کوڕەکەیان لای ئێمە نییە.

**هۆشیار:**

هەر دەبێ لێرەبێ.

**پەخشان:**

چۆن دەزانن؟

**هۆشیار:**

کچەکەتان بەو تەڵەیەوەی کردووە.

**ئاوات:**

کچی من هیچ کاری بە کوڕی بۆتانییدا نییە.

**دیار:**

بەڵـێ هەیەتـی. کچەکەتـان هەمـوو ئـەو ڕێگایـەی هەتـا بۆتـان بـە دوای ئـەودا کوتابـووەوە.

**ئاوات:**

بـــاوەڕ ناکـــەم خۆشـــتان بزانـــن باســـی چـــی دەکـــەن. تکایـــە قەڵەمـڕەوی مـن جێبێڵـن. بـە ڕێبـوار بۆتانیـی ڕابگەیەنـن شـەڕێکی دیکـە بەسـەردا بەرپـا دەکـەم بێتـو چیـدی نـاوم بزڕێنێـت. ئـەوا ئەمجـارەش لێیدەگەڕێـم هەمووتـان بـڕۆن. وەلـێ جارێکـی دی بێنـەوە دڵنیابـن بـە زیندوویـی لەچنـگ پاشـا و پیاوەکانـی ڕزگارتـان نابێـت. تێگەیشـتن چیـم گـوت؟

**هۆشیار:**

هەڕەشەی کەس نامانترسێنێ.

**دیار:**

زۆر ڕاستە ڕزگارمان دەوێتەوە.

**پاشا:**

پێتانی گوت کوڕی ئێوە لێرە نییە. ئەوە تێناگەن؟

**هۆشیار:**

هەر دەبێ یەکێك لەمماڵەدا شوێنەکەی پێبزانێت.

**شوان:**

پێموابێ قسەکردن لەگەڵ تۆدا خۆڕایيە.

**شیرین:**

باوکە، با ئەم کێشەیە بەخۆشی ببڕێنینەوە.

**شوان:** (خۆ لە شیرین توڕە دەکات):

بێدەنگ بە! ئەمە ئیشی پیاوانە.

**شیرین:**

چیتر بەسەر مندا هاوار مەکە! ئەمە ئیشی هەموومانە.

**ئاوات:**

شیرین، ئەتۆ بچۆوە نێو ماڵەوە.

**شیرین:**

بۆچی بچمەوە؟

**ئاوات:**

من گوتم بچۆرەوە ژووریێ!

**پەخشان** (لە دیمەنەکەدا دووری دەخاتەوە):

با بڕۆین. باوکت هەموو شتێك چارە دەکات.

**شیرین:**

ئاخر ئەمە رەوا نییە! (پەخشان و شیرین دەڕۆنە دەرێ).

**ئاوات:**

پاشا، تکایە دەرگاکە کلۆم بدە (بۆ هۆشیار و دیار) ئێوە کێن؟

**هۆشیار:**

ئامۆزای رزگار بۆتانیی.

**دیار:**

بەندەیش فەرماندەی پێشمەرگە و رازگری رێبوار بۆتانیم.

**ئاوات:**

ئەمجارە لێدەگەڕێم هەمووتان بڕۆن. وەلێ تکایە هەرگیز نەیەنەوە بۆ ئێرە بێ ئەوەی بەڵگەیەکی دروست و چەسپاوتان بەدەستەوە هەبێ کە کوڕەکەی بۆتانیی لێرەیە. تکا دەکەم فەرموون بڕۆن.

**شوان:**

چاوەڕوانی چیتر دەکەن؟

**هێرش:**

زووکەن لێرە بڕۆن!

(ئاوات توورەیە و بە هەشتاو لەگەڵ شوان و هێرشدا شانۆکە جێ دەهێڵن. پاشا دەروازەکە کلۆم دەدات. هۆشیار و دیار لە تەگبیری ئەوەدان پەلامار بدەن یان نە. سەرەنجام بڕیار دەدەن واز لە پشکنینەکە بهێنن و بگەڕێنەوە بۆتان. چراکان بەرە بەرە دەکوژێنەوە).

## بەشی سێیەم

## دیمەنی یەکەم

(دوای ماوەیەکی کورت: ڕێگایەك هۆشیار و دیار بەرەو بۆتان دەگەڕێنەوە).

**شیرین:** (لەو پەڕەکەی شانۆوە نابینرێت).

هێی هەی!

**دیار:** (هەڵوەستەیەك دەکات و سەیری ئەملاو ئەولا دەکات):

ئەو دەنگە لە کوێوە دێ؟

**شیرین:** (نادیارە)

ڕمبوورن!

**هۆشیار** (بەملاوبەولادا دەڕوانێت):

ئەوە کێیە؟

**شیرین:** (بەراکردن دێتە نێو شانۆ)

تکایە بوێستن! کارێکی گرنگم پێتانە.

(**هۆشیار و دیار** بەگومانەوە رادەمێنن).

(بە هەناسە بڕکێوە).. من. دەمێکە بە .. دواتانا رادەکەم.

**دیار:**

مەسەلە چییە؟

**هۆشیار:**

هەر ئێستێ لەماڵی ئاوات تیماریدا تۆمان نەبینی؟

**شیرین:** (بە ئارامییەوە سەیری دەوروپشت دەکات):

بەڵێ من شیرینی کچی ئاواتم.

**دیار:**

داخۆ تۆیش بۆ راوی ئێمە نێردراویت؟

**شیرین:**

نەخێر.

**هۆشیار:**

چیت لە ئێمە دەوێت؟

**شیرین:**

هیچ.

**دیار:**

کەوابوو بۆچی دوامان کەوتوویت؟

**شیرین:**

دەمەوێ دەربارەی رزگار قسەتان بۆ بکەم.

**هۆشیار:**

چی لێ دەزانیت؟

**دیار:**

جێگەی ئەو دەزانیت؟

**شیرین:**

بەڵێ دوێنێکە وەك ئافرەتێك هاتە ماڵمانەوە.

**هۆشیار:**

ئێی؟

**شیرین:**

دەستگیریان کرد و بردیان.

**دیار:**

بۆ کوێ؟

**شیرین:**

کۆنــە قەڵایەکــی ســوپا کــە ئێســتێ لــە دەســت پێشــمەرگەکانی ئێمەدایــە. ئــەوە یــەك لــە پاســەوانەکان بەمنــی گــوت.

**هۆشیار:**

بڵێیت کوشتبێتیان؟

**شیرین:**

نە.

**دیار:**

کەوابوو سەلامەتە؟

**شیرین:**

وەك من بیزانم، بەڵێ.

**هۆشیار:**

ئەو قەڵا سەربازییە لە کوێیە؟

**شیرین:**

گەر ئەم ڕێیە بگرنەبەر ئەوا لە ئاقارەکانی تیماردا دەیدۆزنەوە.

**دیار:**

جا تۆ بۆچی ئەمە بە ئێمە دەڵێیت؟

**شیرین:**

چونکــە حەزناکــەم ئــەو هیچــی لێبێــت. خوشــکەکەم هــەر خــۆی دەکوژێــت بێتــو ئــازاری پــێ بگەیەنــن. مــن دەزانــم ئــەوان یەکتریــان خــۆش دەوێ. منیــش دەمــەوێ خوشــکەکەم بەختیــار بێــت. مــن خوشــکی خۆمــم ئێجــگار خــۆش دەوێ و ئامــادەم لــە پێنــاو کامەرانیــی ئــەودا هەمــوو شــتێ بکــەم.

**هۆشیار:**

جا بۆ دەبێ پێت بڕوا بکەین؟

**شیرین:**

پێویســت نییــە، مەیکــەن. وەلــێ حــەز دەکــەم ئــەو بزانــن مــن تەنهــا بــۆ ئــەوە خــۆم نەخســتۆتە بــەر ئەگــەری رق و تووڕەیــی باوکمــەوە بــە بڕینــی ئــەو هەمــوو رێگایــە تــا درۆ لەگــەڵ ئێــوەدا بکــەم.

**دیار:**

من متمانە بە تیمارییان ناکەم؟

**شیرین:**

کــەس داوای ئــەوەی لێنەکردوویــت. بــەڵام مــن تەنهــا لەبــەر خوشــکی خۆمــە کــە ئەمــە دەکــەم.

**هۆشیار:**

پێم بڵێ لەبەرچی خوشکت واز لە رزگار ناهێنێت؟

**شیرین:**

کــە بینیــت لەخــۆی بپرســە. مــن بــۆ ئەمــە نەهاتــووم. دوو لاوی دڵــداری یەکــن. وەلــێ زۆر بەرەحمانــە لەلایــەن پیاوانــی وەك ئێــوەوە وا لێــك دەکرێــن. ئەمەیــش هــەر لەبــەر هەنــدێ کێشــەی بــێ مانــای خێزانییــەوە.

**دیار:**

پێتوایە دەتوانیت بەم جۆرە قسانە چەواشەمان بکەیت؟

**شیرین:**

وابزانــم لەگــەڵ ئێــوەدا رەنــج بەخەســار دەبــم. (وەردەســوڕێتەوە بــڕوات).

**هۆشیار:**

راوەستە. (شیرین دەوەستێت). بە تەواوی دەزانی رزگار لە کوێی قەڵاکەدا بەندکراوە؟

**شیرین:**

نە. نازانم.

**دیار:**

ئەی چۆن دەزانیت بۆ شوێنێکی دیکەیان نەگوێزاوتەوە؟

**شیرین:**

پاسەوانەکان بە منیان گوت لەوێدایە.

**هۆشیار:**

ئەی خوشکەکەت لە کوێیە؟

**شیرین:**

لە ژوورەکەی خۆیدا هەر دەگری.

**دیار:**

دەبوا لە زیندان بوایە (شیرین بە تووڕەیی دوور دەکەوێتەوە).

**هۆشیار:**

ئەتۆ! بوەستە! بوەستە! (شیرین دەچێتە دەرەوە).

**دیار:**

لێگەڕێ بڕوات، من پێی باوەڕ ناکەم.

**هۆشیار:**

پێدەچێ راست بکات.

**دیار:**

بە زمانە لووسەکەی هەڵمەخەڵەتێ، هیچ تیمارییەك بڕوا نییە. (روو لەچەکدارە نادیارەکانی بەردەمییانەوە دەکات: بۆ پێشەوە!

بـا بڕۆیـن!

(دیـار و هێـرش سـەربازانە بـۆ دەرەوەی شـانۆ هەنـگاو دەنێـن. رووناکـی وردە وردە دەکوژێتـەوە).

## دیمەنی دووەم

(دوای کەمێـك، لـە تیـمار. جیهـان لـە ژووری میوانانـە، بێدەنـگ و دڵ بەخەمـە، شـیرین بـە تەنیشـتیەوە راوەسـتاوە و پەرداخـە ئاوێکـی بەدەسـتەوەیە).

**شیرین:**

جیهـان ئەمـە بخـۆرەوە، ناکرێـت تـا سـەر ئاوەهـا بیـت (جیهـان بـێ وەرامـە). دەتـەوێ چـی بکەیـت؟ خـۆت بکوژیـت؟ (جیهـان هـەر بێدەنگـە). جیهـان، ئـەوە دوو رۆژە نـە هیچـت خـواردووە، نـە دڵۆپـە ئاوێکیشـت بـە قوڕگیـدا چۆتـە خـوارێ.

(پەخشان دێتە ژوور).

**پەخشان:** (بۆ شیرین)

هیچ ئومێدێك؟

**شیرین:**

نە، کارێك بکە، دایەگیان، ئەگینا جیهان خۆی دەکوژێ.

**پەخشان:**

خوا ئەوە نەکا، من لەمبارەیەوە قسەم لەگەڵ باوکتدا کردووە.

**شیرین:**

ئەوچی بڕیارداوە؟

**پەخشان:**

دەڵێـت کچەکـەی نابێـت هیـچ پەیوەندییەکـی لەگـەڵ کوڕەکـەی بۆتانیـدا هەبێـت.

**شیرین:**

ئـەم کچـی تۆیشـە، دایکـە، پێویسـتە بابـە ڕێـزی دیدوبۆچوونـت بگرێـت.

**پەخشان:**

ئەم گوێ لەمن ناگرێت. باوکتان زۆر کەللە ڕەقە.

**شیرین:**

تـۆ دەبـێ وای لـێ بکەیـت بەقسـەت بـکا. ئەگـەر نـا کیژەکـەت لەدەسـت دەچـێ.

**پەخشان:**

وەی خوا نەکا.

**شیرین:**

زوو کە شتێ بکە، جیهان چیتر بەرگەی ئەوە ناگرێ.

**پەخشان:** (لەبەرخۆیەوە)

کەسیش نا کوڕەکەی بۆتانیی.

**شیرین:**

ئەمەیان گرنگ نییە.

**پەخشان:**

گرنگـە، ئـەو بۆتانییانـە دوژمنانـی ئێمـەن. بـۆ ئێمـە نەهاتـووە خۆشـمان بوێـن.

**شیرین:**

ئـەو قسـانە بۆخۆتـان بکـەن، دایـە. مـن ڕقـم لێیـان نابێتـەوە تەنهـا

چونکە ئێوە هەمووتان رقتان لێیانە. جیهانیش رقی لێیان نابێتەوە.

**پەخشان:**

وەلێ ئەوان رقیان لە ئێمە دەبێتەوە، شیرین ئێمە ناتوانین ئەوانەمان خۆش بوێن کە رقیان لێمانە.

**شیرین:**

رزگار بۆتانیی رقی لە ئێمە نابێتەوە. لەوانەیە باوك و دایکی وابن. بەڵام ئەم خۆی نا.

**ئاوات** (دێتە ژوورێ، لە تەلیفۆنێکی بێ سیمدا قسە دەکات).

ئا، بەڵێ، ئەوە وایە، کێشەکە لای ئێمەوە نییە.

**پەخشان:**

جیهان، تکایە ئاوا لەخۆت مەکە.

**شیرین:**

باوکە بزانە چیت بە کچەکەی خۆت کردووە؟

**ئاوات** (دەوری تەلەفۆنەکە دەگرێ):

گەر جیهان دەیەوێ زێدە لە هەموو عالەم لەبەر خاتری کوڕەکەی بۆتانییەوە خۆی بکوژێت، با بیکوژێ (دەمی تەلەفۆنەکە والا دەکاتەوە).

بەڵێ.. بەڵێ.. ئێمە هەمیشە ئامادەین بۆ دانوستان.

**پەخشان:**

ئاوات ناکرێ لەگەڵ کچی خۆتا هێندە بێباك و دڵڕەق بیت.

(دیسانەوە دەمی تەلەفۆنەکە دادەپۆشێتەوە): من ئەمە بە کردەوەیەکی ناپاکیی دادەنێم. ئەم خیانەتی بە خێزانەکەمانەوە کردووە.

**ئاوات:** (دیسانەوە دەمی تەلەفۆنەکە والا دەکاتەوە):

بەڵـێ.. گوێـم لێتـە.. ئێمـە لەبـاری شـەڕێکی رانەگەیەنـراودا دەژیـن، زۆر تـەواوە.

**شیرین:**

جیهــان ناپاکیــی لەکــەس نەکــردووە، تــۆ رقــت لــە بۆتانییــەکان دەبێتــەوە. بــەڵام ئــەو رکــی لێیــان نابێتــەوە.

**ئاوات:** (هەر لەسەر خەتە):

دەتوانـم دڵنیاتـان بکـەم.. ئێمـە دەستپێشـخەر نابیـن. بەڵـێ هـەر پێشـێلکاریی و توندوتیژییــەك بەتونــدی وەرام دەدەینــەوە.. بەڵــێ (دیســان دەمــی تەلەفۆنەکــە دەگــرێ) بــۆ هیــچ ئەندامێکــی ئــەم خێزانــە نەهاتــووە هەرگیــز هیــچ جــۆرە پەیوەندییەکــی لەگــەڵ دوژمنەکانــی منــدا هەبــێ.

**شیرین:**

بۆچــی؟ ئاخــر بــۆ دەبــێ ئێمەیــش بــە ئاگــری تــۆوە بســووتێین. باوکــە؟

**ئاوات:** (هەر لە تەلیفۆنەکەدا)..

بەڵــێ تێدەگــەم.. بەڵــێ.. ســوپاس بــۆ ئــەم پێوەندییــەت.. بــای. (تەلیفۆنەکــە دادەخــات، دەیخاتــەوە ســەر مێزێکــی لابــەلاوە و دادەنیشـێت). گەرەکتـە بزانـی بۆچـی؟ مـن تێتدەگەیەنـم، شـیرین. ئـەو بۆتانییانـە بەسـەدان کەسـی ئێمەیـان کوشـتوون و ماڵەکانیانیـان وێرانکـردووە. ئەوەیـش نـەك جارێـك و دووان. لەوەتـەی بـە بیـری هـەر کەسـێکمان دێ ئەوانـە هـەر لـە ئێمەیـان کوشـتووە و هەرچـی گونـد و کێڵگـە و موڵـك و ماڵاتمـان بـووە تاڵانیـان کـردووە.

**پەخشان:**

ئاخــر کــەس و کارانــی ئێوەیــش هــەر هەمــان شــتیان لەگــەڵ ئەوانــدا کــردووە.

**ئاوات:**

بەڵام ئەوان دەستپێشخەربوونە.

**شیرین:**

باشــە دەکــرێ ئــەوە هەتــا هەتایــە هــەر بــەردەام بێــت؟ پێویســتە یەکێــك بیوەســتێنێ، بابەگیــان.

**ئاوات:**

ئــەی مــردووەکان چــی؟ کــێ ژیانیــان پێبداتــەوە؟ ســەدان ئەنــدام و لایەنگــری بنەماڵەکەمــان لەدەســت داون. بــە بەهــای ملیۆنــان دینــار مــاڵ و موڵکــمان تێچــووە. ئایــا ئەمانــە بۆخــۆم و خەڵکەکــەم قەرەبــوو دەکرێتــەوە؟

**شیرین:**

ئەوەی چوو، چوو، باوکە بە دووچوواندا مەچوو!

**ئاوات:**

نــە، شــیرین. تــۆ تــام شــیری خــاوت لەدەمــی دێ و ســاکاریت. بۆتانییــەکان جێــی بــاوەڕ نیــن. ئەمــن زۆر چاکیــان دەناســم. باپیــرە گــەورەی ئــەوان و ئێمــە ئــەم کێشــە و ناکۆکییەیــان پێکــەو هەڵگیرســاندووە. ئــەوان ســاڵەها لــە نــاو چیــادا بەیەکــەوە ژیــاون. متمانەمــان پێکردبــوو و بەسەرراســتمان دەزانیــن. پەیمانمــان بەیــەك دابــوو. هەرگیــز بــە نیچمــە چارەســەریی قایــل نەبیــن. زۆرمــان ئــازار چەشــت و زۆرمــان قووربانیــدا بــۆ بەدیهێنانــی ئامانــج و داخوازییەکانمــان. ســوێندمان بــە قورئانــی پیــرۆز خــوارد ناپاکیــی

لەگـــەڵ یەکـــدا نەکەیـــن. کەچـــی ئـــەو هەمـــووی بەلایانـــەوە مانایەکـی نەبـوو. ئەمانـە دەسـتەیەکی تەمـاکارن. دوژمنانمـان خێـرا لـە ڕێگـەی بۆتانییەکانـەوە دزەیانکـردە نێـو ریزەکانمانـەوە. کەوتنـە داواکـردن لێمانـەوە کـە بـڕوا بـە هەمـوو درۆ و بەڵێنەکانـی کـە پێمانـدرا بـوون بکەیـن. ئێمەیـان بـەوە تاوانبـار کـرد کـە گوایـا ئێمـە توندڕەویـن، ئێمـە دژی ئاشـتیین و ئێمـە دەمانـەوێ درێـژە بـە نەهامەتییەکانـی گـەل بدەیـن. هەمـوو هەوڵێکمانـدا بـۆ پـێ سـەلماندنیان کـە نیمچـە چارەسـەریی ناتـەواو بـۆ کێشـەکەی ئێمـە لـە دوارۆژدا بـە گـران دەوەسـتێ لەسـەرماندا. بـێ هـوودە بـووە. ئـەوان پێیـان وابـووە کەرتکـە نانێـك چاکـترە لـە هیـچ. منیـش دەمگـوت مـادەم توانـا هەبێـت نانێکـی سـاخ بەدەسـت بێنێـت بۆچـی دەبـێ بـە کەرتکـە نانەکـە رازی بیـت؟ نانێکـی سـاخ و تـەواو مافـی رەوای خۆمانـە. ئـەوان شـەڕی ئێمەیـان دەسـت پێکـرد. بـە هاوکاریـی دوژمنەکانمانـەوە خەڵکانـی ئێمەیـان کۆمەڵکـوژ کـردن و موڵکەکانیـان وێرانکـرد. فریـوی باپیرەمیانـدا و بـۆ دانیشـتنێکی ئاشـتبوونەوە بانگهێشـتیان کـرد و دوایـی کوشـتیان. هەرچەنـدە بـە قورئانـی پیـرۆز سـوێندیان بـۆ خواردبـوو کـە بـە سـەلامەتیی دەیگەڕێننـەوە و لـە گـوڵ کاڵـتری پـێ ناڵێـن. ئەوجـا تۆیـش داوام لێدەکەیـت بـڕوا بەمجـۆرە کەسـانە بکـەم و خۆشـیانم بوێـن!
دەشـتەوێ بهێڵـم کچەکـەم مێردیـان پێبـکات؟ نەخێـر، نەخەیـر.. هەرگیـز.

**پەخشان:**

ئـاوات، هـەردوولا تیـرۆر و تاوانـی سـامناکیان ئەنجامـداون. مـن دڵنیـام ئەوانیـش سـکاڵا و بەهانـەی خۆیانیـان هەیـە.

**شیرین:**

بێگومان وایە. باوکەگیان، دەستەکانی ئێوەش زۆر پاك نین.

**ئاوات:**

دەستەکانی ئێمە تا ئەو ساتەوەختە کە بۆتانییەکان لە خوێنیان هەڵسوون پاك بوون.

**پەخشان:**

لەوانەیە ئەوانیش هەمان شت بە ئێوە بڵێن.

**ئاوات:**

ئاخر چونکە ئەوان درۆزنن.

**پەخشان:**

ئاوات لێگەڕێ با کوڕەکەی بۆتانیی بڕوات، ئەتۆ ژیانی کچەکەی خۆت لە نێو دەبەیت.

**ئاوات:**

تەنها بەیەك مەرج دەهێڵم بڕوات.

**شیرین:**

چ مەرجێك؟

**ئاوات:**

نابێ جیهان جارێکی تر چاوی پێی بکەوێتەوە. هەروەها نابێت ئەمیش نە لێرەو نە لە ئینگلتەراش جیهان ببینێتەوە.

جیهان (هێزی لەبەرنەماوە):

بڕیارە تا لە ژین بمێنم هەر دەبێ بیبینم.

**ئاوات:**

گوێت لێیەتی؟

**شیرین:**

بابەگیان ئەم خۆشیی دەوێت و نایەوێ درۆت لەگەڵدا بکات.

**پەخشان:**

پێویستە رێز لە هەستەکانی بگیرێت؟

**ئاوات:**

ئەدی هەستی من؟ هەستەکانی منیش نابێ رێزیان لێبگیرێت؟

**شیرین:**

خۆ دنیا بەکەرتێك نابێت هەر لەبەر ئەوەی کچەکەی تۆ لە تەك کوڕەکەی بۆتانییدا پێکەوە دەبینرێن.

**ئاوات:**

کەواتە هەموو ئەوانەی مردوون هەروا بە خۆڕایی گیانیان بەخشیوە. بابە گەورەم، براکان و ئامۆزاکانم و لایەنگرانمان و خەڵکانی بێ تاوانی تریش بەدەستی چەپەڵی بۆتانییە بەدکارەکانەوە کوژراون دەبێ گۆڕ هەڵتەکێنن کە دەبیستن کچەکەی من لەتەك بۆتانییەکدا دەژیت.

**شیرین:**

ئەوان بە بیستنی ئاشتیی و شاد و کامەران دەبن. زۆر خۆشحاڵ دەبن کە بزانن رێککەوتنەکە لە ئارادایە. بەوە بەختەوەر دەبن کە بزانن چیتر برا برای ناکوژێت.

**پەخشان:**

بۆ خاتری جیهان کوڕەکەیان ئازادکە با بڕوات.

**ئاوات:**

تەنها گەر بەڵێن و پەیمان بدەن جارێکی تر یەکدی نابیننەوە.

**جیهان** (بەرەزیلی):

هەرگیز!

**ئاوات:**

خـۆ دیسـانەوە گوێـت لێـی بـوو؟ خەمـی ئـەو پارەیەمـە کـە لێـی سـەرف دەکـەم.

**پەخشان:**

ئــەو دەســتەی نەتوانــی بیبڕێــت دەبــێ ماچــی کەیــت. پێویســتە مــل بــۆ ئــەوە کــەچ کەیــن کــە چارەیــمان نییــە. ئەمــن نازانــم چــی ئەوانــەی بەیــەك گەیانــدووە؟ پێموایــە ئەمــە ویســتی خوایــە، ئێســتەیش کار لــەکارا تــرازاوە، ئــاوات، بــە ئاشــتی لێیانگــەڕێ. دوور نییــە ئەمــە بــۆ خانــەوادەی هەردووکــمان و بــۆ نیشــمانیش بەخێــر بگەڕێــت.

**ئاوات** (بەرزەپێ دەبێ):

جیهـان مەگـەر تەنهـا بەسـەر لاشـەی مـردووی منـدا شـوو بـە رزگار بـکات.

(ئـاوات دەچێتـەدەر، پەخشـان و شـیرین دڵشـکاو و نائومێـدن. جیهـان دووبـارە دەسـت دەکاتـەوە بـە گریـان. رووناکـی وردە وردە نامێنێـت).

## دیمەنی سێیەم

(ماوەیەکی کورت دواتر لە بۆتان، رێبوار، رێزان، هۆشیار، ئەڤین، شیلان و دیار لە دیوەخانەکەدا کۆبوونەتەوە).

**رێبوار:**

تۆ دڵنیایت ئەم لەوێیە؟

**هۆشیار:**

لەو بڕوایەدام لە قەڵاکەدا شاردراوەتەوە. کچە تیمارییەکە پێدەچێ راست بکات.

**رێبوار:**

هۆشیار، ئەوانە ئی بڕواپێکردن نین. زۆرجاران تا ئێستا خەیانەتیان لێکردووینە و هەر دەیشیکەنەوە.

**رێزان:**

رێبوار، واز لە رابردوو بێنە.

**رێبوار:**

چۆن بتوانم رێزان؟ تۆ دەزانی چەند کەسیان لە ئێمە کوشتووە؟ دەزانی ژمارەی ئەو گوندانەی وێرانیان کردوون و سووتاندوویانن چەندە؟

**رێزان:**

ئێمە ناتوانین رابردوو بسڕینەوە. دەوجا با بە ئومێدی داهاتوو بین و خەمی بۆ بخۆین.

**دیار:**

بلا ئەمشەو ئەو بنکەیەیان هەڵتەکێنین. بای ئەوەم پێشمەرگە هەنە.

**ڕێبوار:**

پێویستە ڕزگار بە سەلامەتی دەربازکەن.

**دیار:**

بەڵێـــن بـــێ بەبـــێ ئـــەوەی پەنجەیەکـــی بەخوێـــن بێـــت ڕزگاری بکەیـــن.

**ئەڤین:**

ئەی ئەو چەتیوە، بەدخووە جیهان، ئێستێ لە کوێیە؟

**شیلان:**

لەماڵەوە ڕادەبوێرێت.

**هۆشیار:**

خوشکەکەی دەیگوت هەڕەشەی خۆکوشتنی کردووە.

**ئەڤین:**

جا تۆیش پێت بڕوا کرد؟

**شیلان:**

ئەو تەنها مەرگی ڕزگار بە ئاوات دەخوازێت.

**دیار:**

پیاوەکانـم ئامـادەن شـوێنەکە بتەقێننـەوە. تەنانـەت دەتوانیـن ئـەو کچەتیمـەش، جیهـان لەگـەڵ خۆیانـا بـۆ ئێـرە بێنیـن.

**ئەڤین:**

ئۆقرە ناگرم تا شاپێکی نەگەیەنمێ.

**شیلان:**

دەبێ ئابڕووی ببەم.

**ڕێزان:**

باشــە بــۆ نەتوانیــن ئــەم کێشــەیە بــە ئاشــتیی و دۆســتانە چــارە

بکەیـــن؟ بـــۆچ دەبێـــت هـــەر پەنـــا بـــۆ هێـــز بەریـــن؟

**دیار:**

چونکە ئەوە تاکە زمانێکە تیمارییەکان تێیدەگەن.

**ڕێزان:**

دە تەلیفۆنەکـــە هەڵگـــرە و قســـە لەگـــەڵ ئـــاوات تیماریـــی بکـــە ڕێبـــوار. داوای لێبکـــە کوڕەکـــەت ئـــازاد بـــکات. پێـــی بڵـــێ چەنـــد بـــەو ڕەفتـــارەی کردوویەتـــی دڵـــی تـــۆی شـــکاندووە و هیوابـــڕاوی کردوویـــت.

**ڕێبوار:**

قســـە لەگـــەڵ ئـــاوات تیمارییـــدا بکـــەم؟ دەتەوێـــت مـــن ئـــەو بـــەدکارە بدوێنـــم؟ هەرگیـــز.

**ڕێزان:**

تەلیفۆنی بۆ بکە.

**ڕێبوار:**

نا، نا، ڕێزان هەرگیز.

**ڕێزان:**

هیچت لێکەم نابێتەوە.

**دیار:**

تیماریی ئەمە بەخۆبەدەستەوەدان لە قەڵەم دەدات.

**ڕێبوار:**

هەرگیز ئەم سووکایەتییە بە من ناکرێت.

**ڕێزان:**

ئاخر گیانی کوڕەکەتی پێوە بەندە.

**ڕێبوار:**

ئـــەم هیچـــی لێنایـــەت. مەترســـە، بەســـاخ و ســـەلامەتی بۆتـــی

دێنینـــەوە. ئەوجـا گورزێکـی وایـان لـێ دەوەشـێنین هەتـا تیماریـی مابـــن لــە یــادی نەکــەن.

**دیار:**

دەبێ هەر بەیەکجاری لەناویان بەرین.

**رێزان:**

شەڕ کێشەکە نابڕێنێتەوە.

**رێبوار:**

ئــەوە بــە تیمارییــەکان بڵــێ، رفاندنــی کوڕەکــەی مــن راگەیاندنــی شــەڕ و کوشــتارە.

**هۆشیار:**

ئەمن تێناگەم بۆ دەبێت ئەوان رزگار بەند بکەن؟

**ئەڤین:**

باشە، جارێ بزانین رزگار چی کردووە لەوێ؟

**شیلان:**

دەشێت چەتیوە تیمارییەکە فریوی دابێت.

**ئەڤین:**

منیش هەر ئاوای بۆ دەچم.

**رێبوار:**

دیار، هێزەکانت ئامادە بکە.

**دیار:**

لە دوێنێوە لەوپەڕی ئامادەباشیدان.

**رێبوار:**

قەڵاکە بتەقێنەوە و کوڕەکەشم بە زیندوویی بۆ بێنەوە.

**دیار:**

دڵنیابە  لەمە، ئەدی چی لە کچەتیوە تیماریی بکەین؟

**ڕێبوار:**

کارتــان بــە کچــە بەســتەزمانەکەدا نەبێــت. مــن تەنهــا کوڕەکــەی خۆمــم دەوێتــەوە.

**دیار:**

زۆر باشە، تۆیش لەگەڵمانا دێیت، هۆشیار؟

**هۆشیار:**

ئای چۆن؟

**ڕێزان:**

منیش دێم.

**دیار:**

چی؟ ئێمە دەچین بۆ شەڕ، ڕێزان.

**ڕێزان:**

دەزانم. بۆیە دێم هەتا لە سەلامەتیی کوڕەکەم دڵنیابم.

**ڕێبوار:**

بەڵام بۆخۆت سەلامەت نییە.

**ڕێزان:**

ئەگــەر ئێــوە هــەر شــەڕتان بوێــت، ئــەوا دەبــێ هــەر هەموومــان بچیــن بــۆ شــەڕکردن.

**ئەڤین:**

منیش دێم.

**دیار:**

تکا دەکەم، ئافرەتەکان، کارەکەمان لێ تێك مەدەن.

**رێبوار:**

ئەوە لاتان وایە ئێمە لێرە باسی چی دەکەین؟

**رێزان:**

ئێـــوە شـــەڕتان گەرەکـــە. جـــا دەبـــێ بەیەکـــەوە بیکەیـــن! خـــۆ تەماشـم نییـە لـە ماڵـەوە دانیشـم و لێتانگەڕێـم یاریـی بـە گیانـی کوڕەکەمـــەوە بکـــەن!

**رێبوار:**

دیار، یاڵڵا زووکەن، بۆ پێشەوە.

**دیار:**

ئاخر ئافرەتەکان؟

**رێبوار:**

خەمی ئەمانت نەبێ.

(دیـار دەسـت بـە ڕۆیشـتن دەکات. هۆشـیار دوای دەکـەوێ، ئەوجـا رێـزان و ئەڤیـن و شـیلان و ڕێبواریـش بەدوایـەوە دەڕۆن. چـراکان دەکوژێننـەوە.)

## دیمەنی چوارەم

(یەکسەر دوای ئەوە، تیمار شیرین و جیهان تەنیان لە ژووری میواناندا).

شـیرین (پارچـە کاغەزێـك دەکاتـەوەو بەچرپـە دەدوێـت): جیهـان بڕوانـە، مـن دەتوانـم بـەم تیلمـە کاغـەزە رزگار لـە قەڵاکـە دەربـاز بکـەم. یەکێـك لـە دوو پێشـمەرگەکانم رازی کـردووە لەگەڵمانـدا بێـت بـۆ ئـەوێ. بـە پاسـەوانەکانی قـەڵا دەڵێـن گوایـە بابـە ئێمـەی نـاردووە رزگار ببەینـەوە بـۆ ماڵـەوە. تۆیـش لـە ئاسـتی دووریانەکـەی بۆتـان- تۆمـاردا، مەبەسـتم کوێـرە رێیەکـەی هـەرە پشـتەوەیە، پێـمان رابگـە. دەبـێ دوای نیوسـەعاتی تـر لـەوێ بیـت.

**جیهان:**

بێ هوودەیە، شیرین، دەستگیرمان دەکەن.

**شیرین:**

نـە، رێچکەکـەی هـەرە پشـتەوە تەنهـا یـەك بازگـەی هەیـە، دەتوانیـن بـە بەرتیـل لێـی دەربـاز بیـن. دڵنیابـە سـەروچاوت بـە چاکـی داپۆشـیت و چاویلکـەش بکـە چاوتـەوە.

**جیهان:**

ئاخـر پاسـەوانەکان فەرمانیـان پێـدراوە نەهێڵـن لەمـاڵ بچمـە دەرەوە.

**شیرین:**

لـە مـاوەی دوو کاتژمێـردا وەردیانـەکان دەگۆڕدرێـن. دە خولەکێکـی دەوێـت هەتـا گاردە کۆنـەکان دەور و تەسـلیم لەگـەڵ پاسـەوانە نوێیەکانـدا بکـەن، لـەو دەمـەدا کـەس ئـاگای لـە دەروازەکـەی پشـتەوە نامێنێـت. لەوێـوە خـۆ بخزێننـە دەرەوە. دڵنیـام کـەس ناتبینێـت. دایـەو بابـەش لـەم وەختـەدا ئەگـەری هاتنـەوە

ماڵەوەیـــان نییـــە. شـــوانیش چۆتـــە جێگـــەی هێرشـــەوە.

**جیهان:**

ئەدی پاشا.

**شیرین:**

بابە بە لایەکیدا ناردووە.

**جیهان:**

نازانم بڵێم چی، شیرین. بەراستی ئێمە خەریکی چین؟

**شیرین:**

رزگار ئازاد بکەین.

**جیهان:**

ئێ ئەوجا؟

**شیرین:**

پێکەوە هەڵێین.

**جیهان:**

جا بۆ کوێ؟

**شیرین:**

بـــۆ هـــەر کوێیـــەك، تەنیـــا بۆتـــان و تیـــمار نەبێـــت. جیهـــان. مـــن دەمـــەوێ تـــۆ لـــە خۆشـــیدا بیـــت. بگەڕێنـــەوە بـــۆ ئینگلتـــەرا لەوێـــدا بەهمێنـــی و ئاســـوودە بژینـــن لەگـــەڵ رزگاردا یاخـــود هـــەر کەسـێکی دیکـەی خـۆت ئـارەزووت بـێ. نەکـەی هەرگیـز جارێکیـتر بگەڕێیتـــەوە بـــۆ ئـــەم وڵاتـــە شـــێتخانەیەوە.

**جیهان:**

زۆر سوپاست دەکەم، شیرین.

**شیرین:**

قێزم لەوە دەبێتەوە کەلەگەڵ ئێوەدا دەیکەن.

**جیهان:**

بەڵێنم پێ بدە کە بێیتە لامانەوە شیرین.

**شیرین:**

بەڵێن بێن گەر خوا بیکات.

**جیهان:**

پێکـەوە دەژیـن و پێکـەوە دەنوویـن و بـە یەکیشـەوە یـاری دەکەیـن هـەر وەکـو سـەردەمی منداڵیـمان.

**شیرین:**

بەڵــێ، بەڵــێ. دەبــێ هەمــوو شــوێنە خۆشــەکانی ئەوێشــم پــێ نیشــان دەیــت.

**جیهان:**

ئــەدی چــۆن! بــە یەکیشــەوە بــۆ شــت کڕیــن دەچیــن و لــە پارکەکانیشــدا خــۆ وەبــەر خۆرەتــاو دەدەیــن.

**شیرین:**

جیهان، زۆر تامەزرۆی ئەوێمە. ناتوانم چیتر چاوەڕوان بم.

**جیهان:**

ئیشاللا هەر دەگەیتە ئەوێوە، شیرین گیان.

**شیرین:**

ئـەو رۆژەت لەبیـرە، لـە ژووری میوانـان یاریـمان بـە تـۆپ دەکـرد. تۆپێـك بـەر وێنـە لـە جامگیراوەکـەی باپیرمانـەوە کـەوت کـە بـە دیـوارەوە هەڵواسرابـوو. لـە نووسـینگەکەی خۆیـەوە بابـە گوێـی لـە قرچـە قرچـی شووشـەی شـکاو بـوو کـە کەوتـە سـەر زەوی و یەکڕاسـت بـە هەڵـەداوان وە ژوورکـەوت. (مـن لـە مـەڕ تۆپانـێ لـە

ژووری دانیشــتندا چیــم پێگوتــوون؟ ئــەدی ئەمــەم لێتــان قەدەغــە نەکــردووە؟ کامتــان تۆپەکــەی هەڵاویشــت؟ کــێ بــوو؟) ئێمــەی هێنــد زراو رژاو بــوو بوویــن ورتەمــان لێــوە نەهــات. (کــێ بــوو تۆپەکــەی هەڵــدا؟ کــێ وێنەکــەی باوکمــی شــکاندووە؟)

**شیرین:**

مــن خەریبــووم ددانــی پێدابێنــم وەختــێ گوێــم لــە تــۆ بــوو گوتــت (ئــەوە مــن بــووم، بابــە).

**جیهان:**

ئەوە بوو سێ مشتەکۆڵە بەناو پشتمەوە دراو بڕایەوە.

**شیرین:**

زۆر شــەرمەزار و تاوانبــار بــووم. نەدەبــوا لێگەڕێــم تــۆ ســزاکەی بخۆیــت.

**جیهان:**

بــە هەرحــاڵ ئەوەنــدە بــە ئــازار نەبــوو، چەنــد فرمێســکێك و جارێکــی تــر ئامــادە بــووم تۆپێکــی دیکــە هەڵاوێمــەوە.

**شیرین:**

تۆ هەمیشە پشتگیریت لەمن کردووە، جیهان.

**جیهان:**

ئەوە ئەرکی سەرشانمە، شیرین. تۆ خۆشکی بچووکمی.

**شیرین:**

وەلێ، شوان ئەوە بۆ تۆ و بۆ منیش ناکات.

**جیهان:**

شوان پیاوە. ئافرەت بە سۆز ومیهرەبانترن.

**شیرین:**

راســت دەکەیــت (شــوان دێتــە ژووری. شــیرین و جیهــان ئومێدبــڕاو دەبــن).

**شوان** (بەدڵڕەقییەوە):

ئێســتەیش جیهــان هــەر لەســەر ئــەوە ســوورە خــۆی لــە برســانا بکوژێــت؟

**شیرین:**

تۆیش ئەوەندە دڵڕەق مەبە.

**شوان:**

ئەی دەتەوێ چی بکەم؟

**شیرین:**

نەختێك بەزەییت هەبێ.

**شوان:**

بۆ یەکێك کە خەریکی ناپاکییە!

**شیرین:**

جیهان ناپاکی نەکردووە. ئەم گیرۆدەی دڵدارییە.

**شوان** (بەقێزێکەوە):

لە تەك رزگار بۆتانییدا!

**جیهان:**

بەڵێ، جا ئەمە چی تیادا بەستەیە؟

**شوان:**

هەموو شتێك. بە هەرحاڵ من بۆ ئەوە نەهاتووم.

**شیرین:**

ئەدی بۆچی هاتوویت؟

**شوان:**

هاتووم شتێك بەرم.

**شیرین:**

ئەدی هێرش کوا؟

**شوان:**

چاوەڕوانی من دەکات لەماڵی خۆیدا، بۆ دەپرسیت؟

**شیرین:**

بۆ هیچ.

**شوان:**

خوشکت لەو بارەیەوە بیری خۆی گۆڕیوە؟

**شیرین:**

نەخەیر، هەرگیز.

**شوان:**

من گلەیی لە ئێوە ناکەم. بەڵام، بەلای بابەوە دەبوایە کوڕی بۆتانیی ئێستا کە مردبێت!

**جیهان:**

ئەگەر ئەو هیچی لێ بێت ئەوا من تۆیش و خوشم دەکوژم.

**شوان:**

ئەمە هەڕەشەیە؟

**جیهان:**

چ ناوێکی لێ دەنێیت بنێ. (شوان دەچێتە نێوخانووەکەوە).

**شیرین:**

دوعا دەکەم زوو بە جێمان بهێڵێت.

**جیهان:**

من رقم لێی دەبێتەوە.

**شیرین:**

وامەڵێ.

**جیهان:**

ئەویش منی خۆش ناوێت.

**شیرین:**

ئەو رقی لە تۆ نابێتەوە. ئەم وشەیەکی زۆر قورسە. وەلێ ئەو ئێرەیی بە تۆ دەبات چونکە تۆ لەو دیارتریت و لەجیاتی ئەو تۆیان نارده ئینگلتەراوە. لەو بڕوایەدام ئێستایش ئەو نازانێت ئامانجی لە ژیاندا چییە! ئەو سەرلێشێواو و دڵڕەقە و هەموو رۆژێك دڵڕەقییەکەی خۆی دەردەبڕێت. ئەو بە زۆر خۆسەپاندنە. ئەو کەمتەرخەمییە و ئەو گوێپێنەدانەی بە ژیانی کەسانی دیکەوە، هەمووی بەشێکن لە دڵڕەقی و سەرلێشێواوییەکەیەوە.

جیهان (بیر دەکاتەوە):

شیرین، تۆ عەقڵت لە قەدەر تەمەنتەوە نییە.

**شیرین:**

جیهان، تۆ گەلێك لە من هۆشمەندتریت.

**شوان** (دەگەڕێتەوە):

بە دوعا، خانمەکان (جیهان و شیرین خۆیانی لێ نەبان دەکەن. ئەویش دەمانچەکەی هەڵدەگرێت و بە لووت بەرزییەوە دەچێتە دەرەوە).

**شیرین** (تەماشا دەکات بزانێ شوان رۆیشتووە):

ئەوا رۆیشت، وەك پێمگوتیت ئاوەها بکە، ئیتر من جێت

دەهێڵــم.

**جیهان:**

ئاگاداری خۆت بە.

**شیرین:**

خەمی منت نەبێ.

**جیهان:**

وەرە (شــیرین بــە قســەی دەکا. دەســت لــە ملــی یەکــتر دەکــەن و یەکــدی رادەمووســن). ســوپاس بــۆ هەمــوو شــتەکانت. (هەمدیســان دەس بــە راموومســان دەکەنــەوەو شــیرین دەچێتــە دەرەوە. چــراکان لەســەرخۆ دەکوژێنــەوە).

## دیمەنی پێنجەم

(خێزانــی بۆتانیــی. رێبــوار، رێــزان، ئەڤیــن، هۆشــیار، دیــار و شــیلان و لایەنگرانــی خێزانەکــە و نیــوەی ئەوانــەی لــە یەکــەم دیمەنــدا شــاییان دەکــرد. دێنــە ســەر شــانۆوە).

**دیار:**

پێشــنیاز دەکــەم رێبازگەکــەی هــەرە پشــتەوە بگرینەبــەر. چونکــە ئــەوان لــە پشــتەوەڕا زۆر قایمکارییــان نەکــردووە.

**هۆشیار:**

کاتێکیــش دەگەینــە قەڵاکــەوە دەبێــت بــە دەردی ئــەو کێڵگەیــان بەریــن کــە کوللــە بەســەریدا وەربووبێــت.

**ڕێبوار:**

بلا هەر مێرە و دوژمنێك لەنێو بەرێت.

**ڕێزان:**

ئەدی ئافرەتەکان چی بکەن؟

**دیار:**

تکایە، تێکەڵ مەبن، خۆتان مەخەنە ڕێگەمانەوە.

**ڕێزان:**

ئێمە بۆ سەیرکردن نەهاتووینە. بۆ ئەوە هاتووین لە تەك ئێوەدا شەڕ بکەین، وا نییە کچینە؟

**ئەڤین و شیلان:**

بەڵێ وایە.

**دیار** (بۆ ڕێبوار):

تکایە تێیان بگەیەنە. خەریکە لە ئەقڵ دەردەچن.

**ڕێبوار:**

ڕێزان بگەڕێنەوە. ئەمە کاری مێرانە و ئەوان ئەنجامی دەدەن.

**ڕێزان:**

پێویستە بەیەکەوە سەرکەوین یان بەیەکەوە تێ بچین.. بام بڕۆین!

(بەیەکەوە بۆ دەرەوە هەنگاو دەنێن. یەکسەر دوای ئەوە، ئاوات پەخشان، شوان، هێرش و پاشا، شاییکارەکان لە بەرگی پێشمەرگاندا بەدوایانەوە، دێنە سەر شانۆکەوە و بە ورییایی هەموو شوێنەکان دەپشکنن).

**ئاوات:**

باشە دبێ بۆ کوێ چووبن؟

**پاشا:**

ناشـێت جـارێ زۆر دوور کەوتبێتنـەوە. هـەر چەنـد خولەکێـك پێـش ئێســتا لەگــەڵ شــیرین و دوو پاســەوانەکەیان دواوە. نووسراوێکــی رەســمییان هێنابــوو کــە گوایــە تــۆ نووســیوتە رزگار لەگــەڵ خۆیانــدا ببەنــەوە.

**پەخشان:**

باشە، ئەدی جیهان؟

**پاشا:**

بە گوێرەی راپۆرتی هەواڵگرییەوە نەچۆتە قەڵاکەوە.

**پەخشان:**

ئــەی بــۆ کــوێ چــووە؟ چــۆن لەمــاڵ چۆتــە دەرەوە بــێ ئــەوەی پاســەوانەکان ببینـــن؟

**پاشا:**

منیش نازانم ژمارەیەك پاسەوان گیراون بۆ لێتۆژینەوە.

**شوان:**

دەبــوا بمزانیایــە شــتێکیان لــە بــن ســەردایە کاتــێ ئــەم بەیانییــە بەیەکــەوە بینیمــن.

**پەخشان:**

کێ؟

**شوان:**

جیهان و شیرین پێکەوە.

**هێرش:**

لە کوێت دیتن؟

**شوان:**

لەماڵەوەدا.

**پاشا:**

وا گەیشـتووینەتە سـێ ڕێیانەکـە، کامیـان بگریـن باشـە. ڕێگەکـەی پێشـەوە، یـان ئـەوەی پشـتەوە، یاخـۆ ئـەوەی پشـتی پشـتەوەیان؟

**ئاوات:**

پێویستە ببینە سێ قۆڵ و هەر دەستەیەك ڕێگەیەکیان بگرێت.

**پاشا:**

بـە دابەشـبوون بـێ هێـز دەبیـن و دوژمـن زیاتـر زەفەرمـان پـێ دەبـات. مـن دڵنیـام بۆتانیـی دەسـتی لەمـە هەموویـدا هەیـە. گومـان دەکـەم پیاوەکانـی ئـەو شـیرین و جیهانیـان بـۆ قەڵاکـە پەلکێـش کـردووە. دوای ئازادکردنـی کوڕەکـەی خۆیـان هـەردوو کچەکانـی تۆیشـیان وەك بارمتـە بەدیـل بـردووە لەتۆڵـەی گڵدانـەوەی کوڕەکـەی خۆیانـدا. پێـم باشـە هـەر بەیەکـەوە بمێنینـەوە تاکـو گـەر بەسـەر بۆتانیـی و پیاوەکانییـدا کەوتیـن ئـەوا بتوانیـن بـە یەکجـاری لەگەڵیانـدا بیبڕینینـەوە!

**ئاوات:**

زۆر راسـتە. دەبـێ بەیکـەوە بمێنینـەوە. باشـە، ئێسـتا کام ڕێـگا بگرینەبـەر؟

**شوان:**

من ڕێگەکەی پشتەوە پێشنیاز دەکەم.

**هێرش:**

ڕێگەکەی پێشەوە پەسندترە.

**پاشا:**

ئـەی بـۆ ئـەوەی هـەرە پشـتەوە دەڵێـن چـی؟ ئـەوان زیاتـر بـۆی هەیـە ئـەو ڕێگەیـەی کەمـتر هاتووچـۆی بەسـەرەوە بێـت بەوێـدا ڕۆیشـتبێتن.

**ئاوات:**

کەوابوو، دەی ڕێگەکەی هەرە دواوە.

**پەخشان:**

ئاوات، ئەمە هیچ مانایەکی نییە.

**ئاوات:**

چی؟

**پەخشان:**

هیـچ (وەك شـەڕکەران هەنـگاو بـۆ دەرەوە دەنێـن. دەسـبەجێ گرووپەکـەی بۆتانییـان دێنـە ژوورەوە).

**ڕێبوار:**

ئێستێ چەندمان ماوە بۆ قەڵاکەوە؟

**هۆشیار:**

هێندە لێرە دوور نییە، وەك کێژۆڵەیەکی تیماریی پێمی گووتوە.

**ئەڤین:**

تۆ خۆت قسەت لەگەڵ کچەکەی تیمارییدا کرد؟

**هۆشیار:**

بەڵـێ خـۆی هاتـە لای مـن و دیـار و هەواڵـی رزگار وقەڵاکـەی پێراگەیاندیـن.

**شیلان:**

چۆن بزانین راست دەکات؟

**هۆشیار:**

هــەر ئێســتێ ســاخی دەکەینەوە(دووبــارە ســەربازانە دەچنــە دەرەوە و گرووپەکــەی تیمارییــان دێنــەوە ژوورێ).

**شوان:**

پێموانییە رێگە راستەکەمان گرتبێت.

**هێرش:**

ئەم تووڵە رێیە تا دێ زیاتر کوێر دەبێتەوە.

**پاشا:**

بــام کەمــێ دوورتــر بڕۆیــن. جــا ئەگــەر نەماندۆزیــەوە دەکــرێ بادەینــەوە بــۆ ســەر یەکێکــی دیکەیانــەوە.

**پەخشان:**

ئاخــر دەبــێ بــۆ کــوێ بچــن؟ چــۆن دەکــرێ ئــەوان لــە ماڵەوەیــان را بکــەن؟

**پاشا:**

لەبــەر ئەوەیــە مــن وا تێدەگــەم لەلایــەن پیاوەکانــی بۆتانییــەوە دەســتگیر کرابــن. هــەر هەمــان ئەوانــەی بــۆ رزگارکردنــی کوڕەکەیــان هاتبــوون.

**پەخشان:**

ئەم کێشەیە پێویست بوو بە ئاشتی چارەسەر بکرایە.

**ئاوات:**

بۆتانییــەکان تەنیــا لــە زمانــی هێــز تێدەگــەن. ئەوانــە ئاشــتیخواز نیــن.

**پەخشان:**

ئەوانیش بۆیان هەیە هەمان شت بە ئێوە هەمووانتان بڵێنەوە.

**شوان:**

ئەوان هەمیشە بە درۆ و بە ناهەق ئێمە تاوانبار دەکەن.

**پاشا:**

خزمینە، با بڕۆین. کاتمان ئەوەندە نییە بە فیڕۆ بدەین.

(دیسـانەوە، سـەربازانە دەچنـە دەرەوە، لەکاتێکـدا رزگار و جیهـان و شـیرین بـە ژوور دەکـەون).

**شیرین:**

جـا لێـرەدا هەردووکتـان جێدەهێڵـم. منیـش دەگەڕێمـەوە بـۆ ماڵـەوە.

**جیهان:**

تکایە شیرین، بە تەنها لێرەمان جێ مەهێڵە.

**شیرین:**

بـڕۆ، جیهـان، تـۆ پاسـەپۆرتی خـۆت و تکتیکـی دووسەرەشـت پێیـە. لەگـەڵ رزگاردا بگەڕێنـەوە بـۆ لەنـدەن. خۆتـان بـە دوور بگـرن هەتـا دایـەو بابـە دێنـەوە سـەر هۆشـی خۆیـان. دەوجـا هەتـا دەسـتگیریان نەکردوونەتـەوە زووکـەن لێـرە بـڕۆن.

**رزگار:**

مـن لـە پێشـدا دەبـێ بچـم بـۆ ماڵـەوە تـا پاسـەپۆرت و تکتەکـەم بێنمـەوە.

**جیهان:**

ئەی من لە کوێ بوێستم؟ من لەکوێ چاوەڕوانت بم؟

**رزگار:**

من دزەیەك بۆ ماڵەوەمان دەکەم و بەیانیش تۆ دەرفێنم.

**جیهان:**

نامەوێ جارێکی تر بچمەوە ئەوێ.

**رزگار:**

ئاخر، شیرینەکەم وا چاکترە لەگەڵ مندا بێیت.

**جیهان:**

نەخێـر، مـن لـە شـوێنێکی نێـو ئـەو تەراشـانەدا چاوەڕوانـت دەبـم. دە راکـە و بـە پەلـە شـتەکانت بێنـەوە و بگەڕێـوە بـۆ لام.

**رزگار:**

دەترسم بەبێ ویستی خۆم زۆر دوابخرێم.

**جیهان:**

حـەز ناکـەم جارێکـی کـە پـێ بنێمـەوە ماڵەکەتانـەوە. ئـەوان منیـان خـۆش ناوێـت. خێزانەکەتـان رقیـان لـە مـن دەبێتـەوە.

**رزگار:**

خێزانەکـەی ئێـوەش، جیهـان، بەهەمـان دەسـتوور. بـۆ دوو رۆژانیـش منیـان لـە زینانـدا هێشـتەوە. ئـەی بەڵگـە لەمـە روونـتر؟

**جیهان:**

من لەسەر تخووبی بۆتاندا چاوەڕوانت دەبم.

**رزگار:**

جیهان تکایە خۆت گێل مەکە.

**جیهان:**

خـۆم گێـل نەکـردووە. تـۆ داوای ئـەوەم لێدەکەیـت بگەڕێمـەوە ئـەو شـوێنەی جارێـك لێـوەی دەرکـراوم.

**شیرین:**

پێویسـت بـەو شـەڕو هەرایـە نـاکات رزگار، جێیـەك لـە بۆتـان شـك

نابەیـت جیهـان خـۆی تیـادا حەشـار بـدات هەتـا تـۆ شـمەکەکانت دێنیتـەوە.

(رزگار بیری لێ دەکاتەوە).

**رزگار:**

دۆزیمەوە، دەتبەم بۆ لای ئامۆزاکەم، لای هۆشیار.

**جیهان:**

چـۆن دەزانێـت کـە ئاشـکرام نـاکات؟ ئەمەیـە وەك دەڵێـن بـەزی بـە کتـك بسـپێریت.

**رزگار:**

قسەی لەگەڵدا دەکەم، دەتوانم هانی بدەم.

(تاقمەکـەی بۆتـان بەهەڵـەداوان دەپڕژێنـەوە سـەر شـانۆوە، رزگار و جیهـان تونـد خۆیـان بەیەکـەوە دەنوسـێنن، رێـزان بـە هەشـتاو دەچێـت دەسـت بکاتـە ملـی رزگارەوە، بـەڵام رێبـوار دەیگێڕێتـەوە دواوە).

**رێبوار:**

ئەوا بۆ وازت لەو کیژە هەر نەهێناوە؟

**رزگار:**

چونکە خۆشم دەوێت.

**رێزان:**

رزگار گیان ئەتۆ سەلامەتیت؟

**رزگار:**

بەڵێ دایکە.

**رێبوار:**

هەر ئێستێ واز لەو کیژە بێنە.

**رزگار:**

هەرگیز، هەرگیز.

**ئەڤین:**

رزگارەکەی جاران نەماوە، بەسەری کەوتووە.

**شیلان:**

ژارخواردوویـــان کـــردووە. بزانیـــن چـــۆن چۆنـــی لەگـــەڵ باوکییـــدا دەدوێـــت!

**رێبوار** (بۆ دیارو پیاوەکانی):

لێکیان دابڕێنن.

(کـــە دیـــار و پیاوەکانـــی نزیـــك دەبنـــەوە، گرووپەکـــەی تیمارییـــان لەلایەکـــەی ئـــەو ســـەرەوە دێنـــە ژووری).

**پاشا:**

چیـــم پێگووتـــن؟ شـــەیتانەکە وا بەخـــۆی لێرەیـــە و سەرپەرشـــتی ئـــەم گەمـــە تاوانبارییـــە دەکات.

**دیار:**

پاشـــا، ئـــاگاداری دەمـــی خـــۆت بـــە بزانـــە چ دەڵێیـــت، دەزانـــم تـــۆ ســـەگی خاوەنەکەتـــی.

**پاشا:**

ئەدی خۆت بۆ ناڵێی دیار، تۆی کۆیلەی بۆتانیی؟

(دیـــار دەیـــەوێ پەلامـــاری پاشـــا بـــدات وەلـــێ، هەردووکیـــان دەگێڕدرێنـــەوە دواوە).

**رێبوار:**

ئاوات، تیماریی تۆ بۆچی کوڕەکەمت رفاند؟

**ئاوات:**

چونکە ئەو پێدرێژی سەر ماڵی ئێمەی کردبوو.

**ئەڤین:**

خۆت و کچەکەشت ئەو تەڵەیەتان بۆ نابووەوە.

**شوان:**

ئاوا لەرووی باوکمدا مەدوێ، چەتیوی بێ ئابڕوو.

**ئەڤین:**

تۆیــش ئــی ئــەوە نیــت مــن بشــکێنێتەوە، هــەی هیــچ و پووچــی ناکــەس!

(شوان پەلاماری ئەڤین دەدات بەڵام لێناگەڕێن دەستی بیگاتێ).

**پەخشان:**

ڕێـزان، ئێـوە بـۆ بەکوڕەکـەی خۆتـان ناڵێـن دەسـتبەداری کچەکەمـان بێـت؟

**ڕێزان:**

ئێوەش بە کچەکەی خۆتان بڵێن یەخەی کوڕەکەمان بەردات.

**ئاوات:**

شیرین، ئەوا تۆ لێرە چ دەکەیت؟

**شیرین:**

هاتم خوشکم بەڕێکەم.

**ئاوات:**

بۆ کوێی بەڕێ دەکەیت؟

**شیرین:**

بــۆ هــەر کوێیــەك لێــی بتوانــن یەکدیــان خــۆش بوێــت و دڵــداری بکــەن.

**ئاوات:**

تۆ بەڵگەنامەیەکت بەناوی منەوە تەزویر کردووە بۆ ئازادکردنی.

**شیرین:**

بەڵێ کردوومە.

**ئاوات** (بۆ پاشا و پیاوەکانی):

بیانگرن.

(پاشـــا و پیاوەکانـــی، تفەنـــگ لـــە گۆڵمـــدا، لـــە رزگار و جیهـــان و شـــیرین نزیـــك دەکەونـــەوە. هەروەهـــا دیـــار و پیاوەکانیشـــی نزیـــك دەکەونـــەوە رووی تفەنگەکانیـان لـە دوژمنەکانـە. رزگار و جیهـان زێـتر دەچنـە پـاڵ یەکترییـەوە. کـە ئەمانیـش لێیـان نزیکـتر دەبنـەوە. شـیرین خـۆی دەکاتـە سـۆپەر بـۆرزگار و جیهـان. پەخشـانیش یەکڕاسـت خـۆی بەسـەریانەوە دەنووشـتێنێتەوە. رێزانیـش بەهەمـان شـێوە. هــەردوو گرووپــەکان بــۆ چەنــد ســاتێکی دژوار و ئاڵــۆزکاو رووبــەڕووی یەکـدی دەوەسـتنەوە. هیـچ گرووپێکیـان ئامـادە نییـە تەقـە بـکات نەبـادا ئـی خۆیانــی بەرکــەون. هۆشــیار چەکەکــەی فــڕێ دەدات و خــۆی دەگەیەنێتــە لای رزگار و ئافرەتەکانــەوە).

**رێبوار** (بۆ ئاوات):

خوابزا بەتەما نیت ژنەکەت و دوو کچەکانت بکوژیت هاە؟

**ئاوات:**

نــە، هەروەکــو تۆیــش ناتەوێــت کوڕەکــەت و هاوســەرەکەت و برازاکــەت بــە کوشــت دەیــت. (رێبــوار فەرمــان بــە دیــار و پیاوەکانـی دەدات تەقـە نەکـەن. ئاواتیـش هەمـان فەرمـان بـۆ پاشـا و پیاوەکانــی دەردەکات). هەرگیــز ئاواتــم بــەوە نەخواســتووە تــۆ ببێتــە خــەزووری کچەکــەم.

**ڕێبوار:**

منیش نەمویستووە کوڕی من ببێتە زاوای تۆ.

**شوان:**

باوکـە، هیـوادارم ئـەم ژن و ژنخوازییـە هەڵـە و نەگونجـاوە پەسـەند نەکەیـت.

**ئاوات:**

کوڕەکەم تازە کار لەکار ترازاوە.

**شوان:**

باشە ئەدی هێرش چ لێدەکەیت؟

(ئـاوات وەرام نـاداتـەوە. هێـرش تووڕەیـە بـە هەشـتاو دەردەپەڕێتـە دەرەوە. ئاهەنـگ و زەماوەنـد لەخـووەڕا دەسـت پێـدەکات. شـیلان لـووس و باریـك بـێ چرپـە بـۆی دەردەچێـت. رزگار لەگـەڵ جیهانـدا و هۆشـیار لەتـەك شـیریندا هەڵدەپـەڕن شـایی دەکـەن. شـوان و ئەڤیـن تەنهـا بـۆ ماوەیەکـی کـەم نایەنـە بـەر بـار و دوایـی مـل دەدەن. ئاهەنـگ و هەڵپەڕکێـی رەشـبەڵەك هـەر بەردەوامـە. هەتـا پـەردە دادەدرێتـەوە).

(کۆتایی)

هەولێر ١٩٩٩/١/٢٥

# ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.